ڕۆمان

# لەڕادەبەدەر خۆشمویستیت

ئەسیر عەبدوڵڵا نەشمی

لە عەرەبییەوە

هەڵکەوت عەبدوڵڵا



پێداچوونەوەی

شێرزاد حەسەن

لەڕادەبەدەر خۆشمویستیت

ناوی کتێب: لەڕادەبەدەر خۆشمویستیت
نووسینی: ئەسیر عەبدوڵڵا نەشمی
وەرگێڕانی: هەڵکەوت عەبدوڵڵا
بابەت: ڕۆمان
لایەنی هونەری: وەرگێڕ
تابلۆی بەرگ: ڕێبوار سەعید
تیراژ: ١٢٠٠ دانە
نرخ: ٤٥٠٠ دینار
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠١٢
کوردستان - سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@ serdam.org

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١١٩٠) ساڵی (٢٠١٢)ی پێ دراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

ئەسیر عەبدوڵڵا نەشمی

# لەڕادەبەدەر خۆشمویستیت

ڕۆمان

لە عەرەبییەوە
**هەڵکەوت عەبدوڵڵا**

پێداچوونەوەی
**شێرزاد حەسەن**

سلێمانی ٢٠١٢

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە (٦٠٣)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

**پێشکەشە بە**

دایک و باوک و خوشکەکانم کە هەمیشە پشتگیریم دەکەن...
بە سعود، کە زۆر پشتی پێ دەبەستم..
سوپاس بۆ ئەوەی هەموو شتێکتان پێ بەخشیوم..
بە ڕاستی خۆشمدەوێن..

ئەسیر عەبدوڵڵا نەشمی

**پێشکەشە بە**

بە خونچەی خۆشەویست و هاوسەرم..
ئەگەر عیشق و هاوکاریی ئەو نەبوایە،
ئەم ڕۆمانەم نەدەکرد بە کوردی.
بە هاژیای کچم،
کە لە کاتی ئەوم برد بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە..

هەڵکەوت عەبدوڵڵا

**خەفەت مەخۆ،**
**ئێستا**
**سوارچاکێکی دۆڕاو،**
**عاشقێکی ترسنۆک**
**هەوارەکەت جێدەهێڵێ..**

ئەسیر عەبدوڵڵا

ڕۆژەکان خێرا تێدەپەڕن.. زیاد لە پێویست خێرا تێدەپەڕن..
پێموابوو لەم ژیانەماندا پێکەوە دەبین و منداڵە بچکۆلەکەمان لەناوماندا یاریدەکات.. کەچی ئیمـڕۆ لە تەنیشـتتەوە دادەنیشم و خەونـە گەمژەکانم دەلاوێنمەوە.. لە خوشەویستیمدا بۆت نقومبووم و توانای ئەوەم نییە پاشماوەکانی خەونەکانم لەنێو وێرانەکانتدا ڕزگاربکەم.. هەستدەکەم بە دەسـتە بەهێزەکانت دەم خنکێنیت عەزیز!.. بەدەم گریانتەوە بۆ خۆشەویستی دەم خنکێنی..
نازانم بۆچـی بەهەڵواسـراوی لەنێـوان ئاسـمان و زەویـدا جێم دەهێڵی!.. بەڵام دەزانم تۆ لەناخمدا نیشتەجێیت و وەک هەمیشە (ئازیزیت)..
(لەڕادەبەدەر خۆشمویستی، کەمتر لەوەی شایستەی بووم خۆشتویستم!)..

❊ ❊ ❊ ❊

پێتوایە ئێمە دەتوانین سەرلەنوێ دەستپێبکەینەوە.. بەڵام سەرەتا نوێکان جگە لە درۆ شـتێکی دیکە نین.. درۆیەک کە بەدرۆی دەخەینەوەو بڕواشیپێدەکەین، هەتاکو هیوایـەکی نوێ بخوڵقێنین کـە تاریکیمان بۆ ڕووناکدەکاتەوە.. چونکە بانگەشەکردن بۆ شیانی دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ، تەنیا دەرزییەکی هۆشبەرە لە خۆمانی دەدەین، بۆ ئەوەی ئازارەکانمان دامرکێن و ئارامبگرین.
زیاتر لە جارێک، پاش هەر بێهیواییەک.. پاش هەر کۆستکەوتن و ئارەزوو هەڵسانێک، هەوڵمدا سەرلەنوێ لەگەڵتدا دەستپێبکەمەوە.. هەڵمدا پارچەکانم کۆبکەمەوە، هەتاکو سەرلەنوێ لاپەڕەیەکی سپیی تر هەڵبدەینەوە، بەبێ ئارەزوو هەڵسـان و هەڵـە و سەرسمدانەکان دێڕەکانی ژیانی نوێمانی تێیدا بنووسینەوە.. کەچی ڕۆژێکی نوێمان دەست پێ نەکرد.. هەمان

هەڵسوکەوتمان کرد، هەمان کاری گەمژانەمان ئەنجامدا.. لەسەر ژیانێک بەردەوامدەبووین، کە بانگەشەمان بۆ نوێبوونی دەکرد.. کەچی ژیانێک بوو هەمان سروشت و ڕەنگ و ڕۆتینی جارانی هەبوو..

دەرزی مۆرفینی ئەو سەرەتا نوێیانەم لەخۆم دەدا، هەتاکو بۆ ماوەیەکی کاتی بحەوێمەوە.. وەک نەخۆشێک بووم لە گیانەڵادا بێت، کە هانا بۆ ئازارشکێنەکان دەباتو بۆ ئەوەی بێهۆش بێت و چاوەڕوانی مردنێکی میهرەبان یان دەرمانێک بکات کە پزیشکێک پێی ببەخشێت و لە ئازارەکەی ڕزگاریبکات..

هیچ کەسێک سەرەتایەکی نوێ لەگەڵ خۆشەویستدا دەست پێ ناکاتەوە.. خۆشەویستی وەک شوشەیەکی ناسک وایە عەزیز.. شوشەیەک کە بە ئاسانی دەڕووشێنرێ، بەڵام هیچ شتێک پاش ڕووشاندنەکە ناتوانێ بیگێڕێتەوە بۆ دۆخە سروشتییەکەی خۆی..

شەوێک پێتوتم (خۆشەویستی تەنیا بانگەشەکردنە).. ئەو تێڕوانینەت سەبارەت بە خۆشەویستی خەفەتباریکردم.. بەڵام ئێمڕۆ، کاتێک پێناسە و پێوانەو تێڕوانینەکان لام تێکەڵ بەیەک بوون، زۆر بیر لەوە دەکەمەوە کە ڕۆژگارێک لەنێوانماندا هەبوو.. ئایا خۆشەویستییەکەمان بانگەشەکردن بوو عەزیز!.. درۆبوو..؟!.. دۆخێک بوو تێوەیگلابووین، چونکە دەمانویست سەرلێشیواوبین و ببینە بەشێک لە دۆخی (خۆشەویستی!)، حەزماندەکرد ببینە بەشێک لەو دۆخە.. نازانم!.. خەفەت دامدەگرێت، کاتێک پاش ئەو هەموو ساڵە دەڵێم نازانم..

هەندێک جار واهەستدەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمناسیوی.. هەستەکانم لێ تێکەڵدەبن، سەرەنجام بڕوا کۆنەکانم هەرەسدێنن و نیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمان جێیان دەگرنەوە، ئەو نیشانانەی هیچ وەڵام و بەرچەرچدانەوەیەکیان بۆ نادۆزمەوە..

ئێمڕۆ دەمەوێ سەرلەنوێ بۆم بگەڕێیتەوە.. پێویستم بەوەیە بگەڕێیتەوە، هەتاکو ڕابردووم بۆ لێکبدەیتەوە و ڕەفتارە ئاڵۆزەکانتم بۆ شیبکەیتەوە.. پێویستم بەوەیە ئەو ڕێگە تاریکەم بۆ ڕووناک بکەیتەوە، کە ناچارتکردم پیایدا بڕۆم.. بەڵام پێموانییە ئەوە بکەیت...

دەزانی عەزیز.. هێشتا نازانم چۆن پیاوێک گەمە بە ژنێک دەکات کە خۆشیدەوێت و بۆ ساتەوەختێکیش سڵ لەوە ناکاتەوە کە دەرهەقی دەیکات!.. چۆن سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی لەناخمدا بۆ تۆ هەڵم گرتبوو گەمەت پێ

کردم!.. تۆ تەنیا پیاوێک نەبووی کە خۆشمویستبووی عەزیز، بەڵکو دنیا بووی بۆ من، بە هەموو ئەوانەی تیایدابوون.. کەواتە چۆن ڕێگەت بەخۆت دا گەمەبکەیت و ئەوە بکەیت کە بەرامبەرم کردت؟!..

ئێستا وام لێهاتوە تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە کۆتایی بەوە بهێنم کە لەئارادایە.. درۆت لەگەڵ دەکەم ئەگەر بڵێم حەز بە پلیشانەوەت ناکەم!.. بەڵام بەڕادەیەک شەکەتم توانای پلیشاندنەوەی مێروولەیەکم نییە!.. تۆ دەتەوێ مێروولەکان بپلیشێنیتەوە، هەمیشە پێتدەڵێم خوا سزات دەدات، کەچی پڕ بەدڵ پێدەکەنیت و دەڵێی: پێتوایە ڕۆژێک ببینە مێروولە و مێروولە ڕاستەقینەکان، وەک سزای ئەوەی لە دنیادا دەرهەقمانکردون، بمان پلیشێننەوە؟!..

زۆر گاڵتەت بە لۆژیکی سزا و لێپرسینەوە، سزا و پاداشت دێت!.. هەمووشتێک دەکەیت و گوێ بەوە نادەیت ئاکامەکەی چی دەبێت.. بیر لە لێپرسینەوەش ناکەیتەوە، پێتوایە لە هەمووشتێک قوتاردەبیت.. من زیاتر لە هەرشتێک بڕوام بە ڕۆژی لێپرسینەوەیە، ئەم بڕوایەش زۆر ئاسوودەم دەکات.. بابڵێین بارگرانیم سووکدەکات و ئەوەیە کە چاوەڕوانیدەکەم..

پێتـوایە دڵـڕەقم.. چونکـە چاوەڕوانم، هیـوادار و ئاواتەخوازم لەسەر خراپەکانت دەرهەق بە من سزابدرێی..؟.. پێتوایە داواکردنی دادپەروەری لە خوا، ڕقێکی بێ پاساوە..؟..

هەمیشە پێم دەڵێی من ژنێکی قین لە دڵم!.. پێتوایە ژنێکی قین لە دڵم، چونکە لە خوا دەپاڕێمەوە، لەپێناو هێنانەدیی دادپەروەریی خۆیدا، برینەکانم سارێژبکات.. هەندێکجار سەرباری هەمووشتێک بەزەییم پیاتدا دێتەوە.. هیچ ڕۆژێک کەمتەرخە نەبووم بەرامبەرت، ئامادەشبووم چی لەتوانامدایە بیکەم، بۆ ئەوەی ببیتە پیاوێکی باشتر.. ئامادەبووم بچووک بمەوە، هەتاکو گەورە بیت.. ژێربکەوم، هەتاکو سەربکەویت.. بکوژێمەوە، هەتاکو بدرەوشێیتەوە..

هەموو شەوێک دەخەوم و دڵنیام ئەوەی لەتوانامدابووە کردوومە.. تۆش هەموو شەوێک دەخەویت و دەرک بەوە دەکەیت هیچ شتێک لەوانەت نەکردوە کە شایستەی بووم.. بەزەییم پیاتدا دێتەوە، چونکە بەڕادەیەک هەڵەو تاوانت کردوە، کە لێخۆشبوون ڕازیی نییە ڕووت تێبکات!.. بەزەییم پیاتدا دێتەوە، چونکە ئەگەرچی خۆشمدەوێیت، بەڵام هەتاکو لە ژیاندابم لێت خۆش نابم..

بەزەییم پیاتدا دێتەوە، لەبەرئەوەی لە ژیان و بەردەمی خوادا گوناهەکەم هەڵدەگریت.. بەزەییم پیاتدا دێتەوە عەزیز، بەڵام لێت خۆش نابم!..

* * * *

پێم خۆش نییە بانگهێشتم دەکەیت بۆ سەردانی ڕۆبێرت و باتی و خۆت سەرقاڵی شتێکی تر دەبیت.. نازانم بۆچی داوام لێ دەکەیت بێم، کە خۆشت باش دەزانی کاتەکەم تەنیا بەچاودێریکردنی تۆوە بەسەردەبەم!.. ئەگەر بزانی چەند هەستم بەبێزاری دەکرد، کاتێک لەبەردەمی مندا بە وانەکانتدا دەچوویتەوە.. ڕۆبێرتی پیرەپیاوی کەنەدی، کە ماوەی پێنج ساڵە لە ماڵەکەیدا دەژیت، لەگەڵ هاوسەرەکەی و هاوڕێکانی لە سوچێکی ژوورەکەدا قوماریاندەکرد.. تۆش سەرقاڵی پیاداچوونەوەی وانەکانت بوویت.. منیش خەریک بوو بێزاریی دەیکوشتم..

بانگمکردی: عەزیز..

وەڵامتدامەوە: ئا!..

عەزیز؟

ئا!!..

عەزیز؟؟!

ئا!!!!!!؟

بێزاربووم..

بەبێ ئەوەی سەر لەسەر کاغەزەکانت بەرزبکەیتەوە وتت: پێویستە بخوێنیتەوە!

زەوقی خوێندنەوەم نییە..

بنووسە..

زەوقی نووسینم نییە..!..

بیربکەرەوە..

لەچی..؟!

لە من!

عەبدولعەززززززززیز..

ئا؟

دەتوانم يارييان لەگەڵ بكەم؟
سەرت ڕوەو من بەرزكردەوە، چاوەكانت تورەييان لێ دەباری..
بە ترسەوەو لەسەرخۆ وتم: خۆ تۆش قوماردەكەيت..!..
من بەدرەفتارم..!...
كەللەڕەقانە وتم: منيش بەدرەفتارم..
بەڕاستی!.. ئەمە كێشەيە، چونكە من كچی بەدرەفتارم خۆشناوێ.
گۆشەكەم پياتــدا كێشــا و بێــدەنگ بووم، زۆر تۆڕەبووم لە فەرامۆشكردنم.. وەک هەميشە.

* * * *

هێشــتا ئــەو ڕۆژەم لەيادە كــە تيايدا بەهۆی خوێندنەوە دەمەقاڵێمـان بوو.. دەمزانی لە ماوەی ساڵێک و چەند مانگێكدا خوێندنەكەم تەواودەكەم و دەگەڕێمەوە بۆ نيشتمان.. ئەو نيشتمانەی ئەگەر جێم نەهێشتبايە هەموو ئەو شتانە ڕوويان نەدەدا.. ئايا تۆ سزای جێهێشتنی نيشتمانێک بوويت كە خۆشيويستبووم!.. لەوانەيە عەزيز.. لەوانەيە..
دەمزانی ڕێگەی گەڕانەوەت دووررودرێژە.. زۆر دووررودرێژە.. ئەو ڕۆژەی دەمەقاڵێمان بوو، پێموتی لە مافی خوێندنەكەت بێبەشدەكرێی، چونكە ڕەوتی خوێندنەكەت خراپە و كاروبارەكانت وەک پێويسـت ناچنەڕێوە.. پێتوتم: گوێبگرە جومانە! لەڕاستيدا من ناگەڕێمــەوە.. بيرم لەوە كردۆتـەوە لێرە بمێنمەوە..
قيژاندم بەسەرتدا: ئەی من.. لەكاتێكدا من..؟!
بێباكانە وتت: بمێنەرەوە لەگەڵمدا جومانە!.. ئەگەر دەتەوێ لەگەڵمدا بمێنەرەوە..
چيت بەسەرهاتوە عەزيز..؟!..
خۆشمدەوێيت و دەمەوێی، بەڵام تێناگەيت..
هەميشە بيانوی ئەوە دێنيتەوە كە تێناگەم، ڕۆژێک لەوە نەگەيشتم بەڕای تۆ (تێگەيشتن) چۆن دەبێت!.. نازانم چۆن دەبێت عەزيز.. پێشموانييە بزانم..

* * * *

ئەو شەوە زۆر دواکەوتی عەزیز، باتی دەمەو بەیانی خەبەریکردمەوەو پێیوتم: جومانە هێشتا هاوڕێکەت نەگەڕاوەتەوە..

خەریک بوو بەڕوویدا بقیژێنم: هاوڕێم نییە باتی، هاوڕێم نییە..!..

پێنج ساڵە لەگەڵیان دەژیت عەزیز، کەچی هێشتا لەوەی نێوانمان نەگەیشتوون، چونکە پێکەوەین و پێکەوەش نین.. ئەو شەوە، وەک خوی هەموو کۆتایی هەفتەیەکت، تەلەفونەکەت خامۆشبوو.. بەدەم گریانەوە ئوتومبیلەکەم بەرەو ماڵەکەت لێخوڕی.. لەوە نەدەگەیشتم بۆچی وام پێدەکەیت..

دانیشــتم و ســەرشـۆڕانە چاوەڕوانت بــووم.. ڕۆبێرت پێیــوتم: نیگــەران مەبە جومانە!.. عەزیز خۆشیدەوێی..!.. بڕوام پێ بکە جومانە، لە لاوێتیدا وەک عەزیز وابووم.. لە باتی بپرسە..

لەناخمدا دەم قیژاند و دەموت، بێدەنگ بە بۆب، بێدەنگ بە..

کاتێک هاتیتەوە بەملاو ئەولادا دەکەوتیت، وەک زیندانییە زنجیرلەپێکان پێکانت بەدوای خۆتدا ڕادەکێشا.. بۆب بەگلەییەوە قیژاندی بەسەرتدا: زۆر دواکەوتی عەزیز.. نیگەرانتکردین..

وەڵامت نەدایەوە، بەخامۆشییەوە سەیرتکردم.. لێم نزیکبوویتەوە و لەبەردەممدا لەسەر زەوییەکە دانیشتی و سەرت خستە سەر ئەژنۆم: جومانە دەمەوێ بخەوم!

لەکوێ بوویت؟

زۆر ماندووم.. دەمەوێ بخەوم..

عەبدولعەزیز..!..

بەدەم گریانەوە هاوارتکرد.. خۆشمدەوێی.. تکایە..!..

من و بۆب تۆمان بردە ناو پێخەفەکەت، خەوت لێکەوت و دەستی منت بەدەستەوە بوو.. بــەدەم خــەوەوە فرمێسک لـە چاوەکانت دەڕژان، هەتاکو خۆرهەڵاتن لە تەنیشتتەوە دانیشتم، لە ڕووخسارتدا بەدوای کەسێکدا دەگەڕام ڕقم لێی بێت، کەچی هەر ئەو پیاوەم بەدیکرد کە خۆشمدەوێ و ڕقم لە خۆشەویستییەکەمە بۆ ئەو.. زۆر ڕقم لەو خۆشەویستییەیە..!..

* * * *

یەکەمین دیدارمان لە بیســت و سێی ئەیلولدا بوو، لە ڕۆژی نیشـتمانیماندا..

چوومە ئەو قاوەخانەیەی دواتر بووە شوێنی دیداری هەمیشەییمان.. بەتەنیایی لە سوچێکدا دانیشتبووی دەتخوێندەوە، منیش لەسەر مێزی ڕووبەڕووت دانیشتبووم.. (یەشماغێک)م وەک ملپێچ لە ملم ئاڵاندبوو.. پێدەچوو یەشماغەکە سەرنجیڕاکێشابی، بۆیە کەوتیتە سەیرکردنم.. بە پەنجە هێمات بۆ ملی خۆت کرد و بە ئینگلیزی و دەنگی بەرز لێت پرسیم: بیری نیشتمانێک دەکەیت کە سەرکوتتدەکات؟

بە عەرەبی وەڵاممدایتەوە، پێتوایە نیشتمانێک بیرتبکات کە شەرم دەکەیت بڵێی لێوەی هاتوویت..؟

بە زەردەخەنەوە: تۆ زۆر زیرەکی!..

خەمساردانە پێموتی: تۆش کافری..

گوێت بەوە نەدا: چۆن زانیت عەرەبم؟.. من بە ئینگلیزی پرسیارم لێ کردی..

بەبێدەنگی هێمام بۆ ئەو کتێبە عەرەبییە کرد کە دەتخوێندەوە.. بەڵام پێم نەوتی ڕووخساریشت زۆر عەرەبیانەیە..

پاش ماوەیەک بێدەنگی وتت: ناوم عەبدولعەزیزە، وەک بوونەوەرە تاق و تەنیاکە.

منیش جومانەم..

هەراسانکارانە لێت پرسیم: وەک جنۆکە؟

گوێم پێ نەدایت و خۆم بە جانتاکەمەوە خەریککرد، ئینجا لێت پرسیم: بۆچی یەشماغت لە ملی خۆت ئاڵاندووە، هۆمۆیت؟..

سەرم ڕوەو تۆ بەرزکردەوەو بە سەرسامییەوە: بەڵێ..؟!..

تۆ هۆمۆی لیسبیانی..؟

لێم پرسیت: بەلای تۆوە لە هۆمۆ دەچم؟

ساویلکانە وتت: نا، بەڵام دەشێت وابیت، بۆیە دەپرسم..

عەزیز، لە یەکەمین دیدارمانەوە هەراسانکاربوویت، چۆن خۆم لەگەڵ پیاوێکدا توشکرد، کە لە یەکەمین ساتەوەختەکانەوە هەراسانیکردم!.. گفتوگۆکەمان زۆر بێمانابوو.. ئەگەرچی بڕوام بەوەیە (دەشێت بێماناترین دەستپێکەکان بەرەو مەترسیدارترین سەرەنجام بچن)..وەک ئەوەی مستەفا مەحمود دەریبڕیبوو و منیش زۆر بڕوام پێیەتی.. کەچی وەک جادوولێکراو کەوتمە دوای ئەو دەستپێکەوە.. کەواتە چۆن ئەوەم لەیادکرد کە فێریببووم..؟!..

دەزانی عەزیز..!.. هەمیشە بڕوام بەوە هەبووە، ئەو پیاوەی ڕقی لە نیشتمانەکەی دەبێتەوە پیاوێکی بێسوودە.. کەواتە بۆچی بڕوام بەوە کرد کە تۆ بەسوودی..؟!.. بۆچی ئەو شـەوە هەموو ئەو شـتانەم وەلاوەنـا کە بڕوام پێیـان هەبوو..؟!.. بۆچی عەزیز..؟!..

* * * *

دوو ساڵ لەمەوبەر، کاتێک بڕیارم دا بچمەوە بۆ (ڕیاز) بە مەبەستی بەسەربردنی هاوین لەگەڵ خێزانەکەمدا.. بەسوپاسەوە بلیتت بۆ پەیداکردم، بەڵام ڕازی نەبوویت لەگەڵمدا بگەڕێیتەوە و کەسوکارەکەت ببینی.. زۆر لێت پاڕامەوە لەگەڵمدا بگەڕێیتەوە، بەڵام ڕازی نەبوویت و زۆر توڕەبوویت، بۆیە خواحافیزیم لێ نەکردیت و بەدەم بەرەنگاربوونەوەی فرمێسکی خۆمەوە سواری فڕۆکەکە بووم.. کەچی لەناکاو لە کورسـیی تەنیشتمەوە دانیشتی و زەردەخەنەیەکی مەکربازانە بە ڕووخسارتەوە بوو. هێمات بۆ کاتژمێرەکەی دەستتکرد: دواکەوتیت و دواتخستین، چاوەڕوانی تۆ بووین؟

ئانیشکم تێسرەواندی و لەسەرخۆ وتم: چی دەکەیت لێرە؟

تۆیش بەئانیشک لەقەبرخەتدام: خۆ ئەمە فڕۆکەی باوکت نییە!..

پێکەنیت و بەخۆشەویستییەوە دەستت ماچکردم و لەناو دەستە بەهێزەکانی خۆت نا:

ترسام لەوەی نەگەڕێیتەوە، بەڵام بەمجۆرە گەڕانەوەتم لەگەڵ خۆم مسۆگەرکرد..

دەستم ڕاکێشایەوە: کوڕە..!.. چۆن لە هۆڵی گەشتیارەکان نەمبینیت..؟..

بێحەیایانە چاوەکانت درەوشانەوە: من تۆم دەبینی.. بەڵام بەپێی توانا هەوڵمدەدا خۆمت لێ بشارمەوە..

هەستم بە بوونت نەکرد!..

کاتێک پشتێنی دڵنیاییت دەبەست، وتت: ئەرێ جومانە، بەبڕوای تۆ کاتێک ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنین، لەکوێ مانگی هەنگوین بەسەربەرین..؟

ئمەم.. موریشیوس..!..

چاوت داگرت: کچەکانی (موریشیوس) جوانن؟

وروژێنەرن خۆشەویستەکەم.

باشە، کەواتە مانگی هەنگوینی لە (موریشیوس) بەسەردەبەین..

بۆ ماوەیەکی درێژخایان چەنەبازیمانکرد، هەتاکو گەیشتینە لەندەن.. گەشتەکە زۆر دووردودرێژبوو، بۆیە کاتێک فڕۆکەخانەی (هیسرۆ)مان جێهێشت، هەتاکو گەیشتینە (ڕیاز) لەسەر شانت خەوتم.. هێشتا تەواو خەوم لێ نەکەوتبوو، داوات لە خانمی خزمەتگوزاری فڕۆکەکە کرد بەتانییەک بۆ ژنەکەت بهێنێ.. وشەکە لە ناخی دڵمی دا عەزیز..

نازانم چەند خەوتم.. هەتاکو خەبەرتکردمەوە: خۆشەویستەکەم.. هەستە..!..

چی بووە؟

زۆری نەماوە بگەین..

So؟

کچێ!.. بە سفوری دادەبەزیتە ناو فڕۆکەخانەکە؟

ڕووپۆشەکەم کردە سەرم و جارێکی تر لەسەر شانت خەوتمەوە.. بەگوێمدا چرپاندت: جومانە، بەمزوانە دەگەڕێینەوە.. هەتاکو دەگەڕێینەوە ئەمسەرو ئەوسەر نەکەیت..

ئەگەرچی زۆرێک لە هاوڕێکانت دەوریاندابوویت، بـەڵام کاتێک فڕۆکەخانەم جێهێشت هەر سەیری منت دەکرد.. هۆڵی فڕۆکەخانەکەت جێنەهێشت هەتاکو لەگەڵ خێزانەکەمدا ڕۆیشتین.. ئەو ڕۆژە زۆر هەستم بە گەرموگوڕی کرد عەزیز، لە بێهۆشیی عیشقێکدا نقومبووم، کە هەرگیز خەربەرم نەبۆتەوە لێی..

* * * *

نازانم هۆکانی ڕقەبەرایەتیی بەردەوامی نێوان تۆ و هەیفا - کچە هاوڕێ کوەیتییەکەم کە پێکەوە دەژین- چییە.. پێکەوە لە خواردنگەیەکی ئیتاڵی نانی نیوەڕۆمان دەخوارد، هەیفا تەلەفونی بۆ کردم و بانگهێشتیکردم بۆ نانخواردن، داوای لێبوردنم لێ کرد و پێموت لەگــەڵ تۆ نان دەخۆم، ئەویـش وتی: جومانە، ئەو پیاوە شایستەی تۆ نییە..

تەلەفونەکەم لە گوێم دوورخستەوەو پێموتی: عەزیز، هەیفا دەڵێت تۆ شایستەی من نیــت..

بەدەم تێکدانی خواردنی (فوتشینی)یەوە، پێی بڵی: بمرێ باشترە!!.. لێی بپرسە بۆچی نامرێت؟؟..

پڕ بەدڵ پێدەکەنیم، کاتێک لەو سەرەوە ئەو جنێوی پێ دەدایت، پاش داخستنەوەی تەلەفونەکەش: گوناهە، بۆچی ڕقت لێیەتی؟

بەتوڕەییەوە وتت: گەمژەیە، ئیرەییت پێ دەبات.. نەخۆشە.. ناجۆرە!..

دەستم خستە سەر دەمت: عەیییییبە!.

جومانە، وریابە هەیفا نێوانمان تێکدەدات، بەخوا ئەگەر ئەوەی کرد، خوێنی دەڕێژم..

ئەوە ناکەیت!.. هیچ کەسێکی تریش ناتوانێ ئەوە بکات.

بەدرێژایی ئەو ڕۆژەو بە زەوقی خراپەوە دووبارەتدەکردەوە (گەمژەیە.. ناجۆرە)..

ئیمڕۆ دەزانم خۆشەویستیم بۆت کوێرانە بوو عەزیز.. هەیفا ئەوەی لەتۆدا بەدیکردبوو، کە من بەدیم نەکردبوو.. خۆزگە بەقسەی ئەوم بکردایە!..

* * * *

پیرەژنە هیندییە ڕەفتار نامۆکەت دێتەوە یاد..؟

ئای خوایە چەند ئێمەی ترساند..!.. پاش ڕۆژێکی درێژخایان لە زانکۆ، لەناوەڕاستی ڕێگە وەستابووین قسەماندەکرد، ژنێکی تەمەن حەفتا ساڵ بەلاماندا ڕۆیشت.. کاتێک گوێی لێمان بوو بە عەرەبی قسەدەکەین، لێمان نزیکبۆوە..

ئێوە عەرەبن؟..

عەرەبایەتی بەشێوەیەکی نائاسایی سواری سەرت ببوو، بۆیە وەڵامتدایەوە: بەڵێ عەرەبین..

عەرەبی کوێن؟

سعودییە!

بەسەیرکردنێکی قوڵ تێیڕوانیم، کە سڵەمیمەوەو هەتاکو لە ژیاندابم بیرم ناچێتەوە.. پەنجە لاوازەکانی بەسەر پرچمدا هێنا: ئای چەند ماندوویت!

بەترسەوە سەیرم کردیت و هانام بۆ بردیت.. بەسەرسامییەوە لێت پرسی: کێ ماندووە؟

دەستی گرتیت: کچە هاوڕێکەت ماندووە، زۆر ماندوویدەکەیت کوڕەکەم!

بەشڵەژاوییەوە سەیرتکردم: تەنانەت لای ئەوانەی سەر ڕێگەوبانیش شکاتت لێ کردوم؟

پیرەژنەکە تێنەگەیشت و پێیوتی: بڕوام پێ بکە تۆش ماندوویت، بەڵام لوتبەرزی..

بەترسەوە لێت پرسی: لەبەرچی ماندووم؟

ئەو ماندووی دەستی تۆیە.. تۆش ماندووی دەستی هەمووشتێکی.

سەیری منی کردو وتی: ئاگات لێی بێت..

جێیهێشتین و ڕۆیشت، بەترسێکی بێدەنگەوە دەمانڕوانییە دوورکەوتنەوەکەی.. یەکەمین جار بوو هەستبکەم لە من زیاتر دەترسیت.. لێم پرسیت: عەبدولعەزیز ئەوە کێیە؟

بەدەم سەیریکردنی ئەوەوە وتت: بڵێ ئەمە چییە!..

ئەمە چییە..؟

بە ترسەوە وەڵامتدامەوە: جنۆکەیە یان فریشتە..!!.. بەیبی ئامادەبە..

دەستت گرتم و پێکەوە نزیکەی دوو میل بەبێ ڕاوەستان ڕامانکرد.. ئەو ڕۆژە بەدەم قسەکردن و لە ترساندا خەومان لێ کەوت.

❊ ❊ ❊ ❊

من لە شەشی حوزەیرانی ناوەڕاستی هەشتاکاندا لەدایکبووم، تۆش لە هەشتی نیسانی ناوەڕاستی حەفتاکاندا هاتویتەتە دنیاوە.. هەردووکمان لەدایکبووی ناوەڕاستین!.. پێموایە گشت لەدایکبووانی نیسان درۆزنن!.. تۆ زۆر درۆت لەگەڵ کردوم عەزیز.. تۆ درۆزنی وەک نیسان، گوڵداری وەک بەهارەکەی.. ئایا پاییزی درۆ و وەرزی بەهار پێکەوە کۆدەبنـەوە؟ بـڕوام پێ بکە هەردووکیان لە تۆدا کۆبوونەتەوە.. هەمیشە بەهار و درۆی ژیانم بووی، کە زۆر بڕوام پێت هەبووە و حەزمکردوە تیایدا بژیم.. هەمیشە بەلای منەوە درۆ زۆر ڕەشبووە، بەڵام درۆکانت بەو ڕەنگانە دەڕازاندەوە کە لای کەسی تر نەمبینیووە. هەمیشە شانازیت بەوەوە دەکرد کە من (پەپولەکەتم)، کەچی وەک جاڵجاڵۆکە وابوویت عەزیز، لەساڵەکانی پێکەوەبوونماندا تۆڕێکی بەهێزت بەدەورمدا چنی.. بەجۆرێک کە پەپولەکە نەیتوانی خۆی لە داوی تاڵەکانی تۆڕەکەت ڕزگاربکات..

ئایا لەوەوبەر پێم وتویت درۆکانت ساویلکانەن؟!.. دەزانیت پاساوەکانت چەند مایەی پێکەنینن؟.. ئایا بەو ژنە گەمژەیەم دەزانی درۆکانی پیاوێک

بەسەریدا تێدەپەڕن، کە دڵی لەناو دڵی ئەودا لێدەدات.. دڵی ئەویش لەناو سنگی پیاوەکەدا دەبزوێت.. ئەو سنگەی تەنگی بە دڵێک هەڵچنیوە، کە تەنیا لەبەر ئەو لێدەدات..؟!.. من گەمژەنیم عەزیز.. من لاوازم.. زۆر لاوازم!.. بەڕادەیەک لاوازم کە ڕازیم بڕوا بە درۆکانت بکەم.. بڕوا بەوە بکەم بەدرێژایی شەو بەتەلەفون لەگەڵ (خوشکەکانت) لە (ڕیان) قسەدەکەیت.. ئەگەرچی دەمزانی درۆم لەگەڵ دەکەیت، بەڵام لەبەر تۆ هەوڵم دەدا (تێگەیشتنم هەبێت)..

هەرجارێک ئەوەت دابێت بەگوێمدا (لێم تێبگە، تۆ لێم تێناگەی)، دەرکم بەوە کردوە مێیینەیەکی نوێ هاتۆتە نێوانمانەوە، ئەگەرچی هەمووجارێک بە پەشیمانی گەڕاویتەتەوە بۆ لام.. لێم تێبگە لە فەرهەنگی تۆدا، مانای ئەوەیە خیانەتم لێ دەکەیت، منیش دەبێت گەمژەبم یان فەرامۆشیبکەم..

لە دەمەقاڵێیەکماندا قیژاندت بەسەرمدا: گوێبگرە جومانە.. من پیاوێکی حیلەبازم.. دەخۆمەوە، ڕادەبوێرم و تێکەڵ بە ژنان دەبم.. بەڵام هەموو جارێک دەگەڕێمەوە بۆ لات.. جومانە ئەوە منم.. لە تەمەنی سی ساڵیدا تۆم ناسیوە.. کاتی گۆڕان بەسەرچووە جومانە.. ناتوانم بگۆڕێم.. تۆم خۆشدەوێ، حەزم لێتە.. بەڵام ناگۆڕێم..

نەشگۆڕایت..

❊ ❊ ❊ ❊

بڕوادەکەیت، سەختترین خیانەتکردنت ئەو کاتە بوو کە ناوەکەمت هەڵەکرد!.. بەناوی ژنێکی ترەوە بانگت کردم.. لەوانەیە ئەوە ناشرینترین ساتەوەخت نەبووبێ، بەڵام زۆر بەئازاربوو عەزیز.. چەند سەختە ژنێک بەناوی یەکێکی ترەوە بانگبکەیت، لەکاتێکدا ئەو خەریکە هەموو پیاوەکانی دنیا بەناوی تۆوە بانگدەکات.. دەزانی چی زیاتر مایەی لۆمەکردنە؟ نکۆڵیکردن لەوە..!!.. ئای چەند بەئاسانی نکۆڵیدەکەیت پیاوەکە.. بەئاسانی نکۆڵی لە هەمووشتێک دەکەیت، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ.. هەمیشە تۆ (نەتکردوە)، هەمیشە منیش کێشە (دروستدەکەم)..

لەو ساتەدا قیژاندم بەسەرتدا: دەتەوێ وام لێ بکەیت گومان بەئەقڵی خۆم بکەم..؟

وەڵامتدامەوە: بۆچی تۆ ئاقڵی، هەتاکو بەرامبەر بە ئەقڵی خۆت

بتخەمە گومانەوە..؟؟.. تۆ شێتی.. شتێکی خاو.. شێتێکی ڕەسمی..!..
زۆر ماندووتکردوم.. زۆر ماندووتکردوم عەزیز..!..
جارێک پێموتی: تۆ زۆر ماندوومدەکەیت.. هەستدەکەم هەمیشە ژانی دریژخایان دەمگرێ..
بەبڕوا بەخۆبوونەوە وەڵامتدامەوە: جومانە، منداڵدانت ڕازی نییە فرێمداتە دەرەوە، بۆیە هەوڵی ئەوە مەدە!..
ئایا ڕۆژێک دەمکوژیت عەزیز؟!.. ئایا بەسەر لەدایکبوونی تۆوە دەمرم.. یان بەهۆی ژەهراوییبوون بە پیاوێکەوە دەمرم کە لەناومدا نیشتەجێیە و جەستەم بوونی ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ناتوانێ فڕێیداتە دەرەوە؟.. ئای خوایە چەند پێویستم بەوەیە لە هەناوی خۆمت بهێنمە دەرەوە!..
کاتێک لە ماڵەکەت یاریی شەترەنجمان دەکرد، لێت پرسیم: جومانە، دەزانی جیاوازیی نێوان خۆشەویستیم بۆ تۆ و خۆشەویستییت بۆ من چییە..؟
تۆ پێم بڵێ جیاوازییەکە چییە..
من هەمووشتێکی تۆم خۆشدەوێ.. زۆرم خۆشدەوێی کە پێدەکەنیت، خۆشمدەوێی کە برۆیەکت بەگومانپێکردنەوە بەرزدەکەیتەوە و برۆکانت لە تۆڕەبووندا گرژدەکەیت.. دەزانی بە ژمارە ٨٨ دەچن؟
زانیارییەکی بێمانا..!..
بەردەوامبوویت: کەچی تۆ خۆشتدەوێم و ڕقت لە هەمووشتێکم دەبێتەوە..!..
هەمیشە هەستی تێوەگلانم دەدەیتێ جومانە..
بەڕاستی من لەگەڵ تۆدا تێوەگلاوم..
پێکەنیت: گوێبگرە.. ئێستا واز لەوە بهێنە.. ئەگەر یارییەکەت بردەوە، ئەوا بۆ ماوەی مانگێک چیم پێ بڵێی دەیکەم..
بەوریاییەوە لێم پرسیت: ئەگەر تۆ بردتەوە..؟
چاوەکانت بریسکانەوە: ماچێکم دەوێت.
هەر ئەمەمان کەمبوو!..
بەئینگلیزی کەوتیتە قسەو ڕووتکردە ڕۆبێرت، کە لەبەردەم تەلەفزیۆنەکەدا دانیشتبوو: بۆب، بڕوادەکەیت چوار ساڵە شەیدای ئەوم و هەتاکو ئێستا ماچم نەکردوە..!!
بۆب پێیوتم: I am proud of you.
پێکەوە پێکەنین.. پێتوت: جومانە دەڵێت گوایە دەمەوێ بەرامبەر بە

ئەقڵی خۆی بیخەمە گومانەوە.. منیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئەو دەیەوێ بەرامبەر بە پیاوەتی خۆم بمخاتە گومانەوە..

بۆب وتی: واز لەو بهێنە خانمە بچکۆلەکە، ئەم هاوڕێیەت زۆر فێڵبازە ئاگاداری بە..

ڕۆژێک پێتوتم: هەرگیز بڕوا بە شاعیر مەکە.. هەموو شاعیرەکان درۆزنن، ژینگەی شاعیرەکان زۆر قێزەونە..

ئەوەی مایەی پێکەنینە خۆت شاعیر و نووسەریت.. کەچی هەرگیز ئەوەم لەگەڵ باس ناکەیت، هەمیشە خۆت لـەوە بەدووردەگریت دەربارەی وتارەکانت گفتوگۆم لەگەڵ بکەی.. یان قەسـیدەیەکم بۆ بخوێنیتەوە.. تەنیا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە شتەکانت دەخوێنمە، هەمیشەش هۆکارەکەش دەگەڕێنیتەوە بۆ ئەوەی مەسەلەکە توشی شڵەژانت دەکات.. خوێندنەوەی شتێکت بۆ من توشی شڵەژانت دەکات!..

چەند مانگێک لەمەوبەر وتارێکت دەربارەی (ئەخلاقی ئاوارەکان و پێویستیی بەهێزکردنی ئەوانەی دەنێردرێنە دەرەوە، لە ڕووی ئایینی و ئەخلاقییەوە) بڵاوکردەوە، ئەوەش مایەی پێکەنین بوو پیاوەکە!

* * * *

کاتێک لێک زویربووین باتی پەیوەندیکرد: جومانە، ئەگەر بزانی کێشەکانی هاوڕێکەت چەند زۆرن!.. ئێمە لە نەخۆشخانەین..

ئەمجارە چی کردووە؟

خۆبەخشانە زەویی چێشتخانەکەی بە سابون پاککردەوە، کەوت و قاچی شکا..

لە تەنیشتییەوە دەنگت بەرزبۆوە: پێی بڵێ دەمرم و ئەو سەبەبکارە..

بە (باتی)م وت: باتی.. ناتوانم بیێم، سڵاوی منی پێ بگەیەنە..

بە بێزارییەوە وەڵامیدامەوە: ئای خوایە چەند پڕوپوچن..!.. بەهیوای دیدار..

پەیوەندیت پێوە کردم: هێی.. تەنیا پانتۆڵەکەم قاچم بە ڕانمەوە دەبەستێ، هێشتا نایەیت..؟

نا.. نایەم..

وەرە و گاڵتەم پێ بکە، با دیمەنەکەت لەکیس نەچێت..

نەخێر..
!Common
بەسەرسوڕمانەوە وتم: نا
دەمرم..!..
باشتر!..
وەرە لەسـەر گەچەکـەی قاچم واژۆبکـە.. پێویستە ئاهەنگی واژۆکردن سازبکەیت..
نـا..
بە بێئارامییەوە وتت: وەرە پێش ئەوەی توڕەبم!..
پاش گەچگرتنە قاچت هاتم، بەسوێوە وتت: کچی باش!.. هەمووی بەهۆی تۆوەیە.. دوعات لێ کردم؟
بینیت..؟ بارانبارین بە تنۆکێک دەستپێدەکات..
بڵێ سەرەتای بارانبارین شکانێکە..
پیاوبە لەگەڵمدا، هیچ شوێنێکت ناشکێت..
چۆن دەتوانم پیاوبم، ئەگەر لە ڕاییکردنی پیاوەتیی خۆم بێبەشم بکەیت؟
بێئەدەبییە!..
ببورە.. کاریگەریی بەنجەکەیە..
دەستت گرتم و خستتە سەر ناوچەوانت، بڵێ ببورە..
خۆت هەڵەدەکەیت و من دەبێت داوای لێبوردن بکەم..؟..
ئاخر قاچم شکاوە..
منیش دڵم شکاوە..
بانگی پزیشـکەکە بکـەم، هەتاکـو دڵت (لەگەچبگرێ)؟.. هەمـوو جۆرە گەچێکیان هەیە..
ناوینێم ڕۆحسوکی؟
بەڵێ.. بڵێ داوای لێبوردن دەکەم..
داوای لێبوردن دەکەم!..
دەستت ماچکردم: لێت خۆشبووم..!!.. دەزانی من هاوارم نەکرد..؟
بەڕاستی..؟
نەشگریام..
پاڵەوانی!..

قاچم پەڕی و تەنانەت ئاهێکیشم هەڵنەکێشا!..
دەستم بە قژتا هێنا.. شانازیت پێوە دەکەم.. بەدڵخۆشییەوە پێکەنیت..
پێموتی: دەزانی عەزیز.. هەندێک جار مندالێکی ساویلکە لە چاوەکانتدا دەبینم، کە هیچ لەگەڵ سروشتی تۆدا نایەتەوە..
من ساویلکەییم (لێ دەتکێ) خۆشەویستەکەم، بەڵام تۆ زوڵمم لێ دەکەی!..
دەڵێی هەمووشتێک هەر عەزیزە.. هەموو شتێک هەر عەزیزە..
پێکەنیم، تۆش پێکەنیت..
جومان، پێکەنینەکەت جوانە، ٨٨کەت خاوبکەرەوە.. وازم لێ بێنە با بژیم.. هەمووی هەشت، نۆ، دە ساڵە و کامڵدەبم..
بەگاڵتەپێکردنەوە لێم پرسیت: کێ دەتوانێ چاوەڕوانت بێت..؟
تۆ.. خۆ سەرقاڵی هیچی تر نیت.. چیتر هەیە بیکەیت!..
بە بۆکس کێشام بە شانتدا..
پێت چۆنە شانیشم بشکێنی..!..
خۆزگە ئەوەم بکردایە عەبدولعەزیز!.. حەزمدەکرد بمکردایە..

* * * *

لەماوەی ئەو هاوێنەی لە سعودییە بەسەرمانبرد، لەگەڵ برا هەرە گەورەکەم دەمەقاڵێمان بوو، ئەو کاتە تۆ لە (قیصم) بوویت، بەدەم گریانەوە تەلەفونم بۆ کردی.. لەناو کۆمەڵێک خەڵکدا وەڵامتدامەوە، کە دەنگیان زۆر بەرزبوو.. بەباشی گوێت لە دەنگم نەبوو.. من دەگریام و تۆش دەتقیژاند.. چی؟ ها.. گوێم لێت نییە..!.. چەند چرکەیەک چاوەڕوان بە..
گوێم لە دەنگی هەنگاوەکان و ڕۆیشتنەکەت بوو.. وتت با سواری ئوتومبیلەکە بم.. بیری جوچکە دڕندەکەم دەکەم!..
نەمتوانی وەڵامبدەمەوە.. دەگریام.. بە گاڵتەوە وتت: کێ جوچکەکەمی تووڕەکردوە..؟..
بێ ئەوەی بمەوێ دامە پڕمەی گریان..
ئای خوایە!.. ئای خوایە!.. بۆچی دەگریت؟.. کێ بێزاریکردوی..؟
تۆ بەهۆی هاوڕێکانتەوە پشتگوێت خستووم..
ئای کە چارەڕەشم.. بەدبەختم.. هەمووشتێک هەر من، هەمووشتێک من..!..

ئەگەر خۆشتبویستمایە پشتگوێت نەدەخستم!..

پێتوتم: جومانە.. من لــە (قصیم)م.. تاقە شــوێنێکی ئەم دنیایەیە کە نابێت لێی بســڵەمیتەوە..!.. جومانە لێرە جگە لە دارخورما هیچی تری لێ نییە.. خۆ لەگەڵ دارخورما خیانەتت لێ ناکەم!..

ئاخر بیرم ناکەیت..!..

بیرتدەکەم ئازارەکەم، بیرتدەکەم.. بەڵام ناتوانم لێرەوە قســەت لەگەڵ بکەم، خۆشت باش ئەوە دەزانیت!..

تۆ پشتگوێم دەخەیت!..

ببورە، پێم بڵێ.. کێ بێزاریکردوی..؟..

خالید..

ژنبرا چی کردوە؟

پێم دەڵێ کاڵفامی..

تاوانیکردووە!..

پێم ڕادەبوێری؟

نا بەیبی، کاتێک گەڕامەوە بۆ (ڕیاز) سەری دەشکێنم.. چارەی ئەوانەم ناوێت کە خۆشەویستەکەم هەراساندەکەن..

چۆن لێی دەدەیت و هێشتا نایناسی؟

گوێمەدەرێ مانگەکەم، دەیناسم و لێشیدەدەم..

ئمممم.. باشە..

درۆ هەندێک جار شیرینە.. دەزانم ئەوە ناکەیت و دەشزانی من ئەوە دەزانم.. لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆشم بەوەی دەمپارێزی، تۆش بەختەوەری بەوەی هانام بۆ بردویت..

نزار دەڵێت، دوو منداڵ بووین لە خۆشەویستی و شێتیماندا، لە ناتەواویی داواکانماندا..

ئێمەش عەزیز دوو مناڵ بووین.. تەنانەت لە ڕێونکردنەکانیشماندا.

* * * *

بەپەرۆشەوە باسی موحازەرەکەی ئیمڕۆم بۆ دەکردی، تۆش بەوردی گوێت گرتبوو و سەرت دەلەقاند، کتوپڕ خەیاڵت ڕۆیشت و لەسەر کورسییەکە

پاڵتدایەوە.. بەبێ ئەوەی سەیرم بکەیت دەستت گرتم: جومان.. ئاوڕمەدەرەوە.. دەزانی کێ لە پشتتەوە دانیشتوە..؟

بەفزولییەوە لێم پرسیت: کێ..؟

هەڵیبێنە..

پێم دەڵێی یان ئاوڕبدەمەوە..؟

دکتۆر سوڵتان، مێردی دکتۆر مونا پوار..

So what؟

بە زەردەخەنەیەکی مەکربازانەوە وەڵامتدامەوە: بڕوانە کێ لەگەڵیدا دانیشتوە..

لەسەرخۆ ئاوڕمدایەوە.. بینیم لە سوچێکدا لەگەڵ کچێکی قژ زەرددا دانیشتوەو بەهەستوسۆزێکی تایبەتییەوە دەستیگرتوە!..

داوەشێی!!..

بەبێدەنگی پێکەنیت.. بۆچی..؟

بەتوڕەییەوە تەلەفونەکەم بەدەستەوەگرت.. بەخوا ئێستا چاریدەکەم!..

تەلەفونەکەت لە دەستم سەند و چرپاندت: خۆت شێت مەکە!.. هەقت چییە بەسەریانەوە؟

وەڵا باشە!.. پیاوەکە خیانەت لە ژنەکەی دەکات..!..

تۆ هەقت نییە بەسەریانەوە.. ئەگەر ببیستمەوە (تەنیا ببیستم) کەسێک بەمەی زانی.. ئەوا دەزانم ئەوە تۆی کە هەواڵەکەت بڵاوکردۆتەوە..

تۆ لەچی دەترسیت..؟؟..

حەزم لە کاری ژنانە و وێرانکردنی ماڵان نییە..

ئەوەی بەپەرۆش بێت بۆ ماڵەکەی، ژنێکی تر لە ژیانی خۆی هەڵناقورتێنێ عەزیز..

وووس.. نامەوێ هەست بە بوونمان بکات..

پێت عەیبە هەست بە بوونمان بکات..؟..

سەرت ڕاوەشاند: نا.. هەموو سعودییەکان لێرە دەزانن حەزمان لەیەک کردوە، ئەم مەسەلانەش بەخێرایی بڵاودەبنەوە و دەبینرێن..

کەواتە؟..

بلیمەت نامەوێ بێزاریان بکەین..

بێگومان، چونکە هاوڕەفتارتە..

ووووووووووووس!..

دەزانی ئێوەی پیاوان لــە خیانەتکردنەکانتاندا یارمەتیی یەکتر دەدەن، ئێمەی ژنانیش لە ئاشکراکردنی خیانەتەکاندا هاوکاریی یەکتری دەکەین..

مەبەستت چییە؟

مەبەستم ئەوەیە.. ئەگەر یەکێک لە دەستەخوشکەکانم تۆیان لەگەڵ کچێکی تردا بینی.. دڵنیاتدەکەم کە پێی دەزانم..

یەکەم، کەی لەو عادەتە ڕزگارتدەبێ..؟

مەبەستت لە چ عادەتێکە..؟

لەسەر هەڵەی ئەوانیتر سەرزەنشتم بکەیت، هەرکاتێک یەکێک لە هاوڕێکانم هەڵەدەکات، سزای من دەدەیت، وەک ئەوەی من کارەکەم کردبێ..

ئەوە ڕاست نییە..

گوێت پێ نەدام: دوەم، بۆ دووپاتدەکەمەوە کە دەستەخوشکەکانت پێویستیان بە بینینی من نییە لەگەڵ کچێکدا، هەتاکو نێوانمان تێکبدەن..

مەبەستت چییە..؟

دەستەخوشکەکانت بەسوپاسەوە و بەبێ هیچ هۆیەک حەزدەکەن لێکمان جیابکەنەوە..

چونکە شایستەی من نیت..

ناوچەوانت گرژکرد: ئەگەر پێتوایە شایستەی تۆ نیم، بۆچی بەردەوامی لەگەڵمدا..؟

بەترسەوە وەڵاممدایتەوە: ئممم.. چونکە خۆشمدەوێی..

گوێبگرە.. ئەوە منم و ناگۆڕێم.. ئەگەر ئەوە بە گرفت دەزانی، وازم لێ بهێنە و ڕێگەکە لەگەڵ یەکێکی تر تەواوبکە..

چەند ئاسانە کۆتایی بە هەموو شتێک بهێنی عەزیز..!..

بەتوڕەییەوە وەڵامتدامەوە: بەڵێ، ئەوە ئاسانترین شتە لە ژیانمدا، تۆ دەڵێی چی؟

بە خەفەتبارییەوە وتم: باشە عەبدولعەزیز، بەڵێنت دەدەمێ کە پەشیمان دەبیتەوە..!.. دەستمدایە جانتاکەم و ویستم بڕۆم..

بە دەنگێکی نزم بانگتکردم: جمااااانە..

ئاوڕم لێ دایتــەوە.. بەدەسـتت هێماتکرد.. ئەو دیوارە دەبینی؟.. ئەو دیوارەی پشتی سوڵتان!..

ئاوڕمدایەوە بۆ لای سوڵتان.. کە سەقاڵی قسەکردن بوو لەگەڵ کچەکەی..

ئا..؟
بچۆ سەری خۆتی پیادا بکێشە!..

* * * *

I`m so tired of being here
Suppressed by all my childish fears..
And if you have to leave,
I wish that you would just leave..!
Because your presence still lingers here
And it won`t leave me alone..

خۆزگە دەڕۆیشتی!.. بەڕاستیمە حەزدەکەم بڕۆیت.. چەند ئاواتەخوازم بمریت عەزیز..!.. پێتوایە ئەوە دەربڕی ڕقی منە؟.. یان لەو بڕوایەدای ئاواتەکەم کینە و دڵڕەقییە؟.. جارێک ئەوەم دا بەگوێتداو پێموتی: حەزدەکەم بمری..

بەسەرسامییەوە برۆکانت بەرزکردەوە: پەنا بەخوا..

ئاســودە دەبم و ئاســودەش دەبیت.. باشترە بۆت بگریم، نەک بەدەستتەوە بگــریــم..

چیم کردوە..؟

دەزانی خۆشەویستەکەم، لە ڕووی لۆژیکییــەوە، کاتێک ژنێک خیانەتی لێ دەکرێ، ڕقی لە خۆشەویستەکەی دەبێتەوە و دەشێت ڕقی لە هەموو پیاوێکیش ببێتەوە..

ئەی تۆ دەڵێی چی خانمە ژیرەکە..

من بەهۆی تۆوە ڕقم لە گشت ژنێکە، وام لێهاتوە هەستدەکەم هەموو ژنان چاویان تێبڕیوی، وام لێهاتوە سڵ لە هەموو ژنێک دەکەمەوە.. پێموایــە هەر ژنە و دزێکە دەشێت لە منت بدزێ..

بەڕای تۆ چارە ئەوەیە بمرم..؟

بێگومان..

ئەی چاوڕەشەکان..؟.. ئایا چاوڕەشەکان لە بەهەشتدا نین..؟..

پێتوایە دەچیتە بەهەشتەوە..؟

پڕ بەدڵ پێکەنیت: پەنا بەخوا، تۆ شێتی..
شەیدای بەرزەفڕینم عەزیز..
منیش شەیدای شێتیی تۆم جومانە..
تەنیا شێتیم..؟
(بەبێ نازکردن) گوێبگرە، ئەگــەر لە ژیانمانــدا شتێک ڕووی دا و پێک نەگەیشتین، لە بەهەشتدا شوم پێ دەکەی..؟
ئمممم.. (ئەگەر) هاتیتە بەهەشتەوە، ئەوا شوت پێ دەکەم..
بەڕاستیمە..
پێموانییە ئەوە بکەم..
بۆچی..؟
لەوێ دەتوانم لە دڵی خۆمت دەربێنم عەزیز..
بۆچی لە دڵی خۆتم دەردێنێ جومان..؟..
نازانم..
بە پەنجەکانت دەموچاوی خۆت داپۆشی.. دەزانی جومان..؟.. پێم وانییە بتوانم ژنێکی تر بهێنم..
پیاوێکی وەک تۆ، کە دروشمەکەی لە ژیاندا بریتی بێت لە: (تاقە ژنێک بەس نییە)، ناتوانیت بۆ ماوەیەکی درێژ پەیوەندیی لەگەڵ تاقە ژنێکدا هەبێت..
پێکەنیت: خوایە چەند گەمژەی..
گەمژەو شێت، چیتر..؟
دایکی ٨٨..
پڕوپوچ..!..
جومان.. زیاد لەوەی بەخەیاڵتدا دێت خۆشمدەوێیت.. دەزانم بڕوا بەمە ناکەیت، منیش نامەوێت مشتومڕی لەسەر بکەم..
بێگومان!..
دەمەوێ تەنیا لە شتێک تێبگەیت.. من بەشێوازی خۆم خۆشمدەوێی، دەشێت ئەوەت بەدڵ نەبێت، بەڵام ئەوە شێوازی منە..
پێموتی: No Comment.
باشتر!..
دەستت بەرزکردەوەو پەنجەی دۆشاومژەت بەسەر دەموچاومدا هێنا.. بەشێوەیەک دەتجوڵاند، وەک ئەوەی نیگاری لەسەر بکێشی: زۆر پێویستم

پێتە.. زیاتر لە هەرشتێکی تر پێویستم پێتە.. دەزانم لە مانای هەندێک ڕەفتارم تێناگەیت.. من بۆخۆم لە هەندێکیان تێناگەم.. بەڵام دڵنیام مەسەلەکانی نێوانمان بەباشی دەچنەڕێوە..

پەنجەی دۆشاومژەم بەرزکردەوە و وەک تۆ کەوتمە نیگارکێشان لەسەر دەموچاوت: بەڵێنم پێ دەدەی..؟

بەڵێنت دەدەمێ کە بۆ من دەبیت..

بەتوڕەییەوە وتم: بینیت..؟.. وتت بەڵێنت دەدەمێ کە بۆ من دەبیت.. نەتوت بەڵێنت دەدەمێ کە بۆ تۆ دەبم..

جیاوازییان چییە..؟

جیاوازییەکە زۆر گەورەیە.. ئەوە هاتنەگۆی نائاگاییە..

خۆشەویستەکەم، نابینی چۆن بەخۆڕایی کێشە دروستدەکەیت..؟

نا.. نا نابینم..

باشە.. بەیارمەتی هەوڵبدە لە جارەکانی داهاتوودا ئەوە ببینە.. بەهەرحاڵ، بەڵێنت دەدەمێ لێرە و لە بەهەشتیش بۆ تۆ دەبم..

چاوت لێ داگرتم: ڕۆژێک لە بەهەشتدا شو بەیەک دەکەین..؟

بۆت پێکەنیم: لەوانەیە ئەوە بکەین..

جومان، بڕوانە دەوروبەری خۆت!..

سەیری دەوروبەری خۆم کرد.. مەعمیلەکانی قاوەخانەکە دەم بە پێکەنینەوە سەیریاندەکردین!..

لە شەرمدا دەستمانکرد بە پێکەنین..

❊ ❊ ❊ ❊

لە یەکەمین سەردانمدا بۆ لای ئەو خێزانەی لەسەرەتا پەیوەندییەکەمانەوە لایان نیشتەجێی.. ڕۆبێرت پاش یەکترناسینمان وتی: ئێوە میللەتێکی زۆر جوانن!.. پاش ناسینی عەزیز میللەتەکەتانمان خۆشویست، لەبەر تۆش زیاتر خۆشماندەوێ..

باتی وتی: هەروەها مۆسیقایەکی جوانتان هەیە..!.. لێوانلێوی سۆزە..

بە سەرسامییەوە لێم پرسی: گوێت لە کێ بووە..؟

پەنجەی بۆ تۆ ڕاکێشا: گوێمان لە عەزیز بووە..!.. ئەو ناوازەیە..

هێشتا پێت نەوتبووم عود بەباشی لێ دەدەیت، هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات لەم وڵاتە عود ببینم..
ڕووخسارت سوورهەڵگەڕا: من ئەماتۆرم..!.. بۆ خۆشی عود لێ دەدەم.. پرۆفیشناڵ نیم..
وتم: دەمەوێ گوێم لێت بێت..
لە شـــەرمدا هەوڵـــتدا خۆت بدزیتـــەوە، بەڵام باتی و ڕۆبێرت بەگیریانهێنای.. عودەکەت لە ژوورەکەت هێنا و لەباوەشتگرت: دەتەوێ گوێت لە چی بێت؟
هەرشتێک!..
ئممم.. باشـە شتێکت پێشکەشدەکەم، کـە پێموایە لەوەوبەر گوێت لێ نەبووە.. (شەوی دەستگیرکردنی فاتمە)ت بۆ دەژەنم..
ئاشنانیم بەم پارچە ئاوازەی(عومەر خیرەت)، لەوەوبەریش گوێم لێ نەبووە.. ئینجا بە سەرسامییەوە لێم پرسیت: فاتمە کێیە..؟؟
خۆڕسکانە وەڵامتدامەوە: ئەو خزمەتکارەمان کە هەڵهات!..
بەدرێژایی ژیانم عەزیز.. تەنیا بەهۆی تۆوە بە قوڵپ گریاوم و تەنیا لەگەڵ تۆشدا لەناخەوە پێکەنیوم.. ئەمە هاوکێشەیەکی سەخت نییە..؟
جارێک پێتوتم: جومان.. دەزانی چەند ئێسکقورسی..؟
بە تووڕەییەوە وەڵامدایەوە: بەڵێ؟؟
بە ڕۆحسوکییەوە: ئێسکقورسی!..
بەتوڕەییەوە: ئەگەر ئێسکقورسم، بۆچی خۆشتدەوێم؟..
ئممم: نازانم.. وردەکارییەکانی دیکەتم خۆشدەوێت..
لەڕاستیدا من ئێسکقورسم!.. بەدەگمـەن کەسـانی تـر بێجگە لــە تۆ دەمهێننە پێکەنین..
هەر جارێک لێت توڕەدەبووم.. هەوڵتدەدا بـە نوکتە (بێماناکانت) بمهێنیتــە پێکــەنیــن..
کاتێک توڕەدەبم.. لێم دەپرسی: جومان.. پیرەپیاوێک قاچەکانی پێکەوە نووساون، بۆچی؟.. بڵێ بۆچی..؟ ئەگــەر نــەپرسی بۆچی، تەلەفونەکە داناخـەمـەوە..
بەبێزارییەوە لێت دەپرسم: بۆچی؟
بەپێکەنینەوە دەڵێی: شەکریان پێوەیە!..
هەمــوو جارێــک عــەزیــز، بەهــۆی بێمانــایی نوکتەکانتەوە پێدەکەنم،

تۆش بــە پێکەنینەکەی من پێــدەکەنی.. هــەردووکیشـمان ڕازیدەبین!..

* * * *

ماجد خوێندکارێکی ئیماراتییە.. خەریکی دکتۆرایە لە کۆمەڵناسیدا.. پیاوێکە لە سەرەتای چلەکاندایە، ژنیهێناوە و باوکی دوو منداڵە، زۆر نەرمونیان و میهرەبانە.. زەردەخەنەکەی جوانە، پەیوەندیی گیانــی بەگیانیی لەگــەڵ هەمواندا هەیــە و بە گەرموگوڕییەکی دڵڕفێن قسانده‌کات..

کاتێک لەگەڵ هەیفا لە قاوەخانەیەکی نزیک زانکۆ دانیشتبووین، بۆ یەکەمین جار یەکمان بینی.. هاتە ناو قاوەخانەکە و سەلامی لێ کردین، ئێمەش سەلاممان بۆ سەندەوە.. دوور لە ئێمە دانیشت و دەیان کاغەزی لەبەردەمی خۆیدا بڵاوکردەوە.. ئەو سەرقاڵی نووسین بوو..

هەیفا وتی: جمون، چۆن زانیی ئێمە خەڵکی کەنداوین..؟

لە ڕووخسارمانەوە.. پێش سەلامکردنی نەتزانی ئەو خەڵکی کەنداوە..؟

بــا!..

چۆن زانیت..؟

لە ڕووخسارییەوە..

بینیت..

سەعاتێک ماینەوە.. پێش ئەوەی بڕۆین، داوای حسابەکەمان لە شاگردی قاوەخانەکە کرد.. پێیڕاگەیاندین (ئەو پیاوە عەرەبە) پارەکەی داوە..

هەیفا وتی: چی چی چی..؟؟؟ جمون مەبەستی چییە..؟.. بۆچی پارەمان بــۆ دەدات..؟..

من چوزانم..؟.. ئێستا چی بکەین..؟

چۆن چی بکەین..؟.. وەرە با ئابڕوی بەرین..

ڕێککەوتین بێ گرفت پارەکە بدەینــە شاگردەکە.. بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتین کە ئەو لێی دانیشتبوو..

بەزەردەخەنەوە سەری بەرزکردەوە.. هەیفا پێیوت: بە چ سیفەتێک پارەمان بــۆ دەدەی..؟

بەهێمنی وەڵامیدایەوە: بە ســیفەتی ئەوەی خوشک و برایــن.. ئەی ئێمە خوشک و بــرا نیــن..؟

لەمجۆرە هەڵسوکەوتانە تێربووین.. بە خوشک و برا دەستپێدەکات، بە شەڕیش کۆتاییدێت..!.. پارەکەت وەربگرەوە و شەرم بتگرێ..
نقورچم لێ گرت: بەسە هەیفا!.. ببورە برا.. تکامواپە جارێکی تر ئەوەمان لەگەڵ دووبارەنەکەیتەوە..
بە سادەیی و زەردەخەنەیەکی گەورەوە: باشە..!..
مانگێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپــەڕی.. کاتێک لە هەمان قاوەخانە بەتەنیا خەریکی سەعیکردن بووم، (ماجد) لەگەڵ دوو منداڵەکەیدا هاتنــە ژوورەوە.. بە زەردەخەنەوە سڵاوی لێ کردم، منیش بە زەردەخەنەوە وەڵامیمدایەوە.. لەگەڵ دوو منداڵەکەیدا لەسەر مێزی بەرامبەرم دانیشتن.. منداڵە بچکۆلەکەی زۆر چەنەبازبوو، پرسیاری زۆربوو.. بەهۆی دەنگبەرزیشیەوە نەمدەتوانی بیرم کۆبکەمەوە..
دەنگی باوکی بەرزبۆوە: ئەحمەد..لەسەرخۆ قسەبکە، «پورێ» سەعیدەکات!..
سوپاسـگوزارانە سـەرم بۆ بەرزکـردەوە: قەیناکـە.. بیری دەنگی منداڵیی عەرەبی دەکەم..
تۆ منداڵی..!.. بە منداڵ دەچیت!..
بەو شێوەیە نیم..
بەراورد بە تەمەنی من، تەنیا منداڵێکی!..
ماجد زانیی چۆن هەندێک دڵنیایی دەبەخشێتە گفتوگۆکەمان.. چونکە پیاوێکی وەک ئــەو دەزانێت کچێکی وەک من، لە غەریبایەتییەکی تاقەتپڕوکێن و ژێر باری قورسی خۆشەویستییەکی بێبەزەییدا، تامەزرۆی سۆزی باوکانەیە..
باسی خوێنـدن و نیشتیمـان و غەریبایـەتیی سـەختی خۆمـان و منداڵـە بەدبەختەکانی ئەومان کرد.. برا (تازەکەم)!.. لێی پرسیم داخۆ زۆر دێمە قاوەخانەکە، بە نەخێر وەڵاممدایەوە و پێموت زۆربەی کاتەکانم لە قاوەخانەیەکی تر بەسەردەبەم و ناوکەیم پێــوت.. هیوای ســەرکەوتنمان بۆ یەکتر خواســت، پاش ئەوەی دوو منداڵەکەی ماچیانکردم، قاوەخانەکەم بەجێهێشت.
ئێوارە باسی ئەوانم بۆ کردی.. لەوەوبەر باسی یەکەمین دیدارمان لەگەڵ ئەو بۆ کردیت، وردەکاریی وەردەکارییەکانیشم بۆ باسکردیت.. کەچی زۆر توڕەبوویت.. پێتوتم: تۆ دەزانی (بێئەدەبە)، ئەی بۆ قسەی لەگەڵ دەکەیت..؟

وەڵاممدایەتەوە: پیاوێکی تەمەن چل ساڵە عەزیز.. وەک باوکم وایە..
گوێبگرە، جگە لەو باوکەی ناویت هەڵگرتوە باوکێکی ترت نییە، بێجگە لە براکانیشت برای ترت نییە..
ئەی تۆ..؟
من خۆشەویستی تۆم، نە باوکتم و نە برات.. من مێردی سۆزانی نیم جومانە.. ئەمە دواجارە ڕێگەی ئەو جۆرە ڕەفتارانەت پێ بدەم..
ئای پیاوەتییت چەند سەیرە.. ئای چەند زوو بریندار دەبیت و چەند بەئاسانی کەسانی دیکە بریندار دەکەیت عەزیز..
چەند هەفتەیەک بەسەر دیدارەکەم لەگەڵ ماجد و دوو کوڕەکەیدا تێپەڕی.. لەو ماوەیەدا زۆر ماجد بە مێشکمدا دەهات، نازانم بۆچی بیرمدەکرد، بەڵام دەزانم ئەو ڕۆژە چەند بەبینینی شادمان بووم.. وەک باوکێک لە غەریبایەتی هاتە بەرچاوم..
لە ماوەی تاقیکردنەوەکاندا لەگەڵم هاتی بۆ قاوەخانەکەی خۆمان، هەتاکو وەک هەمیشە سەعی بکەین.. ژنە شاگردەکە، کە بەهۆی سەردانی بەردەوامانەوە لە قاوەخانەکە ببووە هاوڕێمان، لێمان نزیکبۆوە..
وتی: ئەم کاتەتان باش، ئیمڕۆ چونن..؟.. جومانە، ئیمڕۆ پیاوێک هات و ئەم کاغەزەی بۆ جێهێشتی..
کاغەزەکەت لە دەستم سەند، پێش ئەوەی بیخوێنمەوە.. چاوەکانت زۆر کرانەوەو بەشێوەیەکی تۆقێنەر سەیرتکردم، هەستمکرد بروسکەیەک بەر جەستەم کەوت..
بەترسەوە لێم پرسیت: چییە..؟.. چی ڕووی داوە..؟..
بەتوڕەییەوە کاغەزەکەت کێشا بە ڕوومداو ڕۆیشتی.. بەترسەوە کاغەزەکەم کردەوە، بە دەستوخەتێکی جوان نووسرابوو..
(جومانە.. سەری قاوەخانەکەم داو نەمبینیت.. زۆر بیرتدەکەم.. ماجد عاتکی)..

* * * *

وەک ئەوەی شتێک پێوەی دابم لە دوای خۆتــەوە بەجێتهێشتم، پاش خۆکۆکردنەوەم ڕامکرد بەدواتدا، بەڵام بەخێرایی تارماییەکی توڕە لەناو خەڵکەکەدا ونبووی.. بەشپرزەیی ڕوومکردەماڵەکەت.. خەریکبوو شوشەی دەرگاکە بشکێت،

چونکە شـێتانە پیامـدا دەکێشـا.. باتـی بەترسـەوە دەرگاکـەی کـردەوە..
جومانە.. چی ڕووی داوە ئازیزەکەم..؟ زەردهەڵگەڕاوی!..
هەواڵی تۆم لێ پرسی، کەچی لەماڵەوە نەبوویت.. لەگەڵ باتی و ڕۆبێرت دانیشتم.. بەهەناسەبڕکێوە باسی ڕووداوەکەم بـۆ کـردن، لە شپرزەییدا هەڵدەلەرزیم..
ڕۆبێرت هاواریکرد: جومانە، گوێمەدەرێ.. ئـەو شێتە.. تۆزێک جێیبهێڵە هەتاکو ئارامدەبێتەوە..
بەبێ ویستی خـۆم فرمێسکم لە چاوەکانم هاتە خوارەوە: بەڵام من هیچم نەکردوە بۆب..
باتی دەستی کێشا بەسەر شانمدا: جومانە.. دەزانین چەند عەزیزت خۆشدەوێت، ئەویش دەرک بەوە دەکات، بەڵام نازپێدراوە و زۆر ئازارتدەدات.. ئەگەر خۆشیبوێی، ئەوا بێگومان متمانەت پێ دەکات..
ڕۆبێرت دەستی خستە سەر ئەژنۆم و بەدەنگێکی بەسۆز وتی: جومانە.. تۆش هاوڕێی ئێمەی.. وەک ئەو تۆشمان خۆشـمان دەوێت.. ڕێگە نادەین عەزیز لەوە زیاتر بریندارتبکات..
لێم پرسین: چی بکەم..؟
ڕۆبێرت: جومانە، بڕۆرەوە ماڵەوە و خەریکی وانەکانت بە، کاتێک عەزیز هاتەوە پەیوەندیت پێوە دەکەین، هەتاکو دڵنیابی..
بەدڵشکاوی ماڵەکەیانم بەجێهێشت.. بەخەمبارییەکی کەساسەوە کاغەزەکەی ماجدم بەدەستەوە گرتبوو، وەک ئەوەی تەڵاقنامەکەم بێت.. شەقامەکانم دەپشکنی بۆ دۆزینەوەی ماڵەکەم.. هەستمدەکرد بەدیار مەتەڵێکەوە دۆشداما و دانیشتووم..
کاتێک گەیشتمە ماڵەوە، بەتەواوی جلەکانمەوە چوومە ناو پێخەفەکەم.. لە ژێر لێفەکەدا چوومەوە خۆم، وەک ئەوەی بەچکە پشیلەیەک بم لە شەوێکی زۆر سارددا بەفر بەسەریدا ببارێت.. هەوڵم دا پەیوەندیت پێوە بکەم، کەچی تەلەفونەکەت داخرابوو.. دەستم دەنا بە دوگمەی دووبارە پەیوەندیکردندا و لێی دەپاڕامەوە وەڵامبداتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە بازنەکانی فرمێسکم تێکەڵ بە کل دەبوون و لەسەر سەرینەکەم وەک شلەمەنیی خەڵۆز گەورەتر و فراوانتر دەبوون.. هەستمکرد چەند کلۆ خەڵوزێک لەناو گەدەمدا دەگەشێتەوە.. ئایا بەهۆی تۆو بە ئازارەوە دەمرم

عەزیز یــان دەبێتــە مایــەی شێتبوونم..؟.. هەمیشــە هەستم بەوە کردوە ڕۆژێک بەهۆی تــۆوە دەمــرم..

دەنگی زەنگی تایبەت بەتۆ بەرزبۆوە، ئەمجارە کاریگەریی جیاوازبوو، وەک ئەوەی گوێم لە مۆسیقایەکی تر بێت.. مۆسیقایەک کە نایناسم..

بەترسەوە وەڵاممدایتەوە: خۆشەویستەکەم..!..

بــە زمــانێکی قــورس و وشــە پــرشــوبڵاوەکــان وتــت: گــوێبگــرە.. گ و یٚ ب گ ر ە..!! گوێت لەم دەنگەیە...؟

قوتوی دەرمانەکــەت دەجوڵانــد.. دەنگی بەریەککەوتنی حەبەکانی ناو قوتوەکە بــەرزدەبــۆوە..

عەزیز با قسەبکەین!..

گوێبگرە.. گوێت لیٚ بوو..؟؟ ئەوە دەنگی حەبە ئارامبەخشەکانە.. هەتاکو ئێستا دوو دانەم لیٚ خواردوە.. دەزانی چی لە باقییەکەی دەکەم؟

تکایە.. زوڵمم لیٚ مەکە.. گومانم پیٚ مەکە!..

بەتوڕەییەوە قیژاندت بەسەرمدا: پرسیارێکم لیٚ کردی.. وەڵامیم بدەرەوە.. دەزانی چی لە باقیی حەبەکانی قوتوەکە دەکەم؟..

نازانم..

داتە پڕمەی گریان و هاوارتکرد: دەیانخۆم.. هەموویان دەخۆم، دەمرم و دەحەوێمەوە..

عەبدولعەزیز، ئێستا تۆ لەکوێی..؟

هەقت بەسەر منەوە نییە.. تۆ خائینی.. بانگەشەی پاکیزەبوون دەکەیت.. کەچی گەمەت بە من کرد!..

عەبدولعەزیز، من هیچم نەکردوە.. بڕوام پیٚ بکە..

گوێبگرە.. بەڵێنت پیٚ دەدەم، ئەگەر ئێستا بڵێی پەیوەندیت لەگەڵ ئەو پیاوە هەبووە، ئەوا هەمووشتێک لەبیردەکەم..

بەڵام من پەیوەندیم لەگەڵ ئەو نەبووە..

قیژاندت: گوێبگرە و قسەم پیٚ مەبڕە.. ئەگەر دان بەوەدا بنێی.. بەڵێنت پیٚ دەدەم هەموو شتێک لەیادبکەم.. ئەگەر تــا ســەر نکۆڵیی لیٚ بکەیت، سوێنددەخۆم کە پەشیمان دەبیتەوە..

پێویستە گوێم لیٚ بگری، هەتاکو تێبگەی!..

بێجگە لەوەی داوام لیٚ کردویت، نامەویٚ گوێم لە هیچ شتێکی تر بێت..

فرمێسکی زۆڵم لێکردن وەک خەڵوزی گەشاوە بەسەر ڕوومەتەکانمدا دەهاتەخوارەوە: عەزیز بۆ خاتری خوا..

قسەبکە!.. بڵێ پەیوەندیت لەگەڵیدا هەبووە.. ئەگەر هەرشتێکی تر بڵێی، سوێند دەخۆم بەخوا تەلەفونەکە دادەخەمــەوە و هــەر ئێستا کۆتایی بە پەیوەندیی نێوانمان دەهێنم..

گوێم لێ بگرە..!..

بەهەوارکردن قسەکانت پێ بڕیم: قسەبکە..

بێئاگایانە وتم: پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبوو..

دەنگی گریانت بەرزبۆوە: بێئابڕوو..

تکات لێ دەکەم عەبدولعەزیز..

بەدەم هەنسکدانەوە قیژاندت: تۆ سووکی..!.. وام دەزانی فریشتەی، کەچی شەیتانی لە جەستەی ژنێکدا..

تۆ ناچارتکردم ئەوە بڵێم!..

وێرانتدەکەم.. تۆ نازانیت دەتوانم چیت لێ بکەم..

من هیچم نەکردوە.. لەپاش دوا دیدارەی لەگەڵ ئەو زەلامە کە بۆم باسکردوی، هیچ شتێک دەربارەی نازانم..

درۆۆۆۆزن.. نامەوێ گوێم لــە دەنگت بێ، ناشــمەوێ جارێکی تر بتبینمەوە.

گوێبگرە.. نەکەی جارێکی تر هەوڵبدەیت پەیوەندیم پێوە بکەیت..

عەبدولعەزیز!..

ئەگەر دەتەوێ ژیانت کاولکەم.. هەوڵبدە پەیوەندیم پێوە بکەی..

تەلەفونەکەت بەڕوومدا داخستەوە.. بەدەم گریانەوە سەرینەکەم گرتە باوەش.. ڕامکرد بۆ لای هەیفا لە ژوورەکەی خۆی..

ترسی لێ نیشت و باوەشی پیادا کردم.. چییە؟! چی ڕووی داوە؟..

بەسەر سنگییەوە هاوارمکرد: ئیتر نایەوێم هەیفا.. چیتر منی ناوێت..

وتی: مژدەیەکی خۆشە.. خۆزگە زووتر ئەمە ڕوویبدایە.. تۆ لە خشتە براوی؟؟.. چ شتێکی باش لەوەدا دەبینی..؟؟

خۆشمدەوێ هەیفا.. خوا دەزانێ.. بەخوا خۆشمدەوێ..

دەستی بە قژمدا هێنا.. پێم بڵێ چی ڕووی داوە..؟

بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە.. کاتێک پێموت داوات لێ کردوم دان بە پەیوەندیم لەگەڵ ماجددا بنێم، ڕایوەشاندم..

ناشێت پێتوتبێ دەیناسی..؟؟..
دەمویست ئارامیبکەمەوە.. ئەو بەڵێنی پێ دام قبوڵیدەکات..
بەڵێنی پێغەمبەران!..تاکو ئێستا نەتناسیوە..؟؟؟؟ بەڕاستی لە خشتەبراوی.. چۆن پێیدەڵێی پێشتر ماجـدت ناسـیوە.. خۆ دەزانیت ئـەو نەخۆشـە و خواخوای شتێکی وەهایەتی..
وەک باڵندەیەکی بریندار لە پێخەفەکەمدا هەڵدەلەرزیم و بەدەنگی بەرز دەگریام.. هەستمدەکرد تای مردن سەرتاپای تەنیومەتەوە.. گریام هەتاکو لە ماندوێتیدا خەوم لێ کەوت.. هاتیتە خەوم و هاوار و هەڕەشەت دەکرد.. بەهۆی زەنگی تەلەفونەکەمەوە داچڵەکیم، وەک ئەوەی لە دەست مردن ڕزگارمبووبێ، زیادی هاوڕێت بوو..
بەماندوێتییەوە وەڵاممدایەوە: ئەم کاتەت باش..
بەیانیت باش جومانە.. هێشتا بێدار نەبوتەتەوە..؟
نەخێر
جومانە.. نیگەران مەبە.. ئەمشەو عبدالعزیز لای من بوو..
گریام: هیچ شتێک بەو پیاوەوەم نابەستێ زیاد..
خێرا وتی: دەزانم جومانە.. بەڵام پێویستە ئەم ماوەیە لە عەبدولعەزیز دووربکەویتەوە.. دەترسم ئازارتبدات..
ئازارم نادات زیاد.. توانای ئەوەی نییە ئازارمبدات..
جومانە.. تکات لێ دەکەم.. عەبدولعەزیز وەک کەسێکی پێوەدراو وایە.. نیگەرانم بۆت.. وازی لێ بهێنە هەتاکو ئارامدەبێتەوە..
بەڵێنم بە زیاد دا عەزیز پەیوەندیت پێوە نەکەم، هەتاکو ئارام دەبیتەوە.. هەستمکرد لەناومۆتەکەدا دەژیم عەزیز..دەشێت ئەوەی نێوانمان لە چاوتروکانێکدا کۆتاییبێت؟ بەدرێژایی ئەو سـاڵانە لە خیانەتـە دەستئەنقەستەکانت خۆش ببووم، کەچی تۆ لە ساتەوەختێکی گومانی زاڵمانەدا جێمبهێڵی؟.. بڕوات بە چ شەرعێک هەبوو عەزیز..؟..

* * * *

سێ ڕۆژ تێپەڕین و گوێم لە دەنگت نەبوو.. هەرجارێک ئاگری دڵ زۆری بۆ هێنابم و دەستمدابێتە تەلەفونەکەم، هەیفا تەلەفونەکەی لێ سەندوم و

وانەیەکی دورودرێژی داداوم، بۆیــە منیش دەسـڵەمیمــەوە.. یەکەمین جارە تەلەفونەکەم وا بێدەنگە عەزیز.. وەک جەســتەیەکی مردوو، قسەناکات و ناجوڵێ، تەنانەت هەناسەش نادات!..

ماندوبووم لە نوێکردنەوەی ئیمەیلەکەم.. لەخوا دەپاڕامەوە شتێکم بۆ بنێری.. هەرشتێک عەزیز، تەنانەت بیری جنێوەکانت دەکەم.. بڕوام پێ بکە بەوەش ڕازیم..

دەنگی مۆبایلەکەم بەهاتنی پەیامێک زرنگایەوە.. هەستمکرد گیان بە بەری چواردەورمدا کرایەوە، کردمەوە و خەریک بوو دڵم لەناو سنگمەوە بازبداتە دەرەوە.. نامەیەکی دایکم بوو عەزیز..!.. دەڵێت: جومانە.. نوێژەکانت لە یاد نەکەیت ئازیزەکەم.. خۆشمدەوێی..

ئەوە یەکەمین جارە دایکم نامەم بۆ دەنووسێ و نوێژکردنم بیردەخاتەوە، ئەو دەزانێ نوێژدەکەم و نوێژکردن لەیادناکەم..

ئایا دایک تا ئەو ئەندازەیە هەســت بە کچەکـەی دەکات عەزیز؟.. پێتوایە بزانێت کچەکەی دەردەدارە و ئەو پیاوەی چەند جارێک ڕاگوزەر بۆی باسکردوە هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکات..؟

چەند بیری دایکم دەکەم عەزیز..؟.. ئای خوایە چەند ئەو و دایکی تۆم خۆشدەوێ.. دایکت میهرەبانە.. زۆری خۆشدەوێیت و دڵی لاتە.. هەمیشە وەک تاقە کوڕی خۆی مامەڵەت لەگەڵ دەکات.. ئەگەرچی لە ڕیزبەندیی ناو خوشک و براکانتدا سێیەمی.. کتومت وەک من..!..

جارێکیان تەلەفونی بۆ کردی، بڵندگۆی تەلەفونەکەت کردەوە، هەتاکو گوێم لێ بێت.. لێی پرسیت: چی دەکەیت؟!

بە گاڵتەوە وەڵامتدایەوە: لەگەڵ خۆشەویستە کەنەدییەکەمدا دانیشتوم!..

بە تووڕەییەوە قیژاندی بەسەرتدا: کەی کامڵدەبی..؟.. زۆربەی پیاوانی هاوتەمەنت ژنیانهێناوە، کەچی تۆ هێشتا لێرە و لەوێ ڕادەبوێری..

کاتێک وەک منداڵێکی بچووک سەرزەنشتی دەکردی، پێدەکەنیت.. هەر کە قسە لەگەڵ دایکت دەکەی عەزیز، پیاوێکی تر لەبەردەمی خۆمدا دەبینمەوە، ئەو پیاوەی کاتێک ئاوازی دەنگی دایکی بەرزدەبێتەوە، چاوەکانی دەگەشێنەوە.. کاتێک هەستوسۆزی خۆی بۆ دەردەبڕێ، بەشادمانییەوە پێدەکەنێ.. کاتێک سەرزەنشتیدەکات، لە ترسان دەچێتەوە خۆی.. کاتێک پێیدەڵێ شانازیی پێوە دەکات، دەمارەکانی ملی گرژدەبن..

ئەو ڕۆژەم بیرناچێتەوە کە تیایدا دەگریای، چونکە بیری دایکت دەکرد.. بەدرێژایی هەفتەکە تورەبووی، بچوکترین شت تورەیدەکردی و هەموو شتێک خەفەتباریدەکردی.. سەد جار لێم پرسیت چی نیگەرانت دەکات، کەچی هیچت پێ نەوتم.

لەکۆتایی هەفتەکەدا پەیوەندیت پێوە کردم: لێم پرسیت چیتە..؟..

من بێزارم.. لەڕادەبەدەر بێزارم.. تۆ تێناگەیت و تێگەیشتنت نییە..!.. زۆر دڵڕەقی بەرامبەرم.. دایکیشم دڵڕەقە لەگەڵمدا.. بەرگەی دڵڕەقیی هەردووکتان ناگرم..

داتە پڕمەی گریان: بۆچی وام پێ دەکەن؟.. هەردووکتانم خۆشدەوێ.. تۆ خۆشەویستمی، ئەویش ژیانمە.. بۆچی دڵڕەقن بەرامبەرم؟

چی ڕووی داوە عەزیز..؟

هەناسەیەکی قوڵت هەڵکێشا.. دوو هەفتەیە پەیوەندیی پێوە نەکردوم..!.. دوێنێ تەلەفونم بۆ کرد.. وامدەزانی نەخۆشە..

چییەتی..؟

هیچی نییە، نەخۆش نییە، دەرکەوت سەرقاڵبووە..سەرقاڵی ئامادەکارییەکانی شوکردنی پورم بووە.. من؟.. من گرنگ نیم بەلایەوە..

زیادەڕۆ مەبە عەزیز، تۆ نیگەرانی ئەو بوویت، ئەمەش تورەی کردوی..

بیریدەکەم جومانە، ئەو ژیانمە و ناتوانم بەبێ ئەو بژیم.. ئاهـ.. نازانم بۆ وام پێ دەکات؟

ئەو شەوە جیاواز بوویت عەزیز.. زۆر جیاواز بووی.. ئای ئەو کەسە چەند هەست ناسکە کە بەتاسەی دایکییەوە دەگری..

پاش ئەوەی ئارامبوویتەوە پێموتی: حەزدەکەم منداڵێکم لە تۆ ببێ.. خۆشیبوێم، وەک چۆن تۆ دایکت خۆشدەوێ..

پرسیت: بەتاسەوە دەیگرێنی، وەک دایکم دەمگرێنێ..؟

نا، ئەوە ناکەم..

ئایا باوکی بەتاسەوە دەگرێنی..؟

دەم بەپێکەنینەوە وتم: لەوانەیە وابکەم..

بەڵام هیچ ڕۆژێک ئەوەم نەکردوە.. ئێستاش باش دەزانم کە ئەوە ناکەم..

* * * *

جارێک یاریی بوێــری و ڕاشـکاویمان کرد.. لە ڕێگەیەوە چەندین نهێنیم بۆ ئاشکرابوو.. یەکەمین جگەرەت لە پانزە ساڵیدا.. ناوی یەکەمین خۆشەویستت.. ڕووداوەکانی یەکەمین گەشتت بەبێ خێزانەکەت.. گۆڤارەکانی (پلەی بۆی) کە بەپەرۆشبووی بۆ بەدەستهێنانیان.. یەکەمین شەو کە تیایدا سەرخۆشبووی.. بۆم دەرکەوت هەرزەکاریت زۆر سەرکەشانە بووە، زیاتر لەوەی وێنامدەکرد.. لەکاتێکدا سەرکەشترین خەونی هەرزەکاریی من، شوکردن بوو بـە پیاوێک کە بە (جۆن سیلڤەر)ی چەتەی دەریای زۆر جوانی دوورگەی گەنجینە بچێت..

ئەوکاتە پێتوتم: دەبینی.. گرنگترین خەونەکانت هاتەدی!.. ئەوەتا شودەکەیت بە چەتەیەکی دەریای زۆر قۆز..

وەڵامدایتەوە: تۆ چەتەی دەریای، بەڵام بەو ڕادەیە جوان نیت.. بە ئەندازەی جۆن سیلڤەر جوان نیت..

لێت پرسیم: جومـان، چ شـتێکی جەسـتەم زیاتر لـە هەر شــتێکی تر سەرنجت ڕادەکێشێ..؟!..

ڕازی نیم وەڵامی پرسیارە مینرێژکراوەکانت بدەمەوە عەزیز..

داتە قاقای پێکەنین: بێ مێشک..!.. مەبەستم شێوەمە..

ئممم.. پێنج شتت سەرنجم ڕادەکێشن.. باڵابەرزی، لە بەختباشیی تۆشدا من حەزدەکەم پیاوەکەم باڵابەرزبێت.. چاوەکانتم خۆشدەوێ، چونکە شتی زۆریان تیادا بەدیدەکەم..

قسەکەت پێ بڕیم: دەتوانی شتەکانی ناویان بخوێنیتەوە..؟

پێموانییە.. دڵنیام لەوەی ناتوانم.. ڕووخسارتم بەدڵە، کاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ قژت ناتاشی، جوانتر و نێرتر دەردەکەوی..

بە دڵخۆشییەوە لێت پرسیم: چی دیکە..؟

دەنگتم پێخۆشە.. دەنگت (دلێرە).. وەک دەنگی پێشکەشکاری هەواڵەکان..

بەتەشقەڵەوە دەنگی خۆت قەبەکرد: کچە عەرەبەکان بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێن..

لەخۆت بایی مەبە!..

ئەی پێنجەم..؟

پێنجەم خۆشەویستەکەم.. خوێنهێنەرەکانی دەستەکانت دەرپەڕیون..!.. ئای ئەوە سەرنجڕاکێشە..

دەستت خستە ژێر چەناگەت و بە سەرسامییەوە سەیرتکردم: جومانە.. دەزانی زۆر سەیری..؟

بۆچی..؟

یەکەمین جارە گوێم لێ بێ کچێک حەزی لە خوێنهێنەرەکانی دەستی خۆشەویستەکەی بێت..!.. چ شتێکی سەرنجڕاکێش لەوەدایە..؟

دەستمگرتی و بەپەنجەکانم هەستم بە خوێنهێنەرەکانت کرد.. نازانم!.. حەزم لێیەتی..

بەدەم خەندەوە وتت: خوێنهێنەرکانمت خۆشدەوێ، چونکە بەناویاندا دێیت و دەچیت..؟

وەڵاممدایتەوە: لەوانەیە!.

مەکر لە چاوەکانتدا دەبریسکایەوە: جومانە.. دەزانی چی لە تۆدا سەرنجم ڕادەکێشێ..؟

دەستتم بەردا و پێموتی: نا..

لێت پرسیم: بۆچی..؟

لە چاوەکانتدا شت دەخوێنمەوە.. پێم نەوتی من شتەکانی ناویان دەخوێنمەوە..؟

چیت دەخوێنیتەوە..؟

ئەوەی عەیبە!..

داتە قاقای پێکەنین!..

* * * *

دایک و باوکم ناویان ناوم (ئاسوودە).. تۆ ناوات ناوم ماری ئەنتوانێت.. دەستەخوشک و هاوڕێکانم پێم دەڵێن شاژن، بەڵام هیچ یەکێک لەو نازناوانە هەرگیز ناگونجێن لەگەڵ سروشتمدا..

جارێک لێم پرسیت: بۆچی پێم دەڵێی ماری ئەنتوانێت..؟

وەڵامتدامەوە: چونکە وەک ماری ئەنتوانێت شاژنی.. میللەتەکەی بەدەست هەژارییەوە دەیانناڵاند، کەچی ئەو لەوپەڕی خۆشیدا ژیانی بەسەردەبرد.. ڕۆژێک میللەتەکەی لەبەردەمی کۆشکەکەیدا خۆپیشاندانیان سازکرد و دژی تەختی پاشایەتی ڕابوون، چونکە برسیبوون.. ئەو دەربارەی یاخیبوونەکە

لە وەزیرەکەی پرسیبوو.. وەزیرەکەش وتبووی میللەت نانیان نییە بیخۆن.. ساویلکانە وتبووی: (بۆچی پسکیت ناخۆن..؟).. تۆ وەک ئەویت.. کتومت وەک ئەویت..!..

زۆر لێت توڕەبووم عەزیز.. چونکە بەراوردکردنم بە ژنێکی وەک ئەو گونجاو نەبوو..

دەزانی!.. کە منداڵبووم.. لە کاتی پشوودا نانم نەدەخوارد.. سەرسەختانە بەربەرەکانێی برسێتیی خۆمم دەکرد، هەتاکو دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە.. بەرگەی ئەوەم نەدەگرت چێژ لە خواردنەکەم وەربگرم و بینیم هەندێک هاوەڵی قوتابخانەم بەدەست برسێتییەوە دەناڵێنن..

شوبهاندنم بەو هەرگیز لۆژیکی نەبوو.. هەرگیز عەزیز..

پێموتی: دەستبڵاونیم.. بەڵکو تۆ دەستبڵاوی.. ئەفسانەیەکی کۆن دەربارەی ئەوانە هەیە کە خوێنهێنەرەکانیان دیارە.. دەڵێت ئەوانە دەستبڵاون..

پێتوتم: ئەو ئەفسانەیەت لەکوێوە هێناوە..؟

نازانم.. خوێندومەتەوە، یان دامهێناوە..

بەڵکو بەری خەیاڵبڵاویی خۆتە خانمە بچکۆلەکە..

هەمیشە پێتدەوتم خەیاڵم بڵاوە.. کاتێک پەی بە یەکێک لە خیانەتەکانت دەبەم، خەیاڵم بڵاوە.. کە هەست بەشتێک دەکەم، خەیاڵم بڵاوە.. هەمیشە خەیاڵبڵاویی من دەکەیتە بەهانە.. ئەو بەهانەیەی لێی بێزاربووم.. زۆر لێی بێـــزاربـــووم..

کاتێک لەسەر شۆستەی شەقامەکە بەبێزارییەوە دانیشتبووین وتت: جومانە، هەستدەکەم تامت وەک کرێم کەرەمیل وایە..

کاممان خەیاڵمان فراوانە عەزیز..؟

تۆ!.. بەڕاستی هەستدەکەم تامت وەک کرێم کەرەمیل وایە.

لێم پرسیت: بۆچی بەتایبەتی کرێم کەرەمیل..؟

ئممم.. تۆ وەک کرێم کەرەمیل شیرینی.. بەڵام شیرینیەکی کەسکون.. زۆر خواردنی جەستە ماندودەکات..

بەڕاستی..؟

پێم بڵێ.. بەبڕوای تۆ تامم وەک چییە...؟

هەستدەکەم تامت وەک جگەرە وایە.

بەڕاستی!.. بەڵام تۆ حەزت لێی نییە..

نا حەزم لێیەتی..!.. بەڵام بۆنەکەی جیاوازە.. لەسەری ڕادێین.. لەکۆتاییشدا بەهۆیەوە دەمرین..

چەند (دراماتیکیت) جومان..

سەرم خستە سەر شانت.. دەمەویٚ بۆ درێژترین ماوەی شیاو پێکەوە بین.. لەبەر خاتری من واز لە جگەرەکێشان دەهێنی..؟

سەرت خستە سەر سەرم.. لەچی دەترسیت..؟

خەمی دڵە بچکۆلەکەتمە..

وەڵامتدامەوە: لە دڵێک مەترسە کە تۆ ژیانی پیٚ دەبەخشیت.. تۆ لەناو خوێنبەرەکانیدا هاوچۆدەکەیت، بۆیە نیگەران مەبە..!..

ئەوەی لە پەیوەندییەکەماندا سەیرە، لەنێوان ئەمپەڕی چەپ و ئەوپەڕی ڕاستدا جۆلانێدەکات.. لەنێوان کڵپەی ئاگر و زوقمی بەفردا.. هەمیشە لە هەستوسۆزتدا توندڕەو بوویت عەزیز.. هەندێک جار بە ئاگری عیشقت دەم سوتێنی، هەندێک جاری تریش بە ساردیی فەرامۆشکردن پێوەم دەدەیت..

دەزانی عەزیـز.. پاش ئەو هەموو ســاڵە.. درۆدەکەم ئەگەر بڵێم دەزانم خۆشتدەوێم یان نا.. هەرجارێک پێمدەڵێی خۆشمدەوێی..!.. لێت دەپرسم: تو خوا..؟

بە گاڵتەپێکردنەوە وەڵاممدەدەیتەوە: نا، درۆدەکەم..

سەرەنجام شیرینیی ساتەوەختەکە کۆتایی دێت..!

دەزانی عەزیز.. هەمیشە پێم دەڵێی خۆشتدەوێم، کەچی بەکردەوە هەستی پیٚ ناکەم.. تەنیا لەو ساتەوەختانەدا نەبێت کە بەشێوەیەکی جیاواز دەریدەبڕیت.

زۆرم خۆشدەوێی، کاتێک قسەدەکەین و قسەدەکەین و قسەدەکەین.. یان کتوپڕ پێمدەڵێی، سەیرم بکە..

پاش ئەوەی گەرمایی شەرم هەموو جەستەم دادەگرێت، سەیرتدەکەم.. بەبێدەنگ لێوەکانت دەجوڵێنی: خ ۆ ش م د ە و ێـ ی..

خۆشمدەوێی، کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانمان دەبین.. بەدزییەوە لێوەکانت دەجوڵێنی: خ ۆ ش م د ە و ێـ ی..

دێتەوە بیرت!..

جارێکیان بە بەڵگەی تاوانەوە گرتیانی، کاتێک خەریکی لێوجوڵاندن بووی.. هەموو هاواریانکرد هووووووها!.. هوووووووووووووووها.

بەشەرمەوە پێدەکەنیت..!..

ئەو کاتە محەمــەد پێیوتم، بڕوادەکەی جومانە.. ئەمــە یەکەمین جارە دەبینم عەزیز شەرمدەکات..!.

ئەو کاتە هەست ناسک بوویت.. زۆر هەست ناسک بوویت عەزیز.

❊ ❊ ❊ ❊

لەسەر جۆلانەکە ڕاکشابوویت، منیش سەیری (نینی) و (میتشل)م دەکرد.. کوڕەزاکانی باتی و ڕۆبێرت، کە دوانە بوون و لە باخچەی ماڵەکەدا یارییاندەکرد.. هاتــم و لای قاچتەوە دانیشــتم.. بــەبێ ئــەوەی هیچ بڵێــی ڕۆژنامــەکەت بەرزکردەوەو خستتە سەر سەرم، بۆ ئەوەی تیشکی خۆرەکە لێم نەدا.. بەزەردەخەنەوە سەیرتدەکردم.. لێم پرسیت: What is up؟

پێکەنیت: nothing.

Tell me..

هیچ نییە..

بەسەر هێمام بۆ لای منداڵەکان کرد: جوان نین...؟..

سەیرتکردن: با!..

حەزناکەیت ببیتە باوک..؟

ماوەیەک بێدەنگ بوویت: جاربەجار!..

دەستم گرتی.. خۆزگە دەبوومە (دایە)..

دەستە گەورەکەت درێژکرد و تاڵەکانی قژت لەسەر ناوچەوانم لادا.. هێشتا بچووک نیت بۆ ئەوەی ببیتە (دایە)..؟

نا بچووک نیم.. حەزناکەی منداڵێکت لە من ببێ..؟

با، کچێکی ئەسمەری پرچ لول.. وەک دایکی تاقە چاڵێک لە چەناگەیدا بێت..

زیاتر لە من خۆشتدەوێ..؟

پێکەنیت: بۆچی دەتوانم..؟

پێموتی: حەزم لە منداڵێکە لە تۆ، ئێستا..

ئێستا..؟.. مەبەستت لە ئێستا، هەنوکەیە..؟

بەڵێ: هەنوکە!..

لێرە..؟.. لەم باخچەیەدا...؟

عەزیز..!.. مەبەستت لێرە چییە..؟

مەبەستی تۆ لە ئێستا چییە..؟
عەزیز.. ئای خوایە چەند شێتی..!.. چی لە ئێستا تێگەیشتی..؟
داتە قاقای پێکەنین و وەڵامتدامەوە: نازانم..
گەمــژە..
ئێستا منداڵت لەکوێوە بۆ بهێنم..
بەکەللەڕەقییەوە پێموتی.. پیاو نیت؟.. چارەیەک بدۆزەرەوە..
زۆرچاکە، دەچم بۆ بازاڕ و دانەیەکت بۆ دەکڕم..
بە ڕۆژنامەکە پیامداکێشایت، پێکەنیت..!..
هەمیشە شەیدای ئەو پیاوانە بووم کە میهرەبان بوون لەگەڵ منداڵەکان، حەزم لەو پیاوانەیە کە منداڵیان خۆشدەوێ.. هەستدەکەم لە پیاوانی تر ڕاستگۆترن.. منداڵت زۆر خۆشدەوێ، نازیان هەڵدەگریت و بەپەرۆشی بۆیان، زۆر بەحەوسەڵەی لەگەڵیاندا، لەکاتێکدا بۆخۆت بێ حەوسەڵەیت..
هەمیشە بیر لە منداڵەکانت دەکەمەوە.. زۆرجار خەون بە یەکەمین منداڵمانەوە دەبینم.. پێم باشە نۆبەرەکەمان کوڕ بێت، کەچی تۆ کچت پێ بەباشترە.. کوڕە (دواخراوەکەم) ناوناوە ساڵح، لەسەر ناوی باوکت!.. کەچی تۆ ناوی کچۆلەکەت ناوە (حەلا).. دوو ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی عەزیز.. نە ساڵح هات و نە حەلا، بڕواش ناکەم بێن..

* * * *

هەمیشە پێتدەوتم قەدەر هێمامان بۆ دەنێرێ، هێمای نادیار و شاراوە و دەمامککراو.. بۆیە (بەبڕوای تۆ) دەبێت بەردەوام چاوکراوەبین، ئەگینا هێماکان بەخێرایی نەیزەک تێدەپەڕن! ئەگەر بەبێ وریابوون بەرامبەریان بەلاماندا تێپەڕین، ئەوا جارێکی تر تێناپەڕنەوە..
جارێک دەمەقاڵێمان بوو.. دەمەقاڵێکە زۆر توندبوو.. هۆکەی خەمساردیت و فەرامۆشکردنم بوو..
پێموتی: شایستەی ئەوە نیم پابەندبم بیت..؟!.. ناتوانیت پابەندم بیت..؟..
قیژاندت بەسەرمدا: جومانە!.. من پابەندی کەسوکارم نەبووم، هەتاکو پابەندی تۆ بم.. بەکورتی من پابەندی کەس نەبووم و پابەندی کەسیش نابم.. تەنانەت ئەگەر ئەو کەســە تۆش بیت..

پێموتی: مەبەستت چییە؟
وەڵامتدامەوە: من و تۆ هەرگیز ڕێک ناکەوین.. یەکتریمان خۆشدەوێ، بەڵام لێک ناگەین..
تورەبووم لێت: مەبەستت ئەوەیە کەسێکی تر ببینمەوە..؟
ڕووت وەرگێڕا.. بەدەنگی بەرز وتت: خوا بەختەوەرت بکات و دوورتبخاتەوە..
بەرەو ئوتومبیلەکەم ڕامکرد و لێم خوڕی.. لە ئاوێنەی ئوتومبیلەکەوە سەیرمدەکردی و خەریکبوو تورەبوون بەرەو دواوە ڕامکێشێ و بتکەم بەژێرەوە.. لە ئوتومبیلەکەدا دەگریام و لەناخمدا نەفرەتیم لەو ڕۆژە کرد کە تیایدا کەسوکارو نیشتمانم بەجێهێشت و هاتم بۆ ئەم وڵاتە..سەرنشینی ئوتومبیلەکانی تر بەسەرسوڕمانەوە تێیاندەڕوانیم، وەک ئەوەی لەوەپێش کچێکیان نەدیبێت بگری!.. ئوتومبیلەکەم ڕاگرت هەتاکو ئارامببمەوە.. ژمارەی تەلەفونەکەت و نامەکانتم لە میمۆریی مۆبایلەکەمدا سڕییەوە.. کاتێک فرمێسکی خۆم دەسڕی، چاوم کەوتە سەر ڕیکلامێکی بەرز و ڕووناک، کە لەسەری نووسرابوو:

You may go along with the right road, and he may take the left one, but after all, the two roads could meet at the Same point..!..

هەستمکرد ئەوە پەیامی قەدەرە عەزیز، هێمایە..!.. ئەو هێمایانەی قەدەر کە بۆت باسکردم و بڕوات پێیانە..
ئارامی باڵیکێشا بەسەرمدا.. هەستمکرد دەمارەکانم خاوبوونەتەوە، کونە بچووکەکانی لەشم کراونەتەوە و دەستیان بە هەناسەدان کردۆتەوە.. سوڕامەوەو هاتمەوە بۆ لات.. بینیم لەسەر پێپلیکانەی ماڵەکە دانیشتویت و بوتڵێک (بیرە)ت بەدەستەوەیە.. لە ئوتومبیلەکە دابەزیم و هاتم لە تەنیشتتەوە دانیشتم، بەبێ ئەوەی سەیرم بکەی یان وشەیەک لە دەمت بێتە دەرەوە..
بەبێ ئەوەی سەیرت بکەم لێم پرسیت: چۆن ڕێک بکەوین..؟
لێم تێبگە..!..
چۆن لێت تێبگەم..؟..
بەتوڕەییەوە پرسیت: کەتەلۆکێکت بۆ بهێنم شێوازەکەی لێ وەربگریت..؟..
نا، بەڵام پێم بڵێ چۆن..؟

جومانە.. تکایە پەلەم لێ مەکە..!.. پەلەم لێ مەکە..
وتم: ئیشەڵڵا..
دەسـتت ڕاکێشـا و کلی سـەر ڕومەتت سـڕیم، پێش ئەوەی لە ئوتومبیلەکە دابەزی، لە ئاوێنەکەدا سەیری دەموچاوی خۆت کردوە..؟
پێکەنیم: نا..
هێشتا زووە بۆ Halloween.
پێکەنیم و بەتوندی قۆڵم گرتی..
لێت پرسیم: بۆچی هاتیتەوە..؟
ئممم.. هێمایەک ڕێگەی پێ گرتم..
چ هێمایەک..؟
یەکێک لە هێماکانی قەدەر..
پێکەنیت: ئەمجارە پەیامی قەدەر چی تێدایە..؟..
دەڵێت ئێمە بەیەک دەگەین!
خۆشەویستەکەم.. دان بەخۆتدا بگرە، هەتاکو پێک بگەین..
لێم پرسیت: ڕۆژێک دێت پێک بگەین عەزیز..!..
وەڵامتدامەوە: لەوانەیە پێک بگەین..!..

* * * *

پێم وابوو زەڕافە مێینەیە و نێرینەکـەی پێیدەوترێ زەڕاف.. نازانم بۆچی باسـی ئـەو بابەتە سەرنجڕاکێشەمان کرد، بەڵام دێتەوە یادم پێکەنیت و ئـاواتەخواز بوویت زەوی بقڵیشێت و قوتمبدات..
ئەو کاتە لێت پرسیم: ئەی نێرینەی نەعامە چییە؟.. نەعام..؟.. چۆن وەزارەت ناردویانی بۆ خوێندن جومان..؟
بۆ چەند هەفتەیەک ئەو حیکایەتەت دووبارەکردەوە.. زۆر سوپاسی خوام کرد کە لـەبیرتچوەوە..
لەگەڵ کۆمەڵێک هاوەڵی کوڕ و کچدا لە خواردنگەی زانکۆ دانیشتبووی.. بەلاتاندا تێپەڕیم، هەتاکو سڵاوتان لێ بکەم.. کاتێک منت بینی، پێکەنیت.. جومان، پێیان بڵێ (نێرینەی) زەڕافە کێیە..
پێموتی: زەڕافە.. بۆچی..؟

هاوارتکرد: درۆزنی ی ی ی.. سوێندده‌خۆم پێیوتم زەڕاف نێرینەی زەڕافەیە..!..
بەردەوامبووی لەسەر سوێندخواردن.. پێتوتن: نەموت ئەو بە واستە نێردراوە بۆ خوێنـــدن..؟؟

هەقتە گومان لە ژیرییم بکەی.. ژنێک عاشقی پیاوێکی وەک تۆ بێت، زۆر گومان لە تواناکانی دەکرێت..

جارێکیان لێم پرسیت، پێتوایە من جوانم.. پێتوتم (لەبەرئەوەی خۆشەویستی منی، بۆیە بێگومان ژنێکی جوانی.. زۆر جوانی..)!

پێموتی: مەبەستت ئەوەیە جوانم، چونکە خۆشەویستی تۆم..؟

مەکربازانە وتت: نا.. مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر خۆشەویستی من نەبویتایە، جوان نەدەبوی..

چەند لەخۆت باییت عەزیز!.. لەناخمدا دەزانم وەک ژنەکانی چواردەورمان بە سەرنجڕاکێشم نابینی.. هەندێک جار هەستی بڕوابەخۆبوون تیامدا دەلەرزێ، بەڵام دەزانم جوانم.. زۆر جوانم..

لەوانەیە لەو جۆرە نەبم کە بەلاتەوە باشە، ئەو خەسڵەتە دەرەکییانەم نەبێت کە پیاوەکانی کەنداو بەلایانەوە جوانە.. نە سپیم و نە قژ زەرد.. چاوەکانیشم شین نین، وەک حەزت لێیەتی..

جارێک پێتوتم.. (سیمایەکی) هاکەزاییت هەیە، بەڵام ڕۆحێکی دڵفڕێنت هەیە.. دەچێتە دڵانەوە.. دێتەوە یادت، لە چالاکییەکی زانکۆدا بە کۆمەڵ دانیشتبووین.. قسەکەری یەکەم، کە کەنەدی بوو، پەنجەی بۆ من ڕاکێشا و وتی: ببورە، ناوت چییە..؟

دەســتم خســتە ســەر سنگم و بە ســەرسوڕمانەوە لێم پرســی: من..؟.. مەبەستت منە..؟

سەری ڕاوەشاند: بەڵێ.. تۆ.. ناوت چییە..؟

پێموت: جومانە..

لێی پرسیم: خەڵکی کوێی جومانە..؟

پێموت: عەرەبم..

بە سەرسوڕمانەوە برۆکانی بەرزکردەوە: بەڕاستی..سەیرە!..بە ئەستێرەکانی سینەما دەچیت..

بەشادییەوە سەیرمکردی.. بەبێزارییەوە تێتڕوانیم..

پێموت: زۆر سوپاس..

پێیوتم: گوێبگرە.. تاقیکردنەوەیەک هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان.. دەتەوێ تاقیبکەیتەوە..؟

وەڵاممدایە: سوپاس، حەزم لە نواندنی سینەمایی نییە..

کارتێکی تایبەتی لە گیرفانی دەرهێنا: بیری لێ بکەرەوە.. ئەوە دەرفەتێکە بۆ تۆ..

پاش ئەوەی هاتینە دەرەوە: بینیت زەوقی خەڵک چۆنە..؟!..

وەڵامتدامەوە: خۆت گێل مەکە خانم!..

ئەوساکە زانیم، چەند بۆت بکرێت، هەوڵدەدەیت بڕوابەخۆبوونم تێکبشکێنی!.. پێتوایە ئەگەر کەسایەتیم لاوازبێت و بڕوام بەخۆم نەبێت..! باشتر دەتوانی کۆنترۆڵم بکەیت.. زۆر بەداخەوە، پێموایە لە هەوڵەکانیشتدا سەرکەوتوو بوویت..

* * * *

ساڵی ڕابردوو، لە جەژنی لەدایکبوونی (باتی)دا.. زۆر ڕێکپۆش بووم، ڕێکپۆشیی ژنیش بەبێ پێڵاوی بەرز کامڵ نابێت.. لە کۆتایی شەوەکەدا هەتاکو دەرگای دەرەوە لەگەڵمدا هاتی، پاڵم بە دەرگاکەوە دا، ویستم خواحافیزیت لێ بکەم.. نەمزانی پێم نا بە قاچتدا.. هاوارت نەکرد، قاچت بەرزکردەوە و بەدەستەکانت گرتت.. چاوەکانت لەبەر ئازاری زۆر دەرپۆقیبوون.. لێت نزیکبوومەوە، بەڵام چویتە دواوە و چاوەکانت لەبەر ئازار فرمێسکیان تێ زابوو!.. لێم دەترسای.. تۆم برد بۆ نەخۆشخانە، چونکە پەنجەی پێت خەریک بوو بەهۆی پاژنەی پێڵاوەکەمەوە وردوخاش بێت.. کاتێک بەرەو نەخۆشخانە دەڕۆیشتین دووبارەتدەکردەوە: گوناهم چی بوو وات لێ کردم!.. ئەو هەموو ڕقەت لەدڵدایە بەرامبەرم..!..

دەم بەپێکەنین وتم: پێویستییەکانی کەشخەییە خۆشەویستەکەم..!..

پێویستیی کەشخەیی ئەوەیە پێ بە قاچی خەڵکدا بنێی؟؟..

پزیشکەکە لە کاتی تیمارکردنتدا دەربارەی هۆی برینداربوونەکەت پرسیاری لێ کردی.. پەنجەت بۆ من ڕاکێشا.. کەوتیتە قسە و ڕق لە وشەکانت دەباری.. ئەو خانمە دەبینی..؟.. بەڕواڵەتی هەڵمەخەڵەتێ، ئەو پەنجەی شکاندم!.. پاژنەی پێڵاوەکەی خستە سەر قاچم..

بەپێکەنینەوە پێموتی.. هێشتا لەکوێتە..

به پزیشـکەکـەت وت: دەبینی..؟.. هەڕەشـەم لێ دەکـات.. شـایەت بە بەسەرییەوە..

پزیشکەکە بەگاڵتەوە پێیوتی: نیگەران مەبە، بە ژنێکی توندوتیژ ناچێت.

هاوارتکرد: لەخشتەبەرە.. منیشی لەخشتەبردوە..

ڕۆژێکە لەبیرناچێتەوە عەزیز.. هەرجارێک ئەوەم بیردەکەوێتەوە، ســەرلەنوێ ڕووداوەکەم دێتەوە بەرچاو و پێدەکەنم.. چەند ڕۆژێک، هەرکاتێک منت دەبینێ خۆت لە ژێر کورسی یان مێزەکەت دەشاردەوە.. پاش ماوەیەکی زۆر ئینجا متمانەت پێ کردمەوە و کاتی تێپەڕبوونم بەلاتدا تەنیا قاچەکانی خۆت بەرزدەکردەوە.. بۆ ئەوەش گلەییم لێ ناکرێت.. برینەکەت مەترسیدار نەبوو عەزیز، پەنجەشت وردوخاش نەببوو.. بەڵام ئەوە یەکەمین جار بوو ئازارتبدەم.. پاش ئەو ڕووداوە نازناوەکەم بووە (جوجەڵەی دڕندە!).. بەڵام هیچ ڕۆژێک دڕندە نەبووم، بەڵکو خۆشەویستیم بۆت زۆر دڕندانەبوو!..

* * * *

سێ ڕۆژ پاش ونبوونت، دوای دەمەقاڵێکەمان بەهۆی ماجدەوە.. پەیوەندیم بەدایکمەوە کرد، پاش ئەوەی نامەی بیرهێنانەوەی نوێژکردنی بۆ ناردم، چونکە پێویستم پێی هەبوو.. چەند ئاواتەخواز بووم لەگەڵمدا بوایە، لە تەنیشتمەوە بوایە.. هەتاکو لە باوەشی خۆیدا بمشارێتەوە و لەو پەیوەندییەم دەربهێنێ، کە باش دەزانم دروست نییە.. پەیوەندییەک کە وێرانمدەکات.. پاشماوەکانم دەسوتێنێ و پێدەنێ بەسەر تەرمەکەمدا.

دایکم جیاوازە، زۆر جیاوازە..!.. ئەو زۆر منی خۆشدەوێ.. هەمیشە پێم دەبەخشێ و هەرگیز لێم وەرناگرێ.. پەیوەندیم لەگەڵ دایکم، وەک پەیوەندیی هەر کچێکە بەدایکییەوە، ئاسایی نییە.. دایکم هەست ناسک و بەخشــندەیە و زۆری خۆشدەوێین.. باوکمی خۆشدەوێ و لەپێناویدا خۆی بەختدەکات..

دایک و باوکم پاش چیرۆکێکی خۆشەویستیی ناسک پێکگەیشتن.. ئەگەرچی خۆشەویستیی زۆرم لەنێوانیاندا بەدی نەکردوە، بەڵام پەیوەندییەکەیان لەسەر بنچینەی زۆر قوربانیدان و وازهێنان لە ماف و ڕێزلێگرتن بنیاتنراوە.. کەچی هیچ ڕۆژێک هەستم بەوە نەکردوە شەیدای یەکترن..

دایکم بەدزییەوە پێیدەوتین باوکم مەزنترین پیاوی دنیایە، باوکیشم هەندێک جار پێیدەوتین دایکم بێوێنەیەو هیچ ژنێکی تر بەو ناچێت.. سەرباری ئەوە، دایکم ئامۆژگاریم دەکات شوو بە پیاوێک نەکەم کە خۆشمدەوێ، بەڵکو شو بە پیاوێک بکەم خۆشیبوێم!.. هەمیشەو لە هەموو بۆنەیەکدا ئەو ئامۆژگارییە دووپاتدەکاتەوە..

کاتێک گوێم لە دەنگی دایکم بوو گریام، هاوارایکرد: جومانە.. چی رووی داوە..؟..

بیرتدەکەم.. دەگەڕێمەوە..!.. ناتوانم بەردەوامبم..

جومانە!.. نیوەی ڕێگاکەت بڕیوە.. پاش ئەو هەموو کۆششە دەگەڕێیتەوە..؟

چیتر بەرگە ناگرم.. ماندووبووم..

چی بووە ئازیزەکەم.. پێم بڵێ.. چی رووی داوە..؟

هیچ رووی نەداوە، بەڵام ماندووم.. زۆر پێویستم پێتە، غەریبایەتی دەمخنکێنێ.. توانای سەعیکردنم نییە..

بەچکەکەم.. نوێژبکە..!.. شەیتان بەلەعنەت بکە .. لەبەر من دەتوانی سەعییکەی..

زۆر پێویستم پێتە!.. دووریت ماندووی کردوم!..

دایکم تۆزێک بێدەنگ بوو.. بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی: باشە بەچکەکەم.. قسە لەگەڵ باوکت دەکەم، دەشێت بۆ دوو سێ هەفتە سەردانیت بکەین..

تکایە.. زوو وەرە..

جومانە.. خۆت دەزانی وەرگرتنی فیزە کاتی دەوێ.. بەڵام هەوڵدەدەم..

خواحافیزیم لێ کرد، پاش ئەوەی بەڵێنم پێ دا نوێژ و سەعی بکەم..

لە نوێژەکەمدا بەزمانێکی کاڵوکرچ..!.. داوام لە خوا دەکرد تۆ لە دڵم دەربهێنێ و لە خۆشەویستییەک ڕزگارمبکات کە بەرگەی ناگرم.. بە جەستە و ڕۆح، لەناخەوە داوام لێ دەکرد..

پاش ئەوەی نوێژمکرد، ئاوڕمدایەوە.. بینیم هەیفا ڕاوەستاوە..

هەڵسە با نانەکەمان بخۆین.. ئەگەر حەزدەکەی بمری.. ئەوا لای کەسوکاری خۆت بمرە.. نامەوێ کەس لای من بمرێ.. تاقەتی لێکۆڵینەوە و لێکۆڵینەوەکاریم نییە..

پێموت: مەبەرە ئەو سوعاد حوسنییەی دەمرێت..؟

نا!.. پێم ڕادەبوێریت..!.. مادام تاقەتی پێڕابواردنت هەیە.. هەستە با بچینە دەرەوە..

چوینــە دەرەوە و ڕوومانکــردە خواردنگــەیەک.. یەکەمین جــارە پاش دەمەقاڵییەکەمان دەچمە دەرەوە، شەقامەکان خۆڵەمێشی بوون.. وەک ئەوەی بە خەڵوز و قەڵەم ڕەساس ڕەنگکرابن..

کاتی نانخواردن هەیفا پێیوتم: جمون!.. دەزانی هەمیشە پێموابوە کچەکانی ڕیاز بەهێزن!.. کەچی تۆ تەواو جیاوازی..

بەچی لەوان جیاوازم؟!..

نازانم!.. زوو دەڕوشێی.. بەئاسانی بریندار دەبیت..

لەبەرئەوەیە لەگەڵمدا دەژیت، پێتوایە کچەکانی ڕیاز بەهێزن..!..

پێموابوو تۆش وەک ئەوانی!.. بەڵام بێبەختم..

بێ ئەوەی بمەوێ، پێکەنیم..

وتی: بەڕاستی دڵنەرمی!..

کاتێک گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە باران دەباری، هیفا سەرکەوتە سەرەوە بۆ شوقەکەمان، من پێموت تۆزێک لە ژێر بارانەکەدا دادەنیشم.. لەسەر کورسییە دارینەکەی بەردەمی تەلارەکە دانیشتم..

هەمیشە پێتدەوتم، باران هەستی ئەوەت پێ دەبەخشێت کە خوا لە هەموولایەکەوە دەورەیداوی.. منیش عەزیز هەستدەکەم باران پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە، پیرۆزییەکی قوڵ.. هەستدەکەم باران ڕۆحمان دەشواتەوە و لە گوناهەکان پاکماندەکاتەوە.. کاتی بارانبارین پێم پێدەکەنیت.. چونکە هەرچەند پرچم ڕێکدەخەم لەژێر باراندا لێم یاخی دەبێت.. یەکەمین جار بەمەت زانی، ئەو کاتە بوو کە لـە هۆڵێکی زانکۆ دانیشتبووین.. کاتی بارانبارین من چووەمە دەرەوە.. کە هاتمەوە داتە قاقای پێکەنین..

پێتوتم: ئای کە ساختەی!..

لێم پرسیت: مەبەستت لە چ ساختەیەکە..؟

پەنجەت بۆ پرچم ڕاکێشا.. پرچت!.. دەتەوێ هەڵم خەڵەتێنی..!.. قژت لولە، کەواتە بۆ خاویدەکەیتەوە..؟

لە تەنیشتتەوە دانیشتم: نا بابە!..

لێت پرسیم: دانەکانت تاقمن..؟

گوێم پێ نـەدایت و خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکان بـووم.. پێتوتم: ئەی برژانگەکانت؟!.. ڕاستەقینەن..؟!..

وەڵامم نەدایتەوە.. ئینجا وتت دوا پرسیار!.. لینز لەسەر چاوەکانت دادەنێی..؟!.

ئەگەر من لینز بەکاربهێنم، بۆچی لینزی ڕەش هەڵدەبژێرم..؟
لەوانەیە چاوە ڕاستەقینەکانت خۆڵەمێشی بن..
پێموتی: عەزیز خەریکە تورەمدەکەی..
پێکەنیت: ئاساییە بەیبی، زۆر کچی قژلول هەن شویانکردوە و منداڵیان بوەو بەشێوەیەکی سروشتیش ژیانیان بردۆتەسەر..
هەمیشە بەخۆڕایی تورەتکردوم عەزیز.. بەڵام زۆر بیرتدەکەم.. بیری ئەو کاتانەش دەکەم کە بەخۆڕایی تورەتدەکردم.. بیری هەوڵەکانت دەکەم بۆ تورەکردنم و دواتر ڕازیکردنم.
هەستمکرد باران چۆتە ناو هەموو خانە بچکۆلەکانی پێستمەوەو گەیشتۆتە ناو ناخم.. لەناو خۆمدا هەستمپێکرد.. لەناو ڕۆح و جەستەمدا.. سەرم بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو لە خوا پاڕامەوە.. داوامکرد بتگێڕێتەوە بۆم و لە تۆم بێبەش نەکات.. هەروەها داوامکرد لە دوعاکەی پێشووم خۆشبێت، کاتێک داوای ئەوەم کردبوو لە دڵم دەرتبهێنێ.. دووریت ماندوویکردوم عەزیز..!.. زۆر ماندوویکردوم..

❊ ❊ ❊ ❊

دەزانم کێشەکەت چییە، بەڵام لە هۆکانی تێناگەم.. دەرک بەوە دەکەم ناتوانی پابەندی یەک ژن بیت، کەچی لە پاساوە بێ بنەماکانت تێناگەم.. هەمیشە بەهانەت بۆ کردارەکانت دەهێنایەوە و دەتوت ئەوە سروشتی پیاوانە، بەڵام وانییە. باش ئەوە دەزانی و منیش دەرکی پێ دەکەم، ئەگەرچی دانی پیادا نانێی..
(متمانەم پێ بکە)..!
هەمیشە داوای ئەوەت لێ دەکردم متمانەت پێ بکەم.. چۆن ئەوە بکەم؟!.. تکایە پێم بڵێ چۆن بیکەم..؟!
جارێک قیژاندت بەسەرمدا: چۆن متمانە بە ژنێک بکەم، کە متمانەم پێ ناکات..؟
ئەی چۆن من متمانە بە پیاوێک بکەم، کە بەهیچ شێوەیەک پابەندم نابێت؟
هەمیشە داوای ئەوەت لێ کردوم بەحەوسەڵەبم!.. ئەوەت داوە بە گوێمدا

کە ژنی (ئاقڵ) دەبێت تێگەیشتنی هەبێت، بەحەوسەڵە بێت و لەپێناو خۆشەویستەکەیدا تاڵی بنۆشـێت..

لێم پرسـیت، ئەی (پیاوی ئاقڵ) چی دەکات..؟

وەڵامتدامەوە: پیاوی ئاقڵ تەنیا یەک ژنی خۆشدەوێ.. پێویستی پێی دەبێ و بەپەرۆش دەبێت بۆی.. ئەگەر بەحەوسەڵە نەبیت، ئاقڵ نابم.. تکایە لێم تێبگە، پشتگیریم بکە، چونکە پێویستم پێتە..

هەتاکو کەی عەزیز..؟!.. هەتاکو کەی تێگەیشتنم هەبێ و بەحەوسەڵەبم، بێ بەرامبەر و بێئاکام پشتگیریت بکەم!..

چوار ڕۆژ دوای دەمەقاڵێکەمان یەکەمین نامەی تۆم پێگەیشت، تیایدا نووسیبووت:

You have been the one for me

لەوە تێنگەیشتم لە چ دۆخێکدا ئەوەت بۆ نووسیوم!.. لە نامەکەتدا جۆرێک پەرۆش، پەشیمانی، دڵشکاوی و کۆتاییم خوێندەوە.. هەمیشە هەستەکانت تێکەڵەیەک بوو لەوانە.. خۆشەویستییەکەت بۆ من بێگەرد نەبووە، هەروەها خیانەتەکانت..

بۆم نووسیت:

You`re still the one until this very moment

وەڵامتدامەوە:

You make me feel sick!

لەم ڕستەیەتدا تەنیا تووڕەبوونم بەدیکرد، بۆیە بێدەنگیم هەڵبژارد، بەهیوای سبەینێیەکی نوێ.. سبەینێیەکی چاکتر..!..

❊ ❊ ❊ ❊

پێنجەمین ڕۆژ، پاش دەرچوونمان لە تاقیکردنەوەکان، لەسەر مێزی بەرامبەر هۆڵی تاقیکردنەوەکە لەگەڵ هاوەڵەکانی خوێندن دانیشتبووی.. کاتێک تۆم بینی، موچڕکە بە لەشمدا هات.. لەگەڵ ئەوان پێدەکەنیت.. کاتێک منت بینی، کتوپڕ بێدەنـگ بوویت.. ڕوومکردە ئـەو شوێنەی لێی دانیشتبووی..

هەیفا دەستی ڕاکێشام: بۆ کوێ دەچیت؟
سەلام لەو کوڕە دەکەم!..
کاتێک نزیکبوومەوە هاوڕێکانت بڵاوەیان لێ کرد.. وەک ئەوەی تۆپی (بۆلینگیان) بەرکەوتبێ و پرشوبڵاویکردبنەوە..
تەنیا زیاد لەگەڵتدا مایەوە..
پێموتی: عەبدولعەزیز.. دەتوانین تۆزێک قسەبکەین؟
هێمات بۆ کورسیی بەرامبەرت کرد.. دانیشە..
من و هەیفا دانیشتین.. زیاد ویستی بڕوات، تۆ ڕاتگرت و داوات لێ کرد دانیشێ و شایەت بێت..!!.. بە شڵەژاوی دانیشت..
پێتوتم: چیت دەوێت جومانە؟..
بەدەنگێکی لەرزۆک وەڵاممدایتەوە: نامەوێ لەدەستتبدەم.. هیچ شتێک لەنێوان من و کەسێکی تردا ڕووی نەداوە.. باوەڕم پێ بکە..
ئەی ماجد؟
هەمووشتێکم بۆ باسکردی کە لەنێوانماندا ڕووی دابوو.. هیچ شتێک نییە شاراوە بێت لە تۆ.. سوێندت بۆ دەخۆم..
بەڵام تۆ دانت بە پەیوەندیی نێوانتاندا نا..
تۆ ناچارتکردم ئەوە قسانە بکەم.. خۆشت دەزانیت..
گوێبگرە جومانە.. بەمەرجێک بڕوات پێ دەکەم.. پێش قبوڵکردنی ئەو مەرجە هیچ شتێکت لەگەڵ باس ناکەم..
مەرجەکەت چییە..؟
ئممم.. لە ماڵی باتی و ڕۆبێرت گەنجینەیەک لە دەرەوە هەیە.. ئێستا خەریکی چاککردنین، هەتاکو وەک ژوورێکی دەرەوەی ماڵەکە بیدەن بەکرێ.. ئێ؟
من دەچمە ئەو ژوورەوە، تۆش دەچیتە ژوورەکەی من..
تێنەگەیشتم..
با تێگەیشتویت.. لەلای ئێمە دەژیت..
هەیفا هاواریکرد: پێت چۆنە بیبەیتە لای خۆت.. باشتر نییە؟
بەدەستی هێمای بۆ زیـــاد کرد: زیاد ئەو کچـە لەبەرچاوم لابە، بەخوا حـــەز لە چارەی ناکەم.
بێگومان حەز لە چارەم ناکەی.. چونکە باش دەتناسم، ئاشنام بە ڕەفتارە ناشرینەکانت..

زیــاد وتی: بەسە هەیفا هەقت بەسەریانەوە نەبێت.. پێویست ناکات بچینە نێوانیانەوە..

بێگومان.. ئەی هاوڕێی تۆ نییە..؟.. مەعمیلی ئاهەنگ و باڕەکان..

وتت: ئەوەی دەستی گرتووم ئەوەیە کە تۆ کچیت.. منیش فێری ئەوە نەبووم دەست لە کچ بەرزبکەمەوە..

حاشا.. تۆ فێری ئەوەیت گاڵتەیان پێ بکەیت، نەک قەپۆزیان بشکێنی..

وتم: بەسسسە هەیفا.. با گوێم لێی بێت.. چیتر عەزیز..؟

هەر ئەو مەرجەم هەیە.

شــێت بوویت..؟

جومانە، ئەوە مەرجی منە..

چاوەڕوانی ئەوە دەکەیت لە شوێنێک لەگەڵتدا بژیم..؟

یەکەم.. تۆ لەناو ماڵەکە دەبیت و من لە دەرەوە.. دوەم ئەگەر نیازم خراپبوایە، ئەوا چەندین ساڵ لەمەوبەر ئەوەم دەکرد.. خۆت باش ئەوە دەزانی..

هیچ جیاوازییەک لەنێــوان ناوەوە و دەرەوەدا نییە.. لە ڕوانگەی خەڵکــەوە لە هەردوو بارەکەدا پێکەوە دەژین..

گوێ بە قسەی خەڵک نادەم..

ئاخـر مـن گـوێی پێ دەدەم..!.. تـۆ پیــاوی.. بـەڵام من ژنــم.. ئەمە جیاوازییەکەیە..

ئەوە مەرجی منە..

عەزیز: مەحاڵ داوا مەکە..

جومانە، ئەوە مەرجەکەمە..

دەتەوێ بگەیتە کوێ..؟

کۆتایی بە کێشەکە بهێنین و دڵنیابم..

تۆ دەزانی من داواکەت قبوڵ ناکەم..

تۆش دەزانی ئەوە تاقە دەرفەتی تۆیە جومانە..

داواکەتم پێ قبوڵ ناکرێ..

منیش ناتوانم لەسەر ئـەم پەیوەندییـە بەردەوامبم، لەکاتێکدا تـۆ لـە شوێنێکی و منیش لە شوێنێکی تر..

هەمیشە لە دوو شوێنی جیاواز بووین!

ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە.. زۆر شت لەناخمدا گۆڕاوە..

زمانم بەسترا، چاوەکانم ئاگریان لێ بەرزدەبۆوە.. دەزانم کاتێک لە دۆخێکی وەهادا دەبیت، هەرچییەک بڵێم لە هەڵوێستی خۆت پەشیمان نابیتەوەو سوور دەبیت لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانت، جا ئاقیبەکەی هەرچییەک بێت و زیانەکان هەرچەندێک بن..

هەیفا وتی: بۆ بێدەنگبووی جومانـە؟.. ناشێت بیر لـەوە بکەیتەوە کـە داوای دەکات..

بەتوڕەییەوە قیژاندت بەسـەریدا: من چیـم پێوتـی؟؟.. نەموت خۆت هەڵمەقورتێنە..؟؟

ئەویش دەنگی لێ بەرزکردیتـەوە: تۆ هـەقت چییە؟؟.. من قسـە لەگەڵ جومانە دەکەم..

زیاد وتی: هەیفا.. وتمان با هەقمان بەسەریانەوە نەبێت..

هەیفا پێیوت: نا وەڵا..؟.. تۆش داوام لێ دەکەیت لەگەڵتدا بژیم.. لەگەڵتدا ناژیم و لەگەڵیشم ناژیت.. سەرئێشەم کەم نییە..

وام هەستدەکرد خەودەبینم.. هەیفا و زیـاد دەمەقاڵێیان بوو.. تۆش وەک بەرد لەبەردەممدا بوویت و بەدڵڕەقییەوە تێتدەڕوانیم.. وەک ئەوەی سۆزانی بم..

وتت: ئێستا بڕیاربدە..

چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسک: تۆ دەزانی کە ناتوانم..

زۆر باشە، ئەوە بڕیاری خۆتە.. سەرەنجامەکەیشی قبوڵ بکە..

جێتهێشتم.. تۆزێک بێبڕوایی و زۆرێک ئازار لە دڵمدا بوو.. ئای چەند (کەمچارە) بووم..!..

※ ※ ※ ※

تاقیکردنەوەکان تەواوبوون و بەهەزارحاڵ دەچووم.. هەوڵم دا پەیوەندیت پێوە بکەم، بەڵام نەمتوانی بتگەمێ، چونکە تەلەفونەکەت خامۆشکردبوو.. قسەم لەگەڵ ڕۆبێرت کرد، پێیوتم سەفەرتکردوە بۆ (مۆنتریال) و نزیکەی دوو هەفتە لەوێ دەمێنیتەوە.. کات وەستا!.. هەستم بەهیچ نەکرد عەزیز، جگە لە داخورانی ڕیخۆڵە شڵەژاوەکانم و ئازاری گەدەی توڕەم.. ئازاری زامی گەدەم خراپتردەبوو، تۆش لە مۆنتریال کاتی خۆشت بەسەردەبرد..

حەزم نەکرد لەم بارەمدا قسە لەگەڵ دایکم بکەم.. نەخۆشبووم و دەترسام نیگەرانی بکەم، لەکاتێکدا چەندین کیشوەر و دەریا لێکمان جیادەکاتەوە.. کەچی ئەو بە سووربوونێکی سەیرەوە پەیوەندیی پێوە دەکردم، کە لەوەوپێش پێی ڕانەهاتبووم.. وەڵاممدایەوە.. یەکەم جار بوو بقیژێنێ بەسەرمدا: زۆر پەیوەندیم پێوە کردی و وەڵامت نەدایەوە!.. لەکوێ بوویت..؟

ببورە.. نەخۆشبووم و ترسام نیگەرانت بکەم..!

گوێبگرە.. سواری یەکەمین فڕۆکە بە بۆ (ڕیان) و بگەڕێرەوە..

من باشم ئازیزەکەم.. دڵت لام نەبێت..

قیژاندی: پێموتی.. سواری یەکەمین فڕۆکە بەو وەرەوە..

یەکەمجار بوو بەوشێوەیە توڕەبێ، ترساندمی.. لێم پرسی: چی ڕووی داوە..؟..

کاتێک دێیتەوە ڕێکدەکەوین..

لەسەر چی ڕێکدەکەوین..؟

وتم کاتێک دێیتەوە ڕێکدەکەوین.. کاروباری گەشتەکەت تەواوبکە و پاش جێگرتنی فڕۆکە پەیوەندیم پێوە بکە..

چی ڕووی داوە..؟

جومانە.. ئەگەر خۆت نەگەڕێیتەوە.. ئەوا خالید دێت و لەگەڵ خۆی دەتهێنێتەوە..

خوایە..!.. چی بووە.. چی ڕووی داوە..؟

خێراکە.. ئەوە بکە کە پێموتی!.. چۆن هەتا ئەو ڕادەیە بێئاگا بووم لێت..؟..

بێئاگا بوویت لێم!.. دایکە.. تکایە پێم بڵێ چی بووە..؟

کاتێک هەفتەی ڕابردوو قسەمانکرد، وامزانی ماندوویت و بیرمدەکەیت.. ئەگەرچی هەستم بەشتێک کرد، بەڵام ڕوودانی ئەوەم بەدوورگرت.. چ دایکێک ئەوە دەکات..؟..

دایکە.. تکایە قسەم بۆ بکە، پێم بڵێ چی ڕووی داوە، هەتاکو ئەو هەموو قسانەم پێ بڵێی..؟..

چی ڕووی داوە!.. لە من دەپرسی چی ڕووی داوە..؟.. ئەوە منم دەبێت بپرسم چی ڕووی داوەو چی ڕوودەدات..

باسی چی دەکەیت..؟!..

باسی ئەو مەسەلەیە دەکەم کە نەخۆشی خستووی.. باسی ئەو مەسەلەیە دەکەم شەوی قسەکردنەکەت بووە مایەی گریانم..

لێدانی دڵم زیاتر دەبوو: تێناگەم.. ڕاشکاوانە قسەبکە دایکە..

قسەبکەم!.. پێت بڵێم پیاوێک لە باڵوێزخانەی سعودییەوە پەیوەندیی پێوە کردم.. داوای لێ کردم خۆویستانە بتگێڕمەوە..

خۆویستانە بم گێڕیتەوە..!!..

خۆویستانە بتگێڕمەوە.. پێش ئەوەی باڵوێزخانە وەک جانتایەکی بارکراو بتگێڕێنەوە.. مۆری ئابڕووچونیش بە ناوچەوانتەوە بێت!..

بۆچی باڵوێزخانە دەمگێڕێتەوە..؟.. باسی چ مۆرێکی ئابڕووچونیش دەکەیت..؟

پێتوایە باڵوێزخانە چاوپۆشیدەکات لە کچێکی سعودی لە شەقامەکانی کەنەدا لەگەڵ خۆشەویستە ئیماراتییە خێزاندارەکەیدا شەقامەو شەقام بگەڕێ؟؟

خۆشەویستە ئیماراتییەکەم..!!..

نکۆڵی مەکە جومانە!.. بە یەکەمین فڕۆکە بۆ ڕیاز دەگەڕێیتەوەو دواتر قسەی تر دەکەین..

دایکم تەلەفونەکەی بەڕوومدا داخستەوە.. نقوم لەناو سەرسوڕمان و ترسی خۆمدا جێیهێشتم..

چۆن باڵوێزخانە لەسەر پەیوەندییەکی ناڕاستەقینە لەگەڵ پیاوێکی ئیماراتیدا لێپێچینەوەم لەگەڵ دەکات و لەسەر پەیوەندیم بە عەبدولعەزیزەوە، کە هەموو سعودییەک لەم وڵاتەدا پێی دەزانێ، هیچم لەگەڵ ناکات..؟.. ئەوە کێیە چیرۆکێکی خۆشەویستیی بۆ من و ماجد خوڵقاندوە..؟.. چۆن کەسێک بەناوی باڵوێزخانەوە پەیوەندیی بە دایکمەوە دەکات و پەیوەندی بە باوکم یان برایەکمەوە ناکات؟..

تۆ تاقە کەسی لەناو هاوڕێکانمدا ژمارەی تەلەفونی دایکمت لەلابێت..!..

جارێک کە لە ڕیاز بووین، بەتەلەفونی ئەو پەیوەندیم پێوە کردی.. بەڵام تاقە پەیوەندییەک بوو و دووساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە!..

هەیفا پێیوتم: ئازیزەکەم..!.. مناڵەوردکەی کەنداو.. چۆن ژمارە تەلەفونی ئەویان پەیداکردوە.. هەر ئەوە.. عەزوزی ئاژاوەگێڕە..

جارێک پێتوتم: ئەگەر ڕۆژێک تورەم بکەیت.. دڵنیابە هەمووشتێک دەکەم، هەرشتێک تینوێتیی تۆڵەسەندنەوەم بشکێنێ..

بەڵام تەنیا بۆ ترسـاندنم ئەوەت پێوتم.. تەنیـا بۆ ئــەوەی بمترسێنی عەزیز.. بڕواناکەم تۆ ئەوە بە من بکەیت!..

بە هەیفام وت: هەیفا.. مەحاڵە ئەو کارێکی وەها بە من بکات..!.. چۆن بە خەیاڵتدا دێت ئەو دەتوانێ وێرانم بکات!!..
پەیامێکی تەلەفون قسەکانی پێ بڕین، کردمەوە.. نامەیەکی تۆ بوو، کە بە خەنجەرێکی ژەهراوی دەچوو.. زۆر بێباکانە نووسیبووت:
لەوەوپێش پێموتی، ئەگەر بۆ من نەبێت.. بۆ کەسی تر نابێت!.. ئۆباڵی خۆت بەئەستۆی خۆت..
لەو کاتەدا ناخم ڕەش هەڵگەڕا.. وەک دڵی ڕەشی تۆ!..

* * * *

هەمیشە سڵت لێ دەکەمەوە، بەڵام تەنیا لەگەڵ تۆ و لە سایەتدا هەست بە دڵنیایی دەکەم.. بەردەوام لەو بڕوایەدا بووم لەگەڵمدا و بەتەنیشتمەوە و لە چواردەورم دەبێت، جا بە هەر هەلومەرجێکـدا تێپەڕین و بارودۆخەکان هەرچۆنێک بن.. تۆ (مێردمی) و ئەگەر تۆ لەگەڵمدا بیت، هەرگیز کەس زەفەرم پێ نابات عەزیز.. هەرگیز!.. زۆر بریندارم دەکەیت، بەڵام وازم لێ ناهێنی.. هەمیشە لە ساتەوەختە سەختەکاندا لەگەڵمدا دەبیت.. هەمیشە لە دەوروبەری منیت و بەسۆزێکی سەیرەوە دەوروخولم دەدەیت و هەرشتێک دوور دەخەیتەوە کە ئازارمبدات.. جارێک پێموتی تەنیا لەگەڵ (تۆ) هەست بە هێزی خۆم دەکەم و لە (بەردەم) تۆدا هەست بەلاوازیی خۆم دەکەم.. وەڵامتدامەوە کە تەنیا لەگەڵ (من)دا هەست بە لاوازیی خۆت دەکەیت و لە (بەردەم)ی مندا هەست بە هێزی خۆت دەکەیت.. جیاوازییەکە، جیاوازییە گەورەکە لێرەدایە!..
کاتێک ئەو نامەیەتم خوێندەوە.. هەستمکرد شیشی سورەوەبوو دەکرێت بە سنگمدا.. نا عەزیز تۆ ئەوەت بە من نەکردوە!.. توانات نییە ئەوەم پێ بکەیت!.. منت خۆشدەوێ عەزیز.. زۆر بۆم بەپەرۆشی.. ئەی چۆن دەتوانی وام لەگەڵ بکەیت؟!
ئەو شەوەت دێتەوە یاد، کە لەناو ئوتومبیلەکە و بەردەمی ماڵەکەماندا بەسەرمانبرد، کاتێک نەخۆش بووم.. حەزمدەکرد بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە، کەچی ڕازی نەبوویت.. ئەوکاتە پێتوتم لە پاکژترین شوێنی (ڕیان)دا دانیشتویت و پاکژیی من بەتام و گەرموگوڕە!..
کاتێک پاش خوێندنەوەی نامەکەت پەیوەندیم پێوە کردی.. لەناخمدا لە

خوا دەپاڕامەوە هەیفا بەهەڵەداچووبێ.. لێی دەپاڕامەوە نامەکەت هاوکاتبووبێ لەگەڵ تەلەفونەکەی دایکمدا و تۆ دەستت تیایدا نییە..

بە دڵڕەقییەوە وەڵامتدامەوە: بەڵێ!..

خۆ ئەوە تۆ نیت کە پەیوەندیت بە دایکمەوە کردوە!..

بــا!..

درۆدەکەیت..

وریامکردیتەوە جومانە کە گەمەم لەگەڵ نەکەیت..

توانات نییە ئەوەم پێ بکەیت..

گەر بتەوێ لەوە ترسناکتر دەکەم..

چۆن دەتوانی کتوپڕ ببیتە دڕندەیەک!

چونکە خۆشمدەوێی.. تۆ دڵت سوتاندوم بەخۆتەوە، ئەوەی بە منت کردوە بە کـەس نـەکـراوە..

بەدەم گریانەوە قیژاندم بەسەرتدا: تۆ نەخۆشی!.. ڕق و گومان دڵیان داپۆشیوی، هەردوو چاویان کوێرکردوی..

هاوارتکرد: گوێبگرە، بەپێی خۆت و ڕەزامەندیی خۆت دەگەڕێیتەوە، ئەگینا بە زۆر و بە قژ (ڕادەکێشرێیت)..

من ناگەڕێمەوە عەزیز.. ناتوانی بم نێریتەوە.. ڕزگارم بوو لە دەستت، قوتاربووم لە دەست دڕەندەییت!..

منیش لەمێژە ڕزگارم بووە لە دەستت.. لـەو ڕۆژەوە کـە هەیفـا و ماجدت لە من بەباشتر دانا، با ئەوان بەکەڵکت بێن!..

لەو کاتەی تەلەفونت بەسەرمدا داخستۆتەوە، بڕیارم داوە سنورێک بۆ پەیوەندییەکەمان دانێم.. بڕیارم داوە کۆتایی بەهەموو ئەو شتانە بهێنم کە بەتۆوەم دەبەستن.. چیتر ناتناسم، تۆ پیاوێکی کە ناتناسم، ئەو پیاوە نیت کە خۆشمویست.. هەرگیز لەو ناچیت!..

دایکم تەلەفونی بۆ کردمەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کاروبارەکانی گەڕانەوەم تەواوکردوە.. هیچ چارەیەکم نەبوو عەزیز، ناچاربووم هەمووشتێکی بۆ باسبکەم.. هیچ ڕێگەیەکی ترت بۆ نەهێشتمەوە.. سەرەتا باوەڕی پێ نەکردم، بەڵام دواتر بڕوایکرد کە گەمەیەک لە مەسەلەکەدا هەیە، پاش ئەوەی وریامکردەوە کە تۆ پەیوەندیت بەوەوە کردوە، نەک بە باوکم یان یەکێک لە براکانمەوە!..

ئەوە بەهانامەوە نەهات عەزیز، تورەبوونی دایکمی خاونەکردەوە و لە بڕیاری گەڕانەوەم پاشگەزنەبۆوە.. دەزانی چی مایەی پێکەنینە عەزیز؟!.. ئەوەیە کە بەرگریم لێ دەکردی.. بیانوم بۆ دەهێنایەوە، هەتاکو لەدەست تورەبوونی دایکم ڕزگارت بێت.. هەوڵمدەدا پاساو بۆ کارەکەت بهێنمەوە، وەک دڵپیسی و ترست لەوەی توشی شتێک بم، بەڵام هەموو ئەوانە لای ئەوە دادی نەدایت و زۆر ترسابوو لێت.. وەک چۆن من وام لێهاتبوو لێت بترسێم.. دایکم پێیوتم کە تۆ کەسێکی دڕندە و ئازاربەخشی و پیاوێکی متمانە پێ نەکراوی!.. بەڵام سەرسەختانە بەرگریم لێ کردی.. ڕێککەوتین کاتی گەڕانەوەکەم دوابخەم، پاش ئەوەی سوێندم بۆ خوارد هەتاکو ئەو دێتە سەردانیم و قسەت لەگەڵ دەکات نەتدوێنم.. سوێندخواردنەکەم وەک ژەهر وایە ڕۆژانە دەینۆشم.. وای لێهات دایکم ڕۆژانە چەندین جار تەلەفونی بۆ دەکردم، هەتاکو دڵنیابێت لەوەی پەیوەندیم پێوە نەکردیت و نەمدیویت..

دوو هەفتە تێپەڕی، کە زۆر دڵڕەقانە بوون عەزیز.. سەرەڕای ئەو کارەی دوایی کە دەرهەقم کردبووت زۆر بیرمدەکردیت.. گلەییشت لێ ناکەم، چونکە تورەبوویت خۆشەویستەکەم.. کاتێکیش تورەدەبیت بیرناکەیتەوە!..

پاش تێپەڕبوونی دوو هەفتەو لە شەوی پێش یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنەوەی خوێندندا.. نەمتوانی بخەوم.. دەمزانی بۆ ڕۆژی دوایی دەتبینم.. دەزانم پەشیمانی لەوەی ڕووی داوەو بیرمدەکەیت و ئارامبوویتەتەوە.. بەڵام وەک هەمیشە کەللەڕەقی.. ئەمە خووی تۆیە!..

تورنەبووم لێت عەزیز.. لەو ماوەیەی ڕابردوودا، بەپێی بەڵێنەکەی بە دایکم دابوو، پەیوەندیم پێوە نەکردی..

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر سەرم دا لە کتێبخانەی زانکو.. کتێبێکی (دکتۆر فیل)م کڕی، بەناونیشانی:

Love Smart.. Find the one you Want, Fix the one You Got..!..

بەشی گرنگ بەلای منەوە، چۆنییەتی چاککردنی ئەو کەسە بوو کە لەگەڵمدایە، نەک گەڕان بەدوایدا.. دڵنیابووم لەوەی ڕۆژێک دێت بتوانم چاکت بکەم.. کتێبەکەم کڕی و لەو بڕوایەدا بووم ڕۆژێک دێت بتوانم چاکت بکەم!.. بڕیارم دا ئەو ڕۆژە کتێبەکە بخوێنمەوە.. دەست بە پڕۆژەی چاککردنت بکەم!..

کاتێک گەیشـتمە زانکـۆ.. هاوەڵەکانمـان لە حەوشـەکە بوون، پاش

سەلامکردن لێیان دانیشتم.. سەیر تێیاندەڕوانیم.. سەیرکردنێکی جیاواز کە لەوەوپێش بەدیم نەکردبوو..

لە زیادم پرسی: عەبدولعەزیز لە مۆنتریال گەڕاوەتەوە..؟

بە شڵەژاوی وەڵامیدامەوە: نا.. بڕواناکەم..

ئەی تۆ لەگەڵی نەبوویت؟

نەخێر..

هاوڕێکانمان دوور لە ئاسایی بێدەنگبوون عەزیز.. سەرسوڕهێنەرانە سەیری یەکتریان دەکرد، بەشێوەیەک کە شـــەرم دایگرتم.. هەستمکرد حیکایەتە ناڕاستەکەی (ماجد)ت بڵاوکردۆتەوە..

(موئەیەد)، ئەو خوێندکارە تازەیەی سێ مانگ بەسەر هاتنیدا تێ نەپەڕیوبوو، لێمان نزیکبۆوە.. سەلامی لە هەموان کرد و بە گەرمی چاکوچۆنیی لەگەڵ زیاد کرد..

پێیوت: زیاد!.. زاوا لەکوێیە..؟.. بۆ وا دانیشتون!..

زیاد بە شڵەژاوییەوە نەرمە کۆکەیەکی بۆ کرد.. لەکاتێکدا زەردەخەنەیەکی زەرد لەسەر ڕووخساری بوو.. سەیری من و موئەیەدی دەکرد.. موئەیەد وتی: بەخوا ڕاست نییە عەبدولعەزیز کتوپڕ، بە بێدەنگی و بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک، ژنبهێنێ.. خۆ دەبوایە ئاگادارمان بکاتەوە، هەتاکو لە شاییەکەیدا بەشداربین.. هاوکاریی بکەین!.. ئەرکی سەرشانی خۆمان بەجێبگەیەنین!

زیاد وەڵامیدایەوە: گوێ مەدەرێ موئەیەد.. هەمووشتێک کتوپڕو خێرابوو..

موئەیەد لێی پرسی: خوا سەرکەوتووی بکات.. بەڕاستی دڵخۆشبووین بە کارەکەی.. دەڵێن بوکەکە کەنەدییە!..

لوبنانییە، بەڵام ڕەگەزنامەی کەنەدیی هەیە..

بەخوا ئاسان نییە عەبدولعەزیز..!.. ئەو ئێستا لێرەیە..؟

نەخێر.. لە (مۆنتریال)ـە.. بەپشتیوانی خوا بەم زوانە دەگەڕێتەوە..

پەنا بەخوا..

تکایە زیاد هەر کە عەبدولعەزیز گەڕایەوە ئاگادارمبکەرەوە.. دەمانەوێ داوەتێکی شایستەی بۆ بکەین..

بێگومان، پشت بەخوا..

زیاد سەیریکردم.. هەستم بەهیچ نەدەکرد عەبدولعەزیز.. هەرگیز هەستم بە

هیچ شتێک نەدەکرد.. بەبێ ئەوەی بگریم، فرمێسکی گەرم بەسەر ڕوومەتمدا هاتەخوارەوە..

زیاد وتی: جومانە.. ئەو شایستەی تۆ نییە!..

پێموت: گاڵتەیەکی بێمانایە!..

جومانە.. تکات لێ دەکەم..

هەردووکتان ڕێککەوتوون!.. دەتانەوێ گلەییم لێ بکەن..

جومانە.. نازانم چی بڵێم..

مەحاڵە.. مەحاڵە لە ماوەی دوو هەفتەدا ژنبهێنێ..

(محەمەد)ی هاوڕێی گیانی بەگیانیتان وتی: جومانە.. هاوڕێ کۆنەکەی خۆی هێناوە.. پێش هاتنی بۆ ئێرە دەیناسی..

ئەوە ڕاستە عەزیز.. هەمیشە داوات لێ دەکردم، بێجگە لە خۆت، بڕوا بە کەسی تـر نەکەم!..

لەبیرتە..

جارێکیان پێتوتم.. بەڵێنم بدەرێ دەربارەی من بڕوا بەکەس نەکەیت!..

مەبەستت چییە؟!..

دەربارەی من شت دەبیستی.. هەرچییەک ڕووی دا، وەرە لە خۆمی ببیستە..

بەڵێنم پێ دای عەزیز.. بەڵێنم پێ دای جگە لە تۆ بڕوا بەکەس نەکەم.. بەڵام ئەوانە زیاد و محەمەدن!.. چۆن بڕوایان پێ نەکەم؟!..

* * * *

دەتەوێت..

بێزارنەبوویت و هەر حەزی لێ دەکەیت..

لەسەر ئەو شۆستەیە ئێوارەیەک هەموو وەفایەکم بینی..

لەسەر هەمان شۆستە و هەمان ئێوارە بێوەفاییم بینی..

دواجار و بەژێکانی عودەکەی تۆ گوێم لەو گۆرانییەی (عەبادی) بوو.. لە گەشتێک بووین، کچێکی هاوەڵمان داوای لێ کردی گۆرانیمان بۆ بڵێیت و بەعودەکەت هەندێک ئاوازمان بۆ بژەنی.. پەنجەت بۆ من ڕاکێشا: داوای ڕێپێدان لە جومانە بکە.. ئەگەر ڕازیبوو ئەوساکە گۆرانی دەڵێم!..

دەنگی ئامادەبوان بەرزبۆوە.. سەیرت دەکردم و پێدەکەنیت، بەختەوەر بوویت پێم عەزیز.. منیش شادمان بووم پێت.. زۆر شادمان بووم..
لە جەژنی لەدایکبوونی پێشوومدا کاسێتێکت پێشکەشکردم، هەندێک لەو گۆرانییانەت بە دەنگی خۆت تۆمارکردبوو کە حەزیان لێ دەکەیت.. کاتی گەڕانەوەم لە زانکۆوە بۆ ماڵەوە، ڕیکۆردەری ئوتومبیلەکەم داگیرساند.. بەدوای دەنگی تۆدا دەگەڕام خەبەرمبکاتەوە و پێم بڵێ ئەوەی ڕوودەدات تەنیا خەوێکی ناخۆشە و بەمزوانە بێداردەبمەوە.. کاتی گۆرانیوتنەکەت دەنگت خۆشبوو..

ئەی دڵەکەی، ئەو بێچارەیە نازانێ..
خۆشەویستی چەقۆیەکە.. بریندارئەکات و سارێژناکات..
وەهم جوانترین حەقیقەتی دڵدارییە..
ئەو خۆشەویستەی دەتەوێ.. خەونە!..
ئەی دڵەکەی، چاوەڕوان مەبە..
بەدوای یەکێکی تردا بگەڕێ..

تەنانەت ئەو گۆرانیانەی پێت باش بوون، مانای خۆیان هەبوو.. ئایا ئەوانە هێمایەکی تری قەدەر بوون و فەرامۆشم کردن، بۆیە ئەوانیش پشتگوێیان خستم؟
لە مانگەکانی سەرەتای پەیوەندییەکەماندا زوو زوو سەردانی (مۆنتریال)ت دەکرد، هەموو کۆتایی هەفتەیەکت لەوێ بەسەردەبرد.. بیانوی ئەوەت بۆ دەهێنامەوە کە خزمەکانت لەوێ دەژین و کاتێک لەوێ دەبیت ناتوانی سەربەستانە قسەم لەگەڵ بکەیت.. زۆر داوام لێ کردیت سەردانەکانت بۆ (مۆنتریال) کەمبکەیتەوە، تۆش بەڵێنت پێ دام.. ئەوەبوو سەردانەکانت کەمبوونەوە، تەنیا ئەو کاتە سەردانی ئەوێت دەکرد کە دەمەقاڵێمان دەبوو!..
پێموابوو بۆ توڕەکردنم دەچوویت بۆ ئەوێ، بەڵام جارێک پێتوتم، کاتێک لێم توڕەدەبیت، دەڕۆیت بۆ ئەوێ.. هەتاکو خۆت لە خەفەتباری ڕزگاربکەیت..
جارێکیش پێموتی، سەردانەکانت بۆ (مۆنتریال) زیادەڕۆیانەیە.. مرۆڤ هەموو کۆتایی هەفتەیەک شەڕ لەگەڵ خۆشەویستەکەی ناکات، بۆ ئەوەی خزمە گەنجەکانی لە شارێکی تر ببینێ!..

لێت پرسیم: مەبەستت چییە..؟
هەستدەکەم لەبەر کچان سەفەردەکەیت..
پێویست بەوە دەکات لەپێناو کچاندا ماندوێتیی سەفەر بگرمەئەستۆ..؟.. بۆچی لێرە کچ دەست ناکەوێت..؟!.. جومان، لێرە و لەوێش کچ هەیە.. تەنانەت لە پیاریش کچ زۆرە..
ئممم.. نازانم.. هەست بەوە دەکەم..
بەتوڕەییەوە پێتوتم: گومانم لێ دەکەیت جومانە..؟!.. ڕێگەت پێ نادەم گومانم لێ بکەیت!..
لێم توڕەبوویت عەزیز.. توڕەبوونەکەت وەک هەمیشە دڵڕەقانە بوو..
لەبیرتە.. ڕۆژێک پێتوتم، کۆتایی هەفتە لەگەڵ محەمەد و زیاد گەشتێک دەکەن، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەوانی و ناتوانی پەیوەندیم پێوە بکەیت.. بۆیە لەسەر ئەوە ڕێککەوتین بە ماسیج پەیوەندیمان هەبێت...
من و هەیفا لە ئارایشتگە بووین، کاتێک (زیاد) تەلەفونی بۆ هەیفا کرد و دەربارەی چەند سایتێکی ئینتەرنێت لێی پرسیی کە بۆ توێژینەوەکەی پێویستی پێیان هەبوو.. پیموت: زیاد چ کێشەیەکی هەیە؟.. بۆچی لەگەڵ عەزیز و محەمەد گەشتی نەکردوە..؟
لە وەڵامدا وتبووی: گەشتی چی؟
تەلەفونەکەم لە هەیفا سەند: زیاد.. گەشتتان نەکردوە؟
بە شڵەژاوییەوە وەڵامیدامەوە: جومانە.. من حەزم لە گەشتکردن نییە!.. بەڵام عەبدولعەزیز پێیوتم پێکەوە گەشتدەکەن..
لەوانەیە لەگەڵ (گەنجەکان)ی تر ڕۆیشتبێ جومانە.. ئەوان باسی گەشتێکیان کرد..
تەلەفونم بۆ (محەمەد) کرد، بەخەواڵوویی وەڵامیدامەوە!..
ببورە محەمەد، عەبدولعەزیزت نەدیوە..؟
ئەم کاتەت باش جومانە.. ئیمڕۆ نەمدیوە.. دوێنێ لە زانکۆ چاوم پێی کەوت..
هەیفا ڕایوەشاندم: جمون.. تۆ دەزانی درۆ دەکات، تاکو ئێستا چەند جار درۆی لەگەڵ کردوی؟
ئەوکاتە زانیم لە (مۆنتریال)ی.. زۆر لێت توڕەبووم.. بەڵام وەک هەمیشە مەسەلەکانت ژێراوژوورکرد.. پێتوتم درۆت لەگەڵ کردوم، چونکە لێت تێناگەم

و ناچارتدەکەم درۆبکەیت.. سەبارەت بەوەش وریاتکردمەوە.. پێتوتم ئەگەر لە پێویستیی بینینی خزمەکانت تێنەگەم، لەدەستتدەدەم.. لێت خۆشبووم و هەوڵمدا لێت تێبگەم، بەڵام پاش ئەوەی بەڵێنتدا هەرگیز درۆنەکەیت..

ئای خوایە.. چەند حەزمدەکرد پەیوەندیم پێوە بکەیت عەزیز.. سەرلەنوێ درۆم لەگەڵ بکەیت!.. بیانویەکی بێمانام بۆ ڕووداوەکە بۆ بهێنیتەوە.. بڕوا بەوە دەکەم کە پێم دەڵێیت و بە پاساوەکانت ڕازیدەبم و هەرچییەکم پێ بوترێ بڕوا بەکەس ناکەم.. بەڵێنم پێ داویت جگە لەتۆ باوەڕ بەکەس نەکەم، وەک چۆن تۆ بەڵێنت پێ داوم هیچ ڕۆژێک دەستخەڕۆم نەکەیت!..

کاتێک گەیشتمە ماڵەوە.. ئیمەیلەکەم کردەوە.. دڵنیابووم لەوەی نامەیەکی تۆم پێدەگات.. هەرواشبوو..!.. ئەو بەیانییە نامەیەکت بۆ ناردبووم، تیایدا نووسیبووت:

(لە خەومدا لە ماڵی ئێوە بووم و خەڵکێکی زۆری لێ بوو کە نەمدەناسینەوە.. لەبەردەممدا بـە ڕووخساری منداڵێکی شپرزەوە دانیشتبوویت و قردێلەیەک بەسەرتەوە بوو.. ئەوەم لەیاد چووبوو کە کردبووم، بەبێدەنگی دەمم جوڵاند و پێموتی خۆشمدەوێی..!.. سەیرتکردم، ئینجا ڕووت لێ وەرگێڕام و زویری بە ڕووخسارتەوە دیاربوو..)..

نەمتوانی وەڵامبدەمەوە، نەمزانی چیت بۆ بنووسم، هەستمدەکرد خەودەبینم.. هەستمدەکرد تارماییم، هەستمدەکرد نەبینراوم!.. شتەکان لـە دەوروبەرم دەجوڵێن و دەنگەکان بەرزدەبنەوە و هیچم پێ ناکرێ، یان ناتوانم هیچ بکەم..

چومە ناو پێخەفەکەمەوە بۆ ئـەوەی بخەوم.. هەمیشە پێتدەوتم، بۆ هەڵهاتن لە گرفتەکانم پەنا بۆ خەوتن دەبەم، بەڵام من گرفتم نییە عەزیز.. من خەوێکی ناخۆش دەبینم، کاتێک بێداردەبمەوە کۆتاییدێت.. هەمووشتێک تەواودەبێت عەزیز.. هەمووشتێک!..

لەسەر تەپڵەکی تەنیشت پێخەفەکەم سندوقێکی باغەی بچووک هەبوو.. ئەو کیسەڵە (سەلسەبیل) بچووکەی تیابوو کە پێش سێ ساڵ بەدیاری بۆت هێنابووم.. پێشکەشتکردبووم، هەتاکو لێوەی فێری دان بەخۆدا گرتن بم، هەروەها لەبەرئەوەی بە من دەچێـت و وەک مـن ئارامـە!.. ئەو (سەلسەبیلە) هەمیشە هاوڕێم بوو، تەنانەت لەکاتی گەشتەکانمدا.. عەزیز، من ئەوم فێری دان بەخۆداگرتن کرد، لەکاتێکدا دەبوایە ئەو فێری ئەوەم

بکات.. سەیری سندوقە باغەکەم کرد، بینیم (سەلسەبیلەکە) تێکشکاوە.. هەوڵمدا بیخەمەوە جوڵە، کەچی بێسوودبوو..

(سەلسەبیلەکە) مرد عەزیز.. ئەو ڕۆژە مرد!.. پێم نەڵێی یەکێکە لە هێماکانی قەدەر.. دەرەقەتی هێماکانی قەدەر نایەم عەزیز، لێیان تێناگەم و ناشمەوێ لێیان تێبگەم..

(سەلسەبیلەکەم) لە جێی خۆی دانایەوە.. پێموت: قەیناکە.. تۆزێک دەخەوینو پاش کەمێکی تر وەئاگادێینەوە.. ئەوساکە هەمووشتێک باش دەبێت..

خـەوتم.. ئەویـش خـەوت!..

* * * *

هەیفا لە خەو هەڵیساندم و بەچرپە وتی: جمون.. جمون..

بەترسەوە چاوەکانم کردەوە.. لە سیمایدا بەدوای ڕۆژێکی تردا دەگەڕام.. بەو ڕۆژە نەچێت کە لە ســەرەتایدا خەوم لێ کەوتبـوو.. ڕۆژێکی جیاواز، جا جیاوازییەکەی هەرچییەک بێت.. بێگومان ڕۆژێکی باشتر دەبێت..

جمون.. خوا ڕێگەی ڕاستت پیشانبدات..!.. هەڵسە زیاد لە خوارەوەیە..

خوارەوە لە کوێ..؟

خوارەوە.. لە ئوتومبیلەکەیدا چاوەڕێتدەکات.. هەڵسە بزانە چی دەوێت..

کێی لەگەڵدایە؟..

دەبێت کێی لەگەڵدا بێت..!.. بەتەنیایە..

چووم بۆ دەموچاوشتن.. پێیەکانم قورسبوون، سەیری ئاوێنەکەم کرد.. جیاوازبووم!.. هەستمکرد لە کاتی پێش خەوتن پیرتربووم، وەک ئەوەی پاش چەند ساڵێک خەبەرمبووبێتەوە! (کل) تۆزێک ژێر چاومی پیسکردبوو.. بەوشێوەیە خۆشتدەوێم عەزیز.. هەمیشە پێتدەوتم بەو شێوەیە جوانترم، بە قەرەجەکانی (ئیسپانیا) دەچم.. ئیرەیی بەوە دەبەیت بـە چاوی ئاوساوەوە زیـاد دەبینم؟.. پێموانییە وابکەیت..

چوومە خوارەوە بۆ لای زیاد.. (نیو خەوتوو) سواری ئوتومبیلەکە بووم..

چۆنی جومانە..؟

باشم زیاد.. چی ڕووی داوە..؟

بەڕاستی تۆ باشیت..؟
بەتوڕەییەوە لێم پرسی: لە بارێکی خراپدا دەمبینی زیاد..؟
ئیمـڕۆ بەیانی دیـار نەبـووی..!.. وەڵامی تەلەفونەکانیشت نەدامـەوە، بۆیە دڵم لات بوو..
خەوتبووم..
زیاد بەهەردوو دەستی سوکانی ئوتومبیلەکەی گرت.. لەکاتێکدا قسەیدەکرد، سەیری سوکانەکە و پیادەکانی دەکرد.. سەیری منی نەدەکرد: جومانە.. ئای چەند ڕقم لە عەبدولعەزیزە.. هەمیشە لەگەڵ تۆدا شەرمەزارم دەکات..
قەیناکە زیاد.. کردارەکانی عەزیز پەیوەندیی بەتۆوە نییە..
جومانـە، دەزانم تۆ دۆشداماوی.. نامـەوێ دۆشداماوییەکەت زیاتر بکەم، بـەڵام مەسەلەیەک هەیە دەمەوێ بۆت ڕوونبکەمەوە..
چ مەسەلەیەک زیاد..؟
لە عەبدولعەزیز توڕەمەبـە جومانــە، بەزەییت پیایـدا بێتەوە!.. دەزانم برینداری و عەبدولعەزیز لە ئازاردانتدا سنووری تێپەڕاندوە.. بەڵام نەگبەتە!..
بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە پێکەنیم: نەگبەتە!..
زیاد سەری ڕاوەشاند.. بڕوام پێ بکە نەگبەتە!.. دەزانم تۆ لە مانای ڕەفتارەکانی تێناگەیت.. ئەویش نازانێ بۆچی بەو شێوەیە ڕەفتاردەکات.. هەرگیز هەست بە گوناه مەکە جومانە.. ڕێگەمەدە ئەوەی ڕووی دا هەستی گوناهکردنت پێ ببەخشێ، چونکە ئەوە (مەبەست)ی هەموو ڕەفتارەکانی ئەوە..
سەیری زیادم دەکرد، کاتێک قسەیدەکرد.. چاوەکانی دڵنیاییان لێ دەدرەوشایەوە.. بە نەرمونیانیی هاوڕێیەکی نیگەران قسەیدەکرد..
وتی: جومانە.. دەزانی کێشەی عەزیز لەگەڵ تۆدا چییە؟.. ئەوەیە کە بەرگەی پاکژیت ناگرێت.. لە ناخی خۆیدا هەست بە گوناه دەکات، پێیوایە ئەو خراپە.. نامەوێ بریندارتبکەم، بەڵام ڕابردووی عەزیز ڕەشە، پەیوەندیی هەمەڕەنگ و ژنی زۆر.. تۆ هاتیت و تەرازووەکانت ژێراوژوورکرد.. بەئەندازەیەک خۆشتویست کە تۆقیوە!.. نەیتوانیوە بتخاتە لیستی ژنەکانیەوە و ناشتوانێت لێت دووربکەوێتەوە.. بەڕادەیەک خۆشیویستی کە لەخۆیت دەپارێزێ.. لە هەمان کاتدا لێت دەترسێت.. عەبدولعەزیز لە دڵسۆزیت دڵنیابوو، ئەمەش ئازاریدەدات.. ئەو دەزانێت یەکەمین پیاوی ژیانی تۆیــە، بەڵام تــۆ پاش چەندین کچ هاتویت.. عەبدولعەزیز هەوڵی دا کۆتوبەند و مەرجەکانی خۆی

بەسەرتدا بسەپێنێ، هەتاکو لێی یاخیبیتو جێتبهێڵێ، بەڵام نەتکرد.. دەستبەرداری گەلێک مافی خۆت بوویت و زۆر بە حەوسەڵە بوویت، ئەمەش ئازارەکەی زیاترکردوە.. دەزانی جومانە!.. جارێک لە عەزیزم پرسی (بۆچی شوو بەیەکتر ناکەن..؟).. وتی ناتوانێت کچێک بهێنێت کە هاوڕێکانی دەیناسن.. پێموت پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ جومانە لە ڕێگـەی تۆوە بووە، بەبێ تۆ لەگەڵیدا دانانیشین، ئینجا زۆر کوڕە هاوەڵمان کچە هاوەڵی خۆمانیان هێناوە.. وەڵامیدامەوە، ئەو بەرگەی ژیان بەسەربردن لەگەڵ کچێک ناگرێت کە هاوڕێکانی دەیناسن و زۆر خۆشیاندەوێ.. بەڵام جومانە دەرک بەوە دەکەم لەناخی خۆیدا هەستدەکات شایستەی تۆ نییە.. بەپێی توانا هەوڵمـاندا لێت دووربکەوینەوە و پەیوەندییەکەمان پێتەوە ڕەسمی بێت.. ڕێزمان لە پەیوەندیت بە عەبدولعەزیزەوە گرت و لە دڵپیسیی ئەو تێگەیشتین، بەڵام هەر ناڕازیبوو.. جومانە، دەزانم چی لەنێوان تۆ و (ئیماراتیەکەدا) ڕووی داوە، هەیفا بۆی باسکردوم.. عەبدولعەزیز دەزانێت تۆ ڕاستگۆ و دڵسۆزی و هیچ شتێک گرێت نادات بەو پیاوەوە.. بەڵام ئەوە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی هەستی خراپبوونت پێ ببەخشێت.. ئەوە تاقە دەرفەت بوو بۆ ئەوەی بڕوا بەخۆی بهێنێ درۆت لەگـەڵ کردوە، وەک چۆن ئـەو درۆی لەگەڵ دەکردی.. ئەوە تاقە دەرفەتی بوو بۆ ئەوەی هەستی گوناهکردنت بداتێ.. گوناهی خیانەتکردن.. بۆیە پێویستبوو ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە، چونکە لەکاتی یەکترناسینتانەوە هەست بە گوناه دەکات.. کاتێک عەبدولعەزیز پێیوتم (یاسەمین)ی هێناوە، وتم ئەگەر ڕێگر لەبەردەم هێنانی جومانەدا ئەوەبووبێ کـە وەک هاوڕێ پەیوەندیی لەگەڵ ئێمـە هەبووە.. ئەی خۆ (یاسەمین)یش هاوڕێمان بوو، لەگەڵ ئێمە دەیخواردەوە، سەمایدەکرد و شەوی لەگەڵماندا بەسەردەبرد.. وەڵامیدامەوە مەسەلەکە جیاوازەو کۆتایی بە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی هێنا!

زیاد تۆزێک بێدەنگ بوو، ئینجا وتی: جومانە.. ڕێگە بە عەبدولعەزیز مەدە وێرانت بکات.. ئەوەی ڕووی دا بەهۆی کێشمەکێشە ناوەکییەکانی خۆیەوە بوو، هێشتا گەنجی جومانە.. دەشێت ئەزموونەکە سەخت بووبێ، بەڵام تێیدەپەڕێنی..

پێموت: سوپاس زیاد..

بەهێزبە.. ڕێگەمەدە ئەو مەسەلەیە کار لەسەر ڕەوتی خوێندن و ژیانت بکات.. جا سەختییەکان هەرچییەک بن..

پشت بە خوا، شەوباش..
شەوی خۆشت باش..
سەرکەوتم بۆ شوقەکەم.. هەیفا لەسەر مێزەکە دانیشتبوو نانی دەخوارد..
پێیوتم: مژدەت بدەمێ..؟
خێرە..؟
دواجار..!.. کیسەڵە بچووکەکەت ڕیسوابوو و مرد.. حەزت نەکرد بمرێ!..
هەیفا بە مردنی سەلسەبیل شادبووە.. ئای ئەوانەی پێم خۆشبوون چەند زۆرن عەزیز!..

* * * *

کەواتە ناوی یاسەمینە!..
ئێستا تێگەیشتم.. ئای خوایە چەند ساویلکەبووم.. هۆشم لەکوێبوو؟!..
لەکاتی گەشتێکدا بۆ (مۆنتریال) پەیوەندیت پێوە کردم.. پێتوتم شتێکی سەیری زۆر بەسۆزت بۆ ئامادەکردوم.. کاتێک گەڕایتەوە داوای ئەوەت کرد بتبینم و هەیفاش لەگەڵ خۆم بهێنم.. لە قاوەخانەکە یەکترمان بینی، زیاد و محەمەدیشت لەگەڵ بوون..
زیاد وتی: ئەوە جومانە گەیشت، شتە سەیرەکە چییە..؟
پێکەنیت و قۆپچەکانی کراسەکەت کردەوە..
هەیفا پێیوتی: ئەوە چییە!.. دەتەوێ خۆت فڕێدەیتە ناو پەرداخە ئاوەکەوە؟
لزگەیەکی برینت لەسەر سنگت دانابوو.. لەسەرخۆ لاتبرد، تاتۆیەک لەسەر سنگت کوترابوو، ئەویش یەکەمین پیتی ناوەکەم بوو بە ئینگلیزی، پیتی (ل) لەسەر دڵت، ڕاستەوخۆ لەسەر دڵت..
لێت پرسیم: پێت چۆنە خۆشەویستەکەم..؟
عەزیز..!.. شێت بوویت.. ئەی ئەگەر تاتۆکە سەرنجی کەسێکی ڕاکێشا؟!
بەزەردەخەنەوە وەڵامتدایەوە: بەلامەوە گرنگ نییە.. بێجگە لە تۆ کەسم بەلاوە گرنگ نییە..؟
هەیفا وتی: ئەمە ئەو شتەیە ئێمەت بۆ کۆکردۆتەوە..؟.. پێموابوو مەسەلەیەکی گرنگت هەیە باسیبکەیت!..

هیچ کام لە زیاد و محەمەد قسەیان نەکرد، هەردووکیان بێدەنگبوون..!.. نێگای پڕ مانایان گۆڕییەوە، بەڵام هیچ توانجێکیان نەدا..
ئەو شەوە لێم پرسی: زیاد و محەمەد چییانە..؟
وەڵامتدامەوە: پێیانوایە من شێتم..!.. دەزانی سعودییەکان پێیان خۆش نییە ئاشکرا باسی خۆشەویستی بکەن..
پێموانییە ئەوان لەو جۆرە بن..
با..!.. بەهەرحاڵ بێجگە لە تۆ کەسی ترم بەلاوە گرنگ نییە، تۆ لە دڵمدا کوتراویت و کەس ناتوانێ لە دڵم دەرتبهێنێ..
ئەو شەوە پێم وابوو بێئەندازە لە خۆشەویستیمدا نقومبووی عەزیز.. بەڵام ئێستا دەزانم کە گەمژەبووم و هەڵتخەڵەتاندم.. تەنیا ئیمڕۆ تێگەیشتم نیگاکانی زیاد و محەمەد مانایان چی بوو.. ئەوان دەیانزانی تۆ دەتەوێ بە بەردێک دوو چۆلەکە بپێکی.. من و ئەو! ناوی ئەو یاسەمینە و بە ئینگلیزی بەم شێوەیە دەنووسرێت (Jasmine).. مەدالییەی کلیلەکانت، ئەو زنجیرەی لە ملتدایە.. هەمویان هەمان پیتیان پێوەیە.. پیتی یەکەمی ناوی من و ئەو!.. ئای خوایە چەند فێڵبازی.. تۆ چ پیاوێک بوویت عەزیز؟.. چ پیاوێک بوویت کە خۆشمویستی!..

* * * *

سەدان جار ئیمەیلەکەتم خوێندەوە.. درێژ نەبوو، شتێکت تیادا باس نەکردوە تایبەت بێت بە من.. باسی خۆت نەکردوە.. باسی خەوێکم بۆت دەکەیت.. تەنیا خەوێک!.. دەزانی عەزیز تۆ هەموو خەونەکانی من بوویت؟!.. هەموو خەونەکان بوویت عەزیز، هەموویان!.. پێتوایە بڕوانامە و زانست خەونی منن؟!.. نا عەزیز.. ئەوانە ئامرازن لێرە دەمهێڵنەوە بۆ ئەوەی خەوببینم!.. خەو بەتۆوە ببینم.. تەنیا بەتۆوە.. من باشبووم عەزیز!.. زۆر باشبووم.. نوێژدەکەم و بەڕۆژوودەبم.. خێردەکەم و کەفالەتی هەتیوەکان دەکەم.. لەچک ناکەم، بەڵام دەموچاو هەڵ ناگرم و خاڵ لەسەر لەشم ناکوتم و سەر بەدەرەوەش نیم!.. کەواتە بۆچی عەزیز..؟.. بۆچی خوا لە تۆم بێبەشدەکات.. لەکاتێکدا تۆ دنیای منی بەهەموو ئەوانەی تیایدان!
جارێکیان جانتای پارەکانمان ئاڵوگۆڕکرد.. جانتاکەت گەڕام و

تۆش جاناکـەی منـت پرشوبڵاوکردەوە، ئەو پارچە کاغەزە زۆرانەت دەخوێنەوە کـە جانتاکـەی منیان پڕکردبـوو.. یەکێک لـەوانەت بە دەموچاوێکەوە خوێنـدەوە کـە سەرسامی داپۆشبوو.. لێت پرسیم: جومان ئەمە چییە؟!

پسوڵەی کۆمەڵەیەکی مرۆڤدۆستە بەناوی تۆوە..

پێموتی.. ئەوە پسوڵەی بەخێوکردنی هەتیوێکە..

بۆچی بەناوی منەوەیە..؟

لەبری تۆ بەخێوکردنی هەتیوێکم گرتۆتەئەستۆ..

لە کەیەوە..؟

دوو ساڵ دەبێت.. ئەو کاتەی لە ڕیاز بووم!..

بۆچی ئەمەت کرد..؟

وەڵاممدایتەوە: هەتاکو لە ئاگر بتپارێزم..

چاوەکانت پڕبوون لە ئاو، بەڵام هیچت نەوت.. ئەو شەوە خەو نەدەچووە چاوەکانم، ماسجێکت بۆ ناردم و تیایدا نووسیبوت: (شەوشاد ئازاری دڵم)..

نازانم بۆچی بەوشێوەیە پیامدا هەڵدەدەیت! هەمیشە بە ئازاری دڵ دامدەنێی!.. بەردەوام (ئازار)م..

من و تۆ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوەڵی خوێندنی کوڕ و کچدا یاریی (سیفەتەکانمان) دەکرد: محەمەد زیرەکە، نجود دڵپاکە، عنود شەرمنە، زیاد هاوڕێی تەمەنە.. ڕاکان ڕواڵەتپەرستە، هەیفا هیچ خەسڵەتێکی پێ نەدرا..!.. سەعد کوڕی باشە..

نۆبە گەیشتە سـەر من، پێشکەشکارەکە دەم بە زەردەخـەنـەوە: جومانە؟!.. ئەی جومانە..؟!

هاوڕێکانمان چاویان لەیەک دادەگرت.. هەستمکرد ئاوی گەرم لە ناوچەوانم دەتکێ.. چاوەڕوانی پیاهەڵدانێک بووم، ئەوەندە گەرمبێت بەفر بتوێنێتەوە..

وتت: جومانە..!.. ئازاری دڵمە!..

ئازاری دڵت..!.. بۆچی (دڵت) نەبم؟.. بۆچی (ئازار) بم؟!.. تەنیا دەتوانی لەسـەر ژێکانی ئازار مۆسـیقا لێـدەی عەزیز..؟ هەمیشە نازناو و ناوی سەیر دەبەخشیتە هەمووشتێک..

کاتێک لە جەژنێکی کریسمسدا دوو پشیلەی نێر و مێمان لە جۆری جوانی هیمالایا کردە دیاری بۆ باتی و ڕۆبێرت.. زۆر بە دیارییەکە دڵخۆشبوون..

باتی داوای لێ کردین ناویان بنێین، وتت با نێرەکە ناوبنێین Aggressive، مێیەکەش ناودەنێین Sensitive!....

ڕۆبێرت پێیوتی: بەڵکو تۆ شەڕانگێزی!..

هەمیشە هەڵبژاردنت بۆ ناوەکان مایەی پێکەنین بوون عەزیز.. وەک کیسەڵ (سەلسەبیـل)، کە بێ ویستی من ناوتنا و هەتاکو ئەم ساتەوەختەش نازانم بۆچی ئەو ناوەت لێناوە!..

جارێکیان پێموتی: هەقت نەبێت بەسەر ناونانی منداڵەکانمەوە..

بۆچی ئەوانە منداڵی دراوسێکانن...؟.. ئەوانـە منداڵی منیشن.. وەک تۆ مافم پێیانەوەیە..

بەڵام هەڵبژاردنت بۆ ناوەکان مایەی پێکەنینە..

نا خاتون! ئیتر بەسییەتی!.. یەکەمین جارە دەبینم دەشتەکییەک ناوی جومانەیە.. جومانە چییە.. لەکوێوە هاتوە..؟

دێتەوە یادت ماوەیەک پاش یەکترناسینمان لێت پرسیم ناوی خۆشکەکانم چین.. چونکە ناوەکەی منت پێ سەیربوو..

پێموتی: خوشکەکانم.. سەبا و بتیل..

زۆر مەڕۆ!..

مەبەستت چییە لەوەی زۆر نەڕۆم؟

بەگێلم دەزانیت..؟

نە بەخوا!..

چی بەخوا..!.. دەشتـەکی و نـاوی کچەکانیان سـەبا و بتیلـە..!.. ئەی دایکت ناوی چییە..؟.. گابریال..؟

بەخوا واهاتوە..

ئێستا بۆ ناوی خۆت وتمان ئێ.. هاتوی پێم دەڵێی سەبا و بتیل؟!

ئێ بۆچی تۆ بەم مەسەلەیە بێتاقەت دەبیت؟ چی زیانێک بەتۆ دەگەیەنێت..؟

تو خوا باپیرت ناوی چییە..؟

تۆ ئێستا ناوی باپیری منت بۆچییە..؟

بەخوا بەجیدیمە، باپیرت ناوی چییە..؟

سزا!..

داتە قاقای پێکەنین: ئێسـتا باپیرت سـزایە، ئێوەش جومانـە و سەبا و

بتیل؟!.. خاتون بەخوا ئەگەر باپیرتان فریاتان بکەوتبایە، ئەوا مەخزنێک ڕەشاشی تیادا بەتاڵدەکردنەوە..

پێتوایە ناوەکانمان مایەی پێکەنینە.. منیش پێموایە هەڵبژاردنت بۆ ناوەکان سەیرە، ئازاربەخشە ناوی Aggressive بدەیتە بەچکە پشیلەیەک.. چونکە دەبێت ئەو پشیلە چارەڕەشە بەدرێژایی تەمەنی ناوێکی توندوتیژ بەکۆڵییەوە بێت.. بەڵام من فریاکەوتم و داوامکرد ناوی پشیلەکان بنێم! ناوی ئەمەیانم نا Hope و ئەوی دیکەش Dream، چونکە بەهیوا و خەون دەژیم، تۆش هەموو هیوا و خەونەکان بوویت.. وەک چۆن ناتوانم بەبێ تۆ بژیم!.. ئاوەهاش ناتوانم بەبێ هیوا و خەون بژیم عەزیز!..

* * * *

سەروبۆری وشەی خۆشەویستی چەند جیاوازبێت، خۆشەویستی هەر خۆشەویستییە!.. تۆش ئەو (پیاوە)یت کە خۆشمدەوێی.. کاتێک لە جەژنی ساڵی ڕابردوودا نەخۆشکەوتم و لە نەخۆشخانە خستیانم.. بەدرێژایی دوو ڕۆژی تەواو لەگەڵمدا مایتەوە.. لەسەر کورسییەکەی بەرامبەرم بە دانیشتنەوە دەخەوتی، جاربەجار لە خەو ڕادەپەڕیت و گەرمایی لەشت دەپێوام و ئارەقی ناوچەوانت دەسڕیم.. تووشی پەتای غەریبایەتی ببووم، کە هەموو جەژنێک دوور لە خێزانەکەم تووشمدەبێ و قۆڵۆنم دژی جەستەیەک دەهەژێت کە دووریی ماندوویکردوە، وەک ئەوەی لە هەژان بێبەش بێت..

زۆر خۆشمدەوێی عەزیز.. بەڵام لە کاتی جەژنەکاندا زۆر بیری خێزانەکەم دەکەم.. جەژنەکانی کەنەدا ساردن، ئەگەرچی ئاگری دڵ کڵپەسەندوە، بەڵام ئاگری دووری بەتینترە.. لەسەر قەراغێکی قەروێڵەکە دانیشتبوویت، کاتێک دەستمکرد بە گریان.. بیری باوکم دەکرد.. لەسەر زەوییەکە لەلامەوە دانیشـتیت و چاوەکانـت سوز و نەرمونیانیان لێ دەڕژا.. دەسـتت خسـتە سـەر ئەژنـۆم: چیتـە ئازارەکەم..؟.. بۆچی دەگریت..؟

حەزم لە جەژنەکان نییە..!.. جەژنەکانی ئێرە زۆر ساردن..

دەستەکانمت لەناو هەردوو دەستی خۆت نا.. بیری (دایە) دەکەیت؟

هەردووکیان عەزیز، دایک و باوکم..!.. تەنانەت خالید.. زۆر بیریدەکەم.. خۆزگەدەخوازم بگەڕێمەوە..

ئەی من..؟.. بۆ كێم جێدەهێڵی شیرینەكەم..؟
بەڵام تۆ خۆشت ناوێم..
پێم ڕاكێشا و پاژنەم خستە سەر دڵت.. تۆش پێتوتم، دڵنیای لەوەی خۆشم ناوێی..؟
بەڵێ، دڵنیام..
سەیرمبكە!..
چییە..؟
سەیرمبكە..
ڕوانیمە چاوە قاوەییەكانت.. چاوەكانت بە نەرمونیانییەكی برینداركەر دەرەوشانەوە عەزیز..
هەرجارێك بەوشێوەیە سەیری یەكتر دەكەین، هەست بە گەرماییەك دەكەم كە سەرتاپام دادەپۆشێ.. خۆشەویستی لە هەردوو چاوە بێ خەوشەكانتدا بەدیدەكەم و گڕم تێبەردەبێت.. هەستمكرد لێدانی دڵت خێراتر دەبێت، بەجۆرێك كە خەریكبوو پێم لەسەر دڵت فڕێبدات.. من پێكەنیم، تۆش بەبێ چاوتروكاندن زەردەخەنە كەوتە سەر ڕووخسارت..
بینیت..؟
خۆشمدەوێی..
پاژنەی پێت ماچكردم و وتت: من خێزانی تۆم، تۆش خێزانی منی.. لەگەڵمدا هەست بە تەنیایی ناكەیت.. بەڵێنت پێ دەدەم جومان..
بەگاڵتەوە پێموتی: ئایا ماچكردنی پاژنەی پێم لوتبەرزیت بریندارناكات..؟
لەكاتێكدا دەتلێستەوە، وتت: نەخێر.. بەڵام بە كەس مەڵێ!..
ئەوەندە پێكەنیم، هەستمكرد نەخۆشییەكە لە كونە وردەكانی لەشمەوە بەهەڵمدەبێت.. وەك ئەوەی دەرمانەكەم خۆشەویستی بێت و هیچیتر..

* * * *

كاتێك هەرشتێك دەكەم.. لە خولڵقاندنی سەرەتاكاندا باشم، بەڵام هەمیشە كۆتاییەكانم بە هەڵواسراوی دەمێننەوە.. لە نووسینی كورتە چیرۆكدا باشم، هەندێك كۆپلەی شیعریش دەنووسم، كەچی هیچ ڕۆژێك چیرۆكێكم تەواونەكردوە و كۆتاییم بە قەسیدەیەكیش نەهێناوە.. لەوانەیە

پێتوایێ ئەوە ئاساییە و گرفت نییە.. بەڵام ژیانی من بەو جۆرەیە عەزیز!..
حەزم لە پەیوەندییەکی هەڵواسراو نییە، سەرەتاکەی جوان و کۆتاییەکەی کراوە بێت.. کەی دەرک بەوە دەکەیت کە ماندووبووم بەدەست کۆتاییە کراوەکانەوە؟! پێتوایە کۆتاییە کراوەکان سەلامەتترن و مەترسیان کەمترە.. بەڵام ئەوە ساڵانێکی زۆری تەمەنمان بەفیڕۆدەدات.. خەون و هیوا گەورەکانمان بەهەدەردەدات..

خەو بە خۆشەویستییەکی نموونەییەوە نابینم، داوای پەیوەندییەکی هەتاهەتایش ناکەم.. ئەوەی من دەمەوێ، پەیوەندییەکی دروستە، کە ڕوونی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی باڵیان کێشابێ بەسەریدا.. پەیوەندییەکەمان چەند درۆی بەخۆوەبینی، چەند خیانەت و برینداریی بەخۆوەبینی؟.. هەندێکجار سادیبوونێکی سەیرت لێ بەدیدەکەم، لە خۆشمدا سەرشۆڕییەکی ئازاربەخش دەبینم.. لەسەرەتاوە ملکەچی تۆ بووم عەزیز، ئەوەش هەڵەکەی منە.. پێویستبوو لە ڕۆژەکانی سەرەتاوە بەربەرەکانێی جەوروستەمت بکەم، کەچی نەمکرد..

ئێمڕۆ دەزانم شێوازی ڕەفتارت لەگەڵم بەری خۆبەدەستەوەدانمە.. دەبوایە دڕندەتر بوومایە.. پێویست بوو بەهێزتر بوومایە.. گەرەک بوو زیاتر بەرگریم بکردایە!..

هەمیشە پێمدەڵێی پشە بچکۆلەکەم، جارێک پێموتی: خۆزگە چڕنوکی پشیلەکانم دەبوو..

وەڵامتدامەوە: بەڵام من بۆیە خۆشمدەوێی، چونکە وەک پشیلەکان نەرمونیانی..!

کەواتە سەرشۆڕیم بە نەرمونیانی دادەنێی!.. ئاە عەزیز.. چەند حەزدەکەم لە دژت ڕابم! ماوەیەک جێم هێشتی.. پێموابوو دووریم بەئاگاتدەهێنێتەوە، هەست بە هەڕەشە دەکەیت و زیاتر دەستم پێوە دەگری.. چاوەڕانم کردی و چاوەڕوانم کردی و چاوەڕوانم کردی، کەچی نەهاتی!.. هەفتەیەک، دووهەفتە، سێ هەفتە تێپەڕی و بەزەییت پێمدا نەهاتەوە.. بۆیە پاش هەستکردن بە مەترسی پاڕامەوە و سواڵی ڕەزامەندیتم کرد!..

زۆر توڕەدەبی، کاتێک لێت دەپرسم.. خۆشتدەوێم..؟
تۆ پێتوایە..؟
تۆ پێم بڵێ..
بەڵێ، خۆشمدەوێی..
هەستی پێ ناکەم..

کە بڕوات بە مەسەلەیەک هەیە، بۆچی پرسیار دەربارەی دەکەیت..؟
کاتێک پێتدەڵێم خۆشمدەوێی.. زۆربەی جارەکان وەڵامدەدەیتەوە: منیش..
جیاوازییەکی زۆر لەنێوان (منیش) و من (خۆشمدەوێی)دا هەیە عەزیز، ئەوانە زۆر لێک جیاوازن عەزیز.. زۆر خۆت بە (منیش)ەوە گرێداوە، نازانی چەند تامەزرۆی ئەوەم گوێم لـە (خۆشمدەوێی) بێت، یان لانی کەم گوێم لە (منیش خۆشمدەوێی) بێــت!..
ئاهـ.. خۆزگە دەزانی چەند پێویستم بەو وردەکاریانەیە!.. ئاهـ.. خۆزگە دەزانی ئەو وردەکارییە بچووک/ گەورانە چەند کاریگەرن!.. بەڵام تۆ بێئاگایت، یان با بڵێین گوێی پێ نادەیت!.. گوێپێنەدانیشت ئازارمدەدات، ئێسقانەکانم دەتوێنێتەوە.. هەستی ئەوەم دەداتێ کە مرەکبێکی ڕەش بەناو دەمارەکانی خوێنمدا هاتوچۆدەکات، وەک ئەوەی دڵم ڕەشایەتییەکی خەفەتباریی زۆر بنێرێت، بەوەش سەرتاپام ئازار بدات..
دەزانی!..
لە منداڵیدا باوکم لەسەر ئەوە ڕایهێنابووم، کە هەمیشە گیانلەبەرێکی بچووکم هەبێت.. ئەگەرچی ئەو بەدەست وەسواسیی پاکوخاوێنییەوە دەیناڵاند و ڕقی لە گیانلەبەران بوو.. کەچی هەرساتێک یەکێک لە گیانلەبەراکان مردارببوایەتەوە، خێرا گیانلەبەرێکی تازەی بۆ دەهێنام..
پاش ئەوەی گەورە بووم، جارێک لێم پرسی: بۆچی گیانلەبەری بچووکت بۆ دەهێنام..؟
پێیوتم: هەتاکو لەسەر لەدەستدان ڕاتبهێنم!..
باوکم لە منداڵیمەوە پێشبینی ئەوەی کردبوو خۆشەویستەکانم لەدەستدەچن.. بەڵام دەرکی بەوە نەکردبوو مرۆڤ توانای ئەوەی نییە لەسەر لەدەستدان ڕابێت.. ئاهـ عەزیز، پێدەچێت ئەمە یەکەم جار بێت کەسێک لەدەستبدەم.. هەستدەکەم مردووی عەزیز، منیش بوومەتە بێوەژن!.. بەڵام چۆن دەبمە بێوەژنی پیاوێک، کە شوم پێ نەکردوە؟!..
هەیفا پێمدەڵێ، تۆ بەڵای خوایت و منیش گیرۆدە.. بەڵام چەندین ساڵ بەرامبەر بە گیرۆدەبوون دانم بەخۆمدا گرت، ئەی کەی هەورەکە ڕووندەبێتەوەو دەڕەوێتەوە؟! لە ڕۆژگارەکانی خەفەتباریمدا نامەم بۆ پزیشکێکی دەروونناس نارد؟؟ پێیوتم: تۆ دەترسیت.. دەترسیت لە بازنەی ئەو بێیتەدەرەوە، لەسەر ئەوە ڕاهاتوویت بتکاتە کۆیلە! ئەگەر دیواری

ترس نەڕووخێنی، ناتوانی میحنەتەکەت تێپەڕێنی.. تۆ لە دووریی ئەودا لە شکستهێنان دەترسی.. هەوڵبدە.. هەوڵبدە دیوارەکە بڕوخێنی..
دەزانم ئەوە بەشێکە لە کێشەکەی من لەگەڵ تۆ.. دەترسم لێت دوور بکەومەوە، بەبێ تۆ لە ژیان دەترسم.. هەوڵم دا دووربکەومەوە، بەڵام نەمتوانی.. ئاگری نزیکبوون لێتەوە، لە ئاگری دووربوون لێتەوە بێبەڵاترە عەزیز.. دڵم لە دووریت کڵپە دەسەنێت و لە نزیکیت دەسوتێ!.. ئەوە چ خۆشەویستییەکی قوڕای بوو کە تێیکەوتم!.. ئای چ پەیوەندییەکی نەزۆکە..؟!..

✻ ✻ ✻ ✻

بەدرێژایی چوارساڵی ڕابردوو عەترەکەت نەگۆڕی.. پێتوایە دەبێت تاقە عەترێک هەڵبژێرین.. هەتاکو لەسەری ڕابێین و بەهۆیەوە خودی کەسەکەمان بیربێتەوە!..
من عەتری Armani Codeم بەلاوە خۆش نییە، حەزم لەو عەترانە نییە کە زۆر کەس بەکاریاندێنن، بەڵام ئەو عەترەی بەکاریدێنێت جیاوازە و بۆنەکەشت بەهۆیەوە جیاوازە، بەڵکو بۆنەکەی بەهۆی تۆوە جیاوازە.. زۆر جیاوازە!..
ڕۆژێکیان شوشە عەترێک و سەرینێکی پەمەییت کردە دیاریم.. بە هێڵی سوور لەسەریان نووسرابوو (True Love).. لێم پرسیت: بۆچی سـەرین و عەتـرم پێشکەش دەکەیت؟
پێتوتم: سەرینەکە بۆ ئەوەیە دواکەس بم پێش نووستن بیرم لێ بکەیتەوە.. عەترەکەش بۆ ئەوەی سنگت پڕ لە بۆنم بکات و سەرتاپات بتەنێتەوە.. هەتاکو هەرگیز بێجگە لە من بیر لە کەسی تر نەکەیتەوە..
پێویستم بە عەتر و سەرین نەبوو عەزیز، بۆ ئەوەی بیرت لێ بکەمەوە.. چونکە هەموو شەوێک پێش نووستن تۆزێک لە عەترەکەتم دەدا لە سەرینەکەم.. هەستمدەکرد لەسەر سنگت، لە باوەشتدا خەوتووم.. بەڵام دڵنیام لەوەی سەرسنگت لەم سەرینەی تۆ گەرموگوڕترە!..
ئەوە ماقوڵە کە ڕوودەدات؟!.. مەحاڵە حیکایەتەکەمان بەم شێوەیە کۆتایی بێت.. حیکایەتێک بەو شێوەیە کۆتایی نایەت، ئێمە بەو ئاسانییە کۆتاییمان پێ نایەت عەزیز!

ڕۆژێک لە قاوەخانەکە دانیشتبووین، بەسەرت هێمات بۆ گەنجێک کرد کە بەتەنیا لەســەر مێزی تەنیشتمان دانیشتبوو، تاوناتاوێک ســەیری سەعاتەکەی دەستی دەکرد، بەشپرزەیی دەســتی بە قژی خۆیدا دەهێناو زۆر ئاوڕیدەدایەوە..

پێتوتم: ئەو گەنجە دەبینی..؟

چییەتی..؟

گرەودەکەم لە سەروبەندی ئەوەدایە لە خۆشەویستەکەی جیابێتەوە..

ئێستا عەرەبایەتیی خۆت سەلماند.. ئەی هەمیشە پێم نالێی عەرەب لە چیرۆک دروستکردندا باشن؟!..

گرەودەکەیت..؟

چۆن بزانین لە خۆشەویستەکەی جیادەبێتەوە یاخود نا؟

ئممم.. ڕوونە چاوەڕوانی ئەو دەکات.. با چاوەڕوانی هاتنی بین..

چەند خولەکێکی پێ نەچــوو کچێکی جوان هات.. کاتێک گەیشتە لای مێزەکە، گەنجەکە ماچیکرد..

وتت: وردبەرەوە!..

گەنجەکە، بەبێ ئەوەی سەیری کچەکە بکات، هەواڵی پرسی.. ئەو سەیری دەستەکانی خۆی دەکرد..

دەستەکانت گرتم و وتت: بینیت.. ئێستا وردبەرەوە!..

بەوردی و وەک کەسانی خوهەڵقورتێن گوێمان بۆ قسەکانیان هەڵخستبوو.. گەنجەکە نەگونجانی کردە بیانووی جیابوونەوەی لە کچەکە، ئەویش بە سنگی فراوان و نەرمونیانیەکی بێوێنەوە پێشوازیی لێ کرد.. گەنجەکەی ماچکرد و هێوای بەختەوەرییان بۆ یەک خواست.. ئینجا کچەکە ڕۆیشت!

پێتوتم: بینیت جیاوازیی نێــوان جیابوونــەوەی عەرەب و جیابوونەوەی بیانی چییە؟!

پێموانییە ئەوانــە شــەیدای یەک بــووبن.. عاشقەکان بەو ئاسانییە لێک جیانابنەوە!..

لە نەریتی خۆرهەڵاتیماندا.. هەمیشە جیابوونەوە هاوشانی تراژیدیا بووە.. ئێمە پێشکەوتوانە جیانابینەوە.. ئاشتیخوازانە جیانابینەوە..

پێتوایە، ئەگەر ڕۆژێک لێک جیابووینەوە، بەو سادەییە جیابینەوە؟

ئممم.. پێموانییە..!.. ئەگــەر (خوانەخواستە) جیابووینەوە، ئەوا بــڕوام وایە تراتژیدیانە لێک جیادەبینەوە!..

ئەوە چۆن دەبێت..؟
نازانم!..
بۆ نموونە..؟
ئممم.. دەشێت شوبکەیت و جێمبهێڵی.. دەشێت ژنبهێنم و جێتبهێڵم.. شتێکی لەو جۆرە..!..
ئاوەها!..
بۆچی گرنگە بەلاتەوە بزانیت چۆن لێک جیادەبینەوە؟
بێگومان..
جیابوونەوەم بەلاوە گرنگ نییە، چونکە بیری لێ ناکەمەوە.. بەڵام بەلاتەوە گرنگە، لەبەرئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە..
ئەوە ڕاست نییە.. هەست ناکەم ڕۆژێک بێت بتوانم وازت لێ بهێنم..
ئەی پیاوێکی وەک من دەتوانێ واز لە ژنێکی وەکو تۆ بهێنێ؟
ئاخر تۆ بڕیارت داوە عەزیز.. بڕیارت داوە تراژیدیانە کۆتایی بەوەی نێوانمان بهێنی!.. ئەگەرچی هەمیشە خۆت لە عەرەبایەتی و خۆرهەڵاتیبوون دەربازدەکەیت، بەڵام بەبێ ئەوەی بتەوێ، هەموو کردارەکانت بەڵگەی ئەوەن هەتاکو سەر ئێسقان خۆرهەڵاتیت!..
لێدانی دەرگاکە لەلایەن (هەیفا)وە لە هەندێک ئازار ڕزگاریکردم، هەتاکو فڕێمداتە ناو ئازارێکی زیاترەوە.. پاش ئـەوەی فەرمووم لێ کرد، هاتـە ژوورەوە.. زەرفێکی بچووکی بەدەستەوە بوو، کە بۆنی لێوە دەهات.. هەمان بۆنی تۆ عەزیز.. هەمان بۆن!..
بێدارم کردیتەوە؟..
خێرا بەڕێکی دانیشتم و هێمام بۆ زەرفەکەی دەستی کرد: ئەو زەرفەم لەوەوە بۆ هاتوە!..
بەسەرسامییەوە وتی: چۆن زانیت..؟
لە بۆنەکەیەوە! لە بۆنی عەترەکەیەوە..
پێیوتم: زیاد هێناویەتی، هەتاکو بیدەم بە تۆ..
زەرفەکەم دڕاند کە بەتوندی داتخستبوو، وەک ئەوەی بترسی هەستەکانت پێش وشەکانت بێنە دەرەوە!.. لە نامەکەی ناویدا بۆت نووسیبووم: سڵاوێکی خۆش، دەشێت ئەم نامەیەت پێ بگات و دەشێت نەشگاتە دەستت.. لەوانەیە زاتی ئەوەش نەکـەم نامەکـە، پاش نووسینی، بدڕێنـم.. بەلامەوە گرنگ

نییــە بگاتە دەستت، بەئەندازەی ئەوەی گرنگ بوو بەلایەوە بینووسم!..
ناوچەوانم ڕەشە!.. بەباشی بڕوات بەوەیە کە ناوچەوانم ڕەشە.. بۆیە لەسەر شتێک گلەییم لێ مەکــە کە ناتوانم ئاڕاستەکەی بگۆڕم.. پەیوەندیی ئێمە گەمەیەکی دەست چارەنووس بوو، کە دەسەڵاتمان بەسەریدا ناشکێتەوە، بوونەوەرێکی لاواز ناتوانێت شتێک بگۆڕێت کە بەهێزێکی مەزن.. زۆر مەزن نەخشی کێشرابێت!..
بیرتدەکەم.. زۆر بیرتدەکەم.. پێدەچێت زیاتر لەوەی دەمزانی گیرۆدەی تۆ بووم!.. بەڵام سەرشۆڕ ناکەم و داوات لێ ناکەم بگەڕێیتەوە، چونکە باش دەزانم کۆتاییت بەمن هێناوە.. سەیر ئەوەیە تۆیەک کە تاقیکردنەوەی هەنوکەمی.. هەمیشە لە تەنیشتمەوە بوویت.. هانتدەدام و دڵێکی بەهێزەوە پشتت دەگرتم.. بەردەوام لەگەڵمدا بووی.. لە تاقیکردنەوەکانی ژیاندا پشتتدەگرتم.. ئای خوایە چۆن ئێستا بویتەتە تاقیکردنەوەکە جومانە!.. ئازاربەخشە تۆ تاقیکردنەوە بیت جومانە!.. وا ڕاهاتووم لەگەڵ تۆدا بەهێزبم، لە کاتی لاوازیدا هانات بۆ بەرم، هەتاکو بمکەیتە پیاوێکی بەهێزتر.. بەڵام نەمتوانی هێز لەناوتدا بخوڵقێنم، وەک تۆ لەگەڵ من کردت، شانازیش بەوەوە ناکەم.. چەند خراپە پەیوەندییەکەمان بەو شێوەیە بێت، هانمدەدەیت بۆ ئەوەی دڵشکاوت بکەم.. بەهێزمدەکەیت بۆ ئەوەی لاوازبیت، دەمپارێزی بۆ ئەوەی هێرشبکەمە سەرت.. لێم خۆشدەبیت بۆ ئەوەی دڵڕەقتر بم!.. نازانم چۆن بە درێژایی ئەو ماوەیە بەرگەی سیفەتەکانی منت گرتوە!.. من خراپ نیم.. هەرگیز خراپ نەبووم، بەڵام لەگەڵ تۆدا وام لێهات.. نازانم بۆچی، هیچ ڕۆژێکیش لە هۆی ئەوە تێنەگەیشتووم..
زۆربیرتدەکەم..بیری دڵنیاییەک دەکەم کە وێڕای خەسڵەتە نەفرەتیلێکراوەکان پێتدەبەخشیم! بیرتدەکەم.. زۆر بیرتدەکەم!.. زیاتر لەوەی چاوەڕوانم دەکرد و بەخەیاڵتدا دێت.. دەترسم لەدەستمدابی.. دەشترسم لێم خۆشبی و بە لێخۆشبوونێک بمسوتێنی کە بەرگەی ناگرم.. پەیوەندیی ئێمە لەوە پاکتربوو کە بێباریی پیاوێکی نەخۆشی وەکو من پیسی بکات.. داوات لێ ناکەم بگەڕێیتەوە بۆ پیاوێک کە دێیتەوە بۆ لای، هەتاکو دیسانەوە جێتبهێڵێت، بەڵام دووریت تاڵە ئەی شەکر.. وێنای ئەوە بکە، کاریگەریی دووریت لەسەر پیاوێک چۆن دەبێت، کە زۆرباش دەزانی ئالودەی شەکرە!..

عەبدولعەزیز

* * * *

پاش خوێندنەوەی نامەکەت لە ژوورەکەی هەیفا خەوتم.. ترسام لەوەی بەتەنیا بمرم عەزیز..

(ئیڤا)ت دێتەوە یاد..؟ ئەو پیرەژنە حەفتا ساڵەی گیرۆدەی شێرپەنجەی قۆڵۆن ببوو و کاتی کەوتنم لە نەخۆشخانە ناسیمان.. ئەو بەشێوەیەک ژیانی خۆشدەویست، کە ئیرەیی پێ دەبرا.. لە ساتەوەختەکانی سەرەتاوە خۆشمانویست.. لە باخچەی نەخۆشخانەکە ناسیمان.. لەسەر کورسییەکی عەرەبانە دانیشتبوو، بوتڵی ئاوی سێلاینەکەی بەدەستەوەبوو.. بەسەرت هێمات بۆ شوێنی دانیشتنەکەی کرد: جومان، بڕوانە ئەو پیرەژنە!..

لە ژێر درەختێکدا قژی خۆی ڕێکدەخست.. پێموتی: چییەتی..؟

Oh my lord!.. She is so sweet!

دەستم هێنا بە قژتدا: بچۆ ماچی بکە..

دڵم لێ پیس ناکەیت..؟

دڵا لە پیرەژنێک پیس ناکەم!..

ئەگەر ماچم کرد، ژیانم لێ تاڵ ناکەیت؟

نەخێر..

ماڵم وێران ناکەیت؟

پێکەنیم: هەرگیز..

دەستت ڕاکێشام: کەواتە وەرە لەگەڵمدا!..

کاتێک لێی نزیکبووینەوە، بەڕووخۆشییەوە بۆمان پێکەنی.. پێموت: بەیانیت باش..

بەیانیتان باش..

لێم پرسی: چۆنی خانمەکەم..؟

من باشم، ئەی تۆ؟

بێبەڵام، سوپاس بۆ پرسیارەکەت..

خۆم چەماندەوە.. خانمەکەم!.. ئەم پیاوە قۆزە شەیدات بووە..

سەیریکردیت و بە گەرموگوڕییەوە وتی: بەڕاستی..؟!.. ئای چەند بەختم باشە!

پێکەنیت: ئای خوایە، داخۆ لە گەنجێتیدا چەند جوانبوویی!..

بەشادمانییەوە پێکەنی: دلڕفێن بووم!.. بەڵام ژنەکەت زۆر لە من جوانترە..

بە دوو چاوی میهرەبانەوە سەیرتکردم: ژنەکەم!.. ژنەکەم جوانترین ژنی دنیایە..

وتی: ئێوە خەڵکی ئیسپانیان..؟
پێتموت: نەخێر، خەڵکی سعودییەین..
بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسیم: سعودییە چییە..؟
وەڵامدایەوە: دەوڵەتێکی عەرەبییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست..
نایناسم..
پێموت: دەوڵەتە دەوڵەمەندەکەی نەوت هەناردە دەکات..
وڵاتەکەتان ناناسم!..
پێموت: وڵاتەکەمان سەکۆی ئایینی ئیسلامە! ئەو شـوێنەی پیرۆزییەکانی ئیسلامی لێیە..
وتی: کەواتە ئێوە موسڵمانن!.. بەڵام وڵاتەکەتان ناناسم..
تۆ بەبێ حەوسەڵەییەوە وەڵامتدایەوە: ئوسامە بن لادن دەناسیت..؟
سەری ڕاوەشاند: بەڵێ.. بەڵێ.. بێگومان!..
پێکەنیم: ئێمە خەڵکی وڵاتەکەی ئەوین!..
لە ترسا برۆکانی گرژکرد: ئای خوایە!.. ئێوە قاعیدەن!..
لەبیرتە چۆن پێکەنین، خەریک بوو بەپشتدا دەکەوتین! ئەو میهرەبان و ڕۆحسوک بوو.. بەدرێژایی ڕۆژەکە لەگەڵی دانیشتین.. باسی ئەوەمان بۆ کرد لەکوێوە هاتووین و لە وڵاتەکەمان چۆن دەژین.. بێوەژنێکی تەنیا بوو، بەتەنیا ململانێی لەگەڵ قۆناغێکی گەشەکردووی نەخۆشییەکەیدا دەکرد.. زۆر خۆشمانویست، پاش دەرچوونم لە نەخۆشخانە سەردانیمانکرد، ئەو چاوەڕوانی سەردانیکردنەکانمان بوو، ئێمەش بیرماندەکرد.. جارێکیان دەمەقاڵێمان بوو، بەتەنیا چووم بۆ لای..
پێیوتم: بۆچی مێردەکەت تورەدەکەیت..؟
بە سەرسامییەوە لێم پرسی: چۆن زانیت ئێمە لێک زویرین..؟
هەردوو شانی جوڵاند و بەسادەیی وتی: ئەو پێیوتم!..
چۆن پێیوتی..؟
ئەم بەیانییە هات بۆ لام..!.. زۆر تورە بوو لێت..
پاش ئەوەی هەندێک ئامۆژگاریی هاوسەرگیریی کردم، کە بێگومان ناتوانم جێبەجێیان بکەم، بەجێم هێشت..
دوا شەوی ژیانی ئەوت لەیادە، پێکەوە سەردانیمانکرد.. زۆر ماندووبوو، دەستی بەتوندی گرتی، وەک ئەوەی تکات لێ بکات نەهێڵێ بمرێت..

دێتەوە یادم چۆن دۆشداماو ئاوڕت لێ دامەوە و ئارەق بەناوچەوانتدا دەهاتەخوارەوە: جومانە!.. قورئانی بەسەردا بخوێنم؟.. ئاخۆ ڕەوایە قورئان بەسەر ناموسڵمانێکدا بخوێندرێت؟!..

بەدەم گریانەوە پێموتی: نازانم!.. چی بکەین..؟

سەیرتکرد و لەکاتێکدا ئارەقی ناوچەوانیت دەسڕی: ئیڤا! نوێژت بۆ دەکەم..

بەسەختی سەری جوڵاند: تکایە.. لەپێناومدا نوێژ بکە..

کاتێک قورئان و دوعات بەسەریدا دەخوێند، سەیرمدەکردی.. ئای خوایە چەند ئەو پیاوەم خۆشویست!..

لە ڕێگـەی گەرانەوەمان، پاش ئەوەی جێمـان هێشت بخـەوێ، پێتوتم: جـومـان..

چییە خۆشەویستەکەم..؟

بەڵێنم پێ دەدەیت پێکەوە پیردەبین..

چـی..؟

دەمەوێ لە تەنیشتتەوە پیربم..

منیش بەهەمان شێوە..

مەهێڵە وەک ئیڤا بمرم!.. ڕێگە مەدە بە تەنیا بمرم جومان..

بەڵێنت دەدەمێ پێکەوە دەبین..

بەیانی نامەکەتم بینی: (جومان.. ڕۆیشتم بۆ بینینی ئیڤا، پێیانوتم یەکسەر پاش دەرچوونمان لە ژوورەکەی کۆچی دوایی کردوە.. خۆزگە تۆزێکی تر لای دەماینەوە، ئەو نەگبەتە بەتەنیا مرد..)..

زۆر خەفەتم بۆ مردنی خوارد.. ئایا بە تەنیا دەمرم، هەتاکو خەفەتم بۆ بخۆی؟!.. خەفەت بخۆی بۆ ئەو ژنەی مرد و پێیوابوو من (ژنتم)؟.. ئایا بەتەنیا دەمرین عەزیز..؟ بەڵێنم پێدای تەنیا نەمریت، کەواتە بۆچی بەجێمدێڵی تەنیا بمرم؟!..

* * * *

هێشتا ئەو شەوەم لەبیرە کە هەیفـا (ئازارگرتی).. ئەو توشی سکئێشەیەک ببوو و پێویستی بە ئازارشکێنێک هەبوو.. سەخت بوو بێینە دەرەوە، چونکە لە سەعاتەکانی سەرەتای بەرەبەیان نزیکدەبووینەوە..

پەیوەندیم پێوە کردی: هەڵسە عەزیز..
بە دەنگێکی بارگران وەڵامتدامەوە: جومانە!.. چی بووە..؟
دەتوانی ئازارشکێنێکم بۆ بهێنی..؟
ئێستا..؟
بەڵێ، ئێستا..
سەلامەتیت ئازاری دڵم.. چیتە..؟
من نەخۆش نیم..
ئەی کێ نەخۆشە..؟
بە واقوڕمانەوە وەڵاممدایتەوە: ئممم.. هەیفا.. هەیفا نەخۆشە..
باشتر!
خۆشەویستەکەم: گوناهتدەگات.. ئەو بێچارەیە نەخۆشە..
ترست نەبێت.. ئەو جنۆکەیە..
خۆشەویستەکەم تکات لێ دەکەم..
جومان!.. پێتوایە لەم کاتە درەنگەی شەودا لە خەو هەڵدەستم، هەتاکو ئازارشکێن بۆ هەیفا بهینم!
لەبەر خاتری من دەرمانەکەی بۆ بهێنە!
نەخێر ئەوە ناکەم!.. هەیفا خۆی لەو شتانە هەڵدەقورتێنێ کە پەیوەندییان بەوەوە نییە و پەیوەندیی نێوانمان تێکدەدات..
بەسووربوونەوە پێموتی: باشە، کەواتە خۆم دەچم دەرمانەکەی بۆ دەهێنم..
بەتوڕەییەوە وەڵامتدامەوە: جومانە!.. لەم کاتەی شەودا ناچیتە دەرەوە..
ئەگەر دەرمانەکەی بۆ نەهێنی، ناچاردەبم خۆم بیهێنم..
باشە، دەرمانەکەی بۆ دەهێنم.. ئای خوایە کەی لەدەست ئەو کچە ڕزگارم دەبێت!..
لەکاتی چاوەڕوانیمدا بیرم لێ دەکردیتەوە.. سەرگەرمی ئەو پیاوە بووم کە بەو نیوەشەوە لە خەو هەڵساوە، هەتاکو دەرمان بۆ ئەو دەستەخوشکەم بهێنێ (کە ڕقی لێیەتی)، لە ترسی ئەوەی بەتەنیا نەچمە دەرەوە.. ئەو ڕەفتارە پیاوسالارییە (زۆر سادەیەت) مێیەتیی دەهەژاندم عەزیز..
تەلەفونت بۆ کردم: جومان، لەبەردەرگام، دەرگاکەم لێ بکەرەوە..
بە قژێکی بژ و دوو چاوی ماندووەوە پاڵت بەدیوارەکەوە دابوو و تەلەفونەکە

بە گوێتەوە بوو.. بەبێ ئەوەی تەلەفونەکە لە گوێم دووربخەمەوە وتم: بۆچی زەنگت لێ نەدا..؟

ترسام هەراسانتان بکەم..

من چاوەڕوانت بووم..

قوتوی دەرمانەکەت دامێ و وتت: با دوو حەب بخوات.. بەشکم بمرێ و بحەسێینەوە!..

سوپاس عەزیز.. تۆ (مێردی منی)..

زەردەخە گرتتی: مێردەکەت شایستەی پاداشتێک نییە..؟

بۆچی بە تەلەفون قسەم لەگەڵ دەکەیت، لەکاتێکدا لەبەردەممدا ڕاوەستاوی..؟

نازانم! هەوڵدەدەی ڕەوتی ئاخاوتنەکە بگۆڕیت؟! ئایا کوپێک قاوەم پێ ڕەوانابینیت..؟

کات درەنگبووە..

تۆزێک چەمایتەوە و ناوچەوانمت ماچکرد: باشە، شەوباش..

شەوباش..

ماچم ناکەیت..؟

چیی..؟

گەمژە، لەسەر تەلەفونەکە ماچم بکە!

پاش ئەوەی دەڕۆیت..

نەخێر ئێستا..

پێکەنیم: ناتوانم..

Common!

No!

دەستت بەسەر پرچمدا هێنا: باشە، شەوباش.. لەبیرت نەچێت دەرگاکە دابخەیت..

تەلەفونەکەم داخست و چوومە ژوورەوە بۆ لای هەیفا، کە بەدەست ئازارەوە تلیدەدا: هەستە هەفە، ئازارشکێنەکەت بخۆ..

ناشێت تۆ چوبیتە دەرەوە و دەرمانەکەت هێنابێ..؟

نا هەیفا.. عەبدولعەزیز بۆی هێنای..

دەترسم هۆشبەر بێت!..

هەیفا.. ئەوە پاداشتی ئــەو کوڕەیــە کــە لە خــەو هەڵساوە بۆ ئەوەی دەرمانت بۆ بهێنــێ..؟

خۆ ڕێگەت پێ نەدا بێتە ژوورەوە!..

نا کچێ لە بەردەرگا لێم وەرگرت..

خوا خۆشیویستین نەهاتە ژوورەوە و دەستدرێژیی نەکردە سەرمان!..

هەیفا!.. بیبڕەوە.. ڕێگەت پێ نـادەم.. ئــەوە بەس نییە دەرمانەکەی بۆ هێناویت و ئەو ئەرکەی لەکۆڵ من کردەوە..

دڵنیایت کە ئازارشکێنە..؟

هەیفــا!

باشە وا دەمم داخست!

نامەیەکم بۆ ناردی: خۆشەویستەکەم، هەیفا بۆ دەرمانەکە سوپاستدەکات..

وەڵامتدامەوە: توخوا! سوپاسی ئەوم ناوێ..

ئاوڕم لە هەیفا دایەوە و پێموت: هەیفا.. عەبدولعەزیز نامەیەکی ناردوە هیوای چاکبوونەوەت بۆ دەخوازێ..

وەڵامیدامەوە: خوا چاکی بۆ نەکات..

ئەو شەوە دەم بەپێکەنین و بەدڵی مەستەوە خەوتم عەزیز.. ئای ڕازیکردنم چەند ئاسان بوو.. ئای تۆش چەند سادەبوویت!

* * * *

لەلای پەنجەرەکە ڕاوەستابووم و سەرم پێوە نابوو، دەمڕوانییە ئەو بارانەی بە نەرمی دەهاتەخوارەوە.. تنوکەکانی بە لێخۆشبوون دەچون و هەوڵیاندەدا ڕۆحم بشۆنەوە، کەچی بەر شوشەی پەنجەرەکە دەکەوتن و لێخۆشبوون دەتوایەوە.. ئای چەند منت گۆڕیوە عەزیز، بوومەتە ژنێکی تر.. سەیرە خۆم دەکەمە (ژن)، لەبری ئەوەی (کچ) بم.. پێش یەکترناسینمان هەمیشە کچ بووم، کەچی لە ڕێگەی تۆوە بوومەتە ژن، تەنیا بەهۆی تۆوە هەستدەکەم ژنێکی کامڵم و تۆزقاڵێکم کەم نییە.. بەڵام بیری کچبوون دەکەم، ئەو کچەی بەخۆشی دەژی و لە خۆشەویستیدا خەم ناناسێ!

دەڵێی من (لە زۆربڵێیدا باشم!).. بەڵام لەو ڕۆژەوە کە جێتهێشتووم و ژنێکی (کامڵترت) هەڵبژاردوە، دەستم لــە زۆربڵێی هەڵگرتــوە.. پیتەکانم

کاڵبوونەتەوە، ڕەنگەکانم تواونەتەوە، تەنانەت بوومەتە پاییزێکی خەمبار.. گشت خەونە گەورەکانم مردن، هەموو خەونەکانم مردن، ئەی گشت خەونەکانم!
هەمیشە لەوێ بوویت، لەناو خەونەکانمدا.. پیاوانە گەمەتدەکرد کە هەر لەخۆت دەهات!.. وەک ئەوەی هەر لە نێروزەییەوە خوڵقابیت.. هەمیشە بە لەخۆباییبوون و خۆبەزلزانین و متمانەبەخۆکردنەوە لوتبەرزبوویت بەرامبەرم.. بەڵام لە ساتەوەختە کەمەکانی خەمباریتدا، ڕەشبینیت زیاتردەبوو، هەڵەکانت تاریکتردەبوون.. لە کاتی خەمباریدا زۆر هەڵەدەکەی عەزیز.. بێوێنە هەڵدەچیت.. کەچی من لە ساتەوەختەکانی خەمباریمدا وەک چۆلەکە دەچمەوە خۆم.. هەستدەکەم خەفەتێکی دڕندە زەوتمدەکات عەزیز.. تۆش دەزانیت کە من لەوەوە لاوازترم بەرگەی خەفەتێکی وەها بگرم..
خۆزگە دوور لەتۆ ژیانێکی نوێم دەستپێدەکرد عەزیز.. بەڵام هەردووکمان لێک دەچین.. ئێمە پێکەوە نەنووساوین عەزیز، بەڵکو لێک ئاڵاوین، لقەکانمان ئاڵۆزکاون و بەجۆرێکی ئالۆز بەناویەکدا چوون، سەختە ئەو لێک ئاڵانە بکرێتەوە.. بەپەرۆش نەبووم بۆ ئەوەی بەوشێوەیە بین عەزیز، بەڵام ئەوە بەشێکە لە قەدەرەکەمان.. ئەو قەدەرەی هەمیشە گوناهی ئارەزووەکانت دەخەیتەئەستۆی.. قەدەری ئێمە (کەشتییەکی وێرانە) بەشێوەیەکی بێ ئاراستە و بەهەڕەمەکییەکی بێئەندازە ڕێگەی خۆی دەبڕێ.. کەشتییەک کە لە کاتی باوبۆراندا لەنگەری لەدەســتداوە و جڵەوی لە دەستت سەندوەو ناتوانی سەرلەنوێ زاڵبیتەوە بەسەریدا.. بەوجۆرەش سوکانەکەی سوڕاوە و ژیانمان لەگەڵیدا وەرچەرخاوە!..
هەستم بە خەفەت و خەمباری کرد.. نەمزانی چۆن ژنتهێنا و چۆن ئەوە ڕووی دا.. خەفەتباربووم بە ناکۆکبوونمان.. خەفتم خوارد بۆ ژنهێنانەکەت، بەڵام لە مانای ئەم-ژنهێنانەت- تێنەگەیشتم!.. لەوە نەگەیشتم چۆن ژنێکی تر دەبێتە (هاوسەرت)؟.. ئایا دڵت جگە لە من ئازارێکی تری ناسیوە؟!.. ئایا ژنەکەت لەبری من بۆتە (ئازاری دڵت)؟ ئایا خستوتە سەر سنگت عەزیز.. بردوتە بۆ ماڵەکەم؟! هەمیشە پێتدەوتم سنگت ماڵی منە، کەواتە چۆن ژنێکی تر لە ماڵەکەی مندا نیشتەجێدەکرێت..؟
عەزیز دەمەقاڵێکەمانت لەیادە کە دوو شەو ونبوویت؟!.. تەلەفونەکەت داخستبوو و هیچ کەس نەیدەزانی لەکوێی، خەریک بوو شێتبم!.. بیانوی ئەوەت بۆ دیارنەمانەکەت هێنایەوە، کە لای هاوڕێیەکت بوویت و تەلەفونەکەت

لە ماڵەوە لەبیرچووە.. ئەو ڕۆژە لێت تووڕەبووم و پێموتی ڕقم لێتە و چیتر بەرگەی ئەگەری هەڵخەڵەتاندنت ناگرم.. لەبەردەممدا کەوتیتە سەر ئەژنۆو بەگریانەوە دەستت ماچکردم: جومان، سوێنددەخۆم بەوەی چاوەکانتی خوڵقاندوە، لێوەکانم جگە لە تۆ تامی کەسی تری نەکردوە.. ئەگەر تۆ حەوسەڵەت لەگەڵمدا نەبێت، ئەی کێ دەیبێت!..

بێسودە!..

دان بەخۆتدا بگرە «بەیبی» دان بەخۆتدا بگرە.. ڕۆژێک دێت ئەو دان بەخۆداگرتنەت بۆ قەرەبووبکەمەوە، ڕۆژێک دێت هەمووشتێکت بۆ قەرەبووبکەمەوە.. بڕوام پێ بکە..

زۆر دانم بەخۆمدا گرت!.. خۆزگە ئەوەم نەکردایە..

هەیفا ئەو شەوە پێیوتم: جومانە لە کۆڵ خۆتی بکەرەوە.. چی لە یەکێک چاوەڕوان دەکەیت کە هەموو ڕۆژێک لەبێژنگت دەدات و دڵت دەسوتێنێ..؟

وەڵامدایەوە: ئاخر ئەو بەڵێنی داومەتێ ڕۆژێک قەرەبووم بۆ دەکاتەوە!..

قیژاندی: قەرەبووی چیت بۆ دەکاتەوە؟.. پێم بڵێ قەرەبووی چیت بۆ دەکاتەوە؟!.. شکۆمەندیت پێدەبەخشێت یان ئابڕوچوون؟

ئایا هەیفـا ڕاستدەکات عەزیز؟.. ئەوە (قەرەبووەکەتە) بۆ من..؟!.. ئایا ژنهێنان و جێهێشتنم (قەرەبووەکەیە)..؟ زۆرجار بەڵێنت پێدەدام قەرەبووی هەر ساتەوەختێکی خەفەتخواردنم بۆ دەکەیتەوە کە بەهۆی تۆوە توشم بوە، کەچی بەڵێنەکەت نەبردە سەر.. ئایا ئازارێک بە ئازارێکی زیاتر قەرەبوودەکەیتەوە ..؟

پەنجەی دۆشاومژەت خستە سەر لاجانم و وتت: ئەو (قتوەی) ناو سەرت بخەرەکار، کە لای هەندێک کەسی تـر پێیدەوترێ (مێشک)، ئەوساکـە دەزانی چۆن بۆتی قەرەبوودەکەمەوە!..

بەڵام ئەو کاتە (قوتووە ئاسنینەکەی) ناو سەرم، کە لای هەندێک پێیدەوترێ (مێشک)، خیانەتی لێ کردم و وام زانی قەرەبووەکە ژیانێکە پێکەوە بەسەریدەبەین.. بەڵام هەرگیز ئەوە ناکەین..

* * * *

چەند ڕۆژێک نەهاتمەوە بۆ زانکۆ.. سڵم لە دیدارت دەکردەوە.. دەترسام

ڕووبەڕووی نیگاکانی هاوەڵەکانمان ببمەوە، لە زۆر مەسەلە دەترسام.. زیاد تەلەفونی بۆ کردم: جومانە، چی بووە..؟

مەبەستت چییە زیاد..؟

مەسەلەی نەهاتنەوەت بۆ زانکۆ.. چ بەخۆت دەکەیت..؟!..ئایا دەستبەرداری هەمووشتێک دەبێت، کە لەپێناویدا ماندووبوویت..؟

نا زیـاد.. بەمزوانـە دەگەڕێمـەوە.. بەڵام مانـدووم.. پێویستم بەوەیـە چەند ڕۆژێک پشوبدەم..

You are strong enough.. don`t worry.. we will be with you..

دەزانم، بەڵام نامەوێ کەس ببینم..

Believe me you can.. trust me Jumanah..

جارێ ئامادەنیم!..

ئەگەر هەوڵ نەدەیت، هەرگیز ئامادەنابیت.. لە هیچ مەترسە.. بەشێکی گەمژانە بوو لە ژیانت و کۆتاییهات..

ئممم، نازانم!..

سبەینێ چاوەڕوانتدەکەین.. من و هیفا لەگەڵتدا دەبین.. نیگەران مەبە..

هەوڵدەدەم..

هەوڵا نادەیت.. بەڵکو ئەوە دەکەیت..

زیاد..!.. عەزیز گەڕاوەتەوە..؟

تۆزێک بێدەنگ بوو، وتی: نامەکەیت پێ نەگەیشتووە..؟

بـا..

کەواتە دەبێت گەڕابێتەوە..

باشـە..

جومانە، عەبدولعەزیز لەبیربکـە.. داوات لێ ناکەم ئێسـتا لەبیر خۆتی بەریتەوە، چونکە دەزانم سـەختە کارێکی وەهـا بکەیت.. بەڵام بوونی فەرامۆشبکە، پشتگوێیبخە..

دەترسم هەرەسبهێنم..

بەڵێنت دەدەمێ هەرەس ناهێنی.. ئێمە لەگەڵتدا دەبین..

باشە، سبەینێ دەتبینم..

بەدرێژایی شەو لە پێخەفەکەمدا ئەمدیو و ئەودیوم کرد، نەمتوانی بخەوم.. زۆر گفتوگۆی درێژخایانم دارِشت و گەلێک ڕووداو بەخەیاڵمدا هاتن، دۆشداماو

بووم.. ڕووداوەکانی پێشوو وەک خەون هاتنەوە پێش چاوم، هەستمکرد یارییەکم.. یارییەک کە کۆتاییدێت و هەمووشتێک وەکو جارانی لێ دێتەوە.. هەسمتکرد هێمنم، ئەگەرچی دڵنیایم لەدەستدابوو.. توڕە و دڵشکاو و ترساو و خەفەتبار و ئازاردراو بووم، کەچی سەرباری ئەو هەموو ئازارە هێمن بووم.. چاوەڕوان بووم شتێک ڕووبدات!.. هەموو ڕۆژێک بەدەم چاوەڕوانیی ڕوودانی شتێکەوە خەبەرمدەبۆوە.. شتێک کە کۆتایی بەو هەموو ئازارە بهێنێ، وەک نەشتەرگەرییەک کە دومەڵێک دەردێنێ و لەش چاکدەبێتەوە و ئازارەکە کۆتاییدێت..

کاتێک ڕۆژبۆوە، ئەنجامی بیرکردنەوەی زۆر چاوەکانم لێکنا.. سەعات هەشت هەیفا بێداریکردمەوە، پێموت ماندووم و ناتوانم بێم.. نزیکەی نیو سەعات قیژاندمان بەسەر یەکدا (هەڵسە!.. نایەم.. وتم هەڵسە!.. منیش وتم نایەم، هەتاکو کەی؟!.. تۆ هەقت نەبێت بەسەرمەوە!..)..

هەیفا، پاش قیژەقیژ و سەرزەنشتکردن، لە ژوورەکەم چووە دەرەوە.. لەسەر دەنگی زیـــاد بەئاگاهاتمـــەوە، چاوەکانم کردەوە، بینیم هەیفا تەلەفونەکەی بەدەستەوەیە و خستویەتیە سەر بڵندگۆکەی..

Hello!.. Jumanah!

ئەم کاتەت باش

What is wrong lady?!

هیچ شتێک، تەنیا ماندووم..

Wake up lady..!.. did you forget your promise?

No, I didn`t!

So?

سبەینێ دێم بۆ زانکۆ.. ئیمڕۆ توانای ئەوەم نییە پێخەفەکەم جێبهێڵم زیاد..

جومانە.. ئێستا لە پێخەفەکـــەت وەرە دەرەوە.. ئەگینا داوا لە هەیفـــا دەکەم لە پێخەفەکەت دەربهێنێ..

نا نا.. پێویست بەوە ناکات.. لەوێ دەتبینم..

Good girl

هەیفا نائومێدانە وتی: شـــادمانم بـــەوەی سڵم لێ دەکەیتەوە!.. خێراکـــە با دوانەکەوین..

نەمتوانی ئوتومبیلەکە لێبخوڕم، بۆیە هەیفا لێیخوڕی.. لە ڕێگە پێموت..

هەیفا!.. چی بکەم ئەگەر بینیم؟..
هیچ مەکە.. خۆت گێل بکە!..
عەیب نییە..؟
سوێندت خواردوە لە خەفەتدا بمکوژی؟!.. چی عەیبە..؟!.. عەیب ئەوەیە کە بەخۆتی دەکەیت..
کاتێک گەیشتین لێدانی دڵم خێرابوو، هەستمکرد خەریکە هاوسەنگیی خۆم لەدەستدەدەم و لەبەرچاوی هەموان دەکەوم.. چەند کرا هەڵمدا سروشتی دەربکەوم.. بینیم لەگەڵ زیاد دانیشتویت.. ڕاستەوخۆ سەیری منت دەکرد، هەستمکرد تیرێکی ژەهراوی لە دڵی دام!.. خۆم گیلکرد، وەک ئەوەی نەمدیبی..
هەیفا چرپاندی: زایۆنیستەکە لێرەیە...!.. سەیری مەکە..
پێموت: دەزانم..
ئای چەند بێئابڕووە!..
وا خۆم نیشاندا پێدەکەنم، دەستی هەیفام ڕاکێشا.. بەدوای جێگەیەکدا دەگەڕاین هەتاکو دابنیشین.. زیاد هاواریکرد: هەیفا، جومانە!
ئاوارم لێ دایەوە، تۆ لە تەنیشتییەوە بوویت.. پاڵتدابۆوە و سەیری منت دەکرد و قەڵەمێک بەدەستتەوە بوو یاریت پێ دەکرد.. لەبیرتە عەزیز، ئەوە ئەو قەڵەمە بوو کە پێشکەشم کردبوویت؟.. ئایا هەتاکو ئێستا ئەو قەڵەمە ئیلهامت پێ دەبەخشێت؟.. جارێکیان پێتوتم، تەنیا بەو قەڵەمە باش دەنووسیت!.. بەهۆیەوە بیرۆکەکان هروژمدێنن.. پێتوتم یەکەمین ئیلهامبەخشە بۆ نووسینی وتارەکانت..
بەدەست سڵاوم لێ کردن..
زیاد پەنجەی بۆ دوو شوێنی دانیشتنی تەنیشت خۆیان ڕاکێشا: فەرموون..
هەیفا وتی: سوپاس زیاد.. موحازەرەمان هەیە..
پێموایە موحازەرەکەتان سەعات نۆیە!.. چارەکە سەعاتێکتان بەدەستەوەیە.. حەزدەکەین لە ڕیزەکانی پێشەوە دابنیشین..
زیاد بەشۆخییەوە: بۆچی پێشەوە..؟!.. چاوتبڕیوەتە دکتۆرەکە..؟
بەڕاستی کریس مرۆڤ دەکاتە دێوانە..
دەترسم تەنیا هەر شوو بەو بکەیت!..
هەیفا وتی: نا چاوەکەم.. بۆچی وادەزانی من وەک ئەوانی ترم..!..

کاتێک هەیفا هەندێک نامەی توانجی تێدەگرتی، وەک عادەتی جارانت ناوچەوانت گرژنەکرد..!.. وەک ئەوەی گوێت لێ نەبووبێ..

زیاد بەنەرمی کۆکی، هەتاکو ئاڕاستەی ئاخاوتنەکە بگۆڕێت:

Good to see you Jumanah

Good to see you too Ziyad

عەزیز بەدەنگێک، کە بە چرپە دەچوو، وتی: جومان!.. چۆنیت..؟

باشم عەبدولعەزیز.. تۆ چۆنیت..؟

عەبدولعەزیز!!.. لە چ کاتێکەوە پێمدەڵێی عەبدولعەزیز جومان..؟

لەسەر کورسییەکە ڕووخام و دەستم بە گریان کرد، وەک منداڵێکی ترساو قیژاندم، هەموو هێــز و خەونەکانم، لەگەڵ سەرتاپای لەشم لەسەر کورسییەکی کۆن و لەبەرچاوی دەیان کەس ڕووخان.. لە توڕەیی، خەفەت، لاوازی، ترس و گلەییدا... دەگریـام..!..

گریانەکەم گلەیی بوو!.. زیاتر لە هەرشتێک گلەیی بوو.. گوێم لە دەنگی زیاد و هەیفا و خەڵکی تر بوو.. دەنگ و وشەی زۆر کە لە ماناکانیان تێ نەدەگەیشتم!.. تەنیا هەستم بە سنگ و گەرموگوڕیی تۆ دەکرد.. بەتوندی بەسنگی خۆتەوەت نووساندبووم.. ئەگەرچی سەیرم نەکردبووی، بەڵام هەستمدەکرد ئەوە سنگی تۆیە.. گەرموگوڕییەکی وەها کە تەنیا بە گەرموگوڕیی ماڵی خۆم دەچوو، ئەو ماڵەی ئێستا ژنێکی تری تێدایە.. ئەو سنگەی لــە گەرمەی خۆشەویستییەکەماندا باوەشی بۆ نەکردمەوە، کەچی پاش ئەوەی ژنێکی تری لەئامێزگرت لەباوەشم دەگرێت.. ژنێک کە پێیدەڵێی (هاوسەرەکەت).. ئەو ژنەی ئەم سێ هەفتەیەی دوایی لە باوشتدا بووەو لەســەر سنگت بووە...!.. چاوم بە کراسە سپێکەتدا هەڵهێنا کــە فرمێسکی ڕەشم پیسیکردبوو.. بە گوێچکەمــدا دەتچرپاند و بەتوندی ڕاتدەکێشام (ببورە بەیبی.. ببورە دنیاکەم.. بەخوا داوای لێبوردن دەکەم بەیبی..).

بەسەر سنگتەوە دەمقیژاند: بۆچی.. بۆچی.. پێم بڵێ بۆچی؟!.

هەستمکرد بە فرمێسکی خۆت ناوچەوانم تەڕدەکەیت: ئازاری دڵم!.. ئارامبە بەیبی... ئارامبەرەوە!..

هەردوو چاوم نوقاندبوو و گوێچکەم لەسەر دڵت بوو.. لێدانی دڵت زۆربوو، هەناسەکانت خێراتربوون، بەتوندی باوەشت پیادا کردبووم، وەک ئەوەی

بترسیت لەدەستت ڕابکەم.. دەنگی هەیفا بەرزبۆوە، وەک ئەوەی لە خەوێک بێدارمبکاتەوە: جومانە!.. جومانە!..

چاوەکانم کردەوە و هەستمدەکرد گڕیانگرتووە.. هەیفا سپی هەڵگەڕابوو، لەگەڵ زیاد لەسەر زەوی لەبەردەممدا دانیشتبوون، منیش لەسەر سنگی تۆ بووم: جمون.. با بچین بۆ نەخۆشخانە..

بەدەم (ناڵاندنەوە) سەری خۆم ڕاوەشاند.. پیتەکانم نەیاندەتوانی لەنێوان لێوەکانمەوە بێنە دەرەوە، زمانم قورس بوو.. وشەکانم پرتەوبۆڵەبوون..

زیاد وتی: عەبدولعەزیز!.. با کچەکە بەرین بۆ نەخۆشخانە.. هەتاکو شتێکی لێ نەهاتوە..

تۆزێکی تر ئارامدەبێتەوە.. وازی لێ بهێنن تۆزێکی تر ئارامدەبێتەوە..

هەیفا بەتوڕەییەوە قیژاندی بەسەرتدا: چۆن تۆزێکی تر ئارامدەبێتەوە..؟.. نابینی لە چ دۆخێکدایە..؟!.. دەبێت لەناو دەستتدا بمرێ، بۆ ئەوەی ئاسوودەبیت..

وەڵامت نەدایەوە.. پشتگوێتخست و چرپاندت بەگوێمدا: ئارامبە بەیبی، ئارامبە..

هەستم بەدڵنیاییەک کرد، کە چەند هەفتەیەکی درێژخایان بوو هەستم پێ نەکردبوو.. لەسەر سنگت چاوەکانم لێکنان، هەستمکرد ئەگەر بێداربمەوە هەمووشتێک وەک خۆی لێ دێتەوە.. وەک وەئاگاهاتنەوە لە خەوێکی ناخۆش.. لە نەخۆشخانە خەبەرمبۆوە، بینیم لە تەنیشتمەوە دانیشتویت.. نەرمونیان وەک خۆشەویستەکەی جاران، دەستت بەرزکردمەوە هەتاکو ماچی بکەیت، ئەڵقەی هاوسەرگیرییەکەت لە پەنجەتوتەتدا بریسکایەوە!..

* * * *

لەوە تێناگەم چۆن (وشە)، تەنیا وشە، دڵمان دەگوشێت.. کاتێک بە وشەیەک یان دوان (پیامدا هەڵدەدەی) مەستدەبم.. لەوانەیە نەزانی عەزیز، چەند سەختە لەو مەستییە دەرمبهێنی!..

هەندێک جار لە موحازەرەدا، وەک هەرزەکارێکی خەیاڵپڵاو، خەیاڵم بەدەم نووسینی ناوەکەتەوە لەسەر کاغەز دەڕوات.. هەرزەکارێک کە توانای هیچ بیرکردنەوەیەکی نییە، جگە لە بیرکردنەوە لە سوارچاکێکی خەیاڵپڵاو، کە

بوونی نییە تەنیا لە خەیاڵی خۆیدا نەبێت.. من لــە تــۆدا نقومم!.. هەتاکو گوێچکەکانم نقومم..

کاتێک لە سەعاتەکانی شەودرەنگانێکدا پێکەوە بە تەلەفون سەعیدەکەین، ئەو سەعاتانەی تیایاندا دیدار سەختدەبێت.. پێکەوە دەست بەپیاچوونەوە دەکەین، بەبێ ئەوەی هەستبکەین ســەرقاڵدەبین بە گفتوگۆیەکی یەکجار دوور لە دێڕە زانستییە سارد و سڕەکانەوەو بەرەو ناوچەکانی تر دەڕۆین.. ناوچە گەرموگوڕەکانی عیشق، کە بێجگە لە هەردووکمان، کەس پەی بە ڕێگەکانیان نابات.. پێش ئەوەی بخەویت زۆر ماندووتدەکەم.. هەمیشە من لە بێدارییەکی مەستدام، تۆش وەنەوزەی خەوبینین دەدەیت.. ئاخاوتنی درێژخایان بەتەلەفون ماندووتدەکات، بەپێچەوانەی منی ژنــەوە، کە دەڵێیت (چەنەبازێکی باشی).. هەمووشەوێک خۆت بەدەستەوەدەدەیت و هەوڵدەدەیت کۆتایی بەپەیوەندییە تەلەفونییەکە بهێنی.. بۆیە ئەوەم پێدەڵێی، کە حەزدەکەم گوێم لێی بێت..

عەزیز..!.. حەزدەکەیت بخەویت..؟

زۆر، من شەکەتم..

هەندێک قسەی خۆشم پێ بڵێ هەتاکو بخەوین!..

تۆ مانگی منی..

چیتر؟

تۆ تەمەنی منی..

ئێ؟

باویشک دەدەیت: تۆ ڕۆحی منی..

چیتریش..؟

بە ماندوویێتی و بێزارییەوە: تۆ شازادە، ڕووناکــی، ژیــان، دڵ، چاوەکان، بەرەبەیان و داهاتوی منی!..

لەسەرخۆ!.. یەک یەک!..

جماااان.. من ماندووم.. با ئیتر بخەوین..

دواشتم پێ بڵێ، هەتاکو بخەوین!..

ئممم.. تۆ خۆشەویستی منی..!.. تۆ بەیبیی موڵکی خۆمی..

هەمیشــە من (هی تــۆم).. هەمیشــە من (موڵکی تــۆم).. نازانم بۆچی تۆ (هی من) نیت، نازانم بۆچی تۆ (موڵکی من) نیت.. جارێک پێموتی: خۆ تاپۆی موڵکایەتیم بۆ دەرناهێنی..؟

وەڵامتدامەوە: با، سـەنەدێکت بۆ دەردێنم..!.. سـەنەدی هاوسەرگیری، سەنەدی موڵکایەتی!..

بە (یەکێک لە موڵکە) دانپیانراوەکانی خۆتم دادەنێیت، لەکاتێکدا (ئەوپەڕی ئاواتم) ئەوەیە ببمە (هەموو موڵکەکانت)..

لەبیرمە.. لە بازاڕ پێکەوە شتمان دەکڕی، پیاوێکی زۆر قۆز لێم نزیکبـۆوە و بەبێ بەرامبـەر بە قسـەی خۆش پیایداهەڵـدام.. تۆش بە زەردەخەنەوە پێتوت:

Dont try sir, she is mine..!

ئەوکاتە ڕستەکەتم بەوپەڕی شاعیرانە دانا.. هەستمکرد لە دەریای خودی خۆشەویستیدا نقومبوویت، ئەو دەریایەی لە ڕۆژی ناسینتەوە لە قوڵاییدا دەژیم.. بەڵام ئیمڕۆ دەرک بەوە دەکەم ئەو ڕستەیەت (بەسووک تەماشاکردن) بوو.. هەمیشە هەستت بەوە کردوە من موڵکی تۆم و بەبێ تۆ ژیانم نابێت.. لەوەشدا لەسەر هەق بوویت..

چاوەکانم کردەوە، بینیم لەسەر قەراغی قەرەوێڵەکە دانیشتویت و دەستم ماچدەکەیت.. هەیفا لە تەنیشتمەوە ڕاوەستابوو.. ورتەورتی لێوە دەهات و لە مانای وشەکانی تێنەدەگەیشتم... جارێکیان، پاش چاکبوونەوەم لە پەتای (جەژنەکان)، پێتوتم! ڕێگەم نادەیت سەرلەنوێ بێمە نەخۆشخانە.. تەنیا بۆ لەدایکبوونی منداڵەکانت لەسەر قەرەوێڵەی سپی پاڵدەکەومەوە..

کەچی ئەوەتا بەهۆی تۆوە توشـی پەتای تـۆ بـووم!.. بەبێ هیچ منداڵێک، کوڕ یان کچ، لەسەر قەرەوێڵەی سپی ڕاکشاوم!..

عەزیز..

ڕۆحی عەزیز؟

بۆچی..؟

دەستت بەسەر قژمدا هێنا و چرپاندت: وس س س س.. ئارامبە بەیبی..

بۆچی..؟

ژیانی من!..

بۆچی..؟

لەسەر کورسیی تەنیشت قەرەوێڵەکە دانیشتی، پەنجەکانی هەردوو دەستت خستە سەر دەموچاوت و چرپاندت: چونکە خۆشمدەوێی..

قیژاندم بەسەرتدا: بۆچی..؟

بەدەم گریانــەوە هاوارتکــرد: چونکــە پڕوپوچم!.. شێتم..!.. کوڕی شەست و شەش سەگم، تەنیا تۆ زویرمەبە..!.. توخوا زویرمەبە..

فرمێسکم هاتەخوارەوە، دەستتگرتم و خستتە سەر ڕوومەتی تەڕت: خوا بمباتەوە!.. خوا بمکوژێ، بۆ ئەوەی تۆ بحەوێیتەوە.. بەخوا گومان خەریکبوو شێتم بکات.. ترسام، بەخوا زۆر ترسام..

قیژاندم بەسەرتدا: بیانوی ترســی خۆتم بۆ مەهێنــەرەوە، بەســە ئــەو هەموو درۆیە..

من ئامادەم جێیبهێڵم.. دەرفەتێکم بدەرێ با سەرلەنوێ دەستپێبکەینەوە.. من و تۆ بۆ خۆمان.. مەحاڵە بۆ یەک نەبین..

هەیفا وتی: ئەی ژنەکەت..؟

هاوارتکرد: تەڵاقیدەدەم.. ئێستا تەڵاقیدەدەم.. ئەمشەو تەڵاقیدەدەم..

هەیفا وتی: بەخوا هاوسەرگیری لەلای تۆ گەمەیە.. بە پەیامێک ژندەهێنی و بە یەکێکی دی تەڵاقیدەدەیت..

گوێت پێ نەدا: جومان.. من دەزانم هەڵەمکردوە.. بەڵام چارەنووسمان ئەوەیە گەورەبین، شوو بەیەک بکەین و پێبگەین..

بۆچی ڕێگەتدا ئەو هەمووشتە ڕووبدات، هەتاکو بیر لەوە بکەیتەوە شوو بەیەک بکەین..؟.. بۆچی عەزیز؟؟؟

قیژاندت: پێموتی ترسام!..

هەیفا: ژنێکی ترت هێنا، هەتاکــو گرێی ترســت بکرێتەوە و دواتــر ئەم بهێنی، وانییە..؟

ئاوڕت لێ دایەوە و بە پاڕانەوەوە پێتوت: هەیفا بەسە!.. خوا ئاگای لێت بێت.. با خوێن نەمگرێ..

من ماندووم.. نامەوێ قسەت لەگەڵ بکەم..

پێویستە گوێم لێ بگریت..

هەیفا وتی: گوێت لێ نەبوو کچەکە چی وت..؟!..

بەترس و پاڕانەوە تێتدەڕوانیم.. شتێکم لە چاوەکانتدا بەدیکرد، کە لەوەبەر نەمبینیبوو.. کەساس و ترسنۆک بوویت.. کتومت وەک من..

دەهێڵم بحەسێنەوە.. دەتوانم سبەینێ قسەت لەگەڵ بکەم..؟

نەخێر..

ناوچەوانت ماچکردم و خواحافیزیتکرد.. هەیفا ڕایگرتی..

کوڕی قۆز..
بەڵێ؟
لەبیرت نەچێت، پێش ئەوەی بچیتەوە بۆ لای خانم کراسەکەت بگۆڕیت..
هەتاکو ئەوە نەبینێ کە پێوەیەتی..
ڕۆیشتیت!.. هەستمکرد ڕۆحم لەگەڵ ڕۆیشتنی تۆدا ماڵئاواییکرد..

❊ ❊ ❊ ❊

هێشتا لە ئاسەوارەکانی هەرەسهێنانەکەی دوێنێ چاک نەببوومەوە.. کاتێک کۆپییەکی ئەو (گۆڤارە) ئەلکترۆنییە هەفتانەیەم پێگەیشت کە تیایدا دەنووسیت.. هیچ ڕۆژێک وتارێکت دەربارەم نەنووسیوە و قەسیدەیەکت ئاراستەنەکردوم.. هیچ ڕۆژێک خۆم لە دێڕێکی شیعری تۆدا نەبینیوەتەوە، لە ڕێگەی تۆوە شتێکم دەربارەی خۆم نەخوێندۆتەوە.. پێموابوو (خۆشەویست) سەرچاوەی ئیلهامی شاعیرە، کەچی ڕۆژێک هەستم نەکرد ئیلهامبەخشی تۆم.. پێدەچێت لەبەرئەوەبووە کە هەرگیز خۆشەویستت نەبووم!..
ماوسی کۆمپیوتەرەکەم دەجولاند و لاپەڕەکانی گۆڤارەکەم هەڵدەدایەوە، چاوم بەناوەکەت کەوت.. نووسەر عەبدولعەزیز قیرلانی.. ناوی وتارەکەشت (خۆشەویستەکەم!) بوو..
من دڵشکاوم.. لەوانەیە نەزانن دڵشکاویی مرۆڤ چۆنە، هیچ کەسێک وەکو ئەو نازانێت چۆن دڵشکاودەبم و مانای دڵشکاوی چییە.. نازانم چۆن بەبێ ئەوە ژیان بەسەربەرم.. ئیمڕۆ سەردانی هەموو ئەو شوێنانەم کرد کە پێکەوە بەسەرمانکردبوونەوە.. ئەو شوێنانەی ئەو حەزی لێیان بوو.. کەچی جیاوازبوون، ئەگەرچی لە کونجەکانیاندا زۆر شتی ئەویان: خۆشەویستەکەمیان، هەڵگرتبوو.. (ئەو) پێیوایە ئێمە جیاوازین، هەمیشە دەڵێت ئێمە جیاوازین، کەچی بەڕادەیەک لێک دەچین کە خەریکە تێی ناگەین.. لەوانەیە لە لقەکاندا جیاوازبین، بەڵام یەک بنەچەمان هەیە، ئەو نازانێت بنەچەمان (یەکە).. (ئەو) بڕوای وایە بەباشی نایناسم، بەبێ ویستی خۆم ئەو بڕوایەی لای منیش دروستکرد.. ئیمڕۆ لە قاوەخانەکە بەبێ ئەو تەنیا دانیشتم.. کاغەز و قەڵەمێکم هێنا و زۆرم دەربارەی نووسی، ناسینی ئەو بەو ئەندازەیە سەرسامیکردم.. خۆشەویستەکەم بیابان نشینە، کەچی

بە تامی قاوە ئاشنانییە! هیچ بەروبومێکی (دەریا) ناخوات.. بە (دەنگی باران) ئارامدەگرێ و لە تورەبوونی هەورەتریشقە دەترسێ، بۆیە هەرشەوێک هەورەتریشقە تورەبێت، لە پێخەفەکەی خۆیدا دەچێتەوە خۆی و تکام لێ دەکات بەتەلەفون لەگەڵیدا بمێنمەوە، چونکە.... (بیرمدەکات)!..

باوەڕی بە بورجەکان و ئەستێرەناسی هەیە، ئەگەرچی ئەو ژنێکی (نیمچە لۆژیکییە).. حەزی لە بۆنی ڤانیلیا و ڕۆنی دارعود، کراس، فەروو، مرواری، شوکولاتەی سپی، فەیروز، ویتنی هیوستن، ئۆپراو Gregorianـەو پێی خۆشە سێ منداڵ و دوانەیەکی لە (من) ببێ.. لایەنگیری (مارسیدیس)ـە، ئەگەرچی ئەو سڵ لە خێرایی دەکاتەوە.. (فۆبیای) شوێنە بەرزەکانی هەیەو بۆنە (قەرەباڵغەکان) دەیشڵەژێنن.. پێیوایە ڕەنگی ڕەش جوانتریدەکات، بەڵام پێموایە بە کراسی سپییەوە وەک خەونێکی فریشتەئاسا دەردەکەوێت.. گوڵە (زەنجەفیل)ی پێ باشە، زەنجەفیل بەگشتی و زەنجەفیلی سپی بەشێوەیەکی (زۆر) تایبەتی.. بەرامبەر بە (خورما) حەساسییەتی هەیە!.. تاقە ژنی بیابانشینی دنیایە کە حەساسییەتی بەرامبـــەر بە (خورما) هەبێت، خۆشەویستەکەمە.. پێیوایە (هونەری وێنەگرتن) و (هونەری نیگارکێشان) پایەدارترین جۆری هونەرەکانن، ئەگەرچی شارەزایان نییە.. باشترین نووسەر بەلایەوە (احلام مستغانمی)یەو غازی (قصیبی)شی وەک نووســەر و دەوڵەتکار خۆشدەوێت. سوارچاکی خەونەکانی (بین ئەفلیک)ی هۆلیودییە، چونکە لە من دەچێت، ئەگەرچی من بڕوام بەوە نییە!.. خەو بەوەوە دەبینێ پێکەوە سەردانی عیراق بکەین و مانگی هەنگوینی لە (موریشیوس) بەسەربەرین و پاشماوەی تەمەنمان لە (بوندوقیە) بژین.. خۆشەویستەکەم دڵسۆزە بۆ شاعیرەکانی عیراق: سەیاب و نازک و بلند حەیدەری.. پێدەچێت خۆشەویستیی عیراقیانەی بەلاوە باشبێت.. عاشقی پەپولەکانە!.. پێیوایە ناسکترین بوونەوەری خوان، بۆیە وەک پەپولەیەکی بچووکی ڕەنگاوڕەنگ دەردەکەوێت.. خۆشەویستەکەم زۆر حەزی لە نامەیە، بەهەموو جۆرەکانیەوە.. کاغەزی، ئەلکترۆنی، تەلەفونی.. خوازیاری خۆشەویستییەکی دەربڕیخوازانەیە، وەک خۆشەویستیی غەسان کەنەفانی بۆ غادە.. بڕوای بە خۆشەویستیی کردەیی ڕووت نییە.. خوازیاری وتەکانە، وەک چۆن عەوداڵی کردارەکانە.. بۆیە دەڵێم!.. ئەمجارە دەڵێم و دەزانم لەوەپێش نەم وتوەو نەم کردوە.. ئایا چاوێک بە بڕیارەکەیدا دەخشێنێتەوە..؟

عەبدولعەزیز کوڕی ساڵح قیرلانی - کەنەدا

دەزانی وات لێهاتوە بەو جۆرە دەنووسیت کە بیری پێ دەکەمەوە!.. ئایا پاش ئەوەی هەمووشتێک کۆتاییهات، بەمن دەچیت؟.. دەڵێن (عاشقەکان) لە یەک دەچن، لەوپەڕی خۆشەویستیدا پێک دەچن! بەهەمان شێواز قساندەکەن، بەهەمان چاویلکە دەڕواننە مەسەلەکان.. کەچی هیچ ڕۆژێک لە من نەچوویت..

ئێستا بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە (لێک دەچووین).. بەڵام (وامان لێهات) لێک بچین، نەک لێک دەچووین..

زۆر خۆشمویستی و زۆر شتم لەپێناوتدا کرد، کەواتە چۆن توانیت سەرەڕای (ئەو) هەموو خۆشەویستییە لێم هەڵبێیت؟ چۆن لەدەستم دەرچوویت!.. چۆن توانیت لە دەستم دەربچیت، کە بە گشت ئەندامەکانی لەشمەوە تێوەت ئالاوم.. دەزانم وەک دڵۆپە جیوە وایت، سەختە بگیرێیت.. بەڵام هەرگیز فەرامۆشم نەکردوی، کەواتە چۆن دەتوانم لێت دووربم!..

خۆزگە دەتزانی ناخم چەند (ڕەشبووە).. خۆزگە دەتزانی چەند ڕقم لە لاواندنەوەیە عەزیز، کەچی لەوکاتەی بە دووریت غافڵکوژتکردوم، هیچ شتێک ناکەم جگە لە لاواندنەوەی خۆشەویستییەکەمان.. تەنیا شتێکی (کەم)م ماوەتەوە عەزیز، زۆر کەم.. ژنێکی وەکو من باش دەزانێت، ئەوەی تیامدا ماوە، پیاوێکی پڕداواکاری وەک تۆ ڕازی ناکات.. ئەو کاتە نەتدەویستم کە لێبوردەیم هەڵدەمژی و ترپەی لێخۆشبوونم لێوە دەهات، کەواتە چۆن بەتارمایی کچێکی خاوەن پەردەی کچێنی قاییل دەبیت، کە بەتاوانی شەرەفپارێزی کوژراوە.. لەسەر هەڵەیەک کە نەیکردوە!..

وای نیشاندەدەم هەموو شتێک (کۆتاییهاتوە)، بەڵام لەناخی خۆمدا وەکو تۆ دەزانم هێشتا کۆتایی نەهاتوە.. چومە ناو لاپەڕەی ڕا و سەرنجەوە لەسەر وتارەکە و بەبێ ناو نووسیم (دەشێت ئەوە بکات)!..

Send..!..

* * * *

تراژیدیای هەزار گرێ بە هەڵەیەک دەستپێدەکات!.. تۆش ئەو (هەڵەیە) بوویت کە بوویتە مایەی سەدان گرێ..

کاتێک سڵت لێ دەکەمەوە و سەبارەت بەتۆ دۆشداماو دادەنیشم، هەروەها لە

بارودۆخەکانی گومانکردنی ماندووکەردا، پێمدەڵێی جومان بیانوو نادۆزمەوە و هیچ شتێک باس ناکەم (بەقسەی دڵت بکە).. منیش بەناچاری بەقسەیدەکەم عەزیز، متمانەم بە دڵێکی لێوانلێو لە خۆشەویستی کرد، کەواتە چۆن چاوەڕوانی دەربازبوون بوویت؟ دەزانی شتی سەیر لەمندا چییە!.. ئەوەیە کە دەزانم ڕێگەکەمان بەرەو کوێ دەڕوات، وەک ئەوەی بروانمە نەخشەیەک، زیاتر لەوەی بە خەیاڵتدا دێت دەزانم مەسەلەکان بەرەو کوێ دەچن.. کەچی بەقسەی دڵم دەکەم، ئەو دڵەی بە چرپە پێم دەڵێ، پێویستە ڕێگەکە هەتاکو کۆتایی تەواوبکەم.. ئەگەرچی ئاگادارمدەکاتەوە لەوەی کۆتایی ڕێگەکە پڕاوپڕی ساڵانی دورودرێژی خۆشەویستی نییە، بەڵام هانمدەدات هەتاکو کۆتایی پیایدا بڕۆم، ئەو کۆتاییەی شایستە نییە!.. دڵم پێم ڕادەگەیەنێ، ڕێگەکەمان زۆر دورودرێژە و پێچەکانی سەختن و هەتاکو هەموو ناخم نەشێوێنی جێم ناهێڵی... نازانم چۆن توانیت بمکەیتە ژنێک، کە ژیانی خۆی بە گەوزان لەناو چڵپاوی نکۆڵیکردندا بەسەربەرێت.. نکۆڵیم لە کردارەکانت کرد، زیاتر لەوەی خۆت کردوتە، سەرەڕای بیانوە ساویلکەکانت بڕوام بە قسەکانت کرد، ناشزانم بۆچی وامکرد!.. وەک ئەوەی لەخشتەبرابم!.. وەک ئەوەی جادوویەکی ڕەشت لێ کردبم و مەحاڵبێت بەتاڵبکرێتەوە.. من نەخۆشم، باش دەزانم نەخۆشم، بێگومان خۆشەویستیم بۆ تۆ تەندروست نییە.. دەمەوێ و نامەوێ ڕزگارم بێت.. جارێک لێم پرسیت: هەتاکو کەی لەم دۆخەدا دەمێنینەوە؟

بەساردییەوە وتت: گوێبگرە..ئاخاوتنەکە تەواوبوو، تەلەفونەکەت داخستەوە..!..

کتوپڕ!.. ئاخاوتنە تەلەفونییەکە بڕا.. بڕیارتدا (لەناکاو) کۆتایی پێ بهێنی و بەبێ دانانی هیچ بایەخێک بۆ (مرۆڤەکەی) بەرامبەرت تەلەفونەکەت داخستەوە!..

لەو ساتەدا پەیامێکم بۆ ناردی.. نووسیم (بۆچی وام پێ دەکەیت؟)..

وەڵامتدامەوە: بەهەوەس!..

بەهەوەس!.. چۆن ڕازیبووم تەمەنی خۆم بەشێوەیەک بەسەربەرم کە بە هەوەسی تۆ بێت! چ تاوانکارێکی عەزیزا!.. جارێکیان کتێبێکم کردە دیاریت (men are from mars.. women are from venus) و داوام لێکردی بیخوێنیتەوە.. پێتوتم کتێبی ئینگلیزی هەستی بێزاریت پێ دەبەخشێت. لە ڕێگەی (ئینتەرنێتەوە) داوای کۆپییەکی عەرەبیم بۆ کردیت و دوای مانگێک لێم پرسیت داخۆ خوێندوتەتەوە، کەچی قەبەیی کتێبەکەت کردە بیانوی

نەخوێندنەوەی، بۆیە پوختەکەیم بە شەش لاپەڕە پێشکەشکردی، کەچی کاتێکت نەدۆزییەوە بۆ خوێندنەوەی.. داوام لێکردی لەپێناو هەردووکماندا بیخوێنیتەوە عەزیز.. لەپێناو داهاتویەکی باشتر و پەیوەندییەکی قوڵتردا.. هەر نەتکرد، وەک ئەوەی کەمتەرخەم بیت بەرامبەر بە سەرتاپای پەیوەندییەکەمان، پێدەچێت کەمتەرخەم بیت بەرامبەر پەیوەندییەکەمان عەزیز!..

هەرجارێک لێک تورە دەبین، هانا بۆ کتێبەکان دەبەم، بەو هیوایەی چارەسەرێک بۆ ناکۆکییەکەمان بدۆزمەوە.. وای لێهاتووە هەموو کتێبەکانی دکتۆر فیل و دکتۆرە فەوزییە دورەیەع و کتێبەکانی بورجەکانم لەبەرکردوە.. پێتوایە شێتم!.. باوەڕەموایە (جاربەجار) وەهام!.. بەڵام (بێچارەیی) وام لێدەکات وابکەم..

لە یەکێک لە خواردنگە عەرەبیەکاندا پیرەژنێکی (کورد) دەست دەخوێنێتەوە و قاوەدەگرێتەوە، جەژنێکیان بانگهێشتی ئەو خواردنگەیەم کردی، تۆ زیاد و محەمەدت لەگەڵ خۆت هێنا، منیش هەیفام لەگەڵ خۆم هێنا.. پێش گەیشتنی ئێوە هەواڵی پیرەژنەکەم پرسی، داوام لێکرد دوای گەیشتنی هەمووان بێتە لامان، ئەویش پاش وەرگرتنی پارەیەکی باش ڕازیبوو.. هاتە لامان و داوای لێکردین بەختمان بۆ بگرێتەوە، بەبەهانەی ئەوەی (شیاونییە ئەوە بکەین) ڕەتتکردەوە.. هەیفا پێیوتی: تەنیا ئەمە شیاونییە؟..

کەچی تۆ زیاتر سووربوویت.. دەستی زیاد و محەمەد و هەیفا خوێنرانەوە، کەچی تۆ قاییل نەبوویت دەستت بۆ بخوێنرێتەوە..

پیرەژنەکە لە هەندێک قسەیدا نیشانی پێکا، تەنانەت ڕووخساری گەنجەکان و هەیفا گۆڕانی بەسەردا هات.. کاتێک نۆرە هاتە سەر من داچڵەکیم! ترسام لەوەی شتێکم پێ بڵێ کە نامەوێ بیزانم.. ترسام لەوەی ڕاستبکات و گومان بخاتە دڵمەوە.. بۆیە لــە قاییل نەبوونت، قاییل نەبوونت بــەوەی شتێکت پێ بڵێ، تێگەیشتم.. منیش وەک تۆ ترسام!.. هەیفا و زیاد و محەمەد شتێکیان نەبوو تا ئەو ڕادەیە بترسن لەدەستییبدەن، بەڵام ئێمە (من و تۆ) ژیانێک هەبوو دەترساین لەدەستیبدەین، یان سڵماندەکردەوە بۆ تەنیا ڕۆژێکیش لەکیسمان بچێت!.. تۆ دەڵێی بڕوات بەو شتانە نییە، کەچی سڵیشت لێ کردەوە!..

ئەوە چ خۆشەویستییەکە وای لێکردوم ببمە ژنێکی چارەڕەش، ئەو ژنەی بەهۆی بێهیوایی و شپرزەییەوە لە هەموو دەرگاکان دەدات، (تەنیا) بۆ ئەوەی

بزانێت سبەینێ لەگەڵ تۆ و بەبێ تۆ چۆن دەبێت؟.. دڵم پێم دەڵێت چی ڕوودەدات، کەچی گوێی لێ ناگرم، فاڵگرەوەکە هەوڵدەدات شتێکم پێ بڵێ، سەرەڕای ئەوەی خۆم داوام لێ کردبوو، کەچی ئامادەنەبووم گوێی لێ بگرم!.. بەزەییم بە حاڵی خۆمدا دێتەوە، ئەی چۆن تۆ بەزەییت پیایدا نایەتەوە..؟

تۆ تاوانکاریت!..

* * * *

وام لێهاتووە هەستدەکەم دەتەوێ پاڵم پێوە بنێیت هەتاکو بەیەکجاری جێتبهێڵم، دەزانم تۆش وەک من گیرۆدەی دەستی ئەم پەیوەندییەیت.. هەندێک جار بەزەییم پیاتدا دێتەوە.. سەرباری دڵڕەقیت، لە ساتەوەختە کەمەکانی (تێڕاماندا)، لەوە تێدەگەم چەند گیرۆدەی!..

گیرۆدەین!.. من و تۆ گیرۆدەین.. پەیوەندییەکی وەک ئەوەی ئێمە پیاوێکی وەک تۆ هەڵنافریوێنێ، ژنێکی وەک منیش ڕازی ناکات.. تۆ خوازیاری پەیوەندییەکی سـەرکێشیت، منیش ئارامی و سـەقامگیریم دەوێت.. تۆ پێتوایە من بێزارکەرم، منیش پێموایە تۆ ماندووکەریت!.. جارێکیان پێتوتم ماوەی زیاتر لە مانگێک دوای لەدایکبوونت بێناوبوویت.. باوکت ویستی ناوی (ماندووکەر)ت لێ بنێت و دایکت بەوە قاییل نەبوو، لەوە ترسا ناوەکەت ژیانت بارگاوییکات، لەبەرئەوە ماوەیەک بێناوبوویت.. هەتاکو باوکت ملی بۆ خواستە نیگەرانخوازییەکەی ژنەکەی دا.. بەڵام زۆرشتت لە ناوەکەی (ترت) هەڵگرتوە.. هەندێکجار هەوڵدەدەم ئەوە بهێنمە بەرچاوی خۆم، چۆن دەبوویت ئەگەر ئەو ناوەت هەڵبگرتایە، پێموانییە لەوە ماندووترتدەکردم کە کردوتە، بڕوام پێ بکە ناوەکە هیچ گۆڕانێکی دروست نەدەکرد!.. لە جینەکانتدا زۆر نەگبەتی هەیە و ناوەکەت هۆکار نییە.. بڕوام وابوو زۆر شت لە ناوەکانمانەوە وەردەگرین.. هەمیشە شەیدای ناوەکەت بووم عەزیز، لەو بڕوایەدابووم هەر عەبدولعەزیزێک مەزنە.. وەک بوونەوەرە تاق و تەنیاکە!.. من، ئەو کچەی باووباپیران و مامەکانی لەپێناوی ئەو بوونەوەرەدا جەنگیوون، بەوە پەروەردەکراوم کە بە مەزن ببینم.. ئەو کچەی لە پاشماوەی (میرنشینێک) دا لەدایکبووە و ساڵەکانی تەمەنی وەک شازادە ژیاوە، هەتاکو وای لێهاتووە پێیوابێ شازادەیەکی دەشتەکییە، هۆزەکان شەڕ لەسەری دەکەن و بیابان بۆ بەرگریلێکردنی ڕادەبێت..

ئای کە ساویلکەم عەزیز.. هەمیشە ساویلکەبووم.. لە موحازەرەیەک و گەرمەی گفتوگۆدا، پرۆفیسۆر کریس وتی: (جومانە.. پێتوایە ژیان بریتییە لە پەپولەگەلی ڕەنگاوڕەنگ.. مۆمگەلی بۆندار.. گوڵگەلی پەمەیی.. لەگەڵ مۆسیقای ڕۆمانسی.. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨دا دەنگی مۆسیقا دەنگی ڕەشاش و زرێپۆشەکانە، کە لە گشت شوێنێکی دنیا دەنگدانەوەی دەبیسترێ.. پەپولەکانت موشەکەکانن.. گوڵەکانت موشەکی هێشوویین.. مۆمەکانت کڵپەی تەقینەوەن.. بۆیە با خەبەرتببێتەوە!..)

من ساویلکەم، دەزانم ساویلکەم، بەڵام ناتوانم ژنێکی تر بم!.. ناتوانم فێڵبازبم، ئەگەرچی دەزانم ژنێکی بێ غەل و غەش سەرنجڕاکێش نییە.. دەزانم ئاڵۆزی خەرمانەیەکی سەرنجڕاکێش بەدەوری ژندا دروستدەکات.. بەڵام توانام نییە فێڵباز یان ئاڵۆز بم.. من ژنێکم کە بەختەوەریی لە خوێندنەوەی دیوانێکی شیعردایە لە قاوەخانەیەکی ئارام، لەکاتێکدا کوپێک شوکولاتەی گەرم لە کەشێکی باراناویدا دەخواتەوە... ژنێک کە شادماندەبێت چەندین سەعات بەتەلەفون لەگەڵ تۆدا قسەبکات.. لە ڕێگەیەوە لێدانەکانی دڵت بژمێرێ، بزانێت چەند جار هەناسەت هەڵمژیوە و داوەتەوە و چەند جار زمانت گرتویەتی..

دەزانم لە (بنەڕەتەوە) میزاجیم!.. تۆ دەڵێی من هێشتا میزاجیم، بەڵام من (میزاجی) ناجێگیرم لەپێناو تۆدا دەستەمۆکرد عەزیز.. ئەگەرچی ئەو دەستەمۆکردنەی میزاجم زۆر لەسەرم کەوت، بەڵام شانازیی پێوە دەکەم.. شانازیی بە دەستەمۆکردنی میزاجی ناجێگیرمەوە دەکەم، پێموابوو مادام توانیومە میزاجی خۆم دەستەمۆبکەم، ئەوا دەتوانم هەندێک لە سەرکێشیت جڵەوبکەم.. کەچی وەک هەمیشە خەیاڵپڵاوبووم!..

نازانم چۆن ڕازیدەبم بە گۆڕینی (هەموو) ئەو شتانەی لەناومدان، لەپێناو پیاوێکدا کە لەبەر من هەوڵ نادات (تەنیا هەوڵدان) بۆ گۆڕینی (هەندێک) لەو شتانەی لەناویدایە!..

ئای خوایە عەزیز.. ئای خوایە چەند ڕقم لە خۆپەرستیت دەبێتەوە.. چەند ڕقم لەوە دەبێتەوە کە فرسەتم لێ دەهێنی!..

ئێستا تێدەگەم بۆچی هەموو ساڵێک گەشـتتدەکرد بۆ (لوبنـان) و ئەوکاتە تێنەدەگەیشتم!.. لەبەر (یاسمینەکەت) گەشتتدەکرد.. یان بابڵێین لەگەڵ ئەودا گەشتتدەکرد!.. پێش دواگەشتت بۆ لای ئەو، بۆ لای ئەوەی پێیدەڵێی

خانمی دنیا، ڕۆمانی (صوفیا)ی محەمەد حەسەن عەلوانم کردە دیاریت.. وەک ئەوەی هەستمکردبێ لەبەر ژنێک گەشتدەکەیت، کە بە پاڵەوانی ئەو ڕۆمانەی محەمەد دەچێت!.. ئەوەش نیشانەیەکی تری قەدەر بوو، کە ڕەچاوم نەکرد، بۆیە تێیپەڕاندم.. ١٤٤ لاپەڕەی بچووکم بە ژمارەی لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە بۆ جێهێشتی.. هەندێک تێبینیم لەسەر لاپەڕەکان بۆ نووسیت، چەندین وشەی ئەوین، چەند دێڕ شیعر و هەندێک نیگار.. لە دوالاپەڕەدا کاغەزێکم بۆ جێهێشتی کە کردبوومە دوو بەشەوە.. لەلای ڕاست نووسیبووم (لوبنان) و لەلای چەپ نووسیبووم (کەنەدا).. لەسەر لای ڕاست نیگارێکم کێشابوو تۆ لەگەڵ کچێکدا بوویت بە جلوبەرگی دەریاوە، لەلای چەپیش وێنەی خۆم کێشابوو کە بە قژێکی بژەوە بەخوڕ دەگریم!.. پێم نەوتی من ڕێڕەوی ژیانت دەبینم و ڕەتیدەکەمەوە شایستەی ئەوە بم.. من شایستەی ئەوەم ئەو هەموو شتانەم پێ بکەیت عەزیز.. چونکە گەمژەم، ساویلکەم..

* * * *

ئیمڕۆ دێتەوە یادم، کاتێک پەیوەندیم پێوە کردیت، لە شەودەرچوونێکی (مۆنتریال) بوویت.. بەجۆرێک سەرخۆشبوویت کە لەوەوبەر نەمبینیبوو، بێئەندازە خەیاڵ بوویت!..

(خەیاڵ)..!..

نازانم بۆچی هەرجارێک سەرخۆش دەبیت لێت دەپرسم خەیاڵی یاخود نا!.. ڕۆژێک نەمتوانی لێت بپرسم داخۆ سەرخۆشی یاخود نا، وەک ئەوەی سڵ لە وشەکە بکەمەوە!.. هەمیشە هەوڵدەدەین بە چەند وشەیەکی ناڕاستەوخۆ لە مەترسیی ڕووداوەکان کەمبکەینەوە، وەک ئەوەی ناونانی مەسەلەکان (بەناوی خۆیانەوە) کاریگەرییان ئازاربەخشتردەکات..

پێدەکەنیت و قسەی زۆرت دەربارەی شتێک دەکرد کە پێویست نەبوو.. وتت (لەگەڵ گەنجەکانم.. خۆشتدەوێم!.. بەناچاری خۆشتدەوێم!.. من لە هەر پیاوێکی تر باشـترم!.. من باشـترینم، کەی لەوە تێدەگەیت کە من باشـترینم؟)..

دەنگی ژنەکان ئەوەندە لێتەوە نزیکبوو، کە مایەی بێزاری بوو! بەدەم گریانەوە پێموتی: تکایە جێیانبهێڵە و لە ژوورەکەتەوە پەیوەندیم پێوە بکە..

پێکەنیت: خۆشەویستەکەم من هیچ ناکەم، گومانم پێ مەکە ئازیزەکەم.. ئەوانە کچە هاوڕێکانی ئەحمەدن! ترست نەبێت..

بە قسەی ناشرینی هەستڕوشێن دەنگیان بەرزدەبۆوە، تۆش شێتانە پێدەکەنیت، بەجۆرێک کە لەوەپێش نەتکردوە، قیژاندم بەسەرتدا: عەزیز!.. ئەگەر ئێستا لە ژوورەکەی خۆتەوە پەیوەندیم پێوە نەکەیت، ئەوا هەرگیز پێکەوە قسەناکەینەوە..

پێتوتم: قسەبکە!.. قسە لەگەڵ ئەحمەد بکە..

گوێم لە دەنگت بوو بانگت دەکرد: ئەحمەد!.. وەر قسە لەگەڵ (ئافرەتەکەم) بکە!.. پێی بڵێ کە من هیچ ناکەم!..

پیاوەکە بە پێکەنینەوە پێیوتم: (خاوەنەکەت) خیانەتت لێ دەکات!.. دوو ژن لە باوەشیدان..

تەلەفونەکەت لە دەستی سەندو بەدەم پێکەنینەوە جنێوت پێی دا..

خۆشەویستەکەم!.. ئەوە پیاوێکی پڕوپووچە بڕوای پێ مەکە..

(ئافرەتەکەم)!.. پاش ئەو هەموو دان بەخۆداگرتنە، من وەک ئافرەتەکەت بە هاوڕێ (سەرخۆشەکانت) دەناسێنی.. دەڵێی من (ئافرەتەکەتم).. نازانم چۆن ڕازیبووم قسە لەگەڵ پیاوێکی دەمپیسی وەهادا بکەم!.. نازانم چۆن ڕێگەت بەخۆت دا لە دەوروبەرێکی وەها بێئابڕوانەدا بژیت، نازانم چۆن پێتوایە ئەو بارودۆخە قبوڵدەکەم!.. گەلێک جار وازت لێ هێناوم عەزیز، گەلێک جار دەستخەڕۆتکردم.. گەلێک جار بڕوابەخۆبوونت تیادا لەرزاندوم، لەناخی بەناو هاوسەرەکەتدا ڕێزگرتن لە خۆت و پەیوەندییەکەتان لە ڕەگەوە دەرهێنا.. ئاهـ خۆزگە دەتزانی برینەکانی دڵم چەند زۆرن عەزیز.. وام لێهاتووە هەستدەکەم دەڵم جگە لە ئازار هیچی تر بۆ بەشەکانی تری لەشم نانێرێت.. ئەگەرچی دەستخەڕۆتکردوم عەزیز.. ئەگەرچی جێتهێشتووم، وازت لێ هێناوم، ئازارتداوم و زۆرشتی ترت دەرهەقمکردوە!.. بەڵام ئەو شــەوە، ئەو شــەوەی لە ڕۆحمدا خۆڵەمێشت جێهێشت، هەستمکرد جگە لە خۆڵەمێش هیچ شتێکم لەناخی ڕۆحمدا بۆ تۆ نەماوە.. گڕمگرت و بڵێسەکە ڕۆحی کوشتم عەزیز.. دواتر ئاگرەکە خامۆشبوو و تەنیا خۆڵەمێش مایەوە..

دەزانی چەند ڕقم لە ئاخاوتنی ئەو شەوە دەبێتەوە؟.. دەشێت ئەوە تاقە ئاخاوتن بێت کە هەرگیز باسمان نەکردبێ.. باسمان نەکردوە، چونکە دژوارترین بوو، خۆشت دەزانی لەبەر ئەوەی دژوارترین بوو، باسمان نەکردوە..

زوڵمت زۆرە عەزیز.. ڕووداوەکەم فەرامۆشکرد، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ.. داواکەتم قبوڵکرد، چونکە ویستم (لێت تێبگەم).. دەبێــت (ئافرەتەکەت) لێت تێبگات!.. پاش ئەو هەموو شتە من (ئافرەتی) تۆم عەزیز؟ بەلای تۆوە تەنیا ژنێکم لەگەڵتدا ڕادەبوێرم!.. ئەگەر باسی مەسەلەکەمان بکردایە، ئەوا بیانوی (سەرخۆشیت) بۆ دەهێنامەوە، ئەگەرچی کاتی سەرخۆشی لە هەر کاتێکی دی ڕاستگۆتری، ئەمەش خەمبارمدەکات!.. خەمبار دەبم کاتێک تەنیا لە دۆخەکانی سەرخۆشی و پاش لەدەستدانی کۆنترۆڵی ئەقڵ و جەستەی خۆت و شتی تر لەگەڵمدا ڕاستگۆدەبیت.. پاش ئەو شەوە بۆ زیاتر لە سێ ڕۆژ میوانی (ئاودەست) بووم.. لە ئازار و بێهیوایی و خــەفــەت و داخــدا دەرشامەوە.. چۆن بەو ڕادەیە داخمدەدەیتێ.. چ دڵێکت پێوەیە..؟!.. چ ستەمکارێکی؟!..
لەناخمدا داخێک هەیە کوشندەیە، داخ دەمکوژێت عەزیز.. دەزانیت لە داخدا دەمرم.. ڕۆژی ســێیەم هەیفــا ڕێگەی پێ دای سەردانم بکەیت، پێموایە ترسا لەوەی بمرم!
هاتی، هاتی وەک چۆن ڕۆیشتی، چوارمشقی لەبەردەممدا دانیشتی، لەکاتێکدا دەستت بەسەرمدا دەهێنا وتت: چییە جومان..؟!.. هەیفا پێیوتم نەخۆشی..!.. بۆچی وەڵامی تەلەفونەکانم نادەیتەوە؟
بەبێدەسەڵاتی و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە وەڵامدایتەوە: تکایە.. بەزەییت پیامدا بێتەوە، توخاتری خوا ئازادمکە.. تکایە، تکایە..
دڵرەقانە لەبەردەممدا ڕاوەستایت و وتت: لەم بارودۆخە بێزاربووم، بێزاربووم لەوەی هەرکاتێک لێم تورەبیــت، وازم لێ بهێنی!.. کاتێــک ئارامدەبیتــەوە پەیوەندیم پێوە بکە..
نەموت.. نەموت وەک چۆن هاتی ئاوەهاش ڕۆیشتی.. وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ!.. نازانم بۆچی بە ژیانێکەوە هەڵمدەواسی کە -خۆت- نازانیت دەتەوێ تیایدابم یاخود نا.. هەندێکجار هەستدەکەم هەرگیز خۆشت نەویستوم.. هەستدەکەم شەیدای خۆشەویستیی منی بۆ خۆت.. باش تێدەگەم شەیدای خۆشەویستیی منی بۆ خۆت، بەڵام لەوە تێناگەم چۆن ژنێکت خۆش ناوێ، کە بێوچان کۆششدەکات بۆ ئەوەی خۆشتبوێ، لەپێناو ئەوەی لانی -کەم- خۆشەویستیی بدەیتێ!.. چ قەدەرێکی زۆردارە دڵێکم پێ نابەخشێت کە شایستەیم.. شایستەی تۆم و دەزانی شایستەتم، کەواتە بۆچی قەدەر ڕەزیلە لەگەڵمدا و تۆم پێ نابەخشێ!.. زۆر ماندووبووم بۆ

بەدەستهێنانت، ئەی بۆچی مسۆگەرت ناکەم!.. هەندێک جار هەستدەکەم تۆ (شایستەی) من نیت، بەڵام من نامەوێت شایستەم بیت.. بەڵکو تۆم دەوێت وەک هەیت، وەک هەیت عەزیز.. وەک هەیت!.. ئەوە بەس نییە کە تۆم دەوێت وەک هەیت..؟

❋ ❋ ❋ ❋

حەزمدەکرد باسی تۆم بۆ بتیل و سەبا بکردایە، باسی ئەندازەی قۆزی و سنوورەکانی دڵڕەقی و شتی تری تۆیان بۆ بکەم.. بیرۆکەی تێپەڕبوونی خۆشکێکم بە خۆشەویستییەکی هاوشێوەدا توشی خەوزڕانم دەکات.. سەیرە بەوەی نێوانمان بڵێم تەنیا (حیکایەتێکی خۆشەویستی)؟! بڕوام وایە هەرکەسێک لە ئێمە (چەندین ئەزموونی) خۆشەویستی هەیە، بەڵام هەریەکێک لە ئێمە یەک (حیکایەتی خۆشەویستی)ی هەیە، کە دووبارەنابێتەوە.. وەک کچەکانی تر خەونم بە خۆشەویستییەکەوە دەبینی دڵڕفێن بێت، نەک خۆشەویستییەک بمخنکێنێ و خۆشیم تیادا بکوژێ و لەناخمدا ئاگرێک خۆشبکات، کە ناخم بسوتێنێ.. نیگەرانم بۆ خوشکەکانم عەزیز.. دەترسم توشی (عەزین)ێکی تر بن و خەمۆکیان تیادا بچێنێ و دنیای پەمەییان بگۆڕێت بۆ وێرانەیەکی تاریک.. گەشتەکەم (گوناهێک) بوو لێخۆشبوونی نییە.. گوناهێک کە فرێیدامە ناو چەندین گوناهی ترەوە، گوناهـ لەدوای گوناهـ، ئینجا گوناهـ و گوناهێکی تر.. هەڵەکانم مایەی لێخوشبوونن، هەروەها گوناهەکانم!.. (خوای مەزن) لە خۆشەویستییەکەم خۆشدەبێت کە (پەنا بەخوا!) بەهۆیەوە سنووری سووری جەستە و ڕەفتارم نەبەزاندوە.. خێزانەکەم لەو خۆشەویستییەم خۆشدەبن، کە بەناچاری دوور لەوان تێیکەوتم.. ئەو نیشتمانە لێم خۆشدەبێت کە متمانەی پێ کردم و ناردمی بۆ هێنانەدیی (ئامانجێک) و گەڕانەوە بۆ خزمەتکردنی.. بەڵام لەخۆم خۆش نابم، کە ڕازیبووم ئەو هەموو زەلیلییە بنۆشم، ئەگەرچی بە -ناچاریش- بوو؟

ماندووم عەزیز، هەستدەکەم ڤایرۆسێکی دڕندەیت و لەناو هەناسەمدا بەرزدەبیتەوە.. دێیت و دەچیت و شانەکانی بەرگریم دەگوژیت.. نازانم چۆن بەو ئەندازەیە ترسناک بوویت.. هەمیشە لەگەڵ تۆدا هەستمکردوە لە کێبڕکێیەکی سەرسەختانەدام.. من بەسروشتی خۆم ژنێکم ڕازی نابێت شتێکی لێ زەوتبکرێت!.. کەچی لەناکاوێکدا بینیم سەرسەختانە شەڕدەکەم بۆ

بەدەستهێنانت.. ئامادەبووم جەنگ بەرپا بکەم و شەڕەکان بەرمەوە، شـەڕ لە دوای شـەڕ!.. فێری ئەوە بووم ببمە درەندە، بوومە ژنێکی دڕندە.. ژنێک کە بە ئازایەتیی دەڵەشێرێکی دڕندە بەرەنگاری ڕکابەرەکانی دەبێتەوە، دەڵەشێرێک کە ڕازی نابێت کەس لە شێری خۆشەویستی نزیکببێتەوە، دەڵەشێرێک کە لەبەردەم شادا وەک پشیلەیەکی نەرمونیان دەچێتەوە خۆی، وەک ئەوەی ڕۆژێک دەڵەشێر نەبووبێ!.. شەرمەزارم کە من لەگەڵ کەسانی دیکە نەک تۆ ژنێکی بەو ڕادەیە درەندەم عەزیز.. ئازار دەچێژم کاتێک دەمکەیتە ژنێک کە لەگەڵ کەسانی دیکە دڕندەبم و لەگەڵ خۆت ژنێکی گوێڕایەڵ و فشۆڵ بم.. دەزانی و خۆشم دەزانم ڕۆژێک لە ژیانمدا ئەو ژنە نەبووم.. دەرک بەوە دەکەیت کاریگەریت لەسەرم خراپە و من لە دۆخێکی خراپدام!..

دوەمین دیدارمان، ئەوەی پێش چوار ساڵ، دێتەوە یادت..؟!.. لە قاوەخانەکە دوو ڕۆژ دوای یەکتربینینی (ڕێککەوتمان).. لەگەڵ هەیفا هاتینە ژوورەوە، تۆ لەگەڵ زیاد بوویت، وەک ئەوەی زیاد و هەیفامـان هێنابێ بۆ ئـەوەی ببنە شایەتی حیکایەتەکەمان.. پاش ئەوەی چاوت بە من کەوت، پێکەنیت و بەدەست سەلامتکرد.. کاتێک زیاد ئاوڕیدایەوە، ڕووی گرژبوو.. لەو ساتەدا هەیفا ئانشکێکی لێ دام: چیت لەگەڵ زیاد سەوافدا هەیە..؟

لەکاتێکدا بەڕووتدا پێکەنیم، بەگوێچکەی هەیفـادا چرپاندم: نایناسم!.. ئەوە دەناسیت کە لەگەڵیدایە..؟

عەبدولعەزیز قیرلانی!..

بەڕاستی..

بۆچی کەس هەیە نەیناسێ؟

لەسەر مێزی تەنیشت مێزەکەتان دانیشتین.. بەگاڵتەپێکردنەوە وتی: چۆنی جنۆکە.. دێمەوە بیرت..؟! من وەک بوونەوەرە تاق و تەنیاکەم!..

وەڵاممدایتەوە: ئایا بە پیرەژنێکی خلەفاو دەچم..؟

بە نەرمونیانی پێکەنیت و وتت: بە جنۆکە دەچیت!..

زیاد بە هەیفای وت: هەیفا!.. چۆنی..؟

زیاد و هەیفـا یەکتریان دەناسی.. هەیفـا هەندێک شتی دەربارەت دەزانی، کە دڵخۆشکەر نەبوون!..

ئەو شەوە دەرفەتی ئاخاوتنی زۆرم پێ نەدایت.. شەرمم دەکرد.. هەستمکرد کچێکم یەکەمین جارە بە ئامادەبوونی باوکی دەزگیرانەکەی دەبینێ.. تۆش

جاربەجار سەیرتدەکردم و کاتێک هەیفا یان زیاد هەستیپێدەکردیت ڕووت وەردەگێڕا.. کاتێک ویستمان بڕۆین، بە سەرم هێمای خواحافیزیم بۆ کردن، کەچی تۆ هەستایتە سەرپێ و ناوچەوانت بەهۆی ئارەقکردنەوەوە بریقەیدەهات: گوێبگرە..!.. کۆمەڵەیەکی کەنەدی پێویستی بە چەند کچێکی سعودییە بۆ ناساندنی سعودییە و ڕاستکردنەوەی تێڕوانینی هاوڵاتیی کەنەدی بەرامبەر بە ئیسلام و عەرەب!.. پێت چۆنە لەگەڵماندا بەشداربیت..

نازانم!.. بیر لە مەسەلەکە دەکەمەوە..

مۆبایلەکەت دەرهێنا و وتت: ژمارەی تەلەفونەکەتم بدەرێ.. پەیوەندیت پێوە دەکەم.. ژمارەکەم تۆماربکە، هەتاکو پاش بیرکردنەوە بڕیارەکەی خۆتم پێ بڵێی..

سەیری هەیفام کرد، کە بە دوو چاوی کراوەوە سەیریدەکردم و وریایدەکردمەوە!.. بەڵام پشتگوێم خست و ژمارەکەی خۆم پێ دایت، وەک ئەوەی بە خەواندنی موگناتیسی خەوم لێ خرابێت.. پێتوتم پەیامێکی بەتاڵم بۆ دەنێری، هەتاکو ژمارەکەت لای خۆم تۆماربکەم، منیش چاوەڕوانم کرد ئەوە بکەیت.. هەیفا لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە دەرسێکی درێژی دادام.. وتی تۆ پیاوێکی فێڵبازی و پێی سەیربوو نەم دەناسیت، لەکاتێکدا لەناو خوێندکارە عەرەبەکانی زانکۆدا ناوبانگت دەرکردبوو!.. هەیفا وریایکردمەوە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵتدا تێوەنەگلێم عەزیز، بەڵام ئەوکاتە من لێت نەدەترسام! سەرباری بەکارهێنانی وشەی (گوێبگرە)ی فەرمانئامێزت کە هەڵوەستەی پێ کردم و بەدڵم نەبوو، نەرمونیان بوویت.. لەسەرەتاوە فەرمانپێدەر بوویت.. هەمیشە ڕۆڵی سەرکردەت لەو کۆمەڵەدا دەگێڕا، کە تیایدا دەبوویت.. لە گەشتەکان و کۆڕەکان و موحازەرەکاندا، تەنانەت لەناو هاوڕێکانیشتدا.. بەردەوام قسەی تۆ لە هەر بڕیار یان پرۆژەیەکدا یەکلاکەرەوەبوو.. وەک ئەوەی بۆ سەرکردایەتیکردن، ڕابەرایەتیکردن، سەرۆکایەتیکردن و فەرماندەرکردن خولقابیت..

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا، لە پێخەفەکەمدا هەستم بە ڕووناکیی تەلەفونە بێدەنگکراوەکەم کرد.. پەیامێکت بۆ ناردم کە بەشەرمەوە دەڵێت: جومانە، ئێوارەت باش.. من وەک بوونەوەرە تاق و تەنیاکەم!.. هێشتا وەئاگایت..؟

بە پێڕابواردنەوە پەیامێکم بۆ ناردی: نەخێر!.. خەوتوم..

چەند بێبەختم، فریشتەکانیش چەند بەختیان باشــە!.. کە لە خەو هەڵسایت، پەیوەندیم پێوە بکە..
(پەیوەندیم پێوە بکە)!..
جارێکی تر فەرمانت دەرکرد، ژنێکی وەک منیش لەسەر ئەوە ڕانەهاتووە فەرمان وەربگرێ و مەسەلەکەی بەدڵ نەبوو.. بەڵکو لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو فەرمان دەربکات و پێشوازیی لە فەرمانەکانی بکرێت.. بەسادەیی فەرمانت پێ دەکردم، وەک ئەوەی دڵنیابیت کە بەخۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێ دەکەم.. تۆ هەرگیز داوات لێ نەکردم عەزیز، بەڵکو (فرمانەکەت) بێزاریکردم، بۆیە وەڵامی پەیامەکەم نەدایتەوە.. هەوڵمدا بخەوم و هەزاران پرسیار و پرسیار دەربارەی گەنجێکی زۆر قۆزی سعودی لە مێشکمدا هەبوون، ئەو گەنجەی بە (بین ئفلیک) دەچوو.. گەنجێکی خاوەن دەنگی دلێر، نیگای ناسک و باڵایەکی بەرز.. کاتێک دەربارەی تۆ پرسیارم لە هەیفا کرد، بەڕقەوە پێیوتم سعودی و نووسەر و شاعیریت.. لەهەمان زانکۆکەی ئێمە خەریکی ماستەرنامەیت.. لە ساڵەکانی سیی تەمەنتدایت.. فێڵباز و سەڵتیت!و بەس..
ئەو شەوە خەوتم و شەبەنگی تۆ وەک فریشتەیەکی میوان بەسەر سەرمەوە بوو عەزیز.. زەردەخەنەیەکی ڕووناکیش بەسەر ڕوومەوە بوو، کە ڕۆشنایی ئەو خەوانەی تاودەدایەوە، کە ئەو شەوە ڕۆحیان ڕووناکدەکردمەوە.. کاتێک سەرلەبەیانی لە خەوهەڵسام، پەیامێکم لەناو مۆبایلەکەدا بینی.. یەکەمین نامەی تۆ، خۆزگە پێش گەیشتنی ڕێگەی ونبکردایە.. نووسیبووت: بەیانیت باش.. ئەی شازادەی خەوتوو!..
لەکاتێکدا بە فلچە خەریکی دانپاککردنەوە بووم، وەڵاممدایتەوە: شازادە فرمان وەرناگرێت، کاتێکیش پێیدەوترێ (پەیوەندی بکە)، پەیوەندی ناکات..
پاش چەند ساتەوەختێک وەڵامتدامەوە: چ خۆرهەڵاتییەکی ئاڵۆزی..؟
لەبیرمە فەرامۆشمکردی.. کەچی تۆ پاش سەعاتێک لە ناردنی پەیامەکەت پەیوەندیت پێوە کردم..
سەرەتا بە شەرمەوە قسەمانکرد.. زمانم زۆر دەیگرت و تۆش بەڕێزەوە پێدەکەنیت، بۆ پەردەپۆشکردنی شڵەژانی خۆت.. بەڵام زۆری پێ نەچوو کتوپڕ دەستمان بە (زۆربڵێی) کرد..زۆر قسەمانکرد، هێڵەکە پچڕاو پەیوەندیمانکردەوە.. ئینجا مۆبایلەکانمان بە کارەباوە کرد هەتاکو پاترییەکانیان، کە بەهۆی زۆربڵێیەوە دابەزیبوو، پڕببنەوە.. هیچمان نەخوارد، هەرگیز نەچووینە

دەرەوە، هەتاکو سەعات شەشی پاشنیوەڕۆ لە قسەکردن ماندوو نەبووین.. ئینجا لە سەعات دەی شەوەوە هەتاکو شەشی سەرلەبەیانی قسەمانکرد.. هیچ شتێک لە چلێسیی ئاخاوتن ڕزگاری نەکردین، جگە لەو ئازارەی گوێم کە خەریک بوو کەڕمبکات.. بەو کەسە دەچووم کە ماوەیەکی درێژ لە دوورگەیەکی فەرامۆشکراودا بەتەنیا بوویێ و کتوپڕ ڕێگەونکردوویەکی تر لەبەردەمی خۆیدا بینیبێتەوە.. دوو ڕێگەونکردوو، کە چەندین ساڵە قسەیان نەکردوە، کاتێک پێکگەیشتن لەبنی زۆربلێیدا نقومبوون.. ئەو ڕۆژە هەستمکرد لەکاتی لەدایکبوونمەوە دەتناسم عەزیز.. پەیوەندییەکی ڕۆحی پێکەوەمان دەبەستێ عەزیز، وەک ئەوەی هەمووشتێک دەربارەم بزانی و منیش لە وردەکاریی وردەکارییەکانت تێبگەم، ئەگەرچی ئەوە سەختبوو.. دەزانی عەزیز هەمیشە حەزمدەکرد پیاوێکی سەختی وەک تۆ خۆشیبوێم!.. پیاوێک کە بەهیچ شتێک ڕازی نابێت و «هیچ شتێک» فریوی نادات، پیاوێکی هەڵبژاردەخوازی خاوەن زەوقێکی دەگمەن و پێوانەگەلی ئاڵۆز.. پێموابوو تۆ ئەو پیاوەی، کەچی تۆ پیاوێکی کەللەڕەقی لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشیدەوێیت، سادەشی لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشتدەوێت.. پێموانییە خۆشتویستبم!..

ئای خوایە!.. چەند ئاسانە پیاوێکی بە ئەزموونی وەک تۆ منداڵێکی «وەک من»ی خۆشبووێ.. چەند سەختە پیاوێکی ئاڵۆزی وەکو تۆ لەگەڵ ژنێکی سادەی وەک مندا بەردەوامبێت!.. ئای چەند سەختە عەزیز!..

* * * *

وەرزەکانی ژیانم کەم و درێژخایانن، لە ژیانمدا دوو یان سێ وەرز تێپەڕیون.. تەمەنم بیست و چوار ساڵە، کەچی لەماوەی ئەو چارەکە سەدەیەدا تەنیا سێ وەرز یان سێ حیکایەت هەن، بەڵام هەر حیکایەت یان وەرزێک تەمەنێکی درێژ بووە، زۆر درێژ!..

زۆر بیر لە ماهیەتی خۆم دەکەمەوە.. ماهیەتی من سادەیە، بەڕادەیەک سادەیە کە شایستەی باسکردن نییە.. کچێکی خاوەن ڕواڵەتی تەقلیدی، بیروباوەڕی نائاسایی، ئەگەرچی نائاساییبوونی بیروڕاکانم و دەرچوونیان لە ڕێساکان سنووری کەللەسەری بچووکم تێناپەڕێنێ.. زۆر حەزم لە زانستە، بەڵام خۆم لەپێناویدا ماندووناکەم.. پێموایە لەوە زیرەکترم کە پێویستم

بەوە بێت لەپێناو زانستدا ماندووبم.. سەرکەوتنم بەلاوە باشە، بەڵام هەوڵ بۆ سەرکەوتنی بریقەدار نادەم.. بە کەم ڕازیم، تۆزێک لەمەو تۆزێک لەوە.. تۆزێک زانست و تۆزێک سەقامگیری.. تۆزێک ئازادی و تۆزێک دایکایەتی.. تۆزێک پارە و تۆزێک جوانی.. بەڵام زۆرێک خۆشەویستی.. زۆر زۆر خۆشەویستی!..

تۆ و زیاد و هەیفا تەنیا لەسەر یەک مەسەلە کۆکن، ئەویش ئەوەیە کە من ژنێکی لەخۆباییم.. تۆ پێتوایە ئەوە سەرنجراکێشترم دەکات، هەمیشەش دڵنیامدەکەیتەوە تۆزێک لەخۆباییبوون زیانبەخش نییە.. بەردەوام پێتدەوتم کەمێک لەخۆباییبوون زیانبەخش نییە.. بڕوات پێ دەکەم، هەندێک جار هەستدەکەم جیاکارەم.. بوونت هەستی جیاکارەبوونم پێ دەبەخشێ، ئەو جیاکارەبوونەی لە بنچینەدا بەهۆی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونتەوە لەئارادایە.. دەزانم من جیاکارەم، بەڵام بەڕادەیەک دڵڕەقیت لەگەڵمدا کە وام لێ دەکەیت بڕوام بەخۆم نەمێنێ.. نازانم چۆن بە وشەیەکی ناسک بەرزمدەکەیتەوە بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان، چۆنیش بە وشەیەکی ترسناک بە ناخی حەوت چینی زەویدا دەمبەیتە خوارەوە!.. چۆن تا ئەو ئەندازەیەم پێ دەکەیت؟.. چۆن ساتەوەختێک هەستی ئەوەم پێ دەبەخشی شاژنێکی مەزنم میللەتەکەی سەری نەوازشی بۆ دادەنەوێنن و پاشاکەی خۆشیدەوێ و مێژوو ناوی نەمردەکات.. چۆن لە ساتەوەختی دواتریشدا هەستی ئەوەم دەدەیتێ کە ئافرەتێکی سەرشۆڕم، پاشا سوکایەتیم پێدەکات و میللەت نەفرەتیم لێ دەکەن و مێژوو بە ناوم ئاشنانییە!

ئای چەند ڕقم لەم پەیوەندی/ مەتەڵەیە، چەند ڕقم لە زەلیلیم دەبێتەوە.. چەند ڕقم لە ئازاردانت و لێخۆشبوونم و شەیدابوونمە پێت.. ئێمە دوو نەخۆشین، من بە تۆ نەخۆشم و تۆش بەهەموو ئەوشتانەی بە دنیاوەت گرێدەدەنەوە.. کاتێک تۆم ناسی هەزار و یەک جەنگ لەناختدا هەبوو، کەچی لەناو مندا تەنیا پەپولەیەکی بچووک هەبوو کە بەدەوری گوڵێکدا دەسووڕایەوە.. چۆن مرۆڤێک دەتوانێ بەو ئەندازەیە مرۆڤێکی تر بشێوێنێ!.. چۆن دەتوانی بمکەیتە ژنێکی کەساس و بیرەکانی خەفەت لەناخیدا هەڵبکەنێ و کێڵگەکانی ترس لەناویدا بکێڵــی..؟!..

ئیمڕۆ لەناو ئیمەیلەکەمدا نامەیەکی ناونیشان سەیرم بەدەستگەیشت، کە بریتی بوو لە (نامەیەک لە ڕابردووەوە بۆ خاتو جومانە).. لە نامەکەدا

بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوو: جومانە.. ئەم کاتەت شاد.. پێدەچێت زۆر گۆڕابــی..

من تۆم.. لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە نامەت بۆ دەنووسم، ئاواتەخوازم لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئەم نامەیەت بەدەستبگات و لە بارودۆخێکی باشدا بێت.. پێش هەشت مانگ پیاوێکی نەرمونیانم بەناوی عەبدولعەزیز قیرلانی ناسی!.. بێگومان ئیمڕۆ تۆ باشتریدەیناسی.. لە یەکەمین ساتەوەختەکانەوە کەوتمە داوی خۆشەویستییەوە.. بێگومان ئەوە دەزانی و هێشتا دیدارەکەیت لەبیرە.. ئەو ئێستا لەبەرامبەرمەو لە قاوەخانەکە دانیشتوین، ئەویش خەریکی نووسینی نامەیەکە بۆ داهاتووی خۆیو پێدەکەنێ.. لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە ناوەڕۆکی نامەکانمان بۆ یەکتر نەگێڕینەوە، بەڵام پەیمانمان بەیەک دا کاتی گەیشتنی نامەکان بیانگۆڕینەوە، جا بارودۆخەکە هەرچۆنێک بێت.. پێموایە پێکەوە دەبین، لەوانەشە نامەکە لە ماڵی خۆمان بخوێنینەوە، کاتێک منداڵە بچکۆلەکەمان دەستی بەقاچی منەوە یان بە قاچی ئەوەوە گرتووە!.. ئەو پیاوە قۆزە و زۆر مرخم لێ خۆشکردوە.. حەزدەکەم هاوسەری بم و لە سێبەریدا پەرەبستێنم.. ناوم بەناوییەوە بلکێتو منداڵەکانم نازناوی ئەو هەڵبگرن.. ئەو ئێستا سەیرمدەکات و پێدەکەنێت.. نازانم چی دەنووسێت، نەرمە سورهەڵگەڕانێک دەموچاوی زۆر جوانی گرتۆتەوە و پێدەکەنێت.. بە شادمانیی وەک منداڵێک پێدەکەنێ.. چەند حەزدەکەم منداڵەکەم لە باوکی: منداڵە گەورەکەم، بچێت.. پشت بەخوا، نامەکەم لە ئایاری ٢٠٠٨دا دەخوێنیتەوە!.. بێگومان تۆ خەریکە خوێندن تەواودەکەیت و دڵنیام هاوڕێی کوڕ و کچی زۆرت ناسیوە.. ئایا هێشتا هەیفا لەگەڵ تۆدا دەژی؟!.. هێشتا هەموو کۆتایی هەفتەیەک عەبدولعەزیز دەچێتە لای خزمەکانی لــە (مۆنتریال)؟.. دەزانم ئەوەندە زیرەکی بتوانی ئەوە بزانیت.. ئایا هێشتا یەکترتان خۆشدەوێت..؟!.. بیر لەوە دەکەنەوە پێک بگەن یاخود پێککەیشتوون؟!.. بێگومان پێک گەیشتوون..؟.. دەزانم کەسێکی کەللەڕەقە.. بەڵام دەرک بەوە دەکەم ناخی چەند دەوڵەمەندە و چەند کەللەڕەقیی ئەو فریوتدەدات.. ورەت داوەتە بەر خۆت و خێزانەکەت دەربارەی ئەو ئاگادارکردۆتەوە، یان خۆیان بەمەسەلەکەیان زانیوە..؟ ئیمڕۆ بۆت دەردەکەوێت عەزیز چەند گۆڕاوە و خۆشت چەند گۆڕانت بەسەردا هاتووە، هەروەها عەزیز چەند کامڵتردەبێت و زیاتر لە ئێستا (ڕۆژی نووسینی ئەم نامەیە) هۆگرتدەبێت، خۆیشت چەند گۆڕانت بەسەردا دێت و زیاتر متمانی

پێ دەکەیت و لێی تێدەگەیت.. چەند شێتیی ئیرەییت کەمدەبێتەوە و بایەخدانی پێت زیاتردەبێت.. لەو ڕۆژەی ئەم نامەیەی تیادا دەخوێنیتەوە، چوار ساڵ و هەشت مانگ بەسەر خۆشەویستییەکەتاندا تێپەڕیوە.. ئیمڕۆ زۆرت خۆشدەوێ و پاش چوار ساڵیش زیاترت خۆشدەوێت.. بیرت نەچێت نامەکەی بۆ بنێریت، چونکە بەڵێنت پێ دا ئەوە بکەیت..!.. هەلومەرجەکان هەچۆنێک بوون بۆی بنێرە..

جومانە، ٢٠٠٤/٥/٢٥ زایینی
قاوەخانەی MASH Coffeshop، کەنەدا

فرمێسک هاتە ناو چاوەکانم..نەهاتەدیی هیچ شتێک لەوانەی چاوەڕوانمکردبوون ئازاریدام، نەهاتنەدیی تاقە هیوایەک لەو چوارساڵەدا کوشتمی.. ساویلکەیی بەسوێی و خەونە گەمژەکان و هیوا منداڵئاساکانم ئازاریاندام.. نامەکەم داخستەوە، نامەیەکم بینی کە چەند خولەکێک لەوەپێش ناردبووت: نامەیەک لە ڕابردووەوە بۆ عەبدولعەزیز.. هەستمکرد لێدانەکانی دڵم زیاتربوون.. هەستمکرد دەستە بەهێزەکانت ناوەتە بینەقاقام و خەریکە هەناسەم لێ دەبڕی.. بەپەنجە لەرزۆکەکانم نامەکتم کردەوە، نووسیبووت:

سڵاوت لێ بێ عەبدولعەزیز.. من عەبدولعەزیزی ٢٠٠٤ی زایینیم، نامەت بۆ دەنووسم، چونکە خۆشەویستە شێتەکەم جومانە داوای ئەوەی لێ کردوم.. ئەو ئێستا لەگەڵمدایە و لەسەر کورسیی بەرامبەرم دانیشتوە و چاوەکانی ڕەونەقێکی سەیریان تێدایە... بێگومان دەربارەی تۆ دەنووسێت.. من زۆرم خۆشدەوێ و سوپاسی قەدەر دەکەم پێکەوە کۆیکردینەوە.. ئەو وەک دایکم میهرەبانە.. دەزانم خۆشیدەوێم، بەڵام شێتە و زۆر دڵی لێم پیسە.. دەزانم من تۆزێک سەرکێشم، بەڵام کارە سەرکێشەکانم تەنیا لە سنووری (سەرکێشی) ی ڕووتدا ماونەتەوە.. نازانم داهاتوو چی لەگەڵ خۆی بۆ هەڵگرتووین، بەڵام سەرباری ئەو هەموو خۆشەویستی و هیوایە دەترسم.. دەترسم لە ساتەوەختێکی هەڵەشەییدا لەدەستیبدەم و لە چرکەساتێکی ترسدا جێمبهێڵێ.. دەشترسم قەدەر وەک هەمیشە کاری خۆی بکات!..

ئەو کەسێکی وڕکاوییە، بەشێوەیەک وڕکدەگرێ کە دەبێتە مایەی تووڕەبوونم، بەڵام ئەو خووە خراپەی دەگۆڕم.. بەڵێنت دەدەمێ لەداهاتوودا ئەوە دەکەم.. جومانەی خۆشەویستم تێگەیشتنی نییە، برێک تووڕەیە و زۆرێک بەگومانە، بەڵێندەدەم ئەو ئەو مەسەلانە لەپێناومدا دەگۆڕێت.. ئەو

شیرینە بە گومانەکانی زۆر زوڵمم لێ دەکات، ئەگەرچی داگیریکردوم، کەچی گومانم پێ دەکات، بەڵام پاش ماوەیەک کامڵ دەبێت.. دەمەوێ لەدەستی نەدەیت! هەرچییەک ڕوویدات ڕێگەنەدەی لەدەست دەربچێت.. ئەگەر ئێستا لەگەڵ ئەودای، ئەوا بیپارێزە.. ئەگەریش ڕۆژگار لێکی جیاکردونەتەوە، بەدوایدا بگەڕێ و بیگێڕەرەوە.. دەمەوێ بزانی ئێستا لە هەر ماوەیەکی پێشتر بەختەوەرترم.. هەرگیز لە ژیانمدا ژنێکم بەو شێوەیە و بەو ئەندازەیە خۆش نەویستوە!.. جومانە مەدۆڕێنە.. لەدەستی مەدە.. ئەم نامەیەی دوای خوێندنەوە بۆ بنێرە..

تێبینی:

جومانە، ئەگەر ڕۆژێک حەقیقەتت لەدەستدا، ئەوا بگەڕێرەوە بۆ ئەو وشانەی ناو نامەکە..

عەبدولعەزیز قیرلانی
٢٠٠٤/٥/٢٥

ئەو نامانە لە سایتی Future Meەوە هاتبوون.. ئەوەش سایتێکی بیانییە، دەتوانی لە ڕێگەیەوە هەر نامەیەک بۆ کەسێک یان لایەنێکی دیاریکراو و لە کاتێکی دیاریکراودا بنێریت.. لەبیرمە ئەوکاتە هەریەکەمان دوو نامەی نووسی، یەکێکیان لە ٢٠٠٨/٥/٢٥دا پێمان بگات، ئەویتر لە ٢٠١٤/٥/٢٥دا، واتە دە ساڵ پاش یەکترناسینمان..

ئەوکاتە پێمانوابوو دەیان ساڵ پێکەوە دەبین.. کەچی هیواکانمان نەهاتنەدی و قەدەر دەستخەڕۆیکردین و پەیوەندییەکەمان پاش چوار ساڵ هەرەسیهێنا عەزیز.. پەیوەندییەکەمان نەیتوانی لەوە زیاتر خۆڕاگربێت.. وەک پێمانوابوو، نەمانتوانی پێکەوە بەردەوامبین.. ئەو چوار ساڵەی تەمەنمان بەخێراییەکی لەڕادەبەدەر تێپەڕین، بەڵام ئەو شەوەمان بیرچوەوە، کە نامەکانمان تیادا نووسین.. نامەکانم خوێندەوە، وەک ئەوەی یەکەمین جار بێت بیانخوێنمەوە.. سەرم سوڕمابوو لەوەی پاش هەموو ئەوەی پیایدا تێپەڕیبووین نامەکەت بۆ ناردم!.. ئایا بەم دواییانە فێری ئەوە بوویت بەڵێنەکانت بەریتەسەر عەزیز؟.. هەرگیز پابەندی بەڵێنێک نەبوویت کە بەخۆت داوە، بەوەفانەبوویت بۆ ئەو بەڵێنانەش کە بەمنت داون.. کەچی ئەوەتا تۆ، پاش پرشوبڵاوبوونەوەی پارچەکانمان و بەشبوونی هەریەکێکمان بۆ سەدان پارچە بەڵێنەکانت دەبەیتەسەر!..

زۆر دوودڵ بووم لەوەی نامەکەمت بۆ بنێرم، ئەگەرچی بەڵێنم دابوو بۆتی بنێرم.. پاش ئەوەی کار لەکار ترازابوو تۆ پابەندی بەشەکەی خۆت بوویت.. ئاخر ناوەڕۆکی نامەکەم سەرزەنشتکارانە بوو عەزیز.. ئیتر حەزلێکردنی ڕاشکاوانەم بریندارمدەکات!.. خەونی ئەوەی لەگەڵتدابم زۆر سەرشۆڕمدەکات.. بەڵام بەڵێنم پێ داوی!.. ئایا جێبەجێ نەکردنی بەڵێنێک کە داومە بە خۆشەویستێکی خائین، ئەو خۆشەویستەی هەرگیز بەوەفانەبووە بۆ بەڵێنەکانی خۆی، زیانبەخشە؟ پێموانییە شتێک هەبێت زیاتر لە خیانەتکردنەکەی زیانم پێ بگەیەنێت..

* * * *

لە ڕیاز دەرفەتی یەکتر بینینمان نەبوو، ئەو کاتە خەریک بوو بەرەو شێتی پاڵت پیوە بنێم.. پێش گەڕانەوەمان بۆ نیشتمان لەسەر ئەوە ڕاهاتبووین ڕۆژانە یەکتر ببینین، کەچی هەر پێمان نایە فرۆکەخانە یەکتربینینمان قەدەغەبوو!.. وەک ئەو ئالودەیە وەهابووم، کتوپڕ و بەبێ ماوەی پاشەکشەکردن، لەو شتە دابڕابوو کە ئالودەبوو پێوەی.. وروژاوبوویت و مەزاجێکی تورەت هەبوو.. شەو و ڕۆژ داوای بینینی منت دەکرد، بەجۆرێک جگە لە یەکتربینین شتێکی تر نەبوو باسی لێوە بکەین.. بۆ هەرجێیەک بڕۆشتمایە، بە ئۆتومبیلەکەت دوامدەکەوتی و بۆ چەندین سەعات چاوەڕوانمدەبوویت و دواتر کاتی گەڕانەوە هەتاکو ماڵەوە دوامدەکەوتی.. ڕووتدەکردە هەرجێگەیەکی گشتی کە ڕووم تێ دەکرد و لێم نزیکدەبوویتەوە، وەک ئەوەی بترسیت هەڵبێم و لەدەستت دەربچم.. ماڵی مامم نزیکی ماڵی باوکت بوو، لەهەمان گەڕەک بوو.. پاش پێداگرتنێکی زۆر ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی لەوێ یەکتر ببینین.. ڕازیبووم، چونکە ترسام ئەقڵت لەدەستبدەیت و کارێک بکەیت بەتەنیا نرخەکەی بدەم.. هێشتا ئەو ڕۆژەم لەبیرە.. دەرگاکەم بەکراوەیی بۆ جێهێشتی، لەکاتێکدا ئەوان لە ژوورەوە نانی ئێوارەیان دەخوارد، لە باخچەی ماڵەکە چاوەڕوانت بووم.. هەڵدەلەرزیم عەزیز، چونکە لەوەوپێش کاری وام نەکردبوو.. دێتەوە یادم لەسەرخۆ دەرگاکەت کردەوە و بە هێمنییەکی بڕوامەند و بە باڵا باریکەلەکەتەوە هاتیتە ژوورەوە، وەک بچیتە ناو ماڵی خۆتانەوە!.. جلێکی ڕەشی زستانەت پۆشیبوو و ملپێچێکی خوریت لەملت ئاڵاندبوو.. ڕیشت هاتبوو، وەک ئەوەی حەزم لێیەتی.. ئەوەش بەشێوەیەک نێرێتیی

زیاترکردبووی، کە هیچ نێرێتییەک نەیدەگەیشتێ.. تاوێک بەتامەزرۆییەوە سەیرمکردیت و هەڵمدا چاوی تینوم بە بینینت تێربکەم.. تاوێکی تر ئاوڕی دواوەمدەدایەوە، لەترسی ئەوەی کەسێک نەتبینێ.. هەستمکرد بەهەردوو دەستت مەچەکم بەتوندی دەگریت.. سەیرمکردی، هەناسەت ڕووخساری گەرم هەڵگەراندم.. ناوچەوانت نا بە ناوچەوانمەوە و چاوەکانت لێکنا، لەکاتێکدا بەتوندی دەستت گرتبووم، دەستتکردە هەڵمژینی هەناسەکانم.. بەدەم لەرزینەوە چرپاندم: عەزیز.. تکایە بەسە!..

ئاخهەڵکێشانت دەدا بە گوێمدا و دەتچرپاند: وس س س س.. مەترسە..!..

دەنگەدەنگی ژوورەوە خەریک بوو زیاتر بەرزدەبۆوە و ڕایگەیاند کە لە نانخواردنی ئێوارە بوونەتەوەو ئەگەری هاتنەدەرەوەی یەکێکیان و بینینت لە هەر ساتەوەختێکدا دوورنییە.. بەدەنگێکی لەرزۆکەوە پێموتی: عەزیز..!.. ئەگەر یەکێک لێرە بتبینێ توشی کارەسات دەبم!..

چاوەکانت کردەوە و بەتوڕەییەکی ترسناکەوە ناوچەوانی خۆت گرژکرد، بەتوندییەکی وەها باوەشت پیادا کردم، کە هەستمکرد خەریکە هەردوو قۆڵم لەناو پەنجەکانتدا وردوخاشدەبن.. هەستمکرد بە دەستە بەهێزەکانت لە زەوییەکە بەرزمدەکەیتەوە: گوێبگرە..!.. هەتاکو من لەژیاندابم کەس ناتوانێ ئازارتبدات.. تێگەیشتی..؟

بەترس و سەرسوڕمانەوە لە ڕووخسارت ڕامام.. بە گەرموگوڕییەکی (ترسناکەوە!) قسەتدەکرد..

بەتوندی ڕاتوەشاندم: تێگەیشتی جومان..؟

سەرم لەقاند: تێگەیشتم.. بەخوای مەزن تێگەیشتم.. بەڵام تکات لێ دەکەم ئێستا برۆ.. لەبەر من..

لەکاتێکدا بەتوندی شانت دەگوشیم وتت: لەبەر تۆ..؟!.. دەزانی ئامادەم لەپێناوتدا بمرم..؟..

لەخۆمم دوورخستیتەوە، هەتاکو برۆی: تکایە.. خێرابکە..

لە چاوەکانتدا ئومێدێک قسەیدەکرد، وتت: باشە باشە..!.. ئێستا دەڕۆم..

ناوچەوانت ماچکردم و بەلێوەکانت فشارتخستە سەری، وەک ئەوەی ئوتوی بکەیت.. پاڵم پێوە دەنایت هەنگاوێک دەچوویتە دواوە، کەچی بەهەنگاوێک جارێکی تر دەهاتیتە پێشەوە..!

لە چاوەکانتدا قسەی زۆر هەبوو.. تامەزرۆبوونی زۆر هەبوو..

پاش ئەوەی سواری ئۆتومبیلەکەت بوویت پەیوەندیت پێوە کردم، هێشتا هەر لە باخچەکە بووم، هەوڵمدەدا بێمەوە سەر خۆم و بۆنی جگەرەکەت لە جلەکانم دووربخەمەوە..

بەهەناسەبڕکێوە وەڵامدایتەوە: بەڵێ..

بەدەنگێکی خرۆشاو وتت: جومانە.. دەمەوێی..!.. دەمەوێ بتهێنم، ببیتە هاوسەرم.. دەمەوێ منداڵی زۆرت لێم هەبێت!..

بەدەم پێکەنینەوە وتم: ئەوەی گوێی لە قسەکانت بێت، وادەزانێ یەکەمین جارە یەکتری دەبینین..

بەتوندی ئاخی هەڵکێشا: کچێ دەترسم!.. دەترسم کەسێک لێمت بفڕێنێ..

بەسەرسوڕمانەوە لێم پرسیت: عەزیز.. ئێمە چەند ڕۆژێکە لێرەین و دەگەڕێینەوە بۆ ئەو شـوێنەی پێکـەوە بووین.. ئـەو بیروڕایانەت لەکوێوە هێنـاوە..؟

بەبێزارییەوە وتت: نازانم..!.. هەست بە هەناسەسواری دەکەم.. حەزدەکەم ئێستا دەستم بگرتیتایە و بگەڕاینایەتەوە.. ئەم شارە دەمخنکێنێ جومان!..

پێموتیت: ئێستا ئارامبە و پێم بڵێ، هیچ شتێک تیامدا گۆڕاوە..؟

بەڵێ..!.. جوانتربوویت..

کەوتمە یاریکردن بە چنگێک قژی خۆم و لێم پرسیت: چیتر..؟

ئممم.. تۆزێک لاوازبوویـت.. چیتە شۆخ و شەنگەکەم؟!.. شەڕانگێزەکان خواردنت نادەنێ..؟

نا.. دەبینی.. لە دووریی تۆدا کەس بایەخم پێ نادات؟!..

هەناسەت هەڵکێشا: ئای خوایە!.. ئێستا چیبکەم بۆ ئەوەی ئارامبمەوە؟!.. هەست بە ئازاری دڵم دەکەم جومان..

چیتریش..؟

پێکەنیت: ئەم پشیلە لاسارە زۆر «نازدەکات» بەسەرمدا..

لەناخی دڵەوە پێکـەنیم و هەستمکرد چۆلەکەکانی خۆشەویستی بەسەر سەرمەوە دەجریوێنن.. لە دڵیشمدا هەزار و یەک گوڵ گەشانەوە..

ئای خوایە عەزیز.. چەند بیرەوەرییەکی وەها ماندوومدەکات و دەمخاتە باری دۆشدامانەوە، کە نامەوێ بچمە ناوییەوە.. من بەدەست هەموو ئەو ڕووداوانەوە ماندووم!.. شیرینیی هەندێکیان زیاتر لە تاڵیی زۆربەیان ماندوومدەکەن.. جارێکیان لێم پرسیت، ئاخۆ بڕوات بە هاوڕۆحی هەریەکێکمان هەیە.. دێتەوە

یادم قیتبوویتەوە و هەردوو دەستت خستە سەر دەموچاوت و وتت: ئممم! بەڵێ.. بڕوام وایە هەریەکێکمان هاوڕۆحێکی هەیە..
لێم پرسیت: خۆشەویستەکەم!.. دڵی خۆتم بۆ بکەرەوە.. لەوەپێش بەدیداری هاوڕۆحەکەت شادبوویت..؟
زەردەخەنە گرتتی: بەڵێ!.. لەوەوپێش بینیومە..
دەیناسم..؟
نوقورچێکت لە ڕوومەتم گرت و بە شۆخییەوە وتت: ئای چەند خۆهەڵقورتێنی!..
بەتوڕەبوونەوە لێم پرسیت: وەڵاممدەیتەوە یاخود نا؟
لەکاتێکدا یاریت بە کلۆشەکرەکانی بەردەمی خۆت دەکرد وتت.. ئممم..!.. هەریەکێکمان هاوڕۆحێکی هەیە.. کەسێک لە شوێنێکی ئەم زەوییە..!.. دەشێت بیبینین و دەکرێت نەشیبینین..
لەکاتێکدا کلۆشەکرەکانم لەگەڵتدا ڕێکدەخست وتم: ئەو کەسە بەختدارە کە هاوڕۆحی خۆی دەبینێ..
وتت: ئەوە بەختدارترە کە بەدەستیدەهێنێ..!.. دەشێت هاوڕۆحی خۆمان ببینین، بەڵام نەتوانین بەدەستیبهێنین یان بیپارێزین.. هەلومەرجەکان و قەدەر ئەو شتانە کۆنترۆڵدەکەن جومان..
مەکربازانە لێم پرسیت: هێشتا وەڵامی پرسیارەکەت نەداومەتەوە!.. ئەو هاوڕۆحەی تۆ کێیە کە بینیوتە..؟
بە توندی پێکەنیت: تۆ بێزارکەری!.. هەرگیز شتت لەبیرناچێت..؟
خۆت دەزانی من هیچم لەبیرناچێت..
بەپێکەنینەوە وتت: ئەرێ پێم بڵێ، لە ڕۆژێکی وەک ئیمڕۆدا چی ڕووی داوە..؟
عەبدولعەزیز!
باشە.. تۆ هاوڕۆحمی.. سوپاسی ئەو چارەنووسەش دەکەم کە پێکەوە کۆیکردوینەتەوە، تەنانەت ئەگەر لێکیش جیابینەوە..
سودی چییە یەکتربببینین، بەڵام جیابینەوە..؟
لانی کەم بەدیداری یەکتر شادبووین!.. زۆرکەس هەن دەیان ساڵ بەدوای نیوەکەی تری خۆیاندا دەگەڕێن، قەدەر دەرفەتی یەکتربینینیان بۆ نارەخسێنێ، یەکتربینینی هاوڕۆح..

ئەوساکە زۆر خەفەتم خوارد عەزیز.. هەستمکرد خەفەتێکی زۆر کنەیکردۆتە ناو دەروونمەوە.. خەفەتم خوارد، چونکە هەمیشە هەستی ئەوەم پێ دەبەخشیت، کە تێپەڕبوونم بە ژیانتدا بەسە، یەکتربینینمان بەسە! بەسروشتی خۆت بڕوات وایە ژیان کاروانێکە ڕاناوەستێ.. دەڕوات و دەڕوات و دەڕوات، بەلای هەزاران کەسدا تێدەپەڕێ و لەبەر کەس ڕاناوەستێ.. هەمیشە لەوە ترساوم ماندووبم و کاروانەکە جێمبهێڵێ.. دەبوایە لەوە تێبگەم ڕۆژێک دێت ماندووبم و ڕێڕەوەکە ماندوومبکات و کاروانەکە جێمهێڵێ..

سەیر ئەوەیە تۆ زۆر گاڵتەت پێدەکردم و نازناوی (لە ڕۆژێکی وەک ئیمڕۆدا)ت! پێ دەبەخشیم..

بەردەوام بە هاوڕێکانمانت دەوت، هاوڕێ بە ڕەچەڵەک بیابان نشینەکەیان وەک ئەو حوشتر وایە کە هیچ شتێک لەبیرناکات!.. منیش هەمیشە لەو وەسفکردنەت توڕەدەبووم.. ڕەتمدەکردەوە پێم بڵێی ژنــە قین لە دڵەکە، بەڵام ئیمڕۆ دەزانم هەڵەنەبوویت و ئەوجارە ناخی ڕاستیت پێکا..

ئەوەتا من لەسەر پشکۆی یادەوەرییەکانمان تلدەدەم، وەک ئەوەی یەکەمجار بێت لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا بژیم.. هەمان ئــازار، هەمان خەفەت و ڕقلێبوونەوە.. هەوڵدەدەم هەندێک لەو شتانە لەبیربەرمەوە کە پیایاندا تێپەڕیوین، کەچی ناتوانم.. وردەکاریی وەردەکارییەکانم بیردێتەوە عەزیز.. هێشتا وردەکارییەکانم لەبیرە، وەک ئەوەی فیلمێک بێت.. ئاە خۆزگە دەتزانی ئەو بیرەوەریانەی بارگاوین بەو هەموو ڕووداوە چەند دڵڕەقن.. چەند ڕقم لە ناسینت و وردەکارییەکانتە..

کاتێک توڕەتدەکەم بە (بزنەمێ) بانگم دەکەیت.. کاتێک دەمەقاڵێمان دەبێت دەبمــە (بزنەمێ)، کاتێک گومانت پێ دەکــەم دەبمــە (psycho)!.. کاتێکیش سەرقاڵدەبم دەبمە (تەمەندرێژ).. کاتێک بە (هیچت پێویستە!) کۆتایی بە پەیوەندییە تەلەفونییەکە دەهێنی.. دەزانم مەسەلەیەک دەشاریتەوە.. کاتێک دەقیژێنی (هەزار جار خواحافیز)، دەزانم مەبەستت ئەوەیە ونبم و جارێکی تر پەیوەندیت پێوە نەکەمەوە، هەروەها بۆ ماوەیەکی درێژ قسەم لەگەڵ ناکەیت!..

ئای خوایە، چەند ئاشنابووم بە وردەکارییەکانت ئازاربەخشە عەزیز!.. هەندێکجار هەستدەکەم دەمەوێ سەری خۆم بشکێنم و لە مێشکی خۆم دەرتبهێنم و لەناو بیروڕاکانم هەڵتکێشم و دوور فڕێتبدەم.. دوور لە کەللەسەرێک کە بوونت تیایدا ئازاریدەدات.. ناشرینترین شت ئەوەیە یادەوەرییەکانت

داگیربکرێن! ترسناکترین شت ئەوەیە کەسێک لە ڕۆحتدا نیشتەجێبکرێت، دلڕەقیش ئەوەیە بژارت لێ زەوتبکرێت عەزیز، بژارەکانت زەوتبکرێن.. لەو ساتەی داگیرتکردوم، هەستدەکەم کۆنترۆلکردنی بڕیارەکانم لەدەستداوە، بژارەکانم گرێدراوی ئارەزووەکانی تۆیە.. هەندێکجار دەقیژێنی، هەندێکجار ڕێگەم پێ دەدەیت، هەندێک جاری تریش بانگمدەکەیت، منیش وەک کۆیلە بەرەوپیرت دێم.. بڕیارەکانت جێبەجێدەکەم، وەک ئەوەی خاوەنم بیت.. چۆن هەموو ئەوانەم لەبیرە و ئەوە لەبیردەکەم کە تیایدا بووم؟!.. ئەوە لەبیردەکەم کە ژنێکی ئازادم و لەسەر ئەوە ڕاهێنراوم خاوەنی بڕیاری خۆم بم!..

ڕۆژێک باوکم پێیوتم: لەبیرت نەچێت بۆ ئەوە خولقاوی ببیتە (خانم)..

ئەوەم لەبیرنەکردوە عەزیز، بەڵام بەزۆر بەکۆیلەتکردم.. باوکم فیری ئەوەی کردم چۆن وەک خانم بژیم، کەچی فێری ئەوەی نەکردم چۆن بەرەنگاری بەکۆیلەکردن ببمەوە.. خۆزگە ئەوەی بکردایە!..

❊ ❊ ❊ ❊

هەمیشە دەوترێ مندالی (ناوەنجی) زولمی لێ دەکرێت و مافی دەخورێت، کەچی من هەرگیز لە خێزانەکەمدا زولمم لێ نەکراوە.. وەک هێلی جیاکەرەوە لەدایکبووم.. دوو پیاو لە خۆم گەورەترو دوو شۆخیش لە من بچوکتر..

واباوە پشکی نۆبەرە لە بایەخپێداندا زۆرە.. هەروەها دوامندال پشکی هەرە زۆری چاودێریکردن و ناز بۆ خۆی دەپچڕێ.. بەپێی ئەم بنچینەیە، دەبوایە من هیچ شتێک بەدەست نەهێنم.. کەچی بەپێچەوانەوە، دایک و باوکم بەناز پەروەردەیانکردم.. دایکم زۆر بەزەیی پیامدا دێتەوە، پێیوایە بەختم لە دنیادا کەمە.. بۆیە هەولدەدات بەخۆشەویستیی زۆر قەرەبووی بڕێک بەختم بۆ بکاتەوە!.. دایکم هەمیشە لەبەردەمی براکانمدا بەرگریم لێ دەکات، ئەو برایانەی سەرەڕای دوورییان لێم و دووریم لێیان شانازییان پێوە دەکەم.. جارێکیان، کاتێک باسی ئەوانم بۆ دەکردی، وتت: تۆ سەیری! کاتێک باسی من یان هاوەلەکانمان دەکەیت دەلێیت (کوڕەکان)، کەچی کاتێک باسی خالید و سعود دەکەیت، دەلێیت (پیاوەکان)!..

ئینجا ئەوە چی تێدایە..؟

بۆچی ئێمە (کوڕان) و ئەوان (پیاوان)ن..؟

بە گاڵتەپێکردنەوە وتم: هەلومەرجەکان وا دەخوازن!..
پێم بڵێ.. جیاوازیی نێوانمان چییە..؟
نازانم..!.. بەڵام براکانم هەرگیز پێیان ناوترێ (کوڕان)!..
دەزانی عەزیز.. هەندێک جار بیر لە هەردوو برا (ناکۆکەکەم) دەکەمەوە، بیر لەوە دەکەمەوە دەشێت یەکێکیان ببێتە هاوڕێت!.. دەزانم خالیدت خۆش ناوێ.. هەست بەوە دەکەم، ئەگەرچی هەستی خۆت بەرامبەری دەرنابڕێ، نەبا خەفەت بخۆم.. دەزانیت چەند ئەو پیاوەم خۆشدەوێ، دەرک بەوە دەکەیت لەناخمدا خۆشەویستییەکی بێگەردم بۆ خالیدی برام هەیە، سەرباری ناکۆکییەکانی نێوانمان کە کۆتایی نایەن.. دەزانم ناڕازیت لە شێوازی مامەڵەکردنی خالید لەگەڵمدا.. دڵڕەقییەک لە مامەڵەکردنیدا هەیە کە مافی ئەو نییە، بەڵام ئەو برا گەورەمە عەزیز، خوێنی وەجاخزادەیی ئەو بەناو دەمارەکانی خوێنمدا هاتوچۆدەکات.. دەزانم ئەوە ڕەتدەکەیتەوە پیاوێکی تر جگە لە خۆت دڵڕەق بێت لەگەڵم، پێتوایە ئەوە تەنیا مافی تۆیە و هەستی ئەوەی خالید تاقەکەسێکە بتوانێت بڕیارەکانی ژیانم کۆنترۆڵبکات دەتترسێنێ.. لەوەپێش پێتوتم، دەترسیت خالید لەسەر هاوسەرگیریمان ڕازی نەبێت..
ئەوساکە لێم پرسیت: بۆچی کاری وادەکات..؟
بە ڕاڕاییەوە وەڵامتدامەوە: ئممم.. دەزانی هەندێک هەڵسوکەوتم هەیە ئەو ڕەتیدەکاتەوە..
پێکەنیم: کەواتە تۆ دەزانی هەندێک هەڵسوکەوتی خراپت هەیە؟
وتت: گرنگ نییە!.. گرنگ ئەوەیە ئێستا خالید کاریگەریی زۆری لەسەر باوکت هەیە.. توانای ئەوەی هەیە لە تۆم بێبەشبکات..
پێموتی: وەرە.. دواتر چارەسەرێک دەدۆزینەوە!..
ئەوکاتە ڕووت وەرگێڕا و ئاسەواری بێزاریت پێوە دیاربوو..
جاربەجار هەستدەکەم لەترسی ڕەتکردنەوە دوودڵبوویت بەرامبەر بە داواکەم عەزیز.. هەستدەکەم بەو هیوایەوە ژیاوی کە شوو بەیەک بکەین، بەڵام قەدەر دەستخەڕۆیکردوی.. ئایا ژنێکی تر وەک من عاشقتبووە عەزیز؟!.. ژنێک کە پاساوت بۆ دەستخەڕۆکردنی هێنابێتەوە.. فێری ئەوە بوویت دەستخەڕۆم بکەیت! ئیتر لەوە تێگەیشتووم کە فێری ئەوە بوویت دەستخەڕۆم بکەیت، بەبێ سڵکردنەوە لە سەرەنجام هەمیشە دەستخەڕۆتکردوم.. پێموانییە ڕۆژێک بیرت لە بارودۆخی پاش لەدەستدانم کردبێتەوە، چونکە هەرگیز چاوەڕوانی

ئەوە ناکەیت لەدەستم بدەیت.. تۆ بەو ئەندازەیە زیرەکی کە تێبگەیت، ژنێکی بەو ڕادەیە نقوم لە خۆشەویستیدا، توانای ئەوەی نییە دوور لە دەوروبەرەکەت و سنوورەکەت ژیان بەرێتە سەر.. بەڵام من لەو دەستخەڕۆکردنە بێزاربووم عەزیز.. چیتر بەرگەی ئەو دڵشکاوییە ناگرم..

شەوێک بە هەڕەشەوە پێتوتم: جومانە.. بریندارم مەکە، هەتاکو ناچارنەبیت برینەکەم بلێسیتەوە..

ئەو شەوە تەنیا هەستم بە سوکایەتی کرد نەک شتێکی تر، خۆت دەزانی من ناچارم برینەکانمان بلێسمەوە، جا بریندارکەربم یان بریندارکراو.. من بە سوێریی برینەکانمان ڕاهاتووم.. ئاشنای تامەکانیانم.. وەک ئەو ماسییەم لێهاتووە کە لە ئاوی سوێردا ئۆکسجین هەڵدەمژێ، پاش ئەوەی ڕاهات لە سوێرییەکەیدا بژی.. ئەوا دەستبەجێ دەمرێت، ئەگەر هەوای پاک لە دەرەوەی ئەو ئاوە سوێرە هەڵمژێت..

دێتەوە یادم جارێک تورەتکردم، بۆیە قیژاندم بەسەرتدا: عەبدولعەزیز!.. تۆ لای (کۆگانی هەرشتێک بە دوو ڕیاڵ) نەتکڕیوم، هەتاکو وام پێ بکەیت..

ئەو کاتە ڕۆژنامەت دەخوێندەوە و جگەرەیەک بە لێوەکانتەوە بوو، لەبیرمە چۆن بەساردییەوە لاپەڕەکەت هەڵدایەوە.. مژێکی درێژت لە جگەرەکە داو وتت: با!..

لەیادمە سەرم خستە سەر مێزەکە و وەک منداڵێکی سزادراو دەستمکرد بە گریان.. کەچی تۆ گوێت پێ نەدا!..

نازانم چۆن بە ئەشکەنجەدانم دڵخۆشدەبی عەزیز.. لەوە تێناگەم چۆن دەتوانی بێبەزەییانە بمبینی، کاتێک لە خەفەتباریی زۆردا وەک باڵندەیەک لە سەرمەرگدا هەڵدەلەرزم.. سەرم ڕووەو تۆ بەرزکردەوە و لێم پرسیت: بۆچی وام پێ دەکەیت..؟

قیژاندت: بۆچی تۆ ئەو هەموو شتانە دەکەیت!..

ئینجا ڕۆیشتیت......!...

دەزانی عەزیز.. ئازاری زۆر دەچێژم، کاتێک بیرم دەکەوێتەوە بەردەوام هەوڵمدا بەزەییت پیامدا بێتەوە.. ترسی لەداستدانت هانیدام وات لێ بکەم بەزەییت پیامدا بێتەوە!.. وات لێ بکەم بەزەییت بەحاڵمدا بێتەوە و میهرەبان بیت بەرامبەر بەوەی پێویستم پێتە و بەزەییت پیامدا بێتەوە.. تۆش لەوە گەیشتبوویت، بۆیە زۆرداری و دڵڕەقیت زیاتربوون و باری منیش خراپتردەبوو..

بڕوام پێ بکە عەزیز، تۆ هۆکاری گریانەکانمی، بەهۆی تۆوە گشت جۆرەکانی گریانم تاقیکردۆتەوە..

متمانەم پێ بکە عەزیز، هیچ شتێک بەئەندازەی گریانی زۆرلێکردن ئازاربەخش نییە، فرمێسکی زۆرلێکردن لەوانی تر سـوێرترە!.. متمانە بە ژنێک بکە کە لەسەر سوێری ڕاهاتووە، وەک ئەوەی بەدرێژایی ژیانی وەک ماسی ژیابێت..

❊ ❊ ❊ ❊

خۆم لە موحازەرەیەک دزییەوە بۆ ئەوەی یەکێک لە هەوڵدانە شیعرییەکانی خۆمت پیشانبدەم.. زۆر شادمانبووم بەوەی نووسیبووم.. پاش خوێندنەوەی بەدیقەتەوە وتت: جومان!.. هەوڵبدە بە هێمنی بنووسیت.. لە قەسیدەکانتدا هەمیشە هەستی توڕەبوونی خۆتم پێ دەبەخشیت.. پێموایە قەڵەمەکەت لەکاتی نووسینی ئەم هەوڵە و بەهۆی توڕەبوونی زۆرەوە شکاوە..

بەڵام من ئەوەم بە مەزاجێکی باش نووسیوە!..

لەوانەیە هەندێک پاشـماوە هەبێت.. بەڵام گرنگ ئـەوەیـە توڕەیی بـە وشەکانتەوە دیارە..

ئەو ڕۆژە پێت نەوتم ئاخۆ قەسیدەکەم باشە یان هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێی بوترێ (قەسیدە).. هەمیشە خۆت لەوە بەدوورگرتوە ڕای خۆت لەسەر شیعری من دەربڕیت!.. هەتاکو گەیشتومەتە ئەو بڕوایەی تۆ بڕوات بەوە نییە کە من دەینووسم.. هەستم بەدڵشکاوی کرد، بۆیە هەوڵمدا بابەتەکە بگۆڕم.. لێم پرسیت: دوێنێ شەو پەیوەندیم پێوە کردی وەڵامت نەدامەوە، لەکوێ بوویت..؟

بەدەم باوێشک و گاڵتەپێکردنەوە وتت: لای سامانتای هاوڕێم بووم!..

چەندین ساڵە باسیدەکەیت و هێشتا سامانتای خۆشەویستت پێ نەناساندوم!..

دەترسم لــە دژم هانیبدەی.. نامەوێت تێک بچێت.. سـامانتـا خۆشیدەوێم، نازم هەڵدەگرێ.. داواکارییەکانم جێبەجێدەکات.. متمانەی پێمەو ڕازییە..

ئەی من..؟!..

بەدەم بژاردنی پەنجەکانی خۆتەوە وتت: تۆ؟!... ئمم.. زمان درێژی!.. داواکاریت زۆرە.. توڕەی.. دڵپیس و بەگومانی..

لێم پرسیت: کەواتە بۆ خۆشتدەوێم؟

مەگەر لە خوا بپرسیت، خۆشمدەویێی!..
هەراسانکارانە پێموتی: عەزیز! پێت چۆنە برای سامانتام پێ بناسێنی و لەدەستم ڕزگارت بێت!..
ناوچەوانت گرژکرد و هاوارتکرد: ئێلخاندرۆ؟!..
ناوی ئێلخاندرۆیە..!.. قەیناکە..!.. پێمی بناسێنە..
کچێ!.. شورەییە..
ئەی «شورەیی» نییە بۆ تۆ!..
نەخێر.. من پیاوم..
لەم مەسەلانەدا جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا نییە..
دەستت خستە سەر مێزەکە و لێم نزیکبویتەوە: با!.. جیاوازیی هەیە.. جیاوازییەکی زۆر شیرینەکەم.. من دەتوانم تۆم خۆشبوێ و پەیوەندیی لەگەڵ دەیانی تردا ببەستم، چونکە پیاوم، بەڵام تۆ ناتوانی ئەوە بکەیت، چونکە کچی..
بە ملنەدانەوە پێموتی: تۆ داماوی ئەگەر بڕوات بەوە هەبێت پیاو هەندێک مافی هەیە کە ژن نییەتی.. خیانەتکردن هەر خیانەتکردنە، جا خائینەکە پیاو بێت یان ژن..
بەڵکو تۆ داماوی ئەگەر پێتوابێ لەو مەسەلانەدا هەردووکیان وەک یەکن!.. بەهەرحاڵ پشت بەخوا تیۆرەکەی خۆمت بۆ دەسەلمێنم..
نا بابە!.. چۆن دەیسەلمێنی.. کەسێکی ترت خۆشدەوێ..؟
نەخێر..!.. دەتهێنم بەیبی، دەتهێنم و سێ ژنی تریشت بەسەر دێنم!.. هەر ژنێکیان لەویتر جوانتربێ..
کێ ڕێگەت پێ دەدات ژنم بەسەر بهێنی..؟
شەرع و یاسا و خۆم..
پێتوایە ژنێکی وەک من لەگەڵ مێردێکدا دەمێنێتەوە کە ژنی بەسەر هێنابێ؟
لەباری ئاساییدا ژنێکی وەک تۆ لەگەڵ مێردێکدا نامێنێتەوە کە ژنی بەسەربهێنێ، بەڵام لە باری ئێمەدا لەگەڵمدا دەمێنیتەوە..
ئەوە تەنیا لە خەونەکانتدایە خۆشەویستەکەم..
پەنجەی دۆشاومژەت دا لە لوتم بۆ ئەوەی بموروژێنی، وتت: بتەوێ و نەتەوێ بەردەوام دەبیت..

پەنجەتم بەتوندی دوورخستەوە، بەدەم پێکەنینەوە وتت: بۆچی تورەیت..؟!..
تۆ یەکەمین ژنم دەبیت.. ئازیزەکەم..!

کتوپڕ دەنگی هەیفا لە پشتمەوە بەرزبۆوە، بۆیە ترساین: ناشێت دەستی لێ بەرزکردبیتەوە..

وتت: ئای خوایە!.. لەکوێوە هات..؟

بەدەم ڕاکێشانی کورسییەکەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵمان دانیشێ، وتی: لە ئاسمانەوە هاتمە خوارەوە!..

وەڵامی ئەوت دایەوە: پێموانییە.. چونکە ئەوانەی وەک تۆ لەژێر زەوییەوە دێنە دەرەوە هەیفا..

بەدەم پێکەنینەوە لێم پرسی: هەفە!.. موحازەرەکە چۆن بوو..؟

خۆش بوو..!.. خۆ کاتێکی نەگونجاو نەهاتووم..؟

پێتوت: هەیفا..!.. لە گۆرانیەکاندا بەڕازوگلەییت بەر گوێ نەکەوتوە؟

بەبێزارییەوە وتی: نەخێر..

وەڵامتدایەوە: بێگومان بەرگوێت کەوتوە هەیفا.. هەوڵبدە بیرتبکەوێتەوە!..

کەللەڕەقانە وتی: نا.. بەرگوێم نەکەوتوە!.. چییەتی..؟

بەدەم قاوە خواردنەوەوە: هیچ.. سەلامەتیت..

بەدادو بێدادییەوە پێموت: هەفە!.. عەبدولعەزیز دەیەوێ ژنم بەسەربهێنێ..

هەیفا وتی: ماشەڵا!.. پێش ئەوەی بیهێنێ ژنی بەسەردێنێ؟

وتت: تۆ هەقت چییە بەسەرەوە هەیفا؟.. تۆ دایکی ئەویت..؟

ناشێت چاوەڕوانی ئەوە بیت ڕۆژێک لە ڕۆژان کچی خۆمت بدەمێ..؟

وتت: ئەی تۆ پێتوایە کچێک دەهێنم تۆ دایکی بیت..؟

زۆر پێتان پێدەکەنیم، نازانم بۆچی ڕۆژێک دڵم لە هەیفا پیس نەکردوە..
هەیفا زۆرجار لەگەڵماندا دادەنیشێ و زۆر لەگەڵماندا دێتەدەرەوەو هەرگیز سڵم لێ نەکردۆتەوە.. ئەگەرچی من ژنێکی نیمچە شێتم و دڵم لە سێبەری هەر ژنێک پیسە!

لە ماڵی باتی و ڕۆبێرت بوین، کاتێک بەهۆی دڵپیسیمەوە (بەڕای تۆ چاوەڕوان نەکراو) دەمەقاڵێمان بوو.. ئەو ڕۆژە بەدەم قیژانەوە پێتوتم: تۆ شێتی!.. دڵت بەرامبەر بە سێبەری خۆت پیسە!..

قیژاندم بەسەرتدا: ئەوە ڕاست نییە، ئەگەر وابوایە ئەوا هەیفام لەگەڵ خۆماندا نەدەهێنا بۆ هەمووشوێنێک.. ئەگەر بەو ئەندازەیە شێتبومایە،

وام لێ نـەدەکـرد تـەلـەفـونـت بـۆ بکـات و لەگەڵتـدا بێتـە دەرەوە..

دەمارەکانی ملت خەریکبوو دەتەقین، وتت: بۆچی هەیفا بە ژن دادەنێی..؟؟ بێئاگایانە هاوارمکرد: ڕاستدەکەیت!.. هەیفا هەزارجار لە تۆ (پیاوترە)!..

لەبیرمە چۆن چاوەکانت وەک زەبەلاحێکی توڕە سووربببوونەوە و سەرتاپات گرژبوو، تەنانەت لەترسی زۆردا بەرامبەر بە گرژبوونەکەت، هەستم بە بچووکبوونەوەی خۆم کرد.. چەرخەکەت فڕێدایە سەر زەوی و بەدەنگێکی نووساو، ئەنجامی هاوارکردن، قیژاندت: کەواتە شوی پێ بکە!

کاتێک پاش ڕۆیشتنت گوێم لە داخستنی توندی دەرگاکە بوو، باتی بەپرتاو هات بۆ لام: جومانە، چی ڕووی داوە؟

بەدەم گریانـەوە و ئەنجامی توڕەبوونـم پێمـوت: تێناگات!.. ئەو پیـاوە تێنـاگـات!..

دەستی ڕاکێشـام و دانیشاندم: جومانە.. قەیناکـە..!.. من لە توڕەبوونی عەزیز تێدەگەم..

ئاخر بە هۆ و بەبێ هۆ توڕەدەبێت باتی..

لە شوشەی ئەستووری چاویلکەکانیەوە چاوی تێبڕیم و پێیوتم: جومانە!.. من لە دابونەریتتان تێناگەم و ڕێزی حەرامکراوەکانی ئایینەکەتان دەگرم.. بەڵام سێکس بەهێزترین کۆڵەکەی خۆشەویستییە جومانە..

بەتوڕەییەوە پێموت: تکایە باتی!.. مەسەلەکان تێکەڵوپێکەڵ مەکە.. ئەوە پەیوەندیی بە ناکۆکییەکانمانەوە نییە..

دەستیهێنا بەسەر پشتمداو وتی: جومانە!.. من ژنێکی بەساڵاداچووم و بە ئەزموونی زۆردا تێپەڕیوم، ئەوەش وای لێ کردوم لە حەزەکانی پیاو تێبگەم.. جومانە بڕوا بەوە مەکە پیاوێکی عاشق حەز لەو ژنە نەکات کە هەمووڕۆژێک لەبەردەمیدایە. تەنانەت ئەگەر ئایینەکەشتان ڕێی ئەوەتان لێ بگرێت.. بەدووری مەزانە عەزیز حەزبکات چێژت لێ وەربگرێت!..

پێموت: مەبەستت چییە لەو قسانە باتی..؟

وتم: لە توڕەبوونەکەی تێبگە!.. دەستبەرداربوونی لە زۆر مەسەلەی بنچینەیی لەبەر خۆشەویستیی تۆ بەرز بنرخێنە..

ئەوکاتە بەدوو چاوی کۆڵنەدەرانەوە هاتیتەژوورەوە.. هەر کە دەرگاکەت داخست، باتی سەرزەنشتیکردی: عەزیـزا!.. تۆزێک لەمەوبـەر خەریک بوو دەرگاکە بشکێنی!

بەدەم پەنجەڕاکێشانتـــەوە بۆ من وتـــت: جاری داهاتوو بەســـەری ئەودا دەیشکێنم!

بەزەردەخەنەوە بۆڵەبۆڵیکردو وتی: ئای کە پڕوپوچن!

لەبەردەممدا دانیشتی.. بەدەم یاریکردنەوە بە سویچەکانی ئوتومبیلەکە وتت: ئەگەر بمزانیبایە هێشتا لێرەیت، نەدەگەڕامەوە!

چاوەڕوانی تۆ نەبووم، مامەوە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ باتی بکەم..

باسی چیتان دەکرد..؟

زۆرشت..

ئەو شتانەناویان نییە..؟

با!.. مەسەلەی حەیابەر..

بە سەرسوڕمانەوە برۆکانت بەرزکردەوە: مەسەلەی «بێئەدەبی»..؟

شتێکی لەو جۆرە..

باتیی خراپـــەکـار!.. دەمزانی بێئەدەبــە.. هەرگیز لەگـەڵی دامەنیشە.. تێگەیشتی..؟

خۆت بەتەنیا لەگەڵ ئەو جێتهێشتم..

زۆر سەیرتکردم و بەنەرمونیانی پێکەنیت، بەدەست هێمات بۆ کردم: وەرە!.. سەرم ماچبکەو بڵێ «داوای لێبوردن دەکەم» خۆشەویستەکەم..

پەنجەم بەڕووتدا بەرزکردەوە و ڕەتمکردەوە..

وتت: وەرە، پێش ئەوەی جنۆکە بێتە ناو لەشمەوە و توڕەبم و پەنجەی جوانت بشکێنم مەدالییەیەکی لێ دروستبکەم و بە ئاوێنەی ئوتومبیلەکەمدا هەڵیواسم!..

ماچێکم بە هەوادا بۆ ناردی.. بە گاڵتەپێکردنەوە پێتوتم: ئـەوە لەکوێ بگۆڕمەوە..؟

هەستام و ناوچەوانم ماچکردیت و داوای لێبوردنم کرد، ئەوەی ئەوکاتە تۆی ببینیایە، بڕوای نەدەکرد تۆ ئەو پیاوەی خەریکبوو پێش چەند خولەکێک دەرگاکە لە دیوارەکە هەڵکێشی!..

وتت: گوێبگرە.. شەیتان «بەنەعلەتکە»و بیروڕا خراپەکان لەخۆت دووربخەرەوە.. تۆ کارەساتی ژیانی منی، تاقە کارەساتێکم بەسە.. شێت نیم کارەساتێکی تر بهێنمە ناو ژیانمەوە!

بەکەللەڕەقییەوە وتم: بەڵام تۆ حەزت لە کارەساتەکانە..

بە بێحەوسەڵەییــەوە وتت: هەمووشتێکی مێینەت لەبەرچاوم ڕەشکردوە.. تکایە بەزەییت پیامدا بێتەوە..!.. بە گومانەکانت مەمدۆڕێنە جومان..

باشە عەزیز.. هەوڵدەدەم ئارامتربم..

بەپەنجەی دۆشاومژەت هەڕەشەتکرد: مەسەلەیەکی تر هەیە.. ئەمە دواجارە ڕێگەت پێ بدەم سوکایەتیی بە پیاوەتیم بکەیت..

مەبەستم نەبوو.. توڕەبووم..

وریابە جومانە.. ڕێگەت پێ نادەم جارێکی تر سوکایەتیی بە پیاوەتیم بکەیت، تەنانەت لە کاتی توڕەبووندا.. تێگەیشتی؟

بەترسەوە وەڵامدایتەوە: تێگەیشتم..

ماوەیەک بێدەنگبوویت و پێکەنیت: قسەی خۆمان بێت.. لە ئاخاوتنەکەی تۆ و باتیدا شتێک هەبوو دەربارەی پیاوەتیی من..؟

چۆن زانیت..؟

پێکەنیت: باتی فیتنەباز!.. گوێبگرە.. دەزانم باسی چیتان کردوە، پێشتر دەربارەی هەمان بابەت قسەی لەگەڵ منیش کردوە.. گوێی مەدەرێ، ڕێگەمەدە قسەکانی نیگەرانت بکەن..

ئای عەزیز!.. ئەوکاتە چەند نەرمونیان بوویت، لە نەرمونیانیتدا هاوارێکی نێرانە هەبوو، کە خامۆشیی مێیەتیی منی دەبزواند.. ئەوساکە هەستمکرد دڵم بەتوندی لێدەدات و پێموابوو دەنگی لێدانەکانی وەک دەهۆڵ لێدان دەنگیدەدایەوە.. هەندێک جار هەستی ئەوەم دەدەیتێ کە کۆترێکی سپیم لەناو دەستە بەهێزەکانتدا، هەڵیدەدەیت بۆ ئەوەی بە ئاسماندا بفڕێت، لەکاتێکدا دڵی لە شادی و خۆشەویستی و ئازادیدا لێدەدات.. نازانم چۆن بە وشەیەک یان دوان هەڵمدەدەی بۆ دوورترین ئاسمان عەزیز.. بەڵام دەزانم چۆن دەمگەیەنیتە سەرمەستیی فڕین!.. ئای عەزیز.. چەند سەرمەستییەکی بەتام و چێژە!..

* * * *

باوکی شــاری/ بیابانیم زۆر خووی بیابانشینانی هەیــە، هەندێکیانم خۆشــدەوێ و ڕقم لە هەندێکی تریان دەبێتەوە!.. باوکم عاشقی هەڵۆیە، ئەسپ پەروەردەدەکات و لە دوو گەشتی ڕاوکردنی ساڵانەدا ئاسک ڕاودەکات. لە بەدبەختیی باوکمدا هیچ کامێک لە براکانم هاوبەشی ئەو حەزانەی ئەو نین، بەپێچەوانەی منەوە کە لە منداڵیمەوە زۆر ئەسپم خۆشویستوە..

هەمیشە چاودێریی باوکم کردوە کاتێک وەک سوارچاکێکی عەرەب سەردەمە کۆنەکان گۆڕەپانی ئەسپسواریی دەبڕی.. بەربەستێکی تێدەپەڕاند و بەسەر بەربەستێکی تردا دەفڕی، لەوکاتەدا من بە پەرۆشیی خواستێکەوە لەگەڵیدا دەفڕیم کە دەمزانی هەرگیز نایەتەدی!.. کەمیی ڤیتامین دیی (بۆماوە) ڕێگەی لێ گرتم وەک باوکم ببمــە (سوارچاک).. لە منداڵییــەوە بەدەست کەمیی مەترسیداری ڤیتامین دییەوە ناڵاندومە، ئەمەش ئەگەری شکانی هەر جێگەیەکی لەشمی زۆرترکردبوو.. بەتایبەتی کە من هەتاکو ئێمڕۆ دەرمان ناخۆم، چونکە ناتوانم حەب و کەپسول قوتبدەم.. نازانم چۆن خەڵک دەتوانن شتێکی ڕەقی وەک ئەوانە بەبێ جوین قوتبدەن!..

هەرجارێک باوکم چوبێت بۆ کێڵگەکە، تکام لێ کردوە ڕێگەم پێ بدات سواری ئەسپ بم، بەڵام ئەو حەزەم ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەی باوکێکی بەپەرۆش و دایکێکی ترساو دەبۆوە.. واقوڕمانی پزیشکەکان لە منداڵیمدا زۆربوو، چونکە کەمیی ڤیتامینەکان بەڕادەی سەرنجڕاکێش بوو.. کەچی هەرگیز توشی شکان نەبووم!.. لەبیرمە پزیشکێک پاش ئەنجامدانی هەندێک خولەشیکردنەوە بە دایکمی وت: (خانمەکەم، یان شیکردنەوەکان هەڵەن، یاخود کچەکەت وەک فریشتە ئارامە.. دەگمەنە کچێک بازبدات و یاریبکات شوێنێکی نەشکێ).. لەڕاستیدا وەک کچێکی بێدەنگ گەورەبووم و ڕۆژەکانی خۆم لەگەڵ بوکەکانم و دوور لە دەنگەدەنگی دوو کوڕ بەسەردەبرد، ئەو کوڕانەی چەند ساڵێک لە من گەورەتربوون و حەزم لە دەنگەدەنگ و توندوتیژیی یارییەکانیان نەبوو، ئەوانیش حەزیان لە ساردی و ئارامیی یارییەکانم نەبوو..

لەناو نەوەیەکی کوڕاندا لەدایکبووم، سوپایەک کوڕەمامم هەبوو، تاقە کچی ناو ئەو تیپەی تۆپی پێ بووم!.. کۆمەڵێک کوڕ، کە هەندێکیان ساڵێک گەورەترن و ئەوانیتریش بچووکتر.. پێش لەدایکبوونی دوو خوشکەکەم تاقە کچ بووم، ئەمە بێجگە لە تیپێکی تری تۆپی پێی «کچانە» کە دوای من هات و پشکی مێینەی خێزانەکەیان زیاترکردین!..

لەبیرمە چۆن ئامۆزاکانم لەسەر یاریکردن لەگەڵمدا دەمەقاڵێیان دەبوو، چۆن بە لوتبەرزیی تاقە کچێکی نازدار سەیرمەکردن.. ئەو نامەو وێنانەت دێتەوە یاد، کە لە دوا سەردانیکردنی (ڕیاز)دا لەگەڵ خۆم هێنامن عەزیز؟.. دەیان نامەی خۆشەویستی سەردەمی منداڵم بۆ خوێندیتەوە، کە لەلایەن کوڕەکانی خێزانەکەمەوە نێردراون.... ئەگەر هەقیش بڵێین، ئەوان «ناچاربوون»

خۆشیانبوێم، چونکە ئەوکاتە جگە لە من کچێکی تر لەئارادانەبـوو.. بەڵام ئەوەم لەیادکرد پێت بڵێم، یان بابڵێین لەبــەر مەبەستێکی مێیانە لەناخی خۆمدا پشتگوێم خست!..

ئەوکاتە خوێندتەوە و وتت: وەیش توخوا!..

ئێمە منداڵ بووین..

ئاوڕت لێ دامەوە و بەئیرەییەوە وتت: منداڵ بوون، بوون هێمایە بۆ ڕابردوو!.. تۆ ئێستا بویتەتــە ژن و ئەوانیش پیاون.. ئـەو دوو کردارەش هێمان بـۆ ئێستا و داهاتوو..

بەپێکەنینەوە پێموتی: نیگەران مەبە خۆشەویستەکەم.. هیچ پیاوێکی خێزانەکــەم بیر لــە ژنێکی یاخــی ناکاتــەوە کــە لە غەریبایەتی بــە تەنیا دەژی..

پێتوتم: چۆن دەزانی؟!.. لەوانەیە یەکێکیان ئەوە بکات..

عەزیز مەترسە، دەزانم گەنجانی خێزانەکەم چۆن بیردەکەنەوە!.. هیچیان بەمن ڕازی نابێت.. گرنگیش نییە یەکێکیان حەزی لە من بێت، گرنگ ئەوەیە من حەزم لە کێیە!..

شادمانی لە چاوەکانتدا دەدرەوشایەوە، وتت: تۆ حەزت لە کێیە..؟

بەزەردەخەنەوە پێموتی: جارێ پێم بڵێ، تۆ حەزت لە کێیە..؟

حەزم لێتە!.. حەزم لە تۆیە.. حەزدەکەم منداڵێکی جوانم پێ ببەخشی، کە لە خۆت بچێت.. برازاکانی تۆ و منیش نامەی خۆشەویستیی بۆ بنێرن، هەتاکو لەبەردەمی دەرگاکەمانــدا لــە خاچیانبدەم و بیانکەمــە پەند بۆ ئەوانی تریش..

بەدەم پێکەنینەوە وتم: بەبەزەیی بە!

وتت: من پیاوێکم ڕازی نابم هیچ کەسێک چاوبازی لەگەڵ کچەکەیدا بکات..

ئەی کوڕەکان؟.. کوڕەکانمان..؟

مەبەستت کوڕە گەنجەکانمانە..؟!..ئیمم پشت بەخوا سەرسەری دەردەچن!.. خراپەکاری بڵاودەکەنەوە!

بەدەم خوایەگیان تۆبەوە، دەستم خســتە ســەر دەمــت، هەتاکو ڕێگەی تەواوکردنی قسەکەت لێ بگرم.. تۆش پێدەکەنیت..

دەستمت لەســەر دەمت لابــرد و وتــت: چیتە!.. ڕێگر چییە کوڕەکانم بە ئازادی بژیــن..؟!.. وازیان لێ بهێنە هەتاکو کاتی ناسینی ئەو کچەی

هەریەکێکیان سەرکوتدەکات و دەبەستێتەوە و «ژیانی تاڵدەکات»، وەک ئەوەی تۆ لەگەڵمدا دەیکەیت، با ڕابوێرن..

ئەوکاتە ئاخاوتنەکەتم فەرامۆشکرد، چونکە دەمزانی دەتەوێ زیاتر تورەمبکەیت، بۆیە ئەو وێنانەم پێ دایت کە داواتکردبوون.. لەوەبەر داوای هەندێک وێنەی منداڵیمت کردبوو، هەتاکو خۆت وتەنی دڵنیابیت لە «بەرهەمەکەی خۆمان».. زۆربەی وێنەکان هی جەژنەکانی لەدایکبوونم بوو لە خێوتگەکانی خێزانی یان لە کێڵگەکە.. تەنانەت ئەو ڕۆژە ناوی من و باوکمت نا (شوان و مەڕەکەی)..

پێت سەیربوو ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون لە بیاباندا سازبکرێ، کێکەکەش مەڕی سەربڕاو بێت.. بە ناکۆکیی خێزانە شاریی دەشتەکی، دەشتەکیی شاریمان پێدەکەنیت.. زۆربەی وێنەکانی منداڵیم لەگەڵ باوکم بوو، ئەو باوکەی زیاتر شانازی بە منەوە دەکرد، هەتاوەکو براکانم.. هەرجارێک بچوومایەتە مەجلیسی باوکمەوە، بەئامادەبوونی مامەکانم، پێمەوە دەینازی و پێشوازیی لەو ئاسکە مێیە دەکرد کە هاتبوە ناویان.. لە نۆزدەهەمین ساڵی جەژنی لەدایکبوونمدا باوکم تاوسێکی پێشکەشکردم.. هەرجارێک دەگەڕێمەوە بۆ نیشتمان، باوکم دەمبات بۆ بینینی، هەتاکو وەبیرمی بهێنێتەوە ژنێکی وەک من دەبێت وەک تاوس بژی.. لەبیرمە باوکم چۆن لە برا گەورەکانم تورەدەبوو، کاتێک فەرمانی کارێکی زۆر بچووکیان پێ دەکردم..

ئەو ڕۆژەم دێتەوە یاد، کاتێک منداڵێکی بچووک بووم و لە باوەشی خۆیدا داینیشاندم و وتی: جومانە!.. گوێ لەوە بگرە کە پێتیدەڵێم و هەرگیز لەبیری نەکەیت.. جومانە ڕازی نەبیت کەس فرمانت بەسەردا بکات!.. سەری خۆت بۆ هیچ بوونەوەرێکی سەر ڕووی زەوی شۆڕنەکەیت.. تۆ کچێکی ملدرێژی، ملدرێژەکانیش لوتبەرزانە دەژین.. هەرگیز ئەوە لەیادنەکەیت کە تۆ کێیت و لەبیرتبێ تۆ بەلای منەوە شازادەی کەسوکارتی..

دەزانی عەزیز.. هەندێک جار، کاتێک ئەگەری ئاشکرابوونی وردەکارییەکانی نێوانمان، یان دەرکەوتنی ئەوەی تۆ بەمنی دەکەیت بەمێشکمدا دێت، ڕادەچڵەکم.. زۆر بیرم لەوە کردۆتەوە، چۆن باوکم ڕازیدەبێت کچە لوتبەرزەکەی و شازادەی کەسوکارەکەی (بەبڕوای خۆی) دەداتە پیاوێک، کە جگە لە زەلیلکردنی هیچی تر نازانێ.. چۆن باوکم بەتۆ ڕازیدەبێت عەزیز..؟!.. چۆن شاژنت پێشکەشدەکات، هەتاکو شایستەی شکۆداریی بیت..؟

لە سەردانێکمدا بۆ (ڕیاز) باوکم باسی کەسێکی بۆ کـردم کـە هاتبوە داواکاریم و لە (خێزانێکی) ناودار و بەناوبانگ بوو!

باوکم ئەوکاتە پێیوتم: جومانە.. من (ئاسکەمێ) نادەم بە هەرکەسێک.. هەرکەسێک ناتوانێت ئەو کچە بهێنێ کە خۆشمدەوێ و لوتبەرز و ملدرێژە..

ئەو شەوە بە شادمانی و شانازییەوە باسی ئەوەم بۆ کردی، تۆزێک بێدەنگ بوویت و بە دڵشکاوییەوە وتت: ئاخ!..

بەسەرسامییەوە لێم پرسیت: چی بووە..؟

پێدەچێت باوکت زۆر ماندووم بکات..

ئەو ڕستەیەم دووبارەکردەوە، کە هەمیشە کاتی باسکردنی ئەو بابەتە وتومەتەوە: وەرە پێشەوە هەمووشتێک باشدەبێت..

پاش بیرکردنەوە وتت: دەزانی جومان.. کاتێک لەگەڵ دایکم دادەنیشم.. هەندێک جار زۆر حەزدەکەم باسی تۆی بۆ بکەم و لەبارەی تۆوە قسەی بۆ بکەم.. بەدەنگت ئاشنایبکەم، پیاتدا هەڵبدەم، هەتاکو تورەبێ و هەرەشەم لێ بکات: عەبدولعەزیز تۆ بێحەیای!.. بەڵام نازانم بۆچی دەترسم و ئەوە ناکەم..

بەکەڵلەڕەقییەوە پێموتی: من دەزانم بۆچی!

بەتوڕەییەوە لێت پرسیم، وەک ئەوەی پێشوەخت وەڵامەکە بزانی: بۆچی ئەی بلیمەت..؟

چونکە خۆشت ناوێم!

بەهەڕەشەوە هاوارتکرد: جومانە!

لە ترسی توڕەبوونت و لەبەرئەوەی خۆت وتەنی جنۆکەیەک نەیەتە ناو لەشتەوە بێدەنگبووم..

تارمایی باوکم دەهاتــە بەرچــاوم.. ئاهـ بـۆ لوتبەرزی و خۆبەزلزانینی کچـە خۆشەویستەکەی هەڵدەکێشێ، ئاسکەمێ کە لوتبەرزە و شازادەی کەسوکارەکەیەتی و ملدرێژە..

❋ ❋ ❋ ❋

ئێستا دێتەوە یادم چیت پێ دەکردم عەزیز، بۆیە توشی دۆشدامان دەبم!..

زۆرجار هەوڵتداوە بمگەیەنیتە چڵەپۆپەی توڕەیی و پەستی و خەفەتباری.. ئینجا هاتویت و خەفەتباری و پەستی و تورەبوونت لێستۆتەوە، وەک ئەوەی

چێژ لە ساڕێژکردنی برینەکانم وەربگریت، پاش ئەوەی هەڵتدڕیون.. هەمیشە دەمگریێنی، بۆ ئەوەی بەنەرمونیانی و سۆزی زۆرەوە فرمێسکەکانم بسڕیت.. چێژ لە زەلیلکردنم وەردەگریت، هەتاکو نازم هەڵبگریت، وەک ئەوەی خوا جگە لە من ژنی تری نەخوڵقاندبێ.. سادییەتی تۆ سەرسامدەکات عەزیز.. زەوتکردنی هەرشتێکم کە حەزی لێ بکەیت توشی سەرسوڕمانم دەکات، وەک ئەوەی هیچ تاموچێژێک لە بەدەستهێنانی ئارەزوومەندانەی وەرنەگرێت!.. چێژ لە هیچ وەرناگریت، بەئەندازەی چێژوەرگرتن لە زەوتکردنی هەمووشتێکم عەزیز.. نەخۆشین! ئێمە دوو نەخۆشین.. تۆ نەخۆشی، چونکە حەزت لە ئەشکەنجەدانمە.. من نەخۆشم، لەبەر ئەوەی ئەشکەنجەدانت قبوڵدەکەم، وەک ئەوەی ناچاربم.. تۆ بە سادییەتی خۆت نەخۆشی، منیش بە مازۆشییەتی خۆم.. کەواتە چۆن قەدەر نەخۆشێک بەهۆی نەخۆشێکی ترەوە سزادەدات، وەک ئەوەی دەردەکەی خۆی بەس نەبێت و پێویستی بە دەردێکی تر هەبێت..

هەردووکمان ئالودەبووین عەزیز.. ناقابیلانە ئالودەی یەکتر بووین، بۆیە نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک.. هەردووکمان شایستەی بەزەییپیاهاتنەوە بووین، کەچی بەزەییمان بەیەکتردا نەهاتەوە و بەردەوامبووین لەسەر سروتەکانی ئالودەبوون، ئەگەرچی ڕقمان لێی بوو و وێرانیکردین و ئەشکەنجەیداین!.. بەو ئەندازەیە خراپ نەبووم عەزیز.. بەڕادەیەک خراپ نەبووم عەزیز، کە شایستەی پیاوێکی وەک تۆ بم، کەواتە بۆچی گیرۆدەی دەستی تۆ بووم عەزیز.. بۆچی شەیدای توڕەکردنی منی.. لەبیرمە جارێکیان لەسەر هەڵسوکەوتەکانی خۆت دەمەقاڵێمان بوو!.. پێتوتم: دان بەخۆتدا بگرە.. ڕۆژێک خوا ڕێگەی ڕاستم نیشـاندەدات..

قیژاندم بەسەرتدا: کەی؟!.. کەی خوا ڕێگەی ڕاستت پیشاندەدات..؟

کاتێک ئارەقی توڕەبوون لەناوچەوانت دەهاتەدەرەوە وتت: چوزانم؟!.. ئەگەر بێحەوسەڵەی لەگەڵمدا، بۆچی خۆشتویستم؟

ئەگەر بمزانییایە ئەوەندە تڕۆیت، ئەوا خۆشم نەدەویستی، بەڵام بەداخەوە بەیغزان نیم..

بەیغ!.. سەرەتا فێربە چۆن قسەدەکەی.. غەیبزان نەک بەیغزان..

تۆ فێری قسەکردنم دەکەیت..؟

دەستەکانت لەسەر کەمەرت داناو وتت: بۆچی هەستدەکەم بەبێ لێدان ڕێک نابیتەوە لەگەڵمدا..؟

قیژاندم بەسەرتدا: دەست لە ژنێک بەرزدەکەیتەوە ئەی پاڵەوان..؟!.. دەزانی!.. هەر ڕۆژە و شتێکت تیادە دەدۆزمەوە کە (دامدەچڵەکێنێ)..

لەپی دەستت بەڕوومدا بەرزکردەوە و وتت: ڕاوەستە ..!.. مەبەستت لەوە چییە..؟

ڕووخسارت ئەوپەڕی جیدیبوونی پێوە دیاربوو.. منیش فێیەکی توڕەبوونی توندم بۆ هاتبوو، هەمیشەش لە کاتی ئەو جۆرە فێیەدا پیتەکانم تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون، ئەمەش ئاخاوتنەکانی بەپێچەوانەی سەرەتاکەی دەبرد.

بە خەمبارییەوە پێکەنیم: بۆچی سووریت لەسەر خەفەتبارکردنم..؟

وتت: مەبەستم نییە خەفەتبارتبکەم، بەڵام پێویستم بە وەرگێڕێکە بۆ ئەوەی لە قسەکانت تێبگەم.. چۆن دەتوانم وەڵامتبدەمەوە، ئەگەر نەزانم چی دەڵێی..؟.. ها!.. چۆن..؟

لەبیرمە خەریکبوو لـە پێکەنینـدا لەسـەر کورسییەکە دەبورامەوە، لەسەر کورسییەکە پاڵمدایەوە و تۆش بەدەم زەردەخەنەوە سەیرتدەکردم..

وتم: عەبدولعەزیز گوناهت دەگات..!.. بەزەییت بە ئەقڵ و مێشکمدا بێتەوە.. سوێندەخۆم شێتدەبم..!..

بەگاڵتەپێکردنەوە وتت: سوێندمەخۆ کاتێک بەیغزان نیت..

ئەوە تەنیا هەڵەیەکی زارەکی بوو.. بەهۆیەوە ئابڕووم مەبە..

دەستتهێنا بە قژمدا و وتت: زوویر بوویت..؟

چی..؟

توڕەبوویت..؟

بەکورتی وەڵاممدایتەوە: نەخێر...

باشە، تۆ جوانی؟

بەکوێرایی چاوی تۆ..

بە وەڕسییەوە وتت: باشە ناگریت!..

بەخەمبارییەوە پێکەنیم: دەزانی تۆ نەخۆشیت..

باشە من نەخۆشم، گرنگ ئەوەیە نەگریت!..

قیژاندم بەسەرتدا: دەبینی بگریم؟..

بە وەڕسییەوە وەڵامتدامەوە: گرنگ ئەوەیە نەگریت..

لەبیرمە سەرمبرد بۆ دواوە و بەهەردوو دەستم دەموچاوی خـۆم داپۆشی و لە خەفەتدا دەستمکرد بەگریان.. هەستم پێ کردی لە تەنیشتمەوە دانیشتی و

بەدەنگی بەرز پێدەکەنیت.. هەوڵتدا دەست بە پرچمدا بهێنی، بەڵام بەدەم قیژەوە بەتوندی دەستم دوورخستیتەوە..

بەدەم پێکەنینەوە وتت: داوای لێبوردن دەکەم!.. لەمڕۆ بەدواوە گاڵتەت لەگەڵ ناکەم..

تۆ نەخۆشیت!..

بەساویلکەییەوە شانەکانت هەڵتەکاند و وتت: چی بکەم!.. حەز بە بینینی سیمات دەکەم، کاتێک تورەیت..!..

فرمێسکەکانت سڕیم و دەستت بە پرچمدا هێنا: کاتێک «بەیبی» تورەدەبێت، وەک گەردەلولی لێ دێت!..

ئاوڕم لێ دایتەوە و بەتورەییەوە سەیرمکردی، داتە قاقای پێکەنین: تەواو بەیبی، تەواو گاڵتەم لەگەڵ کردی.. وەک جوجەڵەیەکی دڕندە تورە مەبە!..

ئەو ڕۆژە سادییەتێکی ترسناکم لە چاوەکانتدا بەدیکرد!.. نیگایەک کە ئاشنام پێی و ڕقم لێیەتی و سڵی لێ دەکەمەوە.. نێگایەک کە ماوە نا ماوە تێمدەگریت.. لەو کاتانەدا کە ناتوانی سەرکێشیی سادییەتی خۆت جڵەوبکەیت..

هێشتا ئەو ڕۆژەم بیردێتەوە کە خەریکبوو بە «ئەنقەست» دەستم بشکێنی!.. چەمیمەوە بۆ ئەوەی قەڵەمەکەم هەڵبگرمەوە، کاتێک خۆم ڕاستکردەوە، تورەییم لە چاوەکانتدا بینی، دەستت ڕاکێشام و بەتوندی گوشیت، وەک ئەوەی بتەوێ ئازارمبدەی!..

لەکاتێکدا هەوڵمدەدا دەستم لەنێو پەنجە ئاسنینەکانت ڕزگاربکەم، پێموتی: ئەوە چی دەکەیت؟!.. دەتەوێ دەستم بشکێنی عەزیز!..

دەموچاوت لــە دەموچاوم نزیککردەوە و دانی خۆت جێڕکردەوە: هەرگیز بەوجۆرەی ئێســتا نەچەمیتــەوە.. دەزانی چەند پیاو توانیان ناو لەشــت ببینــن؟

لەکاتێکدا خەریکی ڕزگارکردنی دەستم بووم، پێموتی: هەستم بەوە نەکرد!.. چونکە گەمژەیت!..

بەهەڕەشەکردنەوە پێموتی: بڕوام پێ بکە، ئەگەر دەستم بشکێنی، ئەوا کەس لەدەستی دوو براکەم ڕزگارت ناکات..

کەللەڕەقانە زیاتر فشارت بۆ هێنام: بەڕاستتە!.. بۆچی تاقیی نەکەینەوە.. بابزانین ئەو برایانەت چی دەکەن، کە هەمیشە بەوان هەڕەشەم لێ دەکەیت!..

هەڵمدەدا دەستم لەناو پەنجەکانتدا ڕزگاربکەم، وەک ئەوەی دەستم و

پەنجەکانت پێکەوە نووسابن، بەهۆی ئازاری زۆرەوە چاوەکانم ئاویان تێ زا، کەچی هەر سووربوویت..

بەدەم گریانەوە قیژاندم بەسەرتدا: بەسە!..

بەزەردەخەنەوە وتت: بڵێ «تۆبەدەکەم»!..

هاوارمکرد: تۆبە..!.. دەستم بەربدە..

بەدەم گوشینی زیاترەوە وتت: بڵێ بە براکانم هەڕەشەت لێ ناکەم..

ئەوەم دووبارەکردەوە کە وتت، ئینجا بەدەم زەردەخەنەوە دەستت بەردام..

ئەوکاتە زۆر لێت توڕەبووم.. جێم هێشتی و ڕامکرد بۆ لای ئوتومبیلەکە.. دواتر بیانوت بۆ دڵڕەقییەکەت هێنایەوە و وتت تەنیا گاڵتەیەکی پیاوانەی توندوتیژ بوو.. بەڵام لە چاوەکانتدا چێژوەرگرتن لە ئازاردانم بەدیکرد!..

جارێکیان پێتوتم: بەردەوام داوام لێ دەکەی لات بمێنمەوە، کەچی شێوازی یاری و گاڵتەکردنم قبوڵ ناکەیت..

وەڵاممدایتەوە: پێم خۆشە پێکەوە یارییکەین، بەڵام دەبێت جیاوازی لەنێوان پیاو و ژندا بکەین عەزیز.. من کچم، زیاد و محەمەد نیم..

وتت: ئەوە تۆیت کە پەڵپ دەگریت..!.. زۆرجار وتوتە پێش ئەوەی خۆشەویستم بی هاوڕێمی.. داواتکردوە لەسەر ئەو بنچینەیەش مامەڵەت لەگەڵ بکەم.. من بەم شێوازە یاری و گاڵتە لەگەڵ هاوڕێکانم دەکەم جومان..!.. کەواتە بۆ توڕەدەبیت.؟..

قیژاندم بەسەرتدا: بەڵام من (کوڕێکی گەنج) نیم.. ئینجا من داوام لێ کردی وەک هاوڕێیەک مامەڵەم لەگەڵ بکەیت، بۆ ئەوەی دڵی خۆتم بۆ بکەیتەوە، نەک تێکم بشکێنی!..

بەمەکرەوە وتت: جومان، هەوڵمەدە بە ژیریی خۆت هەڵم خەڵەتێنی..!.. دەبێت لەنێوان دواندا یەکێک هەڵبژێری، یان تەنیا وەک خۆشەویست مامەڵەت لەگەڵ بکەم بەهەموو خەسڵەتەکانییەوە، یاخود وەک خۆشەویست و هاوڕێ مامەڵەت لەگەڵ بکەم و هەموو گاڵتەکانم قبوڵ بکەیت، تەنانەت ئەگەر توندوتیژیش بن!..

ئەو ڕۆژە بڕیارمدا بەرگەی ئازار بگرم.. وەک خۆشەویست/هاوڕێ بمێنمەوە، سەرەڕای ئەو کارەساتانەی دەمزانی وەک نرخی هاوڕێیەتیم لەگەڵ پیاوێکی توندوتیژی وەک تۆ ڕووبەڕووی جەستەم دەبنەوە.. پاش چەند ڕۆژێک پێکەوەبووین، هەوڵتدەدا بەدەم نێرگیلەکێشانەوە وتارە هەفتانەکەت

بنووسی.. بەبێزارییـــەوە لـە بەردەمتـــدا دانیشتم، چاوەڕوانبووم وتارەکەت تەواوبکەیت و کاتێکم بدەیتێ..

پێموتی: عەزیز..!.. تۆ خۆشەویستی من نیت..؟

بەبێ ئەوەی ئاوڕبدەیتەوەو بەدەم نووسینەوە وەڵامتدامەوە: با..

ئەی هاوڕێت نیم؟

بەبێ ئەوەی سەر بەرزبکەیتەوە وتت: جومان!.. چیت هەیە بەبێ ئەمسەرو ئەوسەر بیڵێ..

بەساردییەوە پێموتی: عەزیز..!.. دەزانی هەرگیز نێرگیلەم نەکێشاوە، ئەگەرچی تۆ و هەیفا دەیکێشن..

سەرت بەرزکردەوەو بە سەرسامییەوە وتت: قسەکانت تەواوبکە..

بەترسەوە وتم: هیچ..

دانیشتنی خۆت ڕێککردەوە، دەمی نێرگیلەکـــەت فڕێدایە ســـەر مێزەکە و وتت: بیبە..

چی لێ بکەم..؟

شانەکانت هەڵتەکاند و بەسادەیی وتت: بکێشە!..

بە دوودڵییەوە لێم پرسی: بەڕاستی!..

بەڵێ..

لێم پرسیت: تورەنابیت..؟

وتت: نەخێر، تورەنابم!.. بەڵکو پشکۆیەک دەخەمە ناو لەپی دەستی ناسکتەوە، هەتاکو کونێکی بچوکی تێبکەم و ئەو ڕۆژەت بێتەوە یاد، کە یەکەمین نێرگیلەت تیادا کێشاوە..!..

عەزیز!.. هەست ناکەیت هەمیشە هەڕەشەی دەستسوتاندن و پەنجەشکاندن و پرچبڕینم لێ دەکەیت..؟

لێت پرسیم: ئینجا ئەوە چی تێدایە؟

زۆر شت..!.. هەمیشە ئەو هەستەم دەدەیتێ کە لە دیمەنێکی (بێدەنگیی بەرخۆڵەکان)دام..

بەپەنجەت هێماتکرد بۆ ئەوەی بێدەنگ بم: بەسە!.. دەمەوێ بێدەنگ بیت، هەتاکو وتارەکەم تەواوبکەم..

بەگاڵتەپێکردنەوە پێموتی: خۆت دەدزیتەوە..؟

کەوچکـــەکەت بەڕوومـدا بەرزکردەوە و وتت: بێدەنگ دەبیـــت، یان بەم

کەوچکـە چاوەکانت دەربهێنم و لەسـەر ئاگری مۆمێک سـوریبکەمەوە..؟
لە نۆبەیەک پێکەنیندا نقومبوویت..منیش سەیرمەکردی، سەرەڕای سادییەت و دڵڕەقیت، بە خۆشەویستی و حەزەوە دمڕوانییە خوێنڕێژە زۆر قۆزەکەم!..

❊ ❊ ❊ ❊

زیاد پەیوەندیکرد: Good morning lady
چۆنی زیاد..!.. بەیانیت باش..
ئێستا چۆنی..؟
سوپاسی خوا دەکەم..
Do you feel better now?
زۆر باشترم..
دەتوانم تۆ و هەیفا بۆ نانخواردنی بەیانی بانگهێشت بکەم؟
بەترسەوە لێم پرسی: بۆچی..؟!.. چی بووە..؟
بۆچی پێویستم بەهۆیەکە بۆ ئەوەی هاوڕێکەم بانگهێشت بکەم..؟
بەشەرمەوە وڵاممدایەوە: نەخێر، بەڵام ئێستا ماندووم.. دەکرێت ڕۆژێکی تر یەکتر ببینین زیاد..
جومانە.. خۆت مەدزەرەوە!.. پاش سەعاتێک لە قاوەخانەکە چاوەڕوانتان دەبم.. تکایە وەرن.. چاوەڕوان دەبم..
تەلەفونەکەم داخستەوە و ڕامکرد بۆ ژوورەکەی هەیفا هەتاکو داوای لێ بکـەم پەیوەندیی بـە زیادەوە بکـات و داوای لێبوردنی لێ بکات، بەو جۆرەش نەڕۆین..
هەیفا ئامادەبوو بۆ دەرچوون، هەر کە بینیمی پێیوتم، هێشتا جلەکانت لەبەرنەکردوە؟
بۆ کوێ..؟
لەگەڵ زیاد نانی بەیانی بخۆین.. پەیوەندیی پێوە نەکردووەی..؟
با!.. بەڵام پێموانەبوو بانگهێشتەکە قبوڵدەکەیت!..
بۆچی ڕەتیبکەمەوە..؟!.. ئەوە زیاد سەوافە.. خوا جیاوازی خوڵقاندووە!.. هەیفـا!..
خێرا خۆت بگۆڕە، دوادەکەوین..

لە ڕێگــە پێموت: هەفە!.. خوا ئەو خوایەیە دەچیت بۆ لای زیاد.. ناشێت خۆشتبویّ..

وتی: نا ئازیزەکەم.. من حەزم لە سعودی نییە!..

بۆچی هەفــە؟.. کەنداوەکەمان هەر یەکە..

کەنداوەکەمان یەکە و عەزیزەکەشمان هەر یەکە..

تۆزێک لەمەوبەر خۆت دەربارەی زیاد وتت خوا جیاوازی خولّقاندووە!..

گاڵتەم لەگەڵ کردی.. خۆ گاڵتەکردن لەم ناوچەیە قەدەغە نییە..؟

لەکاتی پارککــردنی ئوتومبیلەکــە لەبەردەمی قاوەخانەکــەدا درێژەی بەقسەکانی دا: چاوەکەم من لەو بڕوایەدام پیاوان بەگشتی لە خۆشەویستیدا عەزوزن.. لەسەر کێشی هەمووما‌ن لە خەمدا ڕۆژهەڵاتین!

کاتێک چووینە ناو قاوەخانەکە پێدەکەنیم، زیاد لەسەر ئەو مێزە دانیشتبوو کە هەمیشە لەسەری دادەنیشتین.. هەر کە ئێمەی دی، بەدەم زەردەخەنەوە هەستایە سەرپێ و بەگەرمییەکی چاوەڕوان نەکراو لە زیادی پزیشکی شەرمن، کە بەدرێژایی چوار ساڵ لە شەرمی زۆردا بۆ ماوەی خولەکێکیش پەیوەندیی چاوی لەگەڵ نەکردوم، تۆقەی لەگەڵ کردین.. هەر کە دانیشتین، کتێبێکی خستە بەردەمم.. وتی: من و هەیفا ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی هەریەکێکمان کتێبێکت پێشکەشبکات، من لەپێناو ژیانێکی نوێ و خۆشەویستییەکی نوێدا، کە دڵنیام ڕۆژێک پێی شاددەبیت، کتێبێکم بەناونیشانی The book of love answers بۆ! هەڵبژاردویت.. بیرۆکەی کتێبەکە بەکورتی ئەوەیە، کاتێک لەئاست هەر پرسیارێکی سۆزداریدا دۆشداماو دەبیت، بەبێ سەیرکردنی کتێبەکە لاپەڕەیەک بکەیتەوە..!.. ئەو لاپەڕەیەی هەستدەکەیت وەڵامەکەی تیادا دەدۆزیتەوە.. لەو لاپەڕەیەی کتێبەکەدا ڕستەیەکی ئیلهامبەخش دەبینیتەوە..

لە شڵەژاندا بەدەستێکی لەرزۆک کتێبەکەم وەرگــرت: ئای کــە میهرەبانی زیــاد!.. زۆر سوپاس.. بیرۆکەکەم بەدڵە..

هەیفا وتی: منیش کتێبێکم بۆ هێناوی، کتێبەکەی دایە دەستم کە بەم ناونیشانە بوو A hundred ways to destroy men، ئینجا وتی: بۆیە ئەم کتێبەم بۆ هەڵبژاردووی، هەتاکو لە هەڵەکانی ڕابردوو خۆت بپارێزی!..

زیاد دایە قاقای پێکەنین، تەنانەت خەریکبوو بەهۆی پێکەنینەوە چاوەکانی فرمێسکیان تێ دەهات.. ئەو وتی: بەخوا جوانە!.. نازانم چۆن ئێوە بوونەتە دەستەخوشکی یەکترا!.. ئێوە هیچ لە یەک ناچن..

هەیفا وتی: بۆچی تۆ و عەزوز لێک دەچن..؟
زیاد بە زەردەخەنەوە سەیریکردم: No, we aren`t!.. anyway، ئێمە بۆ باسکردنی عەبدولعەزیز نەهاتوینەتە ئێرە!.. بۆ پێشوازیکردن لە ژیانی نوێی جومانە کۆبووینەتەوە.. وانییە جومانە..؟
بەدەم زەردەخەنەوە پێموت: با..
وتی: دەی کتێبەکە تاقیبکەرەوە.. لەناخی خۆتدا پرسیارێک هەڵبژێرە کە وەڵامەکەی نازانی.. بەبێ سەیرکردن لاپەڕەکانی کتێبەکە هەڵبدەرەوە.. ئەو کاتە دەستهەڵگرە کە هەستتکرد وەڵامەکەت لەو لاپەڕەیەدا دەدۆزیتەوە..
هەیفا وتی: پێویستە پێمان بڵێی پرسیارەکە چییە..
چاوەکانم داخست.. دەستمکرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکان.. ئەوکاتە وەستام کە گوێم لە دەنگی هەیفا بوو و بێزاریی دەردەبڕی: چییە جومانە دانیشتوی فاڵدەگریتەوە..؟!.. خێرابکە!..
لە لاپەڕەکەدا یەک ڕستە هەبوو: It will harder than you thought.
کتێبەکەم پیشانی زیاد دا و وتم: هیچم نەوتوە زیاد، ئەمجارە ئەوە کتێبەکەیە قسەدەکات..
زیاد کتێبەکەی لەدەست سەندم، بابەتی کتێبەکە لەبیربکە.. وای دابنێ کتێبەکەی هەیفا دیاریی هەردووکمانە..
هەیفا وتی: hundred ways to destroy men؟
زیاد پێکەنی: تکایە هەیفا!.. ناونیشانەکەی دووبارەمەکەرەوە!..
لەگەڵ زیاد پێکەنیم، بەڵام هێشتا دەنگدانەوەی پرسیارەکە لە مێشکمدا دەزرنگایەوە..!.. وازت لێ بهێنم..؟
It will harder than you thought
زۆر لەوە سەختتر..

* * * *

لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆماڵەوە گوێمان لە Roxette دەگرت.. هەموو سیدییەکانی گۆرانی لە ئۆتومبیلەکەم و ماڵەوە و ئۆتومبیلەکەی هەیفادا پێکەوە هەڵمان بژاردوون، پێکەوە کڕیومانن عەزیز.. پێویست بوو پەیوەندیت پێوە نەکەم و بیرت لێ نەکەمەوە.. بەڵام چۆن دەتوانم ئەوە بکەم، ئەوە

جێبەجێبکەم کە ئەوان داوایدەکەن.. نازانم چۆن چاوەڕوانی ئەوەن کارێکی وا بکەم.. نە زیاد و نە هەیفا دەرک بەوە ناکات ئێمە بەئەندازەیەک ژیانمان پێکەوە بەسەربردووە، ناتوانین لێک جیابینەوە.. مایەی پێکەنینە بە (ئێمە) باسی خۆمان دەکەم! ئەگەرچی تۆ ئەوەت هەڵبژارد کە لەگەڵ (ئەو) دا بیت!.. پێت باشتربوو (ئێوە) بن نەک (ئێمە) بین..

It must have been love, but it`s over now
It must have been good, but I list it somehow
It must have been love, but it`s over now
From the moment we touched till the time had run out

ئێمە حەزمان لێیە، حەزمان لەم گۆرانییە و ئەو قاوەخانەیەیە.. حەزمان لەوەیە، سەرباری دەمەقاڵێکانمان، پێکەوەبین.. ئێمە لە خۆشەویستیدا بووین.. بەڵام ئێستا کۆتاییهات!.. بەیەکێک لە شێوازەکان لەدەستماندا.. وەک ئەوەی گۆرانیی Roxetteی ئازاربەخش.. جارێکیان پێتوتم ئەگەر ڕێک نەکەوین، ئەوا خۆشەویستی و حەزلێککردنمان بەس نین.. بەڵام من بڕوام بەوە نەبوو.. پێموابوو حەز یان خۆشەویستیمان بەسە بۆ ئەوەی پێکەوەبین و بە بەختەوەری بژین.. بەڵام بەلای تۆوە بڕواهێن نەبوو، تەماعی زیاترت هەبوو.. زیاتر لە هەرشتێکی تر ئازادیی خۆتت بەلاوە گرنگ بوو.. ئێستا تێدەگەم پێویستیت بە ئازادی زۆر (گەورەتر!) هەبوو، زیاتر لە پێویستیت بە خۆشەویستی.. لەکاتێکدا من ئامادەبووم دەستبەرداری هەمووشتێک بم بۆ ئەوەی لەگەڵتدا بم.. واز لە هەموو شتێک بهێنم، تەنیا بۆ ئەوەی هی تۆ بم و تۆ ببیتە هی من.. هیچ کام لە هەیفا و زیاد نازانێت تۆ ئەم چاکەتەت بۆ هەڵبژاردم و تۆش ئـەم (کاوبۆیەت) بـۆ کڕیـوم..

ئەو (ئەڵقە)یەی بە زنجیرەکەی ملمەوەیە، ئەڵقەی نیشانەکردنی دواخراومانە.. لەبیرتە!.. ئەو ڕۆژەت لەبیرتە کە دوو ئەڵقەکەمان کڕی..!.. من ئەڵقەکەی تۆم هەڵبژارد، تۆش ئەوەی منت دەستنیشانکرد.. هەردووکیانمان کرد بە دوو زنجیری پلاتینەوە، هەتاکو هاتنی ڕۆژی خۆی، کە تیایدا پەنجەم بە ئەڵقەکەت دەڕازێنمەوە.. تۆش پەنجەی خۆت بەو ئەڵقەیە دەڕازێنیتەوە کە من بۆم هەڵبژاردوی.. کاتێک لە نەخۆشخانە بووین، دەستت بەرزکردەوە

بۆ ئەوەی دەستم ماچبکەیت.. ئەڵقەکەمم لە دەستدا بینی، ئەو ئەڵقەیەی هەڵمبژاردو پێکەوە کڕیمان.. ئەوکاتە بیرمکردەوە، ئەوە چ کەسێکی بێئابڕوە بە ئەڵقەیەک ژندەهێنێ کە خۆشەویستی پێشوو بۆی هەڵبژاردوە..؟!.. ئەوە چ پیاوێکە لە یەکەمین ساتەوەختی ژیانی هاوسەرگیرییەوە خیانەت لە ژنەکەی دەکات!.. تۆ لە پەیوەندییەکەماندا بەوەفانەبوویت بۆم عەزیز، دەشزانم لە ژیانی هاوسەرگیریتاندا بۆ ئەویش بەوەفانابیت..!.. من زیاتر لە هەرشتێکی تر بڕوام بەوەیە..!..

کاتێک گەیشتمە ماڵەوە (پۆرتەبڵەکەم) داگیرساند.. ئاواتەخوازبووم خیانەتی لێ بکەیت، نامەیەکم بۆ بنێری.. چیت دەوێت بینووسیت، هەرشتێک کە مژدەی بەردەوامیی ئەوەی نێوانمان بدات، مژدەی ئەوەی پەیوەندییەکەمان کۆتایی نەهاتووە.. ئامادە نەبووم بۆ کۆتاییهاتن عەزیز.. بیر لەوە ناکەمەوە کە پێکەوەن.. توانای ئەوەم نییە وەک ژن و مێرد بیرتان لێ بکەمەوە!.. لەناومدا ڕەتکردنەوەی تەواوەتی ڕووداوەکە و وێنەکە لەئارادایە، لەناومدا ئازارێکی مەزن هەیە.. لەناخمدا خەمباری و خەفەت و ترس هەیە..ئەو کاتە هەستم بەوە کرد، کە بریندارتکردوم و برینەکەم گەورەیەو کارەساتێکم بەسەرهاتوە.. کەچی نەمدەتوانی هەست بە ئازاری دەستخەڕۆکردن و جێهێشتنم و ژنهێنانەکەت بکەم!.. هەر ساتەوەختێک هەوڵدەدەم بگەمە ئەو وێنەیە.. وێنەکەتان پێکەوە.. هەمووشتێک لەناودەچێت و مێشکم پرشوبڵاودەبێتەوە، وەک ئەوەی ئەقڵم ڕازی نەبێت وێنەکە بکێشێ!.. سورم لەسەر ئەوەی لەوانەیە هەڵەیەک، بەهەڵەتێگەیشتنێک، ئاڵۆزییەک، هەرشتێک لە مەسەلەکەدا هەبێت، جگە لەوەی کە مەسەلەکە ڕاستەقینە بێت و ئەوەی نێوانمان کۆتاییهاتبێ.. ڕەتیدەکەمەوە بڕوابکەم تۆ ئێستا لەگەڵ ئەودایت، نەک لەگەڵ مندا.. ئامادەنەبووم بتدۆڕێنم عەزیز، پاش ئەو هەمووشتەی لەنێوانماندا ڕووی داوە..!.. ئامادەبووم بەرگەی هەمووشتێک بگرم، لە هەمووشتێک تێبگەم، جگە لەوەی لەپێناو ژنێکی تردا جێمبهێڵی، کە مافی تاڵە قژێکی تۆی بەسەرتەوە نییە.. تۆ هی منی عەزیز، موستەحەقی هەمووشتێکم کە لەناوتایە، بە دان بەخۆداگرتن و قوربانیدانەکانی ساڵانی پێشووم شایستەی تۆم.. ئەی بۆچی بەدەستم نەهێنای؟!

چومە ناو ئیمەیلەکەمەوەو سەیری نامە هاتوەکانم کرد.. بینیم دوو نامەی بێ ناونیشانی تۆم بۆ هاتون.. یەکەمیان گۆرانیی (بڕوات بەخەوەکان هەیە!)ی عەبدولمەجید عەبدوڵای لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، گۆرانییەکەم

دابەزاند و دەستمکرد بەخوێندنەوەی نامەکەی ترت، کە تیایدا نووسرابوو:
(ئێوارەت باش، چۆنی جومان..؟

ویستم هەواڵت بپرسم، ترسام پەیوەندیت پێوە بکەم، بۆیە پێم باشتربوو نامەیەکت بۆ بنووسم.. هەمیشە حەزم لە نامەناردن بووە.. لەناومدا زۆر شت هەیە بنووسرێت و بوترێ و باسبکرێت، کەچی یەکەمجارە هەست بە سەختیی نووسین دەکەم.. هەستدەکەم توانای نووسینم لەدەستداوە.. لەوەپێش پێموتیت نهێنیت (مەزنە)!.. ئەوەتا لەو کاتەی توڕەمکردوی هەموو شتێکم لەدەستداوە، وەک ئەوەی نەفرەتیم لێ کرابێ.. لێرەدا دەڵێم لەوکاتەی توڕەمکردوی نەک لەوکاتەی لەدەستمداوی، چونکە دڵنیام لەوەی سەرباری گوناهـ و تاوانەکانم دەرهەق بە خۆشەویستی و تۆی خواوەندی خۆشەویستی، هێشتا لەدەستم نەداوی.. دەشێت لە قسەکانمدا بێ حەیایی بەدیبکەیت!.. لەوە زیاتر لە قسەکانی خۆمدا بەدیدەکەم، بەڵام دەزانم بەو (سەختییە) یەکتر لەدەست نادەین!.. بانگەشەی ئەوە ناکەم ئەوەی ڕووی داوە ئاسانە، بەڵکو دانی پێدا دەنێم بۆ تۆ و منیش سەخت بووە..!.. سەرباری هەڵبژاردنەکەم و گەمژەییم، ناچاریت ئەوە قبوڵ بکەیت کە ڕووی داوە.. منیش ناچارم پەشیمانیی زۆر بنۆشم.. بانگەشەی پاکژیی خۆم ناکەم و هەوڵ نادەم پاساو بۆ کارەکەم بهێنمەوە.. هەرگیز بیر لە کاری وا ناکەمەوە جومانە.. ئامادەم لەبەردەم هەموو دنیادا دان بەوەدا بنێم کە هەڵەمکردوە و هەڵەیەکی لەو جۆرەش شایانی لێخۆشبوون نییە..! بەڵام سەرەڕای ئەو دانپیانانەم، کە هیچ خواناسێکی دنیا پێی ڕازی نییە، دەزانم لێم خۆشدەبیت.. بەبێ خواستی لێخۆشبوون لێم خۆشدەبیت.. بەناچاری و زۆرەملی و زۆری زۆرداری لێم خۆشدەبیت.. چونکە دڵێک کۆماندەکاتەوە.. نیوەی لە سنگی مندایە و نیوەکەی تری لە سنگی تۆدایە جومانە..!.. کەسێکی ترم هێنا، یاسەمینم هێنا.. هەشت ساڵ پێش ئێستا ناسیم.. کاتێک لە مۆنتریال خوێندکاربووم.. وەک دەزانی ئەو کاتە خەریکی خوێندنی بەکالۆریۆس بووم.. تەمەنی من بیست و شەش ساڵ بوو، ئەویش سی و دوو ساڵان بوو.. لەوانەیە پێت سەیربێت ژنێکی لەخۆم بەتەمەنترم هێناوە، بەڵام ئەوە بەڵگەیەکی سادەیە بۆ ئەوەی هیچ ڕۆژێک پەیوەندیی نێوانمان لۆژیکیانە نەبووە.. هەرگیز پەیوەندیی نێوانمان سۆزداری نەبوە جومان.. تەنیا جەستە پێکەوەی بەستبووین.. ئەمە ئازاربەخشە.. دەزانم قسەکەم ئازارتدەدات، بەڵام ئێستا پێویستم بەوەیە ڕاستگۆبم لەگەڵتدا..

هەتاکو لە گوناهەکانم پاکبمەوە کە زۆرن.. دەمەوێ ڕاستگۆبم لەگەڵتدا.. بە ڕاستی بتئێشێنم، ئەمە باشترە لەوەی بەشتێکی تر ئازارتبدەم.. دان بەوەدا دەنێم هەرجارێک تورەتکردبم، ڕامکردوە بۆ لای ئەو.. بەخیانەتکردنم لە تۆ و پەیوەندیکردنم بەوەوە خۆم لە تورەبوون ڕزگارکردوە.. نامەرد، بێئابرو، خائین، درۆزن و نەخۆش.. چیم پێ دەڵێی بیڵێ.. من ڕێگاکەت بۆ کورتدەکەمەوە و پێتدەڵێم من هەموو ئەوانەم! بەڵام لەو ساتەی بۆ یەکەمین جار لە قاوەخانەکە بەدیدارت شادبووم خۆشمویستووی.. پێموابوو بەتێپەڕبوونی کات ئەو هەستەم نامێنێ و هەست بە بێزاری دەکەم، وەک ئەوەی لەگەڵ ئەوانیتر ڕووی دا، کەچی لەگەڵ تۆدا هەستم بەوە نەکرد، خۆشەویستیم بۆت دوای هەر زەردەخەنەیەک و هەر مۆنبوونێکت زیاتردەبوو.. لەوانەیە نەزانی چەند حەزم لەوەیە بقیژێنی بەسەرمدا، بەدەست منەوە بگریت!.. چەند حەزم لە دڵپیسی و کەللەڕەقیتە.. هەرجارێک ناوچەوانت گرژ دەکەیت و هەوڵدەدەیت بە پرسیارە گەمژەکانت زمانم بکێشیتەوە، خۆشمدەوێی.. شەیدای تێڕامانەکەتم، شەیدای ئەوەم کاتێک بیر لە قسەکانم دەکەیتەوە، نینۆکت دەکرۆژیت..

خۆشمدەوێی جومان، خۆشمدەوێیت و خوا شایەتی خۆشەویستییەکەمە بۆت.. ئەگەر ئێستا لەبەردەمتدا بومایە، لێت دەپرسیم.. ئەگەر بەڕاستی خۆشتدەوێم، بۆچی خیانەتت لێ دەکەم! دەتپرسی داخۆ کاتی خیانەتکردلێکردنەکەم هەستم بە گوناهـ کردوە یان نا؟.. ئەمجارە ڕاستگۆدەبم لەگەڵتدا، چونکە شتێکم نەماوە بترسم ئاشکرابێت.. خیانەتم لێ کردیت، چونکە لەسەر خیانەتکردن ڕاهاتووم.. ئالودەیبووم.. لەسەر ئەوە ڕاهاتووم دوو ژن لە ژیانمدا هەبن، ژنێک جەستەم بیناسێت و ژنێکیش دڵم عاشقی بێت.. فێری ئەوە بووم، ئەوەی دەمەوێ لە دڵمدا بۆ ژنێکی بێگەردی هەڵبڕێژم، بیکەمە جەستەی سۆزانییەکەوە.. سەرزەنشتم مەکە.. سەرەڕای نزیکیت لێم دوور بوویت.. دەزانی مەبەستم چییە جومان.. قسەکانم ڕەقن، دەزانم سەختە بیانخوێنیتەوە، بەڵام ئێستا هەستدەکەم ئەوەی دەینووسم چەند قورسە.. گوناهەکە هی تۆ نییە، مەرگی خۆم دەبینم، کاتێک دەزانم گوناهەکە هی تۆ نییە!.. بەڵام نەمتوانیوە لە شتێک ڕزگارم بێت، کە لەسەر ئەنجامدانی ڕاهاتووم.. جومانە، بۆ چەند مانگێک لە یاسەمین دووركەوتمەوە.. ترسام بە مەسەلەکە بزانی و جێم بهێڵی، هەروەها دڵسۆزیت ئازاریدەدام، بۆیە لێی دووركەوتمەوە.. بەڵام نەمتوانی لەسەر بەوەفابوون بەردەوامبم.. کاتێک بەتەنیا چوویت بۆ (ڕیاز) و بەهۆی

سەرقاڵییەوە نەپەرژایتە سەر من، حەز و گومان هەراسانیانکردم، پێویستبوو تۆڵە لە گومانەکانم بکەمەوە و سزای سەرقاڵیت و نەپەرژانە سەر خۆمت بدەم.. بۆیە گەڕامەوە بۆ لای ئەو و ئەوانیتریش!.. دان بەوەدا دەنێم، ئەو گەڕانەوەیەم ویژدانی کردمە قامچییەک و کەوتە وێزەم.. دەستمکرد بە سزادانت، چونکە هانتدام بۆ خیانەتکردن.. ڕەفتارم خراپبوو لەگەڵتدا، چونکە پاڵت پێوە نام بۆ خیانەتکردن.. سەرەنجام توندوتیژتر و کەللەڕەتر بووم.. دەمەقاڵێکان و ناکۆکییەکانمان زۆربوون و خیانەتکردنەکەم بوە سزایەک، تاوێک بەدڵمە و تاوێکی تریش هەستی خراپم پێ دەبەخشێت!.. جومانە، هاوسەرگیریم لەگەڵ یاسەمین هیچی نەگۆڕیوە.. لەسەرەتاوە خائین بووم، بە هاوسەرگیری و بێ هاوسەرگیری.. تەنیا بۆ ئازاردانت ئەوم هێنا.. هەتاکو بزانی دەتوانم یەکێکی تر جگە لە تۆ بهێنم.. بۆ ئەوەی هەستبکەیت ژنێکی ترم لە تۆ بەباشتر زانی.. دەزانی سەیر لە مەسەلەکەدا چییە جومانە..؟؟.. سەیر ئەوەیە لە کاتی هاوسەرگیریمانەوە دەستم بۆ نەبردوە.. بە حەرام حەزم لێی بوو، بە حەڵاڵ حەزم لێی نییە، وەک چۆن هەرگیز لەگەڵ تۆ بە حەرام حەزم لێی نەبووە.. هەمیشە وەک پەرییەکی دەریا سەیرمکردویت، کە نابێت هیچ مرۆڤێک پیسیبکات!.. کاتێک جەستە بە یاسەمینەوەی گرێدەدام، خۆشتدەویستم.. ئەی ئێستا ڕقت لێم دەبێتەوە، کاتێک پەیوەندییەکە تەنیا کاغەزێکە..؟.. جومانە، دەزانم و یاسەمینیش دەزانێت ئەو هاوسەرگیرییەمان بەردەوام نابێت.. ئێمە پێویستمان بەو کاغەزە هەبوو.. من پێویستم پێی هەبوو، بۆ ئەوەی سزات بدەم.. ئەویش پێویستی پێی بوو، هەتاکو نازناوی تەڵاقدراو بەدەستبهێنێ، چونکە تەڵاقدراو بۆ ژنێکی تەمەن چل ساڵ کە شووی نەکردوە، زۆر باشتربوو.. کڕین و فرۆشتنەکە بەو جۆرە بوو، ئەگەرچی ڕاشمان نەگەیاندبوو..

جومانە.. ئەو ساتەوەختەی داوام لێ دەکەیت یاسەمین تەڵاقدەدەم.. لەوانەیە بیربکەیتەوە، ئەگەر سورم لەسەر جیابوونەوە، بۆچی ئێستا تەڵاقی نادەم.. ئەگەرچی ڕاستگۆم لەوەدا کە هیچ شتێک بەوەوەم گرێ نادات، بەڵام ئەو کاتەی داوام لێ دەکەیت دەستوبرد تەڵاقیدەدەم جومانە.. چونکە دەزانم پاش داواکردنەکەت دەگەڕێیتەوە بۆم و درێژە بەوە دەدەین کە پێکەوە دەستمان پێ کردوە.. دەزانم هەڵەمکردوە و هەڵەکەم گەورەیە، بەڵام دەشزانم تۆ دەتوانیت لێم خۆشبی و زیاتر خۆشتبوێم.. من ئێستا وەک ئەوە نیم کە نزار دەیڵێ (منداڵێکی خوێڕی نیم کە لەخۆباییبوون زاڵە بەسەریدا!) (کەواتە چۆن باڵندە

تۆڵە لە بەچکەکانی خۆی دەکاتەوە) جومانە!.. ئەوەتا من خراپەمکردوە و داوای لێبوردن دەکەم ئازیزەکەم.. دەزانم داواکارییەکەم قورسە.. دەزانم ئێستا نزیکیم لێت سەختە، بەڵام دەشزانم دووریم دەتکوژێت، وەک چۆن دووری لەناومدەبات.. جومانە، داوات لێ ناکەم خۆشەویستم بیت، چونکە هەمیشە خۆشەویستم بوویت.. ئیمڕۆ داوات لێ دەکەم ببیتە هاوسەرم.. بەڕاستی ئەوەم دەوێت.. بەراستی تۆم دەوێت.. چیتر خەونە دواخراوەکان تینوێتیم ناشکێنن.. ئێستا تۆم دەوێ.. دەمەوێ شوو بەیەکتری بکەین.. داوا لە خێزانەکەت بکەم شوم پێ بکەیت.. پێکەوە بژین و خوێندنەکەمان تەواوبکەین.. دەمەوێ هەموو ڕۆژێک لە تەنیشت تۆ خەبەرم بێتەوە.. لەبری ئەوەی هەموو بەیانییەک بە تەلەفون بێدارم بکەیتەوە ..!.. پێویستم بەوەیە لەماڵی خۆمان، پێش چوونمان بۆ زانکۆ، قاوەکەمم بۆ بهێنی، لەبری ئەوەی لە قاوەخانەی زانکۆ یەکتر ببینین و قاوەکەمان بخۆینەوە.. پێویستم بەوەیە کەنتۆرەکەمان بکەمەوە، ئەو جلەت بۆ هەڵبژێرم کە لەبەریدەکەیت، لەبری ئەوەی بە تەلەفون وەسفی جلوبەرگەکانتم بۆ بکەیت، هەتاکو ئەوە هەڵبژێرم کە بەخەیاڵ پێموایە لێت دێت.. دەمەوێت لەسەر سنگم بخەویت، کاتێک خەریکی سەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنین جومانە، چونکە بێزاربووم لەوەی لەسەر دوو کورسیی لێکدابڕاو سەیری تەلەفزیۆن بکەین.. دەمەوێت ماچتبکەم، هەستدەکەم لێوەکانت لەناو دەممدا دەتوێنەوە، ماندوبووم لەوەی بەتەلەفون ماچم بکەیت.. دەمەوێت بتهێنم جومانە ..!.. هی من بیت.. ئایا هیچ ڕۆژێک بیرت لەوە نەکردۆتەوە، کاتێک باسی منداڵەکانمان دەکەیت، تا چ ئەندازەیەک دەسوتێم..؟.. هەرکاتێک باسی منداڵێک دەکەیت کە کۆماندەکاتەوە، هەستێکی گەرمم بۆ دروستدەبێت کە پاڵم پێوە دەنێ دەستبخەمە سەر سکت، هەتاکو بەدەستی خۆم هەست بە ماڵی منداڵەکەم بکەم.. پێتوایە دڵڕەق و هەست ساردم، بەڵام هەرکاتێک دەتبینم گڕدەگرم، ئەگەرچی پەرۆشم بۆت لەوە زیاترە بە نیگایەک توخنتکەوم.. جومانە شوم پێ بکە، بە گشت خەوشی و گوناهەکانمەوە شوم پێ بکە..!.. شوم پێ بکە، هەتاکو ببمە پیاوچاک.. شوم پێ بکە و ببەرە ژنەکەم.. بەڵێنی هیچت پێ نادەم، چونکە باوەڕ بە بەڵێنەکانم ناکەیت.. دەمەوێ متمانە بە دڵی خۆت بکەیت کە خۆشیویستوم.. دەمەوێ لە نزیکەوە ئەم خۆشەویستییە برسییە تێربکەیت.. مەزن نیم بۆ ئەوەی شایستەت بم، بەڵام عاشقی تۆم، بەئەندازەیەکی شیاو هەڵتدەمژم و دەتخۆمەوە، هەتاکو ببیتە هی من.. کاتێک

ڕازیبوویت ببمە مێردت جومانە، داوام لێ بکە تەڵاقیبدەم.. کاتێک داوات لێ کردم تەڵاقیبدەم، دەزانم پێم ڕازیبوویت، ئەوساکە لە کەسوکارت داواتدەکەم.. جومانە، بەزەییت بە دڵی منو خۆتدا بێتەوە و با شوو بەیەک بکەین.. چونکە وەک قەبانی دەڵێت: (تۆ بۆ ژیانم هەوای، تۆ لای من زەوی و ئاسمانی)!..

عەبدولعەزیز

چەندین جار نامەکەتم خوێندەوە عەزیز، ئەوەندەم خۆێندەوە هەتاکو هەموو وشەکانیم لەبەرکرد.. هەوڵمدەدا لەوە تێبگەم کە نووسیبووت، هیچ شتێکی ڕاستەقینەم تیادا بەدی نەکرد!.. مەبەستم هەستەکانت نییە، بەڵکو (ژنەکەی ترە).. حیکایەتەکەیە بەگشتی، هەموو حیکایەتەکە!.. هەستمکرد خەودەبینم بە یەکێک لە پێڕابواردنە بێماناکانتەوە یان بە درۆیەکی نیسانی درەنگوەختەوە.. چ شتێک بێجگە لە ساویلکەیی دەتوانێ بڕوام پێ بهێنێ.. ناکرێت پاش ئەو هەموو خۆشەویستییە کلێپەسەندوە بێیت و پێم بڵێی ماوەی چوارساڵ و هەشت مانگ لەگەڵ من و ژنی تریشدا بوویت.. ناتوانی بڕوام پێ بهێنی، کە هەرجارێک لە فرۆکەخانە ماڵئاواییت لە من کردبێ، لە فرۆکەخانەیەکی تر ژنێکی تر پێشوازیی لێ کردویت!.. ئەوە قبوڵ ناکەم عەزیز، قبوڵی ناکەم.. هەمیشە هەستم بەوە کردبوو پەیوەندییە تەلەفونییەکانت گومانهەڵگرن!.. گەشتی هەمیشەو بەتەنیات بۆ (مۆنتریال) سروشتی نییە.. سووربوونت لەسەر ئەوەی دەستکاریی مۆبایلەکەت نەکەم، ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە دەترسایت بزانم چی تێدایە.. پێویستیی بەردەوامت بە مەی و ئاهەنگەکانی شەوانەت لەگەڵ ژنان، ونبوونی کتوپڕت بۆ چەند شەوێک.. هەموو ئەوانە هێمان جەغت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە فێڵبازی.. دەزانم فێڵبازی، بەڵام دەرک بەوەش دەکەم چەند خۆشتدەوێم.. چەندین جار پێتوتوم، شەو لەگەڵ ژنە خراپەکاندا بەسەردەبەیت و لەگەڵیاندا دادەنیشی و دەخۆیتەوە!.. بەڵام وتوتە هەرگیز خیانەتت لێ نەکردوم.. سوێندت بۆ خواردوم کاری وات نەکردوە.. وتوتە: شەوبەسەربردن و خواردنەوە شتێکە.. خیانەتکردن لێت شتێکی ترە!.. پێتدەوتم وەک ئەوانیتر گەنجی، مافی خۆتە چێژ لە هەندێک ئازادی وەربگریت، مادام هەڵە ناکەیت.. دەتوت پابەندی منی و لەگەڵ منی، بەڕادەیەک خۆشتدەوێم کە ناتوانی لە کەسی تر نزیکبیتەوە.. خۆشت دەزانی ئەگەر کارێکی وات کرد، ئەوا خوا لەبەر خیانەت لێ کردنم سزاتدەدات، جا پێی بزانم یاخود نا..

دەمزانی زۆر درۆدەکەیت و زیادەڕۆی لە خافڵکردنمدا.. دەمزانی زۆر شتم لێ دەشاریتەوە، ئەوەی تورەمدەکات و ئەوەی بەدڵیشمە.. بەڵام نەمدەزانی لە دوو کەس زیاترین، نەمدەزانی بەدرێژایی نزیکەی پێنج ساڵ من و تۆ و ئەو و چەند ژنێکی تر بووین.. ئەگەرچی هەموو هێماکان بەڵگەی ئەوەبوون کە تۆ بڕوات بە فرەلایەنی هەبووە!..

دێتەوە یادم، لە بەیانییەکی قەرەباڵغی (ڕیاز)دا قسەم لەگەڵ کردی، ئەوکاتە لەبەردەم دەروازەی گەڕەکی دیبلۆماسی لەناو ڕیزبەستنێکی ئوتومبیلدا بووم.. وەک نەریتی پایتەخت، زستانێکی سەخت و وشک بوو.. لەپشتی شۆفێرەکە لەبەر سەرما خۆم گرمۆڵەکردبوو، نیمچە بەستوو چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد ڕێگەم بدەنێ بچم بۆ باڵوێزخانەی کەنەدی.. کاتژمێر نزیکی حەوتی سەرلەبەیانی بوو.. زوو ڕۆیشتم هەتاکو بتوانم لە کاتی دیاریکراوی تایبەتدا بگەمەجێ، چونکە خاڵەکانی پشکنینی ئاسایش لەوێ ئوتومبیلەکانیان لە بێژنگدەدا، پێش ئەوەی ڕێگە بە سەرنشینەکان بدەن تێپەڕن.. ئەوکاتە بەتەلەفون لەگەڵمدا بوویت، هەوڵتدەدا هەندێک گەرمیم پێ ببەخشیت.. لام لە ئوتومبیلەکەی تەنیشتم کردەوە، شۆفێرەکە گەنجێکی منداڵکار بوو، تۆزێک لە من گەورەتربوو یان هاوتەمەنم بوو.. بە تەلەفون بەشادمانییەوە قسەیدەکرد، لەناکاودا بەشەرمەوە پێدەکەنی.. کتوپڕ دەموچاوی سورهەڵدەگەڕا و زەردەخەنەیەکی جوان دەکەوتە سەر دەموچاوی..

پێموتی: عەزیز.. عاشقێک لە تەنیشتمەوەیە!

پرسیت: چۆن زانیت؟

ناتوانی بڕوام پێ بهێنی، گەنجێکی سعودی بەهۆی هاوڕێیەکەوە، یان لەبەر کار، یاخود ئەندامێکی خێزانەکەی ماوەی زیاتر لە نیو سەعات لە ڕیزێکدا بمێنێتەوە و لە کاتژمێر حەوتی سەرلەبەیانیدا بەو ناسکییە پێبکەنێ!..

وتت: لەوانەیە قسە لەگەڵ خوشکەکەی بکات..

کەللەڕەقانە وەڵامدایتەوە: گەنجانی ڕیاز لەم سەعاتەدا بەو ناسکییە قسە لەگەڵ خوشکی خۆیان ناکەن.. لە من بپرسە!

وتت: دەشێت قسە لەگەڵ کچێک بکات، بەڵام مەرج نییە خۆشەویستی بێت..!.. لەوانەیە هاوڕێی بێت.. ناسیاوی بێت.. یان هەرشتێکی لەو جۆرە!..

زەردەخەنەی خۆشەویستی بەسەر ڕووخسارییەوەیە عەزیز!

واز لە فیلمە هیندییەکان بهێنە بەیبی.. دەشێت ئەو پیاوە لە ژیانی خۆیدا

سەد ژن بناسێ.. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە هەریەکێکیان خۆشەویستی ئەوە.. پیاو لە ژیانیدا پێویستی بە زیاتر لە ژنێک هەیە جومان..

بەڵام ئەوە خیانەتە..

ئێستا گفتوگۆی ئەوەت لەگەڵ ناکەم.. هەریەکە و بڕوای خۆی!..

ئەوکاتە بێدەنگ بووم و بەهۆی (بڕواکانتەوە) ترسێکی گەورەم لێ نیشت، بەڵام سەرەڕای نیشانەکان، هیچ ڕۆژێک پێموانەبووە ئەوە بە من دەکەیت.. پێموابوو، ئەگەرچی بانگەشەدەکەیت، بەڵام خانمی دڵتم!.. نەمدەزانی تەنیا یەکێکم لە کۆمەڵێک ژنی زۆر تۆ..

ئیمەیلەکەم داخست.. چومە ژێر مێزی ئۆفیسەکەوە.. ڕۆژێک پێتوتم هەرکاتێک هەست بەتەنیایی بکەیت و پێویستت بە گریان هەبێت، دەچیتە ژێر مێزی ئۆفیسەکەتەوە.. لەسەرەتادا پێموابوو بۆیە وادەکەیت، چونکە پیاوێکی ڕۆژهەڵاتیت، فێری ئەوە نەبوویت لەبەرچاوی کەس بگریت.. بەڵام دواتر تێگەیشتم شوێنە تەنگەبەرەکان ئازارەکانمان لەئامێزدەگرن و لە چوارچێوەی تەسـک و ڕووبەری بچـووکدا کۆیاندەکەنەوە، هەتاکو دەنگیان کەمتربێت و ئێشیان کەمتربێت!..

دەنگی عەبدولمەجید لە گۆرانیی (ئەوەی خۆشماندەوێ!) وەک هەمیشە ناسک بوو، ئەو گۆڕانییەی زۆر (عاشقیبوویت)!..

ئای ئەستێرەکانی.. بەخوا ئەستێرەکانی دوورن..
ئای خەمەکانی.. ئای چەند خەمەکانیم خۆشدەوێ..!..
تەنیا خۆشتبوێم..!..
وام لێ بکە هەستبکەم..
خۆشەویستی تەنیا قسە نییە..
هیوا تەنیا قسە نییە..
بڕوات بە خەونەکان هەبێت..!..

هەمیشە ئەم گۆڕانیەی عەبدولمەجیدت بۆ دەوتم.. بە خۆڕسکییەک گۆرانییەکەت هەڵدەبژارد کە سەرسامیدەکردم.. کاتێک عەبدولحەمید لە گۆرانییەکەیدا دەیوت: بڕوات بە خەونەکان هەبێت، تۆ ئەو کەسەی تەمەنێکە چاوەڕوانتم.. تۆ ئەو کەسەی بۆت دەخەوم و خەبەرمدەبێتەوە..!.. هەستم

بە ئازارێک لە سنگمدا کرد. بیرم لەو تەمەنە کردەوە کە پێویستە چاوەڕوان بم.. بە ڕۆژەکانی، هەفتەکانی، مانگەکانی، ساڵەکانی و سەرەنجامەکانیەوە!..
پێموانییە پاش ئەوەی ڕووی دا متمانەت پێ دەکەم عەزیز.. متمانە بە تەمەنێک ناکەم تیایدا چاوەڕوانت بم، زۆرجار چاوەڕوانمکردی و زۆرجار تۆش خیانەتت لێ کردم..
خەونێک نییە پێکـەوە کۆمانبکاتەوە عەزیـز، کەواتـە بـۆ بڕوات بە خەونەکان هەیە..
شەوێک پێموتی، زۆر باسی تۆ بۆ کوڕەزا و کچەزاکانم دەکەم.. باسی حیکایەتە مەزنەکەی خۆمانیان بۆ دەکەم.. باسی ئەوە دەکەم چەند خۆشمویستی و چۆن خۆشتویستم..!
بەدەم پێکەنینـەوە وتت: منیش هەمـان شـت دەکەم.. باسی تۆ بۆ کوڕەزاکان و کچەزاکانم دەکەم.. بەدواتدا دەگەڕێم و جوانترین کچەزات بۆ جوانترین کوڕەزام دێنم..!..
بە توندی فرمێسکم هاتە خوارەوە.. هەستمکرد بەهەموو هێزی خۆت زللەیەکت لێ داوم..
بە ڕوومدا هاوارتکرد: چی ڕووی داوە جومانە..!.. ئەمجارە چیم وتوە بۆتە مایەی توڕەبوونت..؟!..
بەدەم شـێوەنەوە و لەکاتێکدا هەوڵمدەدا پەژارەی خۆم بخۆمەوە وتم: تکایە.. دەمەوێ ئێستا تەلەفونەکە دابخەمەوە..!..
قیژاندت بەسەرمدا: چی ڕووی داوە شێتە..؟!..
هاورامکرد: تێناگەیت..؟!.. ئێستا حەزناکەم قسەت لەگەڵدا بکەم..
بەتوڕەییەوە قیژاندت: هەزارجار خواحافیز..!..
مۆبایلەکەم فڕیدا و زۆر بەنەفرەتمکردی، ئـەو دڵڕەقییەم نەفرەتیکرد کە لێوەی خولقاوی، خەونەکانی خۆم نەفرەتیکرد.. هەروەها پڕوپوچیی خۆم و بێئابڕوویی تۆ..!..
مۆبایلەکـەم گـرت بەدەستمەوە و پەیامێکم بـۆ ناردی: باسی (کوڕەزاو کچەزاکان)ی خۆمانم دەکرد عەزیز، کـوڕەزا و کچەزاکانی خـۆم و خۆت.. کوڕەزاو کچەزاکانم لە تۆ!
پاش چەند خولەکێک: توڕەیی خۆت کەمبکەرەوە، چونکە بێزاریکردوم..!..
هەموو ئەوانەم پشتگوێخست کە کردبووت.. کەچی بەسادەیی داوای

کەمکردنەوەی توڕەییم لێ دەکەیت!.. بۆ چەند ڕۆژی دواتر دڵنەواییم دەکردی، هەتاکو توڕەنەبیت و ئەو کوڕەزا و کچەزایانەم لەکیس نەچێت کە دەزانم هەرگیز لەدایک نابن.. بڕوات بە خەونەکان نییە عەزیز.. ڕۆژێکیش نایەت بڕوات پێیان هەبێت!..

❊ ❊ ❊ ❊

پەیوەندیم بە زیادەوە کرد.. پێویستم بەوە هەبوو گوێم لە دەنگی بێت.. زۆرجار زیاد لە کاتی ناکۆکییەکانم لەگەڵ تۆدا بایەخی پێ دەدام عەزیز.. هەمیشە نەرمونیان بوو لەگەڵمدا.. بەسۆز و پیاوانە دەستیدەهێنا بەسەر پشتمدا.. بەهەموو ئەندامەکانی لەشی و بۆ چەندین سەعات گوێی لە سکاڵاکانم دەگرت، بەبێ ئەوەی بێزاری نیشانبدات!

!Hello lady

بەو پیتانەی لە گریاندا دەلەرزین وتم: ئێوارەت باش زیاد.. دەتوانم قسەت لەگەڵ بکەم..؟

Sure Jumanh!.. what›s wrong lady!.. you are crying...

هەستم بە هاوارەکانم دەکرد، وەک چەقۆی تیژ لە سییەکانمەوە دەهاتنە دەرەوە: ڕۆحم خوێنی لێ دەڕژێت زیاد..

جومانە.. گوێ مــەدەرێ، دەزانم مانــدوویت.. من لەگەڵتـدام.. بەڵێنت دەدەمێ هەتاکو وەک خۆتت لێ دێتــەوە بایەخت پێ بــدەم.. ئەم بەڵێنەت بەس نییــە؟

با.. بەسمە..

پێت چۆنە گەمەیەک بکەین بۆ ئەوەی هەست بە ئارامی بکەیت..

چ جۆرە گەمەیەک..؟

نهێنییەکت پێدەڵێم، تۆش نهێنییەکی ترم بۆ بدرکێنە.. بەمەرجێک نهێنییەکان مەترســیداربــن!..

باشە..!.. با لە تۆوە دەستپێبکەین..

ئممم..!.. یەکەمین دیداری خۆت و من و عەبدولعەزیزت لە قاوەخانەکە لەبیرە..؟

بەڵێ لەبیرمە!..

چەند ڕۆژێک پێش ئەوە باسی کچێکی کەللەڕەقی بۆ کردم کە لەوێ پێیگەیشتبوو..

عەبدولعەزیز لە یەکەمین دیدارەوە حەزی لە کەللەڕەقییــەکەت کردبوو.. بۆیە چەند ڕۆژێک سەردانی شوێنەکەمان کردەوە، بەهێوای ئەوەی بێیتەوە و بتبینــێ!..

نهێنییەکی لەوە مەترسیدارترت نەدۆزییەوە زیاد؟..

هێشتا نهێنییەکەم نەدرکاندوە!..

نهێنییەکە چی بوو..؟

ئەو ڕۆژەی تۆمان بینی، پێش ئەوەی بگەیتە قاوەخانەکە، باسی کچێکی سعودیم بۆ عەبدولعەزیز دەکرد، کە چەند مانگێک بوو هاتبووە زانکۆ.. زۆر شەیدابیووم، ئەگەرچی هیچ قسەم لەگەڵ نەکردبوو.. دواتر بۆم دەرکەوت کە هیچ ڕۆژێک سەرنجیم ڕانەکێشاوە!..

ئاوەهــا!..

پێش ئەوەی بێیتە ژوورەوە، عەبدولعەزیز لە جامخانەی قاوەخانەکەوە تۆی بینی، وتی ئەوە هات.. کاتێک ئاوڕمدایەوە بینیم ئەو کچەی من بۆم باسکردبوو، هەمان ئەو کچە بوو کە چاوەڕوانیدەکرد!..

بەسەرسامییەوە لێم پرسی: دەتناسیم؟!..

نەمدەناسیت!.. توشم دەبوویت.. هەرکاتێک دەهاتیتە ناو خواردنگەی زانکۆ و دەچویتە دەرەوە چاوم لەدوات بوو.. پێدەکەنیت و سەعیتدەکرد و دەتنووسی.. دەزانی من گیرۆدەی دەستی شـەرمێکی بێمانام!.. هیچ ڕۆژێک نەموێراوە لێت نزیکبمەوە.. چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد دەرفەتم بۆ هەڵبکەوێت و پێکەوە قسەبکەین.. بەڵام قەدەر وایکرد عەبدولعەزیز لە قاوەخانەکە بتبینێ و بوێری و ئەزموونەکەشی یاریدەدەربوو بۆ ئەوەی لێت نزیکبێتەوەو زیاتر بتناسێت..

ئای خوایە.. چۆنە باسی ئەوەت بۆ نەکردووم؟!..

باسی ئەوەم بۆ کەس نەکردوە جومانە.. تەنانەت عەبدولعزیز.. هەرگیز بیریشم لــەوە نەکردۆتەوە بۆی باســبکەم.. بەڵام هەیفــا دەیزانی.. چونکە پێشتر دەربارەی تۆ پرسیارم لێ کردبوو..

ڕۆژێک هەیفا باسی ئەوەی بۆ کردم هاوڕێیەکمان دەربارەی من پرسیاری لێ کردوە.. بەڵام دواتر پێی نەوتم ئــەو کەســە تۆیت..!.. بڕوام نەدەکرد هەیفا بتوانێت شتێکی وا بشارێتەوە، چونکە ئەو دەم بەهەرایــە و هیــچ شتێکیش لە یەکتری ناشارینەوە..

من داوام لێ کرد مەسەلەکەت بۆ باس نەکات.. هەیفا کچێکی چاکە جومانە..!..
ترسا لەوەی بریندارمبکات..

سوپاس بۆ ئەوەی ئەمشەو ئەوەت پێوتم، چەند هەست بە شانازی دەکەم کە توانیومە سەرنجی پیاوێکی وەک تۆ ڕابکێشم.. سوپاس زیاد، من پێویستم بە پیاداهەڵدان و پشتگیریکردن هەبوو..

Anytime lady!..

دەزانی زیاد.. هەرجارێک قســەت لەگەڵ دەکەم، هەستدەکەم دەمپارێزی، بارودۆخەکانم باشدەبنەوە و شتێکی جوان چاوەڕوانمە..

منیش کاتێک پێکەوە قسـەدەکەین هەسـت بە زۆر شـت دەکەم.. دەزانی جومانە بەدرێژایی ماوەی یەکترناسینمان هیچ باسی خۆتت بۆ نەکردوم..!.. جگە لە عەزیز، دەربارەی هیچ شتێکی تر قسەت لەگەڵ نەکردوم..

ئێستا نامەوێ باسی ئەو بکەم زیاد..

منیش ئێستا حەزناکەم باسی ئەوم بۆ بکەیت جومانە.. باسی خۆتم بۆ بکە.. باسی ئەو بیابانشینەم بۆ بکە کــە حەزی لە نووسینە.. باسی ئەوەم بۆ بکە چی دەنووسیت و چی دەخوێنیتەوە.

چۆن زانیت حەزم لە نووسینە..؟

یەکەم، چەندین جار تۆم بینیوە بەتەنیا خەریکی نووسین بوویت!.. دوەم، بورجی (دووانە)یت!.. هــەر ژنێکی دووانــەش حــەزی لــە نووســینە.. ئەمە سەرباری ئەوەی بەڕێکەوت چەند شتێکم لەوانە خوێندۆتەوە کە بۆ عەبدولعەزیزت نووسیوە..

عەزیز پێیوایە زمانەکەم وەک پێویست نییە..

من پێموایە زمانەکەت جوانە.. لە باش باشترە..

پێدەچێت خاڵی هاوبەشی نێوان هەرسێکمان خۆشەویستی زمان بێت زیاد..

ڕاسـتە.. زمـان پزیشکیی ددان و ئەندازیاریی کۆمپیوتـەر و بەڕێوەبردنی کاروباری پێکەوە کۆکردۆتەوە.. بەهەرحاڵ.. What is your secret؟

ئممم!.. نهێنی، نهێنی!.. باشە باسی نهێنییەکت بۆ دەکەم، کە کەم کەس دەیزانێت!.. لە بەکەلۆریا تێکڕای نمرەکانم ٨٥٪ بوو!

ئەی چۆن نێردرایت بۆ خوێندن و لە زانکۆ قبوڵکرایت؟

سـەرەتا لەسـەر حسـابی تایبەتی خـۆم خوێندم و لەم دواییانـەدا بوومە یەکێک لە خوێندکارە نێردراوەکان..

Really!.. I didn`t know

سروشتییە زۆر شت نەزانیت..

لەوانەیە سەرسامبیت بەوەی زۆر لەوە زیاتر دەزانم کە چاوەڕوانیدەکەیت..

لەوانەیە تۆش سەرسامبیت کە زۆر شت دەزانم زیاد..

دەزانی جاران (دەروەستبووم)..؟

بۆچی دەڵێی «جاران»..؟

نازانم!.. کاتێک هاتم بۆ ئێرە و عەبدولعەزیز و محەمەدم ناسی.. دووساڵ لە ململانێدا بووم.. وەک ئەوانم لێ نەهات و وەک خۆیشم نەمامەوە..! I changed !!....

باسی چ ململانێیەک دەکەیت..؟

تەمەنم هەژدە ساڵ بوو کە گەیشتمە ئێرە.. کاتێک گەیشتم ئۆپۆزسیۆنی سعودی چالاک بوو، سەردەمی هێرشکردنی ئەمریکا لێرە و لەوێم بەسەربرد، ئینجا جەنگی ئەمریکا دژی ئەفغانستان و عیراق دەستیپێکرد و بووە مایەی لێکترازانی ئۆپۆزسـیۆنێکی قیژەقیژکەر و نیشـتمانپەروەرێتییەک کە پێی پەروەردەبووم، ئەو عەرەبایەتییەی خوێنی لێ دەڕۆیشت و ئەو مرۆڤایەتییەی بەناوی ئایینەوە دەستدرێژیی دەکرایــە ســەری.. ئەو نیشتمانەی عاشقی بووم و ئەو دەوڵەتەی تیایدا نیشتەجێم و لە ڕێگەیــەوە فێری ئەوە دەبم لە ژیان تێبگەم.. ئەوە ململانێیەکی فیکری و بڕواخــواز و سیاسی بوو، ڕۆژێک باوەڕم بە بڕوایەک هەبوو، ڕۆژی دوایی باوەڕم بە دژەکەی هەبوو.. قۆناغێکی گوێزانەوەی ژیانم بوو.. زۆر ماندووبووم، هەتاکو توانیم هاوسەنگی بەدەستبهێنم..

ئێستا بڕوات بە چی و کێ هەیە..؟

I believe in GOD !!..، سەرەتا بڕوام بەو هەیە، ئینجا بڕوام بە مرۆڤایەتی هەیە، سیاسەت و تایەفەگەری و هاوشێوەکانیانم نەفرەتیکردووە.. بڕوام بەوەیە نیشتمانەکەم ئازادە، ئیسلام ئایینی ئاشتی و لێبوردەیی و پێکەوەژیانە.. ئێستا ئەو نیشتمانەم زیاتر خۆشدەوێ.. ئیسلامم زیاتر و زیاتر و زیاتر خۆشدەوێ.. ئەگەرچی من بەرامبەر بەهەردووکیان کەمتەرخەمم.. بەرامبەر بە خوا و نیشتمان.. بەڵام هەستدەکەم لە جاران زیاتر خۆشمدەوێن..

بێگومان ئەو ماوەیە زۆر شتت خوێندۆتەوە..

دەربارەی هەر مەسەلەیەکی مشتومڕهەڵگر دەتوانی پرسیارم لێ بکەیت.. لە سید قوتبەوە دەستپێبکە.. بە مستەفا مەحمود، عبدالله قصیمی، جەمال

بەننا، عەبدولرەحمان بەدەوی و محەمەد شەحروردا تێپەڕە.. هەتاکو بە نەوال سەعداوی دەگەیت!..

بڕوام پێ بکە ئەوە شادمانمدەکات..

بڕوات پێ دەکەم!.. جارێکیان دەربارەی ژنی دووانە خوێندمەوە.. دەڵێن ئاسانترین ڕێگە بۆ گەیشتنە دڵی ئەو ژنە، دواندنی ئەقڵییەتی.. هەروەها ئەو ژنە حەزی لە پرسیار دەربڕینە..

پێم سەیرە پیاوێک شارەزای ئەستێرەناسی و بورجەکان بێت!.. هەرگیز پیاوان بایەخ بەم زانستە نادەن و بە درۆودەلەسەی دادەنێن..

بڕوام بە هەندێک شتی هەیە..

دەزانی من نازانم کەی لەدایکبوویت!

ڕۆژی ١٩٨٢/١٢/٢٥ی زایینی لەدایکبووم..

ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیح هاتویتەتە دنیاوە!..

هەروەها ڕۆژی لەدایکبوونی سەیاب.. بەدر شاکر السیاب لە ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیحدا هاتۆتە دنیاوە.. هەروەها یوسف الخال و سەلاح جاهین لە هەمان ڕۆژدا لەدایکبوون..!.. بیست و پێنجی دیسەمبەر..

کەواتە لەدایکبوانی بورجی گیسک شاعیرن..

جبران و ناجیش لەدایکبووی گیسکن، ئەوە لێکدژییەکی سەیرنییە..؟

وەک لەدایکبووی بیست و پێنجی دیسەمبەر.. ناخۆشیت لە ژیانی خۆتدا بینیـوە..؟

ژیانم ئاسان نەبووە..!.. پێموایە قەدەری لەدایکبوانی ئەم ڕۆژە سەیرە.. دەزانی بەدر شاکر سەیاب لە بیست و چواری دیسەمبەردا کۆچی دوایی کردوە.. واتە لە شەوی لەدایکبوونیدا..

لەوەپێش ئەوەم نەزانیوە!..

مەزنترین شاعیرەکان لەدایکبووی گیسکن و زۆربەشیان بە پێوەنالاندنەوە مردون.. جاهین بەخەمۆکی مرد.. ســەیاب و جبــران و یوسف الخال پاش بەربەرەکانێکردنێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دواییان کرد..

هیوادارم چارەنووسی تۆ بەختەوەرانە بێت زیاد..

..Thank you Jumanh, you are so nice

کەواتە ساڵ و نیوێک لە من گەورەتریت..!.. پێموابوو تۆ و عەزیز هاوتەمەنن.. هەشت ساڵ لە من گەورەترە..

هەندێک جار وادەرکەوێت لەوە گەورەتریت!.. لەوانەیە ئارامییەکەت هۆکاربێت..
Maybe!..

قسەکردنەکەم لەگەڵ تۆ پێ خۆشبوو زیاد.. سوپاس بۆ ئەو کاتەی پێت بەخشیم.. بۆ میهرەبانی و زانیارییە نوێکان..

بەدوودڵییەوە لێی پرسیم: دەخەویت..؟

هەوڵدەدەم بخەوم، هەتاکو بەیانی بتوانم بڕۆم بۆ زانکۆ.. لە خوێندنەکەمدا زۆر دواکەوتووم.. دەبێت جڵەوی کارەکانم بگرمەوە دەست..

Great.. پێم خۆشە ئەوەت لێ دەبیستم، دەتوانم بەیانی تەلەفونت بۆ بکەم و خەبەرتبکەمەوە..؟

پێویست بەوە ناکات، خۆت ماندووبکەیت..

تکایە، شادماندەبم ئەوە بکەم..

قەیناکە زیاد.. هەرکاتێک ویستت دەتوانی پەیوەندیبکەیت..

I appreciated, good night!..

بەدەم هەرەسانیی گەدەمەوە خەوم لێ کەوت!.. هەستمدەکرد دەستێک گەدەم دەگوشێت عەزیز.. هەستمدەکرد بەو قسەکردنەم لەگەڵ زیاد خیانەتم لێ کردوویت، هەستمکرد خیانەتم لەو پیاوە کردووە، کە وازی لێ هێناوم و ژنێکی تری هێناوە.. ئەو پیاوەی زۆرجار لەگەڵ ژنی تردا بووە و هەرگیز بەوەفانەبووە بۆم!.. نازانم چۆن دەتوانی هەموو شەوێک بەدەست هەراسانیی گەدەتەوە بخەویت عەزیز، وادیارە هەرگیز هەستت بە ئازاری ویژدان نەکردووە!..

سەرلەبەیانی لەسەر دەنگی زیاد خەبەرمبۆوە.. زیاد هێمن و میهرەبان و ناسک بوو، بەڕادەیەک کە دەرەقەتی نەدەهاتم.. نازانم ئەوە میهرەبانیی زیاد بوو دەرەقەتی نەدەهاتم، یان دەرەقەتی بەوەفابوونم بۆ تۆ نەدەهاتم عەزیز.. ئەوە بەوەفابوونە دەمخنکێنێ و هەستی خراپم پێ دەبەخشێت.. بەوەفابوونەکەم ماندوویکردوم!.. ماندووم بەدەست ئەوەی بەوەفابم بۆ پیاوێک، کە جگە لە بیرەوەرییەکانی هیچیم بۆ نەماوەتەوە.. ئای عەزیز، خۆزگە هەزارجار و لەگەڵ هەزار پیاودا تۆڵەی خۆم لێ دەکردیتەوە، بەڵام ناتوانم وەک تۆ بم.. ناتوانم ببمە هی کەسێکی تر جگە لە تۆ!.. بوونم لەگەڵ کەسێکی تر بێجگە لە تۆ دەمتۆقێنێ عەزیز..

لەسەر ڕێگەی زانکۆ بەلای ماڵەکەتدا تێپەڕیم، ئوتومبیلەکەت لەبەردەمی

ماڵەکەدا پارککرابوو.. سوپاسی خوام کرد کە نەمدیت.. چوومە زانکۆ و ڕقم لە هەر سوچێکی بوو.. ئەمجارە چاوەڕوانم نەبوویت عەزیز.. بەخەیاڵمدا نەدەهات ڕۆژێک بێت و چاوەڕوانم نەبیت، کەچی ئەمجارە چاوەڕوانم نەبوویت.. بێجگە لە زیاد کەسێکی تر چاوەڕوانم نەبوو..

* * * *

من و زیاد لە ڕووی بیروباوەڕەوە زۆر لێک نزیکین، بەڵام مـن و تـۆ بنەڕەتیانە لێک جیاوازین.. کاتێک من و زیاد پێکەوە وشەکانمان دەردەبڕین، پاش چەند چرکەیەک بێدەنگدەبین و لە سەرسامی و ترسی وەک یەک بیرکردنەوەی سەیردا دەدەینە قاقای پێکەنین..

جارێکیان بەگاڵتەپێکردنەوە وتت: دڵنیام لەوەی لە دوائەڵقەدا بۆتان دەردەکەوێت کە خوشک و بران!..

ئەو ڕۆژە من و زیاد سێ جار و لە هەمان کاتدا هەمان وشەمان دەربڕی..

نازانم چۆن دژەکەم بەو ئەندازەیە ڕامدەکێشێ، نەک هاوشێوەکەم کە بێئەندازە ناسک و نەرمونیان و مرۆڤدۆستە!.. من و تۆ وەک دوو جەمسەری موگناتیسین، سەرباری جیاوازی و نەبوونی خواستی لێک نزیکبوونەوەمان، کەچی بەهێزەوە بۆ یەکتری دەچین.. نازانم چۆن بەو هەموو گەرموگوڕییەوە ڕووە و پیاوێک دەڕۆم کە حەز بە نزیکبوونەوەی ناکەم، کەچی لە یەکێکی تر دووردەکەومەوە کە زۆر خەسڵەتی سوارچاکی خەونەکانمی تێدایە.. نازانم چۆن حەزت لێ دەکەم، لەکاتێکدا ناخم هەمووشتێکی تۆ ڕەتدەکاتەوە عەزیز..

زۆرجار بیرم لەوە کردۆتەوە مەسەلەکانی نێوانمان بەچی دەگەن.. منو تۆو لەوانەیشە زیاد دەگەینە کوێ!..

زۆر بیرم لەو کۆتاییە کردۆتەوە کە تۆ پێیدەڵێی (دوائەڵقە!) وهیچ چارەسەرێک یان چاوەڕوانییەک بە مێشکمدا نایەت.. وەک مەتەڵە مەحاڵەکان..

کاتێک بۆ یەکەمین جار گوێم لە زاراوەی (دوائەڵقە) بوو پێکەنیم.. باسی یەکێک لە گەشتەکانی سەردەمی هەرزەکاریت بۆ بیابان بۆ کردم، گێڕاتەوە چۆن لەگەڵ هاوڕێکانتدا بەبێ خواردن ڕێگەتان ونکردوە، پاش خراپبوونی ئەو ئوتومبیلەی پێی ڕۆیشتوون.. پێتوتم: کاتێک شەو هات بەیبی، هەستمکرد ئەوە دوائەڵقەیە!..

ئەوکاتە وەسفکردنت بۆ مردن و کوتایی جوان بوو، بەڵام ئیمڕۆ زۆر بیر لەوە دەکەمەوە چۆن کۆتاییەکانت ئاساندەکرد، بە ڕادەیەک کە دەبوونە دوائەڵقەی زنجیرەیەک..

زیاد هەمووشتێکی ژیان قەبەدەکات، تۆش هەموو ئەو شتانە ئاساندەکەیت کە بە ژیانتدا تێدەپەڕن، وەک ئەوەی خەمساردبیت و نەهەژێیت و نەترسیت..

جارێکیان پێتوتم (تەنیا) خۆشەویستی دەتوانێت دڵت بشکێنێ.. کەچی لەوە تێناگەم، چۆن دڵێکی وەک ئەوەی تۆ دەشکێت عەزیز..

ڕۆژێکیان لێم پرسیت.. دەشێت ژنێکی شوکردوت خۆشبووێت..!..

پاش بیرکردنەوە وتت: نازانم جومانە.. لەبەرئەوەی خوا لە خۆشەویستیدا ئاڕاستەماندەکات.. چونکە ئێمە ئەوانە هەڵنابژێرین کە خۆشماندەوێن..

پێموتیت: بەڵام هەندێک جار بەڕوونی دەزانین هەندێک لەوانەی دەیانناسین گونجاونین بۆ ئێمە.. بۆ نموونە گرێدراوی پەیوەندییەک بن.. کەواتە بۆ خۆمان لە پەیوەندییەک هەڵقورتێنین کە دەزانین داهاتووی نییە..؟

لێت پرسیم: زۆر بڕوات بە مستەفا مەحمود نییە؟.. ئەی ئەو نەیوەتوە (لەوەی دەیزانین توانای هەڵبژاردنمان هەیە، بەڵام لەوەی نایزانین ئاڕاستەکراوین)؟

با.. بەڵام لەسەرەتادا توانای هەڵبژاردنمان هەیە و لەکۆتاییدا ئاڕاستەکراوین..

ئایا لەسەرەتاوە ڕوو لە ژنێک دەکەیت کە شوویکردوە..؟

نازانم جومانە، لەوانەیە ئەوە بکەم..

ئای بەهاکانت چەند لەرزۆکن..!..

پاڵتدایەوە: وانییە، بەڵام ترسنۆک نیم، پێتوانەبێت ڕۆژێک دەرفەتی بەختەوەربوونم لەگەڵ ژنێکدا فەرامۆشدەکەم، تەنیا لەبەرئەوەی سڵ لە کۆتاییەکەی دەکەمەوە.. دەشێت کۆتاییەکە گونجاوبێت و بەختەوەرمبکات.. کەواتە بۆچی دەستبەرداری دەرفەتەکە بم، بەتایبەتی کاتێک دەرفەتی سەرکەوتنی ئەزموونەکە لە ئارادا دەبێت؟

لە ژیاندا سەرکێشیی زۆر دەکەیت عەزیز..

بە هەڵچوونەوە بەدەستت هێمات بۆ کردم و وتت: ژیان سەرکێشییەکی گەورەیە.. ئەگەر هەندێک بەختەوەریت ویست، ئەوا دەبێت سەرکێشی بکەیت.. هیچ لە ترسنۆکی سەوزنابێت جومانە.. بەختەوەری بەبێ قومارکردن نابێت..

پێم باشترە ترسنۆک بم عەزیز..

بەگاڵتەپێکردنەوە وتت: لەبەرئەوەیە کە پێتوایە قومارکردن حەرامە..؟
بەکەللەڕەقییەوە وتم: چونکە حەرامە و بەهاکانم پیرۆزن..
لەڕاستیدا بەهاکانی من بەو پیرۆزییە نەبوون عەزیز.. بەڵکو بەهاکانم بەڕادەیەک لەناوچوون، تەنیا پاشماوەکانی بەهاگەلێک ماونەتەوە کە بەو بەهایانە ناچن ڕۆژێک بڕوام پێیان هەبووە..
هیچ ڕۆژێک بە خەیاڵمدا نەهاتووە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیەکتدا ببەستم.. وەک ڕێزنان لە تۆ هەمیشە خۆم بەدوورگرتوە لێیان، ئەگەرچی ئەوانە هاوڕێی منیش بوون.. بەڵام دەستبەرداری بەهاکانم بووم، یان بابڵێین بەهاکانم وازیان لە من هێنا، بۆیە ملم بۆ پەیوەندیی زیاد دا، کە پێموایە پێویستم پێی هەبوو، هەتاکو بەهۆیەوە تۆڵەت لێ بکەمەوە.. ئەوکاتە دەمدەزانی تەنیا ئازاری زیاد و خۆم دەدەم، نەمدەزانی هیچ شتێک لە ڕێگەی منەوە ئازارت نادات!.. هەرگیز ئەوەم نەدەزانی..

❊ ❊ ❊ ❊

دوو هەفتە پاش پەیوەندیی بەردەوامان، زیاد چوو بۆ ڕیاز، هەتاکو لە شایی خوشکەکەیدا بەشداربێت.. گەشتەکەی دوو ڕۆژ پێش شاییەکە بوو، سێ ڕۆژ دوای شاییەکەش گەڕایەوە.. لەڕێی پرۆگرامی (ماسنجەر)ەوە پەیوەندیمانکرد..!.. قسەی زۆرمان دەربارەی گەلێک شت کرد، کە تۆ لە هیچیاندا نەبوویت.. دەبینی وامان لێهاتبوو خۆمان لە باسکردنی تۆ بەدووردەگرین.. زیاد سەیرە، هەیفا شەیدایەتی.. ئەو هەیفایەی شەیدای هیچ مرۆڤێک نەبووە.. هەروەها منیش شەیدای زیاد بووم.. نکۆڵی لەوە ناکەم، بەڵام نامەوێت دانی پیادا بنێم!..
زیاد تۆزێک لە من بەتەمەنترە.. پزیشکیی ددان دەخوێنێ، شیعر دەنووسێ، کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات.. هێمنە، شەرمنە، نەرمونیانە، ئاشتیخوازە.. وێڕای جیاکاربوونی گۆشەگیرە.. تۆ لەکوێ و ئەو لەکوێ عەزیز، تۆ و زیاد بەکردەوە زۆر لێک جیاوازن.. زیاد خەسڵەتەکانی سوارچاکی خەونەکانمی تێدایە، بەڵام تۆ سوارچاکی خەونەکانمی، ئەگەرچی خەسڵەتەکانی ئەوت تیادانییە!.. زۆرجار بیرکردنەوەیەکی ترسناک بەمێشکمدا هاتووە، هەندێک جار هەستدەکەم ئەگەر بەدیدارت شادنەبوومایە، ئەوا حەزم لە زیاد دەکرد.. بەڵام یەکەم جار تۆم بینی، تۆش دڵسافیی منت شێواند!..

زیاد بەشێوەیەکی سەیر مامەڵەم لەگەڵ دەکات کە هەرگیز تێی نەگەیشتوم.. هەیفا دەڵێت، ئەو هەندێک جار هەستدەکات زیـاد (خۆشـیدەوێم).. ڕاستیت دەوێ عەزیز، منیش هەندێک جار هەست بەوە دەکەم.. ئەم پیاوە سەیرە!.. بەرامبەر بەتۆ وریامدکاتەوە و پێکمان دەهێنێتەوە.. سەرنجم بۆ هەڵەکانت ڕادەکێشێ، ئینجا دەتپارێزێت.. داوام لێ دەکات لێت دووربکەومەوە و لەبیرت بکەم، داواشم لێ دەکات شوت پێ بکەم، لەبەردەمی تۆدا بەرگریم لێ دەکات، لای منیش پاساوت بۆ دەهێنێتەوە!.. هیچ ڕۆژێک لە زیاد تێنەگەیشتووم.. پێشموانییە ڕۆژێک بێت لێی تێبگەم!..

کاتێک خۆم بۆ چوونە ناو ماسنجەر تۆمارکرد، زیاد بەبێ سەلامکردن بانگهێشتیکردم بۆ دیدارێکی یەکتربینین.. ئەو داواکارییەیم پێ سەیربوو، چونکە ئەوە یەکەمین جار بوو داوایەکی لەو جۆرەی هەبێت.. سەرەتا دوودڵبووم، بەڵام دواتر قبوڵمکرد، چونکە ئەو ڕۆژانە لە زانکۆ دەمبینێ و وێنەی زیندووم لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بینینی (ڕاستەوخۆمدا!) نییە.. خوشکە بچکۆلە چوار ساڵییەکەی لە باوەشیدابوو، تابلۆیەکی بەدەستەوەبوو، کە لەسەری نووسرابوو (زیادی برام زۆری خۆشدەوێ).. هیچ لێکدانەوەیەکم بۆ ئەوە نەکرد کە ئەو شەوە ڕووی دا، تەنیا بە میهرەبانییەکی لەڕادەبەدەرم دانا، کە لە ناخی دڵمی دابوو!.. ئەگەرچی من ئەو لێکدانەوە (سادەیە)م بۆ ڕووداوەکەی ئەو شەوە کرد، بەڵام نەموێرا بۆ هەیفای باسبکەم!..

زیادی پزیشکی شاعیر، شاعیری پزیشک وەک ناجی، وەک ئیبراهیم ناجی شاعیر کە پزیشکەکان بە شاعیری دادەنێن و شاعیرەکان بە پزیشکی دەزانن.. لەڕاستیدا ناجی وەک زیاد لە شیعر و پزیشکیدا چارەسەرکەربوو..!..

زیاد قەسیدەکانی بەناوی (ناجی)یەوە بڵاودەکاتەوە!.. نازانم داخۆ هەڵبژاردنی ناوەکەی هەڕەمەکیانە بووە یاخود نا.. بەڵام ناجی و زیاد هاوشێوەبوون..

نازانم چۆن زیاد بەو ئەندازەیە هۆگرمبووە.. چۆن من و زیاد کەوتینە ناو پەیوەندییەکەوە کە هیچ ناوێکی نییە.. زیاد نازانێ داخۆ خۆشیدەوێم.. منیش نازانم ئەوە چ خۆشەویستییەکە کە لە دڵمدا بۆ زیادم هەڵگرتووە.. گەلێک جار پێیدەڵێم تاقە هاوڕێی منە.. تاقە هاوڕێی پیاو لە ژیانمدا زیادە!.. لەو بڕوایەدام ئەو پیاوە هاوڕێیە زیاتر لەوەی خۆشەویست بێت، ئەمەش مەسەلەیەک نییە دانپیانانی بەختەوەرمبکات..

زۆر باش دەزانم زیاد خۆشەویستیی منی بۆ تۆ خۆشدەوێ.. ئەو

خۆشەویستییە سەرسامیکردوە، بۆیە شەیدای ئەو ژنەیە، کە بەو کۆڵ نەدانە کەسێکی خۆشدەوێ!.. عاشقی شێوازی خۆشەویستیی منە بۆ تۆ عەزیز.. زیاد عاشقی خۆشەویستیمە بۆ تۆ، تۆش ڕقت لە شێوازی خۆشەویستیم دەبێتەوە.. منیش ڕقم لە سەرتاپای ئەو خۆشەویستییە دەبێتەوە.. حەزدەکەم پیاوێکی وەک زیاد خۆشیبوێم، منیش ئەوم خۆشبوێ!..

* * * *

من و هەیفا سەرقاڵی حەزی جیاکارەی خۆمان بووین (خواردن بە چلێسی)، کە لە تەنگانەدا دەبێتە حەزی جیاکارەی منیش.. بەبێدەنگی و سەرقاڵییەوە نانماندەخوارد.. کاتێک دکتۆرە مونا سوار تەلەفونیکرد، بەبێ وەڵامدانەوەی مۆبایلەکەم فڕێدایە سەر مێزی ناخواردنەکە و بەردەوامبووم لەسەر خواردنی دۆدرمە لە قاپەکەی هەیفا.. هەیفا بەدەم خواردنی دۆدرمەوە پێیوتم: کێ بوو..؟

مونا..

زەکی..؟

مونا سواری هیچوپوچ..!

ژنی سوڵتان..؟

بەڵێ خۆی بوو!..

بۆچی وەڵامی نادەیتەوە..؟

دواتر.. ئێستا میزاجی ئەوەم نییە قسە لەگەڵ کەس بکەم!..

جارێکی تر دەنگی زەنگی مۆبایلەکە بەرزبۆوە.. هەمدیسان مونا بوو..

هەفە!.. مونا چی لەمن دەوێت..؟

وەڵامیبدەرەوە هەتاکو بزانی..

وەڵاممدایەوە: بەڵێ..

مونا: جومانــە!.. تۆ لەکوێی..؟!.. چەند جارێک پەیوەندیم پێوە کردیت، وەڵامت نەبوو.. نیگەرانبووم بۆت!..

ببورە ئازیزەکەم.. ئەو چەند ڕۆژەی پێشوو سەرقاڵبووم..

قەیناکە.. ببورە بێزارتدەکەم جومانە.. یەکەم من زۆر بیری تـۆ و هەیفـا دەکەم.. پێویستە بەم زووانە یەکتری ببینین..

بێگومان.. ئێمەش بیرتدەکەین..

جومانە.. دوێنێ هاوڕێیەکی من و سولْتان هەواڵیپرسیت.. پێدەچێت بۆ هەندێک کار پێویستی پێت هەبێت.. وتم سەرەتا با لەخۆی بپرسم ئاخۆ ڕازییە ژمارەی تەلەفونەکەتی بدەمێ..
بەسەرسامییەوە لێم پرسی: ناوی چییە..؟
ماجد! ماجد عاتکی.. دەیناسی..؟
ماجد عاتکی!..
هەیفا کەوچکەکەی داناو بە حەپەساوی سەیریکردم..
بەڵێ ماجد، ڕێگەمدەدەیت ژمارەی تەلەفونەکەتی بدەمێ..؟
نا دکتۆرە!.. پێی بڵێ من ڕازی نەبووم..
ئەگەرچی من دۆشـداماوبووم بەرامبەر بـەو و گەڕانی سەیری بەدوامدا.. ئەگەرچی زۆر حەزمدەکرد بزانـم چی دەوێت.. بەڵام ڕازی نەبووم ئەو پیاوە ببینم کە هۆکاری کۆتاییهاتنی خۆشەویستیی کڵپەسەندوومان بوو، لە ڕێگەی شەش وشەوە کە لەسەر کاغەزێکی بچووک بۆی نووسیبووم!.. قاییل نەبووم ئەو پیاوە ببینم کە بووە مایەی ئەوەی (خۆشەویستی تەمەنم) دەستبەردارمبێت..
هەر کە تەلەفونەکەی دکتورە مونـا سـوار تەواوبوو، زیاد پەیوەندیکرد، پێموت دواتر تەلەفونی بۆ دەکەمەوە..
هەیفا بە کەوچکەکە کێشای بە دەستمدا.. جموووون!..
خێرە؟
چیت لەگەڵ زیاددا هەیە..؟
هیچم لەگەڵیدا نییە..
(کەسێک وێرانماندەکات.. کەچی تۆڵە لە کەسێکی تر دەکەینەوە)!
هەیفا.. تۆ وەکو من دەزانی زیاد وەک خوشکی خۆی سەیرماندەکات..!..
هەر لەخۆتەوە حیکایەتی خەیاڵی مەهۆنەرەوە..
چاوی لێ داگرتم: کاتێک قسەت لەگەڵ دەکرد دموچاوت سوورهەڵگەڕابوو..
پێکەنیم: تۆ نەخۆشیت!..
پێم بڵێ.. نهێنی بایەخدانی ئەو سیانە بە تۆ چییە..!.. چی دەخۆیت وا هەموویان شەیداتبوون..؟
لەکاتێکدا خەریکی خواردنی ئەو دۆدرمەیە بووم، کە لە قاپەکەیدا مابوو، پێموت: من (ئایس کریم) دەخۆم!..

هەیفا دەستی لە قاپەکەی دوورخستمەوەو وتی: خۆزگە دەموچاوی مونیرە دەبینم، کاتێک بە چیرۆکی نوێت لەگەڵ زیاد دەزانێت!..

گوێم بە قسەکەی هەیفا نەدا، بەڵام مونیرەی هاوڕێ نیگارکێشە کوەیتییەکەمان هەر لە مێشکمدا دەهات و دەچوو.. مونیرە لە تەمەنی هەیفاو زیاددا بوو، (حیکایەتێکی خۆشەویستی)ی تر بوو.. مونیرە زیادی خۆشدەویست و (پێدەچێت!) زیادیش بەبێدەنگی ئەوی خۆشویستبێ.. دەمزانی پەیوەندییەکی خۆشەویستیی نهێنیێ ئەو دوانە پێکەوە گرێدەدات، بەڵام لە مانای ئەو خۆشەویستییە (نهێنی)یە تێنەدەگەیشتم!.. ئەو هاوڕێ (کوەیتییە)مان زۆرجار باسی زیادی بۆ دەکردین.. ئەو شەوەم لەبیرە کە من و هەیفا بەهۆی ئەوەوە لە شوقەکەمان گریاین.. هەمیشە دەیوت خەڵکی ڕیاز (دڵڕەقن)، چونکە لەناو (دڵی) بیابان و دوور لە دەریا دەژین.. (ئەو) پێیوایە خەڵکی نزیک دەریا لەوانە میهرەبانترن کە دوور لە دەریا ژیان دەبەنەسەر.. پێموایە ئەو ڕاستدەکات!.. مونیرە پاش پچڕانی پەیوەندییەکەی لەگەڵ زیاد، کە ساڵێک زیاتری نەخایاند، خوێندنەکەی خۆی جێهێشت، چونکە زیاد ڕازی نەبوو لەسەر پەیوەندییەک بەردەوامبێت کە بەبڕوای ئەو نەدەگەیشتە ماڵی هاوسەرگیری.. هەیفا بوێرانە ئەو وڵاتەی جێهێشت و خوێندن و ئەو پیاوەی لەپاش خۆی بەجێهێشت، کە خۆشیدەویست و ڕاستگۆبوو لەگەڵیدا، ئەویش لەگەڵ ئەودا ڕاستگۆبوو..

هەیفا دەڵێت، لەپشت هەر ژنێکی دڵشکاوەوە پیاوێکی خەڵکی (ڕیاز) هەیە.. منیش دەڵێم لەپشت هەر پیاوێکی (خائین)ی خەڵکی ڕیازەوە ژنێکی گەوج هەیە کە بڕوای پێ دەکات!..

هەرگیز باسی ئـــەوەم بۆ نەکردویت کـــە ئاگاداری ئەو پەیوەندییەی زیاد بووم.. تۆش ئەگەرچی ئاگاداری ئەو پەیوەندییە بوویت، کەچی باسی ئەوەت بۆ نەکردووم..

دێتەوە یادم جارێکیان لێم پرسیت، پەیوەندیی زیاد بە نیگارکێشانەوە چییە..؟

بە مەکربازییـــەوە وەڵامتدامـــەوە: نازانم.. لەوانەیە عاشقی نیگارکێشێک بووبێـــت!..

نکۆڵیی ئەوە ناکەم زۆرکات ئیرەییم بە مونیرە بردوە.. من پێش ئەو زیادم ناسییوە.. بەڵکو من پەیوەندیی نێوانیانم هونیوەتەوە.. بینیم مونیرە کتوپڕ دەیەوێ لە زیاد نزیکبێتەوە.. زانیم دڵێک هەیە خۆشەویستی خوێنی لێ

دەتکێنێ و دڵێکی تریش هەیە خۆشەویستییەک لە جۆرێکی تر دەیهەژێنێ!..
چاوەکانم غافڵ نەبوون لەو نیگای خۆشەویستییەی لە چاوەکانی مونیرەدا دەدرەوشایەوە، کاتێک ناوی زیاد دەهاتــە ســەر زاران.. ئەو کەسەی زۆر حەزی لە نیگارکێشان بوو و هەموو نیگارکێشێکی باشی شادمان دەکرد.. مونیرە بە پیشەکارییەکی سازگارەوە نیگاریدەکێشا کـە لە ناخمدا (شادییەک)ی دەوروژاند هەندێکجار پەرەیدەسەندو دەگەیشتە سنووری ئیرەییپێبردن!..

ڕۆژێکیان مونیرە یەکێک لەو تابلۆیانەی پیشاندام کە بۆ زیادی کێشابوو.. تابلۆکە زۆر دڵڕفێن بوو! ئەوکاتە لێی پرسیم: پێت چۆنە..؟

وەڵاممدایەوە: حەزدەکەم بیدڕێنم!..

بەدڵت نییە..؟

بەڵکو دەگمەنە!.. بەڕادەیەک بەخیلیت پێ دەبەم کە حەزدەکەم بیدڕێنم!..

مونیرە پێکەنی.. ئەویش ئیرەیی بەو (ڕەگەزنامەیە) دەبرد کە من و زیاد هاوبەشین تیایدا.. بە (ڕای) ئەو هاوسەرگیریم لەگەڵ زیاد ئاساندەکات، بەپێچەوانەی ئەوەوە.. پشویەکی کۆتایی هەفتەمان لە خێوەتگەیەکی (ژنانە)دا پێکەوە بەسەربرد.. لە دەشت و ژێر ئاسماندا ئەستێرەکانمان دەژمارد و هەریەکێکمان ئاواتێکی دەخستە دڵییەوە..! لە ئەستێرەکان دەپاڕاینەوە بدرەوشێنەوە، هەتاکو ئاواتەکە بێتەدی..

مونیرە ئاواتەخوازبوو شوو بە زیاد بکات و هیوای خواست منیش شووبکەم بــە تــۆ..

هەیفا ئەوکاتە وتی: مونیرە!.. چی دەڵێی ئەگـەر ئاواتەکە (سەربکات) و جومانە شوو بە زیاد بکات..؟

مونیرە قیژاندی و بە چاکەتەکەی پیایدا کێشام: بەخوا سەریدەبڕم..

ئەو شەوە (ژنانە) یەمان لە ژێر ئاسماندا بەسەربرد و خەومان بە خەونی گەمژانەوە دەبینی و ئاواتەخوازبووین بێنەدی..

خەونەکانمان لە دەسەڵاتی ئەستێرەکاندا نەبوون، بۆیە هیچیان نەهاتەدی..

❊ ❊ ❊ ❊

لە یەکەمین دوو مانگی پاش کەوتنەکەمدا کەم دەمبینیت.. شەش حەوت جار لە زانکۆ تۆم بینی.. هەرجارێک تۆم دیبێ پشتم تێ کردویت و ڕووەو لایەکەی تر ڕامکردوە، وەک ئەوەی تۆمەتباربم و خەریک بێت دەستگیر

بکرێم.. بینینت ئازاریدەدام و مەزاجی تێکدەدام.. بینینت ئازاری لەناخمدا دەبزواند!.. هیچ شتێک ئەو ئازارەی کەم نەکردمەوە عەزیز، جگە لە بوونی زیاد.. هەرجارێک تۆم بینیبێ پەیوەندیم بەوەوە کردوە، هەتاکو بەهۆی بایەخدانییەوە تۆم لەبیربچێتەوە، بەڵام هەر کە تەلەفونەکە دادەخەمەوە، دەموچاوت دێتە بەردەمم، دەنگت لە گوێچکەکانمدا دەزرنگێتەوە، وەک ئەوەی هەرگیز نەتوانم فەرامۆشتبکەم.. کۆمپیوتەرەکەم دادەگیرسێنم، هەتاکو وێنە پارێزراوەکانت ببینم، لەبەردەمی هەر وێنەیەکی تۆدا پێدەکەنم کە زەردەخەنە ڕووناکەکەتی لێوە دەدرەوشێتەوە.. لەبەردەمی هەر وێنەیەکیشدا مۆندەبم کـە تیایدا لوتبەرزانە ناوچەوانت گرژکردوە.. وێنەکانمان پێکەوە زۆرن، لەماوەی ئەو چەند ساڵەماندا زۆر وێنەمان وەک ژن و مێرد گرتووە.. سڵمان لەوە نەکردۆتەوە وێنەیـەک ونبێت و نیگەرانیش نەبووین بەرامبەر بەوەی یەکێکی تریش کنەبکاتــە شــوێنێک!.. (زۆرجــار) هەستماندەکرد پەیوەندییەکەمان سروشتی و دانپیادانراوە و هیچ شتێکی سەیری تێدانییە.. پێویستبوو پێکەوە بمێنینەوە و بەیەکەوە گەورەبین، کاتێکیش پیردەبین لە ڕێگەی وێنەکانەوە گەنجێتیی خۆمان بیربکەوێتەوە!.. بەڵێنی ئەوەم بە تۆ دا، تۆش بەڵێنی ئەوەت بە من دا.. تۆ بەڵێنی زۆر شتت پێ دام.. کەواتە چۆن کۆتایی بەوەی نێوانمان دەهێنی، پێش ئەوەی بەڵێنەکانت بهێنیتەجێ عەزیز؟.. کاتێک بەڵێنەکانت بیردەخەمەوە، هەمیشە بەبێزارییەوە دەڵێی (هەندێک شــت ڕێگربووە!).. وەک ئەوەی کاتــی بەڵێنپێدانەکەت مەرجی ئەوەت دانابێ هێچ ڕێگرێک نەیەتە پێشەوە!.. لە هەموو ساتەوەختێکی ژیانماندا ڕێگر دێتە پێشەوە، بەڵام ئەوە مانای لەبیرکردنی بەڵێنەکانمان ناگەیەنێ..؟.. لە زانکۆ خۆم لە بینینت بەدووردەگرت، حەزم نەدەکرد هەرگیز بتبینم!.. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ڕۆژێک دەچوومە ناو بەرنامەی (ماسنجەر)ەوە، هەتاکو دڵنیابم لە ئامادەبوونت.. کاتێک پەیوەندی بە بەرنامەکەوە دەکەیت، سەیری ناوەکەت دەکەم.. کاتێکیش نەهاتویتە ناو بەرنامەکەوە، چاوەڕوانی هاتنە ناوەوەتم..

یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەو بەرنامەیە (قەدەغەکردن/ ڕێگەگرتن)ـە.. من بینینی خۆمت لە کاتی پەیوەندیکردنمدا لێ قەدەغەکردبووی.. زۆرجار ناوی خۆت دەگۆڕی و دێرە شیعری زۆر دڵڕەشانەت دادەنا.. دەمزانی لە بارودۆخێکی باشدا نیت عەزیز.. جێی پێکەنینە بانگەشەی ئەوە بکەم،

پاش هەموو ئەو شتانە دەتناسم!.. بەڵام دڵم سووسەی ئەوەی کرد کە لە بارودۆخێکی باشدا نیت.. جارێکیان پێتوتم، تۆ دیرە شیعری ئیلیا ئەبو مازی هەڵنابژێری، لەو دۆخانەدا نەبێت کە دڵشکاویت، لە بارودۆخی عیشقیشدا نائاگایانە چەند کۆپلەیەک لە شیعری نزار هەڵدەبژێریت.. ماوەیەکی زۆر بەسەر کۆپلەکانی نزاردا تێپەڕیون عەزیز.. لەو کاتەوە کە جێتهێشتووم..

لەسەر پێخەفەکەم ڕاکشابووم و پۆرتەبڵەکەم لەلای ڕاستمەوە بوو.. چاوەڕوانی ناوت بووم، تەنیا ناوەکەت!.. زۆر بیرمکردیت عەزیز.. کاتی پەیوەندیکردنت بیری بینینی ناوەکەت دەکەم، بیری پێکەوە قسەکردنمان دەکەم، بیری دەمەقاڵێکانمان دەکەم.. بیری نازهەڵگرتنەکانت دەکەم، بیری ئەوە دەکەم بەناوی خۆمانەوە و بەبێ قسەکردن لەسەر ماسنجەر دەمەقاڵێمان ببێت.. بیری ئەوە دەکەم بەناوی خۆتە قسەی خۆشەویستیم بۆ بکەی عەزیزا.. جارێکیان پێتوتم من وەک خۆرم، هەست بە بەهای ناکەین هەتا لەدەستی نەدەین و ئاوانەبێت.. ماوەیەکی درێژە بێ خۆریت عەزیز.. بێ گەرموگوڕی و ڕووناکیت.. ئایا بە جێگرەوەم قاییل بوویت!.. ئایا گەرموگوڕییەکی دەستکرد یان ڕووناکییەکی دەستکردت بەسە..؟!..

هەردوو چاوم بڕیبووە مۆنیتەری کۆمپیوتەرەکە، بینیم لەناکاودا ناوی خۆت گۆڕی و نووسیت: (جەژنت پیرۆز جومانە، پێش قەرەباڵغبوون!)..

هێشتا زیاتر لە سێ هەفتەی ماوە بۆ جەژن، بۆچی پەلەتە جەژنەپیرۆزەم لێ بکەیت!.. بۆچی ئێستا..؟.. وادەرکەوێ دەزانی من لەدیوی ئەودیوەوە بەدرێژایی ڕۆژ چاوەڕوان بووم.. ماسجێکت بە تەلەفونەکەم نارد: (دەزانم قەدەغەت خستۆتە سەرم.. پێموتی جەژنت پیرۆزبێت، پێش قەرەباڵغبوون..!).. تۆ سەیری عەزیزا بیرمدەکەیت..؟!.. یان دەترسی لە جەژندا بوونی منت لەبیربچێت، ئەوساکە پیرۆزباییکردنی منت بەسەردا تێپەڕێت؟.. دەشێت بانگەشەی ناسینت بکەم.. بەڵام بانگەشەی ئەوە ناکەم کە لە مەبەستەکانت تێدەگەم!.. دەیان جار وەڵامەکەم بۆ نووسیت، دەمنووسی و پەشیماندەبوومەوە، جارێکی تر دەمنووسی و سەرلەنوێ پەشیماندەبوومەوە!.. نزیکەی سەعاتێک بیرم لەوە کردەوە لە وەڵامەکەدا چیت بۆ بنووسم.. نامەیەکی ترت بۆ ناردم (ئەوە تەنیا جەژنەپیرۆزە بوو و هیچی ترا)..

تەنیا جەژنەپیرۆزە بوو و هیچی تر دوو مەسەلە دەگەیەنێ.. یان مەبەستت

لە پیرۆزبابییەکــە تەنیا دڵڕاگرتنــە و هیچ مەبەستێکی ترت نییــە، یاخود دواکەوتنی وەڵامەکەم ناخی خۆبەزلزانینتی پێکاوە!..
دوا نامەکەت هەڵوەستەی پێ کردم، بۆیە وەڵامم نەدایەوە.. دەمتوانی چی بڵێم عەزیز..؟!.. وەڵامت بدەمەوە..؟!.. یان سوپاستبکەم بۆ پیرۆزبابییەکی پێشوەخت کە (تەنیا پیرۆزبایی) بوو..؟..
ماوەیەکی زۆر تێپەڕی، هەیفا پێیوتم زۆری نەماوە لە پەیوەندییەکەمان ڕزگارمبێت.. بەڵام هەستم بەوە نەکردوە عەزیز، هەرگیز هەستم بەوە نەکردوە خۆشەویستەکەم!..
باسی نامەکانتم بۆ کەس نەکرد.. هەوڵمدا خۆم لەو شوێنانە بەدووربگرم کە هەمیشە سەردانیان دەکەیت!.. بەڵام بەدرێژایی کاتەکان بیرم لێ دەکردیتەوە، هەر دوو سێ خولەک جارێک نامەکانتم دەخوێندەوە، وەک ئەوەی لەناویاندا بەدوای ڕووخســارەکانت و دەنگتدا بگـەڕێم.. زۆر بیرمدەکردیت، زۆر بیرم دەکردیت و زۆر ڕقم لێت دەبۆوە!..
پاش دوو ڕۆژ، دوای ئەوەی ئۆقرەگرتن لە دەمارەکانمدا وشکبوو، پەیوەندیم پێوە کــردی.. چیتر دەرەقەتی بیرکردنت نەهاتم.. بەدەســتی لەرزۆکەوە دەستم نا بە دوگمەکانی تەلەفونەکەدا و دڵنیابووم لەوەی لەو پەیوەندی پێوە کردنەت پەشیمان دەبمەوە.. بەڵام تامەزرۆبوون تەنگی پێ هەڵچنیم، پیاوی وەک تۆش دەزانێت کە ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم..
لە ماوەی چەند چرکەیەکدا وەڵامتدامەوە.. واشبێ باشە!..
دەوروبــەرت وەک هەمیشــە قەرەباڵغبوو، دەنگــی تێکــەڵ و گۆرانیــی بێزارکەر و سەرخۆشی بەرزدەبۆوە..
ئەم کاتەت باش عەبدولعەزیز، چۆنی..؟
چۆنم!.. تۆ چۆنی؟ چی منی بیرخستیتەوە..؟
بۆچی لەبیرمکردویت هەتاکو بیرمبکەویتەوە..!
بەدەنگی بەرز دەستتکردە گریان.. بۆچی پەیوەندیتکرد..؟!.. بۆچی...!.. دەمەوێ لەبیرم بچیتەوە، کەواتە بۆ پەیوەندی دەکەیت؟؟
خەریکبوو تفی خۆم قوتدەدا، پێموتی: تۆ نامەت بۆ ناردم!.. بەهەرحاڵ ببورە کە پەیوەندیم پێوە کردی..
قیژاندت: تەلەفونەکە دامەخەرەوە..!.. گوێبگرە!.. وەرە.. قسەم لەگەڵ بکە!
بەدەنگی بەرز وەڵاممدایتەوە: هێشتا لەگەڵتدام..

درۆدەکەم.. ئەو نامەیەم بۆ پیرۆزباییکردن نەنارد.. بەڵکو لەبەرئەوەی بیرمەدەکردی، چاوەڕوانی تەلەفونت بووم، کەچی نەتکرد!.. بیرتدەکەم جومان.. خەریکە بەبێ تۆ شێت دەبم..

بەگلەییەوە پێموتی: بەو ئەندازەیە خۆشتدەوێم!..

لەناو فرمێسکەکانتەوە هاوارتکرد: تۆ تووڕەیت!.. ئەوە دەزانم جومان، مافی خۆتە تووڕەبیت.. بڕوام پێ بکە ویستم دووربکەومەوە، هەوڵمدا لەبیرتبکەم، بەڵام نەمتوانی.. تکات لێ دەکەم جومان، با سەرلەنوێ هەوڵبدەین!..

لە هەوڵدانە زۆرەکان بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە ماندوو نەبوویت..؟!.. هەرچەندە هەوڵبــدەین و هەرچەندە تاقیبکەینــەوە هەر دەمانگێڕیتەوە بۆ ئەوەی تیایدابووین عەزیــز.. دەزانی بۆچی..؟!.. چونکـە هەرگیز لە ژیانتدا خۆشت نەویستوم..

بەدەم گریانەوە هاوارتکرد: ئەوە ڕاست نییە.. خۆشمدەوێی، بەتۆ هەناسە دەدەم، ئەو خۆڵەم خۆشدەوێت کە بەسەریدا دەڕۆیت.. تۆ جومانەی منی!.. تۆ ئازاری دڵمی، ئەو خوێنەی کە بە خوێنبەرەکانمدا دەڕۆیت.. هەڵەمکرد، لێم خۆشدەبیت.. لێم خۆشدەبیت، چونکە ئەو عەزیزەم کە خۆشتدەوێت،.. لێم خۆشدەبیت، چونکە لێک جیانابینەوە.. لەبەرئەوەی من لە تۆم و تۆش لە منی.. تکات لێ دەکەم لەوە زیاتر ئەشکەنجەم مەدە.. من ماندووم، نەخۆشم.. لەو کاتەوە کە تووڕەبووم، ڕقم لە هەموو شتێکی ژیانی خۆم دەبێتەوە.. تکایە بمگێڕەوە بۆ ئامێزی خۆت جومان.. تکایە..

ئەو خۆشەویستییەی بانگەشەی بۆ دەکەیت قێزەونە..!.. لەوە تێدەگەیت کاتێک دەڵێم خۆشەویستییەکەت قێزەونە..؟!.. ئەوە چ خۆشەویستییەکە وات لێ دەکات لەگەڵ من و ژنی تریش بژیت؟! ئەوە چ خۆشەویستییەکە نامەم بۆ دەنێریت و دەڵێی خۆشتدەوێم و لە باوەشی ژنێکی تردای!.. بەو خۆشەویستییە سوێندتدەدەم کە بانگەشەی بۆ دەکەیت، چەند جار ئەوەت کردوە؟

شــووم پێ بکە و زیندانم بکە.. لەماڵەکەی خۆت دەرگام لەسەر دابخە..!.. هەرگیز ڕێگەم پێ مەدە بچمە دەرەوە!..

پێتوایە بەو ئەندازەیە بێهیوام، ڕازیبم شوبکەم بەپیاوێک کە دەزانم دەیان ژن پێش من بەژێر جەستەیدا تێپەڕیون!.. پاش ئەو هەموو ساڵە وا دەمناسی عەبدولعەزیز..؟

ڕاستە زۆرکەس پێش تۆ گوزەریانکردوە.. بەڵام سوێنددەخۆم بەو خوایەی

دەتوانێت لە تۆم بێبەشبکات کەسێکی تر لە دوای تۆ تێناپەڕێت.. ئامادەم لەبەردەمی هەموو دنیادا پێیەکانت ماچبکەم بۆ ئەوەی لێم ڕازیبی و قبوڵم بکەیت.. ئەو مەرجانە دابنێ کە بەلاتەوە گونجاون.. ئەو گەرەنتیانە هەڵبژێرە کە دڵنیاییت پێ دەبەخشن.. ئەو کەسانە بکەرە شایەت کە پێت باشن..!.. من بەهەموو ئەوانە ڕازیم..

ئەی ئەو ژنە هیچ و پوچەی کە هێناوتە..؟

ئێستا تەلاقیدەدەم..!.. بە زووترین فرۆکەی (مۆنتریال) دەچم، خۆشت وەرە لەگەڵمدا و دڵنیابە.. ئەگەر بتەوێ من و تۆ و زیاد و هەیفا و محەمەد پێکەوە دەڕۆین!..

نازانم، بیر لە شتێک ناکەمەوە هێشتا کۆتاییت پێ نەهێنابێ.. بەهەرحاڵ شەوەکەت لێ تێک نادەم.. دەشێت پاش کۆتاییهێنانت بە پەیوەندییەکەی نێوانتان جارێکی تر پێکەوە قسەبکەین..

بەترسەوە وتت: نا نا.. ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.. من تەنیا لەبەرئەوە لێرەم، چونکە لە فەرامۆشکردنت برینداربووم!.. ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، کاتێک چوومە ناو پێخەفەکەمەوە پەیامێکت بۆ دەنێرم، هەتاکو دڵنیابیت لەوەی کە لە ماڵەوەم..

زۆرجار پەیامت بۆ ناردم و پێتوتم لەناو پێخەفەکەتدایت و تۆ لە شوێنێکی تر بووی!..

تکایە بڕوام پێ بکە.. ئەگەر ڕێگەم پێ بدەیت پەیوەندیت پێوە دەکەم..!.. یان پەیوەندیی بە باتییەوە بکە، هەتاکو دڵنیابیت لەوەی کە لە ماڵەوەم..

پێویست بەوە ناکات..

کاتێک چوومە ناو پێخەفەکەم پەیامێکت بۆ دەنێرم، لە چەند ڕۆژێکیشدا مەسەلەکەی یاسەمین کۆتایی پێ دەهێنم.. تکایە تۆزێک دەستم پێوە بگرە، تۆزێک دەست بەو خۆشەویستییەوە بگرە کە بە منتەوە دەبەستێت.. ئەگەر نەتوانی دەستم پێوە بگری، ئەوا تەنیا ڕێگەم پێ بدە دەستت پێوە بگرم.. بێبەشم مەکە لەوەی ئەوە بکەم.. تکایە جومانە..

تەلەفونەکەم داخستەوەو لە دڵمدا تاڤگەکانی هیوا هاژەیاندەکرد!..

دەزانی عەزیز!.. بۆم دەرکەوت بەکردەوە بێهیوام.. هەوڵمدا بیرۆکەی بەردەوامبوونت لەسەر خراپەکاری لە مێشکم دەربکەم و بڕوا بەخۆم بهێنم کە دەگۆڕێیت.. دەنگت دەڵێت خۆشتدەوێم، دەڵێت

دەگۆڕێی.. بۆیە چاوەڕێمکردی و چاوەڕوانیم درێژەی کێشا!..
پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، پاش نیوڕۆژ چاوەڕوانیکردن، پەیامەکەت گەیشت.. (جومانە.. خەوم بەوەوە بینی کە دوێنێ پەیوەندیت پێوە کردبووم.. هەمیشە لە خەوەکانمدا جوان بوویت!)..
پێتوایە خەوت بینیوە و ئەو شەوە بەکردەوە قسەم لەگەڵ نەکردویت!.. پاداشتی چاوەڕوانیی منت دایەوە، ئەوەش بە خۆگێلکردن و بانگەشەکردنت بۆ ئەوەی تەلەفونەکەم تەنیا خەو بووە.. هەمیشە لە (خەوەکانت)دا جوان بووم!..

* * * *

هەمیشە دەتوت، منداڵەکان جگە لە کۆمەڵێک سیخوڕی بچکۆلە هیچی تر نین.. تۆ ئەوانت خۆشدەوێ، بەڵام زۆر وریای بەرامبەریان.. بەردەوام داوام لێ دەکەیت وریای منداڵەکان بم و لەبەردەمیاندا باسی شتی تایبەتی یان گرنگ نەکەم..
کە لە (ڕیان) بووین.. کاتێک یاریم لەگەڵ (نوف)ی سێ ساڵانەی کوڕی خاڵم دەکرد، پەیوەندیت پێوە کردم.. داوام لێ کردیت قسەی لەگەڵ بکەیت، سەرەتا ڕەتتکردەوە، وتت ئاشکرامانەدەکات!.. بەڵام سووربووم لەسەر ئەوەی دەبێت قسەی لەگەڵ بکەیت.. چونکە لەوە بچووکتربوو لەوەی نێوانمان تێبگات.. بەناچاری ڕازیبوویت.. لە کاتی قسەکردنت لەگەڵیدا وتت تۆ مێردی پوورە جوجویت! پێش تەواوبوونی ئاخاوتنە تەلەفونییەکە پێتوت کە ماچم بکات.. وتت: پوورە جوجو ماچبکە.. پێی بڵێ مامە عەبدولعەزیز منداڵێکی جوانکیلەی لە تۆ دەوێت..
لێم پرسیت: مەبەستت چییە؟
وتت: مەبەستم ئەوەیە منداڵێکی جوانی وەک خۆتم بۆ بهێنیتە دنیاوە..
پێش داخستنەوەی تەلەفونەکە ماچتکردم و پاش گەیاندنی پەیامەکەت ئەوەمان لەیادکرد کە ڕووی دا.. یان پێموابوو لەیادمانکردوە!..
پاش هەفتەیەک لە شوێنێک دانیشتبووم کە پڕبوو لە ژنانی خێزانەکەمان، نوف پەنجەی بۆ ڕاکێشام: پوورە جوجە بەیبی لە سکیدایە!
ئەوانەی دانیشتبوون بە خەیاڵی فراوانی ئەو منداڵە پێکەنین.. بەڵام ئەو هەوڵی دا ڕاستگۆیی خۆی بسەلمێنێ: درۆناکەم! مامە عەبدولعەزیز پێیوتم!
دایکی لێی پرسی: مامە عەبدولعەزیز کێیە..؟

بە ساویلکەیی شانەکانی هەڵتەکاند: مامە عەبدولعەزیز مێردی پورە جوجو!..
هەوڵمدا پێبکەنم.. لەناخی خۆشمدا ئەو ڕۆژەم نەفرەتیکرد، کە تیایدا داوام لێ کردی قسەی لەگەڵا بکەیت..
بۆ ئێوارەکەی پێموتی: عەزیز..!.. نۆف خەریک بوو ئاشکرامان بکات..
بەهەڵچوونەوە پێتوتم: بەیبی.. نەموت ئاشکراماندەکات..!..
منداڵە سعودییەکان شارەزای شتێکی وەک ئاشکراکردنی نهێنییەکان نین.. دەیان حیکایەت لەبەردەمیاندا دەگێڕدرێتەوە، تەنیا ئەوەیان بیردەکەوێتەوە کە خراپن بۆ تۆ.. وەک ئەوەی بزانن ئەو حیکایەتەیان نهێنییەکی تێدایە.. یان ئەوەی تێدایە کە مەترسی دروستدەکات!..
بەڕاستی ئەوان بەو جۆرەن!.. لەوانەیە نەزانی عەزیز، (بەڕای من) خراپترین شت لە شارەکەماندا ئەوەیە بەناوی ژنەوە قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەم بکەم، (ئەو)یش ناچاربێت بەناوی پیاوەوە قسەم لەگەڵ بکات..
ناچارین!.. بەداخەوەم کاتێک ئێمە لەناو خەڵکدا دەبین، ناچارین بەو شێوەیە قسەبکەین.. بەداخەوەم ناچارین شوناسی ڕەگەزیی ئەویتر بشارینەوە، هەتاکو خۆشەویستی زەوت نەکرێت، بۆ ئەوەی ناچارنەبین کۆتایی بە پەیوەندییەکە بهێنین.. یان ڕێزگرتنی ئەوانیتر لەدەستبدەین..
کاتێک لەگەڵ دەستەخوشکەکانمدا لە خواردنگەیەک بووین، پەیوەندیت پێوە کردم..
لێم پرسیت: ئێستا لە کوێی..؟
وتت بەڕێگەوەیت بۆ (قصیم)..
بێئاگایانە لێم پرسیت: کچێ تۆ ئوتومبیلەکە لێدەخوڕیت..؟
لەیادمە چۆن دەستەخوشکەکانم دیانە قاقای پێکەنین.. پرسیارەکەم زۆر ساویلکانە بوو، چونکە گەمژەیی بوو لە وڵاتێکدا، کە ڕێگە بە شۆفێریی ژنان نادرێت، لە کچێک بپرسیت داخۆ ئوتومبیلەکەی لێدەخوڕێت!.. پاش داخستنەوەی تەلەفونەکە بەهەموو شێوازێک هەوڵمدا پاساو بۆ مەسەلەکە بهێنمەوە.. بیانوی ئەوەم هێنایەوە کە لە کەنەدا بەوە ڕاهاتووم ژنان ئوتومبیل لێدەخوڕن و خۆیشم لەوێ ئوتومبیل لێدەخوڕم.. بەڵام پاساوەکانم بەلای کچەکانەوە مایەی پێکەنین بوو، چونکە خۆیان بەهەمان هەلومەرجدا تێدەپەڕین و بەدەست هەمان تراژیدیاوە دەناڵێنن!..
لە یادمە پاش چەند ڕۆژێک تۆش هەمان هەڵەتکرد.. لە کێڵگەکە لەگەڵ

هاوڕێکانت بوویت.. پەیوەندیم پێوە کردی بۆ ئەوەی هەواڵت بپرسم.. بەکورتی و وەک پیاو قسەت لەگەڵ دەکردم!.. تێگەیشتم لەگەڵ هاوڕێکانتی.. بۆیە پێم باشتربوو دواتر پەیوەندیت پێوە بکەمەوە و سەغڵەتیت بۆ دروست نەکەم.. پێش ئەوەی تەلەفونەکە دابخەمەوە وتم خۆشمدەوێی..

وەڵامتدامەوە: منیش خۆشمدەوێی..

لەبیرمە چۆن دەنگی هاوڕێکانت بەرزبۆوە و گاڵتەیان پێ کردی، تەنانەت خۆت خەریکبوو لە پێکەنیندا بتەقی.. ئەوکاتە هەڵوێستەکە بێمانابوو.. کەچی ئێستا بەلامەوە زۆر ئازاربەخشن!

ئەو شارەم خۆشدەوێت عەزیز.. بەڵام حەزم لەوە نییە تیایدا هەستەکانمان زەوتبکرێ.. جارێکیان پێتوتم خۆشەویستی لە وڵاتەکەماندا ملکەچی سەرکوتکردنی کۆمەڵگە و دیکتاتۆرییەتی دابونەریتە.. وتت خۆشەویستی لە شارەکەماندا شۆڕشێکی بێئاکام و کودەتایەکی شکستخواردوە.. هەرگیز سەرکەوتنیان بۆ نانوسرێ!..

لەگەڵ گشت حیکایەتە شکستخواردوەکانی خۆشەویستی کە بەرچاومکەوتوون.. باش دەزانم (ڕیان) دڵی عیشقی لێدەدات و هەزاران لە شارەکەماندا بەخۆشەویستییەک دەژین و بە خۆشەویستییەکی تر دەمرن.. ئێمە ئۆباڵی تاوانێکی دڵڕەق دەخەینە ئەستۆی شارەکەمان، کە بەبێ ئەوەی بیەوێ تیایدا سەرهەڵدەدات..

لەبیرتە.. لە (ڕیان) بووین.. لە یەکێک لە شەوە باراناوییە کەمەکاندا کە لەوێ بەسەرمانبرد.. من لە ژوورەکەی خۆم بووم لەسەر مێزەکەم دانیشتبووم و شانم لەسەر پەنجەرەکە دادابوو و هێدفۆنی مۆبایلەکەم لەگوێدابوو.. تۆش لەوسەری شار شانت لەسەر پەنجەرەکە دادابوو و وەک من مەستبوویت..

ئەو شەوە، کاتێک لە ساتەکانی یەکەمی بەرەبەیاندا، پێش دەرکەوتنی ڕووناکی، سەیری بارانبارینمان دەکرد، لێت پرسیم: جومان!.. چەند عاشقی (ڕیان) وەک ئێمە لەبەردەمی پەنجەرەدا گیرۆدەی شەونخونین..؟!..

وەڵاممدایتەوە: هیچ کەس خۆشەویستەکەم، هیچ کەس..

بەگەرمییەوە وتت: بڕوانە جومان!.. هەموویان خەوتوون!.. لێرە جگە لە ئێمە کەس بێدارنییە.. من و تۆ لە هەموو ئەو (ڕیازە)دا..!.. هەمیشە لەیادت بێت، ئێمە شەوێک لەبەردەمی پەنجەرەکاندا شەونخونی دەکێشین، کە

گەشتیارێکی بێوێنە شایەتیی لەسەر خۆشەویستییەکەمان دەدات، لەکاتێکدا کە خەڵکی (ڕیان) بێباکانە لە خەودا نقومبوون..

ئەو شەوە.. لە بەرزاییەوە دەمڕوانییە خانوەکان، دەمبینی چرای خانوەکان خامۆشکراون و ڕۆحی منیش بەگەشاوەیی بە ئاسمانی شاردا دەفڕی..

ئەو شەوە هەستمکرد، ئێمە تاقە دوو عاشقین لەو (ڕیازە)دا.. شارێکی وشکی وەک شارەکەمان هەرگیز حیکایەتێکی خۆشەویستیی وەک ئەوەی ئێمەی بەخۆوە نەدیوە..

لەبیرم چوو عەزیز.. لەبیرم چوو کە ژوورەکەی منیش وەک ئەوەی تۆ ڕووناک نەبوو و ڕووناکییەکەی خامۆشکرابوو، وەک هەزاران ژووری تری ئەوکاتەی ئەو شارە..!.. نازانم بۆچی عەزیز.. بۆچی سروشتییە خۆشەویست هەستبکات جگە لەو و خۆشەویستییەکەی کەسێکی تر لە دنیادا نییە.. بەڵام ئێمە زۆرجار ئەو هەستەمان هەبوە و بۆ ماوەی درێژ پێمانوابووە هیچ دوو عاشقێک وەک ئێمە نین.. هیچ دوو عاشقێک بەئەندازەی ئێمە حەز لە یەکتری ناکەن.. بەڵام ئیمڕۆ دەزانم عیشق بەبێ ئێمەو بە ئێمەشەوە کەشوهەوای ڕیازی بۆنخۆشکردوە!

جارێکیان داوام لێ کردی لە خواردنگەیەکدا، بەرزترین خواردنگەی هەوربڕی (ڕیان) نانی ئێوارە بخۆیت.. تکام لێ کردیت ئەوە بکەیت.. حەزمدەکرد شارەکەمان لە بەرزاییەوە ببینی!.. هەستی پێ بکەیت، هەست بە شەقامەکان و ڕووناکییەکان و هەموو شتەکانی ناوی بکەیت.. دڵنیابووم لەوەی بینینی شارەکەمان بەوشێوەیە کاریگەریی لەسەرت دەبێت..

ئەو کاتە پەیوەندیت پێوە کردم و وتت: جومان، من ئێستا لە خواردنگەکەم.. خۆش و ئارامە.. ئیلهامبەخشە بۆ نووسین..

لێم پرسیت: دەبینی شارەکەمان چەند نەرمونیانە؟

بە گاڵتەپێکردنەوە وتت: بەخـوا جگە لـە تەپوتۆز هیچی تـر نابینم!.. هەناسەسواربووم!..

بەتوڕەییەوە هاوارم بەسەردا کردی: کوڕە!..

بەدەم پێکەنینەوە وتت: بەخوا ڕاستگۆم!.. پێتوایە درۆت لەگەڵ بکەم و بڵێم شت دەبینم و جگە لە تەپوتۆز هیچی تر نابینم..؟

بەتوڕەییەوە پێموتی: باشە، خواحافیز.. من تەلەفونەکە دادەخەمەوە!..

بەدەم پێکەنینەوە وتت: بەڕاستی تۆ سەیری!.. ئەگەر درۆت لەگەڵ بکەم

زویردەبیت، ئەگەر ڕاستگۆش بم هەر زوویر دەبیت.. بەخوا لێت تێناگەم..
دەزانم پیاوێکی وەک تۆ ناتوانێت ژیانی خۆی لە شارێکی وەک شارەکەماندا بەسەربەرێت، دەزانم لێرە ناژیت.. تەنانەت ناتوانی لە نزیکیشی ژیان بەریتە سەر.. ڕیاز دەتخنکێنێ عەزیز، (ڕیاز) و ئەوانەی تیایدا دەژین دەتخنکێنن..
لە شەوێکی (ڕیاز)دا قەسیدەیەکی نزار قەبانیت بۆ ناردم، کە دەڵێت:

بۆچی لە شارەکەماندا
بە قاچاغ و ساختە خۆشەویستی دەکەین؟
ژوانەکانمان لە درزەکانی دەرگاوە دەدزین،
سواڵی نامەکان و گەڕانەکانمان دەکەین
بۆچی لە شارەکەماندا..
هەستوسۆز و چۆلەکەکان ڕاودەکرێن..
بۆچی ئێمە تەنەکەین؟
چی لە مرۆڤ دەمێنێتەوە..
کاتێک دەبێتە تەنەکە؟
بۆچی ئێمە لە ڕووی هەست و
بیرکردنەوەوە دووفاقین؟
بۆچی ئێمە زەمینی و
ژێرزەمینین و لە خۆر و ڕووناکی دەترسین؟
بۆچی خەڵکی شارەکەمان
ناکۆکییەکان پارچەپارچەیان دەکات؟!..
لە سەعاتەکانی هوشیاریاندا
جنێو بە نینۆکەکان و تەنورەکان دەدەن
کاتێکیش شەو دایاندەپۆشێت
وێنەکان دەشارنەوە!
هەمیشە لەخۆم دەپرسم..
بۆچی خۆشەویستی لە دنیادا
بۆ هەموو خەڵک.. گشت خەڵک
نابێتە ڕووناکیی بەرەبەیان..؟
بۆچی خۆشەویستی وەک نان و مەی نابێت؟

وەکو ئاو لە ڕووباردا
وەکو هەور، باران، گیا و گوڵەکان!..
ئەی خۆشەویستی بۆ مرۆڤ نییە
تەمەن نییە لەناو تەمەندا؟!..

وەڵامی نامەکەتم نەدایەوە.. سەرم خستە سەر سەرینەکەم و بیرم لەو زەوییە کردەوە کە (دەشێت) پێکەوە کۆمانبکاتەوە.. هەمیشە ئەوە مەراقی من بووە عەزیز.. زۆرجار لەوە ترساوم باقیی ژیانی خۆمان دوور لە ڕیاز بەسەربەرین، لەکاتێکدا خەونی من ئەوەبووە تیایدا بژین.. ئێستاش مەراقمە پێکەوە بژین، لە هەرشوێنێک کە پێکەوە کۆمانبکاتەوە!...

ئاخر من حەزم لێیەتی عەزیز.. حەزم لەو شارەیە کە هیچ شارێکی تری ئەم گەردوونە فراوانە لــە دڵڕەقیدا شــان لە شــانی نادات.. شارێک کە لەناخمدا داوێنپاکی و خۆشەویستی و دڵفراوانیی تیادا خولّقاندم، کەچی جگە لە دڵڕەقی هیچی لەناخیی تۆدا نەخولّقاندوە.. شارێک منی کردە ژنێکی فشۆڵا کە هەرشتێک دەتوانێت بیشکێنێ، تۆشی کردە پیاوێکی بەهێز کە دەتوانێت هەمووشتێک وردوخاشبکات!.. داوێنپاکیی لە مندا خولّقاند، هەتاکو داوێنپیسیی تۆ پیسی بکات.. لەناو تۆدا ڕقی خولّقاندوە، هەتاکو خۆشەویستیی من لەبەردەمیدا هەرەسبهێنێ..

زۆر لۆمەتدەکەم بۆ ڕقبوونەوەت لە شارێک کە لە منداڵیدا شەیدابوونی کۆیدەکردینەوە، تۆش زۆر گلەییم لێ دەکەی لەسەر بەرگریلێکردنی.. تۆیەک کە لێی هەڵهاتی و هەموو ئەوشتانەت جێهێشت کە بەوەوەت گرێدەدەن.. منێک کە ماوە نا ماوە سەری لێ دەدەمەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی هێشتا چاوەڕوانمــە!..

ئایا ئەو شارە دوورە تۆڵەم بۆ دەکاتەوە..؟!.. هەقم لەو پیاوە بۆ دەستێنێ کە بانگەشەی ئەوە دەکات سەر بەوە، کەچی لەناخی خۆیدا هیچ یەکێک لە خەمە گەورەکانی هەڵناگرێ؟!

جارێکیان لێم پرسیت: ئایا شتێک بۆ ڕیاز لە ناختدا هەڵناگریت..؟

لەکاتێکدا خواردنت دەدایە ماسییەکان، وەڵامتدامەوە: هەموو ئەو شتانەی دەربارەی ئــەو شــارە هەڵمگرتبوون، لــە فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکەی لەبیرم چوون..

ئەو ڕۆژە سەیری حەوزێکی ماسیمان دەکرد.. من پارچەنانم بۆ فڕێدەدان و دەیانخوارد، کەچی تۆ قتویـەک بنێشتت بەدەستەوەبوو، هەندێکت دەجوو و هەڵتدەدایە نـاو حەوزەکە، بەوهیوایەی ماسییەک بیخوات و دەمی بە بنێشتەکە پێکەوە بنووسێت و بمرێت!..

لەکاتێکدا دەم کێشا بەو دەستەدا کە بنێشتەکەت پێ فڕێدەدا، بەتوڕەییەوە لێم پرسیت: کوڕە!.. بۆچی وا دەکەیت..؟

بێباکانە شانی خۆت هەڵتەکاند و وتت: حەزدەکەم شێوەی ماسی ببینم، کاتێک سەرئاودەکەوێ!..

ئەو ڕۆژە زۆر لێت توڕەبووم عەزیز.. لەبەر ئەوان لێت تۆڕەبووم.. لەبەر ماسییەکی لاواز و شارێکی دێرین کە هیچ بەلاتەوە گرنگ نین و هیچ شتێک پێیانەوەت نابەستێ..

* * * *

زیاد، بەبیانووی خراپبوونی کۆمپیوتەرەکەیەوە، داوای یارمەتیی لێ کردم.. سەخت بوو خۆم لە یارمەتیدانی بدزمەوە.. منێک ئەوەندەی لە جیهانی کۆمپیوتەر تێدەگەم، لە دنیای ژن تێناگەم.. سەخت بوو داواکارییەکەی ڕەتبکەمەوە، بەتایبەتی کە من شارەزابووم لە بەرنامەڕێژکردنی کۆمپیوتەردا..

لە قاوەخانەیەکی دوورەدەسـت بینیم، چونکـە حـەزم نەکـرد خاکی خۆشەویستییەکەمان بە بینینی هەر پیاوێکی تر پیسبکەم، تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگەی منەوە پیاوچاکیش بێت.. وەک زیاد! هەوڵمدەدا هەندێک لە فایلەکانی سیستەمەکە بگێڕمەوە کە سڕیبوونەوە، ئەویش بێدەنگ و هێمانانە پەنجەی دۆشاومژەی بەسەر لێوی کوپی قاوەکەدا دەهێنا.. ئای بێدەنگیی تۆو زیاد چەند جیاوازە!.. بێدەنگیی تۆ دەم بەهاوار و توندوتیژ و ترسناکە، کەچی بێدەنگیی زیاد نەرمونیان و دڵنیاییبەخشە.. بێدەنگیی زیاد ڕووبەرێکی فراوانی ئازادیت پێ دەبەخشێت، هەستی ئەوەت دەداتێ کە بەتەنیا دانیشتووی، ئەگەر نەتەوێ هەرگیز هەست بەبوونی ناکەیت..

بۆنی عەترێکی ژنانەی وروژێنەرمان هەڵمژی..!.. ئاوڕم لەو کچەدایەوە کە تێپەڕی.. بۆنەکەی خەڵکی دەوروژاند.. مەعمیلەکانی قاوەخانەکە بە سەرسامییەوە سەیریان دەکرد.. سەیری زیادم کرد، بینیم بەقوڵی لە کوپی قاوەکە ڕاماوە، وەک ئەوەی شتێکی تیادا بخوێنێتەوە..

وتم: زیاد..!.. ئەوەت بینی کە من بینیم..؟
لێی پرسیم: چیت بینی..؟
بەسەرم هێمام بۆ ئەو شوێنە کرد کە لێی دانیشتبوو: ئەو کچە!
سەیرێکی کورتی خێرای کرد و ڕووی تێ کردم و وتی:
What about her?
هیچ و پووچە!..
بەسەرسامییەوە لێی پرسیم: بۆچی..؟
بە بێزارییەوە وەڵامدایەوە: چونکە جوانە!..
زیاد بەتوندی پێکەنی.. دەنگی پێکەنینەکەی سەیربوو.. دەنگی پێکەنینێکی شەرمنانە بوو، بەدەنگێکی بەرزی وەها کەوتەڕوو، کە لەوە پێش ڕووی نەداوە و منیش چاوەڕوانی ئەوەم نەکردبوو!..
هەوڵمدا ئاڕاستەی ئاخاوتنەکە بگۆڕم، بۆیە بەدەم پێکەنینەوە وتم: دەزانی!.. ئەگەر هەیفامان لەگەڵدابوایە، دەیپرسی ئەو کچە چ جۆرە خواردنێک دەخوات بەو ئەندازەیە جوانە..
زەردەخەنە گرتی: تۆ پێم بڵێ.. تۆ چی دەخۆیت..؟
لەکاتێکدا پەنجەم بە دوگمەکانی کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەیدا دەنا وتم: من و هەیفا تەڕ و وشک دەخۆین..
زیاد بەدەم زەردەخەنەوە بێدەنگبۆوە.. ئای کە بێدەنگییەکەی نەرمونیانە.. زیاد دەرگای زۆربێژی بۆ ئەو کەسە دەخاتە سەر گازی پشت کە لەگەڵیدا دادەنیشێت.. هیچ کەسێک وەکو ئەو لە بێدەنگی و گوێگرتندا باش نییە!..
ڕوانیمە زیاد.. ڕوونبوو لە قاوەکەیدا بەدوای دەستپێکێک، تاڵە دەزوویەک، بیرۆکەیەکدا دەگەڕا.. ئاشی بیرۆکەکان لە سەریدا دەسووڕا!..
وتم: زیاد..!.. دەتەوێ شتێکم پێ بڵێی..؟
بە سووکە زەردەخەنەیەکەوە وتی: How do you know؟
دەزانم، من بلیمەتم!.. پێم بڵێ چی سەرقاڵیکردوی..
یەکێک لە سیدییەکانی بەدەستییەوە گـرت و تیایـدا سەیری خۆی کرد، بەدەنگێکی نزم و بەبێ سەیرکردنم وتی: They divorced!..
دڵم بەخێرایی کەوتە لێدان، وتم: Who؟
عەبدولعەزیزو ژنەکەی!..
هەوڵمدا خۆم کۆبکەمەوە، ئینجا وتم: من هەقم بەسەر ئەوەوە چییە؟

زیاد رێک دانیشتەوە و وتی: من نیگەرانم!.. دەزانم هەوڵدەدات بتگێڕێتەوە..
زیاد خـۆت دەزانی من یەکێک لــە موڵکە ونبوەکانی قیرلانی نیم، هەتاکو بمگێڕێتەوە!..
تۆزێک بێدەنگبوو، ئینجا وتی: ئێمڕۆ دەمەقاڵێمان بوو!..
لێدانی دڵم زیاتربوو: بە عەبدولعەزیزت وت کە پێکەوە قسەدەکەین..؟
بە نائومێدییەوە وتی: دەترسیت بزانێت یەکترمان بینیوە..
نامەوێت پەیوەندیی نێوانتان تێک بدەم زیاد!..
مەترسە.. متمانەم پێ بکە!..
بۆ خاوکردنەوەی گرژیی کەشی دانیشتنەکە پێموت: دەزانی زیاد!.. هەیفا هەمیشە وتویەتی، ئەگەر ویستت هاوڕێیەتیی نێوان دوو گەنج تێکبدەیت، «کچێک» بخەرە نێوانیانەوە!..
بە زەردەخەنەوە وتی: دەزانی!.. هەیفا لەوە داناترە کە لە ڕواڵەتدا دەیبینی!..
کاتێک کچە سەرنجڕاکێشەکە دەڕۆیشتە دەرەوە، بەلاماندا تێپەڕی..
ئەمجارە زیاد ئاوڕی لێ دایەوە.. بەشەرمەوە سەیریکردم و بەشڵەژاوییەوە وتی Honestly!.. she is not bad.. she is cute!..
زۆر بەوە پێکەنیم کە زیاد بە کچێکی زۆر جوان دەڵێت Cuteو بە پیاوێکیش کە بە هەموو ژنێک دەڵێت Hot!..
بەو جیاوازییە گەورەیەی نێوانتان پێکەنیم..!..

* * * *

وەک نەریتێک هەموو شەوی شەممەیەک دێم بۆ ماڵی ئێوە، بۆ بینینی فیلمێک یان بەرنامەیەک..
هەر شەوێک سەیری بەرنامەیەک یان زنجیرە درامایەک دەکەین.. لەسەر قەنەفەکەی پشتمەوە پاڵدەدەیتەوە.. منیش لەسەر زەوییەکەی بەردەمت دادەنیشم و پاڵ بە قەنەفەکەوە دەدەم.. گۆشە سورەکەشت دەخەمە پشت سەرم..
هەمیشە لە سەرەوە سەیرتدەکرد.. بەردەوام منیش لە ژێرەوە دەمڕوانی..
هەمیشە یاری بە تاڵەکانی قژم دەکەیت، منیش یاری بە ڕەفتەکەی قژم دەکەم، پێش ئەوەی دەستت بیگاتێو لێی بکەیتەوە و قژم تێکەڵ و پێکەڵ بکەیت!..
ئەمە سروتی هەمیشەییمان بوو.. بەردەوام دەستتگرتوە بەسەر کۆنترۆڵی

تەلەفزیۆنەکەدا، چونکە خۆت وتەنی (سەری گەورەی)!.. ئەو جیاوازییەی تەمەنیش چەندین خەسلەت و دەسەلاتت پێ دەبەخشێت!.. هەرکاتێک دەچیت بۆ تەوالێت یان هێنانی شتێک کە بیخۆین، کۆنترۆڵەکە لەگەڵ خۆت دەبەیت.. دەترسیت دەست بەسەر کۆنترۆڵەکەدا بگرم و نەیگێڕمەوە بۆت.. لەبەرئەوە بۆ هەرجێیەک بڕۆیت لەگەڵ خۆت دەیبەیت..

کاتێک دیمەنێکی ئیرۆتیکی خێرا دەردەکەوێت، دەست دەخەیتە سەر چاوەکانم.. ئەگەر دیمەنەکەش درێژبێت، بە کۆنترۆڵەکە دەیگۆڕیت.. وەک ئەوەی منداڵبم و بترسیت دیمەنێکی ئیرۆتیکی خوم شڕبکات!..

ئەو شەوە سەیری زنجیرە درامای Ghost whisper.. مان کرد. چیرۆکی زنجیرە دراماکە باسی کچێکی گەنج دەکات، توانای بینینی ئەو ڕۆحانەی هەیە کە بەهەڵواسراوی لەنێوان ژیانی دنیاو ئەودنیادا دەمێننەوە!. کاری کچەکە ئەوەبوو یارمەتیی ئەوانە بدات بپەڕنەوە، ئەوەش لە ڕێگەی ڕزگارکردنیانەوە لە هۆکـاری هەڵواسراوییەکەیان.. هەمیشــە هۆکارەکــان پەیوەندییان بە کەسانی ترەوە هەبوو.. ژنەهاوسەرێکی تووڕە.. خۆشەویستێکی خەمبار.. باوکێکی بێچارە.. یان پیاوکوژێک کە دەبوایە تۆڵەی لێ بکرێتەوە!..

چیرۆکی یەکێک لە ئەڵقەکان باسی خۆشەویستێکی دەکرد، کە زیاتر لە دوو ساڵ بەهەڵواسراوی مابۆوە.. هەڵواسراوبوو بەهۆی کچە خۆشەویستە خەمبارەکەیەوە.. ئەو لە ئەنجامی ناکۆکییەکی لەگەڵ کچە خۆشەویستەکەیدا خۆی دەکوژێت.. کچە خۆشەویستەکەی بەئەندازەیەکی ترسناک زامدار و نائومێدە!..

ڕووداوەکان لەڕادەبەدەر کاریگەربوون..

پاش تەواوبوونی ئەڵقەکە، ڕێک دانیشتی و وتت: جومان..!.. پێتوایە ئەوە ڕووبــدات..؟

چ شتێک ڕووبدات..؟

ئەوە.. هەموو ئەوانە..!.. ڕۆحە هەڵواسراوەکان لە چواردەورمان بژین.. هەوڵبدەن پەیامان بۆ بنێرن، بەڵام نەتوانن هیچ بنێرن، چونکە نێوانکارێک لەنێوانماندا نییە!..

نازانم.. ئەوە جیهانێکی نادیارە عەزیز.. لێکدانەوەیەکی ڕوون دەربارەی نییە.. زاناکان لەبارەی ڕۆحەوە زۆر ناکۆکبوون..

هیچ ڕۆژێک بیرت لە ماهییەتی ڕۆحەکانمان نەکردۆتەوە..؟

(ڕۆح)ی ئیبن قەیمی جوزییەم خوێندۆتەوە.. بەڵام نەمتوانیوە خەیاڵ دەربارەی ڕۆح بکەمەوە یان لە مێشکی خۆمدا وێنایبکەم.. هەستدەکەم لە خواوەندەوە هاتووە و جگە لەوە شتێکی تر نییە!..

لێت پرسیم: جومان.. ئەگەر مردم..!.. وابزانە من مردوم.. پێتوایە لە چواردەورت بمێنمەوە..؟

بەبێزارییەوە ڕووی خۆم وەرگێڕا: خۆت دەزانی حەزم لە باسکردنی مردن نییە..

پاش تۆزێک بێدەنگی وتت: ئای جومانە..!.. چەند سەختە مرۆڤێک چاودێریی ئەو ژنە بکات کە خۆشیدەوێت، بەبێ ئەوەی ئەو هەست بەبوونی بکات.. بەبێ ئەوەی بینراو، دەست لێ دراو و هەستپێکراو بێت.. وێنای ئەوەم پێ ناکرێت، چۆن لەسەر پێخەفەکەت دەخوێنیتەوەو منیش لە تەنیشتتەوە نووستووم، بەبێ ئەوەی بمبینی یان هەستم پێ بکەیت!.. بەخەیاڵمدا نایەت، چۆن دەکرێت چاودێریت بکەم، کاتێک مۆبایلەکەت هەڵدەگریت بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ پیاوێکی تر بکەیت و من گوێم لێ بێت.. ئای جومانە.. دەزانی ئەوە چەند دڵم برینداردەکات..!

وا ڕاهاتووم بیر لە شتێکی خراپ نەکەمەوە کە دەشێت ڕووبدات..

درێژەت بە قسەکانی خۆت دا، وەک ئەوەی گوێت لە من نەبووبێ: دەزانی چ شتێک ئازاربەخشترینە جومانە؟!.. بتبینم خەفەتم بۆ دەخۆیت، بتبینم هەموو شەوێک بەتەنیا لە پێخەفەکەتدا شیوەن دەکەیت، کاتێک نامەکانی من دەخوێنیتەوەو سەیری وێنە کۆنەکانم دەکەیت.. چاودێریت بکەم، کاتێک ڕیکۆردەرەکە دادەگیرسێنی و گوێ لەو کاسێتانە دەگریت کە گۆرانیم بەدەنگی خۆم لەسەر تۆمارکردوون!.. توانای وێناکردنی ئەو ئازارەم نییە کە بەهۆی ئەو کارانەتەوە دەینۆشم!

دەستەکانت خستە ئەملاوئەولای سەرت و لەناکاو دەستتکرد بەگریان!.. لەسەر زەوییەکە و دوور لە قەنەفەکە دانیشتبووم.. لەبیرمە لەسەر ئەژنۆم گاگۆڵکێم کرد، هەتاکو گەیشتمە لات.. بەخرۆشانەوە دەستم بە قژتدا هێنا و وتم: خۆشەویستەکەم! بۆچی ئێستا بیر لە مردن دەکەیتەوە..؟!.. سەیری خۆمان بکە، ئەوەتا پێکەوەین..

لەناو فرمێسکەکانتەوە وتت: دەزانم لە ژیانمدا ئەشکەنجەمداوی.. بۆیە بەرگەی ئەوە ناگرم دووری و مردنیشم ئەشکەنجەتبدەن جومانە..

لەو کاتەی هەردووچاوم فرمێسکیان تێهات، وتم: کەواتە بایەخم

پێ بدە..!.. هەتاکو لە هەردوو بارەکەدا ئەشکەنجەم نەدەیت..

دەزانی خۆشەویستییەکەت (دڵ ئازاردەدات)..؟.. تۆ ئازاری دڵمی!..

بەگاڵتەکردنەوە پێموتی: تەواو خۆشەویستەکەم.. لەمەبەدوا تەنیا سەیری فیلم کارتۆن دەکەین..

بەتوندی پێکەنیت، هێشتا فرمێسک لەسەر ڕوومەتەکانت بوو، بەدەستی خۆم سڕیم.. بەزەردەخەنەوە وتت: دەزانی کاتێک لەبەردەمتدا دەگریم، چەند هەست بەئارامی دەکەم!..

ئەوە تاقە گریی خۆرهەڵاتییە کە خوا ڕزگاریکردوی لێی!

مژدەت بدەمێ.. ئەوە یەکێکە لە گرێکانم!.. هێشتا گریانی ئاشکرای پیاو بە لاوازییەکی قبوڵ نەکراو دەزانم.. ئەی چۆن دەبێت کاتێک لەبەردەمی ژنێکدا بگریم؟

ئەگەر گریانت لاوازییە، کەواتە بۆ لەبەردەممدا دەگریت؟!..

چونکە خۆشەویستمی، هەر ژنێکی تر نیت.. دەزانی جومان.. دەشێت پیاو شەرم لەوە بکات لەبەردەمی ژنەکەیدا خۆی ڕووتبکاتەوە، بەڵام لەبەردەمی خۆشەویستەکەیدا شەرم ناکات ئەوە بکات.. گریانیش بۆخۆی ڕووتبوونەوەیە، هەستدەکەم ئێستا لەبەردەمی تۆدا ڕووتم و ئەو ڕووتییەش هەرگیز مایەی شەرمکردن نییە..

بەزەردەخەنەوە پێموتی: حەزم لەو ڕووتییە بەحەیایەیە!..

حەزیشدەکەم حەزت لە ڕووتیم بێت.. پیاو پێی خۆشە ئەو ژنەی خۆشیدەوێ ڕووتیی تەواوەتیی ئەوی پێ خۆشبێ.. لە هەمووشتێک خۆی ڕووتبکاتەوە.. نەک تەنیا لە پارچە جلوبەرگەکانی..

دەستم بە قژتدا دەهێنا، بۆ ئەوەی ئارامتبکەمەوە.. گوێم لێ گرتبووی.. کتوپڕ چاوەکانت بریسکانەوەو لاسارانە وتت: دەتوانم شتێکت پێ بڵێم؟!..

بەدەم پێکەنینەوە وتم: نەخێر..

پێکەنیت: ئای شەیتان!.. چۆن زانیت..؟

چونکە هەرگیز کاتی قسەکردنێکی شیاو مۆڵەتم لێ وەرناگریت!

بەئارامی ئاخێکت هەڵکێشا: پێم نەوتی بەتەواوی ڕووتم لەبەردەمتدا..؟

ئەو (ڕووتییەی) ئەو شەوەت پاکترین ڕووتی بوو عەزیز.. خۆزگە دەتزانی چەند شەیدای ڕووتی و ڕووتبوونەوەت بووم.. هەندێک جار هەستدەکەم ئەوەی داتدەپۆشێت عەیبیارتدەکات و وات لێ دەکات ڕەشبیت.. خۆت

بە ڕواڵەتێکی بێکەڵک و خەمسارد داپۆشیت.. درۆیەک لێرە عەورەتت دادەپۆشێت و هەڵخەڵەتاندنێک لەوێ باقیی جەستەی ڕووتت دەشارێتەوە.. حەزم لە ڕووتیتە، چونکە هیچ شتێک ناشارێتەوە و هیچ شتێک دوای ئەو ناتیپێچێتەوە!.. چەند حەزم لەوەیە وەک حەقیقەت لەبەردەممدا دەربکەویت!..

عبدە خال لە (قوڕ) دا: ئەو ڕۆمانەی بە سێ ساڵ و حەوت مانگ نووسیویەتی، دەڵێت (حەقیقەت عەورەتە، هەموومان کۆششدەکەین بۆ ئەوەی دایپۆشین).. حەقیقەتی تۆ عـەورەت بووە، هەمیشە هەوڵتداوە بیشاریتەوە.. کەچی نەتتوانی لەوە زیاتر بیشاریتەوە!..

حەزم لە ڕووتیت کرد عەزیز.. حەزم لە ڕووتیت کرد!..

❊ ❊ ❊ ❊

من و هەیفا لە هۆڵی شوقەکە سەعیماندەکرد.. ماندووبووم، بۆیە خەوم لێ کەوت.. کاتێک هەیفا بەتوندی ڕایوەشاندم، لەترسدا قیژاندم.. هەیفا وتی جومانە!.. جومانە.. هەڵسە بزانە کێ لەبەردەگایە!..

هەستمکرد ئاوێکی ساردی بەسەرمدا کرد.. هەر چوار پەلم لە ترسدا گرژبوون و نەمتوانی وشەیەک دەربڕم.. زەنگەکە بەسووربوونەوە لێ دەدرا.. لەکاتێکدا زەنگی دەرگای شوقەکەمان بەبێ چاوەڕوانیکردنی کەسێک لێ نەدەدرا..

قیژاندی بەسەرمدا: جومانە!.. هەڵسە لە خەو!.. عەزوز لەبەردەرگایە!..

بەدەم ڕاپەڕینەوەو لەکاتێکدا خەوتن و بەخەبەربوونم لێ تێکەڵ ببوو پێموت: کێ..؟!.. عەزوز کێیە..؟

بۆ لەو زیاتر کەسێکی تر هەیە؟.. عەزوز نەک کەسێکی تر!..

سەیری دەموچاوی ئەوم دەکرد و نەمدەزانی بەخەبەرم یان خەوێکی ناخۆش دەبینم.. شێوازی خەبەرکردنەوەی هەیفا دەمتۆقێنێ.. بەتوندی دەقیژێنێ بۆ ئەوەی خەبەرمبکاتەوە.. بەتوندی ڕامدەوەشێنێ.. نزیکترین شت کە دەستی پیایدا ڕابگات دەیگرێتە من.. ئەوەی بەلای هەیفاوە گرنگە لە خەو هەڵسم، نە شێوازی خەبەرکردنەوەکەی بەلاوە گرنگە، نە ئەنجامی خەبەرکردنەوەکە بەو شێوەیە!..

بە شەپازلە دەیکێشا بە ڕوومەتمدا: جومانە.. چییە گوێت لێ نییە..؟!.. دەڵێم عەزوز لەبەردەرگایە!..

دەنگی زەنگەکە بەرزبوو.. ئەمە سەرەڕای مۆبایلەکەم، دەنگی ئاوازە تایبەتەکەت، کە نزیکەی دوو مانگە بەر گوێم نەکەوتووە.. لەکاتێکدا پاڵم بە هەیفاوە دەنا بۆ ئەوەی دووریبخەمەوەو بخەومەوە، پێموت: چی لێ بکەم..؟..

بەتوندی دەستی ڕاکێشام: چی لێ بکەی مانای چی!.. دەڵێم ئەو شێتە لەبەردەرگایە، بزانە چی دەوێت.. وەڵامی تەلەفونەکەی بدەرەوە، پێش ئەوەی کارەساتێکمان بەسەربهێنێ..

تەلەفونەکەم هەڵگرت و وەڵاممدایتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ تێبگەم، تەنیا ئـەوە نەبێت کـە دەرگاکـە لێدەدرا!.. دڵم بەخێرایی لێی دەدا، شێوازی خەبەرکردنەوەی هەیفا تۆقاندبوومی، نەمدەتوانی بیرکردنەوەم کۆبکەمەوە!..

وتت: نزیکەی پێنج خولەکە لەبەردەرگام!.. دەرگاکەم بۆ بکەرەوە..

بەدەم چاوهەڵگڵۆفینەوە وتم: چیت دەوێت..؟

دەرگاکە بکەرەوە جومان..

تەلەفونەکەم بەڕووتدا داخستەوە و هەڵسام بۆ کردنەوەی دەرگاکە.. هەیفا دەستی ڕاکێشام: تۆ شێتبووی..؟.. دەرگاکەی بۆ دەکەیتەوە؟؟

دەستی خۆم ڕاکێشایەوەو بەنیوە «نووستوو»ییەوە وتم: مەترسە..

دەرگاکەم کردەوە، لەبەردەممدا جیاوازبوویت..بە پیاوێکی نەخۆش دەچوویت!.. هەڵوەریبووی.. بەشەکەتی لەبەردەممدا ڕاوەستابووی، بە دووچاوی کوژاوەوە تێتدەڕوانیم.. من تەنیا داگیرسانی چاوەکانتم بینیوە و کوژانەوەیانم نەبینوە، تەنانەت لە بارودۆخەکانی خەمباریو نەخۆشیشدا..

بە سـەرسـامییەوە، پاش هەژانم بەبینینت، کـە گشت شانەکانی لەشمی خەبەرکردبۆوە، لێم پرسیت: عەزیز..!.. لێرە چی دەکەیت..؟

بە پاڕانەوەوە وتت: جومانە.. تکایە لەگەڵم وەرە، پێویستم بەوەیە قسەت لەگەڵ بکەم..

بۆ کوێ..؟

بۆ هەرشوێنێک بەتەنیا پێکەوە دابنیشین..

هیچمان نییە پێکەوە باسیبکەین..

بەپێی خۆم هاتوم بۆ لات جومانە!.. هاتنم بۆ ئێرە شایستەی ئەوە نییە بۆ چەند خولەکێک گوێم بۆ ڕابگریت؟

پاش بیرکردنەوە پێموتی: لەسەر کورسیی شوستەی بەرامبەر چاوەڕوانم بە.. کورسیی بەرامبەر باڵەخانەکە..

پێدەچوو لە مردنەوە هاتبیتەوە.. ترسـام بگەڕێیتەوە، بۆیـە ڕامکردە ژوورەکەم بۆ گۆڕینی جلەکانم..!.. ترسام لەوەی بێمە خوارەوە و نەتبینمەوە، وەک خوی هەمیشەییت جارێکی تر جێمبهێڵی یان هەڵبێیت!..

هەیفا لەپشت دەرگاکەوە سەرزەنشتی دەکردم.. دەترسا شتێکم لێ بکەیت.. هەیفا زۆر لێت دەترسێت، ئەگەرچی دان بەوەدا نانێت.. ویستم دڵنیایی بکەمەوە، بەڵام جگە لە جنێو هیچم بەدەست نەهێنا.. بۆیە منیش بەجنێو وەڵامی جنێوەکانیم دایەوە!..

کاتێک هاتمە سەر شەقامەکە، بینیم لەسەر شۆستەکە ڕاوەستاوی.. لە تەنیشت کورسییەکە جگەرەت دەکێشا.. هەر کە لێت نزیکبوومەوە، جگەرەکەت کوژاندەوە.. لەسـەر قەراغی کورسـییەکە دانیشـتم.. بەڵام تۆ بەڕاوەستاوی مایتەوە، بەبێ قسەکردن لەسەر شۆستەکە گەمەت بە بەردێک دەکرد..

لێم پرسیت: لەسەر بێدەنگی بەردەوامدەبیت..؟

دەستەکانت خستە ناو گیرفانی قاپوتەکەت و لە نزیک منەوە دانیشتی، بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکەیت..

بۆ ئەوە هاتی بێدەنگیی خۆتم پیشانبدەی...؟

بەسەر هێمای نەخێرت کردو بەبێ ئەوەی ئاوڕم لێ بدەیتەوە: نا..!.. هاتم بۆ لات، چونکە بیری بۆنەکەت دەکەم..

پێموانییە بیری بۆنی منت کردبێ.. ئەی ڕۆژێک نەتوت بۆنی ژنان وەک یەکە؟!.. پێموانییە بیری ژنان بکەیت!

بەڵام خۆ تۆ ژن نیت جومان.. تـۆ فریشـتەی..!.. لە کونیلەکانی لەشتەوە بیری بۆنی ئاسمان دەکەم..

بێدەنگبـووم، وردە وردە لێدانـەکانی دڵم کەمبـوونەوە.. هەستمکرد دەمارەکانی لەشم پان و درێژ و هێور دەبنەوە.. هەستمکرد هەرگیز لێت دوورنەکەوتوومەتەوە.. سەرەڕای بیرکردنت و گلەیی و توڕەبوونم لێت..

یەکترمان تەڵاقدا!..

ئاوڕم لێ دایتەوە: چی..؟

یەکترمان تەڵاقدا..!.. تەڵاقمدا..!.. پێت ناڵێم هەمووشتێک کۆتاییهاتوە.. چونکە شتێک نەبووە هەتاکو کۆتایی بێت..

کەواتە بۆ ئەوە هاتووی پێم بڵێی وازت لێ هێناوە..

بەڵکو هاتووم، چونکـە هەرچەنـدە لێکیش جیابینــەوە، ڕێگەمان هەر پێکدەگەنەوە..
چی دەڵێی ئەگەر بڵێم کەسێکی تازە لە ژیانمدایە..؟
بۆ پێشەوە چەمایتەوە.. هەردوو ئانیشکت خسـتە سـەر ئەژنۆکانت و وەڵامت نەدایەوە.. بەبێدەنگی سەیری پیادەکانت دەکرد و هەڵمی سارد لە هەردوو کونە لوتتەوە بەرزدەبۆوە.. وەک دووکەڵ هەستم پێ کرد.. دووکەڵی سوتانەکانی ناو ناخت!..
لێم پرسیت: لەچی ڕاماوی..؟
ژیــان
بە گاڵتەپێکردنەوە پێموتی: ڕامان لە ژیان ئازارەکانی ژیان زیاتردەکات..
بەبێ ئاوڕلێدانەوەم پێکەنیت: ئیلیا ئەبو مازی!..
بەگاڵتەوە وتم: لوبانییەکانت خۆشدەوێ عەزیز..
شانت هەڵتەکاند و وتت: کێ هەیە خۆشی نەوێن..؟
ڕووم لێ وەرگێڕایت و کەوتمە ڕامان لەو ژیانەی لێی ڕامابووی.. شەقامەکان و خانوەکان و خەڵک جلوبەرگی نوێیان پۆشیبوو.. هەوا بۆنێکی خۆشی لێ دەهات ، سـەرباری سـاردیی کەشوهەوا و دڵڕەقیـی زستان، لێوانلێوبوو لە هەستوسۆز..
جومانە.. ئەوە تۆ نەبوویت جارێکیان وتت.. کاتێک کەسێکمان خۆشدەوێ، دڵی خوا جێگەی هەمووکەسێکی تیادا دەبێتەوە..؟
نا.. جوبران ئەوەی وتوە!..
بەزەردەخەنەوە وتت: بینیت..!.. تۆش خۆشتدەوێن..
بەبێ ئەوەی بمەوێ پێکەنیم.. درێژەم بە قسەکانم داو وتم:
When we love we shouldn›t say «GOD in our hearts»
but rather «we are in the heart of GOD..
گوێزەرەوەی کفر کافر نییە!..
گوێت پێ نەدام و وتت: کاتێک خۆشتویستم، خۆشەویستیی خوات بۆ فراوانترکردم.. بێبەشم مەکـە لـەوەی خوا جارێکی تـر خۆشیبوێم جومانــە..
بەترسەوە لێت توڕەبــووم: عەبدولعــەزیز! بە قسەکانت تاوانێک مەخەرە ئەســتۆم..

جومانە.. لە خوام نزیک بکەرەوە.. چاکم بکە.. بمکەرە پیاوێکی چاک.. تەنیا تۆ دەتوانیت چاکمبکەیت..

چیتر چاککردنت فریوم نادات..

بە شڵەژاوی دەستت بەقژی خۆتدا هێنا.. لەکاتێکدا دەتڕوانییە زەوییەکە وتت: جومانە.. پێویستە دوو پرسیارت لێ بکەم..

فەرمــوو!..

پێتوایە دەتوانیت لێم خۆشبیت..؟

پرسیاری دوەمت چییە..؟

بە پەنجەی دۆشاومژە هێمات بۆ شوقەکەمان لە باڵەخانەکەی ئەوبەر کرد: هەیفا نیوسەعاتە پەنجەرەکە جێناهێڵێ.. بۆچی وادەکات..؟

ئاوڕم لە شوقەکەمان دایەوە، بینیم هەیفا وەک باڵندەیەکی زیندانیکراو پەنجەرەکە جێناهێڵێ و چاوەڕوانی هەڵمژینی هەوای ئازادییە.. دامە قاقای پێکەنین.. بە سەختیی پرســیاری یەکەمت و ساویلکەیی پرسیاری دوەمت پێکەنیم..!.. هەروەها بەدیمەنی هەیفا پێکەنیم کە سەیریدەکردین..

بە زەردەخەنەوە وتت: دەزانی پێکەنینەکەت لەناو دڵمدا دەنگدەداتەوە؟!..

ئەو فرمێسکانەم بەدەستم سڕییەوە، کە لە پێکەنینی زۆردا هاتبوونە ناو چاوانم.. سەیری هەیفاشم دەکرد کە خەریک بوو لە نەزانینی هۆکاری پێکەنینی کتوپڕمان دەتەقی!.. دەم بە زەردەخەنەوە سەیرتدەکردم، بەڵام نەمتوانی بەردەوامبم لەسەر سەیرکردنت.. شتێک هەبوو پێکگەیشتنی چاوەکانمانی دەپچڕاند، شتێک لە خەمباری و تووڕەیی و گلەییو نائومێدی!... هەستمکرد دەستدەهێنی بە قژمدا، ئاوڕم لێ دایەوە..

بە نەرمونیانی لێت پرسیم: قژت تەڕە!.. هەست بە سەرما ناکەیت..؟

بــا..

قاپوتەکەم بدە بە شانتدا..

سوپاس.. پێویست ناکات..

تکایە وەریبگرە..!.. دەتوانی دواتر بمدەیتەوە..

پێویست بەوە ناکات، من ئێستا دەڕۆمەماڵەوە!..

لەڕاستیدا ترسام لەوەی هەیفا ببینێ قاپوتەکەت لێ وەردەگرم، ترسام لەوەی داباریێت بەسەرمدا.. منیش ئامادەنەبووم کەسێک میزاجم تێکبدات..

جومانە..!.. پێت چۆنە ببینە هاوڕێی یەکتر..؟

دەشێت هاوڕێیەتی بە خۆشەویستی کۆتایی بێت.. بەڵام خۆشەویستی ناگۆڕێت بۆ هاوڕێیەتی، لەو کاتەدا نەبێت کە موعجیزەیەک ڕووبدات..

بۆ ماوەیەک هاوڕێ دەبین جومانە.. هەتاکو خۆشەویستیت بەدەستدێنمەوە..

نازانم..!.. لەوانەیە..

بە نەرمونیانییەوە پێکەنیت.. لە چاوەکانیشدا تروسکایی هیوا درەوشایەوە..

جێمهێشتی و سەرکەوتمەوە بۆ شوقەکەمان.. بینیم هەیفا لەسەر پێپلیکانەکان چاوەڕوانیم دەکات.. ڕاوەستابوو، دەستی خـۆی لەسـەر کەلەکەی دانابوو.. وەک منداڵێکی سزادراوی کەللەڕەق..

جمـون!..

هەیفا!.. تکات لێ دەکەم.. پێویست ناکات هیچ شتێک بڵێی..

باشە جومانـە!.. هیچ ناڵێم.. ڕۆژێک دێت بیرتدەکەوێتەوە کە من بەرامبەر بەو پیاوە وریامکردویتەوەو تۆش گوێت پێ نەداوە..

هەیفام لە دوای خۆمەوە بەجێهێشت، هەتاکو دەمەقاڵێمان نەبێت، چووم بۆ ئەوەی وەڵامی تەلەفونەکەم بدەمەوە.. زیاد بوو..

وتی: جومانە.. لەکوێ بوویت..؟

بۆچی دەپرسیت..؟

Because I miss you..!..

بەبێزارییەوە وتم: تکایە زیاد.. لەبیرت نەچێت کـە مـن پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێکەتدا هەبووە.. تکایە ئەوە لەیادنەکەیت و پشتگوێشی نەخەیت!..

تۆزێک بێدەنگبوو، بەدەنگێکی کپ وتی: سەیرنییە.. ئەوە منم هەوڵدەدەم ئەوەم لەبیربچێتەوە و پشتگوێی بخەم، کەچی تۆ ئامادەنیت لەبیری بکەیت..؟!..

تکایە زیاد، نامەوێ توشتبکەم!..

بەکردەوە توشبووم.. بۆیە ئێستا باسی توشبوونم بۆ مەکە..

نامەوێت زیاتر توشبیت.. لەخۆم خۆشنابم، ئەگەر بەهۆی منەوە عەبدولعەزیز لەدەستبدەیت زیاد..

مەترسە جومانـە.. من قسـەی لەگـەڵ دەکەم.. تۆ هەقت نەبێت بەسەر مەسەلەکەوە، من حەزم لێتە!..

نا زیـاد، ڕێگەت پێ نادەم سەرکێشی بنوێنی.. هەردووکمان عەبدولعەزیز دەناسین!..

من هەڵـەم دەرهـەقـی نەکردوە هەتاکـو بترسم.. بە تەنیـا ئۆباڵی

مـەسـەلـەکـە دەگرمـە ئـەسـتۆ، بۆیـە ترسـت نەبێـت..
بڕیاردەرانە وتم: بەڵام من نامەوێت ئەو پەیوەندییە بەردەوامبێت زیاد!..
بەنائومێدییەوە وتی: As you like Jumanah
هیوادارم بێزارنەبیت.. تکات لێ دەکەم..
, I`t is ok.. It`s ok Jumanah
تکات لێ دەکەم زیاد، من هەوڵدەدەم لە ئازار بەدوورتبگرم..
دڵنیابووم لەوەی کە بۆی دەگەڕێیتەوە!..
زیاد.. عەزیز هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کـە پێتدەڵێم.. دەترسم لەگەڵ مندا تووشی پەیوەندییەک بیت ببێتە مایەی چەرمەسەری بۆت..
بە نائومێدییەوە وتی: ئەوە بڕیارێکی زاڵمانەیە!..
زیـاد!..
بڕوام پێ بکە ئەوە بڕیارێکی زاڵمانەیە.. هەردووکتان زاڵمن..
تۆ تاقە هاوڕێمی زیاد، دەزانیت چەندم خۆشدەوێی.. تکایە لێم تورەمەبە..
جومانە.. تۆ لەسەر لێواری کەندەلانێکی قوڵی، بڕوام پێ بکە لەمڕۆ بەدواوە کەس لەدەست عەزیز ڕزگارت ناکات.. خوا شتێک لە میللەتێکدا ناگۆڕێت، ئەگەر خۆیان هەوڵی گۆڕانی نەدەن.. تۆش ناگۆڕێیت، کەواتە چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکەیت خوا ئەوەی ناخت بەرامبەر بەو بگۆڕێت!..
زیـاد.. خۆت دەزانیت نزیکتـرین کەسی لە دڵی منەوە.. جارێکیان پێتوتم تەمەنی هاوڕێیەتی زۆر لە تەمەنی خۆشەویستی درێژترە، منیش پێویستم بەوەیە بۆ درێژترین ماوەی شیاو بتپارێزم..
قەیناکە جومانە.. قەیناکە!..
بەدەنگێکی تاساو وتم: زیاد.. خەفـەت مەخـۆ.. تۆ دواپیاوی دنیای کە خەفەتبارییم پێ خۆشبێت..
بە چەند وشەیەکی ڕاستگۆیانە وتی: ئەوەی لەنێوانماندا بوو، وەک ناجی مامەڵـەی لەگەڵ دەکەم، کاتێک دەڵێـت (پێدەچێت خەڵاتێکی ئاسمان بووبێت و بۆ خۆی بردبێتەوە)، شەوباش!
بەوجۆرە گەڕامەوە بۆ لات.. هەوڵمدا بەپێی توانا بتپارێزم.. سەخت بوو بەلامەوە بەبێ تۆ گەورەبم.. نازانم چۆن لەگەڵ تۆدا گەورە دەبم عەزیز، فێرت نەکردووم چۆن گەورەبم.. وام لێ دەکەیت بەتەنیشتتەوە گەورەبم، بەبێ ئەوەی پێم بڵێی چۆن.. گوێم بە خواستی دایکم و ئامۆژگارییەکانی هەیفا و

خۆشەویستیی زیاد نەدا، دەستبەرداری ڕازیبوونی گشت ئەوانە بووم و تەنیا دەستمگرت بە ڕەزامەندیی تۆوە، چونکە پێویستم بەوەیە گەورەبم!..

دەزانی عەزیز.. نێگەرانبووم بۆ زیاد، دڵم لایەتی، چونکە لەوە ناسکترە بەرگەی برینداربوون بگرێت.. زیاد لەگەڵا تۆ جیاوازە، تۆ لەخۆباییت هیچ شتێک بریندارت ناکات، ئەو بەوجۆرە نییە.. ئەو هەرگیز بەوجۆرە نییە!..

دڵنیابووم لەوەی تۆ هیچ شتێک دەربارەی ئەوەی نێوان من و زیاد نازانی، چونکە دەزانم زیاد چ (پیاو) ێکە.. لەگەڵ ئەوەشدا پەشیمانی ناخی خواردبووم، پەشیمانبووم لەوەی لێی نزیکبوومەوە و دەرفەتی ئەوەم پێ دا چاوی لێم بێت.. ئەو دەرفەتەی هیچ ڕۆژێک شایستەی نەبووم..

ئای چەند زاڵم و خراپەکار بووین.. بەڵام ئەوە سوچی زیاد نییە، ئەی بۆچی دڵڕەقبووین بەرامبەری!.. بۆچی وات لێ کردم دڵڕەقبم بەرامبەری؟!..

* * * *

هاتیتەوە.. وەک ئەوەی ڕۆژێک دوورنەبووبی، هیچ هەڵە و تاوانێکت نەکردبێ.. هەستی ئەوەت پێ نەبەخشیم کە بە چاکەی گەڕانەوەم دەزانی، منیش هەرگیز هەستی منەتکردنم نەدایتێ!.. بەخێرایی جڵەوت گرتەوە دەست، بەهێزەوە هاتیتەوە.. ئەوەم لەبیرچۆوە یان لەیادمکرد کە کردبووت!.. پێویست بوو ئەوە بکەم عەزیز، ناچاربووم بیکەم.. دەمزانی ئەمجارە نرخی بەزەییهاتنەوەم زۆر گرانبەها دەبێت، دوای هەموو ئەو شتانەی ڕوویان دا، ئیتر هەیفا ڕازی نابێت لەگەڵمدا بێت.. دەزانم دوای ئەوەو بۆ هەتاهەتایە زیادم لەدەستداوە.. پەیوەندیی تۆ لەگەڵ زیاد لاوازبوو، سەرسوڕماوبووم بەرامبەر بە ساردبوونی کتوپڕ و داخرانی سەیری زیاد.. چەندین جار لێت پرسیم داخۆ زیاد شتێکی دەربارەی تۆ بۆ باسکردوم.. بەڵام من ئینکاری گشــت ئاخاوتنەکانی نێــوان خۆم و زیادم کرد، وەک ئەوەی ڕووی نەدابێت..

سمستەری خوێندنەکە تەواوبوو.. سمستەری بەدبەختی بوو، بەئەندازەی بەدبەختییەکەشی درێژبوو.. بەبۆنەی دەرچوونمەوە بانگهێشتی نانخواردنی ئێوارەت کردم.. پێتوتم بۆنەکە زۆر تایبەتییە.. بڕیارمان دا بەبۆنەی نزیکبوونەوەی تەواوکردنی خوێندنەوە ئاهەنگێک سازبکەین، لەبەرئەوەی تەنیا ساڵێکی خوێندنم مابوو.. بانگهێشتت کردم بۆ قاوەخانەکە.. زۆر

گاڵتەم پێ کردی کاتێک شوێنێکی وەک قاوەخانەکەت بۆ ئەو بۆنەیە هەڵبژارد، چونکە لەئاست بۆنەیەکی وەهادا نەبوو!.. بەڵام تۆ وەک هەمیشە پاساوی بێ پارەییت هێنایەوە.. منیش وەک هەمیشە هاتم بۆ لات..

زۆرجار ژنێکی بەداواکاری بووم، کچێک بووم بەهیچ شتێک ڕازی نەدەبوو و هیچ شتێک سەرنجی ڕانەدەکێشا.. بەڵام تۆ بە دەرزیی ڕازیبوون کوتاتم، بەنهێنی قەناعەتت کردە ناو خواردنەکەمەوە.. بەوجۆرەش بوومە ژنێک هیچ شتێکی بەلاوە گرنگ نییە، جگە لەوەی لەگەڵ تۆ بێت!..

هەمیشــە لـە قاوەخانەکە یەکتر دەبینین، ئەو شوێنەی تیایدا هەست بە ئاسوودەیی و خۆشەویستی دەکەین، وەک ئەوەی لەناو ماڵی خۆماندا بین.. ئەو ماڵەی خەیاڵی لێ دەکەینەوە و تیایدا دەژین.. کاتێک هاتمە ژوورەوە لەسەر (مێزەکەمان) دانیشتبووی.. هەر کە منت بینی هەستایتە سەرپێ و بەبێزارییەوە وتت: کچێ دواکەوتیت!..

مەزاجێکی خراپم هەبـوو، بۆیــە بەتوڕەییەوە وەڵاممدایتەوە: چاوەڕوانی زیانبەخش نییە، زۆرجار منیش چاوەڕوانت بووم!..

لەسەر دوو کورسیی ڕووبەڕووی یەکتر دانیشتین.. وەک تۆ پۆرتـەبڵـەکەم داگیرساند و بەبێ دەنگ دانیشتم.. بینیم ناوت لەسەر ماسنجەر لە لیستی چالاکدایە.. کاتێت منیش هاتمە ناوەوە: ئەوەم بۆ داواکردوی کە دەیخۆیتەوە.. دواکەوتیت، نەمویست هیچ ساتەوەختێک بۆ بیرکردنەوە لە داواکارییەکەت بـەفیــڕۆبـدەی..

بۆم نووسیت: کەی واز لەو خووە دێنیت؟

چ خوویەک؟

ئەوەم بۆ هەڵبژێری کە دەیخۆم یان دەیخۆمەوە!

بەڵام تۆ هەمووجارێک هەمان شــت دەخۆیتەوە و هەمان ژەمەخواردنیش دەخـۆیـت..

وای دابنێ بە حەزلێکردنێکی جیاوازەوە هاتووم بۆ لات..

وای دادەنێم ئێستا هۆرمۆنەکانت هاوسەنگیان تێکچووە.. هەتاکو پاساو بۆ ئەم هاتنە توندوتیژەت بهێنمەوە..

دەشێت هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان تێکچووبێ.. بەڵام لە من زیاتر لە میزاجی ژنان تێدەگەیت!..

جاربەجار بەلایەکی چاو سەیرمدەکردیت، سەقاڵی نووسین بوویت، وەک

ئەوەی لەسەر ماسنجەر قسە لەگەڵ کەسێکی تر بکەیت.. وەک ئەوەی قسە لەگەڵ من نەکەیت..

ئەوەم فەرامۆشکرد کە نووسیم و وەڵامت نەدایەوە.. شاگردەکە قاوەکەی هێنا.. لە کاتی خواردنەوەی قاوەکەدا چاودێریم دەکردی و بیرم لەوە دەکردەوە چی دەکەیت و لەگەڵ کێ قسەدەکەیت.. سەرقاڵی نووسین بوویت، وەک ئەوەی بەتەنیا دانیشتبی، بەڕادەیەک کە بۆ تەنیا جارێکیش سەرت بەئاڕاستەی مندا بەرز نەکردەوە!..

لەکاتێکدا چاودێریم دەکردی، پەنجەرەیەک دەربارەی گەیشتنی نامەیەکی نوێ لە ئیمەیلەکەمەوە دەرکەوت.. دەنگی گەیشتنی نامەکە ئەوەندە بەرزبوو کە ترساندمی.. نامەکـە لە سایتێکی کارتـە ئەلکترۆنییەکانەوە هاتبوو کە لە ڕێگەیەوە کارتت بۆ دەناردم.. نامەکەم کردەوە، بینیم کارتی یەکێک لە بۆنــەکانــە..

کارتەکە بریتی بوو لە تەنافێک کـە جلی ژێرەوەی ژنانەو پیاوانەی پیادا هەڵخرابوو، لە ژێریدا نووسرابوو (پێویستم بەوەیە لە هەموو شتێکدا شەریک بین.. ژیانم، بیروڕاکانم، داهاتووم، تەمەنم، ماڵەکەم، منداڵەکانم.. جلەکانی ژێرەوەم!.. شوم پێ بکە ئەی تورە..).. عەبدولعەزیز..

چاوم ڕوە و تۆ بەرزکردەوە، سەیری مۆنیتەرەکەت دەکرد و پێدەکەنیت و ناوچەوانت شڵەژانی پێوە دیاربوو.. لەسەر ماسنجەر بۆم نووسیت..

براکەم..

بەڵێ خوشکەکەم؟..

شتێک بڵێ..

بەگاڵتەپێکردنەوە نووسیت: شتێک!..

تورەدەبم..

بۆت نووسیم: عەیبە جوجەڵەی درندە، وات لێهاتوە زۆر تورەدەبیت درندە!..

لە لیستەکەی خۆمت دەکەمە دەرەوە!..

نا.. نا.. چاوەڕوان بە.. ئممم، کەواتە تۆ شتێک بڵێ..

پێم وابوو ژیانی سەڵتیت پێ خۆشە..

ئەی گوێت لەو وتانە نەبووە کە بڕوام پێیانە (سەڵت وەک سەگ دەژی، ئەوەی ژنیشی هێناوە ژیانی سەگ بەسەردەبات)..؟..

دەمهێنی بۆ ئەوەی ژیانی سەگ بەسەربەریت..!..

سوکرات ڕۆژێک وتویەتسی (ژنبهێنە کوڕەکەم، ئەگەرلە ژیانی هاوسەرگیریدا سەرکەوتیت، ئەوا بەختەوەردەبیت، ئەگەر سەرکەوتووش نەبوویت، ئەوا دەبیتە فەیلەسووف).. چاوم بڕیوەتە فەیلەسووفبوون خۆشەویستەکەم، ژیانم تەنیا فەلسەفەی کەمە.. شووم پێ بکە، هەتاکو بێوێنەبم.. ژیانم تاڵبکەو وام لێبکە ببمە فەیلەسووف، وەک کسانتیبی لەگەڵ سوکرات کردی!..

وتم: بەڕاستی دەتەوێ شوو بەیەک بکەین..؟

بۆچی من دەرەقەتی تۆ دێم، هەتاکو گاڵتەت پێ بکەم..؟

کەی..؟

کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ (ڕیاز)!

پاش دوو هەفتەی تر..؟

بەدەم زەردەخەنەوە نووسیت: تەنیا چواردە ڕۆژ، بەبێ کەم و زیاد..

چوومە ناو ئەو سایتەی کارتەکەت لێوە ناردبوو، هەمان کارتم هەڵبژاردو بۆم ناردیتەوە، پاش ئەوەی لە ژێریدا نووسیم: Lets do it!

* * * *

چیرۆکەکەی ئەو بەیانییەت سەرسامیکردم، ئەوجارە کورتەچیرۆکێکت بڵاوکردبۆوە.. ئەو لایەنەی ڕۆژێک لە تۆدا نەمدۆزیبۆوە، هیچ ڕۆژێک بەخەیاڵمدا نەهاتوە وەک چیرۆکنووس بتبینم عەزیز.. تۆ پیاوی وتارەکانی، تۆ لە وتاربێژی و ڕازاندنەوەی وشە بێ هەستەکاندا باشی، قەسیدەکانت وێڕای ڕەوانبێژییان ساردوسڕن.. کەچی ئەو ڕۆژە و بۆ یەکەمین جار چیرۆکت نووسیبوو.. باسی پیاوێکت کردبوو پەپولەیەکی خۆشویستبوو.. هەمیشە لەسەر کورسییە لەناوەڕاستی ڕێگەکەدا پێیدەگەیشت.. کورسییەکە لەنێوان دوو گونددا بوو، پیاوەکە ئەوەندە ترسنۆک بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان کورسییەکەی تێ نەپەڕاندو نەچووە لاکەی تر!.. هەتاکو پەپولەکە جێهێشت.. زۆر چاوەڕوانی پەپولەکەی کرد، هەتاکو چاوەڕوانی لێی بێزاربوو، پێدەچوو پەپولەکە خاوەنەکەی خۆی لەبیرکردبێ.. لە ساتەوەختی بێهیواییدا پەپولەکە لەسەر دەستی نیشتەوە، پیاوەکە بەوە شادمان بوو و دڵی کرایەوە، بەڵام پەپولەکە جارێکی تر بەرەو گوندەکەی ئەوبەر فڕییەوە!.. پیاوەکە ترساو گریا و بیریکردەوە، لەکۆتاییدا بڕیاری دا دوای پەپولەکە بکەوێت و بەرەو لایەکەی تر هەنگاوبنێ!..

ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمین جار دەربارەی بیروڕام لێت پرسیم.. پێموتیت: ئەوەی توانای نووسینی کورتەچیرۆکی هەبێت.. توانای نووسینی ڕۆمانیشی دەبێت.. بۆچی ئەوە ناکەیت..؟

ئممم.. لە (بیری جەستە) دا.. ژنەنووسەرەکەت ئەحلام مستغانمی لەسەر زاری حەیاتی مەکربازەوە وتویەتی.. «ئێمە ڕۆمان دەنووسین، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بکوژین کە بوونیان بۆتە بارێک بەکۆڵمانەوە.. ئێمە دەنووسین هەتاکو لەکۆڵ خۆمانیان بکەینەوە».. من ئێستا خواستی ئەوەم نییە کۆتایی بە کەس بهێنم..

سەیرە پەنادەبەیتە بەر ئەحلام.. پێموابوو خۆشت ناوێت..

ئەوە بەسە تۆ خۆشتبووێ، هەتاکو منیش خۆشمبوێ.. بەڵام کەسایەتیی ئەو ژنانەم خۆش ناوێت کە دەیانخولّقێنێ.. لە هەر ژنێکیاندا لایەنێکی مەکربازی هەیە کە هەرگیز حەزی لێ ناکەم..

ئەو دایاندەهێنێ و نایانخولّقێنێ عەزیز..

ئەو ژنەکان دێنێتە ئاراوە.. جا لە هیچــەوە بیانخولّقێنێ یان لــە بوونەوە دایانبهێنێ!.. ئەی جارێک نەینووسیوە (هەر ڕۆماننووسێک بە درۆکانی خۆی دەچێت..؟».. پێموایە ئەو بە ژنەکانی دەچێت، تەنانەت ئەگەر داشیهێنابن..

پێموایە بارودۆخی ئەو ڕیزپەڕانەیە!..

بەڵام خۆ دەزانیت ڕیزپەڕ لایەنێکی ڕێسا دووپاتدەکاتەوە..

زۆرجار لێکچوونت لەگەڵ پاڵەوانەکانی قەسیدەکانتدا ئازارمدەدات..

جومان..!.. دەتوانم بانگەشەی چاکەکاری بکەم، بەڵام ئەوە بڕوام پێ ناهێنێ کە چاکەکارم، تەنانەت ئەگەر توانیبێتم بڕوا بەتۆش بهێنم..

تۆزێک بێدەنگبووم، ئینجا وتم: عەزیز..!.. بۆچی دەنووسیت..؟

ئممم.. دەنووسم بۆ ئەوەی هاوسەنگبم، هەتاکو خەمە کەڵەکەبوەکانی ناو ناخم بەتاڵبکەمەوە.. ڕزگارم بێت لەدەستیان و لەخۆمیان دووربخەمەوە..

پێموابوو دەڵێی دەنووسیت، چونکە حەزت لە نووسینە!..

تۆ حەزت لە نووسینە.. زیاد دەنووسێت، چونکە حەزی لێیەتی.. بەڵام من دەنووسم، چونکە ئەرکی سەرشانمە بنووسم.. ئەرکی سەرشانمە بەرامبەر بەخۆم ئەوە بکەم.. نووسین تاقە ئامرازە هاوسەنگیم بۆ دەگێڕێتەوە جومان.. هەموو ڕۆژێک بەشڵەژاوی خەبەرمدەبێتەوە.. ڕاڕا لە خەوهەڵدەستم.. هەندێک لەمن لێرە دەفڕێ و هەندێکی تر لەوێ مەڵەدەکات.. نووسین جێگیربوونم بۆ دەگێڕێتەوە..

وتم: دەڵێن عەقڵی پیاوان لە ژێر قەڵەمەکانیانەوەیە..
ئممم.. پێموایە یەکەمین ڕۆمان زۆر شتی نووسەرەکەی لەخۆدەگرێت.. بێگومان ڕۆمانی یەکەم هەندێک نهێنیی ڕۆماننووسی تێدایە.. نووسەر هەندێک نهێنی لە یەکەمین بەرهەمیدا دادەنێ.. جا پیاو بێت یان ژن..
تۆ توانای نووسینت هەیە عەزیز، تەنیا ئازایەتیت کەمە..
پێتوایە من دەتوانم شتێکی جیاواز، شتێکی دەگمەن و کاریگەر بنووسم..؟
ڕۆمانی شکستخواردوو، ڕۆمانی باش و ڕۆمانی مەزن هەیە..!.. ئەگەر ڕۆمانێکی مەزنیش نەنووسیت، ئەوا دڵنیام شتێکی باش دەنووسیت.. پێویست بەوە ناکات ببیتە یۆهان فۆن گۆتە، بۆ ئەوەی ببیتە نووسەرێکی باش.. تۆ زۆر باشیت عەزیز..
بینیت..!.. من و تۆ لێرەدا جیاوازین جومان.. من پێویستم بەوەیە ببمە گۆتە.. پێویستم بەوەیە کاریگەری بخەمە سەر خوێنەرەکان، وەک چۆن ئەو کردی.. دەمەوێ کاریگەریی هاوشێوەم هەبێت.. دیکنز زۆربەی ڕۆمانەکانی ٦٠٠ لاپەڕە زیاتربوو، ئاجاسا کریستی ٨٥ ڕۆمانی لە ٨٥ ساڵی تەمەنی خۆیدا نووسی!.. مارکیز زیاتر لە سی ملیۆن دانەی لە کتێبی «سەد ساڵ تەنیایی» فرۆشت و ڕۆمانەکانی وەرگێڕدرانە سەر دەیان زمان.. پێتوایە دەتوانم وەک ئەوانم لێ بێت؟
ئەگەر سەرکێشی نەکەیت لە بڵاوکردنەوەدا، ڕادەی کاریگەریت لەسەر خوێنەر بۆ دەرناکەوێت..
بەخەیاڵڕۆیشتوییەوە وتت: لەوانەیە ئەوە بکەم جومان.. لەوانەیە بیکەم!..
پێتوایە ناتوانیت کاریگەری بخەیتە سەر خەڵک و شتێک لەناخیاندا بجوڵێنی.. تۆ بێئاگایت لە ڕادەی توانا و کاریگەریت لەسەریان.. زۆر دەترسم توانای سەرنجڕاکێشت لە بەرهەمێکدا دەربکەوێت، کە دڵنیام ڕۆژێک دێت بینووسی.. حەزدەکەم تەنیا من شتەکانت بخوێنمەوە.. نامەوێ بەردەستی هەموو خەڵک بکەون.. حەزناکەم بۆ هەموان بن.. حەزناکەم ژنێکی تر پیاوەکەم بخوێنێتەوە.. ئەی تۆ نەتوت یەکەمین ڕۆمان شتی زۆری خاوەنەکەی لەخۆدەگرێت، کەواتە چۆن بەرگەی ئەوە دەگرم کەسێکی تر زۆرشت دەربارەت بخوێنێتەوە..!.. کوشندەیە بۆ من کەسێکی تر جگە لە خۆم زۆر شت لە تۆوە دەربارەت بزانێت.. بەڵام حەزدەکەم هەندێک لە خەونەکانت بهێنیتەدی!..
لە خۆشەویستیدا خەونەکان هاوبەشدەبن، هەست بە سەرمەستیی شادبوون

دەکەین، کاتێک ئەویتر ئامانجەکەی دێنێتەدی، وەک ئەوەی ئێمە ئامانجمان هێنابێتەدی و نیشانمان پێکابێ..

لەسەر ڕێگەی ماڵەوە سەرێکم لە دوکانی دیارییەکان دا، قەڵەمێکم لە پلاتین بۆ کڕیت.. لە ڕێگەی دوکانەکەوە لەگەڵ کارتێکدا بۆم ناردی.. لەسەر کارتەکەم نووسی: {عەزیز.. (لوقیان) ڕۆژێک وتویەتی، سەرەتا نیوەی هەمووشتێکە.. ئەم قەڵەمەت پێشکەشدەکەم، هەتاکو ببێتە سەرەتا.. چاوەڕوانی ئەوەم ڕۆژێک بەکاریبهێنی بۆ نووسینی پێشکەشکردنی یەکەمین ڕۆمانت بە من} جومانە..

هەر کە دیارییەکەت پێ گەیشت، وەڵامتدامەوە: جومانەکەم.. سوپاس بۆ قەڵەمەکە!... بەڵێنت دەدەمێ بەکاریدەهێنم بۆ واژۆکردنی گرێبەستی گشت سەرکەوتنەکانم.. لەسەرووی هەموویانەوە هاوسەرگیرییەکەمان..!.. شەیدای قەڵەمەکە بووم، چونکە لەتۆوەیە..

لەو کاتەوە هیچ قەڵەمێکی ترت بەکار نەهێناوە.. جارێکیان پێتوتم جوانترین وتارت بە مرەکەبی ئەو قەڵەمە نووسیوە و جوانترین قەسیدەکانیشت بەهۆی ئەو قەڵەمەوە بوو.. پێتوتم، لە ڕێگەی ئەو قەڵەمەوە خەیاڵکردنەوە و ئیلهام و هەست و ئاسۆ دوورەکانم پێ بەخشیویت..

ئێستا هەستدەکەم قەڵەم تاقە ئامرازی منە بۆ لەناوبردنت، قەڵەمەکە دەتکوژێت.. هەستدەکەیت قەڵەم ناحەزتە، ئەگەرچی بڕوات بەوە نییە کە دەینـووسم.. تۆ وا دەڵێیت، زیادیش دەڵێـت بانگەشەی ئەوە دەکەیت.. ئیمڕۆ هەوڵدەدەم بنووسم هەتاکو (پشتئەستوور بە وتەی ئەحلام کە خۆشت ناوێت!) ڕزگارمبێت لە دەستت.. بانگەشەی ئەوە ناکەم لەبەردەمتدا بەهێزبووم، چونکە بەوپەڕی توانای تاوانکاری و ناشرینی لاقەکەرەوە هێزت لێ زەوتکردوم!

هێشتا لەیادمە شەوێک لێم پرسیت ناشرینترین تاوان چییە کە دەبێت حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا بسەپێ.. ئەو کاتە باسی سزادانی لەسێدارەدان بە کورسیی کارەباییمان دەکرد..

بەبێ بیرکردنەوە وتت: لاقەکردن..

پێموابوو دەڵێی کوشتن!..

لە لاقەکردندا هەزار و یەک تاوانی کوشتن هەیە، جا لاقەکراو پیاو بێت یان ژن.. ئەی چی دەڵێی ئەگەر لاقەکراوەکە منداڵ بێت!..

لەبیرمە چۆن لە قێزەونیی بیرۆکەکە سەرت ڕاوەشاند، سەرت ڕاوەشاند و چاوەکانت نوقاند، وەک ئەوەی بتەوێ لە مێشکی خۆتی دەربکەیت.. تێناگەم چۆن قێز لە لاقەکردنی ژن لەلایەن پیاوەوە دەکەیتەوە، کەچی ڕۆژانە هەزارجار بەختەوەری بەوەی هێز و ئاسودەیی و دڵم زەوتدەکەیت! بۆچی سوکایەتی بە ڕۆحم دەکەیت عەزیز!.. پێتوایە لاقەکردن تەنیا پەیوەندیی بە توندوتیژیی جەستە و ئاوهاتنەوەوە هەیە؟!.. نا عەزیز، لاقەکردن هەموو ئەو شتانەیە کە زەوتدەکرێن.. جەستە، هەست، تایبەتمەندییەکان، ئازادییەکان و موڵکەکان.. تۆش زیاتر لەوەی بە خەیاڵتدا دێت من و ئەوەی ناو منت لاقــەکــردوە..

ئای چەند ناشرینی!..

* * * *

بەلای تۆوە ژیان جەنگێکی گەورەیە چەندین شەڕ لەخۆدەگرێت.. نازناوی (هاوپەیمانانی تەوەر)ت بەخشیوەتە زیاد و هەیفا، چونکە پێتوایە زیاد لە پێویست پشتگیریمدەکەن.. زۆرجار ئەوەی نێوان خۆمانت بە جەنگ داناوە.. جەنگێکی وێرانکار کە هیچ بەزەییەکی تێدانییە.. یان سەرکەتوودەبیت تیایدا یاخود دۆڕاو.. جەنگێک تیایدا هەرلایەنێک هاوپەیمانی هەیە، هاوپەیمانێک کــە پشتگیری و بەرگریی لێ دەکەن و بــەرەو ســەرکەوتنی دەبــەن.. ئەو سەرکەوتنەی لە ماهیەتەکەی تێناگەم، تێش ناگەم کەی بەدەستیدێنی و چۆن دەبێت!..

جارێکیان بەگاڵتەپێکردنەوە پێتوتم: ماوەیەکی درێژە لەگەڵ هاوپەیمانانی تەوەر نەچووینەتە دەرەوە..

لێم پرسیت: پێتوایە خاچێکی شکاوەم لەملکردوە عەزیز..؟

نەخێر!.. باش بوو بیرم کەوتەوە جومان.. پێتوانەبێ من دژی نازیزمم، ئەگەرچی من دژی تاوانە خوێناوییەکانی هیتلەرم، بەتایبەتی ئەوەی دژی جولەکەکان ئەنجامیدا، بەڵام پێموایە بەکارهێنانی هێز بۆ سەپاندنی نازیزم شایستەی ڕێزلێگرتنە!..

چیت لەگەڵ جولەکە و زۆرداراندا هەیە..؟!.. بۆچی هەمیشە لەگەڵ ئەوانی..؟

زەردەخەنەگرتتی: ئەی ئەوانە ئامۆزامان نین..؟!

عەزیز!.. خۆت مەدزەرەوە..

هەوڵتدا ڕەوتی ئاخاوتنەکە بگۆڕیت، وتت: جارێکیان گەڕام بەدوای ڕەچەڵکتدا.. دەزانی ڕەچەڵەکی جولەکەت هەیە..؟

ئەوە دەزانم.. دانیشتوانی نیمچە دوورگەی عەرەب پێش ئیسلام جولەکە، یان مەسیحی، یاخود کافر بوون!..

جومان، من لەگەڵ جولەکە نیم، دژی ئەوانیش نیم.. من دژی ئەو تاوانانەم کە ئەنجامیدەدەن، یان ئەو تاوانانەی دژیان کراوە!..

بەگاڵتەپێکردنەوە: وتە بەناوبانگەکەی هتلەرت بیستوە کە دەڵێت (دەمتوانی گشت جولەکەکانی دنیا لەناوبەرم، بەڵام هەندێکیانم هێشتەوە، هەتاکو بزانن بۆچی لەناومدەبردن)..؟

ئەوە ڕاست نییە جومانە.. ئەگەر هتلەر توانای لەناوبردنی ڕەگەزی جولەکەی هەبوایە، ئەوا لە ڕەگەوە هەڵیدەکێشان..

من دڵنیام مێژووی هۆلۆکۆست زیادەڕۆیی تیادا کراوە..

دەزانی زۆربەی زلهێزەکان، لەوانە ئەڵمانیا، نکوڵیکردن لە ڕاستیی هۆلۆکۆست بە تاوانێک دادەنێن کە یاسـا سزایدەدات.. واتە ئەگەر ئێستا لە فەڕەنسا یان (نەمسـا) بوینایە، ئەوا بەهۆی قسـەکەتەوە زینـدانی دەکرایت، بۆیە چکۆلەکە هەڵەشەمەبە!..

بەڵام من لێـرەم عەزیـز.. یاسـای کەنـەدیش ئازادیی قسـەکردنم بۆ دەستەبەردەکات..

بەگاڵتەکردنەوە وتت: لەبەرئەوە خۆشمدەوێی..!.. چونکە وەک هتلەر بەهێزی و هیچ شتێکت لێ ون نابێت..

عەزیز..!.. بۆچی زۆردارەکانت خۆشدەوێ..؟

من زۆردارەکانم خۆشناوێ.. ئەوەم خۆشدەوێ کە سوورە لەسەر مەسەلەکەی و لەپێناو ئامانجێکی میللی یان ئازادیدا خەباتدەکات.. پێتوانەبێ من دڵڕەقم یان حەزم لە خوێنڕشتنە جومانە، من دژی شەڕ و جەنگ و دڕندەخوازیم.. دژی هەژمونگەریم لەپێناو هەژمونگەریدا.. پێشت وانەبێ دەمارگیرم بۆ جولەکەکان.. من زۆر ڕێزی مارتن لۆسەر کینگ، نیلسۆن مەندیلا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، مەروان بەرغوسی و حەسەن نەسروڵا دەگرم.. ڕێزی هەرکەسێک دەگرم کە هەوڵبدات ڕەگەزەکەی یان مەزهەبەکەی یاخود نیشتمانەکەی سەربخات، جا موسڵمان بێت یان مەسیحی یاخود جولەکە.. سپیپێست بێت یان ڕەشپێست، عەرەب بێت یان ئیسرائیلی و تەنانەت کورد..

هەمیشە خوێن بەناوی ئازادییەوە دەڕێژرێت، زۆردارەکان ئازادی دەکەنە پاساو بۆ ئەنجامدانی تاوانەکان و کۆمەڵکوژییەکان!..

من بڕوام بەم وتەیەی گاندی هەیە (پێویستە خوێن ڕێگەی سەربەخۆیی خۆش بکات).. مەحاڵـــە ســـەربەخۆیی و ئازادی لە ڕێگـــەی ئاشتییەوە بێنەدی جومانە..

بەڵام گاندی ئاشتیخواز بوو، ئاشتی ڕێبازی گاندی بوو، نەک توندوتیژی..

بەڵام ئەو چۆن مرد جومانە..؟!.. کوژرا! شەش جار هەوڵیاندا غافڵکوژی بکەن، چونکە تێکۆشەرێک بوو لەپێناو ئازادی و یەکسانیدا.. واتە ئەو خوێنی خۆی کردە نرخی تێکۆشان..

عەزیز ئامانجەکان تێکەڵوپێکەڵ مەکە.. بۆ نموونە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئامانج و مەبەستەکانی مۆسولینی و ئامانج و مەبەستەکانی مارتن لوسەر کینگدا هەبوو.. ئەوەی دەیەوێت ڕەگەزێک ڕزگاربکات تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەوەی هەوڵدەدات بەکۆیلەیبکات..

بەڕای من ئامانجەکە هەر یەکێکە.. کاتێک ڕەگەزێک ڕزگاردەکرێت، ڕەگەزێکی تر بەکۆیلەدەکرێت!..

بەڵام مارتن لۆســـەر کینگ هەوڵیـــدەدا ڕەگەزێک بە یەکێکی تر یەکسان بکات، جیاوازییەکەش لێرەدایە عەزیز..

کەللەڕەقانە سەرت ڕادەوەشاند.. بەزەردەخەنەوە پێموتی: دەزانی هتلەرو لینینیش لەدایکبووی بورجی کاوڕ بوون؟

چەرخەکەت بەڕوومـــدا بەرزکردەوە: جومـــان، پێت چۆنـــە بەم لایتە ئاگر بەربدەمە قژت، هەتاکو ببمە سێهەمیان..؟

بەڕاســـتی ســـروشـــتت خوێناویت.. دەڵێن مۆسۆلینی لـــە برادەرەکانی خۆی دەدا و لە هەرزەکاریشدا کچێکی لاقەکردوە.. واتە بەسروشتی خۆی تاوانکاربووە!..

ئممم.. من بۆخۆم حەزم لە ئازاردانی کەس نییە.. بەڵام لەو کەسە خۆش نابم کە بیر لە ئازاردانم دەکاتەوە.. چاوەڕوانی ئەوە مەبە تۆڵە لە کەسێک نەکەمەوە وێرابێتی ئازارمبدات، کاتێک کەسێک دەیەوێ ئازارمبدات یان ئەوەم لێ زەوت بکات کە هی منە.. ئەوکاتە دەگۆڕێم بۆ زۆردارێکی ڕاستەقینە، هەرکەسێک بێتە ڕێگەم تێکیدەشکێنم، جا ڕادەی خۆشەویستیم بۆ ئەو کەسە هەرچەندێک بێت!..

تۆ بەو جۆرە بوویت.. هەرکەسێک ڕێگەی گەیشتنە ئامانجەکانت لێ بگرێت تێکیدەشکێنی.. جا ئامانجەکە چەند بچووک و بێبایەخیش بووبێ.. تۆ پێتوایە ئامانج پاساو بۆ ئامرازەکەی دەهێنێتەوە، بەڵام من بڕوام بەوەیە کە -هەندێک جارـ ئامراز لە ئامانج گرنگترە!.. کاتی کارکردنت لێت ڕادەمێنم.. لەبەردەمی پۆرتەبڵەکەتدا دادەنیشیت و چاودەبڕیتە نرخی پشکەکانی جیهان، کە لەسەر مۆنیتەرەکەت سەمادەکەن و مامەڵەیان پێ دەکەیت، لای ڕاستتەوە ئەو لاپەڕە سپیانە دانراون کە سەرەتای وتارەکەت لەسەر نووسیون.. لای چەپتەوە هەندێک سەرچاوەی کارگێڕی هەن کە بۆ توێژینەوەکانی زانکۆ پەنایان پێ دەبەیت.. لەمدیوی مۆنیتەری پۆرتەبڵەکەتەوە دادەنیشم و لێت ڕادەمێنم.. لەو پیاوە ڕادەمێنم کە خواستی ئەوەی هەیە ببێتە نووسەرێکی مەزن و بازرگانێکی گەورە.. هەروەها لە خوێندنەکەیدا سەرکەوتووبێت، بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستای زانکۆ و کۆششدەکات بۆ ئەوەی ببێتە بەرپرسی کاروباری خوێندکارە سعودییەکان لە ئاوارەیی.. خواستی ئەوەشی هەیە لە ماوەی ساڵێک یان دوو ساڵدا خێزانێکی بچووک لەگەڵ مندا پێکەوەبنێ!..

تێناگەم چۆن پێتوایە دەتوانی هەموو ئەوانە لە یەک کاتدا بکەیت!.. زۆرجار پێتدەڵێم هەریەکێک لە ئێمە شتی لەپێشتری خۆی هەیە و پێویستە ئەو شتانەی بۆ تۆ لەپێشترن دەستنیشان بکەیت بۆ هێنانەدیی هەندێکیان.. کەچی تۆ ڕازی نابیت خەون و خواستەکانت گەمارۆبدەی، پێتوایە دەتوانیت هەمویان لە یەک کاتدا بهێنیتەدی.. گەلێک جار بەوجۆرە بوویت عەزیز.. لێرە و لەوێ کۆششدەکەیت و هەموو خەونەکانت لە پلەی یەکەمدان.. بڕواتوایە دەتوانی بیانهێنیتەدی.. لەڕاستیشدا هەتاکو ئێستا هیچ کام لەوانەت نەهێناوەتەدی و هەرگیز هیچ کامیان ناهێنیتەدی.. لەو بڕوایەدای تەنیا زیرەکیت بەسە، بەڵام زیرەکی ناتوانێت لەهەمان کاتدا پارە و ناوبانگ و دەسەڵات و پۆستی بەرز و خۆشەویستی بهێنێتەدی!.. چاوچنۆکیت لە هەموو ئەوانەت بێبەشدەکات عەزیز، ڕۆژێک دێت ئەنجامی هەرەسهێنانێکی ئابووری (کە پێی ڕاهاتووین) یان قومارکردنێکی گەوجانە کە فێریبوی، هەموو ئەوانە لەدەستبدەی..

ڕۆژێک نایەت لە زانکۆ وانە بڵێیتەوە، چونکە هیچ ڕۆژێک پیاوی زانست نەبوویت و خوێندنەکەت لەسەر قاچێکی تەختەی ڕزیو ڕاوەستاوە.. نابیتە نووسەرێکی مەزن، لەبەرئەوەی لە نووسینەکانتدا بانگەشە بۆ شتێک دەکەیت کە بڕوات پێی نییە!.. لە خۆشەویستیشدا بەختەوەرنابیت، چونکە هەرگیز

بەوەفانەبووی، هیچ ڕۆژێک قوربانیت لەپێناو خۆشەویستیدا نەداوە..
کەواتە چۆن هەموو ئەوانە دەهێنیتەدی عەزیز..؟!.. توخوا پێم بڵێ چۆن پێتوایە دەتوانی لە هەموو ئەوانەدا سەرکەوتووبیت..؟ ئارەزووەکان و خواستەکانمان سەیرن.. تۆ لە ژیاندا هەمووشتێکت دەوێت، کەچی من جگە لە تۆ هیچ شتێکی ترم ناوێ.. تۆ دەتەوێ لە ژیاندا گشت خەونەکانت بهێنیتەدی، منیش پێویستم بەوەیە تەنیا یەک خەون بهێنمەدی، ئەویش تۆی!..
ژیان فێری ئەوەی کردوی تەنیا بە زۆر ڕازیبی.. ژیان فێری منیشی کردوە بە کەمی لەڕادەبەدەر ڕازیبم.. کە (تۆ) یت!..
بینیت ئارەزووەکانمان چەند سەیرن عەزیز..؟!.. بینیت ئارەزووەکانمان لە ڕووی قایلبوون و ڕازیبوونەوە چەند جیاواز و دژ بەیەکن..؟
ڤیکتۆر هۆگۆ وتویەتی (حەقیقەتی خۆمان تەنیا بەهۆی ئەو کارانەوە دەرک پێ دەکەین کە دەتوانین بیانکەین)... پێدەچێت حەقیقەتی من نارۆشن بێت، چونکە لەو کاتەی تۆم ناسیوە هیچم نەهێناوەتەدی.. تۆ هیچ شتێکت نەهێناوەتەدی، لەبەرئەوەی تەماعی هێنانەدیی هەمووشتێکت هەیە.. منیش هیچم نەهێناوەتەدی، لەبەرئەوەی جگە لە تۆ ئارەزووی هێنانەدیی هیچم نەبووە!..
هەردووکمان زۆر لە ڤیکتۆر هۆگۆوی ئەدیبەوە دوورین، کە لەبەر کارە ئەدەبییەکانی لەژێر کەوانەی سەرکەوتندا لە پاریس نێژراوە.. پێتوایە ئەو وەک تۆ تەماعی هەمووشتێکی هەبوو..؟!.. یان وەکو من خەونی خۆی لە تاقە کەسێکدا قەتیسکردبوو؟.. ئەو جیاوازبوو عەزیز.. بێگومان ئەو جیاوازبوو، چڵێس نەبوو.. سەرشۆڕو لاوازیش نەبوو، چاوەڕوانی ئەوە بکات یەکێک خێری پێ بکات، وەک من کە چاوەڕوانی ئەوەم لەخۆتم نزیکبخەیتەوە!..
تۆ زۆردارو چاوچنۆکیت!..
چۆن خۆشمدەوێیت، لەکاتێکدا ژنێکی وەک من زۆرداری خۆشناوێ و بەرگەی چاوچنۆکیش ناگرێت..؟!..
چۆن ئەوەت کرد عەزیز.. خۆزگە پێتدەوتم چۆن توانیت ئەوە بکەیت..؟!..

* * * *

پێش تۆ سەفەرمکرد بۆ (ڕیان).. پێموابوو پێش ئەوەی تۆ بێیتە داوام،

دەبێت لەناو خێزانەکەمدا زەمینەسازی بۆ مەسەلەی هاوسەرگیرییەکەمان بکەم، یان ڕاستتر بڵێم بابەتەکە لای دایکم باسبکەم.. هەمیشە کچەکان بەو شێوەیە ڕەفتاردەکەن.. ئارەزووەکانیان دەگوێزنەوە بۆ دایکەکانیان، ئەوانیش ڕۆڵی نێوانکار لە مەسەلەیەکدا دەگێڕن کە لای باوکەکان یان براکان ڕەتکراوەیە و بەردەوام لەبەردەمی تۆپهاوێژەکەدا ڕادەوەستن..!.. داوایان لێ دەکەین لەبەردەمیدا ڕاوەستن، هەتاکو لەبری ئێمە تۆپەکانیان بەربکەوێ.. بۆ پاراستنمان لە هێزێک کە توانای بەرەنگاربوونەوەیمان نییە، وەک ئەوەی ئەوان بەتەنیا توانای بەرەنگاربوونەوەیان هەبێت.. هەمیشە ئەوە لەیاد دەکەین هەمووومان ژنین و دایکیش وەک ئێمە ژنە، ژنێک کە ئامادەیە جوامێرانە تۆپەکانی بەربکەوێت، بۆ ئەوەی بەختەوەر و گەورە و گەشاوە بین.. ئەویش بەهۆی ئاسەوارەکانی پارچە تۆپەکانەوە بۆ ماوەیەک خوێنبڕێژێ، کە زۆرجار وریانین بەرامبەری و ئەویش هەرگیز باسی ئازارەکەی خۆی ناکات.. نازانم بۆچی وا لە دایکەکانمان دەکەین، کە پێیان لەسەروو بەهەشتەوەیە، نرخی ئەوە بدەن.. وەک ئەوەی ئەوە قەرزێک بێت دەبێت بیدەنەوە!.. هەمیشە پێموابووە دایک جێی نهێنیی کچەکەیەتی و پارێزەری نابینایەتی.. بەڵام دوای ئەوەی تۆم ناسی زانیم دایک پارێزەری جگەرگۆشەکانیەتی، چا کچ بن یان کوڕ!..

هەندێک جار کاتی قسەکردنت بە تەلەفون لەگەڵ دایکت چاودێریتدەکەم، تکای لێ دەکەیت داوای شتێکت لە باوکت بۆ بکات.. پارەیەک، واستەیەک، بەدواداچوونی مامەڵەیەکی گیرخواردو لەلای فەرمانگەیەکی حکومی.. هەمیشە تکای لێ دەکەیت قسە لەگەڵ باوکتدا بکات بەمەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ مەسەلە هەڵواسراوەکانت.. ڕۆژێک نەمبینی داوای شتێکت لێ بکات.. هەمیشە ئەوە دایکت بوە داوای لێ کراوە.. تۆش بوویت داواکانت جێبەجێکراوە.. دایکیشت هیچ تاوانێکی لە بێگارییەکەدا نەبووە، بەڵکو داواکاریی تۆی جێبەجێکردوە!..

ڕۆژێک لێم پرسیت: بە ئەندازەی خۆشەویستیی باوکت بۆ دایکت منت خۆشدەوێ..؟

وتت: نەخێر..!.. ئەوەی نێوان دایک و باوکم، وەک ئەوەی نێوان زۆربەی ژن و مێردەکانی نەوەکەیانە، تەنیا ئاشنایەتی و بەخشندەییە..

ئەوە چی تێدایە..؟

ئەگەر ئاشنایەتی و بەخشندەییم بویستایە، ئەوا ژنێکم دەهێنا کە نەم ناسیبایە، بەڵام من پێویستم بەوەیە ئەو ژنە بهێنم کە خۆشمدەوێت جومان.. من پێویستم بە تامەزرۆبوون و هۆگربوون و خۆشەویستییەکی بەهێزە پێکەوەمان ببەستن..

بەڵام ئاشنایەتی و بەخشندەیی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، بە مەرجی بەردەوامبوونی ژیانی هاوسەرگیری دانراون..

بێگومان خۆشەویستی ئاشنایەتی و بەخشندەیی لەگەڵ خۆی دەهێنێت..!..

بەڵام ئاشنایەتی و بەخشندەیی بەپێویست خۆشەویستی لەگەڵ خۆیاندا ناهێنن..

بەڵام دەشێت ئەو دوانە خۆشەویستی لەگەڵ خۆیاندا بهێنن.. ئەی مەی زییادە نەیوتوە (چەندین خۆشەویستی بەری هاوسەرگیری بوون)..؟

ئەمە ڕاستییەکە و ڕوودەدات.. بەڵام ڕێژەی ڕوودانی کەمە.. ئەوەی بەکردەوە ڕوودەدات ڕووخۆشی و بەخشندەیی و ڕاهاتنە..

لە فڕۆکەخانە (هیسرۆ) وشەکانتم دەهێنایەوە بیری خۆم.. لە نیشتمان نزیکتربوومەتەوە و لێدانی دڵم خێراتربوو.. یەکەمین جارە دەترسم بگەڕێمەوە بۆ ڕیاز، چونکە دەزانم بەرەو شەڕێکی سەرسەختانە دەچم.. تۆ بۆخۆت دەرک بە توندوتیژییەکەی ناکەیت.. لەکاتێکدا لە هۆڵی گەشتیاران چاوەڕوانبووم، تەلەفونم بۆ کردی، چاوەڕوانی تەلەفونەکەم بوویت، وەک ئەوەی بزانیت پەیوەندیت پێوە دەکەم..

پێموتی: پێموایە هەڵدێم!..

بەگاڵتەپێکردنەوە وتت: بووکی هەڵهاتوو!..

من دەترسم!..

جومان لەگەڵتدام، بۆیە ترست نەبێت.. گرنگ ئەوەیە هەڵەشەنەبیت.. کاتی گونجاو بۆ قسەکردن لەگەڵ دایکت بدۆزەرەوە.. هیچ پێویست بەپەلەکردن ناکات..

هیچ پێویست بەپەلەکردن ناکات!.. بۆچی تۆ پێتوایە پەلەکردن پێویست نییە!.. دەترسم لەناکاودا ڕاستییەکی تری خۆتم بۆ دەربخەیت کە حەزناکەم بیزانم.. ڕاستییەک لەو هەزاران ڕاستییەی ئاشنام پێیان و هەوڵدەدەم لەبیریان بکەم.. نازانم چۆن لەبیریان بکەم!.. تۆ نازانیت ئەوە چەند سەختە بۆ من.. چەند سەختە سەرکێشی بکەم بۆ داپۆشینی هەڵەکانت و هەوڵبدەم بۆ

دوورخستنەوەی خێزانەکەم لێیان.. سەرچڵی بکەم بەهەڵبژاردنت بەبێ ویستی ئەوان، لەکاتێکدا باش دەزانم هاوسەرگیرییەکی وەک ئەوەی ئێمە سەرکێشییەکە ڕێژەی شکستخواردنی لە ڕێژەی سەرکەوتنی زۆر زیاترە.. ڕازیبووم شوت پێ بکەم، چونکە تۆ تاقە خەونی منی.. لەبەرئەوەی شوکردنم بە تۆ سوکترینی دوو مەسەلەیە عەزیز، دەزانم لەوێ شەڕێکی توندوتیژ چاوەڕانمە، منێکی لوتبەرزی ملدرێژ، کە شوو بە پیاوێک ناکات داوێنپیسی و نابەرپرسیارێتیی سەربەرزیی پیسکردوە .. ئەندامانی خێزانەکەم نازانن کە تۆ لوتبەرزی و لەخۆباییبونی منت وێرانکردوە.. بەردەکانی قەوارەکەم وردوخاش بوون، بەرد لەدوای بەرد لە دوای بەرد!.. ئەوان نازانن ڕۆحم لەناو دەستی تۆدایە، لەناو پەنجەکانتدایە و بەتوندی دەیگوشی، هەڵدەچم و تۆش پەنجەکانت شلدەکەیت، منیش هەرەسدەهێنم!.. هاوسەرگیرییەکەمان سەرکێشییەکە تەنیا خۆم نرخەکەی دەدەم عەزیز، هەر خۆم بەتەنیا تاڵییەکەی دەنۆشم.. چونکە سەرەڕای (ساویلکەییم!) دەزانم پیاوێکی وەکو تۆ بەئاسانی دەستبەرداری ژیانێک نابێت کە پێی ڕاهاتوە و وازی لێ ناهێنێ..

ڕازیبووم و دەزانم ڕۆژێک لە ڕۆژان بەوەفانابیت بۆم، هەرگیز ڕێز لەوەی نێوانمان ناگریت.. ڕازیبووم هەتاکـو ئاخ بـۆ ڕازی نەبوونم هـەڵ نەکێشم، ئەگەرچی دەزانم پەشیمانی دەنۆشم بۆ ئەوەی کە شوم پێ کردی..

بەخۆمم وت: با پەشیمانی بنۆشم.. پەشیمانی نۆشتن بۆ هاوسەرگیرییەکەمان زۆر سوکترە لە ئاخ هەڵکێشان بۆ ڕەتکردنەوەی شوپێکردنت.. لانی کەم، جا هەرشتێک لەنێوانماندا ڕوویدابێ، خەونی شوکردن بەتۆم هێناوەتەدی.. کاتێک لە دەستپێکردنی گەشتی ڕووەو (ڕیاز) ئاگادارکراینەوە، بەقوڵی هەناسەمدا.. جانتاکەی دەستم و مۆبایل و چاویلکەکەم هەڵگرت و بڕیارم دا گشت ترسەکانم لە لەندەن جێبهێڵم، بڕیارم دا ئەمجارە وەک ژنێکی بەهێزی خاوەن بڕیاری سەربەخۆ بەرەو (ڕیاز) بفڕم.. بڕیارم دا بەرگری لەوە بکەم کە ئارەزوویدەکەم و ئەو کەسە هەڵبژێرم کە خۆشمدەوێ، بەبێ ئەوەی ژنێکی تر لە ململانێیەک هەڵبقورتێنم کە گوناهی تیایدا نییە، تەنیا لەبەرئەوەی دایکمە!.. بڕیارم دا بەتەنیا ئەو ململانێیە بکەم و هەر خۆیشم سەرەنجامەکەی بگرمەئەستۆ، ئەو سەرەنجامەی لە هەرکەسێکی تر باشتر دەزانم چی دەبێت.. ئەو ڕۆژە فڕیم بۆ (ڕیاز) و تەنیا یەک پیاو لە خەیاڵمدا بوو، ئەو پیاوەی

باش دەزانم دەستخەڕۆم دەکات.. چونکە کەس لە تۆ زیاتر ناتوانێت دەستخەڕۆم بکات عەزیز..
هەرگیز..!

❊ ❊ ❊ ❊

ڕۆژەکان، وێڕای سەختییان، بەخێرایی تێپەڕین.. هەمووشتێک وەک خەوێکی سەیر تێپەڕین، لەو خەوانەی لە ماهیەتیان تێناگەین، نازانین ئاخۆ خەونن یان تەنیا خەوی بێ سەروبەرن و هەناسەسوارمان دەکەن و بۆ چەندین شەو سواری سەرمان دەبن.. هەندێک شەوی تریش وەک خەونی ناسک دەردەکەون و بەناسکی ختوکەی مێیەتیم دەدەن، هەتاکو بە خەوێکی تر و شەوێکی تر هەڵم فریوێنن!..

فێری ئەوە بووم بەرەنگاری چارەنووسی خۆم نەبمەوەو لێی هەڵنەیەم عەزیز.. چونکە توانای ئەوەمان نییە خۆمان لە چارەنووس بدزینەوە عەزیز.. هیچ ڕۆژێک ناتوانین لەو نووسراوانەی تۆمارکراون و لەو چارەنووسانەی بڕیاریان لەسەر دراوەو لە ژیانێک کە نەخشەڕێژکراوە هەڵبێین.. وام لێهاتوە بەویستی خۆم لەگەڵتدا بڕۆم و چاوەڕوانی ئەوە بم بگەمە کۆتایی ڕێگەکە.. هەتاکو فایلی چارەنووس دابخرێت و بەفرمانی ئەو هەمووشتێک کۆتایی بێت، هەروەک چۆن هەمووشتێک بە فرمانی خوای مەزن دەستپێکردوە..

گەڕامەوە بۆ (ڕیاز).. بۆ ئەوە نا کە بەرەنگاری چارەنووس ببمەوە عەزیز، بەڵکو بۆ ئەوەی داکۆکیی لێ بکەم.. ئەگەرچی چارەنووس پێویستی بە داکۆکیکردن نییە.. دەزانم ئەوە لە چارەم نووسراوە کە دەبێت لەگەڵتدا بەردەوامبم، هەتاکو هەمووشتێکی سەوزی ناو ناخم دەسوتێنی، لەگەڵتدا بەردەوامدەبم، هەتاکو هەرچی ئاوی ڕوون لەناومدا لێڵدەکەیت.. چونکە هەتاکو هەمووشتێکی پاک لەناومدا پیس نەکەیت و هەرشتێکی زیندوو لەناومدا نەکوژیت وازم لێ ناهێنی!..

دەنگی بتیل بەئاگایهێنامەوە.. لەکاتێکدا دەستی کێشا بە ئەژنۆمدا وتی: دواجار هاتیتەوە!.. ئەمجارە زیاتر لە هەرجارێکی تر بیرمانکردی جومانە..

لەسەر قەراغی پێخەفی ژوورەکەم دانیشتبووم، سەبا و بیتل و جانتا داخراوەکانیش لەبەردەممدا بوون!.. دایکم لە تەنیشتمەوە ڕاوەستابوو، بەپەرۆشی و تاسەوە دەستی بەسەر قژمدا دەهێنا..

سەبا وتی: بتیل ڕاستدەکات، زۆر بیرمانکردی.. بڕواناکەم پاش ساڵێکی تر بگەڕێیتەوە!
بە زەردەخەنەوە سەیری دایکم کردو وتم: لەوانەیە هەرگیز نەگەڕێمەوە!..
دایکم بەبێزارییــەوە وتی: خوانەکات!.. وا ڕێککەوتوین بۆ بەدەستهێنانی بەکالۆریۆس ئاوارەبیت.. باقیی خوێندنەکەت لای خۆم تەواودەکەیت..
بتیل بەگاڵتەوە بەدایکی وت: کاتێک جومانە دێتەوە، کەسی ترت بەلاوە گرنگ نابێت!..
چاوم لێ داگرت و وتم: بۆیە هەر لەوێ دەمێنمەوە، هەتاکو چەند ساڵێکی تریش نازتان هەڵبگرێ..
سەبا لێی پرسیم: ماجستێریش تەواودەکەیت..؟
لەوانەیە!.. لەوانەشە شوویکەم..
دایکم لەسەرخۆ دەستی لە قژم کشـانەوە.. ئاوڕم لێ دایەوە.. بەنیگایەکی قوڵ تێیڕوانیم، کە زۆر پێی ئاشنام!..
بەتوندییەوە وتی: با ئەو باسە هەڵگرین بۆ کاتێکی تر.. پێدەچێت خوشکەکەتان ماندوو بێت!..
بتیل باوەشیکرد بە قاچمـدا و بە پاڕانــەوەوە وتی: با تۆزێکی تر لەگەڵی دابنیشین.. بیریدەکەین!..
دایکم وتی: ئەو بەدبەختە ماندووە!.. با وازی لێ بهێنین، هەتاکو خۆی بشـوات و دواتـر بێتە خوارەوە و لەگەڵمان دابنیشێت ، چونکە هەموومان بیریدەکەین!..
پاش ئەوەی دایکم و خوشکەکانم ڕۆیشتن بۆ ژووری دانیشتنی باوکم، پەیوەندیم پێوە کردی.. کاتێک وەڵامتدامەوە نیوە خەوتوو بوویت: ژیانەکەم!..
ببورە عەزیز!.. بێدارمکردیتەوە..؟
بەگاڵتەپێکردنەوە وتت: خۆت گێل مەکە، دەزانی بێدارتکردومەتەوە!.. ئای خوایە چەند خۆشە مرۆڤ لەســەر دەنگی مرواری خەبەرببێتــەوە.. پێم بڵێ.. گەیشتی..؟
بەتەوسەوە وەڵاممدایتەوە: تۆش دەزانیت کە گەیشتووم، ئەی بۆچی خۆت گێل دەکەیت!..
پێکەنیت: ماندوونەبیت.. هێشتا ڕیازەکەی تۆ خۆڵەمێشییە..؟
بەکەللەڕەقییەوە وتم: بەڵکو پەمەییە..

دەمزانی تووشی ڕەنگ کوێری بوویت!..

ڕازیدەبیت ژنێکی کەمئەندام بهێنی..؟!..

چاوێک بە مەسەلەکەدا دەخشێنمەوە! ئەوەی ئێستا گرنگە.. پێم بڵێ، مەسەلەکان چۆن دەچنەڕێوە..؟

دواتر بۆت باســدەکەم عەزیز.. دایک و باوکم چاوەڕوانمن.. تەنیا ویســتم هەواڵت بپرسم..

تۆزێک بێدەنگ بوویت و وتت: جومان.. مەترسە.. هەموو شتێک بە باشی دەچنەڕێوە.. بەڵێنت پێ دەدەم..

پێویست بوو ئەو بەڵێنەی خۆت ببەیتەسەر عەزیز، دەبوایە بیبەیتە سەر.. من دەمزانی بەڵێنەکانت (بێنرخ) و سوکن، بەڵام وێڵبووم بەدوایاندا، بەو هیوایەی ڕۆژێک بیگەیەنیتیەجێ.. لانی کەم ئەوجارە پێویستم بەوەبوو بەڵێنەکەت بەریتەسەر.. تەنیا ئەوەم بەس بوو عەزیز!.. ئەوە قەرەبوی هەموو ئەو بەڵێنانەی بۆ دەکردمەوە کە نەتگەیاندبوونە جێ.. قەرەبوی هەموو ئەو پەیمانانەی بۆ دەکردمەوە کە لەگەڵ من کردبووتن و پاشگەزببوویتەوە لێیان، چونکە هەنگاونان بەرەو هەندێک بڕیار، وەک هەڵبژاردنی ژیان یان مردن وایە.. هەندێک بڕیاری چارەنووسساز کە بەختەوەری و بەدبەختی گرێدراوی ئەوان دەبن.. پێویستە دەرفەت بە یەکێکیان بدەین بێتە ژیانمانەوە و بەوپێیەی بڕیارمانداوە و هەڵمانبژاردوە لەگەڵی بژین.. تۆش بڕیاری من بوویت، بڕیاری ژیان و مردنم کە دەبوایە هەنگاوی بۆ هەڵهێنم..

ڕوومکردە ژووری نانخواردن کە هەموو چاوەڕوانم بوون.. ئەو شەوە باسی هەموو ئەو ڕووداوانەمان کرد کە لە کاتی دووریی مندا پێشهاتبوون.. کێ شوویکربوو و ژنیهێنابوو.. کێ منداڵی ببوو.. کێ خوێندنی تەواوکردبوو.. کێ کۆچی دوایی کردبوو..؟ ئەگەرچی من ئاگاداری گشت ئەو ڕووداوانە بووم، چونکە ئەوەی دایکم بە تەلەفون پێم ناڵێت، بتیل و سەبا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێم ڕادەگەیەنن!.. ماندوو و نیگەران بووم، هیچ شتێک سەرقاڵم ناکەن، جگە لە تۆو (کەسوکار!)، کە حەزم نەکرد باسیبکەم.

خالیــد بە شۆخییــەوە وتی: جومانە ئەم ئێوارەیە ئارامە!.. چییە جومانە، گەورەبوویت..؟

وەڵاممدایەوە: هەر دەستەخوشکێکی من کوڕی هاوتەمەنی تۆی هەیە خالید.. کەچی هێشتا لێم دەپرسیت داخۆ گەورە بووم!..

سعود هـەردوو دەستی خسـتە سـەر سـەری خۆی: هەمـان چیرۆک دەستیپێکردەوە..!..

سەیری خالیدم کرد، کە زۆر باش دەزانم چەند بیرمەکات و هەردووکمان پێکەنین.. دەزانی خالید وەک تۆ گوزارشت لە تاسەی خۆی دەکات.. تاسەی ئەو وەک ئەوەی تۆ گاڵتەجاڕانەیە.. گاڵتەجاڕییەکەش بەئەندازەی شەوقەکەی توند یان هێمن دەبێت!.. دەزانی منیش وەک تۆم لێهاتووە.. ئەی پێم نەوتی هەر دوو عاشقێک دەگەنە قۆناغێک بەهەمان زمان قسەدەکەن و هەمان وشەگەلیش بەکاردەهێنن..!..

کاتێک بە خالیدم وت هەر دەستەخوشکێکم کوڕێکی هاوتەمەنی ئەوی هەیە، قسەکەی تۆم بیرکەوتەوە کە وتت، ئەگەر ژنت بهێنابایە ئەوا کچی هاوتەمەنی منت دەبوو!.. هەمیشە ئەوەم پێدەڵێی، هەتاکو جەغت لەسەر ئەوە بکەیتەوە کە هەموو شتێک دەزانیت، ئەزموونەکەت زیاترە و لە من باشتر تێدەگەیت..

بیانوی ماندووبوون و پێویستیم بە پشوودانم هێنایەوە، بۆ ئەوەی سەربکەوم بۆ ژوورەکەم.. هەرکاتێک سەردانی کەسوکارم دەکەم، چالاکییەکی سەیر بەجەستەمدا دەگەڕێت، وەک ئەوەی چەندین سەعات لەسەر کورسیی فڕۆکە دانەنیشتبووم، بەڵام ئەمجارە هەستم بەبێهێزی کرد.. ئەو بێهێزییەی پێش ڕووبەڕووبوونەوە دەکەوێت و وات لێ دەکات هەزار و یەک جار هەڵوەستەبکەیت، پێش ئەوەی هەنگاو بۆ هەرشتێک بنێی، یان ڕووبەڕووی مەسەلەیەکی مەزنی دیاریکراو ببیتەوە.. چومە ناو پێخەفەکەمەوە هەتاکو پەیوەندیت پێوە بکەم، پێویستم بەوە هەبوو ورەم بدەیتەبەر و دڵنیایی ببەخشیتە دەروونم، بۆ ئەوەی بخەوم.. پێش ئەوەی پەیوەندیت پێوە بکەم دایکم لە دەرگاکەی دام، هاتەژوورەوە و لە تەنیشتمەوە لەسەر پێخەفەکە دانیشت، ئانیشکی لەسەر سەرینەکە داناو لێم ڕاما.. وتی: جومانە، ئێستا پێم بڵێ.. چیتە..؟

بەزەردەخەنەوە پێموت: دایکە.. دەزانی من زۆر لە تۆ دەچم..؟

هیچ کەس خۆی نازانێت لە کەسێکی تر دەچێت.. ئەوە خەڵکن لە ڕادەی لێکچوون ئاگادارمان دەکەنەوە جومانە..

نا.. نا مەبەستم لێکچوون نییە لە ڕووخساردا، بەڵکو لە ڕەفتاردا.. دەزانی جارێک هەمان ڕەفتاری ئێستای تۆم لەگەڵ هەیفا کرد..؟

ئێستا من چیم کردوە..؟

خۆت دەخزێنیتە ناو پێخەفەکەمەوە، بۆ ئەوەی نهێنییەکانم بزانیت..
دەزانی نهێنییەکانمان تەنیا ئەو هەڵانەن کە دەیانشارینەوە..؟
کێ دەڵێت هەر نهێنییەک بۆ خۆی هەڵەیەکە..؟
چونکە ئەگەر هەڵە نەبوایە نەماندەشاردەوە..
دایکە.. وەک دایکەکانی تر قسەمەکە!..
بەڵام من دایکتم!..
تۆ جیاوازی.. تۆ وەک دایکەکانی تر نیت!.. تۆ ئەو هاوڕێیەی کە هەمیشە پشتگیریم دەکەیت، ئەگەر پشتگیریی تۆ نەبوایە، نەمدەتوانی لە بنچینەدا ئەم گەشتە بکەم..
دەترسم گەشتەکەت هەڵە بێت و هەمووومان نرخەکەی بدەین جومانە..
قیت دانیشتم: دایکە.. تۆ متمانەم پێ ناکەیت..؟
سەرەتا باسی هەموو حیکایەتەکەی (قیرلانی)م بۆ بکە..
دایکە.. عەبدولعەزیز چەند ڕۆژێکی تر دێت بۆ داواکردنم..
هەردوو چاوەکانی کرانەوە: ئاوەها..! بەو ئاسانییە..؟
گرفتەکە چییە..؟
گرفتەکە!.. تۆ نازانی گرفتەکە چییە جومانە..؟.. شوو بە پیاوێک دەکەیت متمانەت پێ ناکات..؟.. شوو بە پیاوێک دەکەیت دەزانی لە ساتەوەختی تووڕەبووندا وێرانتدەکات جومانە، وەک ئەوەی خەریک بوو بیکات.. بیهێنە بەرچاوی خۆت، چی ڕووی دەدا ئەگەر ئەو جارە باوکت یان یەکێک لە براکانت وەڵامیبدایەتەوە.. چی ڕووی دەدا ئەگەر پێی بوتنایە دەستت لەگەڵ پیاوێکی خێزانداردا تێکەڵکردوە..!.. جومانە، ئەوەی کچێکی خۆشبوێ ئازاری نادات..
ئەوە تەنیا هەڵەشەیی گەنجانە بوو دایکە..
هەڵەشەیی گەنجانە..؟.. ئەی پێت نەوتم سی و سێ ساڵانە..؟.. کەواتە ئەوە چ هەڵەشەییەکی گەنجانەیە تۆ باسی لێوە دەکەیت..؟
بەڵام دایکــە خۆشمدەوێت، تۆش دەزانی تەنیا شــوو بەو پیاوە دەکەم کە خۆشمدەوێت..
خۆشەویستی هەموو شتێک نییە جومانە..
بەچاوی پڕ فرمێسکــەوە پێموت: بەڵام تۆ شــووتکرد بــەو پیــاوەی خۆشتدەوێت..
لەبەر ئەوەیە پێتدەڵێم خۆشەویستی هەمووشتێک نییە جومانە.. هاوسەرگیری

تەواو جیاوازە لەگەڵ خۆشەویستیدا!.. کاتێک شوو دەکەیت هەموو هاوکێشەکان تێکدەچن، جا ڕادەی خۆشەویستیت بۆ ئەو پیاوە هەرچەندێک بێت و تا چەند پێتوابێ لێی تێگەیشتوویت.. بڕوام پێ بکە بۆت دەردەکەوێت کە هەرگیز نەتناسیوە..

ڕێگەمبدە تاقیبکەمەوە دایکە..!.. دەرفەتی ئەوەم بدەنێ ئەو پیاوە هەڵبژێرم کە ژیانی خۆمی لەگەڵ بەسەردەبەم..

کەس ناچاری نەکردویت شوو بە پیاوێک بکەیت کە حەزی لێ ناکەیت جومانە، بەڵام ئەم پیاوە هەرگیز گونجاو نییە بۆ تۆ..

دایکە، من بۆخۆم سەرەنجامی هاوسەرگیرییەکە دەگرمەئەستۆم.. بڕوام پێ بکە هەرگیز هانا بۆ ئێوە نابەم.. هەرچییەک لەنێوان من و ئەودا ڕوویدات داوای ئەوەتان لێ ناکەم بێنە نێوانمانەوە، هیچ ڕۆژێک گلەیی ئەوەت لێ ناکەم بۆچی ڕێگەی ئەوەت پێدام شووی پێ بکەم!..

جومانە ئەو پیاوە گونجاو نییە بۆ تۆ.. من دایکتم و دەزانم چی لە بەرژەوەندیی تۆدایە..

بەدەم گریانەوە دەستیم گرت: تکایە دایکە.. تۆ دایکمی، ئەگەر تۆ پشتم نەگریت، کێ پشتم بگرێت.. بڕوام پێ بکە دایکە، بەختەوەریی من لەگەڵ عەبدولعەزیزدایە.. ئەو بەدرێژایی چوار ساڵی پێشوو پارێزگاریی لێ کردوم.. سوێند دەخۆم، ئەگەر شوو بە عەبدولعەزیز نەکەم، ئەوا شوو بە کەسی تر ناکەم!.. توانای ئەوەم نییە پیاوێکی ترم خۆشبوێ، لێم تێبگە..

جومانە.. سبەینێ گەورەدەبیت و لەبیرتدەچێتەوە.. کاتێک شوو بە پیاوێکی گونجاو دەکەیت، بڕوام پێ بکە زۆر بەم ڕۆژگارە پێدەکەنی!..

بەدەم گریانەوە هاوارمکرد و پێموت: دایکە.. من هەرزەکار نیم، هەتاکو پێم بڵێی کاتێک گەورە دەبم لەبیرم دەچێتەوە!.. دایکە ئەوە بکە کە دەتەوێ، من سەرپێچیتان ناکەم.. بەڵام سوێندت بۆ دەخۆم، ئەگەر لەوتان بێبەشکردم، ئەوا هەرگیز لێتان خۆش نابم..!..

بەتوڕەبوونەوە ناوچەوانی خۆی گرژکرد: جومانە.. شێت بوویت هەتاکو ئەو قسانە بکەیت..؟

من وتم سەرپێچیتان ناکەم.. بەڵام وتم هەرگیز لەوە خۆش نابم ئەو ڕەتبکەنەوە، ئەوەش مافی خۆمە..

تەلەفونەکەت ئاخاوتنەکەی پچڕاندین، وەک ئەوەی هەستم پێ بکەیت

عەزیز.. دایکم سەرەتا گوێی پێ نـــەدا، بەبێ ئەوەی مۆڵەتی لێ وەربگـــرم وەڵاممدایتەوە..

پاش ئەوەی گوێت لە دەنگم بوو، بەنیگەرانییەوە وتت: جومان.. ئەوە چییە..؟!.. بۆ دەگریت..؟

بەدەم گریانەوە پێموتی: هیچ نییە، دواتر پەیوەندیت پێوە دەکەم..

قیژاندت: تەلەفونەکە داناخەمەوە جومان..!.. تکایە پێم بڵێ چیتە..؟

لەکاتێکدا سەیری دایکمم دەکرد کە زۆر بێزاربوو، پێموتی: هیچ نییە.. تەنیا قسەم لەگەڵ دایکم دەکرد..

تۆزێک بێدەنگ بوویت و وتت: ئەو ئێستا لەلاتەوەیە..؟

بەڵێ..

بمدەرێ!..

بە سەرسامییەوە لێم پرسیت: بۆچی..؟

بمدەرێ.. قسەی لەگەڵ دەکەم..

پێویست بەوە ناکات..

جومان..خۆشەویستەکەم لە هیچ مەترسە، بمدەرێ..مەسەلەکە چارەسەردەکەم..

بەدەستێکی لەرزۆک تەلەفونەکەم بۆ ڕاگرت، بە دەنگێکی کز پێموت: دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات!..

وام دەزانی ڕازی نابێت قســـەت لەگەڵ بکـــات، کەچی تەلەفونەکەی لێ وەرگرتم و وەڵامیدایتەوە: بەڵێ!..

...............

باشم، تۆ چۆنیت..؟

...............

عەبدولعەزیز.. دەتوانی پاش پێنج خولەک بە تەلەفونەکەی خۆم پەیوەندیم پێوە بکەیت.. پێموایە دەزانی ژمارەی تەلەفونەکەم چەندە، وانییە..؟

..............

باشە.. خواحافیز!..

دایکم تەلەفونەکەمی فڕێدایە سەر پێخەفەکەم و هەڵسا: جومانە.. پاش قسەکردن لەگەڵ ئەو دێمەوە بۆ لات، تکایە ئارامبە هەتاکو دوور لە هەڵچوون پێکەوە قسەبکەین.. دڵنیابە من ئەوە دەکەم کە لە بەرژەوەندیی تۆدایە..

وەک منداڵێکی بچووک هەنسکم دەدا.. منداڵێک کە دایکی لە یەکەمین

ڕۆژی خوێندندا لە حەوشەی قوتابخانەکە جێهێشتووە، هەتاکو ڕووبەڕووی دنیایەکی نوێ ببێتەوە، کە هیچ لێی تێناگات و هیچ کەسێکی تیادا ناناسێت!.. دەزانم لە یەکەمین تاقیکردنەوەدا دەرنەچووم، دەبوایە ئاخاوتنم لەگەڵ دایکم دەربارەی تۆ ئاسانترینی ئەو مەسەلانە بوایە کە بەسەر من هاتبوون و پیایاندا تێپەڕدەبووم، پێویستبوو لە قسەکردن لەگەڵ دایکم بەهێزتربوومایە، چونکە پێشتر دەیزانی هەیت.. لەبەردەم یەکەمین نیشانەکانی ڕەتکردنەوە لەلایەن دایکمەوە هەرەسم هێنا، لەکاتێکدا دەزانم ئاسانە دڵی پێم بسوتێ و بەزەیی پیامدا بێتەوە.. ئەی چی ڕوودەدات، ئەگەر بۆ ساتەوەختێکیش هەستمکرد باوکی دووربینی بەزەبرم، کە ڕای خۆی دەربارەی هیچ شتێک ناگۆڕێت و هیچ کەس ناتوانێت بڕواکانی بگۆڕێت، قبوڵت ناکات..؟! کاتی قسەکردنت لەگەڵ دایکم دەیان جار پەیوەندیم پێوە کردی.. ئاخاوتنەکەتان درێژخایان بوو، سەعات و نیوێک زیاتری پێ چوو.. پەیوەندیم دەکرد هەتاکو دڵنیابم لەوەی هێشتا پێکەوە قسەدەکەن، سەرقاڵیی هێڵی تەلەفونەکەت زیاتر دەیشڵەژاندم و دەترسام دایکم بە شتێک بریندارت بکات.. دەترسام لەوەی لە دەمت دەربچێت و باسی چیرۆکەکەت لەگەڵ یاسەمین و هاوسەرگیرییەکەت بکەیت.. پێشوەخت وا ڕێککەوتبووین ئەو مەسەلەیە بەنهێنی لەنێوان خۆماندا بمێنێتەوە و هیچ یەکێک لە کەسوکاری تۆو من پێی نەزانێت.. بەڵام وێڕای ئەوە هەر ترسام دایکمی لێ ئاگاداربکەیتەوە و حیکایەتەکەمان پێش دەستپێکردن کۆتایی بێت..

هەوڵمدەدا پەیوەندیت پێوە بکەم، دایکم بەبێ ئەوەی لە دەرگا بدات خۆی کرد بە ژووردا، لەسەر قەراغی پێخەفەکە دانیشت و وتی: دەموچاوت بشۆو پەیوەندیی پێوە بکە، هەتاکو دڵنیاییبکەیتەوە، چونکە زۆر بۆت نیگەرانە..!..

بەدەم هەنسکدانەوە، بەبێ ئەوەی سەیریبکەم، سەرم بۆ لەقاند..

کاتێک بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت وتی: لەو بارودۆخەدا نەخەوی.. پلەی ئێرکۆندیشنەکەش کەمبکەرەوە هەتاکو نەخۆش نەکەوێت..

ئینجا چووە دەرەوە..

لەبەر تینی گریانەکەم دەلەرزیم، کە تەلەفونم بۆ کردی، بەدەنگێکی ئاسوودەوە وەڵامتدامەوە: سەلام!..

عەزیز چی لەنێوانتاندا ڕووی دا..؟

بە نەرمونیانیەوە وتت: هێشتا هەر دەگریت..؟

نەمتوانی وەڵامبدەمەوەو جارێکی تر دەستمکردەوە بە گریان.. دەنگت لەو سەرەوە گەرموگوڕبوو: جومان..!.. جومان..

لە ترسدا دەگریام عەزیز.. دەترسام دنیا لە تۆم بکات، پاش ئەوەی تۆ ڕازیبوویت تیایدا هاوبەشم بیت.. دادپەروەرانە نەبوو، پاش ئەو هەمووشتانە بێبەش بکرێم لێت.. هیچ دادپەروەرانە نەبوو..

وتت: جومان.. جومانەکەم، ئازاری دڵم.. گوێم لێ بگرە..

قیژاندم بەسەرتدا: It`s not fair..!..

بڕیاردەرانە وتت: خۆشەویستەکەم.. متمانەم پێ دەکەیت..؟

بەڵێ متمانەت پێ دەکەم..

کەواتە لە هیچ مەترسە.. بەڵێنت دەدەمێ هیچ کەس لە منت ناسەنێ و هی من دەبیت... ڕێککەوتین..؟

بەدەم سڕینی فرمێسکەکانمەوە وتم: ڕێککەوتین..

کەواتە ئارامبەرەوە.. فرمێسکەکانت بسڕەوە بەیبی، جارێکیتر مەگری.. ئەو مەسەلەیە لەبیربکە و بۆ منی جێبهێڵە..

دایکم چی پێوتی..؟

بەگاڵتەپێکردنەوە وتت: باشترە بڵێی چی هەیە لێی نەپرسیوی..؟

چی وت..؟

ئممم.. دەربارەی هەمووشتێک لە ژیاندا پرسیاری لێ کردم، مێژووی خێزانە خانەدانەکەتانی بۆ گێڕامەوە.. دوو هەڕەشەی داپۆشراوی شاراوەشی تێکەڵ بە قسەکانی کرد..

تێنەگەیشتم.. چۆن دوو هەڕەشەی تێکەڵ بە قسەکانی کرد..؟

گرنگ نییــە..!.. ئــەو دەیەوێت لەمنت بپارێزێ، ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتی و چاوەڕوانکراوە.. ڕاستگۆیانە قسەم لەگەڵ کرد و هەوڵمدا هۆکاری ڕەفتاری پێشووی خۆمی بۆ ڕوونبکەمەوە، پێموایە ئەو تێگەیشتنی بۆی هەبوو، یان بابڵێین تێگەیشت چەند خۆشمدەوێی..

پێتوایە..؟

پێموایە جومانە.. دەزانیت لە وڵاتێکی وەک ئەوەی ئێمەدا، دەگمەنە دایک هەبێت وەک دایکت، کە خوێندنی زانکۆی تەواوکردبێ و لە کۆتایی چلەکانی تەمەنیدا بێت، بە ڕووی ئەوانیتردا کراوەبێت..

پشت بەوە مەبەستە عەزیز.. ئەگەر بێتو مەسەلەکە پەیوەندیی بە

کچەکەی خۆیــەوە هەبێــت.. دایکم وەک هەمــوو دایکــەکانی تــرە..
ئیممم.. کەواتە دوو ئەگەر لەئارادایە جومانە، یان دایکت منی بەدڵبووە، یاخود دەیەوێت وام لێ بکات بەو جۆرە وێنای بکەم.. چونکە دەزانێت ناتوانێت لە منت دابڕێت!.. ئەمەش ئەگەرێکە، چونکە دایکت ژنێکی ژیرە..
ئێستا چی دەکەیت..؟
ئێستا.. ئارامبە و بخەوە!.. کاتێک پاش چەند ڕۆژێک دێمەوە بۆ ڕیاز، هەموو شتێک چارەسەر دەکەم..
عەزیز.. پێم بڵێ چی دەکەیت..؟
لەگەڵ دایکتدا ڕێکەوتین کە مەسـەلەکە بەشێوەیەکی ئاسایی و بەبێ دەسـتوەردانی تۆ ئەنجامبدرێت.. هیچ پێویسـت ناکات کەسی خێزانەکەت بزانێت یەکترمان خۆشدەوێ.. لە زانکۆ تۆم دیوە.. بەدڵم بوویت.. هاتومەتە داواکـاریـت..
ئەی ئەگەر لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە بە پەیوەندییەکەمانیان زانی..؟
جومان.. باوکت لە (ڕیاز) پرسیار دەربارەی من دەکات.. ناگاتە کەنەدا!.. تەنانەت ئەگەر گەیشتیش، هیچ یەکێک لە هاوڕێکانمان باسی ئەوەی بۆ ناکات.. هیچ کامیان جگە لە باشیم شتی تر بۆ باوکت باس ناکات.. یەکەم لەبەر ئەوەی هەموویان هاوڕێمن.. دوەم دەزانن زۆر یەکترمان خۆشدەوێ.. بۆیە سڵ لە هیچ مەکەرەوە..
نـازانم..
مەترسە و مەسەلەکە لەبیر بکە.. پێم بڵێ، چاوەکانت ئاوساون..؟
تۆزێک..
وەک چاوەکانی بەچکە کەروێشکەکان..؟
پێکەنیم: لەوانەیە..
با!.. تۆ «کەروێشکۆکە»ی منی.. کە زۆرم خۆشدەوێت و هەمیشە دەیپـارێـزم..
دەزانیت میزاجی منت ڕەنگدار کرد؟
دەزانیت تۆ هەموو ڕەنگەکانی ژیانی منی..؟
بەگاڵتەوە پێموتی: ڕاست نییە!..
بەخوا بەڕاستمە..
پێکەنیم و هەموو ترس و خەفەتم ڕەوییەوە..

وتت: بەیبی.. هەمووشتێک لەبیربکە، دوعایەکت بەسەردا دەخوێنم، بۆ ئەوەی خەوت لێ بکەوێ و خەوم پێوە ببینی.. ڕێککەوتین..؟

ئەی تۆ چی دەکەیت..؟

دەچم بۆ بازاڕ هەتاکو هەندێک کەلوپەل بۆ کچەکان بکڕم..

کام کچانە..؟

بەگاڵتەپێکردنەوە وتم: برادەرەکانم!..

قیژاندم بەسەرتدا: عەبدولعەزیز!..

کام کچانە جومانە!.. بێگومان مەبەستم خوشکەکانمە.. دەزانیت چەند ڕۆژێکی تر دەگەڕێمەوە و هێشتا هیچم بۆ نەکڕیون!...

بەبێزارییەوە و وەک کەسێک کە باوەڕی نەکردبێت: خوشک ک ک کەکانت!.. باشە سڵاوی منیان پێ بگەیەنە..

وادەکەم.. ئێستا بێدەنگ بە با دوعاکەت بەسەردا بخوێنم..

بێدەنگ بووم.. گوێم گرت لەو دوعایانەی هەموو شەوێک بەسەرمدا دەیانخوێنی..

تەلەفونەکەم داخستەوە.. بە زەردەخەنەوە سەرینەکەم لەئامێزگرت و ئەو شەوە تەنانەت یەک دڵۆپ فرمێسکیشم نەڕشت.. ئای عەزیز، خۆزگە دەزانیت ئەو شەوە چەند شادمانتکردم!..

* * * *

لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و بەهۆی ماسنجەرەوە پەیوەندیم بە زیادەوە کرد.. لە (دوا) ئاخاوتنمانەوە پێکەوە قسەمان نەکردوە.. هەوڵمداوە خۆمان لێک دووربگرین، وەک ئەوەی لەگەڵ تۆی کردوە.. سەلامم لێ کرد، بەکورتی وەڵامیدامەوە..

زیاد.. پێویستم بەوەیە ڕاوێژێکت پێ بکەم..

فەرموو..

شوو بە عەزیز دەکەم..

....

زیاد.. هێشتا لێرەیت..؟

..Yes, I`m here

شتێک بڵێ..

سەرەتا وتت ڕاوێژێکم پێ دەکەیت.. ئینجا وتت شوو بە عەزیز دەکەم..!..

تۆ هەواڵم دەدەیتێ جومانە.. ڕاوێژم پێ ناکەیت..

ئەمە ڕاست نییە..!.. دەمەوێ وەک هاوڕێیەکم ڕات بزانم..

ئەگەر ڕاوێژکردن بوایە نەتدەوت شـوودەکەم!.. گەیاندنی زانیاری لەترسی هــەر شــتێک..

چۆن تا ئەو ڕادەیە دڵڕەقبوویت..؟

ئەی بۆچی تۆ تا ئەو ڕادەیە ساویلکەیت..؟

من ساویلکە نیم زیاد.. من خۆشمدەوێت..

نێتشە ڕۆژێک وتویەتی (چاویلکەیەکی بەهێز بەسە بۆ چاکبوونەوەی عاشقێک).. بڕوام پێ بکە تۆ ئێستا چاوکوێر و زەینکوێری جومانە..

پێویستم بە چاو و زەین نابێت ئەگەر بەتەنیا بمرم زیاد.. نامەوێت وەک نێتشە بەتەنیا و شێتی بمرم..

هەمیشە بەشێوەیەک قسەدەکەیت، وەک ئەوەی عەبدولعەزیز تاقە پیاو بێت!، تاقە بژار بێت..

پێدەچێت دەردی من ئەو بێت و تەنیا ئەویش دەرمانەکەم بێت!..

تۆ لە چاکبوونەوە دەترسیت.. ئارنست هەمەنگوای ڕاستیوتوە کە دەڵێت، خۆشەویستی نەخۆشییەکە، لەوە دەترسم کە نەخۆشەکە لێی دەترسێت، ئەویش چاکبوونەوەیە..

دەبینم هەر پەنا بۆ قسەی شێتەکان دەبەیت.. ئەوانەی تەنیا و شێت بوون و خۆیان کوشتوە..

جومانە.. بڕوام پێ بکە شووکردنت بەو لە چارەت نەنووسراوە..

با لە چارەم نووسراوە زیاد!..

دەزانیت کە لە چارەت نەنووسراوە..

بۆچی تۆ ئاگاداری چارەنووسی ئێمەیت..؟

نا.. بەڵام چارەنووستان بە ڕوونی دیارە!..

دەزانم کە پێکدەگەین..

بینیت!.. تۆ بۆ ڕاوێژپێکردنم پەیوەندیت نەکردوە.. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم جومانە..

ئیتر ماسنجەری جێهێشت..!..

❊ ❊ ❊ ❊

چەند ڕۆژێک دوای من گەیشتی.. وەک هەور هاتی، هەورێک کە زەوی دادەپۆشێ بۆ ئەوەی هیوای بەسەردا ببارێنێ و خۆشییەکی سەوز لەسەری بڕوێت.. دایکم پێش هاتنەوەکەت و پاش تەلەفونەکەتان ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ کردم، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ!.. دەربارەی مەسەلەکە قسەی لەگەڵ نەکردم و سەبارەت بە تۆش لێی نەپرسیم.. ئەو ڕەفتارەیم پێ سەیربوو، بەڵام تۆ وتت چاوەڕوانی ئەوەت دەکرد.. وتت (ئەوەی دایکت دەیکات پێی دەوترێ «خەڵەتاندنی دایکان»، سڵ لەوە دەکاتەوە شتێکی نێوانمانی لێ بشاریتەوە، بۆیە هەوڵدەدات دڵنیات بکاتەوە، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ مامەڵەت لەگەڵ دەکات، دایکت زیرەکە جومان..)

پێموتی: بۆماوەیە!..

بەگاڵتەپێکردنەوە وتت: بڕوام پێ بکە، ئەگەر بەڕادەی ئەو زیرەک بوومایە بڕیارم نەدەدا هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم..

دەزانی عەزیز.. زۆرجار حەزمکردوە وەک دایکم بم.. دایکم بەبێ ویستی خۆی فێریکردم چۆن قوربانی لەپێناو ئەو کەسەدا بدەم کە خۆشمدەوێت.. دایکم دەترسێت ژیانێکی وەک ئەوەی ئەو بەسەربەرم!.. سڵ لەوە دەکاتەوە دەستبەرداری مافەکانی خۆم بم یان قوربانی بدەم و شتی تری لەو جۆرە، چونکە پێیوایە شایستەی ئەوەم کەسێک قوربانی لەپێناومدا بدات، نەک من قوربانی لەپێناویدا بدەم.. بەڵام پێدەچێت قوربانیدان جینێکی بۆماوە بێت، دەبێت ژنەکانی خێزانەکە بیگرنە ئەستۆ عەزیز!..

پێش ئەوەی سواری فڕۆکەکە بیت پێتوتم (جومان مەترسە.. بڕوام بەوەیە کە ئەل نەحساس ڕۆژێک وتویەتی، ئەگەر دڵەکان پێک گەیشتن، ئەوا هیچ هێزێک ناتوانێت لێکیان بکاتەوە.. دڵمان پێک گەیشتوە و هیچ کەسێک ناتوانێت لێکیان بکاتەوە..).. بڕوام بەوە هەبوو کە تۆ بڕوات پێی هەبوو عەزیز.. بەڵام ئیمڕۆ باوەڕم بەو بیروڕا و بڕوا و پرنسیپانە نەماوە، کە بڕوات پێیان هەبوو!.. نازانم داخۆ بەڕاستی لەدەستت ڕزگارمبووە یان تەنیا توڕەم لە هەرشتێک کە بەشێکە لە تۆ یان تۆی پێ دەناسرێیتەوە.. بەئەندازەیەک لێت توڕەم کە لە ئازاردا گرمۆڵەبووم..!.. نەفرەتی لەو ڕۆژە دەکەم کە تۆم تیادا ناسی و خۆشمویستی، هەتاکو دواتر لە شکۆم داماڵیت.. (نەفرەتی و جنێوەکان) کە لەنێوان لێوەکانمەوە دێنە دەرەوە،

ئاگری ئەو گڕکانەیە کە لەناو گەدەمدا بەبێسوود هەڵچووە و کڵپەیسەندوە!..
ئەی ئەفلاتون نەیوتوە «تورەبوونی زۆر مرۆڤ کوێردەکات»..؟!..باشتربوو بڵێت تورەبوونی زۆر بەئازارە عەزیز.. نازانم چۆن تورەبوونی فەیلەسووفەکە بەدەربووە لە ئازار!.. ئایا بەئەقڵدا نەهاتووە ڕۆژێک تورەبوونی دەگاتە قۆناغی ئازار؟!....... لەوانەیە!..
هەر کە گەیشتی پەیوەندیت پێوە کردم: (ڕیان)م ڕووناککردەوە؟
وەڵاممدایتەوە: تەنیا ڕووناکتکردنەوە!.. ڕووناکییەکەت بووە هۆی ئەوەی تەزووە کارەبا بە لەشماندا بێت..
بەگاڵتەپێکردنەوە وتت: تەزووەکە وەک جاران ڕایچڵەکاندیت..؟
نا، ڕایتەکاندم!..
تۆزێک پێکەنیت، ئینجا وتت: جومان.. بیگرە..!.. قسە لەگەڵ دایکم بکە..
گوێم لە دەنگی دایکت بوو دەیوت: نامەوێ قسەی لەگەڵ بکەم!..
چەند چرکەیەک بێدەنگ بوویت، دواتر وتت: جومــان.. پاش دە خولەک پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە..
پاش داخستنەوەی تەلەفونەکە زۆر بێزاربووم، شێوەی قسەکردنی دایکتم بەدڵ نەبوو.. دەنگی وشک بوو، شێوازی قسەکردنی زۆر ڕەقبوو، نازانم هۆکەی چییە!..
پاش نزیکەی سەعاتێک پەیوەندیت پێوە کردمەوە، کە دەبوایە تەنیا چەند خولەکێک بێت.. وتم: عەزیز.. چی بووە..؟
هیچ..!.. باسی هەموو ئەو شتانەم بۆ بکــە کــە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویان داوە.. بیرتدەکەم..
هەستمکرد دایکت تورەیە لێم..
بەتورەییەوە وتت: بۆچی دەتناسێت، هەتاکو تورەبێت لێت جومانە..؟
کەواتە چی بووە..؟
هیچ..
تکات لێ دەکەم عەزیز.. پێم مەڵێ هیچ ڕووی نەداوە.. چونکە ساویلکە نیم..
دەتەوێت چی بزانیت..؟
دایکت چییەتی...؟
هیچ، هەندێک گرێی کۆمەڵایەتییە، دڵنیام پێیان ڕاهاتوویت.. بۆیە تکایە مەسەلەکە گەورە مەکە..

بەسەرسامییەوە وتم: گرێی کۆمەڵایەتی!..
بەڵێ!.. گرێی کۆمەڵایەتی..!... لەناکاودا بڕیاری دا کە تۆ بۆ من گونجاو نیــت..
بەڵام تۆ پێتوتم ئەو بە هاوسەرگیرییەکەمان ڕازییە..؟
ڕازیبوو..!.. پێیوابوو تۆ تەنیا هاوڕێیەکی زانکۆیت کە حەزم لێ کردویت.. بەڵام بۆی دەرکەوت کە خۆشمدەوێی.. ئەوەش کێشەی دروستکردوە..
ئەی لەوەپێش پێت نەوتوە یەکتریمان خۆشدەوێت..؟
بـا!.. بەڵام ئەو پێیوابوە مەسەلەکە سنووری حەزلێکردنی دووربەدووری نـەبـەزانــدوە..
پێدەچێت گاڵتەم لەگەڵ بکەیت!..
بەتوڕەییەوە وتت: گاڵتەناکەم!.. ئێستا لەوە دڵنیابوویت کە توڕەبوونم لەم شار و کۆمەڵگەیە لە جێگەی خۆیدایە..؟.. لەئێستا بەدواوە سەرزەنشتم مەکە بۆ ڕقەکەم جومانە.. دەزانی جومانە، دەمتوانی وەک زۆربەی عاشقەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بە کەسوکارم بڵێم خوشکی هاوڕێیەکی منی و تۆش بە کەسوکارت بڵێی من برای دەستەخوشکێکی تۆم.. دەمتوانی هەر چیرۆکێک بخوڵقێنم کە بڕوایان پێ بهێنێ.. بەڵام ویستم کەسوکارم بزانن ئەو کەسە دەهێنم کە خۆشمدەوێت، تەنانەت ئەگەر هاوسەرگیرییەکەم ڕووبەڕووی ئاستەنگی کۆمەڵایەتیی گەمژانە و پڕوپوچیش ببێتەوە..
ئەی چی دەکەیت؟!..
هاوارتکرد: شوو بەیەک دەکەین و لەم کۆمەڵگەیە دەرتدەهێنم و هەرگیز بۆی ناگەڕێینەوە.. تێگەیشتی جومانە..؟.. هەرگیز بۆی ناگەڕێینەوە، لەمڕۆ بەدواوە ڕێگەت پێ نادەم بەرگری لەم شارە یان کۆمەڵگەیە بکەیت!..
لەکاتێکدا هەستمدەکرد شکۆم خوێنی لێ دەتکێ وتم: عەبدولعەزیز.. هەرگیز و بۆ ساتێکیش ئەوەت بە خەیاڵدا نەیەت ڕازیدەبم شوو بە پیاوێک بکەم خێزانەکەی ئەوە ڕتدەکەنەوە ببمە بەشێک لەوان.. تەنانەت ئەگەر ئەو پیاوە تۆش بیت!..
بەبێ ئۆقرەییەوە وتت: جومانە.. دڵم بە ئاخاوتنێک ئازار مەدە کە سوودی نییە!.. خێزانەکەی تۆش هاوسەرگیرییەکەمان ڕەتدەکەنەوە.. بۆیە دەرگای شکۆمان بەڕوودا مەکەرەوە..
نازانم بۆچی کۆمەڵگەکەمان لە هاوسەرگیریی ئەنجامی خۆشەویستی

دەترسن.. بۆچی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان ئەوە ڕەتدەکەنەوە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کەسەدا ئەنجامبدەن کە خۆشیاندەوێت؟.. تێناگەم بۆچی ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە بە گوناهکردن دادەنێن.. بۆچی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە حەرامدەکەن..؟!.. لەکاتێکدا ئەو هاوسەرگیرییە شەرعییە و بەپێی شەریعەت حەڵاڵکراوە و پشتبەستووە بە کۆڵەکەکانی شەریعەت!..

دایکت لەسەر خۆشەویستیم بۆت سزامدەدات.. وەک چۆن دایکم لەسەر خۆشەویستت سزاتدەدات!.. دایکت پێیوایە من لەبەر خۆشەویستیم بۆ تۆ و خۆشەویستیت بۆ من ژنێکی خراپم!.. پێیوایە بۆ تۆ گونجاونیم و شایستەی ئەوە نیم ناوم بە ناوتەوە بنووسێت، چونکە پێش هاوسەرگیری تۆم ناسیوە و تۆش پێش بڕیاردان لەسەر ژنهێنان منت ناسیوە.. نازانم بۆچی هەرکەسێک سەر بە خێزانەکەت بێت لەسەر خۆشەویستیم بۆت سزامدەدات عەزیز!.. تۆ لەسەر خۆشەویستییەکەم سزاتدام.. ئەوەتا خێزانەکەشت بەشێوازی ڕەتکردنەوەی هاوسەرگیرییەکەمان سزامدەدات..

ئایا خۆشەویستییەکەت تا ئەو ڕادەیە نەفرەتلێکراوە!..

پاش داخستنەوەی تەلەفونەکە، بیرم لەوە کردەوە عەزیز، کاردانەوەی دایکت چی دەبوو ئەگەر بە مەسەلەکەی یاسەمین و هاوسەرگیرییەکەتانی بزانیبایە.. دڵنیام ئەو مەسەلەکەی بە «هەڵەشەیی» گەنجانەی دادەنا و لەبیریدەکرد، وەک ئەوەی ڕۆژێک ڕووی نەدابێت، بۆی دەپۆشیتو سووردەبوو لەسەر ئەوەی کوڕەکەی داوێنپاکە و ڕێگەنادات هێنانی ئەو ژنەی خۆشیدەوێت داوێنپاکییەکەی پیس بکات!.

ئێمە ڕووبەڕووی کێشەی دایکم ببوینەوە، ئێستا دەبێت بەرەنگاری دوو کێشە ببینەوە.. لەلایەن گرنگترین دوو ژن لە ژیانی هەردووکماندا!.. نازانم بۆچی هەمیشە «ژنان» ڕێگری پەیوەندییەکەمانن عەزیز..!.. ژنان بەردەوام بەبێ بیانو و هۆ لە منت دووردەخەنەوە.. ئای خوایە عەزیز.. خۆزگە دەتزانی چەند ڕقم لە ژنانە و چەند لێیان دەترسم!.. دەزانی ژنان تەنیا پیلان بۆ ئازاردانی ژنان دادەنێن..؟!.. ئەی (ستاندال)ی گەورە نەیوتوە (باشترین چەک دژی ژن ژنێکی ترە)!.. لەماوەی یەکتر ناسینماندا گەلێک ژن پیلانیان دژم گێڕاوە.. پیلانیان دژم گێڕاوە و گشت جۆرەکانی چەکیان لە دژم بەکارهێناوە، بەڵام ڕازی نابم نزیکترین ژنی دنیا لە من و خۆشەویستترین ژنی گەردوون لە دڵی تۆ.. دایکم و دایکت.. پیلان لە دژمان بگێڕن!..

هەرگیز قبوڵی ناکەم عەزیز!..

* * * *

پاش شەوێکی درێژی زۆربێژی، بەدەنگی جەڕەسی تەلەفونەکەت بێداربوومەوە، کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ بوو.. بەدرێژایی شەو بە تەلەفون قسەمانکردبوو، وتت: جومان.. لە خەو هەستە.. خێراکە..!.. شەڕەکە دەستیپێکرد..

بە سەرسامییەوە لێم پرسیت: چی..!.. دەڵێی چی..؟

بەسادەیی وتت: جەنگ!..

مەبەستت چییە..؟.. چ جەنگێک؟..

بەدڵخۆشییەوە وتت: پاش کەمێکی تر دایکم پەیوەندی بە دایکتەوە دەکات، ئەمە ئەگەر تا ئێستا پەیوەندیی پێوە نەکردبێ..

ئەوە چۆن ڕووی دا..؟

دەمەقاڵێم لەگەڵ ئەو و باوکمدا بوو!..

بەو ئاسانییە ملیان بۆ خواستەکەت دا..؟

دەبێت ئەوە بڵێم جومان، ئەوان تۆ وەک کەسێک ڕەتناکەنەوە.. بەڵکو خودی بیرۆکەکەیان پێ قبوڵ نییە.. بیرۆکەی پەیوەندییەکە، نەک لایەنی پەیوەندییەکە..

چۆن ڕازیبوون..؟

وەک ئەوەی مەسەلەکە پەیوەندیی بەتۆوە نەبێت، وتت: ڕازی نەبوون، بەڵکو تەنیا خواستی من جێبەجێدەکەن.. جومانە ئەوە ژیانی منە، تۆش لە هەموو کەسێک باشتر دەزانیت کە ڕێگە بە کەس نادەم ڕەوتی ژیانم کۆنترۆڵبکات..

بەبێزارییەوە پێموتی: نامەوێ خۆم بخزێنمە ناو خێزانێکەوە کە حەزناکەن بچمە ناوییەوە!..

بەیبی..!.. دڵنیام کاتێک دەتناسن دەکەونە داوی خۆشەویستیتەوە.. هەموو شتێک دەگۆڕێت.. ترست نەبێت..

تۆزێک بێدەنگ بوویت، ئینجا درێژەت بەقسەکانت دا: جومانە!.. ئێستا نۆرەی تۆیە.. بەهێزبە بەیبی، دڵنیابە هەمیشە لەگەڵتدا دەبم..

پێموتیت: دڵنیانیم توانام بەسەر ئەوەدا دەشکێت..

لە بەشێکی نامەی تەوراتدا هاتوە (ئەسپەکەت بۆ ڕۆژی جەنگ

ئامادەبکە، سەرکەوتن لای خوایە)..!.. خۆت ئامادەبکە و مەترسە..
بە گاڵتەوە پێموتی: عەزیز..!.. دەتوانم پاشەکشە بکەم..؟
بەهەڕەشەوە وتت: تاقیبکەرەوە!..

پاش خۆشتنێکی خێرا چووم بۆ لای دایکم، لەگەڵ بتیل و سەبا بەرامبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشتبوون.. بتیل بەخرۆشانەوە باسی ئەو نمایشی جلوبەرگەی بۆ کردم کە ساتەوەختی دانیشتنم لەگەڵیان پیشاندەدرا.. بەشڵەژاوی چاوم لەنێوان تەلەفزیۆنەکە و دایکمدا دەجوڵاند.. لەکاتێکدا دایکم خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامە بوو، زەنگی تەلەفونەکە لێیدا، بەتوندی ڕاچڵەکیم..

بە سەبام وت: سەبا.. وەڵامی تەلەفونەکە بدەرەوە!..
بەکەللەڕەقیەوە وەڵامیدامەوە: تۆ وەڵامبدەرەوە!..
من خوشکی گەورەتم.. خێراکە وەڵامبدەرەوە..
نابینی من سەیری تەلەفزیۆن دەکەم؟

ڕوومکردە بتیل و بەبێ ئۆقرەییەوە: بتیل.. تۆ وەڵامبدەرەوە.. تکایە!..
ئەو وتی: با سەبا وەڵامبداتەوە.. بچوکی خێزان خزمەتکاریان نییە؟
قیژاندم بەسەریاندا: دواییەکەی؟.. یەکێکتان وەڵامی تەلەفونەکە بداتەوە!..

پاش ڕاوەستانی زەنگی تەلەفونەکە دایکم وتی: چاوەڕوانی تەلەفونی کەسێک دەکەیت جومانە..؟

گۆڤارێکی سەر مێزەکەی بەردەمم هەڵگرت.. لەکاتێکدا بەخێرایی لاپەڕەکانم هەڵدەدایەوە وتم: نا..

دایکم بێدەنگبوو، هیچ توانجێکی نەدا.. سەرلەنوێ چاوەڕوانی تەلەفونی دایکت بووم، کەچی تەلەفونی نەکرد.. ویستم پەیامێکت بۆ بنێرم و پێت بڵێم پەیوەندیی نەکردوە، بەڵام مۆبایلەکەم لە ژوورەکەم جێهێشتبوو.. کاتێک ویستم بچم بۆ ژوورەکەم، دایکم ڕایگرتم و بەدەم ڕۆژنامە خوێندنەوەوە و بەبێ ئەوەی سەیرم بکات وتی: جومانە..!.. ژنەکە تەلەفونیکرد!..

بەدەم دڵەکوتێی بەهێزەوە پێموت: چ ژنێک..؟
زەردەخەنە گرتی: ئەو ژنەی چاوەڕوانی تەلەفونەکەی دەکەیت..

لەکاتێکدا گەمەم بە قۆڵی کراسەکەی دەکرد پێموت: ئێستا چی دەڵێی..؟

وتی: دەزانم بیرت لە بابەتەکە کردۆتەوە و بڕیاری خۆت داوە، بۆیە من بیروڕای خۆمت پێ ناڵێم جومانە..!.. بڕیارەکە ئێستا لە دەستی باوکتدایە..

بتیل بەخێرایی ئاوڕیدایەوە: بیری لە چی کردۆتەوە..؟

دایکم بەسەری هێمای کرد و بە زەردەخەنەوە: لێی بپرسن!..
سەبا هاواریکرد: شوودەکەیت..؟؟
گۆشەی قەنەفەکەم تێگرت: هەقتان نییە بەسەر مەسەلەی گەورەکانەوە!..
ڕامکرد بۆ ژوورەکەم و دەرگاکەم لەدوای خۆمەوە داخست، سەبا و بتیلیشم جێهێشت، هەتاکو لێکۆڵینەوە لەگەڵ دایکمدا بکەن.. لە مۆبایلەکەمدا چوار تەلەفونی وەڵام نەدراوە هەبوو..
بەدەم هەڵپەڕینەوە لەسەر پێخەفەکەم، لە بەختەوەریدا پەیوەندیم پێوە کردی، هەر کە گوێت لە دەنگم بوو وتت: جومان، لە کوێی..؟
لە ژوورەکەمم خۆشەویستەکەم..
دەنگت سەیرە!..
بەدەم هەناسەبڕکێوە پێموتی: لەسەر پێخەفەکەم هەڵدەپەڕم!..
بۆچی..؟
ئاسووووودەم!..
بەگاڵتەپێکردنەوە: بۆچی خوشکێ قەیرەیە؟!
نـــا..
یەکەمجارە دێنە داوای خوشکێ؟!
دانیشتم و بە سەرزەنشتەوە پێموتیت: کوڕێ!..
پێکەنیت: ڕۆحی کوڕێ!..
پیاو بە!..
بەر لەوەی بتناسم پیاوبووم..
ئێستا چی بکەین؟!..
چاوەڕوان دەبین!..
زۆر باش دەزانم عەزیز، پیاوێکی وەکو تۆ توانای ئەوەی نییە بۆ ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانی مەسەلەیەک بێت، زۆرجار بەپەلە کۆتایی بە مەسەلەکان دەهێنی!.. پیاوێکی وەکو تۆ ئاشنای چاوەڕوانی نییە و ڕێگەی دان بەخۆدا گرتن نازانێت. بەپێچەوانەی منەوە کە فێری ئەوە بووم چاوەڕوانی هەرشتێک بم، چاوەڕوانی هەمووشتێک بم.. منێک کە فێری دان بەخۆداگرتن بووم و لەسەری ڕاهاتووم، دانم بەخۆمدا گرت عەزیز هەتاکو سەرکەتووبم.. ئەی ئیمامی عەلی دروودی خوای لێ بێت نەیوتوە (شیرینیی سەرکەوتن تاڵیی دان بەخۆدا گرتن دەسڕێتەوە)..؟.. دانم بەخۆمدا گرت عەزیز.. دانم بەخۆمدا

گرت، هەتاکو سەرکەوتنم تاڵیی دان بەخۆدا گرتنم بســڕێتەوە.. بەڵام هیچ شتێک تاڵیی دان بەخۆداگرتنم ناسڕێتەوە!..

* * * *

سەخت بوو لێک جیابینەوە، هەروەها دەزانین پێکەوە بەردەوامبوونمان شانە لە دوای شانەی دەمارەکانمان دەسوتێنێ، جگە لە پاشماوەکانی هەستکردنی ڕەشهەڵاتوو و خۆڵەمێشی هیچ لە دەمارەکانمان نامێنێتەوە.. کەچی سەرباری ئەوەش بڕیارمان دا سەرکێشی بکەین و بەردەوامبین، چونکە لەتواناماندا نەبوو لێک جیابینەوە یان کەرتبین.. دەمانزانی پرۆژەی هاوسەرگیرییەکەمان وەک هەر پرۆژەیەکی تر شایانی دۆڕان و بردنەوەیە.. تەنانەت پرۆژەکانی (خەونەکان) عەزیز پرۆژەگەلێکن دەشێت بیانبەینەوە و بشیاندۆڕێنین!.. بردنەوە بەختەوەرییەکی ڕەهامان پێ دەبەخشێت، دۆڕانیش فێری ئەوەمان دەکات لە بردنەوە تێبگەین، ئەگەرچی هیچ شتێک لە زۆر باردا قەرەبوی دۆڕانەکانی بۆ نەکردوینەتەوە.. دۆڕانت عەزیز وەک هیچ دۆڕانێک نییە.. دۆڕانت هیچ شتێک قەرەبوی ناکاتەوە و هیچ شتێکیش سەختیی کەم ناکاتەوە، دۆڕانت وەکو مردن وایە.. ئەو مردنەی بانگەشەی ئەوە دەکەین، کاتی ڕوودانی کاریگەریی زۆر دەبێتو بەتێپەڕبوونی کات وردە وردە خاودەبێتەوە، هەتاکو مردوو دەبێتە بیرەوەرییەکی ڕووت، بیرەوەرییەک کە تاوناتاوێک بۆ ساتەوەختێک بەلاماندا تێدەپەڕێت، ئینجا ڕووبەرەکان فراوان و گەورە دەبن و بیرەوەرییەکە دەبێتە شەبەنگێک کە نیشانەکانی ڕوون نابن!..

بڕوام پێ بکە عەزیز، لەبیرچوونەوە تەنیا بانگەشەیە.. بانگەشەی لەبیرچوونەوە دەکەین، هەتاکو بڕوا بەوانیترو خۆمان بهێنین کە دەتوانین بەردەوامبین، کەسانی نوێ و قەرەبوی نوێ بێنە ژیانمانەوە و ژیانێکی تر بەسەر بەرین، کە باش دەزانین ئەو ژیانە کەموکوڕدەبێت.. بەڵام مردن وەک دۆڕاندنی تۆ قەرەبوو ناکرێتەوە!.. لەدەستدانی تۆ هیچ پارە و مێرد و کوڕێک قەرەبوی ناکاتەوە.. جارێکیان پێتوتم ئێمە (تەنیا ئەو شتە لەدەستدەدەین کە دەترسین لەدەستیبدەین!).. ئەوکاتە بڕوام بەوە نەبوو.. ئەوساکە پێموابوو قەدەر جیاوازیی ناکات لەنێوان ئەوەی دەترسین بیدۆڕێنین و ئەوەی لەدەستدانی هیچ کارێکمان تێناکات، بەڵام ئیمڕۆ دەزانم ئێمە تەنیا ئەوە لەدەستدەدەین کە

دەترسین لەدەستیبدەین، چونکە هەمیشە هەست بە لەدەستدانی ئەوە ناکەین کە گرنگییەکی وەهای نییە شایانی باسکردن بێت.. لەدەستدان فەلسەفەیەکی هەیە قورسە بۆ ئەقڵی هەڵئاوساو بە بیرۆکەکان تێی بگات عەزیز.. هیچ لە ماهیەتی لەدەستدان تێناگەم.. لە پاساوەکانی تێناگەم، هەروەها لە حیکمەتەکەی و فەلسەفەکەی.. بەڵام باش دەزانم عەزیز لەدەستدان چۆنە و چەند پاشماوە و وێرانەو پارچەی دڵەکان لەدوای خۆی جێدەهێڵێت!..

حەز بە دۆڕاندت ناکەم عەزیز.. زۆر باش دەشزانم، سەرباری کەمبایەخدانت بە پەیوەندییەکەمان، حەزت لە دۆڕانم نەکردوە.. ئەی بۆچی دۆڕاندمان؟ بۆچی وێڕای دەستبەرداربوونی زۆر شت لەپێناو نۆژەنکردنەوەیدا، پەیوەندییەکەمان هەرەسیهێنا..؟!.. دەزانم بناغەکەمان لاواز و فشۆڵ بوو عەزیز.. بەڵام بەهەرشتێک پێموا بوویێ یارمەتی چاککردن و جێگیرکردنی پەیوەندییەکەمان دەدات، هەوڵمداوە بناغەکەمان بەهێز بکەم.. کەچی سەرەڕای هەمووشتێک تۆم دۆڕاند.. بۆچی تۆم دۆڕاند؟.. دەزانم دۆڕان وەک مردن دێتەپێشەوە!.. دەزانم هەندێک جار هیچ لێکدانەوەی نییە و هەندێک جار کتوپڕ پێشدێت، بۆ ئەوەی بەبێ بیانوو پاسا و بمانشڵەژێنێ و بڵاومانکاتەوە و پشێوی دروستبکات!.. بۆیە دۆڕاندنت هەروا تێناپەڕێت.. بانگەشەی لەبیرچوونەوەت ناکەم و بەرەوپێشەوە ناڕۆم، بەڵکو لە جێگەی خۆم دەمێنمەوە و هەنگاوێک ناجوڵێم.. کەسانی نوێ نایەنە ژیانمەوە و هەوڵ بۆ ژیانێکی تریش نادەم.. چونکە هەرگیز لە دەردی دۆڕاندنت چاک نابمەوە..

لەبیرمە ڕۆژێک پێتوتم، باوەڕت بەوەیە خۆشەویستی هەمیشە سەردەکەوێت!.. وتت (بڕوام پێ بکە جومان، باوەڕم بەوەیە خۆشەویستی چەندین موعجیزە دروستدەکات).. بەڵام ئیمڕۆ دەزانم باش دەرکت بەوە کردبوو خۆشەویستی لەوە لاوازترە موعجیزەیەک بخوڵقێنێ یان قەدەرو چارەنووسێک بگۆڕێت.. خۆشەویستی لە هەموو شەڕەکانیدا سەرناکەوێت عەزیز.. خۆشەویستی دەدۆڕێنێ، سەرشۆڕدەکات، لاوازدەبێت، هەرەسدەهێنێ و هەندێک جاریش دەمرێت!.. بەڵام بەهەموو بارودۆخەکانییەوە لەبیرناکرێت.. چاوەڕوان بووم شکۆیەک کۆمانبکاتەوە یان موعجیزەیەک ڕزگارمان بکات، بەڵام موعجیزەکان ئاشنای ڕێگەی ئێمە نەبوون.. بۆیە هەنگاوەکانمان لێک دوورکەوتنەوە و هەریەکێکمان چارەنووسێکی جیاواز و زەوییەکی دوو ڕو ڕێگەیەکی نوێی هەبوو..

من وەڕسم لە چارەنووسەکانمان، وەڕسم لە خۆم و لە تۆش.. پێم بڵێ عەزیز.. دەزانیت کاتێک دەگۆڕێین هەرگیز وەک پێشترمان لێ نایەتەوە!.. دەزانیت کاتێک ناخمان دەشێوێت، چەند هەوڵبدەین بۆ جوانکردنی هیچ شتێک ناتوانێ ڕووخسارەکانی پێشتری بۆ بگێڕێتەوە و ڕووخسارەکانی ناخمان وەک خۆیان لێ نایەتەوە.. تۆ ناخی منت شێواندوە و هیچ ڕۆژێک ناخم وەک خۆی لێ نایەتەوە..

* * * *

باوکم لە ڕێگەی پرسیارەکانییەوە شــتی زۆر دەســت نەکەوت.. هەشت ساڵە (ڕیاز)ت جێهێشتوە و چویتەتە (مۆنتریال).. سەرەنجام ناسیاوەکانت لە (ڕیاز) کەمن، تەنانەت پەیوەندیت بە خزمەکانیشتەوە سنوری بۆنە خێزانییە دەگمەنەکان تێناپەڕێنێ، کە هەر دوو سێ ساڵ جارێک دەیانبینی، بۆیە تەنیا شتی کەم و هەندێک بیرەوەریان دەربارەت دەزانی کە دەساڵێک بەسەریاندا تێپەڕیبوو.. دەزانم تۆ لەناو خێزانەکەتدا بەرگی سەنگینی و شکۆداری دەپۆشیت و هەوڵدەدەیت ئەو دیمەنە لە مێشکی ئەوانەدا بچێنێ کە دەتناسن.. زۆرجا هەوڵتداوە بەپێی پێوانەکانی کۆمەڵگەیەک نموونەیی دەربکەویت، کە خۆت پێتوایە پێوانە نموونەییەکانی پاشکەوتن و کۆنەپەرستین.. ئیمڕۆ دەزانم عەزیز تۆ مۆدێلێکی نموونەیی کۆمەڵگەیەک بوویت کە بانگەشەی نموونەییبوون دەکات، کەچی زۆر لەو نموونەییبوونە دوورە!.. تۆش گیرۆدەی دەستی دووفاقیی کۆمەڵایەتیت، کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان بەدەستییەوە دەناڵێنن.. تۆ وێنەیەکی دووبارەی توێژێکی، کە زۆرجار بێبەریبوونی خۆت بەرامبەری دەربڕیوە!.. ڕاستیت پێ بڵێم عەزیز، زۆر ترسام باوکم بگاتە هەندێک ڕاستی کە پاش زانینیان نەتوانم بەرگریت لێ بکەم.. زۆر ترسام عەزیز، بەڵام نەگەیشتە زۆر شت.. تەنانەت ئەنجامی پرسیارکردن لە هەندێک ناسیاوی لە کەنەدا، تەنیا ئەوەی دەستکەوت کە دەساڵێک دەبێت لەوێ دەخوێنی.. خێزانەکەت بەناوبانگە.. باوکت پەروەردەکارێکی چاکەکارە و تۆش نووسەریت و دەوڵەمەندی.. لە سەرەتای سییەکانی تەمەنتدایت و هێشتا ژنت نەهێناوە!

دەزانیت.. ئەگەرچی هەموو ئەو شتانەی باوکم دەربارەی تۆ بەدەستیهێناوە

مایەی نیگەرانی نەبوون.. بەڵام هەرگیز تۆی بەدڵ نەبووە.. سەرەتا بەبێ هۆ بابەتەکەی ڕەتکردەوە، لەسەرەتاوە و پێش بینینت هەستی باوکایەتی پاڵی پێوە نا ناڕازی بێت.. بەدرێژایی ئەو ماوەیە باسی ناڕەزایی خێزانەکەت بەرامبەر بە هاوسەرگیرییەکەمان و قبوڵ نەکردنیانت بۆ دەکردم.. منیش بەردەوام پێمدەوتی باوکم پێشوازیت لێ دەکات و مەسەلەکە تەنیا هەندێک ڕۆتینیاتی کۆمەڵایەتییە، کەچی ئەو لەڕاستیدا ڕازی نەبوو و دژی مەسەلەکە بوو بەگشتی.. ڕازی نەبوونی کەسوکارت بریندارکار و دڵڕەقانە و ئابڕووبەرانە بوو، کەچی من حەزم نەدەکرد بریندار و ڕیسوا بکرێی، بۆیە وام دەخستەڕوو کە باوکم ڕازییە و پێشوازیت لێ دەکات.. نەمدەزانی هەوڵدانەکانم بۆ پاراستنی هەستەکانت ڕۆژێک لە دژم هەڵدەگەڕێنەوە..!.. هێشتا ئەو ڕۆژەم لەیادە کە دایکم پێیوتم مەسەلەی هاوسەرگیرییەکەمان لەبیربکەم، چونکە باوکم ڕازی نییە.. لەبیرمە چۆن وەک ژنێکی زەوتکراو لەبەردەمیدا گریام.. ژنێک کە ژیانی لێ زەوتکرابوو و ڕۆژێک وەئاگاهاتەوە بینی خاوەنی هیچ شتێک نییە!..

ئەوکاتە پێیوتم: (دەزانی باوکت پیاوێکی دانا و دووربینە..!.. ئەو لە من و تۆ باشتر دەزانێت بەرژەوەندیی تۆ لەکوێدایە جومانە.. ڕۆژێک دێت لەوە دڵنیا دەبیت!)..

لەیادمە چۆن لێی پاڕامەوە باوکم ڕازیبکات هەتاکو بتبینێ.. دەمزانی کاتی یەکتربینینتان وادەکەیت باوکم سەرسامبێت پێت، دەزانم ئەوەندە پیاوەتیت تێدایە کە بەسبێت بۆ ڕازیکردنی!.. داوام لێ کرد لەبەر من باوکم ڕازیبکات، یارمەتیمبدات بۆ ڕزگارکردنی خەونەکەم، چونکە ئەو باش دەزانێت خۆشەویستی و خەونەکان مانایان چییە.. دەزانیت عەزیز..!.. کاتێک باوکم پاش قسەکردنی دایکم لەگەڵیدا بانگیکردم، کە نازانم چۆن ڕازیکردبوو و چی پێ وتبوو.. زۆر بەڕەقی لێی پرسیم داخۆ دەتناسم.. دایکم ووریایکردبوومەوە کە پێویست بەوە ناکات بە یەکتر ناسینمان بزانێت.. لەوانەیە ترسابێت لەوەی، ئەگەر باوکم بە پەیوەندییەکەمان بزانێت، وێڕای لەدەستدانی تۆ، خوێندنەکەشم بفەوتێ.. ئەوکاتە پێموت کە لە بۆنە ئەکادیمییەکاندا دوو سێ جار تۆم بینیوە و دەربارەت شتم بیستوە و نووسینەکانیشتم خوێندۆتەوە!.. لە قسەکانمدا شتێک نەبوو بڕوای پێ بهێنێ.. بەڵام دواجار، پاش ئەوەی بە دوودڵییەوە پێموت تۆ

پیاوێکی تەبایت لەگەڵ خواستەکانمدا و گونجاوی لەگەڵ خەونەکانمدا، ڕازیبوو تۆ و باوکت ببینێ!..

کاتێک باوکم ڕازیبوو بتانبینێ.. هەستمکرد ئاسمان دەرگاکانی خۆی بۆ خستومەتە سەر گازی پشت، هەستمکرد هەمووشتێک کراوەتە خەڵاتم و هەمووشتێکم پێ بەخشراوە، هەستمکرد لە ئاسمان دەفڕم عەزیز.. هەستمکرد خەقمانەیەکی سپی دەوریداوم و ڕووناکییەکی پرشنگدار ناخمی تەنییەوەو هەموو تاریکیی خەمبارییی ڕەواندۆتەوە و ڕووناکی جێگەی گرتۆتەوە.. لەبیرمە چۆن دڵخۆشیمان هوروژمهێن بوو و چۆن ئاخاوتن و گفتوگۆکانمان دەخولڵقاند، چونکە پێمانوابوو لەنێوانتاندا دەخرێنەڕوو.. بۆیە بەدرێژایی شـــەو گفتوگۆمـــان دەربارەی دەکـــرد!.. ئەو شـــەوە کامێرەی مۆبایلەکەت داگیرساند هەتاکو خۆتم بە یەشماغی سوورەوە و دواتر بە یەشماغی سپییەوە پیشانبدەیت، هەتاکو دواتر بڕیاربدەم کاتی هاتنت کامیان بپۆشیت.. لەبیرمە من یەشماغی سپیم هەڵبژارد عەزیز.. ئەوساکە پێم نەوتی کە لە هەموو بارێکدا قۆز و ڕێکپۆشیت!..

هیشتا ئەو ڕۆژەم لەبیرە کە هاتیت بۆ بینینی باوکم، ئەو ڕۆژە جیا لە ڕۆژانی تر زوو بێدارتکردمەوە.. کاتێک پەیوەندیت پێوە کردم بەڕێوەبوویت بۆ سەرتاشخانە.. پەشۆکاو و شڵەژاو بوویت.. دەمزانی پێویستت بە هەندێک یارمەتی و بڕێک پشتگیریکردن هەیە.. لەیادمە داوام لێ کردیت ڕێگەم بدەیتێ قسە لەگەڵ سەرتاشە تورکییەکە بکەم.. تووڕەبوویت لێم.. بەڵام پاش سووربوونم و بۆ خۆبەدوورگرتن لە کێشە خواستەکەمت هێنایەجێ.. دەمزانی ئەو ڕۆژە ڕێگەت بەوە نەدەدا دەمەقاڵێمان ببێت.. لەبیرمە تەلەفونەکەت دا بە سەرتاشەکە و بە کورتی وتت: دەزگیرانەکەم دەیەوێت شتێکت پێ بڵێ!.. بە ئارایشتکارە سەرسوڕماوەکەم وت: تکایە ئاگات لە دەموچاوی بێت..!.. نامەوێت برینداربێت!..

پیاوەکە بەڵێنی پێ دام هیچ برین و ڕووشانێک بەدەموچاوتەوە جێنەهێڵێ، بەلایەوە سەیربوو کچێک ڕایسپێرێ ئاگای لە دەموچاوی مەعمیلێکی بێت و مەعمیلە سعودییەکەشی ڕازیبێت دەزگیرانەکەی قسەی لەگەڵ بکات و داوای لێ بکات ئاگای لێی بێت.. ئەو ڕۆژە ترسام لەوەی شتێک بریندارتبکات عەزیز.. ڕازی نەدەبووم وشەیەک یان گوێزانی سەرتاش لە ڕۆژێکی وەک ئەو ڕۆژەماندا بریندارت بکات..

پێش دەرچوونت لە ماڵی خۆتان و کاتێک سواری ئوتومبیلەکە بوویت وتت، باوکت ناونیشانی ماڵەکەی لە باوکم وەرگرتووە و تۆش ناونیشانەکەت لەو وەردەگریت، ئەو ناونیشانەی (باش دەیزانیت!)..

لەبیرمە پاش یەکتربینینەکەتان وتت: (جومان.. باوەڕدەکەیت لەبیرم چوو داوای ناونیشانەکەی ئێوەی لێ بکەم).. لێم پرسیت: ئەی باوکت چی کرد؟

بەگاڵتەپێکردنەوە وتت: هیچی نەکرد و هیچیشی نەوت!.. بەڵام مـن «هیچ شتێک ڕێگەی لێ نەگرتم، دەرگای ماڵەکەتان نەبێت»!..

ئای عەزیز.. باوەڕدەکەیت هێشتا ئەو شەوە بە یەکێک لە شەوەکانی تەمەنم دادەنێم؟.. سەیرنییە شەوەکانی تەمەنم بریتی بن لە یادەوەرییگەلی دڵڕەق و گومڕا..؟.. چۆ هێشتا ئەو شەوانەم خۆشدەوێت عەزیز، چۆن سەرەڕای دڵڕەقی و گومڕاییان خۆشمدەوێن.. نکۆڵی لەوە ناکەم کە ئەوکاتە شەوانێکی گەرموگوڕ بوون، ئینکاری ئەوە ناکەم ئەو شەوە واقعێکی ناسک و نەرمونیان بوویت.. بەڵام تۆ تەنیا واقعێک/ خەونێک بوویت.. ژنێکی وەکو منیش لوتی بەر لوتی واقیع کەوتبوو و چیتر عاشقی خەونەکان نەبوو!..

دێتەوە یادم، کاتێک گەیشتیت نامەیەکت بۆ ناردم، نووسیبووت (من لە دەورووبەری تۆم)، بەڕاستیش ئەو شەوە لە دەورووبەری من بوویت!.. زۆرجار لەگەڵ من بوویت، بەڵام ئەو شەوە لە ماڵی ئێمە بوویت.. چەند دیوارێک لێکی جیادەکردینەوە، لەپێناو مندا و بە ئاگاداریی خێزانەکەم و خێزانەکەت لەوێ بوویت!.. ئەوکاتە گشت ڕاڕەوەکانی ماڵی خۆمانم بە هات و چوون بەسەرکردەوە، دڵە بچووکەکەیشم کەوتە پەلەپەل، تەنیا لەبەر هەستکردنم بەوەی لەگەڵ باوکت و باوکم و براکانم دانیشتووی!.. هەستێکی گەرموگوڕ و خۆش و دڵنیاییبەخش بوو.. ئەو شەوە وەک خەونێکی هەستپێکراو بوویت.. ئایا ڕۆژێک هەستت بە سەرمەستیی نزیکبوونەوە لە هاتنەدیی خەونەکان کردووە..؟!.. ئەو شەوە من هەستم پێ کرد..

کاتێک پاش سەعات و نیوێک پەیامێکت بۆ ناردم و نووسیبووت (خوا باوکتم بۆ بپارێزێ.. کچەکەشیم بۆ پارێزراو بکات!).. زانیم کە لەگەڵ باوکت ڕۆیشتوون.. دانیشتنەکەشتان لەگەڵ باوکم (وەک خواستراو) چۆتەڕێوە!.. بۆیە ڕامکرد بۆ هۆڵی ماڵەکەمان، لە تەنیشت دایکی سەرسوڕماوم دانیشتم و کتێبی چێشتلێنانەکەم لەدەستی سەندو وام نیشاندا پێوەی سەرقاڵم.. سەرەتا خالید هاتە ژوورەوە، لێم نزیکبۆوە و پەلی گرتم و بەبێ سڵاوکردن

بەرەو ئاوێنەکەی بردم.. کارەکەی خورپەی خستە دڵمەوە.. پەنجەی بۆ سەرم ڕاکێشا کە لەئاستی شانیدا بوو، ئینجا هێمای بۆ ئاوێنەکە کرد و وتی: (تۆ هەتاکو شانی منی!.. بێگومان ناگەیتە ئەژنۆی ئەو!.. ناترسیت شوو بە پیاوێک بکەیت بالای سێ ئەوەندەی تۆیە..)؟!..

بە کەللەڕەقییەوە پێموت: نا.. نا ناترسم!.. من لە کەس ناترسم..

خالید «جەزۆ»کەی هەڵگرت و کاتێک قاوەی دەکردە فنجانەکەیەوە، بەبێ ئەوەی سەیرمبکات وتی: شیاو هاتە بەرچاوم..!.. بەڵام گرنگترین ڕا ئەوەی باوکمە..

دایکم لێی پرسی: ئەگەر بڕیارەکە بەدەست تۆ بێت..؟

ناوچەوانی خۆی بەهۆی بیرکردنەوەوە گرژکرد و کەوتە سەیرکردنم، منیش یەکەمین جار بوو خەریکی کرۆشتنی پێستی دەوری نینۆکی پەنجە گەورەم بووم.. پاش تۆزێک بێدەنگی وتی: پێموایە باشە!.. ئاخاوتنەکەی و ڕووناکبیرییەکەی و بڕوابەخۆبوونی سەرنجیڕاکێشام، بەڵام لەو بڕوایەدام جومانە ناتوانێت ژیان لەگەڵ پیاوێکی وەهادا بەرێتەسەر..

بە دوودڵییەوە لێم پرسی: بۆچی..؟

چونکە تۆ کەسێکی خەیاڵیــت.. لەکاتێکدا ئەو کەسێکی ئەوپەڕی واقعییە، ژیانت لەگەڵیــدا زۆر ســەختدەبێت.. ناتوانیت لەگەڵ پیاوێکی وەکو ئەودا بژیت..

باوکم لەگەڵ سعود هاتەژوورەوە، هەستم بەخۆمکرد لە تەنیشت دایکم وەکو منداڵێکی تۆقیو دەچمەوە خۆم.. لەناکاودا خۆم پێوە نووساند، وەک ئەوەی بمەوێ بەهۆیەوە خۆم لە هەموویان بپارێزم..

باوکم باسی دیدارەکەی تۆ و باوکتی نەکرد، وەک هەمیشە هەواڵی دایکم و منی پرسی.. ئینجا کێشای بەسەر شانی خالیدا و داوای لێکرد یاوەری بێت بۆ سەردانیکردنی هاوڕێیەکی نەخۆشی.. باوکم ئاخاوتنی دەربارەی تۆ و باوکت پشتگوێخست، وەک ئەوەی پێش چەند خولەکێک ماڵی ئێمەتان جێنەهێشتبێ..

پاش ڕۆیشتنیان بــە شــپرزەییەوە لــە دایکم پرسی: بۆچی باوکم هیچی نــەوت..؟

دایکم بە سادەیی و لەکاتێکدا کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی دەگۆڕی وتی: بۆچی پێتوابوو لەبەردەمی تۆدا باسی مەسەلەکە دەکات؟ خۆت «قورس» ڕابگرە و دان بەخۆتدا بگرە کچەکەم..

دایکم پێیوایە من بێحەوسەڵەم عەزیز.. پێتوایە ئەگەر بزانێت بەهۆی تۆوە چیم بەسەر هاتووە، هەمان ڕای دەبێت..؟

بەهەرحاڵ.. پێموانییە شانازیم پێوە بکات!..

کاتێک چوومە سەرەوە بۆ ژوورەکەم، پەیوەندیم پێوە کردی.. پاش ئەوەی هەستمکرد دەنگت دڵنیایی بەخشە، بە خرۆشانەوە پێموتی: عەزیز.. باسی وردەکارییەکانم بۆ بکە..

بە گاڵتەپێکردنەوە وەڵامتدامەوە: ڕەچاوی ئەوەم کرد خێزانەکەت شەیدای وردەکارییەکانن جمانە.. باوکت شتێکی لەم دنیایەدا نەهێشتەوە دەربارەی لێم نەپرسێت.. تەنانەت پرسیاری گرووپی خوێنەکەشمی لێ کردم!.. ئەرێ جومان.. تۆ دەزانیت گرووپی خوێنەکەم چییە..؟

O+..!

ئای جنۆکە..!.. هەمووشتێک دەزانیت..

بەبێ ئۆقرەییەوە پێموتی: پێمدەڵێی چیتان باسکرد عەزیز، یان لەسەر گاڵەپێکردنەکانت بەردەوام دەبیت..؟

سەرەتا باسی مەسەلەیەکی گرنگت بۆ دەکەم.. کاتێک دەهاتین بۆ ماڵی ئێوە.. باوکم بێزاریی دەربڕی، بەدرێژایی ڕێگەکە باسی سەرەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە و ناڕازیبوونی خۆی بۆ کردم.. کەچی کاتێک باوکتی بینی هەموو شتێک گۆڕا جومانە!.. دەزانی جومانە.. کاتێک دەگەڕاینەوە باوکم جەغتی لەسەر ئەوە دەکردەوە، چەند دەکرێت کارەکانی هاوسەرگیرییەکە خێرا ڕاپەڕێنین و هەرگیز دوای نەخەین..

بە سەرسامییەوە لێم پرسیت: چی بەو خێراییە ڕای ئەوی گۆڕی..؟

ئممم.. نازانم..!.. لەو بڕوایەدام باوکت و براکانت هۆکارن..

چیتر..؟

ئممم.. من بۆ خۆم زۆر باوکتم خۆشویست.. کەچی هەستمکرد بەترسەوە تێم دەڕوانیێ!.. بەڵام سەبارەت بە خالید و سعود، پێموایە توانیم سەرنجیان ڕابکێشم..

سەرەنجام..؟

بەدەم جوینی (شتێک)ەوەو بە خەمساردییەوە وتت: دایکم لەم هەفتەیەدا و پاش دیاریکردنی کاتێک لەگەڵ دایکت سەردانیتان دەکات.. خوا لەوانت بپارێزێ جومانە..

کەواتە باوکم ڕازیبوو پێت..

هەستمکرد لە باوکم ڕازیبوو، بەڵام زۆر لە من دڵنیا نەبوو.. پێموایە ئەوە شتێکی سروشتییە جومانە.. تۆ یەکەمین کچی ئەویت، لە ڕوانگەی ئەویشەوە من دزێکم هاتوم بتدزم..

بەدەم ڕاکێشانی تاڵەکانی سەرینەکەمەوە بەنینۆکەکانم پێموتی: عەزیز.. کەی دەم دزیت..؟

داتە قاقای پێکەنین: قسەی خۆمان بێت «بە ئاواتی خۆت گەیشتی» بەیبــی..

پێکەنیم!.. پێکەنیم هەتاکو دەنگدانەوەی پێکەنینەکەم گەیشتە ئاسمان..

نازانم چۆن هەمووشتێک بەو خێراییە تێپەڕی عەزیز، سەرباری ناڕازیبوونی خێزانەکەت و خێزانەکەم، کارەکان ئاسان چوونە ڕێوە.. مامەکانم دژی پرنسیپی شووکردنی کچی برازاکەیان بوون بە پیاوێکی بێگانە و ڕازی نەبوون لە چوارچێوەی خێزانەکە بچێتە دەرەوە، شوو بە پیاوێک بکات کە منداڵەکانم ناوی ئەو هەڵدەگرن، نەک ناوی خێزانەکەمان.. لەگەڵ ئەوەشدا باوکم لەبەر من بەرگەی ناڕەزایی مامەکانمی گرت، ئەگەرچی پێت شادمان نەبوو عەزیز، بەڵکو تەنیا بەختەوەریی منی بەلاوە گرنگ بوو!..

ئەو ڕۆژەم لەبیرە کە دایکت و هەردوو خوشکەکەت سەردانیان کردین.. لەیادمە پەیوەندیــت پێوە کــردم و وتت تۆزێکــە ئەوانت گەیاندۆتە ماڵی ئێمە.. ئەوکاتــە لــە ژوورەکــەم بووم.. ترســاو و شڵەژاو بووم، پێموتی: (عەزیز!.. پەشیمانبوومەتەوە)..

پێتوتم: قەیناکە..!.. ئێستا دابەزەرە خوارەوە، ئینجا چۆن حەزدەکەیت پەشیمانبەرەوە..

بەگریانەوە پێموتی: دانابەزمە خوارەوە!..

بە توڕەییەوە قیژاندت بەسەرمدا: کچێ!.. خوا بۆ منت بهێڵێ توڕەم مەکە..

چوومە خوارەوە.. لەبیرمە ورتەم لێوە نەهات.. بەدرێژایی کاتەکە لە دایکی تەمەن پەنجا ساڵیت ڕامابووم و لەناخمدا ئارەزوویەکی زۆرم هەبوو بۆ ئەوەی باوەشی پیادا بکەم.. لە ڕووخساریدا بەدوای لێکچووندا دەگەڕام عەزیز، لە چرچەکانی دەموچاویدا بەدوای گەنجێتی و لاساری و سیحری تۆدا دەگەڕام.. دەزانی ئێمە دایکی ئەوانەمان خۆشدەوێت کە خۆشماندەوێن؟!..

هەمیشە دایکتم خۆشویستوە.. ئەگەرچی ئەوجارە قسەکانی ڕەق بوون،

کەچی خۆشەویستیم هەرگیز.. هەرگیز.. هەرگیز نەگۆڕاوە.. ئەوە بەسە عەزیز کە تۆی هێناوەتە دنیاوە بۆ ئەوەی خۆشمبوێی.. ئەوە بەسە بۆ ئەوەی ڕێزی لێ بگرم و ئاواتەخوازبم وەک ئەو ببمە دایک، منداڵێکی سەرنجڕاکێشی دڵڕفێنی وەک تۆ بهێنمە دنیاوە!..

هەر جارێک دایکت باسی تۆی کردبێ توشی دڵەکوتێ بووم.. کاتێک باسی لاساریی منداڵیتی کردبێ.. دەمەقاڵێکانت لە قوتابخانە، دزینی ئۆتومبیل لە تەمەنی دەسـاڵیدا، نازکردن و نەرجسی بوونت.. بەبێ ئەوەی بمەوێ زەردەخەنە کەوتۆتە سەر لێوەکانم..

دایکم تۆقیبوو.. ئەو دایکەی لە منداڵیی هیچ کام لە براکانمدا شتێکی لەو جۆرەی تووش نەببوو.. ترسم لە چاوەکانیدا بەدیدەکرد.. کەچی ناخم بەهۆی کوڕێکی لاسارەوە پێدەکەنی، ئەویش تۆ بوویت.. کاتێک ئەو شەوە باسی ئاخاوتنەکەی دایکتم بۆ کردی، بە گاڵتەپێکردنەوە وتت: ئافەرین دایکە، چ دایکێکی باش بوویت!.. ئاواتەخوازم تۆش چاوی لێ بکەیت!..

دایکت و دایکم نەیاندەزانی تا چ ڕادەیەک هۆگری تۆم عەزیز.. تێنەگەیشتن لەوەی بێئەندازە شەیداتم و هەرچی ڕوویدات دەستبەردارت نابم.. چۆن دەستبەردارت دەبم، کاتێک ئەو ژنە بووم کە وازت لێ هیناوم و یەکێکی ترت هێنا.. ئینجا بەئاسانیش بۆم گەڕایتەوە!..

دەزانیت عەزیز.. بەدرێژایی پەیوەندییەکەمان پێموابووە ناتوانم لەگەڵتدا بژیم و لەناخمدا هەستێک هەبووە (تەنیا هەستێک) کە ژنێکی تر لە تۆدا بەشداریمدەکات.. بەڵام پاش ئەوە و دوای هێنانی ژنێکی تر زانیم کە ئامادەم دوەم.. سێیەم.. چوارەم بم..!.. گرنگ ئەوەیە لەگەڵ تۆ بم!..

تۆ بۆ من بەو شێوەیە بوویت کە مەحمود دەرویشی مەزن دەریدەبڕێت (شوێنپێیەکم بۆ دۆڕان نەماوە).. بە دۆڕانیشت ڕازی نیم!.. ئێستا دێت بەخەیاڵتدا منت گەیاندۆتە چ قۆناغێکی زەلیلی..؟.. ئێستا دەرک بەوە دەکەیت پێویستیم بەتۆ چەند گەورە و کڵپەسەندوو و بڕندەیە! دەزانی عەزیز.. چەند ئاواتە خوازبووم دایکت خۆشی بویستمایە.. کەچی لە یەکەمین دیدارماندا منی بەدڵ نەبوو.. وەک چۆن باوکم تۆی بەدڵ نەبوو.. وەک ئەوەی ڕۆحی هەردووکیان دەستیان لەگەڵ یەک تێکەڵکردبێ بۆ ئەوەی پێک نەگەین.. بەڵام دەستمان بەتوندی بەیەکەوە گرت، هەتاکو دواجار هەمووان ڕازیبوون و گەیشتینە قۆناغی پێکگەیشتن!.. بەبڕوای من، مایەی

پێکەنین بوو ملکەچی (بینینی شەرعیم) بکەیت!.. چونکە سەرسوڕهێنەرانە سووربوویت لەسەر مەسەلەکە..

لێم پرسیت: بۆچی دەتەوێ بمبینی..؟

دەشێت بە دڵم نەبیت!..

عەبدولعەزیز..!.. زیاتر لە ١٥٠٠ جار منت بینیوە..

بەڵام ئەمە بینینێکی شـەرعییە.. بینینێکی جیاوازە!.. دەشێت هەندێک خەوشیت لا بدۆزمەوە کە هەرگیز بەدیم نەکردوە!..

پێدەچێت گاڵتەبکەیت!..

بەگاڵتەپێکردنەوە: ڕۆحەکان سەربازی گۆشکراون جومان.. کێ دەزانێت..! لەوانەیە لەگەڵ یەکتر ئاسوودە نەبین..

ئەوکاتە لە مانای بینینەکەم لەلایەن تۆوە تێنەگەیشتم، لەڕاستیشدا هەتاکو ئیمڕۆ لە مەبەستی ئەو بینینەمان تێنەگەیشتووم.. لەبیرمە کاتێک بەدوودڵییەوە هاتمە ژوورەوە.. زۆر لە بینینت ترسام..!.. نازانم بۆ ترسام، بەڵام تۆش دەترسایت.. کاتێک هاتمە ژوورەوە لە تەنیشت باکمەوە دانیشتبوویت، وتم (ئێوارەتان باش!) و لەسەر نزیکترین قەنەفەی بەردەست دانیشتم.. لێتەوە دووربووم، بەڵام پێکانم نەیانتوانی لەوە زیاتر هەڵمبگرن.. ترسام لەوەی بەدەمدا بکەوم، بۆیە لە شوێنی خۆم دانیشتم.. ئاوڕت لێ دامەوە و پێکەنیت..

باوکم بەدەستی خۆی هێمای بۆ کردم: جومانە نزیکبەرەوە باوکەکەم!..

لەو شوێنە نزیکبوومەوە کە هەردووکتان دانیشتبوون، لای ڕاستی تۆوە دانیشتم، تۆش پێکەنیت.. باوکم بەشانازییەوە پێیوتی: عەبدولعەزیز، ئەوە جومانەیە.. نزیکترین کەس لە دڵمەوە..

دێتـەوە یادم چـۆن ئاوڕت لێ دامــەوە و هـەردوو چاوت لەبەر فرمێسک دەدرەوشانەوە: چۆنی جومانە..؟

چاوەکانی منیش فرمێسکیان تێهات، پێکەنیت و منیش وەڵامم نەدایتەوە.. باوکم بە سەرسامییەوە سـەیریکردین، ئەوسـاکە زانیم حیکایەتەکەمان لە مێشکیدا کامڵ بووە..

باوکم هێمای بۆ جەزۆی قاوەکەی سەر مێزەکەی بەردەمتان کرد و وتی: جومانە، قاوەکە نزیکبخەرەوە!..

دەتزانی من لــە (قاوەتێکردن) دا باش نیـم و نازانم جەزۆ هەڵبگرم.. لە

شوێنی خۆتەوە هەڵسایت بۆ ئەوەی تێی بکەیت.. باوکم هەڵسا بۆ ئەوەی ڕێگەت لێ بگرێت، بەڵام سوێندی گەورەت خوارد کە لەتۆ زیاتر کەسی تر قاوە تێناکات..

کاتێک قاوەت بۆ باوکم تێدەکرد سەیرمدەکردی، هەستمکرد لە هەر کاتێکی تری ڕابردوو باڵابەرزتری عەزیز. تۆ تا ڕادەیەکی ئازاربەخش ڕۆحزل.. قۆز.. میهرەبان.. دڵنەرم بوویت!..

دانیشتی بەبێ ئــەوەی هیچم بدەیتێ، باوکم بە شــۆخییەوە پێیوتی: عەبدولعەزیز پێویست بوو قاوە بدەیتە جومانە، نەک من..

بەشڵەژاوییەوە پێکەنیت و بەدەم ڕێکخستنی یەشماغەکەتەوە وتت: نەمزانی قاوە دەخواتەوە!..

ئەی خوایە عەزیز.. چەند وەڵامەکەت ساویلکانە بوو!.. پێویستی نەدەکرد بزانیت من قاوە ناخۆمەوە، نازانم چۆن ئەو ڕستەیەت بەسەر باوکی بیابانیی ژیری بەسەلیقەدا تێپەڕی.. بەبێ ئەوەی هیچ توانجێکی لێ بدات..!.. پێموایە نەیویستوە سەغڵەتمان بکات..

باوکم سەری ڕاوەشاند و بەکورتی وتی: ڕاستە، ئەو قاوە ناخواتەوە..

زۆر شڵەژاو دیاربوویت، بەشپرزەیی و بەبێ ئەوەی سەیرمبکەیت قاوەکەت خواردەوە.. باوکیشم دەربارەی خەون و خواست و نەخشەکانت، هەروەها ئاوارەیی پرسیاری لێ دەکردی!..

کاتێک وەک دوو پیاو قسەتاندەکرد من چاودێریم دەکردن..!.. چاودێریی هەردوو پیاوی ژیانی خۆم دەکرد.. یەکەم پێش ئەوەی لەدایکبم خۆشیویستم، ئەویتر پاش خۆشویستنی لەدایکبووم..!.. چەند ئەو شەوە بەختەوەر بووم عەزیز..

باوکم باسی خۆشەویستیی بێئەندازەی بۆ من و منداڵیی سەیری منی بۆ دەکردیت.. هەردوو چاوەکانی بە خۆشەویستی و شانازییەوە دەدرەوشانەوە، تۆش ســەرت دەجوڵانــد و جاربەجــار زەردەخەنە دەیگرتی و جاربەجاریش پێدەکەنیت..

باوکم بەدەست هێمای بۆ کردم و وتی: دەزانی!.. عەبدولعەزیز، جومانە هیچ شتێک نازانێت.. هیچ شارەزای کاروباری ناو ماڵ نییە، ئەگەرچی لەگەڵ دەستەخوشکێکیدا بەتەنیا لە شوقەیەکدا دەژین.. کەچی هەتاکو ئێستا فێری هیچ نەبووە..

ئاوڕت لێ دامەوەو زەردەخەنە لەسەر لێوەکانت بوو: دەشێت من فێریبکەم مامە.. چی دەڵێی جومانە..؟

هەوڵمدا وەڵامتبدەمەوە، بەڵام نەمتوانی هیچ بڵێم، جگە لە لەوانەیە!..

باوکم زۆر هەستی بەسەغڵەتی کرد لەنێوانماندا.. بۆیە هەڵساو وتی: بەیارمەتیت عەبدولعەزیز..!.. داوام لە شۆفێرەکە کردوە ئوتومبیلەکەت بهێنێتە ناو حەوشەکەوە.. وابزانە لەماڵی خۆتدای..

بەسەر هێمات بۆ کرد: فەرموو مامە.. یارمەتیی خۆت لە دەستی خۆتدایە..

سەیری باوکم کرد هەتاکو چوە دەرەوە، ئاوڕم لێ دایتەوە، بە زەردەخەنەوە لێم ڕامابووی، بەدەست هێمات بۆ دەرگاکە کرد: بۆچی جێم ناهێڵی و دوای باوکت ناکەویت..؟

پێکەنیم، چونکە نەمزانی چۆن وەڵامتبدەمەوە..!.. تۆش لەگەڵمدا پێکەنیت..

لێوەکانت جوڵاند و بەبێدەنگی وتت: خۆشمدەوێی!..

ڕوانیمە ڕووخسارت، چاوە گەورەکانت.. دوو لێوە ناسکەکەت، سمێڵە ڕێکخراوەکەت و گەنمڕەنگییە گەرموگوڕەکەت.. لەناو چاوەکانتدا زۆر قسە هەبوون.. لەناو دڵی ماڵەکەماندا لەگەڵم دانیشتبووی عەزیز.. بە ئاگاداری و ڕەزامەندیی خێزانەکەم!..

بەسەرمەستییەوە پێموتی: کوڕەکە..!.. تۆ لە ماڵی ئێمەیت!..

ئاوڕت لە دەرگاکە دایەوە و لەناکاودا هەڵسایت، چەمایتەوە و دەستی ڕاستت خستە سەر ڕوومەتم.. لێوەکانت لە ڕوومەتی چەپم نزیککردەوە و ماچێکی درێژخایانت کرد.. بەزەردەخەنەوە خێرا دانیشتی و وتت: ئەوە هەتاکو هەمیشە یەکەمین سەردانیکردنم بۆ ماڵی خۆتان لەیادبێت.. یەکەمین ماچ لەسەر ڕوومەتت!..

حەپەسابووم لەوەی کردت، بەڵام هیچم نەوت.. کاتێک باوکم هاتەوە مۆڵەتم لێ وەرگرت و ڕۆیشتم..

بتیل و سەبا وەک خووی کچانە لەسەر پێپلیکانەکان چاوەڕوانم بوون.. زۆر شتم بۆ باس نەکردن، باسی ئەوەم بۆ کردن چەند باڵابەرزیت.. چاوەکانت چەند جوانن.. پێموتن دەنگت بەهێزەو لە ئەستێرەکانی هۆلیود دەچیت.. هیچی تر!..

هەر کە سواری ئوتومبیلەکەت بوویت، پەیوەندیت پێوە کردم.. پێموتی: بێئابڕوویت!..

بە وروژاندنەوە وتت: تۆش خۆشەویستی بێئابڕوویت..
بەخەیاڵتدا نەهات، هەڵوێستمان چی دەبوو ئەگەر باوکم بەسەردا بهاتایە..؟
خەمت نەبێت جومانە.. هەر ئەمشەو لێکی مارە دەکردین بەیبی..
بڕواناکەم تۆ لێرەبووی!..
منیش نازانم چۆن جێم هێشتی و لەگەڵ خۆم نەمبردیت..
بۆچی لەگەڵ خۆت نەتبردم..؟
تۆزێک بێدەنگبوویت، ئینجا لە سەرسوڕماندا فیکەت لێدا: ئەوە چ مانگێکە؟..
وامزانی بەهەڵە شتێک بەرگوێم کەوت، بەسەرسامییەوە لێم پرسیت: چی..!.. چیت وت..؟
لە تەنیشتمەوە ئوتومبیلێک کچێکی تیایە ئازاری دڵ دەدات بەیبی!..
تۆزێک لەمەوبەر وتت نازانی چۆن جێتهێشتم و لەگەڵ خۆت نەتبردم..
بەبێزارییەوە وتت: دۆخی شێتی دەستیپێکردەوە..!..
تۆ بێئەندازە بێئابڕوویت..!.. تۆ ئێستا لەگەڵ مندا بوویت..
بەتوڕەییەوە وتت: جومانە!.. بەسە..!.. من ناچارم تەلەفونەکە دابخەمەوە..
قیژاندم بەسەرتدا: کاتێک قسەت لەگەڵ دەکەم نابێت تەلەفونەکە داخەیتەوە..!.. چۆن من قسەت لەگەڵ دەکەم تۆش قسەم لەگەڵ بکە..
بڕیاردەرانە وتت: ئێستا حەزناکەم قسەت لەگەڵ بکەم..
دڵڕەقانە تەلەفونەکەت بە ڕوومدا داخست، وەک ئەوەی پیاوێکی تر بیت..!.. پیاوێک کە بەو پیاوە ناچێت چەند خولەکێک پێش ئێستا لەگەڵمدا بووبێ..!.. هەمیشە سەیربوویت عەزیز..!.. نازانم چۆن لە چەند ساتەوەختێکدا هەموو شتێک تێکدەدەیت!.. چەندین جار پەیوەندیم پێوە کردیت، کەچی وەڵامت نەدایەوە..!.. لە نیوەشەودا نامەیەکت بۆ ناردم تیایدا نووسیوتە (لەگەڵ هاوڕێکانمدا لە خێوەتگەم، پەیوەندیم پێوە مەکە، چونکە وەڵامت نادەمەوە، هەتاکو تەمێ دەبیت)..
شەوەکەمان.. کە پێویستبوو شەوی خەونە گەورەکەمان بێت، بە زیزبوون کۆتاییهات!.. هەمیشە تۆ وادەکەیت عەزیز.. چاوەڕێدەکەیت هەتاکو هەمووشتێک دەگاتە چڵەپۆپە، بۆ ئەوەی تێکی بدەیت و بەگەمژەییەک کۆتایی پێ بهێنی..!.. شەیدای تێکدانی ساتەوەختەکانمانی، وەک ئەوەی ناخت ڕازی نەبێت دڵنیاو شادمان بین.. کاتێک باوکم ئەو شەوە لێی پرسیم داخۆ ئاسودەم لەگەڵتدا، دەمزانی پرسیارەکەی هاکەزاییە!..

دەمزانی ئەو شەوە هەموو (حیکایەتەکەی) لە ڕووخسارماندا خوێندۆتەوە.. بەبێ پێچوپەنا ڕازیبوونی خۆم پێ ڕاگەیاند، ئەو دەربارەی ڕازیبوونەکەم مشتومڕی لەگەڵ نەکردم، چونکە دەیزانی بێسوودە.. باوکم تێبینیی (زۆر)ی لەسەرت هەبوو، بەڵام هەرگیز نەیویست دڵم بشکێنێ!.. جگە لە تۆ کەسی تر دڵی منی نەشکاندوە و هیچ کەسێکیش وەک تۆ ناتوانێت بگاتە دڵم.. تۆ لەناخمدا چێنراوی عەزیز.. ڕەگەکانت لەناو دەمارەکانمدان.. دەزانم من ناتوانم ڕەگەکانت لەناویاندا هەڵکێشم.. ئای خوایە عەزیز..!.. چۆن دەتوانی بەو جۆرە بیت!..

تۆ بێئەندازە لێم نزیکی.. تۆ بێئەندازە لێم دووری!..

* * * *

سنووری نائومێدیت تێپەڕاند، ڕاچڵەکینم بەهۆی تۆوە لەوە زیاترە کە تەنیا نائومێدی بێت.. ئیمڕۆ زۆر نائومێدم.. خەمباریم تاریک و نوتەکە و ڕۆحم توڕەیە!.. چۆن دەتوانم بە ئاشتی لەگەڵ خۆمدا بژیم، پاش ئەوەی هەموو کۆترەکانی ناو ناخمت کوشت..؟!..

بڕوام بەوەیە عەزیز، تۆ ئەو گوناهەی کە ناتوانم لێی پاک بمەوە.. ئایا بەخەیاڵتدا دێت، پاش ئەو هەموو خۆشەویستییە، جگە لە گوناهێک هیچی تر نیت..؟.. نازانم چۆن ئەوە ڕووی دا عەزیز!.. لەسەر هەموو شتێک ڕێکەوتبووین و هیچ ئاستەنگێک لەبەردەمماندا نەمابوو! خەریکی ئامادەکاری بووین بۆ ئەوەی پێکەوەبین.. پێکەوە بگەڕێینەوە و باقیی تەمەنمان پێکەوە بەسەربەرین.. لەبیرمە کاتێک هەمووشتێک دیاریکراو توانیمان پێکەوە کۆببینەوە، کتوپڕ شەوێک لێت پرسیم: (جومانە، لەخوا پاڕایتەوە چی باشە ئەوەت بۆ بکات)؟!..

پێموتی ئەوەم نەکردوە.. داوات لێ کردم لەخوا بپاڕێمەوە.. نوێژی «چی باشە ئەوەم بۆ بکرێت» بکەم!..

بەسەرسامییەوە لێم پرسیت: (پاش ئەو هەموو ساڵە داوای ئەوە لە خوا بکەم عەزیز..؟!.. ئەگەر باشەمان پێکەوە لە چارەنووس نەنووسرایە، ئەوا ئێستا پێکەوە نەدەبووین.. هەمووشتەکان وا بەئاسانی جێبەجێ نەدەبوون)..

بەهێمنی وتت: (پێویستە لەخوا بپاڕێیتەوە چی باشە ئەوەت بۆ

بکات!.. چونکە پێش ئەوەی باسی هاوسەرگیرییەکەت لەگەڵ بکەم ئەوەم ئەنجامدا.. بۆیە پێش هەنگاونان بۆ هەرشتێک دەبێت تۆش ئەوە بکەیت).. بەو جۆرەشم کرد!..

لەخوا پاڕامەوە عەزیز.. لێی پاڕامەوە ئەگەر هاوسەرگیرییەکەمان باشە کارئاسانیمان بۆ بکات، ئەگەر هاوسەرگیرییەکەش دەبێتە مایەی خراپبوونی دنیا و دوارۆژ، ئەوا لەمنت دووربخاتەوە.. وەک ئەوەی ئەو شەوە داوام لە خوا کردبێت لەتۆم بێبەشبکات، هەمووشتێک لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا گۆڕا!.. ماقوڵە نزیکیت لێم عەزیز بەو ڕادەیە خراپ و ئازاربەخش بێت..؟!..

بڕوام بە خوای مەزن هەیە و ڕازیم بە چارەنووسەکانی.. بەڵام تۆ ئەو پیاوەی کە خۆشمدەوێیت و دۆڕاندنی تۆم پێ قبوڵ ناکرێت.. هەرگیز..

نازانم چۆن کتوپڕ گۆڕایت!.. نازانم چۆن پێویستیت بەهەرشتێک جگە لە (من) ئەوەندە زۆربووە!.. ئێمە نزیک بووین.. بێئەندازە نزیک بووین.. بۆیە نەدەبوایە بەوشێوەیە دەستبەردارم بیت..!..

شەوبەسەربردنەکانت لەگەڵ هاوڕێکانتدا زۆربوون.. بوونەتە پیشەی شەوانەت.. تەنانەت وات لێهاتووە هەموو شەوێک لەگەڵ ئەوان بەسەر دەبەیت!.. منیش بوومەتە دوا پێویستیی تۆ.. لەسەرەتادا هەوڵمدا تێگەیشتنم بۆ (ئەو هەڵهاتنە گەورەیەت) هەبێت.. هەوڵم دا هۆکاری دیارنەبوونت بۆ ئەوە بگێڕمەوە، کە هەر ساڵێک یان دوو ساڵ جارێک هاوڕێکانت دەبینیت.. هەوڵمدا پانتاییەکی فراوانتری شیاوی ئازادیت بدەمێ کە هەمیشە خواستی تۆ بووە.. هەوڵم دا بڕوا بەخۆم بهێنم، ئەگەر نەگۆڕایتایە ئەوا نەدەهاتیتە داوام!.. هەوڵم دا هەستی بوونی (یەکێکی تر) لەناختدا پشتگوێ بخەم، ئەو هەستەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، شەوبەسەربردن لەدوای شەوبەسەربردن، شەو لە دوای شەو خۆی دەخزاندە ناومەوە..!..

ئای خوایە عەزیز! ئای چەند (بەگێلزانینم) لەلایەن تۆوە خەمبارم دەکات!.. ڕقم لێت دەبێتەوە، کاتێک پاساوی تەلەفونە (شەوانەکانت)، کە چوار پێنج سەعات دەخایەنێت، بەوە دەهێنیتەوە گوایە قسەت لەگەڵ هاوڕێیەکت کردوە گرفتی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا هەیە!.. خەمبارمدەکەیت کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکەیت قسەت لەگەڵ هەدیلی خوشکت کردووە، کە دوو دیوار لێتی جیادەکاتەوە.. خۆزگە دەتزانی ئەو بەگێلزانینەم لەلایەن تۆوە چەند کوشندەیە!.. ژن پیاوێک خەمباری ناکات کە توانیویەتی گێلی

بکات، بەڵکو پیاوێک خەمباریدەکات کە هەستی ئەوەی پێ دەبەخشێت دەتوانێت ئەو کارە بکات!.. هێشتا ئەو شەوەم لەیادە کە تیایدا هەستمکرد هەمووشتێک تەواوبووە.. ئەگەرچی دوای ئەوە ئاشتبووینەوە، بەڵام لەناخی خۆمدا دەرکم بەوە کرد، کە وازت لێ هێناوم و زۆر تێتپەڕاندوم.. هەوڵمدەدا پەیوەندیت پێوە بکەم، کەچی تەلەفونەکەت بەدرێژایی شەو پەیوەندیی تری لەگەڵدا بوو.. کەللەڕەقانە و بەخەمبارییەوە سووربووم لەسەر پەیوەندیکردن، هەتاکو وەڵامتدامەوە..

لێم پرسیت: لەگەڵ کێ قسەتدەکرد..؟

بەساردییەوە وتت: تەلەفونەکەم لای عەبدوڵڵای هاورێم بوو!..

هەست ناکەیت زۆر تەلەفونەکەت دەدەیتە ئەو عەبدوڵڵایەی موبایلی نییە!.. هەمووشەوێک لەهەمان کاتدا و هەتاکو سەعاتەکانی بەرەبەیان تەلەفون بۆ هەدیل دەکەیت، کە لەهەمان ماڵدا دەژی..؟

بەتوڕەییەوە وتت: مەبەستت چییە جومانە..؟

هاوارمکرد بەسەرتدا: عەبدولعەزیز..!!.. پێتوایە بەو رادەیە ساویلکەم..؟؟

قیژاندت: گوێبگرە!.. مۆبایلەکەم لای عەبدوڵڵا بوو، ئەگەر دەتەوێ بڕوابکە.. لە هەموو بارێکدا بڕواکردنی تۆم بەلاوە گرنگ نییە.. ئەوە بەس نییە بەهۆی پەیوەندییە بەردەوامەکانتەوە شەرمەزارتکردوم!

شەرمەزارمکردوی؟!..

بەڵێ شەرمەزارتکردوم!.. بۆچی تۆ شێتی هەتاکو زیاتر لە حەفتا جار پەیوەندیم پێوە بکەیت؟؟

عەبدولعەزیز.. لەگەڵ کێ قسەتدەکرد؟!..

بەهەڵچوونەوە وتت: لەگەڵ جنۆکە!.. لەگەڵ جنۆکەی شین قسەمدەکرد!.. تۆ هەقت چییە بەسەرەوە..؟

بەڵێنت دامێ کە بگۆڕێی!..

گوێبگرە.. ئەمە دواجارە رێگەت پێ بدەم بەدرۆم بخەیتەوە و گومان بە قسەکانم بکەیت.. تێگەیشتی..؟

قیژاندم: ئەی ئەو بەڵێنانەی بەمنت دان بۆ کوێ چوون..؟؟

«لەئاوی هەڵکێشە و ئاوەکە بخۆرەوە!..»

کاتێک ئەو شەوە تەلەفونەکەت بە ڕوومدا داخستەوە، زانیم هەموو دەزووەکانی گەڕانەوەت پچڕاندوە عەزیز!.. زۆرجار دەمەقاڵێمان بووە و شەڕمانکردوە

و بەسەر یەکدا قیژاندومانە.. لەگەڵ ئەوەشدا هەمووشەوێک کە خەوتووم دڵنیابووم لەوەی کاتێک خەبەرم دەبێتەوە دەبینم چاوەڕوانی ئاشتکردنەوە و ڕازیکردنی!.. بەڵام ئەو شەوە عەزیز زانیم چیتر لەگەڵم نیت و تۆ نابیتە هی من.. شتێک لە شێوازی قسەکردنتدا هەبوو پێی ڕاگەیاندم کە کۆتاییت بە من هێناوە و هیچ ڕۆژێک وەک جارانمان لێ نایەتەوە.. پاش ئەوە ویستم ئاشتتبکەمەوە!.. دەستم پێوە گرتی، پێم بە شکۆ و ئەقڵ و لۆژیکی خۆمدا نا، هەوڵمدا ڕازیت بکەم، کەچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لێم دووردەکەوتیتەوە.. هەتاکو کار گەیشتە ئەوەی هەر سێ چوار ڕۆژ جارێک دەنگم دەبیستی، کاتی هەر تەلەفونکردنێکیش دەمەقاڵێمان دەبوو.. ڕازی نەدەبووم بە گۆڕینت، پێویستم بەوە بوو ئەوەم بۆ لێکبدەیتەوە کە ڕووی دابوو، بۆ ڕەفتارەکانت لەگەڵم و هەڵهاتنت و دووریت لێم پاساوم بۆ بهێنیتەوە.. کەچی زیاتر مەسەلەکەت فەرامۆشدەکرد، وەک ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بەتۆوە نەبێت!.. هەرجارێک دەربارەی ئەوەی نێوانمان گفتوگۆم لەگەڵ کردبی، سووربوویت لەسەر ئەوەی (بەهەڵەداچووم)!.. گۆڕانت نابینم!.. تێگەیشتنم نییە بۆ سەرقاڵیت و توشی نەخۆشیی گومانکردن بووم.. هەتاکو ڕۆژێک قسەت بۆ کردم و پێتوتم: گوێبگرە جومانە.. دەزانم خۆشتدەوێم، وەک چۆن من تۆم خۆشدەوێت.. بەڵام خۆشەویستی هەمووشتێک نییە..!.. تۆ گومان بە هەموو شتێک دەکەیت کە دەیکەم.. ئەمەش ڕۆژێک وێرانمان دەکات..

بە توڕەییەوە پرسیارم لێ کردیت: پێشنیاری چی دەکەیت..؟

جومانە، ناتوانین لەسەر ئەم پەیوەندییە بەردەوام بین!.. ئەم پەیوەندییە وێرانمان دەکات..

تێنەگەیشتم..!.. مەبەستت چییە لەوەی ناتوانین لەسەر ئەم پەیوەندییە بەردەوامبین؟

جومانە.. تۆ لە من بێزاریت.. منیش بەهەمان شێوە، کۆتوبەندەکانت دەمخنکێنن جومانە!.. بڕوام پێ بکە، تەنانەت ئەگەر شووشمان بەیەک کرد، ئەوا ناتوانین پێکەوە بەردەوامبین..

چی..!..

تۆ جوانیت.. گەنجیت.. زیرەکیت.. هەر پیاوێک لەم دنیایەدا ئاواتەخوازە کچێکی وەکو تۆ بهێنێ!.. بەڵام من وێرانتدەکەم جومانە.. وەک چۆن تۆ ئێستا وێرانمدەکەیت!..

بەپەرۆشەوە وتم: ئێستا وام لێهاتووە وێرانتدەکەم..؟

ببورە جومانە!.. دەزانم قسەکانم ڕەقن.. بەڵام بڕوام پێ بکە ئێستا ئازار بچێژین لەوە باشترە بەدرێژایی تەمەن ئازار بنۆشین..

بەو ئاسانییە؟

چونکە دڵم لاتە و ئاواتەخوازم بەختەوەرترین ژنی دنیا بیت.. من ناچارم سەختترین بڕیار هەڵبژێرم، ئەو بڕیارەی دەزانم تۆ نایدەیت، تەنانەت ئەگەر بشتەوێت..

بەگاڵتەپێکردن و بەدەم گریانەوە وتم: ئای چەند باشیت!..

بەبێزارییەوە وتت: جومانــە.. ڕۆژێک لەوە دڵنیا دەبیت کە ئەوەم لەبەر هەردووکمان کردوە!..

بەدەم گریانەوە قیژاندم بەسەرتدا: ئەی من..؟!.. چۆن بەبێ تۆ دەژیم..؟؟

ژیان ڕاناوەستێ جومانە.. بێگومان پیاوێکی گونجاو توشتدەبێت.. جیابوونەوەمان لەکاتێکدا خۆشەویستیمان بۆ یەکتری لە دڵماندایە زۆر باشترە لەوەی بە خەمباری پێکەوە بژین!..

من پیاوی گونجاوم ناوێت.. لەکاتێکدا بەرامبەر بەتۆ خۆشەویستییەکی مەزنم لەدڵدایە، حەزناکەم لێت دووربکەومەوە.. ئەوەم ناوێت...

جومانە، کارەکــەم بۆ ســەخت مەکــە.. تۆ هێشــتا مندالێت و نازانی بەرژەوەندیت لەکوێدایە..

هاوارمکرد بەسەرتدا: باسی بەرژەوەندیی من مەکە!.. بەرژەوەندیی منت ناوێت.. بۆیە وای پیشان مەدە ئەوە دەکەیت کە بەرژەوەندیی منی تێدایە..

گوێبگرە..!.. بێزارم مەکە.. من بە باوکم دەڵێم لە مەسەلەی هاوسەرگیرییەکە پاشگەزبوومەتەوە.. تۆش بە دایک و باوکت بڵێ.. ئەوەیان پێ بڵێ کە پێت خۆشە، بەلامەوە گرنگ نییە چی دەکەیتە هۆکاری پاشگەزبوونەوەکەت.. گرنگ ئەوەیە پێیان بڵێی تۆ پاشگەزبوویتەتەوە..

چەند لەخۆبوردویت عەزیز!.. بەپەرۆشبوویت بۆ ئەوەی لەبەردەمی دایک و باوکێکدا ڕووسووربم کە ناچارمکردن ڕازیبن پێت.. پاش ئەوەی بەئاسانی دەستبەردارم بوویت، دەترسیت لەبەرچاوی خێزانەکەم سووک بم.. دەزانی عەزیز.. بێجگە لە تۆ هەرگیز بایەخم بەکەس نەداوە!.. هیچ کەسێک جگە لە تۆ نەیتوانیوە سوکم بکات.. پێتوا بوو گوێ بە دیمەنی کۆتایی دەدەم.. ویستت بەڕادەی شۆخوشەنگیم جوان بێت، بۆیە داوات لێ کردم

چوارچێوەیەکی بۆ هەڵبژێرم شایستەی من بێت و تەبابێت لەگەڵ وێنەی من لای ئــەوان..

نازانم بۆچی هەوڵمدا لە بڕیارەکەت پەشیمانت بکەمەوە، لەکاتێکدا دەمزانی پەشیمان نابیتەوە.. نازانم چۆن شکۆم بەو ڕادەیە سووکبووە!.. هێشتا نازانم بۆچی پاش ئەو ئاخاوتنەو بۆ چەندین ڕۆژ هەوڵم دەدا چاو بە مەسەلەکەماندا بخشێنیتەوە.. بیربکەیتەوە و نەهێڵی شەیتان ئەوەی نێوانمان وێران بکات!..

کەچی هەرکاتێک لاوازتربوویم، تۆ ستەمکارتر و دڵڕەقتر بوویت.. لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر بە هەوڵدانەکانم بۆ گێڕانەوەت بێهیوا نەبووم، هەتاکو کار گەیشتە ئەوەی بەبێ ئاگادارکردنەوەم گەڕایتەوە بۆ (کەنەدا) و لەپاش خۆت ژنێکت جێهێشت کە ئامادەبوو ببێتە هاوسەرت!..

بەئاسانی گەڕایتەوە و بەئاسانی و نامەردی وازت لێ هێنام!.. لەبیرمە چۆن دایکم لە پاشگەزبوونەوە (دەستکردەکەم) ئاگادارکردەوە.. پاش گەڕانەوەکەت ناچاربووم بەتەنیا ڕووبەڕووی هەڵوێستەکە ببمەوە..

بەتوڕەییەوە پێیوتم: پێتوایە شووکردن گەمەیە؟

وەڵاممدایەوە: نا، بەڵام لەخوا پاڕامەوە ئەوەم بۆ بکات کە باشە بۆم، لەوکاتەوە هەستم بە ئارامی نەکردوە بەرامبەر بە ڕازیبوونەکەم!..

ئەی ئەو پیاوەی خۆی بۆ هاوسەرگیرییەکە ئامادەدەکات..؟!.. مامەکانت کە خەریک بوو باوکت لەسەر تۆ بیاندۆڕێنێ.. چییان پێ بڵێین..؟؟

دایکە، مامەکانم خۆشحاڵدەبن بە پەشیمانبوونەوەم لەم هاوسەرگیرییە..!.. با باوکم پێیان بڵێ لەبەرئەوان پاشگەزبوومەتەوە..سەبارەت بە عەبدولعەزیزیش.. خۆم قسەم لەگەڵ کردوە و تێگەیشتنی بۆی هەیە!..

جومانە.. گەمەدەکەیت..؟!.. دەرک بەوە دەکەیت بەهای ئەوە چەندە کە دەستبەرداری دەبیت و ئەوەی هەنگاوی بۆ هەڵدێنی..؟

قسەم لەگەڵ عەبدولعەزیز کرد و هەموو شتێک تەواو بووە دایکە.. تکایە باوکم ئاگاداربکەرەوە.. چونکە هەموو شتێک کۆتاییهاتوە..

ئەی کەسوکارەکەی..؟.. چییان پێ بڵێم.. بۆچی کچەکەم لە بڕیارەکەی پاشگەزبۆتەوە..؟

پەیوەندیان پێوە مەکە..!.. ئەو خۆی پێی وتون..

دەزانم دەرک بەوە ناکەیت، بەهۆی هەڵوێستەکەتەوە تووشی چی بووم.. دەزانم هیچ (شتێک) لەوانەی تووشم بووە، پەیوەندیی بەتۆوە نییە.. دەزانم

بەلاتەوە گرنگ نەبووە چۆن ڕووبەڕووی هەڵوێستەکە دەبمەوە.. هەروەها دەزانم پیاوەتی نەبوو بەو شێوازە بەجێتهێشتم عەزیز.. مرۆڤانە نەبوو بەو شێوەیە جێمبهێڵی.. ئای وازهێنانت لێم چەند دڵڕەقانە.. ساردوسڕ.. سوکایەتیپێکارانە بوو!..

لەوە تێناگەم بۆچی سووریت لەسەر ئەنجامدانی ئەوە؟!.. بۆچی سووری لەسەر بەئاشکرا سوکایەتیپێکردنم..!.. ڕۆژێک بە هاوسەرگیریت لەگەڵ یاسەمین و بەبەرچاوی هاوڕێکانمانەوە سوکایەتیت پێ کردم.. دواییش بە پاشگەزبوونەوەت لە هاوسەرگیرییەکەمان لەبەردەمی کەسوکارەکەم و کەسوکاری خۆتدا سوکایەتیت پێ کردم.. چۆن توانیت لە هەردوو بارەکەدا سوکایەتیم پێ بکەیت، بەبێ ئەوەی پریشکێکی ئەو سوکایەتیەت بەربکەوێت..؟!..

پێش گەڕانەوەم لەگەڵ خالید و هەردوو خوشکەکەمدا چوینە دەرەوە بۆ نانخواردنی ئێوارە.. خالید ڕادیۆی ئوتومبیلەکەی داگیرساند، دەنگی Elton Jhon و Blue بەرزبۆوە: Sorry seems to be the hardest word..

وام لێهاتووە ڕقم لەو گۆرانییە دەبێتەوە، بەئەندازەی خۆشەویستیت بۆی و خۆشەویستیی هەردووکمان بۆی، بۆ دواهەمین جار لە ئوتومبیلەکەی تۆدا گوێم لێ بوو.. بەرەبەیانێکی زووبوو لەبەردەمی یەکێک لە کتێبخانەکاندا ڕاوەستابووین، چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکانی قوتابخانەکە بووین.. میزاجێکی باشم نەبوو.. چونکە شەوی پێشووتر باش نەخەوتبووم.. ئەو میزاجەم هەبوو کە هەمیشە پێیدەڵێی (خیشن!).. هەتاکو ئێستا نازانم ئەو ناولێنانەت لەکوێوە هێناوە.. هەرکاتێک ئەو مەزاجەم دەبێت زۆر پێکەوە قسەناکەین، تەنانەت دەمەقاڵێشمان نابێت!.. سەرم خستە سەر پشتەسەری کورسییەکەم و هەوڵم دا چەند خولەکێک بدزم بۆ خەوتن.. لەکاتێکدا تۆ قاوەکەت دەخواردەوە و لەو بارانە ڕامابوویت کە لە دەرەوە دەباری.. چاوم لێک نابوو، کاتێک تەسجیلەکەت داگیرساند و دەستت بە گۆرانیوتن کرد..

What I got to do to make you love me?
What I got to do to make you care?
What do I do when lightning strikes me?
And I wake to find that you›re not there?

دەنگت زۆر نزیکو بەچێژ بوو.. لەناکاودا چاوەکانم کردەوە و ئاوڕم لێ دایەوە، ئانیشکت خستبووە سەر پەنجەرەی دەستە چەپ.. بەزەردەخەنەوە سەیرتدەکردم..

بە زەردەخەنەوە پێموتی Why are you looking at me like that؟

سەرت خستە سەر پشتەسەری کورسییەکەت و هەناسەت هەڵکێشا: ئاخ!..

پێموتی: مەبەستت چییە لەو (ئاخ)ـە..؟

زۆر شت!..

وەکو چی..؟

وەک ئەوەی ئاواتەخوازم ئێستا دەستت بگرم و لە ئوتومبیلەکە دابەزین و لەژێر بارانەکەو لەسەر دەنگی ئیلتون جۆنس سەمابکەین..

ویستم بتوروژێنم، بۆیە وتم: هێشتا زووە بۆ تۆ!..

دەنگی ڕیکۆردەرەکەت بەرزکردەوە، لە ئوتومبیلەکە دابەزیت.. دەمزانی ڕامدەکێشی بۆ ژێر بارانەکە، چوومە جێگەکەی تۆ و دەرگاکانی ئوتومبیلەکەم داخست، دەتکێشا بە جامەکانی ئوتومبیلەکەدا هەتاکو دەرگاکە بکەمەوە، بەڵام نەمکردەوە.. هەردوو دەستت کردەوە و وەک منداڵێک بچووک لە ژێر بارانەکەدا دەخولایتەوە.. سەیری ئاسمانت دەکرد، وەک ئەوەی لێی بپاڕێیتەوە!.. بارانەکە تەڕیکردی، بەڵام بەردەوامبوویت لەسەر دەستکردنەوە و سەربەرزکردنەوە بۆ ئاسمان.. هەستمدەکرد ڕۆحت ئاودەخواتەوە، پێش ئەوەی جلەکانت بیخۆنەوە..

جامەکەم کردەوە و پێموتی: کوڕەکە.. دەزانیت نەخۆشدەکەویت..؟

بەدەم هێماکردنەوە بۆ ئاسمان وتت: تۆ شەفاف و پاکی، وەک ئەو بارانە.. بۆیە تۆ لە خواوە نزیکتری.. بۆم بپاڕێرەوە..

نێوانکار مەخەرە نێوان خۆت و خواوە..!.. بڕوام پێ بکە عەزیز هیچ ڕێگرێک لەنێوانتاندا نییە.. دەستەکانت بەرزبکەرەوە و بپاڕێرەوە..

تکات لێ دەکەم جومانە.. بۆ من لێی بپاڕێرەوە!...

تۆزێک بێدەنگ بوویت و وتت: دەتەوێ داوای چیی لێ بکەیت..؟

تۆم دەوێت!..

تەنیا من..؟!

پەنجەت بەرزکردەوە و هێمات بۆ خاڵێکی دووری ناو دڵی ئاسمان کرد، خاڵێک کە تەنیا خۆت دەتبینی.. وتت: دەزانم خوا لە تۆم بێبەشدەکات!..

بۆچی پێتوایە خوا لە منت بێبەشدەکات..؟
پشتگوێت خستم و دەستتکرد بە گۆرانیوتن:

What I got to go to make you want me?
What I got to do to be heard?
What do I say when it›s all over?
Sorry seems to be the hardest word.
It`s sad, so sad

ئەو ڕۆژە بارودۆخەکەمان بێئەندازە ڕۆحانی بوو.. ئیمڕۆ دان بەوەدا دەنێم، ئەوە خۆشەویستترین ڕۆژ بوو بەلای دڵمەوە.. دان بەوەدا دەنێم کاریگەریی زۆر سەرنجڕاکێشەرانە بوو، منیش زیاتر لە جاران عاشقت بووم.. دیمەنی گۆرانیوتنەکەت لە ژێر باران و سەعات نۆی سەرلەبەیانیدا ئاسوودەیی دەبەخشییە دڵ، گەرموگوڕیی دەدایە ڕۆح و جەستەی بێهۆشدەکرد.. بەپەرۆشەوە چاودێریم دەکردی، وەک چاودێریکردنی دایکێک بۆ منداڵەکەی کاتێک گەورەدەبێت..

ئێوارەی ئەو ڕۆژە پێموتی: منداڵیت حەزم دەبزوێنێ!..

وەڵامتدامەوە: هیچ پیاوێک دایکایەتیت تێرناکات، وەک چۆن هیچ دایکێک پیاوەتیم تێرناکات..

وتم: تێنەگەیشتم..

منداڵیم پێداویستیت بە دایکایەتی دەبزوێنێ، مێیەتی تۆش پیاوەتی من دەبزوێنێ.. بەڵام پیاوەتی من دایکێک تێری ناکات و دایکایەتی تۆش پیاوێک تێری ناکات..!.. لە مەبەستم تێگەیشتی..؟

ئەی ڕۆژێک پێت نەوتم لەناو هەر پیاوێکدا منداڵێکی بچووک هەیە؟

وام پێوتی، هەروەها پێموتی لەناو هەر ژنێکیشدا دایکێک هەیە.. بەڵام لەوە گەورەترم کە دایکم بوێت!.. پێداویستییەکانم گەورەبوون جومان!

ئەو ڕۆژە پێموابوو مەبەستت ئەوەیە پێداویستییەکانت جیاوازن، بەڵام لەوە نەگەیشتم کە مەبەست ئەوەیە هەرچییەک بکەین ناتوانین پێداویستییەکانی یەکتر تێربکەین.. چونکە پێداویستییەکانمان تا ڕادەیەکی زۆر ناکۆک و دژ بەیەکن..

بەخالیدم وت: ڕادیۆکە بکوژێنەرەوە..!.. حەزم لەو گۆرانییە نییە..

خالید کەللەڕەقانە و وەک ڕەفتاری هەمیشەیی لەگەڵم دەنگی بەرزکردەوە.. نازانم بۆچی پیاوان کەللەڕەقانە و بەبێ هیچ پاساوێک ژنەکانیان تورەدەکەن.. سەیر لە مەسەلەکەدا ئەوەیە.. پیاوان وای دەردەبڕن کە ژنان لە کەللەڕەقی خوڵقێنراون.. لەکاتێکدا ژنان لەوە بەدەرن..

دەزانیت عەزیز.. بڕوای تەواوم بەوەیە کە ژنان لە شەکر خوڵقێنراون.. ژنان بوونەوەری بێئەندازە شیرینن.. بۆیە تواندنەوەیان ئاسانە.. بەڵام کاتێک ژن/ شەکر دەتوێتەوە، وەک جارانی لێ نایەتەوە عەزیز.. بەڵکو وندەبێ و لەناودەچێت، وەک ئەوەی هیچ ڕۆژێک تامی شیرینی بە پیاو نەبەخشێت..

ڕۆژێک لە سەرخۆشیی عیشقدا لێت پرسیم: لەچی خوڵقاوی جومان؟

بەگاڵتەپێکردنەوە و بۆ تورەکردنت وتم: لە شەکر!..

بەخۆشەویستییەوە هاوارتکرد: ماڵی شەکر خەراب بێت ئەی شەکر!..

ئێستا تێدەگەم عەزیز، (مارت خراپ بی) و وشەکانی تر، وشەگەلێکن لە خۆشەویستەکەی (مۆنتریال)ەوە وەرتگرتوە.. زۆرجار دۆشداماو دەبووم بەرامبەر بە دووبارەکردنەوەی ئەو وشانەی هیچ پەیوەندیان بە زاراوەی خۆمانەوە نییە...!..

لەبیرمە جارێک لێم پرسیت: بیرتکردم..؟

بەناڕەزایی دەربڕینەوە پێتوتم: ئەدی کو!..

ئەو (ئەدی کووەت) لەکوێوە هێناوە..؟

بەگاڵتەپێکردنەوە: لە بۆشایی ئاسمانەوە!..

بەتورەییەوە پێموتی: ئێمە دەڵێین (ئەی چۆن!).. ناڵێین (ئەدی کو)..

بۆچی تۆرەبوویت..؟

لەبەرئەوەی نازانم ئەو وشانەت لەکوێوە هێناوە..!..

لە سامانتای کچە هاورێمەوە..

ئەوکاتە زۆر لێت تورەبووم عەزیز.. ئەگەرچی دڵنیابووم لەوەی دەتەوێ وەک هەمیشە بە سامانتای کچە هاورێ وەهمیەکەت ڕقم هەڵسێنی!.. بەڵام هەندێک جار بەگومان بووم بەرامبەر بەوەی سەرچاوەی وشەکانت مێینەیەک بێت.. کاتێک بۆ نموونە وات نیشاندەدا ژنێکی تری وەک سامنتای مەکسیکی لەئارادایە، هەمیشە بەوە دەتویست گومانم بڕەوێنیتەوە!.. زۆر زیرەک بوویت کاتێک ئەو ژنەت دۆزییەوە عەزیز، ئێستا تێدەگەم هەرکاتێک گومانم پێ کردبی، ئەوت کردۆتە پاساوێک بۆ ئەوەی هەستبکەم ترسەکانم مایەی

پێکەنینن و مەراقەکانم هیچ پاساوێکیان نییە!.. بەو ڕادەیە فێڵبازبوویت کە ساویلکەییم لێی تێنەگەیشت! کاتێک پەیوەندییەک کۆتاییدێت، ڕووداوەکان سەرلەنوێ پێکدێنەوە و لە گۆشەی ترەوە دەیانبینین!.. سەرەنجام هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بەو ڕووداوانەوە هەبووە بەشێوەیەکی جیاواز کەوتنەڕوو..

ئیمڕۆ ڕقم لە شێوەی ئەو کاتەی پەیوەندییەکەمان دەبێتەوە، ئێستا تێدەگەم ئەو پەیوەندییە گونجاو نەبوو بۆم.. بەڵام هیچ ڕۆژێک خەوم بەوەوە نەبینوە ئەو پەیوەندییە گونجاو بێت بۆم.. من ڕازیبووم لەوەی چۆن تیایدا دەردەکەوتم، مادام لایەنێکم تیایدا، ئەوەی گرنگبوو بەلامەوە ئەوەبوو کە لایەنێک بم تیایدا.. بەلامەوە گرنگ نەبوو شیاوبێت بۆ من یان شایستەم بێت، بەڵکو گرنگ ئەوەبوو پەیوەندییەکە هەبێت و بەردەوامبێت.. ئەی ڕۆژێک نەتوت خەونەکانی ژنان گەمژانەیە عەزیز؟!..

بەهەڵچوونەوە پێموتی: تکایە گشتگیری مەکە!..

پێتوتم: دەزانی جومانە.. ژن لە ژیانی سۆزداریدا بەختەوەر نابێت، ئەگەر بێتو گەمژە نەبێت.. یان لانی کەم وای نیشـــان نەدات کە گەمژەیە.. بۆیە هەرگیز بەختەوەرنابیت جومان!..

پێتوایە لە خۆبەگەمژەداناندا باش نیم..؟!..

تۆ دەرەقەتی نایەیت.. ناتوانی وای پیشانبدەی کـــە گەمژەیت.. بۆیە لەگەڵ هیچ پیاوێک بەختەوەرنابیت، جا هەرچەندێک خۆشیبوێی!..

پێتوایە من لەوە زیرەکترم پیاوێک بەختەوەرم بکات.. منیش پێموایە لەوە گەمژەترم بانگەشەی گەمژەبوون بکەم، هەتاکو بەختەوەربم لەگەڵیدا!.. هەڵەبوو لەگەڵ پیاوێکی بەئەزموون ژیانی سۆزداریم دەستپێکرد، لە ژیانی خۆیدا زۆر ژنی ناسیبووە و زۆریشی خۆشویستبووە، بەڵام من قەدەری خۆم لەگەڵ تۆ هەڵنەبژاردوە.. پێش ئەوەی ئەم خۆشەویستییە پیسم بکات کەم ئەزموون، بێئاگا و پاک بووم، تۆ پێتوایە خۆشەویستی پاک و خاوێنمان دەکاتەوە، منیش پێموایە زۆربەی جارەکان پیسماندەکات و دەمانشێوێنێ.. ئێستا دان بەوەدا دەنێم بەو ڕادەیە زیرەک نەبووم بانگەشەی گەمژەیی بکەم، بەزۆر باری نکۆڵیکردندا تێدەپەڕیم.. ڕەشم بەسپی دەبینی و بیانوم بۆ هۆکانی خیانەتکردن دەدۆزییەوە، لە باری ئینکارکردندا بووم عەزیز.. سەرباری گەمژەیی خەونەکانم، ژنێکی گەمژەنەبووم..

ڕۆژێک پێتوتم: تۆ لەوە چاکتریت کە دڵێک لێت تێبگات!..

منیش ئیمڕۆ پێتدەڵێم عەزیز: تۆ لەوە فێڵبازتری ئەقڵێک لێت تێبگات..
زیرەکبووم عەزیز.. بڕوام پێ بکە هەمیشە زیرەکبووم، بەڵام زیرەکیم سـەرباری (کوالێتییەکـەی) نەیتوانی لـە فێڵبازیـت تێبگات، ئەرگەرچی ڕوونبوو!.. ئەم ڕۆژانە شتەکانت دەخوێنمەوە، سەیری وتارەکانت دەکەم و لەناویاندا بەشوێن (هەندێک) لەخۆمدا دەگەڕێم، پێویستم بەوەیە هەندێک لەخۆمیان تیادا بخوێنمەوە، هەتاکو هەستبکەم لەوێبووم، لەو شوێنەی تۆی لێبووی.. ئیمڕۆ ئەو شتانە دەخوێنمەوە کە دەیاننوسی، کەچی لە وشەکانتدا شتێک لەخۆم نابینمەوە، وەک ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەوێ نەبووم و بەبەردەمی دەرگاکەتدا تێنەپەڕیم!.. نازانم چۆن هەمووشتێک لای تۆ بە چاوتروکاندنێک کۆتاییدێن.. چۆن هەمووشتێک لای من دەمێننەوە و بەتاڵە مویەکیش دەستکاری ناکرێن!..
باشتربوو فێری کۆتاییهێنانم بکەیت، وەک چۆن فێری دەستپێکردنت کردم، چۆن بەهەردوو دەست هەڵم دەگریت، بۆ ئەوەی لەناوەڕاستی دەریادا فڕێم بدەی، ئینجا بگەڕێیتەوە و ژنێک لەپاش خۆتەوە جێبهێڵی کە مەلە نازانێت.. ژنێک کە ڕۆژێک خۆشەویستت بوە!..
هەست بە نائومێدی دەکەم!.. دەشێت بە نائومێدی ئاشنا نەبیت و تێی نەگەیت.. بەڵام سوێی نائومێدی خەریکە دەمکوژێت..
سەیر ئەوەیە تۆ هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە من ژنێکی کەللەڕەقم.. منێک کە خۆم دایە دەست تۆ، هەتاکو هەموو جۆرەکانی بەسوک سەیرکردن و زەلیلیم پێ بنۆشیت، منێک کە ئامادەبووم لەپێناو ئەو پیاوەدا دەستبەرداری هەموو شتێک کە پێشتر وازی لێ هێنابووم.. کەواتە چۆن پێموابوو جارێکی تر کارەکانی پێشووی دووبارە ناکاتەوە!.. سەخت بوو ڕووبەڕووی خێزانەکەم ببمەوە، سەختر ئەوەبوو کاتی گەڕانەوەم ڕووبەڕووی تۆ ببمەوە.. ئامادەنەبووم سەرلەنوێ بتبینمەوە، توانای ئەوەم نەماوە پاش هەموو ئەوانەی ڕوویان دا شوێنێک پێکەوە کۆمانبکاتەوە..
پێش گەڕانەوەم زۆر نەخۆشکەوتم!.. بە شەکەتیو بەهەستی تێکشکاوییەوە سواری فڕۆکە بووم، ئەوساکە هەستمکرد دڵتەنگی سەرتاپامی داگیرکردوە.. هەستم بە گرژبوونی ماسولکەکانم دەکرد، وەک ئەوەی شاخێک لە خەم لەسەر سنگم بێت و هەناسەم لێ ببڕێت.. کاتێک گەیشتمەوە و هاتمە ناو شارەکە، هەستمدەکرد خەڵک بەچاوی بەزەییەوە تێمدەڕوانن، وەک ئەوەی

بزانن چی لەنێوانماندا ڕووی داوە.. لەسەر ڕێگەی ماڵەوە و کاتێک سەیری شەقام و خانوەکانم دەکرد فرمێسک لە چاوەکانمەوە جۆگەلەیان بەست، لەو کاتەدا شۆفێری تەکسییەکە بەنیگەرانییەوە دەنگی بەرزکردەوە: خانمەکەم، تــۆ باشــیت..؟

شۆفێری تەکسییەکە بەدرێژایی ڕێگەکە لە ئاوێنــەی ناو ئوتومبیلەکەوە چاودێریدەکردم.. دەمزانی دەنگی خەفەتم سەرباری کپ بوونی زۆر بەرزە!..

پێموت: من باشم!.. مەسەلەکە تەنیا غەریبایەتییە..

ڕوونبوو کە من ئارەزووی باسکردنی هیچ شتێک و گوێگرتن لە هیچ شتێکم نییە.. بۆیە شۆفێرەکە زەردەخەنەگرتی و درێژەی پێ نەدا..

ئای عەزیز، یەکەمین شەوی پاش گەڕانەوەم چەند سەخت بوو!.. هێشتا هەیفا لە کوەیت بوو و نەهاتبۆوە و من تەنیابووم.. تەنیا بووم لە شارێکدا کە تیایدا فێرمکردی چۆن پیلانم لە دژ بگێڕی و لەناومبەریت.. نزیکەی مانگێک بەسەر دوا ئاخاوتنماندا ڕۆیشتبوو.. مانگێکی تەواو لە هەواڵت نەپرسیم، وەک چۆن منیش لێم نەپرسیتەوە.. درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم بیرم نەکردویت و بەدرێژایی ئەو ماوەیە بیرم لێ نەکردویتەتەوە.. بەڵام هەستەکانی نائومێدی و دڵشکان و خەمباری زۆر لە بیرکردنم گەورەتربوون!..

لە شوققەکەمدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ گۆشەگیر بووم و نەچووم بۆ هیچ شوێنێک.. ئامادەنەبووم خۆر ببینم.. هەروەهــا باڵنــدەکان و ئاسمان.. جارێکیان پێتوتم کە من کاتی خەفەتخواردن زۆر سەلار دەردەکەوم!..

ئەو ڕۆژە پێتوتم: کاتێک سەلاردەبیت، دەزانم میزاجت باش نییە!.. کاتێک خەمبار یان نائومێد دەبیت، جلوبەرگی پانوپۆڕ و درێژ و تۆخ دەپۆشیت!..

لەڕاستیدا هیچ ڕۆژێک پێش ئەو ئاخاوتنە بەرامبەر ئەوە وریا نەبووم.. هەتاکو ئێستاش لە پەیوەندیی نێوان سەلاربوون و خەمباری تێنەگەیشتووم..!.. نازانم بۆچی لە کاتی خەمباریدا سەلاردەبین، وەک ئەوەی بمانەوێ لەناو تاریکیی ڕەنگە تۆخەکان و ژێر جلوبەرگە پانوپۆڕەکاندا خەمباریی خۆمان بشارینەوە.. ئەوەی تێیدەگەم ئەوەیە، لەڕاستیدا کاتێک خەمباردەبین ڕواڵەتێکی سەلارمان دەبێت.. سەلاربوونێکی خەمباری ناشرین پۆش عەزیزا.. کە هەموو جوانییەکم لە ژێر قورسایی خەمباریدا وندەبێت و ڕووناکیم دەکوژێتەوە، ڕەنگم دەگۆڕێت و سیمام وشکهەڵدەگەڕێت.. دەبمە ژنێک کە هیچ بە من ناچێت..

لە تاریکیدا لەسەر قەنەفەکە ڕاکشابووم و گەمەم بە قۆڵی چاکەتە پانوپۆڕەکەم دەکرد، کە دوو ئەوەندەی من دەبوو.. لەوکاتەدا گوێم لە دەنگی گۆرانیبێژێکی Limp Bizkit دەگرت کە بەدەنگێکی خەمبار و ئازاربەخش گۆرانیی Behind Blue Eyes.. دەوت، کە وشەکانی ئەمانە بوون:

No one knows what it`s like..
To be the bad man..
To be the sad man..
And no one knows,
What it`s to be hated!
To be fated to telling only lies..

هیچ کەسێک نازانێت هەستەکان چۆن دەبن..
کاتێک پیاوێکی خراپ دەبیت!..
کاتێک پیاوێکی خەمبار دەبیت..
هیچ کەسێکیش نازانێت..
چۆن دەکرێت کەسێکی بێزراو بیت..
چۆن ناچاردەکرێیت درۆبکەیت!

دەزانیت عەزیز، سەرباری هەموو ئەوەی پێت کردوم، زۆر بەزەییم پیاتدا دێتەوە.. زۆر سەختە مرۆڤ خراپ بێت عەزیز.. ئای خوایە چەند خراپی، نازانم چۆن لەگەڵ خراپیی خۆتدا ژیان بەسەردەبەیت!.. چۆن دەتوانی لەگەڵ ئەو هەستوسۆزە دڵڕەقانەی خۆتدا هەڵبکەیت!..
وام هەستکرد ئەو گۆرانییە بۆ تۆ نووسراوە!.. باسی تۆ دەکات.. بەوردی باستدەکات..
لەوکاتەدا کتوپڕ زەنگی تەلەفونەکەی ماڵەوە بەرزبۆوە.. بەدەگمەن بەتەلەفونی ماڵەوە پەیوەندیمان پێوە دەکرا، بەتایبەتی کە هەیفا لێرەنەبوو.. سێ ڕۆژ بەسەر هاتنەوەمدا تێپەڕیبوو، گوێم لە دەنگی زەنگی تەلەفون نەببوو، تەنانەت خەریک بوو بوونیم لەبیردەچۆوە.. زۆر ترسام، بەڵام وەڵامدایەوە..
بەدەستێکی لەرزۆک دەسکی تەلەفونەکەم هەڵگرت: Hello

دەنگت بە قوڵی بەر گوێم کەوت: دواجار هاتیتەوە!..

دەنگت سڕیکردم، بۆیە وەڵامم نەدایەوە.. دەمویست جنێوت پێ بدەم!.. بە نەفرەتت بکەم، تەلەفونەکە بەڕووتدا دابخەمەوە، وەک تۆ هەمیشە دەیکەیت.. بەڵام وەڵامم نەدایەوە.. تەنیا بێدەنگبووم..

تکات لێ دەکەم جومـان، مەگـری..!.. هەڵمـەچۆ.. تەمەنێکی تر بە خەمباری و گریانەوە بەسەرمەبە..

بۆچی پەیوەندیدەکەیت..؟

تۆزێک بێدەنگ بوویت و وتت: دوێنێ شەو هاتیتە خەوم..

هەتاکو ئێستاش خەوم پێوە دەبینی؟!..

هیچ ڕۆژێک جگە لە تۆ خەوم بە کەسەوە نەبینیوە!..

پەیوەندیتکردوە بۆ ئەوەی خەوەکەتم بۆ بگێڕیتەوە..؟

هەمیشە ئەوە تۆیت چیرۆکەکان و حیکایەتەکانم بۆ دەگێڕیتـەوە.. تۆ هەمیشە شەهرەزادەکەی من بوویت جومانە..

کەواتە بۆچی پەیوەندیتکردوە..؟

هەناسەت هەڵکێشا: تۆ دەزانیت بۆچی پەیوەندیم کردوە!..

هیچ شتێک نازانم عەبدولعەزیز..!.. وام لێهاتووە هیچ نازانم..

زۆر لێت دەترسم، کاتێک ناوم بەتەواوی بەکاردەهێنی!..

بۆچی هیچ شتێک لە دنیادا هەیە بتترسێنێ؟

بەتوندی ئاخت هەڵکێشا: جومانە!.. جومانە!.. جومانە!.. تکات لێ دەکەم.. عەبدولعەزیز.. تکات لێ دەکەم چیتر پەیوەندیم پێوە مەکەرەوە..

دەزانیت کە من دەرەقەتی ئەوە نایەم..

دەزانم تۆ دەرەقەتی هەمووشتێک دێیت!..

باشە، هەرکاتێک شتێکت پێویست بوو، پەیوەندیم پێوە بکە..

چاکەت لێ دەوەشێتەوە!..

کاتێک تەلەفونەکەم داخستەوە، کراسە پانوپۆڕەکەم لە جەستەم ئاڵاند، وەک ئەوەی بمەوێت خۆمی پێ بپارێزم.. ئەو کراسەی تۆ بۆت هێنام!.. کراسەکەی زستانی پێشوو بۆت هێنام، هەتاکو لەبەریبکەم بۆ ئەوەی سەرما جەستەم لەناونەبات.. لەوە ترسایت سەرما لەناوم ببات و سڵت لەوە نەکردەوە خۆت لەناومبەریت!.. هەمیشە سڵت لەوە کردۆتەوە شتێک ئازارمبدات یان لەناومبەرێت.. وەک ئەوەی نەتەوێت لەسەر دەستی کەسێکی تر جگە لەخۆت بمرم..

لەیادمە جارێکیان پێتوتم، ئێمە بەشێک لە چارەنووسی خۆمان دروستدەکەین.. وتت ئەوە منم چارەنووسی خۆم لەگەڵ تۆ خولقاندوە.. بۆیە پێویست ناکات لەسەر چارەنووسێک گلەییت لێ بکەم کە خوا بڕیاری لێ داوەو منیش بەشێکیم خولقاندوە.. ئیمڕۆ تێدەگەم، ڕاستە عەزیز ئێمە چارەنووس بۆ خۆمان دەهێنین.. من ڕازیبووم تۆ هەموو ئەوانەم پێ بکەیت.. من وام لێ کردی بەردەوام بیت لەسەر ئازاردانم..

ئێستا زۆر سەرسامم بەوەی تۆ ڕاستدەکەیت.. سەرسامم بەوەی، سەرباری سەرکێشی و خەمساردی و هەڵەشەیی، لە زۆر مەسەلە و هەڵوێستدا دانایت!..

بەڕاستی پێکهاتەکەت سەرسامیکردوم.. تۆ ئاوێتەیەکی لە چەندین بارودۆخ و مەزاجی جۆربەجۆر و هەستی دژ بەیەک کە هەرگیز لەیەک ناچن.. ئیمڕۆ زۆرم خۆشدەوێی، وەک جاران و بەهەمان ئەندازە خۆشمدەوێی.. هیچ ڕۆژێک باوەڕم پێ مەکە، ئەگەر لە ساتەوەختی لوتبەرزیدا وتم ڕقم لێتە یان لەبیرم چویتەوتەوە.. بەڵام زۆر ماندوبووم، بەئەندازەیەک ماندوبووم کە لە ژیانمدا حەز لە هیچ شتێک ناکەم و چاوەڕوانی هیچیشی لێ ناکەم..

چیتر قەدەرم بەلاوە گرنگ نییە عەزیز، تێگەیشتن و گۆڕینی ئەوانەم بەلاوە گرنگ نییە.. تەنیا ئەوەم بەلاوە گرنگە ئاسودەبم و ئارامبگرم..

مافی خۆمە پاش ئەو هەموو ئازارە ئاسودەبم، مافی خۆمە پاش ئەو هەموو تورەبوونە ئارامبگرم.. سوکناییم بێت و دڵنیابم.. هەمووشتێک لەبیربکەم و بەرەو پێشەوە بڕۆم.. هەندێکجار هەستدەکەم تۆ ئەو کارانە دەکەیت بۆ زۆرلێکردنم!.. هەتاکو لە ڕێگەی منەوە تۆڵەی هەرشتێکی خراپ بکەیتەوە کە بەمێشکتدا دێت.. بەبێ گوناەو بەبێ هۆ گوناهبارمدەکەیت!..

گەڕامەوە بۆ پشوویەک لەسەر پێخەفەکەم، هەوڵمدا زۆر باش لە بیرۆکەیەک وردبمەوە کە فێرتکردبووم.. ڕۆژێکیان پێتوتم، زۆر باوەڕت بە (ئۆشۆ)ی دانای هیندی هەیە.. ئەوەی هیچ شتێکی لەلا نابینم بڕوای پێ بکەم و هیچ شتێک لەوانەی بانگەوازیان بۆ دەکات بە واقعی نازانم.. زۆر بڕوات بە وێناکردنی گێڕانەوەخواز هەیە.. هەمیشە داوای ئەوەت لێ دەکردم، کاتێک لێک تورەدەبین و پاش دەمەقاڵێکانمان، بێلایەنانە ڕابردوو بهێنمەوە پێشچاو، وەک فیلمێک و بەبێ خستنەڕووی هیچ هەستێک بەرامبەری، ئەوەی ڕووی داوە بهێنمەوە بەرچاو، وەک ئەوەی لایەنێکی ڕووداوەکە نەبم.. پێتوتم سەرەتا دووچاری گرفت دەبم، بەڵام ئەگەر بڕوامەندبووم و (گەمەکە) بەباشی

فێربووم!.. ئەگەر وەک گەمەیەک مامەڵەت لەگەڵ هەموو ئەو شتانە کرد کە بڕوات پێیانە، ئەوا زۆر ئاسودەدەبیت.. ژیان بەلای تۆوە تەنیا گەمەیەکە و پێتوایە بەچاکی فێرییبوویت..

دان بەوەدا دەنێم، نەمتوانی حیکایەتەکەم لەگـەڵ تۆ، بەبێ زۆرێک لـە ڕق و سوێ و تورەبوون، بهێنمەوە پێشچاوم، پێشموانییە ڕۆژێک بێت بتوانم بێلایەنانە بیهێنمەوە بەرچاوم.. چیتر لێبوردەییم بەرامبەرت شیاو نییە عەزیز.. چیتر لێخۆشبوون سەرنجم ڕاناکێشێ و خواستی ئەوەشم نییە یەکێک لە بەڵگەنامەکانی لێخۆشبوون بەدەستبهێنم.. ئاخۆ نائومێدیی ئۆشۆ بەرامبەرم چەند گەورە دەبوو عەزیز.. ئایا نائومێدیی ئەو بەرامبەر بەمن بەئەندازەی نائومێدیی من بەرامبەر بەتۆ دەبوو؟.. پێموایە بەهەندێک شتدا تێپەڕیوم کە لای حەکیم پاکانەم بۆ دەکەن، ئەی تۆ شتێکت هەیە لای من پاکانەت بۆ بکات..؟.. پاش هەموو ئەوانەی ڕوویان دا شتێک هەیە پاکانەت بۆ بکات..؟.. ئای چەند ئاواتەخوازم شتێک لەئارادابێت پاکانەت بۆ بکات.. پێویستم بەوەیە شتێکت، هەرشتێک، لای من هەبێت کە پاکانەت بۆ بکات!.. پاکانە مەرجی لێخۆشبوونە عەزیز.. منیش باش دەزانم هیچ شتێک لەئارادانییە پاکانەت بۆ بکات.. کەواتە چۆن پێتوایە بەبێ پاکانە لێت خۆشدەبم..؟..

نازانم بۆچی سووریت لەسەر ئەوەی لە سوچێکی دووردا بمهێڵیتەوە، وەک ئەوەی یەکێک بم لە موڵکەکانت.. کاتێک پێویستت پێم دەبێت دێیتەوە بۆ لام، پاش تێرکردنی پێداویستییەکەشت جێمدەهێڵی، وەک ئەوەی هیچ هەستێکم نەبێت.. نموونەکانی وەک تۆ شایستەی نەفرەتلێکردنن.. ئەی کاتێک نموونەکانی وەک ئێوە نموونەکانی وەک ئێمە کۆڵەواردەکەن ویژدان لە سەرتاپای حیکایەتەکەدا لەکوێدایە؟!.. چۆن دەبێت قەدەر بەو ئەندازەیە زاڵم بێت..؟!.. توخوا پێم بڵێ چۆن..؟..

نموونەکانی وەک من پاندەکرێینەوە و نموونەکانی وەک تۆش پاندەکەنەوە.. بەرداشی چارەنووسیش بێدادانە دەخولێتەوە، بۆ ئەوەی هەستەکانم بهاڕێت، ناخم بەتەواوەتی بهاڕێت!..

❊ ❊ ❊ ❊

هەیفا بەکۆمەڵێک پرسیارەوە گەڕایەوە، لەکاتێکدا گەڕایەوە کە پێویستم بەوە هەبوو بێدەنگ بم، وەک چۆن پێویستم بە قسەکردن هەبوو.. ئامادە

نەبووم باسی ئەوەی بۆ بکەم کە ڕووی دابوو، لە حیکایەتەکەماندا شتێک نەبوو شانازیی پێوە بکرێت عەزیز.. پێموایە لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەی پێت گەیاندوم، حەزناکەم هیچ سەرزەنشتێکت بەربکەوێ و لەوە زیاتر بەچاوی سووک سەیربکرێم!.. تەنیا ئەوەم پێوت کە ئێمە (ڕێک نەکەوتین!).. سەرباری سووربوون و پێداگرتنی بۆ زانینی وردەکارییەکانی ئەوەی لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا ڕووی دابوو، کەچی من ئەوەندە خۆم لێ پاراست، کە بێزاربێت و جارێک تر باسی مەسەلەکەم لەگەڵ نەکاتەوە..

کاتێک سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن لە زانکۆ پێتگەیشتم، وەک سڵاوکردت لە هەموو هاوەڵەکانی تر لەسەرەتای هەر ساڵێکی خوێندندا سڵاوم لێ کردیت.. هەواڵی خۆت و کەسوکار و باتی و ڕۆبێرتم لێ پرسیت، وەک ئەوەی تەنیا دوو هاوەڵ بین.. وەک چۆن سڵاو لە زیاد و محەمەد دەکەم، ئاوەهاش سڵاوم لە تۆ کرد.. بەڵام هەرگیز نەمتوانی سەیری چاوەکانت بکەم، کاتێک قسەم لەگەڵ دەکردی دەمڕوانییە ئێخەی کراسەکەت.. دەمت.. قژت.. شان و پێکانت.. ئەو ڕۆژە نەمتوانی بڕوانمە چاوەکانت، هەستمدەکرد دەتەوێ بمهێڵیتەوە.. هەوڵدەدەی ئاخاوتنەکە بۆ درێژترین ماوەی شیاو درێژەبکێشێ.. بەڵام بە دوو قسەی خۆشی ساردوسڕ خۆم لێ دزیتەوە و ڕوومکردە هۆڵی موحازەرەکان.. پاش ئەوەی-تەنیا ئەوجارە- لەپاش خۆمەوە جێمهێشتی!..

کاتی موحازەرەکە ماسجێکت نارد: (تۆ لێم زویری)!..

بۆم نووسیت: ئاساییە!..

وەڵامتدامەوە: ئاساییە!.. ئای کە چاوبرسییت!..

تۆ پێتوایە گلەییەکەم گەورەیە، منیش پێموایە قۆناغی گلەییکردنم زۆر تێپەڕاندوە!.. لەناخمدا پانتاییەکی ئەوتۆم بۆ گلەییکردن نەماوە عەزیز، بڕوام پێ بکە هەستەکانی گلەییکردنم تێپەڕاندوە..

وێڕای پەیوەندیکردنە زۆرەکانت، بەڵام وەڵامم نەدایتەوە.. هەرجارێک یەکتریمان دیبێت بە پەلە سڵاومان لەیەک کردوە.. ئەگەرچی باش دەزانم هەر ڕۆژێک بێی بۆ زانکۆ بەدوامدا دەگەڕێی، وەک چۆن من بەدواتدا دەگەڕێم.. لەگەڵ ئەوەشدا هەرجارێک توشی یەکتر بووبین بە وشەیەک یان دوان یەکترمان بریندارکردوە.. هەرجارێک تۆم بینیبێ بەئەنقەست ویستومە بریندارتبکەم، تۆش بە پەژارەیەکی دیارەوە وشەکانی منت نۆشیوە، بەڵام لە دیدارە خێراکانی دواتردا تۆڵەت لێ کردومەتەوە.. وەک ئەوەی ئامادەنەبیت لە وشەکانم خۆشبیت!..

نازانم چۆن کتوپڕ بووینە چەکوش و کەوتینە وێزەی یەکتر.. هەتاکو ئەوە وێران و پارچەپارچە بکەین کە تیاماندا مابۆوە..
ڕۆژێکیان پێتوتم، زۆربەی جارەکان حیکایەتەکانی خۆشەویستی ڕۆژهەڵاتی بە تراژیدیا کۆتاییدێن.. ئیمڕۆ دەزانم تۆ لەوەدا ڕاست بوویت.. عەزیز، ئێمە وێڕای ئەم بانگەشەکردن و ئەو نمایشکردنەمان، نەمانتوانی ڕێزی یەکتری بگرین.. سووربووین لەسەر ئەوەی ئازاری یەکتر بدەین و سوکایەتی بەوە بکەین کە لە پەیوەندییەکەوە بۆمان ماوەتەوە و ڕۆژێک لە ڕۆژان بە پیرۆزمان زانیوە.. پەیوەندییەک کە ئێستا دەزانم هیچ ڕۆژێک وەها نەبووە!..
دەزانیت عەزیز هەمیشە پێموابوە پەیوەندییەکەمان جیاوازە..
شـەیدای ئەفسـانەکان بووم، ئەگەرچی هەندێکیـان دڕندانەبوون، بەڵام لایەنێکی ڕۆمانسیی ناسک زاڵە بەسەر زۆربەیاندا.. ژنێکی وەکو من، کە سـەرتاپای لە ڕۆمانسییەتدا نقومە، هیچ ڕۆژێک حـەزی بـەو کۆتاییە نەبووە کە تۆ هەڵت بژاردوە!..
هەمیشە پێمدەڵێی، مادام چاوەڕوانی ئەوەم لێ دەکەیت ئەفسانەیی بم، ئەوا پەیوەندییەکەمان سەرناکەوێت!.. پێتوایە من بەدوای چیرۆکێکدا دەگەڕێم کە باسبکرێت، زۆر لە واقیع و ژیانی ڕاستەقینەوە دوورم.. لەناو تۆدا بەدوای ئەفسانەیەکدا دەگەڕێم..!..
ڕۆژێکیان پێتوتم: جومان، ئێمە لە ژیاندا قەدەر دەمانباتەڕێوە و هەلومەرجەکان لەناکاودا ڕووبەڕوماندەبنەوە و ئێمە لەوە لاوازترین دەرەقەتیان بێین.. پێتوانەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان دەتوانم ببمە عەلائەدین، کە تەنیا بەخۆشەویستی کچە شازادەکەی لە دەست وەزیرەکەی باوکی ڕزگارکرد بۆ ئەوەی بیهێنێ.. ئەو جۆرە چیرۆکانە تەنیا لە ئەفسانەکاندا ڕوودەدەن جومانە.. تەنیا لە ئەفسانەکان و فیلم کارتۆنەکاندا..
بەڵام لەناو تۆدا بەدوای چیرۆکێکی ئەفسانەییدا نەگەڕام، هەمیشە بەلای منەوە جیاکارە بوویت.. هەمیشە جیاواز و پیرۆز بوویت.. لەوە مەزنتربوویت کە تەنیا پیاوێکی ئەفسانەیی بیت.. تۆ سەرباری گوناهەکانت پیرۆزیت عەزیز.. وێڕای هەمووشتێک لە ڕوانگەی منەوە هەر پیاوە پیرۆزەکەیت!..

❊ ❊ ❊ ❊

لە دووریتدا هەوڵم دەدا خۆم بە هەمووشتێکەوە سەرقاڵبکەم، نیوەی

ڕۆژەکەم لە زانکۆ بەسەردەبرد و نیوەکەی تری لە سوپەرمارکێتەکان و کتێبخانەکان و یانەکانی وەرزش، بۆ ئەوەی کاتێک دەگەڕێمەوە بچمە ناو پێخەفەکەمەوە و لە ماندوێتی و شەکەتدا بەقوڵی بخەوم.. چەند توانیم خۆم ماندووکرد هەتاکو بیرت لێ نەکەمەوە، هەرکاتێک هاتبیتەوە یادم، چومەتە سەر ئامێری ڕاکردنەکە و دەستم بە ڕاکردن کردوە.. هەوڵم داوە لە سەرو جەستەی خۆمت دەربکەم.. ڕادەکەم و ڕادەکەم، هەتاکو تارماییەکەت دووردەکەوێتەوە و وندەبێت و ماسولکەکانم هەرەسدێنن..

کاتێک بەڕێگەوەبووم بۆ یانە، زیاد پەیوەندییکرد.. پەیوەندییەکەی شتێکی لەناکاو بوو، کە چاوەڕوانم نەدەکرد..

چۆنی جومانە؟

باشم، نەمردین و گوێمان لە دەنگت بوو دکتۆر!..

بۆمان بمێنی جومانە.. لەکوێیت؟

بەڕێوەم بۆ یانە، بۆچی؟!..

بەدوودڵییەوە وتی: بەهەڵە وەک جاری پێشوو هەندێک فایلم فڕێداوە و ئیمڕۆ پێویستم بە کۆمپیوتەرەکەیە..

بەگاڵتەپێکردنەوە: بۆچی فێری فڕێدانی فایلەکان بوویت زیاد؟!..

بڕوام پێ بکە نازانم.. کەم وریاییە..

پێت چۆنە لەو قاوەخانەیە یەک ببینین، کە جاری یەکەم مەلەفەکانمان تیایدا هێنایەوە؟!..

پشت بەخوا پاش چارەکە سەعاتێک لەوێدەبم..

پێش ئەو گەیشتم.. وەک هەمیشە بە شەرمنی، هەنگاوی دوودڵ و نیگای شڵەژاوەوە هات..

بەدەم داگیرساندنی کۆمپیوتەرەکەوە پێموت: جاری داهاتوو پارەت لێ وەردەگرم زیاد!..

بەناسکییەوە وتی: هیچ شتێک بۆ تۆ گرانبەها نییە..

کاتێک بە کۆمپیوتەرەکەیدا دەگەڕام، پێیوتم: جومانە!..

بەدەم چاودێریکردنی وردی جفرە کەڵەکەبووەکانی سەر مۆنیتەرەکەوە وەڵاممدایەوە: چییە؟!

کتوپڕ چی لەنێوانتاندا ڕووی دا؟!..

لەوانەیە بەخەیاڵتدا نەیەت خۆم چەند بیر لەو مەسەلەیە دەکەمەوە!..

خەریکی ئەوە بوومەوە کە لەسەر مۆنیتەرەکە هەبوو، لێم پرسی: بۆچی بیر لەو مەسەلەیە دەکەیتەوە؟!
چونکە ئەم جارە جیاوازە، ئەمجارە خەریکی هاوسەرگیری بوون..
بەساردییەوە وەڵامدایەوە: So؟
دەستی بۆ مۆنیتەری پۆرتەبڵەکە درێژکرد، بەتوندی مۆنیتەرەکەی بەسەر کیبۆردەکەدا داخست و وتی: جومانە، ئەگەر ڕێگەم پێ دەدەیت!..
بە سەرسوڕماوییەوە پێموت: چییە زیاد؟!.. دەتەوێ گوێت لە چی بێت؟
تکایە پێم بڵێ، چۆن نێوانتان کۆتاییهات؟
لێت نەپرسیوە؟!
بێگومان لێم پرسیوە..
چۆن وەڵامیدایتەوە؟
پێیوتم کە تۆ پاشگەزبوویتەتەوە..
بە سەرسامییەوە لێم پرسی: وای پێوتی؟!
ئەوە ڕاستە؟
لە دەموچاوی زیاد ڕامام، هەستمکرد یەکەمین جارە دەیبینم.. یەکەمین جاریشە وریابووم بەرامبەر بەوەی قژی سەری زۆر نەرمە.. نازانم چۆن وردەکارییەکانی ئەو پیاوەم بەسەردا تێدەپەڕێت، لەکاتێکدا زۆر دەیبینم و باش دەیناسم.. وریابوومەوە بەرامبەر بەوەی هیچ ڕۆژێک زیادم بە کراسی کلاسیکییەوە نەبینیوە، زیاد هەمیشە کراسی تۆخ لەبەردەکات، وەک ئەوەی قەشـە بێت..
زیاد بەشڵەژاوییەوە زەردەخەنەگرتی: بۆچی بەوشێوەیە سەیرمدەکەیت؟
زیاد، بەڕاستی وردەکارییەکانی ئەوەی لەنێوانماندا ڕووی داوە گرنگە بەلاتەوە؟
زۆر بەلامەوە گرنگە..
بۆمان دەرکەوت گونجاونین بۆ یەکتری..
بەگومانەوە: هەروا کتوپڕ؟!..
بەپەژارەییەوە زەردەخەنە گرتمی: کتوپڕ!..
زیاد سەیریدەکردمو دەنگدانەوەی بیروڕاکانی وردە وردە بەرزدەبوونەوە، درێژەم پێ دا:
زیاد.. بەکورتی پرۆژەیەکی هاوسەرگیری بوو کۆتاییهات!..
دڵنیایت لەوەی کە مەسەلەکە کۆتاییهاتوە؟

کۆتاییهاتوە زیاد.. ئاسمان گەڕاندمییەوە، پاش ئەوەی وەریگرتمەوە!..
زیاد زەردەخەنەیەکی کرد و هیچ توانجێکی نەدا، پێموت: زیاد، پێم بڵێ.. فایلەکانت بەهەڵە فرێدا؟..
بەشەرمەوە پێکەنی: ڕاشکاوانە، نەخێر!..
ئاوەها، جاری داهاتوو پێویست بە فرێدانی فایل ناکات دکتۆر، کاتێک حەزدەکەیت قسەم لەگەڵ بکەیت، ڕاستەوخۆ و بەبێ زیانگەیاندن بە ئامێرەکەت داوای ئەوەم لێ بکە..
دەزانی عەزیز، ئەو ڕۆژە بە دەستبڵاوییەکی تەواوەوە قسەم لەگەڵ زیاد کرد، هیچ هەستم بە پەشیمانی نەکرد.. ئەو جۆرە هەستەم نەبوو کە جاران هەمبوو..
چێژم لە قسەکردن لەگەڵیدا وەرگرت.. هەستمکرد بە قسەکردن و دیدارەکەمان تۆڵەت لێ دەکەمەوە، وام لێهاتوە هەستدەکەم هەرجارێک زیاد نازم بکێشێ، بەوە لەسەر دەستخەڕۆکردنم سزاتدەدەم!، بەوە تێکتدەشکێنم.. بە نزیکیم لێی دەتپلیشێنمەوە!..
ئیمڕۆ دان بەوەدا دەنێم، هەرگیز بایەخم بەو هەستە نەداوە کە زیاد هەیەتی، دڵتەنگم بەوەی بایەخم بە پیاوێک نەداوە، کەمترین شتێک بشێت دەربارەی بوترێ ئەوەیە کە پیاوە.. بەڵام من پێویستم بەوەبوو لە ڕێگەی ئەوەوە تۆڵەت لێ بکەمەوە..
دەڵێن تۆڵەسەندنەوەی ژنان خوێناوییە و ژن لە دۆخی تۆڵەسەندنەوەدا دڕندەدەبێت.. بۆ وێرانکردنی (تۆڵەلێکراو) بە دڕندانەترین و ئازاربەخشترین شێواز..
دەمزانی هیچ هاوڕێیەکت وەکو زیاد ئازارت نادات عەزیز، زیاد وەک هەر هاوڕێیەکی تر نەبووا!..

* * * *

پەیوەندیم لەگەڵ زیاد وەک سەرەگێژەی هەرزەکاری لێ هات.. بەئەنقەست لەدەست تۆ هەڵهاتم و چووم بۆ لای ئەو، ئاواتەخوازبووم وام لێ بکات بیرت لێ نەکەمەوە.. هیواداربووم بەهەر شێوازێک و بەهەر ناوێکەوە بێت لە تۆم دووربخاتەوە، چیتر ناوەکان بەلامەوە گرنگ نەبوون، پرنسیپەکانم بەهایان نەمابوو.. ئەو پرنسیپانەی ئەنجامی ملکەچیم بۆ تۆ دژیان وەستامەوەو تۆش شایستەی ئەو ملکەچییەم نەبوویت!..

هەموومان سڵ لە خۆشەویستی دەکەینەوە عەزیز.. هەموومان لەوە دەترسین بچینە ناو ناڕەحەتییەکانیەوە، کەچی هەموومان بەشێوەی هەمەجۆر تیایاندا نقومدەبین، وەک ئەوەی سیحرمان لێ کرابێ، لە بارودۆخەکەی ئێمەدا سیحرەکە دژی ساحیرەکە و سیحرلێکراوەکە و ئەو بینەرانە هەڵگەڕایەوە کە هیچ گوناهێکیان نەبوو، جگە لەوەی دۆخی سیحرەکەیان بینیوە!..

نازانم بۆچی دەستمکردوە بە سەپاندنی ئارەزووەکانم بەسەر زیاددا.. لەوەش تێناگەم بۆچی بە سنگفراوانییەوە بەپیریانەوە دەچێت!.. نازانم چۆن ملکەچی ستەمکارێک دەبم و بەرامبەر بە ملکەچێک ستەمکاردەبم!.. نازانم بۆچی وەکو تۆم لێهاتووە، تۆیەک کە ستەمکارییەکەی بە هەڵسوکەوتێکی شەیتانیانە دەزانم و هیچ پەیوەندییەکی بە مرۆڤایەتیەوە نییە..

تۆ کەسێک بوویت بەهۆی زیادەوە تۆڵەت لێ دەکرایەوە، تەنیا لە ڕێگەی زیادەوە تێگەیشتم هەرگیز خۆشت نەویستوم، بۆیە ڕقم لێی هەڵساو ئەوساکە لە مانای هەژمون تێگەیشتم، هەروەها لە چۆنیەتی باڵادەستبوون بەسەر پیاوێکدا گەیشتم کە هیچ گوناهێکی نەبوو، جگە لەوەی بەڕاستی خۆشیویستووم..

بەشێوەی مامەڵەکردنی تۆ لەگەڵ من مامەڵەم لەتەکدا زیاددا کرد عەزیز، هەتاکو زیاتر هۆگرم بوایە، زۆردارتردەبووم، وەک ئەوەی تۆ لەگەڵ من دەتکرد.. بەڵام من بەو مامەڵەکردنە بەختەوەر نەبووم.. هەرجارێک ڕەقبوویم لەگەڵیدا بەدەست پەشیمانییەوە ناڵاندومە، بەڵام نەمتوانی خۆشمبوێ عەزیز.. هەرگیز توانای ئەوەم نییە بێجگە لە تۆ کەسێکم خۆشبوێت..

جارێکیان پێموت: زیاد!.. عەبدولعەزیز دڵۆپێک خۆشەویستیی لە جەستەمدا نەهێشتوە، بۆیە چاوەڕوانی شتی زۆرم لێ مەکە..

تۆزێک بێدەنگ بوو، ئینجا بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی: هەستەکان وشک ناکەن جومانە، سوپاس بۆ خوا کە وشک ناکەن..

بەڵام من سەرباری هەموو شتێک خۆشمدەویێ، هێشتا وەک جاران خۆشمدەویێ، چۆن دەتوانم کەسێکی ترم خۆشبوێت!.. خۆزگە فێری ئەوەم بکەیت چۆن کەسێکی ترم خۆشبوێ.. خۆزگە فێری ئەوەت دەکرد زیادم خۆشبوێ، ئەو کەسەی چاونەترسانە هەمووشتێک دەکات بۆ ڕازیکردنم..

لەگەڵ زیاد دانیشتبووین بۆ نانخواردنی بەیانی و چاوەڕوانی هەیفامان دەکرد، پێیوتم: جومانە (موکاتشینو) تاقیبکەرەوە، زۆر بەللەزەتە..

سەیری مینۆکەم دەکرد، بەبێ ئەوەی سەر بەرزبکەمەوە پێکەنیم و بەبێ ئەوەی هەستبکەم وتم: عەزیز حەزی لێ دەکات!

سەرم بەرزکردەوە بۆ ئەوەی دەموچاوی زیاد ببینم، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک، بێئاگایانە دەستیم خستە ناو دەستم: عەزیز!.. داوای لێبوردن دەکەم!..

دەستی لەناو دەستم دەرهێنا و هەستایە سەرپێ و وتی: ناوم زیادە، زیاد جومانە، زیاد..!..

زیاد ڕۆیشــت، پاش ئەوەی پارەکەی لەسەر مێزەکە جێهێشت.. ژنێکی بەجێهێشت کە تۆ توانیبووت بەڕادەیەک بیشێوێنی کە بەتۆ بچێت.. ئای خوایە، خۆزگە دەتزانی چەند ئازاربەخشە ببمە ئەو ژنە عەزیز..

ئەو ڕۆژە نەخۆشکەوتم، پلەی گەرمیم بەرزبۆوە و خەریکبوو هەرگیز هەڵنەستمەوە.. ویژدانم ماندویکردم هەتاکو پەکیخستم.. مامەڵەکردنەکەم لەگەڵ زیاد نەخۆشیخستم، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستبووم بە (تۆ) زیاتربوو.. دەزانی کاتێک نەخۆشدەکەوم چەند پێویستم پێت دەبێت، وەک ئەوەی تاقە دەرمانی چارەسەرکردن بیت..

مۆبایلەکەم هەڵگرت و ماسجێکم بۆ نارد، نووسیم: (زیاد، داوای لێبوردن دەکەم.. خۆزگە دەتزانی بەهۆی ئەوەی ڕووی دا چەند نەخۆشم)..

پاش دوو خولەک پەیوەندیی پێوە کردم، نیگەران بوو بۆم، وەک ئەوەی هیچم نەکردبێ، وتی: ئێستا باشیت..؟!..

نەخێر!.. دەمەوێ هەتاکو خەوم لێ دەکەوێت بە تەلەفون لەگەڵمدابیت..

زیاد بەدەنگە ناسکە ئارامەکەی دەستیکردە گۆرانیوتن: بخەوە بخەوە جوجکەکە.. جووتێک کۆترت بۆ سەردەبڕم.. درۆمکرد درۆمکرد کۆتر.. ویستم جومانە خەوی لێ بکەوێت!..

زیاد نزیکەی پێنج خولەک گۆرانیی وت.. هیچ شتێک گۆرانییەکەی پێ ڕانەگرت، تەنیا قوڵپی گریان نەبێت کە لەلاکەی ترەوە: لەمنەوە، بەرزبۆوە!..

زیاد بێدەنگبوو.. بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی: Jumanah talk to me, please Jumanah..

بەدەنگێکی تاساو وەڵامدایەوە: داوای لێبوردن دەکەم!.. بیری عەبدولعەزیز دەکەم، ناتوانم لە مێشک و دڵی خۆمی دەربکەم زیاد، بڕوام پێ بکە ناتوانم..

تۆزێک بێدەنــگ بــوو و وتی: تــۆ ماندویت، ئاساییــە بیری بکەیــت.. گوێ مــەدەرێ..

بێدەنگ بــوو، منیش لەناخمدا نەفرەتیت لێ دەکەم عەزیز.. نەفرەتی لە تۆ و خۆشم دەکەم..

داوای بەخشین و لێبوردن لە خوا دەکەم، لەبەرئەوەی هەندێک ساتەوەخت حەزدەکەم بگەڕێمەوە بۆ ناو منداڵدانی دایکم، حەزدەکەم بگەڕێمەوە، وەک ئەوەی هەرگیز نەخوڵقابم.. وەک ئەوەی ڕۆژێک نەبووبم و هەرگیز نەم ناسیوی.. وەک ئەوەی هیچ شتێک نەبووبێ!..

ئای خوایە چەند پێویستم بەوەیە لەو هەموو پشێوییە ڕزگارم بێت عزیز، چەند پێویستم بەوەیە لەو ئاژاوەیە دەربچم، کە هەرگیز حەزم نەکردوە تێی بکەوم.. هەندێکجار ئەو هەستەم دەدەیتێ کە چواردەورمان بە چەندین تەن تەقەمەنی تەنراوە و چەرخێکت بەدەستتەوەیە یاریی پێ دەکەیت و هەڕەشەی ئەوەم لێ دەکەیت بەخەمساردی و بێ سڵەمینەوە دەیتەقێنیتەوە.. هیچ شتێک نییە بیدۆڕێنی و هیچ شتێک بەم دنیایەوە ناتبەستێتەوە.. تەنیا بۆ ئەوە دەژیت کە ڕابوێری.. تۆ لەوە ناترسیت لەدەستم بدەی، ئەوەش خەمساردتر و دڵڕەقت دەکات.. تۆ دڵنیایت کە من سەرەڕای هەمووشتێک هەر دەمێنمەوە.. دڵنیایت لەوەی لێت خۆشدەبم و پێویستم پێتە و حەزت لێ دەکەم..

ئای خوایە، خۆزگە دەتزانی ئەو پێویستییە چەند ئازارم دەدات!..

دەزانیت ناچارنەبوویت هەموو ئەوانەم پێ بکەیت، پێویستی بەوە نەدەکرد بەو غەدرلێکردنە ئەوەی نێوانمان بشێوێنی.. هەمیشە دێیتە لام و بەبێ سڵکردنەوە لەبەردەممدا لاسارییەکانی خۆت دەبەخشیتەوە، چونکە باش دەزانیت هەرچییەک بکەیت لەدەستم نادەیت..

بەڵام عەزیز نازانیت کە بڕیارم داوە چیتر ملکەچت نابم.. نا بۆ خۆشەویستی عەزیز، نا بۆ تۆ..!..

* * * *

ڕۆژی شەشی حوزەیرانی ئەمساڵ بۆن و بەرامێکی جیاوازی هەبوو، هەر پێنج جەژنی لەدایکبوونی ڕابردووم لەگەڵ تۆ بەسەربرد.. لەسەر ئەوە ڕاهاتبووم جەژنەکانی لەدایکبوونم لەگەڵ تۆ بەسەربەرم عەزیز.. هەمیشە دیاریی جەژنەکەم بووی!.. بەردەوام ترسی ژنان لە پیربوون لای من جێگەی گاڵتەپێکردن بووە!.. بەردەوام بڕوام بەوە هەبووە کە ژن بە هەڵکشان لە

تەمەندا جوانتر دەبێت.. بڕوام وابووە ژن لە چلەکانی تەمەنیدا لەوپەڕی هێمنی و جوانیدا دەبێت و ئامادەگیی زەقدەبێت.. کەچی کتوپڕ پاش ئەوەی وازت لێهێنام وام لێهاتوە سڵ لەوە دەکەمەوە گەورەبم.. وام لێهاتوە دەترسم بەبێ یان لەگەڵ یەکێکی تردا گەورەبم.. نامەوێت لەگەڵ کەسێکی تر بێجگە لە تۆ گەورەبم.. چونکە یان لەگەڵ تۆ گەورەدەبم، یاخود گەورەنابم.. بەڵام گەورەدەبم و گەورەدەبم!.. گەورەدەبم بەبێ ئەوەی شتێک بگۆڕێت، بەبێ ئەوەی هیچ بێتەدی، یان شتێکی تازە بێتەئاراوە.. گەورەدەبم و تۆ هەر وەک خۆتی.. بەبێ ترس دەژیت، وەک ئەوەی پیاو گەورە نەبێت!..

هەموو شەوێکی جەژن بەدەم سەمای دڵمەوە دەخەوتم، شەوەکە زیاتر لە جارێک بێداردەبوومەوە، هەتاکو دڵنیابم لەوەی هێشتا ڕۆژ نەبۆتەوە.. وەک منداڵێک کە باوکی بەڵێنی دیاریی دەرچوونی پێدابێت، چاوەڕوانی شتە لەناکاوەکانی تۆ بووم!.. بەڵام ئەم جەژنەم وەک جەژنەکانی پێشوو نەبوو.. ئەو شەوە خەوتم و ترسی گەورەبوون لەناو دەروونمدا بوو!.. بەیانی نائاسایی درەنگ لەخەو هەڵسام، لە سندوقی نامەکانی ئیمەیلەکەمدا دەیان نامە هەبوو.. لە خێزانەکەمەوە، لە دەستەخوشکەکانمەوە، لە هاوەڵانی زانکۆ و تۆوە!..

بۆت نووسیبووم: (هەمووساڵێک تۆ ئازاری دڵمی.. دیارییەکەت لەبەردەرگایە)..

بە جلی خەوتنەوە ڕامکرد بۆ لای دەرگای دەرەوە و کردمەوە.. قەفەزێکم لەبەردەممدا بینییەوە، کە بەچکە پشیلەیەکی سپی لەناودابوو تەمەنی لە دوو هەفتە زیاترنەبوو.. لەگەڵا قەفەزەکەدا کارتێکی سوورت جێهێشتبوو تیایدا نووسیبووت:

وەک ئاسمان ناسک بوویت..
پاک بوویت..
وەک جوانۆ ڕەسەن بوویت..
وەک پشیلەیەکی لاسار جوان بوویت!..
وەک قاوەی زستان گەرموگوڕ بوویت..
بەچێژبوویت..
نەوجەوان، حەزبزوێن بوویت!..
عاشقی هەمووشتێکی تۆ بووم..
چاوەکانت، شانەکانت، لێوەکانت..

زەردەخەنە بێ مەبەستەکەت..
پرسیارە ساویلکەکانت!..
هەمیشەش هەروا دەبم جومان..
جەژنی لەدایکبوونت پیرۆزبێت..

پشیلەکە بە ئەندازەیەک جوان و نەرمونیان بوو کە چووە ناو دڵمەوە، لەو کاتەی چاوم کەوتە سەری عاشقیبووم.. بردمە ژوورەوە بۆ لای هەیفا کە لە پشیلە دەترسا، بەدەم هاوارکردنەوە لەسەر پێخەفەکە بازیدایە خوارەوە (دایکە!.. ئەوە چییە..!)..

لەکاتێکدا پشیلەکە لەباوەشمدا بوو پێموت: (عەبدولعەزیز لای دەرگاکە جێهێشتبوو..)...

قیژاندی: ئەو کوڕە دەیەوێت نەزۆکیت بۆ بهێنێ!..

بێ ئەوەی بمەوێ پێکەنیم.. درێژەی بەقسەکانی داو سوێندیخوارد (بەسەری تۆ جمون!.. پشیلەکان نەزۆکی دەهێنن!، ئەو خراپەکارەت بینی..)..

گوناحە.. پشیلەیەکی بچووکە!..

بچووک یان گەورە، نەزۆکی هەر نەزۆکییە.. فڕێیدەرە سەر شەقامەکە، هەتاکو توشی نەخۆشیمان نەکات!..

بەچکە پشیلەکەم برد بۆ ژوورەکەم و نامەیەکم بۆ نارد (ناوی چییە؟)..

پاش چەند چرکەیەک وەڵامتدامەوە: ناومناوە Pure!... وەک تۆ پاکە..

نامەیەکم بۆ ناردی: خۆشمویست..

وەڵامتدایەوە: حەسودی پێ دەبەم..

بەگلەییەوە: هەمیشە خۆشمویستوی..

بەڵام «وازتهێناوە»..

بەڕاستی وامکردوە..؟

واتکردوە..؟

پرسیارەکەتم پشتگوێخست و نووسیم: سوپاس بۆ دیارییەکە..

سوپاس بۆ قبوڵکردنی!..

هەیفا لە دەرگاکەی دام و لەودیوەوە، بەبێ ئەوەی بێتە ژوورەوە، دەستیکرد بە هاوار: جمون!.. کەی فڕێیدەدەیتە سەر شەقامەکە؟..

هەیفا!.. چۆن فڕێیدەم..؟!..

بۆچی تاوسە یان بەچکە هەڵۆیە..؟..وەک پشیلەکانی سەرجادە گیانەوەرێکی بچووکە و هیچی تر لەسەر سەری پەڕێک..

لێی توڕەبووم: هەیفا!..

بەخوا نەزۆکیت بۆ دێنێ کچی چاک..

تەواو هەیفا، بەچکە پشیلەکە لە ژوورەکەی من دەبێت و هەرگیز لە ژوورەکەم نایهێنمە دەرەوە!..

چۆن.. ئاخر تۆ نەخۆشدەکەویت!..

زۆرجار ئاژەڵ و ماسیت پێشکەشکردوم.. ڕۆژێک کیسەڵێکت کردە دیاریم.. ڕۆژێک ماسییەکی شەفافت بەدیاری بۆ هێنام.. لە دوا جەژنی لەدایکبوونیشدا پشیلەیەکت کردە دیاریم!.. سەرم سوڕماوە ئاژەڵ دەکەیتە دیاریم، تۆ ئەو پیاوەی جارێک شانازیت بەوەوە دەکرد لە هەرزەکاریدا جوجەڵەت دەکڕی و دەتخستە ناو ساردکەرەوەوە هەتاکو دەمرد!.. دێتەوە یادم کاتێک چیرۆکەکەت بۆ گێڕاینەوە، دەموچاوی خۆم لە پشتی شانی هەیفاوە شاردەوە و لە ناشرینیی باسکردنەکەت بەخوڕ گریام!..

لەیادمە بە سەرسوڕمانیەوە پێکەنیت و وتت: بەیبی!.. یەکی بە ڕیاڵێک دەفرۆشــرێت!..

پێتوایە مافی ئەوەت هەیە گەمە بە ڕۆحەکان بکەیت و هەرکاتێک ویستت لەناویانبەریت، چونکە هەرزانبەهان!.. هەرگیز لەوە تێنەگەیشتی عەزیز کە ڕۆح نرخی نییە، لەبەرئەوەی لەوە گرانترە نرخی هەبێت!.. هەمیشە ئەو بڕوایەم هەبوە، ئەو پیاوەی بەزەیی بە گیاندارەکاندا نەیەتەوە و میهرەبان نەبێت بەرامبەریان، پیاوێکی دڵڕەق و لەخۆباییە، کەواتە چۆن پێموابوو میهرەباندەبیت بەرامبەرم، لەکاتێکدا بەزەییت بەوەدا نایەتەوە کە لەمن لاوازترە!..

کاتێک لەگەڵ بەچکە پشیلەکەدا یاریمدەکرد پەیوەندیتکرد، بیست خولەک دوای دوانامەت پەیوەندیتکرد، وتت: زۆر دوودڵبووم لە پەیوەندیکردنەکەم..!.. بەڵام قبوڵکردنی دیارییەکە هانیدام بانگهێشتت بکەم..

بەبێزارییەوە وتم: پێموانییە بیرۆکەیەکی باش بێت..

تکات لێ دەکەم جومانە..جەژنی لەدایکبوونتە..با تەنیا ئیمڕۆ ناکۆکییەکانمان لەیادبکەین جومان..

بێدەنگبووم، چونکە پێویستم پێتە، دان بەوەدا دەنێم کە پێویستم پێتە!..

وتت: ئەمشەو لەگەڵ من بەسەربەرە.. هەتاکو بەیانی قسەم لەگەڵ بکە.. باپێکەوە جەژن بکەین..
لێم پرسیت: بۆچی درۆ لەگەڵ خۆماندا بکەین..؟
ویستم پێم بڵێی: چونکە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یەکتری.. چاوەڕوانی ئەوەبووم بڵێی: چونکە دەبێت پێکەوەبین.. کەچی بەئاسانی وتت: چونکە شەوی جەژنی لەدایکبوونتە جومان!.. تکات لێ دەکەم.. تەنیا شەوێکە!..
ویستت شەوێکی تێپەڕ پێکەوە بژین.. وەک ئەو شەوانەی پێت باشە ژیانت لە ڕێگەیانەوە بەردەوامبکەیت.. بەڵام من ژنێکی ڕاگوزەر نیم عەزیز.. کەواتە بۆچی پێتوابوو شەوێک لەگەڵتدا بەسەردەبەم، تەنیا بۆ کات بەسەربردن..؟!..
لەوە تێناگەم چۆن لە ڕوانگەی تۆوە ئەوەندە سووکبووم.. تا ئەو ڕادەیەی پێتوابێت ڕێگەدەدەم هەموو ئەو شتانەم لەبیربچێت کە ڕوویانداوە، تەنیا بۆ ئەوەی شەوی جەژن بەخۆشی لەگەڵتدا بەسەربەرم.. شەوێکی جەژن کە تۆ پێتوایە هەمووشتێک تیایدا قبوڵدەکرێت.. دەزانی عەزیز!.. وام لێهاتوە ڕقم لە جەژنەکان دەبێتەوە، جەژن بەلای منەوە بۆتە ڕۆژێک بۆ یادکردنەوە.. لە جەژندا ئەوانەمان بیردەکەونەوە کە بەژیانماندا تێپەڕیون و ئاسەواریان تیادا جێهێشتوین!.. زیندوو و مردوەکانمان بیردەکەوێتەوە، ئەوەی لەپێناوماندا کۆششیکرد و ئەوەی وازی لێ هێناوین..
ئەمجارە جەژنەکەم لەگەڵتدا خەمباربوو، وەک ئەو خەمبارییەی بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە دڵی مندا جێگیرتکرد.. هەوڵمدا کۆتایی بە خەمباری بهێنم و ڕۆژەکەت لەگەڵ بەسەربەرم، ئەگەرچی لەناخەوە بیرۆکەی سەرلەنوێ دڵپێسوتانم ڕەتدەکردەوە..
سەرباری تووڕەیی و ڕق و نائومێدی، کاتێک کتوپڕ تۆم بینی، هەموو ئەو شتانەی سنگیان پڕدەکردم وردە وردە و سەرلەنوێ لەبەرم ڕۆیشتن!.. ئەوشەوە لەناخەوە پێکەنیم، ئەوەی ماوەیەکی درێژخایان بوو نەمکردبوو.. بینیم بەشادمانییەوە پێدەکەنم و هەرکاتێک لێم ڕادەمای لەشەرماندا سووردەبوومەوە.. بینیم سەرلەنوێ و وەک جاران ختوکەی مێیەتیم دەدەیت، مێیەتیی منیش بەشەرمی ئارەزوومەندەوە بەرەوپیرت دەهات.. بیرمدەکردی.. ژنێکی وەک منیش توانای ئەوەی نییە بەرگەی تامەزرۆیی بینینی تۆ بگرێت عەزیز..
تۆ دەزانیت بەرامبەر بە تامەزرۆبوون لاوازم، وەک چۆن دەزانم زۆرجار

باری تامەزرۆبوونی منت بەکاربردوە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەم، ئەوەش هەرکاتێک پێموابووبێ ڕزگارمبووە لەدەستت!..

کاتێک منت بردەوە بۆماڵەوە، پێش ئەوەی لە ئوتومبیلەکە دابەزم، لێم پرسیت: بۆچی وات پێ کردم..؟

لەبیرمە بەبێزارییەوە ڕووت وەرگێڕا، پاش تۆزێک بێدەنگی، بەبێ ئەوەی سەیرم بکەیت، وتت: نازانم، پێموایە توشی ترسنۆکی ببوم!..

لێم پرسیت: بەهۆی چییەوە توشی ترسنۆکی ببوی..؟

شانت هەڵتەکاندو بەڕاستگۆییەوە وتت: نازانم!..

ماوەیەک بێدەنگ بووین، تۆ قسەت نەکرد، منیش لە ئوتومبیلەکە دانەبەزیم، بیرمدەکردەوە عەزیز.. بیرم لەوە دەکردەوە کە دەیڵێی یان دەیکەیت، بیرم لە هۆکانی وازلێهێنانم و دەستپێوەگرتنم دەکردەوە، بیرم لە بارە دژ بەیەکەکانی تۆ دەکردەوە، کە تێیان نەدەگەیشتم، پێشم وانییە کەسێک بێجگە لە من بتوانێت تێبگات!..

لێم پرسیت: عەبدولعەزیز، دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم..؟

بێگومان..

بەڵێنم پێ دەدەیت ڕاشکاوانە وەڵامدەدەیتەوە..؟

بەدەنگێکی نزم وتت: بەڵێنت دەدەمێ..

عەبدولعەزیز: ڕۆژێک لە ڕۆژان منت خۆشویستوە..؟

بێدەنگبوویت و وەڵامت نەدایەوە.. ئاوڕم لێ دایتەوە، فرمێسکەکانت بەبێدەنگی بەسەر ڕوومەتەکانتدا دەهاتنەخوارەوە..

بەناچاری چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسک، بەڵام هیچم نەوت، چاوەڕوانی ئەوەبووم شتێک بڵێی، هەرشتێک.. بەڵام بێدەنگیت درێژەی کێشا، چاوتبڕیبوە دەریاچەکە و دەوروبەری..

پاش بێدەنگییەکی درێژ وتت: خۆزگە دەتزانی پرسیارەکەت چەند بریندارکەرە جومانــە!..

لێم پرسیت: بۆچی وەڵامت نەدامەوە..؟

وتت: ســەیر نییە خۆشەویســتییەکەت و نیشــتمانەکەمان لە یەک ڕۆژدا لەدایکبوون جومانە..؟

ئەو نیشــتمانەی نکۆڵی لێ دەکەیت و ئــەو ژنەی هەمیشە خۆتی لێ دەدزیتەوە..

بە زەردەخەنەیەکی لاوازەوە وتت: پێدەچێت هەردووکتان قەدەری من بن، هەرچەند هەوڵمدابێ لێتان هەڵبێم، هەر وەک قەدەرم ماونەتەوە..!.. ئەی کارل یۆنگ ڕۆژێک نەیوتوە: هەتاکو بەرگریمان بەرامبەر شتێک زیاتربێت، دەسەڵاتی بەسەرمانەوە زیاتر دەبێت..؟!..

وتم: قەدەرەکانت بەو ڕادەیە کڵۆڵن..؟

زەردەخەنە گرتتی: دەزانی ڕۆژێک قەسیدەیەکم بەناونیشانی (تۆ کڵۆڵی چارەنووسەکەم) نووسیوە؟

پێموتی: تۆ کڵۆڵی چارەنووسەکەم!.. پەژارە.. خەفەت و بێزاریت زۆرە..

بەسەرسامییەوە لێت پرسیم: پیشانم داویت..؟

لە گۆشەکەتدا خوێندومەتەوە!..

تۆزێک بێدەنگ بوویت: جومانە!.. پێتوایە توانای لە بیرچوونەوەت هەبێت..؟

بەکورتی وەڵاممدایتەوە: لەوانەیە..

ئایا هێشتا خولیای خۆشەویستیت..؟

هێشتا خەونەکانم گەمژانەن!..

خۆشتبوێم جومانە.. خۆشتبوێم، هەتاکو ئەو کاتەی خوا فرمانت پێ دەکات دەست لە خۆشەویستیم هەڵبگریت..

چۆن بزانم مەسەلەکە کۆتاییهاتووە..؟

نازانیت، تەنیا ڕادەوەستیت!..

ئەی دەربارەی تۆ عەزیز..!.. پێویستت بەوەیە لەبیرمبکەیت..؟

پێویستم بەوەیە تۆ لەبیرم نەکەیت..!.. پێویستم بەوەیە بەرگریی ئارەزووی بیرچوونەوە بکەیت، لەبیرم نەکەیت جومانە.. کۆتاییم پێ مەهێنە.. پێویستم بەوەیە زیندوو بمێنمەوە.. پێویستم بەوەیە خۆشتبوێم.. کێ دەزانێت جومانە، لەوانەیە ڕۆژێک لەماڵێکدا کۆببینەوە، ئەو ماڵەی هەردووکمان لە ئامێز دەگرێت!..

درێژەت بە قسەکانی خۆت دا و وتت: هێشتا زووە، دەڵێی چی بچین بۆ شوێنێک و قسەکانمان تەواوبکەین..؟

سەرم خستە سەر پشتەسەری کوشنی ئوتومبیلەکە و خۆم دایە دەست ئەو ڕێگەیەی منی بۆ دەبەیت.. لەوکاتەدا بیرم لە یەکەمین ڕۆژی یەکترناسینمان دەکردەوە، چەند ساڵێک لەمەوبەر لە قاوەخانەکە..

لە جەژنی یەکبووندا یەکترمان ناسی، ئەو یەکترناسینە ژیانی گۆڕیم و وێنەی نیشتمانی لای تۆ گۆڕی..

لەبیرت ناکەم عەزیز.. لەبیرت ناکەم، ئەوە لەبیرناکەم هەر سەرکەوتنێک بەدەستم هێنابێ.. ئەنجامی پشتگیریکردنم بووە لەتۆ، بەهەموو هێزی خۆم هانمدەدایت بۆ هێنانەدیی خەونەکانت.. چاونەترسانە پشتگیریم دەکردی، وەک خەونی خۆم دەستم گرتبوو بە خەونەکانتەوە.. لە سەرەتاوە شپرزەییەکانتم بینی و بەردەوامبووم لەسەر بینینیان، هەتاکو پاش ناسینم دەستتکردە هێنانەدیی هەندێک لە خەونەکانت.. پێموانییە بەبێ من بتتوانیایە ئەوە بکەیت.. حەز بە قوربانیدان ناکەم.. هیچ کەسێک حەز بەقوربانیدان ناکات عەزیز.. بەڵام قوربانیدان بژارێکە ناچارین هەڵیبژێرین.. قوربانیدەدەین، چونکە ناچارین قوربانیبدەین، نەک لەبەر ئەوەی حەزمان لێیەتی.. هیچ کەسێک پێی باش نییە لەبەر خاتری ئەوانیتر دەستبەرداری ماف و ئارەزوو و خەونەکانی خۆی بێت.. بەڵام خۆشەویستی و ترس ناچارماندەکەن کە بیکەین، ئەو خۆشەویستییەی ئاراستەماندەکات و ترسی لەدەستدانی خۆشەویستی هۆی قوربانیدانمانە بە زۆر شت، چونکە جگە لەوە ناتوانین هیچی تر بکەین!.. بەڵام لە قوربانیدان بێزاربووم.. ئێستا دەرک بەوە دەکەم نرخی قوربانیدانەکەم زۆر هەرزان بووە و هەندێک جار سەرەنجامی قوربانیدان (هیچە!).. لە منداڵیمەوە فێری ئەوە بووم بەری قوربانیدان و دان بەخۆداگرتن حەوانەوەی دواترو پاداشتێکی گەورەیە، بەڵام لە هەموو بارێکدا (حەوانەوە) نایەتەدی عەزیز، بەڵگەش ئەوەیە من هێشتا هیچ کام لە خەونەکانم نەهێناوەتەدی!..

کۆتاییە دڵخۆشکەرەکان تەنیا لە فیلمە عەرەبییەکاندا هەن، عاشقەکان ژندەهێنن و ژنە نەزۆکەکان منداڵیاندەبێت.. ڕێونکردوەکان ڕێگەی خۆیان دەدۆزنەوە و چاکە بەسەر خراپەدا سەردەکەوێت.. لە فیلمەکاندا عەزیز..!.. تەنیا لە فیلمەکاندا.. ئەوەتا من لە تۆ بێبەشبووم.. دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟!.. بەردەوام ئەو خۆشەویستییە دەلاوێنمەوە، کە پێکەوە دەستمان پێ کرد و بەتەنیا کۆتاییت پێ هێنا..

ڕۆژەکانم بەردەوامن!.. سەرباری هەمووشتێک هەر بەردەوامن، درۆت لەگەڵ دەکەم ئەگەر پێت بڵێم ڕاوەستاون، کات بەهۆی ئارەزووەکانمانەوە ڕاناوەستێ.. ڕۆژگارەکانم تاڵ و خەفەتبارن و بەئازارەوە دەچنەڕێوە، بەپێی سووڕی ژیان و گەردوونیبوونێک کە دەبێت بەپیرییەوە بچیت، هەتاکو سەرپێچیی هیچ یاسایەکی مەزن (خوای گەورە) نەکرێت، کە کەس ناتوانێت سەرپێچیی بکات..

تاوناتاوێک لەگەڵ خۆم دادەنیشم.. ساردوەکانی دڵنەوایی بۆ دەکەمەوە.. هەوڵدەدەم دڵنەوایی دڵی کۆستکەوتوو بکەم.. ڕۆژە خۆشەکان دەهێنمەوە بیری کەسی زامدار، دەشزانم کەسێک ئەنجامی لەدەستدان برینداربووبێ هیچ شتێک دڵنەوایی ناکات و هیچ شتێک ئازاری برینەکەی کەم ناکاتەوە.. هەوڵمدا وای دابنێم پەیوەندییەکەمان کۆتاییهاتوە.. مردوە.. هەوڵم دا پاش مردنی پەیوەندییەکەمان ڕێزی لێ بگرم و باشبم لەگەڵیدا، بەڵام دڵم نەیتوانی هەرگیز لێی جیابێتەوە، دەمزانی ڕێزگرتن لە مردوو ناشتنێتی!.. بەڵام دڵم ڕازی نەبوو.. دەستیگرت بە تەرمەکەوە، بەرگریکرد و بەرگریکرد و ڕەتیکردەوە خۆشەویستییەکە بنێژرێ و داپۆشرێت.. بەوجۆرە ساردوەکانی دڵنەوایی بەکراوەیی مانەوە، تەرمەکەش لەنێوانماندا مایەوەو هیچ کامێکمان زاتی ئەوەی نەدەکرد بینێژێ!..

ئوتومبیلەکەت لەبەردەمی ترافیک لایتی سوردا ڕاگرت، منداڵێکی بچووک سەرنجیڕاکێشام، کە لەسەر شۆستەکە لەگەڵ دایکی یارییدەکرد.. چاوچنۆکانە سەیرمدەکرد.. زۆر حەزمدەکرد ئێستا دایک بومایە عەزیز، هیچ ڕۆژێک پێویستم بەوە نەبووە ببمە دایک، ئەو کاتە نەبێت کە خۆشمویستی.. وەک ئەوەی خۆشەویستی و دایکایەتی دووڕووی دراوێک بن.. خاوەنی هەمان هۆرمۆنو پێداویستی بن.. وەک کوڕی خۆم خۆشمدەوێی عەزیز.. وەک منداڵێک کە بە سەختی هێنابێتمە دنیاوە.. تۆ پێتوایە، کاتێک (هەندێک جار) بە (کوڕەکەم) بانگتدەکەم، گاڵتەت پێ دەکەم..

جارێکیان بە بێ ئۆقرەییەوە قیژاندم بەسەرتدا: خوا ڕێگەت پیشانبدات کوڕەکەم!..

لەبیرمە چۆن پیتەکانت لە ژێر دانەکانی ژیرییتەوە هاتنەدەرەوە: من بچوکترین منداڵی تۆ نیم، هەتاکو بە کوڕی خۆت بانگم بکەیت..!.. بۆچی کوێراییت داهاتوە و ئەم پیاوەی بەردەمت نابینی؟!..

پێتوایە من لە پیاوەتیت کەمدەکەمەوە، من پیاوەتیت دەپەرستم، ئەگەرچی ئەوەی زاڵا و قەبە بووە..

ئێستا تێدەگەم، خۆشەویستییەکەم بۆت لەسەرەتاوە نەفرەتلێکراوبووە.. تۆ تەنیا نەفرەتییەکی توشی من بوویت، نەفرەتییەک کە باش دەزانم ڕزگاربوون لێی سەختە.. ڕقم لە خۆشەویستییەکەمە بۆت.. بەڵام ناتوانم ڕقم لێت ببێتەوە یان کۆتاییت پێ بهێنم!.. ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆشتنەویستوم عەزیز.. ئەوەندە

خۆپەرستبوویت، جگە لە خۆت کەسێکی ترت خۆشنەویستوە.. ناتوانی وەک پێویست کەسێکی ترت خۆشبوێ، پێتوایە مرۆڤەکان لە سورگەی تۆدا دەخولێنەوە و تۆ گرنگترین کەسیت.. پێتوایە هەست و خەونەکانی خەڵک لە هەستو خەونەکانی تۆ کەمبایەخترن..

ببورە.. ببورە بۆ خۆشەویستیم بۆت، ئەو خۆشەویستییەی شایستەی پیاوێکی وەکو تۆ نەبوو.. ئەو پیاوەی خواستی ئەوەم هەبوو لەگەڵیدابم..

تۆ پێتوایە خەونەکانم لەبارەی خۆشەویستییەوە ساویلکانەن و هێشتا ناشیم.. خۆشەویستی زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە تێیدەڕوانین.. بەڵام خەونەکانم ساویلکانە نەبوون عەزیز.. من ساویلکەبووم پیاوێکی وەکو تۆم خۆشویست، پیاوێک کە باشدەزانم شایستە نییە، شایستەی ژنێکی ناشی نییە!..

تۆ بەئەنقەست ئازارمدەدەیت، وەک ئەوەی بتەوێ هەموو ڕق و ئازار و نەخۆشییەکانت لە (دەروونمدا) بەتاڵ بکەیتەوە.. بەڵام چیتر بەهانە گەمژەکەت بڕوام پێ ناهێنێ و هەڵمنافریوێنێ، چیتر ئەو خۆشەویستییەی بانگەشەی بۆ دەکەیت ڕازیم ناکات، بڕواشم بە داهاتویەکی باشتر نییە کە تینوێتیم بشکێنێ.. پێویستم بەوەیە نەفەرەتییەکان بەسەرتدا دابارن، پێویستم بەوەیە توشی نەفرەتییەکی وەک ئەوە بیت کە توشی من بووە، بۆ ئـەوەی ئارامبگرم و داسەکنێم..

ڕقم لە خۆشەویستیمە بۆت، چونکە هێشتا خۆشمدەوێی.. هێشتا زیاد لە پێویست خۆشمدەوێیت..

هەتاکو ئێستا تێنەگەیشتوم، چۆن ئەوەت بەمن کرد و بۆچی کردت.. تۆزێکی مابوو پێکەوەبین.. خۆشەویستی دەست لەملان بێت و کامڵبێت، پێکەوە بگەینە دواسنووری پێکەوەبوونمان.. ئێستا دەزانم لەسەرەتاوە ڕوونبوو تۆ لە ژیانمدا تەنیا نیشانەی ئابڕووچوون دەبیت بەناوچەوانمەوە و ناوچەوانم دەسوتێنی و هەرگیز دەرفەتی سڕینەوەی نابێت.. بێباکانە منت کوشت.. وەک تاوانکارێکی شێت، کە ژن بەبێ تاوان دەکوژێت، چێژ لە کوشتنم وەردەگریت!..

دەمەوێت بەزەلیلییەک کە پێی ڕاهاتووم لەبەر پێکانتدا بکەومە سەر ئەژنۆ.. تەنیا بۆ ئەوەی لێت بپرسم، بزانم.. تێبگەم!.. تێبگەم لەوەی لە چ شتێک خولقاویت، بڕوات بە چ شەریعەتێک هەیە.. بۆچی منت هەڵبژارد بۆ ئەشکەنجەدانم؟!.. بۆچی من عەزیز؟..

لە هەر سەردەمێکی ڕۆژگاردا.. ژن (قوربانی)ی کەسوکارەکەی بووە، کەسوکارێک دەیکوژن، کەسوکارێکی تر دەیسوتێنن، ئەوانیتریش دەیخنکێنن.. زۆرجار ژن قوربانیی هۆزێکی نەفام یان سەردەمێکی جەربەزە بووە.. هەر کەسوکارێکیش هۆگەلی خۆی هەیە عەزیز، کەواتە هۆکانی تۆ بۆ بەقوربانیکردنم کامانەن؟.. وادیارە من ژنێکم بێنرخانە دەکرێمە قوربانی؟!.. ئێستا پێویستم بەوەیە دەستبەردارتبم، منێک کە هیچ شتێک تیاتدا موڵکی خۆم نییە.. ئەو ژنەی بەویستی خۆت دەستبەرداری بوویت، لەکاتێکدا هەمووشتێک تیایدا موڵکی تۆیە!..

هەتاکو ئێستا شێوازی قسەکردنەکەتم بیردەکەوێتەوە..شێوازی قسەکردنەکەت لە دوا پەیوەندیی تەلەفونیــدا، پێش لێک دابڕانەکــەمان، کاتێک داوات لێ کردم هەمووشتێک لەبیر بکەم..

وتت: هەموو شتێک لەبیربکە.. وەک چۆن من لەبیرمکردوە!..

بەبێزارییەوە وتت، بێزاریی کەسێک کە نایەوێت هیچ شتێک ڕوونبکاتەوە.. پێتوایە دەتوانیت فەرمانی لەبیرکردنی هەمووشتێکم بۆ دەربکەیت و منیش بەپیرییەوە بچم، چونکە پێتوایە پێویستم بەوەیە هەمووشتێک لەبیربکەم، وەک چۆن تۆ لەبیرتکردوە!.. پێتوایە من دەتوانم هەمووشتێک جێبهێڵم و بەرەوپێشەوە بڕۆم.. بەڵام من هێشتا ئاوێزەم و پاڵمداوە بە دیوارە تەمومژاوییەکەتەوە و بەبێ گومان چاوەڕوانی پێپلیکانەکانی ڕووناکیم، ئەو پێپلیکانانەی بەبێ ئەوەی ئاگاداربم بەرزمدەکەنەوەو لەم هەموو ژاوەژاوە دەرمدەهێنن..

ئەم خۆشەویستییە بەزاندومی.. بەڕادەیەک بەزاندومی کە هەر تەنیا بیر لەو دەکەمەوە.. بەئەندازەیەک خۆشمویستی کە بوویتە گشت خەونەکانم.. پێویستم بەهیچ خەونێکی تر نەبوو.. تۆ خەونە گەورە، مەزن، حەزبزوێن و دڵنیاکە بوویت.. کە لە ڕووی پایەبەرزی و شکۆدارییەوە هیچ خەونێک پیایدا ڕانەدەگەیشت!.. سەرسەختانە دژت ڕادەوەستم، دژی ئەوەم کە دەستبەردارم بوویت، هەندێکجار بە توندوتیژی و هەندێکجاری تریش بەلاوازی.. دژی ئارەزووی جێهێشتنی تۆم، چونکە ناتوانم ئەوە قبوڵبکەم کە جێمدەهێڵی.. هەندێکجار دەقیژێنم بەسەرتدا، هەندێکجاری تریش لەبەردەمتدا دەگریم و کەڵبەکانی زەلیلی قەپ بە ناخمدا دەکەن..

تۆ لەناو دڵمدا هەڵواسراوی.. چونکە پیاوێکی وەک تۆ تەقلیدییانە نامرێت،

پیاوێکی وەک تۆ هەمیشە لەبەرچاوی خەڵک دەمێنێتەوە!.. لەبیرناکرێت و ناڕوات.. وەک مرۆڤەکانی تر نامرێت..

هەتاکو ئیمڕۆش لە دوکانەکان ئەو شتانەت بۆ دەکرم کە شایستەی تۆن.. هەموو پێداویستییەکانتم پاراستوە و چاوەڕوانی ڕۆژێک دەکەم بیانکەمە دیاری بۆت.. لێرە دەستبڵاوی دەکەم و لەوێش پارە بەفیڕۆدەدەم.. چونکە هیچ شتێک بۆ تۆ گرانبەها نییە.. من شێتی تۆ بووم، تا ئەندازەی شێتی خۆشمدەوێی.. ئەو شێتییەی دەرەقەتی نایەم و توانای ئەوەشم نییە خۆمی لێ ڕزگار بکەم.. پێویستم بەوەیە خوا بەرزمبکاتەوە بۆ ئەوێ.. ئەو شوێنەی تۆی لێ نیت عەزیز، پێویستم بەوەیە خوا دڵم لەناو قەفەزی سنگم دەربهێنێ، هەتاکو لە خۆشەویستییەکی نەفرەتلێکراودا پاکیبکاتەوە..

جارێکیان نامەیەکت بۆ جێهێشتم، تیایدا نووسیبووت: ئەگەر ڕۆژێک حەقیقەتت ونکرد، لەدڵی خۆت بپرسە!..

نەفرەت لەو دڵەی بەو جۆرە زەلیلیکردم.. نەفرەت لە دڵم عەزیز.. کەواتە چۆن لە دڵێکی نەفرەتلێکراو بپرسم..؟.. هەرگیـز دەربارەی تـۆ لە دڵم ناپرسم، دڵم لە هیچ شتێکی تۆ تێناگات..

دڵم کوێرە، ڕۆحم هەتیـوە و تـۆش زۆردار.. کەواتە دادپەروەریی فەتواکە لەکوێدایە..؟!

چەند ساڵێک لەمەوبەر لەسەر گریانی خۆت بێدارتکردمەوە، بەدەم گریانەوە پێتوتم کە لە خەوتدا شوم بەپیاوێکی تر کردوە.. بەکوڵ دەگریای، وەک ئەوەی خۆشەویستەکەت لەبەردەمی تۆدا لاقەکرابێت و نەت توانیبێ بەرگریی لێ بکەیت.. ئەو ڕۆژە یەکەمین ڕۆژ بوو داوای پێکهێنانی خێزانت لەگەڵدا کردم!.. ئەو ڕۆژەم لەبیرنەچۆتەوە، سەعات یانزە و نیوی ڕۆژی هەینی بوو.. نزیکبوین لەیەکترییەوە.. بێئەندازە لێک نزیکبووین!.. لە خەوکەتدا بینیبووت منیان لە تۆ بردوە..(خاوەندارێتی) نەک شتێکی تر لەناوتدا ڕابووا!.. تۆ وەک منی.. ڕازی نابیت بەزۆر شتێکت لێ ببرێت، تەنانەت ئەگەر لە خەویشدا بێت!

هەرجارێک دەترسیت لەدەستمبدەیت.. داوام لێ دەکەیت شوو بەیەک بکەین!.. ئەو داواکارییەت هەستی بەهێزیت پێ دەبەخشێت، پێتوایە لەوە دەتپارێزێ کە بم دۆڕێنی.. لەڕاستیدا بۆ بەدەستهێنانی من پێویستت بەوە نەبوو!.. هەریەکێکمان حیکایەتێکی لەگەڵ ئەویتر هەیە، حیکایەتەکەی من

لەگەڵ تۆ زۆر جیاوازە لەوەی تۆ لەگەڵ من!.. تۆ لە ژیانی مندا (هەموو پیاوەکان) بوویت عەزیز.. بەڵام من لە ژیانی تۆدا تەنیا ژنێک بووم!..

هێشتا وەک منداڵێک ورێنەت پێوە دەکەم، ئەو منداڵەی بەلاوازی بەرەنگاری هێرشی گرانەتاکەی دەبێتەوە، گرانەتایەک کە بە درپی نەخۆشییەکی بێبەزەیی جەستەی کەم بەرگریم داگیر دەکات.. منیش بەو لاوازی و بێهێزییەوە ناتوانم بەرەنگاری دریت ببمەوە..

شەوێک باسی بدر شاکر سەیابمان دەکرد.. لێم پرسیت: بۆچی کاتێک پیاو خۆشەویستەکەی دەدۆڕێنێ توشی زۆرخۆریی (ژنان!) دەبێت، بۆچی خۆی بە ژنانی لابەلا پیسدەکات..؟!

بەسادەیی وەڵامتدامەوە: ئەی زەینەب حفنی لەسەر زاری یەکێک لە پاڵەوانەکانی نەیوتوە، کاتێک گڵۆپ دەکوژێتەوە، هەموو ژنەکان لێکدەچن..

وتم: کەواتە بوونی من لەنێوان دەستەکانتدا وەک بوونی ئەوانیترە لەنێوانیاندا..؟

نا!.. جیاوازییەک هەیە.. چونکە من خۆشمدەوێیت و زیاتر لە هەر ژنێکی تر حەزم لێتە، بەڵام بێبەشی دەمانگەیەنێتە دۆخێکی تر.. تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەوەی تۆ پێتوایە خیانەتە!..

بەڕای تۆ ئەو دۆخە چییە..؟

کاتێک بێبەشدەکرێم لەتۆ، مەسەلەی سۆزداریم کۆتاییدێت، دڵم تەنیا لەپێناو لێداندا کارناکات.. جگە لە سوێی ژیان هەست بەهیچی تر ناکەم، کەچی بێبەشبوونم لەتۆ زەفەر بە پیاوەتیم نابات.. لەدەستدان و بێبەشی زاڵدەبن بەسەر دڵمدا، بەڵام زەفەر بە جەستەم نابەن.. برسێتیی سۆزداریم لەم بارەدا، تێربوونێکی کاتیی جەستەیی قەرەبوویدەکاتەوە، لایەنی سۆزداریی خۆم بۆ چەند ساتەوەختێک تێردەکەم.. ئەمەش مانای ئەوەنییە لایەنی سۆزداریی خۆم بەکەسێکی تر تێردەکەم..

بەڵام بەهۆی کەسێکی ترەوە برسیبوونت بۆ من تێردەکەیت..

نهێنییەکت بۆ دەدرکێنم کە پیاوان دانی پیادا نانێن.. بێبەشی پیاو دەگەیەنێتە ڕادەیەک هانیدەدات بەدوای ژنێکی تردا بگەڕێت و بەهۆیەوە خۆی تێربکات و بەخەیاڵ وای دابنێ ئەو ژنە خۆشەویستەکەیەتی!.. کاتێک پیاو لەو ژنە بێبەشدەکرێ، هەوڵدەدات بۆ چەند چرکەساتێکیش بێت خۆشەویستەکەی لە ژنێکی تردا ببینێ، هەتاکو هەستبکات لەگەڵ ئەودایەو دەستەکانی لەناو دەستیدایە.. بڕوام پێ بکە جومان.. ئەمە سەختترین قۆناغەکانی بێبەشبوونە..

پێدەچێت زۆر دڵنیایت لەوەی دەیڵێی!..

من دڵنیام لەوەی نیوەی پیاوەکانی دنیا بەدەست ئەو بێبەشبوونەوە دەناڵێنن.. بڕوام پێ بکە، ئەگەر خەیاڵ لەمیانەی سێکسدا ئامادە نەبێت، زۆربەی هاوسەرگیرییەکان بەردەوام نەدەبوون!..

پاساوەکەت وەک هەمیشە بەسوێبوو.. پاساوەکەت مەزاجی تێکدام عەزیز.. نازانم چۆن دەتوانی بە وشەیەک یان دوان میزاجم تێکبدەیت!.. میزاجم تێکدەدەیت، وەک ئەوەی مرەکەبی ڕەش بکەیتە ناو پەرداخێک ئاوی ڕوونەوە.. بەوشێوەیە هەمووشتێکم لێ تێکەڵدەبێت و لەناومدا هەمووشتێک دەشێوێت و هیچ شتێکم وەک خۆی لێ نایەتەوە..

لەیادمە لەسەرەتای پەیوەندییەکەماندا داوامکرد ئامۆژگارییەکم لێ وەربگریت، ئامۆژگاریکردنەکەی خۆت گۆڕییەوە بە ئامۆژگاریکردنی من.. پێتوتم ئەو کەسە بپارێزە کە خۆشتدەوێت، تەنانەت ئەگەر کەسێکی تر تیایدا هاوبەشت بوو.. ئەگەر ژن خۆشەویستیی تەمەنی خۆی لەدەستدا، ئەوا هەرگیز هەست بە بەختەوەری ناکات.. ژیانت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەبوونی کەسێکی تریش ئاسانترە لە ژیانت بەبێ ئەو!..

ئامۆژگارییەکەتم بەسـوێوە وەرگـرت، پـاش ئەوەی ئامۆژگاریمکردی لوتبەرزییەکەت بخەیتە لاوە و ڕێگەنەدەیت لوتبەرزی و لەخۆباییبوونت ببێتە هۆی وێرانبوونی خۆشەویستییەکەت، ئەگەر هەبێت!..

ڕێگەی پەیوەندییەکەمان لەگەڵ یەکتر لەسەرەتاوە ڕوونبوو.. تۆ لە باسکردنی هەر پەیوەندییەکی خۆشەویستیدا بوونی ژنانی تر بەپێویست دەزانی!..

پەیوەندیی خۆشەویستی لە نەریتی مندا لە دووکەس زیاتر ناگرێتەخۆی عەزیز.. تەنیا بەرگەی ژن و پیاوێک دەگرێت و بوونی لایەنی سێیەم لەنێوانیاندا قبوڵ ناکات.. کەچی پەیوەندیی خۆشەویستی لە نەریتی تۆدا بەرگەی تاقە پیاوێک لەگەڵ چەند لایەنێکی گۆڕاودا دەگرێت!.. من لایەنی مێینەی نەگۆڕ بووم لەناو پەیوەندییەکانتدا عەزیز.. هەمیشە من و تۆ و ژنانی تر لەئارادابووین!.. بڕوام پێ بکە، پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک پێتدەڵێم: ئەگەر بمزانیبایە پەیوەندییەکی وەها پێکەوەمان دەبەستێ، پێت ڕازی نەدەبووم.. بەڵام من کوێر، کەڕ، گەمژە و فشۆڵ بووم.. تەنیا تۆ شارەزای زمانی هێماکان بوویت.. تەنیا تۆ فێری (زمانی برایل)ت کردم.. جگە لە تۆ کەس زمانی منی نەدەزانی عەزیز.. بۆیە دەرەقەتم هاتی!.. لە بێدەنگیم تێدەگەیشتی، چاوەکانی منت

دەخوێندەوە.. گوێت لە ترپەی دڵم بوو و لێی تێدەگەیشتی.. تۆ زیاد لە هەرکەسێکی تر شارەزای زمانی من بوویت..

هەندێک جار بۆ دوو یان سێ سەعات بەبێدەنگی دادەنیشین، کاتێک سەعیدەکەم هەوڵدەدەیت بنووسیت.. سەرم بەرزدەکەمەوە، دەبینم سەرت لەسەر هەردوو ئانیشکت داناوە و کاتی سەعیکردن سەیرتدەکردم.. هەردوو چاوەکانت وەک دوو نقێمی مرواری دەدرەوشانەوە.. بۆت پێدەکەنم، بەخێراییەکی کتوپڕ لێوەکانی خۆت گرژدەکەیت، وەک ئەوەی سڵ لەوە بکەیتەوە یەکێک ئەو ماچە (دوورەت) ببینێ.. بڕۆیەکم بۆ ناڕەزاییدەربڕین بەرزدەکەمەوە، تۆش بەملنەدانەوە هەردوو برۆت بەرزدەکەیتەوە.. پێدەکەنین!.. زۆرجار بەبێ ئەوەی وشەیەک لە دەممان بێتە دەرەوە قسەماندەکرد و بەبێدەنگی چەنەبازیمان دەکرد.. نیگاکانت بەسبوون بۆ ئەوەی تاوێک لەشەرمدا سووربمەوە و تاوێکی تر لەترسدا بلەرزم.. هەندێک جار بە نیگاکانت هەستمدەکرد لەبەردەم خەڵکدا ماچمدەکەیت.. هەندێک جاری تریش هەستدەکەم لەبەرچاوی ئەوان لێم تووڕەدەبیت و سەرزەنشتمدەکەیت..

ئاهـ عەزیز.. دەتتوانی ئەو هەموو ئازارەم لێ بەدووربگریت، دەتتوانی کەسێکی تر هەڵبژێری.. لەسەرەتاوە دەتزانی کە من ژنێکم ناتوانم ژنەکانی ترت لەبیربەرمەوە، ژنێکم ڕازیت ناکەم و بەس نیم بۆت.. کەواتە بۆچی ناسینی منت هەڵبژارد؟!.. بەناسینم سەرکێشیتکرد، بە ناسینت سەرچڵیم کرد.. تەنیا خۆم بەتەنیاش نرخی سەرچڵییەکەم دا، چونکە زیاتر لە هەر شتێکی تر خۆشمویستی.. پێتوایە دەتوانی بەبێ هیچ سزاو پێبژاردنێک هەنجن هەنجنم بکەیت.. دوامکەویت، گرێم بدەیت و لە خۆشەویستیی خۆتدا نقومم بکەیت.. ئینجا دەستخەڕۆمکەیت و بەبێ نرخ وازم لێ بهێنی!..

جارێکیان تووڕەبووم و قیژاندم بەسەرتدا: ڕازیدەبیت پیاوێک نیوەی ئەوەی تۆ بەمنی دەکەیت بە یەکێک لە خوشکەکانتی بکات..؟

لەو پرسیارەم زۆر تووڕەبوویت..

کاتێک پێکەوە لە (ڕیاز) بووین، تووڕە، ترساو شێرزەبوویت، نەبادە (هەدیل) ی خۆشکت پەیوەندیی لەگەڵ یەکێکدا هەبێت.. پێتوتم: تێبینیمکردوە لە ماوەی ئەم مانگەدا بەدرێژایی شەو تەلەفونەکەی پەیوەندیی تری لەگەڵدابووە!.. دەترسم پەیوەندیی لەگەڵ پیاوێکدا هەبێت جومانە!..

ترست بەرامبەر بەوەی خوشکەکەت لە باری خۆشەویستیدا بێت برینداریکردم!..

لێم پرسیت: ئەی تۆ..؟

بەتوڕەییەوە وەڵامتدامەوە: جومان..!.. دەزانیت پەیوەندییەکی لەوجۆرە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا دروست نییە!..

بەو وشانەی گلەییان لێ دەتکا پێموتی: کەواتە پەیوەندییەکەی ئێمە دروست نییە؟!..

هاوارتکرد بەسەرمدا: تۆ نەخۆشیت!.. جگە لە نەخۆشێک هیچی تر نیت..

منیش توڕەبووم!..

ئەو بڕوایانەت ڕام دەچڵکێنن، کە لە کۆمەڵگەیەکەوە وەرتگرتوون، حەز لە هیچ شتێکی ناکەیت.. بانگەشەی ئەوە دەکەیت لەوان کراوەتریت.. گاڵتە بە کۆنەپارێزییان دەکەیت و شانازی بەوەوە دەکەیت لە دابونەریتەکانیان ڕزگارت بووە، بەڵام من زیاتر لە هەرکەسێکی تر دەزانم تۆش یەکێکی لەوان!.. گومان توڕەتدەکات، کاتێک مەسەلەکە پەیوەندیی بە ژنێکی ناو ماڵەکەتانەوە هەیە.. لێرە لە ڕابردوویان دەکۆڵیتەوە، لەوێش بانگەشەی ئەوە دەکەیت دەترسیت لە پەیوەندییەکەوە بگلێت کە پێتوایە هەڵناکشێت بۆ ئەو پلەیەی ناوی خۆشەویستیی لێ بنرێت.. هەمیشە پەیوەندییە هەرە پایەدارەکەمان بەنموونە دەهێنیتەوە.. بانگەشەی ئەوە دەکەیت پەیوەندییەکەمان جیاوازەو تۆ لە پیاوانی کۆمەڵگەکەمان ناچیت و ژنەکانی تری لە من ناچن!..

ڕۆژێک پێتوتم: ئەگەر ئەوە مسۆگەربکەم پیاوێک هەدیلی بەئەندازەی خۆشەویستی من بۆ تۆ خۆشبوێ، بڕوام پێ بکە هیچ ترسێکم نەدەبوو..

بڕوام پێ بکە عەزیز.. دەترسم پیاوێک بێت بەو چەشنەی کە تۆ منت خۆشدەوێت.. ئەوەی تۆ بە خۆشەویستی دادەنێیت.. ئاوەها خوشکەکەتی خۆشبوێ!.. چونکە ئەو کاتە دەبێت لە خوا بپاڕێمەوە لە خراپەی ئەو خۆشەویستییە بیپارێزێ!..

گوناهەکانت زۆرن!..

سنووری لێخۆشبوونت تێپەڕاندوە عەزیز، هیچ شتێکم پێ نەماوە بتدەمێ، جگە لە پاشماوەکانی لێخۆشبوون.. مەسیحییەکان بڕوایان بەپێویستیی خۆشویستنی گوناهکار و ڕقبوونەوە لە گوناهـ هەیە.. بەڵام من بڕوام بەوەیە، ئەگەر گوناهکار نەبێت، گوناهیش نابێت.. سەرباری ئەوە زۆرم خۆشدەوێیتو ڕقم لە گوناهە زۆرەکانتە، ڕقم لەوەیە کە لێت

خۆشدەبم.. چونکە ئێمە لە ناوچەی لێخۆشبوونی سپیدا نین هەتاکو شایستەی لێخۆشبوون بین.. شایستەی ئەوە نیم بکەربم و تۆش شایستەی ئەوە نیت کارلێکراو بیت.. لێخۆشبوون ماندوویکردوم عەزیز، لێخۆشبوون شەکەتیکردوم!..

ئەگەر خولیای لێخۆشبوونت هەیە عەزیز.. ئەوا هەموو ئەو شتانەم بۆ بگێڕەرەوە کە لێت زەوتکردوم.. ڕۆحم، تەندروستیم، ناموسم، بەختەوەریم و نزیکەی پێنج ساڵ.. خەونەکان و ڕۆژەکان و فرمێسکەکانم بۆ بگێڕەرەوە.. هەمووشتێکم بۆ بگێڕەرەوە عەزیز.. هیچ شتێکم لای خۆت گل مەدەرەوە، هەتاکو لێت خۆشبم و لێت ببورم و هێوربیمەوە..

نـــا بۆ دڵێک کــە ناچاربم بە لێخۆشبوون.. سنوورەکانی لێخۆشبوون تەسکبوونەتەوەو ڕێگەنادەم سەرلەنوێ دڵم بۆی فراوانبێتەوە.. زۆرجار بەبێ هۆ ڕۆیشتیت و هاتویتەوە..!.. کتوپڕ ئامادە دەبیت و لەناکاودا وندەبیت.. وەک باران وایت، هێماکان بەڵگــەی نزیکبوونەوەی هاتنە خوارەوەتن، چاوەڕوانی بارینتم، کەچی بەپێی پێویست ناباریت.. هەندێک جار دێیتو سڵاوم لێ دەکەیت، ئینجا دیارنامێنی و خەفەتبارمدەکەیت.. هەوڵدەدەم داوای پاکبوونەوە و لێخۆشبوونت بۆ بکەم.. بەڵام هەرچەند هەوڵی ئەوە بدەم، بەبێ ویستی خوا نایەتەدی!.. زۆر لە تەمەن بەفیڕۆچووە عەزیز.. ئایا دەتوانی قەرەبووی ئەو تەمەنەم بۆ بکەیتەوە کە ڕۆیشتووە..؟

دەنگی پەیامەکەی زیاد لەنێو بیرکردنەوەکانم دەریهێنام، لە نامەکەیدا نووسیویەتی (هەمووساڵێک بەخۆشی جومانە.. بڕواناکەم تەمەنت بۆتە بیستو چوار ساڵ!)..

بەدەم بیرکردنەوەوە ئاوڕم لێ دایەوە.. منیش بڕواناکەم تەمەنم بۆتە بیست و چوار ساڵ..

ئای خوایە عەزیز.. ئای خوایە ڕۆژگارەکان چەند خێرا تێدەپەڕن!..

ڕۆژەکان خێرا تێدەپەڕن.. زیاد لە پێویست خێرا تێدەپەڕن..

پێموابوو لەم ژیانەماندا پێکەوە دەبین و منداڵە بچکۆلەکەمان لەناوماندا یاریدەکات.. کەچی ئیمڕۆ لە تەنیشتتەوە دادەنیشم و خەونە گەمژەکانم دەلاوێنمەوە.. لە خوشەویستیمدا بۆت نقومبووم و توانای ئەوەم نییە پاشماوەکانی خەونەکانم لەنێو وێرانەکانتدا ڕزگاربکەم.. هەستدەکەم بە

دەستە بەهێزەکانت دەمخنکێنیت عەزیز!.. بەدەم گریانتەوە بۆ خۆشەویستی دەمخنکێنی..

نازانم بۆچی بەهەڵواسراوی لەنێوان ئاسمان و زەویدا جێمدەهێڵی!.. بەڵام دەزانم تۆ لەناخمدا نیشتەجێیت و وەک هەمیشە (ئازیزیت)..
(لەڕادەبەدەر خۆشمویستی، کەمتر لەوەی شایستەی بووم خۆشتویستم!)..

تەواونابێت!..

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠١٢

| ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێڕانی |
|---|---|---|
| ٥٩٣–ڕاز و ڕەمزەکانی ڕۆمان | کۆمەڵێ نووسەر | محەمەد کەریم |
| ٥٩٤–وەرگێڕان لە گفتوگۆدا | ئازاد بەرزنجی | |
| ٥٩٥–زمانی چیا | هارۆڵد پینتەر | عەلی عوسمان یاقووب |
| ٥٩٦–بهاگاڤاد گیتا | | هاوبیر کامەران |
| ٥٩٧–حیزبە سیاسییەکان لە نیشتمانی عەرەبیدا | مەهدی ئەنیس جەرادات | محەمەد فاتیح |
| ٥٩٨–پاشا لە سەرەمەرگدایە | ئوجێن ئیونسکۆ | د.شوان جافر |
| ٥٩٩– شانۆنامەو گفتوگۆ | کۆمەڵێ نووسەر | عەبدوڵلا سلێمان |
| ٦٠٠–هاموون | داریووش مێهرجوویی | شادی نیکخا |
| ٦٠١– ناسیۆنالیزمی کوردو ڕوانگەی ڕۆژئاوا | کۆمەڵێ نووسەر | وریا ڕەحمانی |
| ٦٠٢–ئەنتۆن چیخۆف.. ژیانی لە وێنەدا | پیتەر ئوربان | ڕەووف بێگەرد |

© 2015 issuu pdf downloader. All right reserved. Privacy Policy